


# کۆکراوەی بەشێک لە وتووێژەکانی کەسایەتی سیاسی ، ئەدەبی
# و سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستان
# ڕێزدار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

ڕەزبەری ٢٧١١

ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی

ئۆکتۆبری ٢٠١١


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وتووێژی گۆڤاری حەوتوونامەی سڤیل (محەمەد گۆران) لەگەڵ کەسایەتی سیاسی و ئەدیب مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

لەساڵی ١٩٦٣ وەکو خۆی دەڵێت "ژنم هێناوە" باوکی چوار کوڕ و دوو کچە، لەژیاندا ٧ ساڵ مەلایەتی کردووە و دواتر تێکەڵ بە کاری سیاسی بووە، مامۆستا (عەبدوڵا حەسەن زادە) کەسایەتی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٦٩ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە ساڵی ١٩٧١یش بووەتە ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.



لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥ بۆ٢٠٠٤ بۆ دوو خول لە سەر یەکتری سکرتێری گشتی حزبی دێموکرات بووە. ئێستا لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدایە و زیاتر لە ١٣ کتێبی وەرگێڕاو و نوسراوی هەیە.

سڤیل: بەشێکی زۆری نووسەر و شاعیر و سیاسەتوانانی کورد لە نەوەی ئێوە، لە قوتابخـانەی ئـایینی پەروەردە بـوونە و مەلا بـوونە، بەڵام زۆر بە کەمـی مەلایەتییـان کـردووە؟ بێگومـان ئێـوەش یەکـێ لەو کەسـایەتییانەی کـوردن کە ماوەیەک مەلایەتیتان کردوە و دواتر وازتان هێناوە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە : ئەمن پێم وانیە بە گشتی ئەو حوکمە دروست بێ، چونکە زۆربەیان تا کۆتایی ژیانیان مەلایەتییان کردوە، بەڵام لەو ٦٠ ساڵەی دواییدا، بەشێک لە ئەدیبان و شاعیران وازیان لە مەلایەتی هێناوە. ئەمن بەش بەحاڵی خۆم لەوانە نیم، چونکە خۆم بە ئەدیب نازانم و شاعیریش کە هەرنیم، بەڵام بۆخۆم کە وازم لە مەلایەتـی هێنـاوە، هۆکـارەکەی ئەوە بـووە کە لەلایەک کەوتـوومەتە مەیـدانی سیاسـی و کـارە سیاسییەکە ئەو مەیـدانەی لـێ بەرتەنـگ کردوومەوە و پێویست بووە زیاتر خۆم بۆ کـارە سیاسییەکە تەرخـان بکەم، لەلایەکـی دیکەش، ژیانی مەلایەتـی بە جۆرێک بـوو، وەکـو کـورد دەڵـێ نە قەدر و قـودبی مـابوو، نە ئەو جەزابیەتەی جارانی هەبوو. ئەمن لە زەمـانی دەرس خوێندنیشـدا زۆرم حەز پێـی نەبـوو، بەڵام لە دێیەک لەدایک بـووم، چەنـد ساڵم دەرسی مەلایەتـی خوێنـد و پاشتریش لە دوای مەلایەتی بە چەند ساڵێک، ئینجا بۆ یەکەمجار قوتابخانەی دەوڵەتی هاتۆتە دێیەکەی ئێمە، بۆیە دواتریش کە بە نێو کاری مەلایەتـی کەوتم، زۆرم حەز لێی نەبوو، چونکە تەماشام دەکرد، ژیانەکە لەگەڵ دنیای تازە تـاڕادەیەکی زۆر لەیەک دوورن.

سڤیل: ئێوە بە هەمووی چەند ساڵ کاری مەلایەتیتان کردووە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە : نزیک بە حەوت ساڵ، شەش ساڵ لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵێک کەمێک زیاتریش لە باشووری کوردستان.

سڤیل: بەرێکەوت یا بەخۆشەویستی ژیانی هاوسەریتان بەیەکەوە ناوە؟ تائێستا چەند منداڵتان خستۆتەوە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە : ساڵی ١٩٦٣ ژنم هێناوە، چونکە نە پێم خۆشە باسی هاوسەرگیری بکەم، نە حەز دەکەم بڵێم ژیانی هاوسەریم پێک هێناوە، دەڵـێم ژنم هێنـاوە، لە زەمانی کوردیدا پیاو ژنێ دێنی و ژن مێردی دەکا، "هاوسەرگیری" نازانم لە کوێ ڕا هاتوە. ژن هێنانی من بەخۆشەویستی و دڵداری نەبوو، پێم وایە دوو مانگیش دەبوو ژنم مارە کردبوو، ئینجا بۆ یەکەمجار لە نزیکەوە دیومە و قسەم لەگەڵ کردوە. لە کۆمەڵـی ئەوکاتەی کوردەواریدا بەتایبەتی بۆ کەسێک کە لە جلوبەرگی مەلایەتیدا بووایە کـارێکی وا ئـاسان نەبـوو دڵـداری لەگەڵ کەسێکدا بکا. ناڵێم قەتم دڵداری نەکردوە، بەڵام بۆ مەلا ئاسان نەبوو دڵداری بکا و بە دڵـدارییش ژن بێنـێ. ئێمە منـداڵمان زۆربـووە، بەڵام بەپێـی ئەو وەزعییەتەی تێیـدا دەژیاین، مردن بەشی خۆی دەبرد، یەک لە سێی منداڵەکانم مردوون. ئێستا شەش منداڵم هەن و سێشم مردوون، دەبێتە نۆ منداڵ، کە لە زیندووەکان دوویان کچن و چواریان کوڕن، سەیر ئەوەیە مردووەکانیش، دوویان کوڕ بوون و یەکێکیان کچ بوو.

سڤیل: هەموو میللەتێک لە رووی دابـونەریتی کـۆمەڵایەتی سـتانداردێکی هەیە، بەڵام هەست نـاکەن کە دەتـوانرێ بگوترێت کـورد ئەوەی نییە؟ بـۆ نمـوونە لەرۆژهەڵاتـی کوردستان، ڕەدووکەوتـن وەک دیـاردەیەکی ئـاسایی چـاوی لـێ دەکرێت، بەڵام لە باشووری کوردستان دەچێتە قـاڵبی نـاموسپەرستی و زۆرینـەی ئەو ژنـانە دەکـوژرێن لەسـەر وەهـا کارێکیـان؟ زۆر بەراوردکاریی دیکەش هەیە، کورد بۆچی کەلتوور و دابونەریتێکی یەکانگیری نییە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە : دیسانەوە پێم وایە ناکرێ ئاوا بەگشتی بگوترێ کە کورد شتێکی نییە وەکـو ئـاداب و رێوشوێنی تـایبەت بە خـۆی کە لەهەموو نەتەوەکەدا هەبـێ، کـوردیش ئەوەی هەیە، لە شتە باشەکانی، کورد بەشێوەیەکی گشتی میهرەبانە، میوانگرە، حەز بەدۆستایەتی دەکات. شتە خراپەکانی بگری، دیسانەوە بەشێوەیەکی گشتی نەوەک لەسەر هەموو کەسێک ئەو حوکمە بدەین، کورد لەگەڵ یەکتر ناتەبان و بەیەکەوە رێک ناکەون، ئەوانە لە خەسڵەتە خراپەکانی کوردن، بەڵام ئەوە کە لە بەشەکانی کوردستان هەندێک جیاوازی هەیە لەبارەی کوشتنی نامووسپەرستییەوە، ئێمە بمانەوێ و نەماوێ کورد کەوتۆتە ژێر کاریگەریی میللەتانی دەسەڵاتدار بەسەریەوە.

ئەمن لە بەغدا بووم بۆیان گێڕامەوە، کە لە نێو عارەبانـدا، ئەو پیـاوەی ژنەکەی تـۆمەتی خراپەی لەسەر بـێ، پێـی دەڵـێن شانی خـۆڵاوییە، هەر لەو گەڕەکەی لێـی دەژیـام، بۆیـان گێڕامەوە، دووکەس زۆر هاوڕێ دەبن و لەچایخانەیەک دانیشتوون، یەکێکیان قوڕی بەسەرشانیەوە بووە، هـاوڕێیەکەی پێـی دەڵـێ، ئەرێ شـانت بەچـی خـۆڵاوی بـووە؟ کـابرا هەڵـدەستێ دەچێتەوە ماڵ و دێتەوە، بە هاوڕێکەی دەڵـێ، گەواد ئێستاش ئەمن شانم خۆڵاوییە؟! ئەویش دەڵـێ، ئەی ئەوە نییە هەر خۆڵاوییە؟ دەچێ بۆی دەتەکێنێ. دواییە دەردەکەوێ کابرا لەسەر ئەوەندە قسە چۆتەوە ژنەکەی خۆی کوشتوە. لەنێو عارەبان ئەو دابە زۆربووە، زیندە بەچاڵکردنی کچان و قفڵ لەزاری دان و زۆرشتی دیکەی نائینسانی لەنێو عەرەبان دەرهەق بە ژنان کراوە، بەڵام لەنێو ئێرانییاندا بەو ئەندازەیە نەبووە و رەنگە ئەوە کاریگەرییەکەی هەبێ. لە نێو کوردی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، عادەتەن ئەوەی پێی دەگوترێ توندوتیژی، بەڕاستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




وەکو باشوور نییە، لێرە هەردوو کەس ناکۆکییان لێ پەیدابوو بەئاسانی دەست بۆ چەک دەبەن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەزاران جار ڕێ کەوتوە، دووکەس کە چەکیان پێ بووە، ئەگەر ناکۆکیشیان کەوتبێتە نێوان، تفەنگەکانیان فڕێ داوە و بە زللە لە یەکتریان داوە.

**سڤیل:** ***ڕەدووکەوتن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە حالەت دەرچووە و بۆتە دیاردە، ئێوە ڕەدووکەوتنی کچان و ڕەدووکەوتنی ژنانیش، چونکە زۆرجار ژنی بەمێردیش ڕەدودەکەوێت، چۆن دەبینن و تاچەند هەق بە ئافرەتەکە دەدەن؟***

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە :** لە کۆمەڵی کوردەواریدا، ڕەدوکەوتنی کچان لەسەدا ٩٥ و زیاتریشی، ئەمن بە هەقم زانیوە، چونکە هەر لەو کۆمەڵەی کە من تێیدا گەورە بووم، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، بۆ ئەوەی کچێک بە مەیلی خۆی مێرد بکات، تەنیا ڕێگا ئەوە بووە کە ڕەدوو بکەوێ. دەیان نارده سەری و چەندجارێک داوایان لە برا و باوکی دەکرد و ئەوان حازر نەبوون بیدەن بەو کوڕە کە کچەکە بۆخۆی دڵی دەیهەوێ، مەجبور بوو ڕەدوو بکەوێ، بۆیە ئەگەر عەیبەیەک لە مەسەلەکەدا هەبووبێ ئەوە بۆ باوک و برای کچەکە دەگەڕایەوە. تەنانەت ڕەدووکەوتنی ژنی بەمێردیش حاڵاتێکی زۆری تێدا بووە کە دیسان تاوانەکەی هەر گەڕاوەتەوە بۆ سەر کەسوکار. وەختی خۆی بە نابەدڵ بەمێرد دراوە، لەسەر پشتی لانکێ مارەکراوە و گەورە بەچووکەی پێ کراوە، کەوابوو ئەویش بەجۆرێک لەجۆران دەتوانین بڵێین پاساوێکی هەیە، بەڵام ژنێک کە بەمەیلی خۆی مێردی کردوە و کەس زۆری لێ نەکردوە و دواتر بە هەندێک هۆی کە عەقڵانی نەبێ، ڕەدوو بکەوێ، ئەمن ئەوەی بەشتێکی زۆر قێزەون دەزانم. دیارە بەخۆشییەوە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زوربەی هەرە زۆری کچان بە دڵخوازی خۆیان شوو دەکەن و هەربۆیە ڕەدووکەوتنی ژنانیش و کچانیش یەکجار زۆر کەم بۆتەوە.

**سڤیل:** ***بۆچوونی ئێوە لەسەر فرەژنی چییە؟ بۆخۆت قەت بیرت لێی کردۆتەوە؟***

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** فرەژنی بە ئایینی ئیسلام ڕێگای پێ دراوە، بەڵام ئازادیی تەواو بەپیاو نەدراوە کە بە ئارەزووی خۆی چەند ژن بێنێ و مەرجی بۆ دانراوە کە یەکێ لەو مەرجانە بە عەدالەت ڕەفتارکردنە. ئەگەر بیکەینە قسەیەکی خۆش و گاڵتەئامێز، دەڵێن ماڵوێرانتر لەو پیاوەی ژنێک دێنێ، هەر ئەوەیە کە دوو ژنان دێنێ! شتێکی ئاواش هەیە (بەپێکەنینەوە). بۆیە ئەمن بەش بەحاڵی خۆم قەت بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە زیاتر لە ژنێکم هەبێ.
لە یەک قسەشدا فرەژنی بەکارێکی باش نازانم.

**سڤیل:** ***لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، وەرگێڕانی ڕۆمانی (گێلە پیاو) سەدایەکی گەورەی هەبوو؟ بیرۆکەی وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانەت چۆن بۆ هات؟ بەکام لە دیمەکانی ڕۆمانەکە زۆر پێکەنیت؟***

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** پاش ئەوەی ڕۆمانەکەم بە فارسی خوێندەوە، دووسێ جار داوام لە هەردوو خوالێخۆشبوو هەژار و هێمن موکریانی کرد، کە ئەوان بیکەن بە کوردی، چونکە هەژار بەتایبەتی لە (عەزیز نەسین) قسە خۆشتر بوو، بەڵام بەهەر هۆکارێک بوو، ئەوان نەیانکرد، ئەمنیش کە زۆر حەزم دەکرد بکرێ بە کوردی، غیرەتم وەبەرخۆم نا و گوتم با بۆخۆم بیکەم یان دەیگرێ یان نایگرێ، وا بوو کردمە کوردی و بەخۆشییەوە باشیش دەرچوو و پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا. بۆخۆشم ناتوانم بڵێم کە بە کام لە دیمەنەکان زیاتر پێکەنیوم، بەڵام بۆ ئەوکاتە ڕەنگە دیمەنی بەننایەکەم بەلاوە سەرنجراکێش بووبێ، کە لەگەڵ ئیشکردن لەسەر دیوارێک، قسە بەملا و بەولای خۆی دەڵێ، ئەمن بۆخۆم لە کوردەواریدا زۆرجار ئەو دیمەنەم بە چاوی خۆم بینیوە.

**سڤیل:** ***هەموو کەسێک لەخواردندا، بەشی خۆی نەوسنە، تۆ زیاتر حەز بەچ خواردنێک دەکەی؟***

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەمن لەو ڕووەوە دان بە هەندێک شتی خۆمدا دەنێم. ئەمن زۆرخۆر نیم، بەڵام ئەوەی کە پێی دەڵێن (نەوسن) نەوسنم و شتی خۆشم پێ خۆشە، بەوحاڵە لە ژیانمدا نەبووە بڵێم ئەمن ئەو خواردنەی ناخۆم، خواردنەکانی کۆمەڵی کوردەواریم زۆربەیان پێ خۆشن، هەتا ئەوانەی پێیان دەڵێن (ڕەشە چێشت) ماشێنە و تڕخێنە و ساوار و ئەو شتانە. مەعلومیشە لەنێو خواردنەکاندا، ئەوانەی گۆشتیان تێدایە خۆشترن، بەڵام نە ئاشقی خواردنێکی تایبەتیم، نە خواردنێک هەیە بڵێم، هیچ وەختێک نایخۆم، ڕەنگە پێم خۆش نەبێ، بەڵام هەر خواردنێکی بێتە پێشم دەیخۆم.

**سڤیل:** ***ئەی لەگەڵ بەجێگەیاندنی سیلەی ڕەحم و سەردانیکردنی دۆست و خزمان، چۆنیت؟***

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** خۆشترین بەشی ژیان ئەوەیە کە ئینسان لەگەڵ دۆست و ڕەفیق و خزمان یەکتر ببینێ و لەگەڵیان دابنیشێ و ئەوان بەسەرت بکەنەوە و ئەتۆ بچی سەریان بدەی، بەڵام بەداخەوە هەلومەرجی ئێستای ژیانی من زۆر ڕێگای ئەوەم پێ نادا، چونکە جموجۆڵ و هاتوچۆکردنەکە لە هەندێ باری ئەمنی و کۆمەڵایەتییەوە، ڕەنگە ئاسان نەبێ.

**سڤیل:** ***وەرزشکردن لایەنێکی گرنگی ژیانە؟ لەو ڕووەوە چۆنن؟***

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەو وەرزشانەی هونەرین، دەکرێ بڵێم هیچیانم نەکردوە، فوتباڵە، والیباڵە، باسکیتباڵە و مەلەیە، ئەوانەم هیچی نەکردوە، بەڵام بە واتا گشتییەکەی خۆی، ئەمن بە وەرزشەوە ماوم. هەموو بەیانییان بەر لەوەی لیباس دەبەر بکەمەوە، نیوسەعات لە ژوورەکەی خۆمدا وەرزش دەکەم، ئەم وەرزشانە دکتۆرەکان بۆیان دەستنیشان کردووم، بەڵام ماندووشم دەکەن. هەموو ڕۆژێکیش نزیک بە یەک سەعات پیاسە دەکەم، زۆریش سودم لێی بینیوە، ئەگەر دە ڕۆژان لەسەریەک ئەوە نەکەم، شەوان خەوم لێ ناکەوێ و دەست و قاچم دەتەزن و پێیەوە نارەحەت دەبم.

**سڤیل:** ***لەباری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ژیانتدا، لەچ شتێک پەشیمانی و دەبووا ئاوات نەکردبووا؟***

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لە هەڵوێستە سیاسییەکانم پەشیمان نیم، هەموو کەسێک لە ژیانیدا کارێک یان قسەیەک یان نووسینێکی وای کردوە لێی پەشیمان بووبێ، بەڵام ئەمن باس لە هێڵە گشتییەکان دەکەم. لەباری کۆمەڵایەتییەوە، کەسێکی کۆمەڵایەتیم و پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ دەوروبەرم هەبووەو هەیە، هەلومەرجێکم بۆ خوڵقاوە کە نەم توانیوە زاڵم بم (بەپێکەنینەوە)، هەندێک کاری ناشیرینی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی هەبوون، نازانم ڕەنگە کەسێک شتێکی لێ دیبم و بۆخۆم نەزانم (بەپێکەنینەوە) بەڵام لانی کەم بەوە بەناوبانگ نیم کە ئەوەم کردوە. ڕێگای نیشتمانپەروەری و خزمەت بە گەل و نیشتمانم گرتۆتە پێشێ، بەپێی توانایەکی کەم کە لە خۆممدا شک بردوە، خزمەتم بە زمان و ئەدەبی کوردی کردوە، بۆیە دەلیلێک نابینم کە لە هێڵە گشتییەکانی ژیانم پەشیمان بم.
ژمارە ٦٣ی گۆڤاری حەوتوونامەی سڤیل لاپەڕەکانی ٤٩ ، ٤٨ ، ٤٧

**ماڵپەری گیارەنگ**


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وتووێژی ڕۆژنامەی مێدیا لەگەڵ کەسایەتی سیاسی و ئەدیب مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

کۆماری ئیسلامی هەرگیز ئیجازە بە حزبێکی وەک دێموکرات نادات، چالاکی سیاسی بکات، بۆیە ئەو قسانە ئەرشیڤ بکەین و هەر نەیکەین چاکترە.

من ئارەزوو دەکەم ئێران بە دەستی ئێرانییەکان بگۆڕێ و کورد وەکو خۆی بەشی تێیدا هەبێت، نەک ئەمریکا و ئەوروپا بێن و بۆمان بڕووخێنن، چونکە ئەوان ئەگەر هاتن بۆ خۆیانی دەڕووخێنن، نەک بۆ ئێمە.

**میدیا:** دوای ٣١ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ پێگەی ئێستای کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە؟



**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەنگە لە روانگەی لایەنگرانی خۆیەوە رژێمێکی سەقامگرتوو بێت، بەڵام بە رای من ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر وەک رژێمێک کە دەبێ دەسەڵاتی بە سەر میللەتەکەی خۆیدا هەبێت، لاوازترە، حاشا لەوەش ناکرێ کە بە زەبر و زەنگ خۆی سەپاندووە و موخالیفەکانی بێدەنگ کردوون، بەلای منەوە توانا و دەسەلاتی رژێم ئەوەیە کە حکومەت بە سەر دڵی خەڵکدا بکات، نەک حکومەت بە زەبری سەرەنێزە و کوشت و کوشتار. ئەگەر لە ریفراندۆمی ساڵی یەکەمی سەرکەوتنی شۆرشی ئێران رژێم ٩٥ %ی خەڵک لەگەڵ بوو، رەنگە ئێستا ٢٠ % ی لەگەڵ نەمابێت، خۆ بە وەی نییە لە هەموو شوێنێک پایگا و پێگەی سەربازی داناوە، هەرچەندە رژێمێک بنکە و پێگەی سەربازی زیاتری هەبێت، نیشانەی ئەوەیە لە نێو خەڵکەکەیدا ئەوەندە لاوازە، ئەوەی ئەو رژێمە ئێستا دەیکات، هیچی نیشانەی بەدەسەڵاتی نییە، بەڵکو نیشانەی لاوازییە لە دەستەڵاتداریدا، خۆ ئیستقراری رژێم بە زۆر بوونی پایگاه و بنکەی سەربازییەوە نییە، ئەمە زیاتر نیشانەی لاوازییە، حکومەت کاتێک دەتوانی ئیستقراری هەبێت، کە بەبێ چاودێری بەردەوام بە سەر خەڵکەکەیەوە حوکم بکات. ئەگەر دەسەلاتێک ناچار بێت بۆ راگرتنی خۆی لە سەر هەر تەپۆڵکەیەک پایگایەکی سەربازی دابنێت، نیشانەی ئەوەیە کە پایگای جەماوەری و خەڵکی نییە، تا ئەوەی زیاتر بێت، ئەمی کەمترە، هەر بۆیە بە رای من لەگەڵ ئەوەی کە رژێمی کۆماری ئیسلامی لە رووی سەربازییەوە بەهێزە و بە زۆری وتوندوتیژی بە سەر خەڵکدا زاڵە، رژێمیکی لەرزۆک و بێ ئایندەیە و نە خەڵک نە لە ناوخۆیدا قبوڵیەتی و نە لە دنیای دەرەوەشدا.

**میدیا:** ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران چۆن دەبینی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بەداخەوە تەوازونی ناتەواو هەیە، ئۆپۆزسیۆنەکان دەتوانیت بە ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی و ئۆپۆزسیۆنی دەرەکی، هەروەها ئۆپۆزسیۆنی رێکخراو و ئۆپۆزسیۆنی رێکنەخراو، دابەش بکەی. ئەگەر هەرکام لە وانە لە بەر چاو بگرین، یەکجار زۆر بەربڵاون، حزبە موخالیفەکانی رژێمی کۆماری ئیسلامی زۆرن، خەڵکی نارازی لە رژێم یەکجار زۆرن و بە ئاسانی دەکرێ بڵێین ٩٥ % موخالیفن، بەڵام لە بەرئەوەی نەک ئۆپۆزسیۆنی رێکنەخراو، بەڵکو ئۆپۆزسیۆنە رێکخراوەکەش لە نێو خۆیدا تەبایی و یەکگرتوویی نییە و هاوکاری یەکتر ناکەن و لە بار و دۆخێکی لاواز و نالەباردا بەسەر دەبەن، بە جۆرێک ناکرێ هیوای ئەوەت هەبێ کە ئەو ئۆپۆزسیۆنە بتوانێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەرەنگارێکی چارەنووسسازی هەبێت.

**میدیا:** لەچاو ئەو ئۆپۆزسیۆنە سەراسەری و ئێرانییە، دۆخی ئۆپۆزسیۆنی کوردی چۆنە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ناکرێ بە رەشبینی تەماشای شتەکان بکەین، بەڵام بتەوێ و نەتەوێ بزووتنەوەی کورد بەشێکە لە بزووتنەوەی سەراسەری و رەنگە زۆر جار شیعاری بە ئارەزوو بدرێ کە کورد کاری بە ئێران چییە و واز لە ئێران بێنین و با لێی جودا بینەوە و هەندێک شتی وەها، ئەگەر کەسێک دەتوانێ لە ئێران جودا بێتەوە، با جودای کاتەوە و منیش ئەو کاتە دەستخۆشی پێدەڵێم، بەڵام خۆ ئەوە مومکێن نییە، ئۆپۆزسیۆنی کوردیش بەشێکە لە ئۆپۆزسیۆنی سەراسەری ئێرانی، ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی سەراسەری لە وەزعێکی خراپدایە، ئۆپۆزسیۆنی کوردی ناتوانێ کارساز بێت، بەڵام ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە چاو ئۆپۆزسیۆنی بەشەکانی تر ئامادەترە، لەگەل ئەوەش بەداخەوە لەو هەلومەرجەشدا نییە کە چاوەڕوانی لێبکرێ کارێکی وا بکات، چونکە ئەگەر ئەو بەربڵاوییەشی نەبێت، ئەوە نییە کە بتوانێ بەرامبەر بە دەسەڵاتی ئێران کارێکی ئەساسی لە دەست بێت، ئەگەر هەلومەرجێکی وەکو ساڵی ٧٩ – ٨٠ روو بدات، ئۆپۆزسیۆنی کوردی دەتوانێ کارێک بکات بە تەجرەبەوە وەرگرتن لە رابردوو لە کوردستان مەوقعییەتێکی زۆر باڵا بەدەستبێنێ، هەر وەکو ئۆپۆزسیۆنی کوردیش لە ئێراق توانی ئەو کارە بکات، بەڵام ئەگەر بەتەنێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی رووبەڕوو بێت و زۆر لەوەش رێکوپێکتر بێت، ناتوانێ کارساز بێت.

**میدیا:** دەگوترێ کۆماری ئیسلامی ئێران لە ژێر فشارێکی ناوخۆیی و جیهانیدا واز بووە، ئۆپۆزسیۆنی سەراسەری ئێرانیش لاوازە، بەشە کوردییەکەشی کۆک نین و پێکەوە ناتەبان، کەوابوو داهاتووی سیاسی ئێران بە کوێ دەگات و چ ئەنجامێکی دەێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** هێمن لە لاشیعرێکی خویدا ( ئێوارەی پایز) دەڵێ:

(گوتم کەوابێ ئاشنا بەشی ئێمە لە ناوچوونە...... گوتی نا، نا دوور بڕوانە ئاسۆ روونە)، بۆیە لەگەڵ هەموو ئەوانە، رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران رژێمێکی بێ ئایندەیە و ئۆپۆزسیۆنی ئێران و ئەوانەی کە دەیانەوێ ئێران بگۆڕن، ئایندەیان پتر روونە، واتە وەزعی رژێم ئەوانە بەرەو لە یەک نزیکبوونەوە و هاوکاری پاڵ پێوە دەنێ و رەنگە هۆکاری دەرەکیش بە جۆرێک کاریگەر بێت، هەرچەندە من بە پێچەوانەی رای زۆر کەس، نە هومێدم پێیەتی و نە ئارەزووش دەکەم ئێران بە واسیتەی هجوومی خاریجی بگۆڕێ، من ئارەزوو دەکەم ئێران بە دەستی ئێرانییەکان بگۆڕێ و کورد وەکو خۆی بەشی تێیدا هەبێت، نەک ئەمریکا و ئەوروپا بێن و بۆمان بڕووخێنن، چونکە ئەوان ئەگەر هاتن بۆ خۆیانی دەڕووخێنن، نەک بۆ ئێمە، بەڵام بەهەر حاڵ رەنگە ئەم لایەنەش هۆکارێک بێت، بۆیە پێم وایە ئۆپۆزسیۆن ئایندەی هەیە و کۆماری ئیسلامی بێ ئایندەیە.

**میدیا:** راتان بەرامبەر بە بزووتنەی سەوز چیی؟ ئایا شەپۆلێک بوو، کۆتایی پێهات، یان جەماوەریتر و بەهێزتر سەرهەڵدەداتەوە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ڕەنگە خەڵکێکی زۆر پێیوابێت ئەوەی کە بە بزووتنەوەی سەوز ناودەبرا، ئێستا تەواو بووە و کۆتایی هاتووە، من زۆر جار وتوومە، بزوتنەوەی سەوز تەنیا لە ئاغایانی موسەوی و کەڕووبی و لایەنگرانیاندا نابینم، ئۆپۆزسیۆنی سەوز بەو ناوکەپێتەوە دەزانم کە لە قوڵایی بزووتنەوەی خەڵکی ئێراندا سەری هەڵداوە و ئەوە ڕەنگە بە شێوەی کاتی سەرکوت بکرێت، یان لاواز بێت، بەڵام فەوتانی نییە، زیندووە و دەمێنێ و ئەورۆکە خەفەیە، سبەی سەر هەڵدەداتەوە. لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵکی شارەزا قسەم کردوون، ئەوەی کە پێی دەگوترێ ئۆپۆزسیۆن و بزووتنەوەی سەوز، یانی بزووتنەوەی نارەزایەتی بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، لە بەر ئەوەی ئەوانەی کە لەو بزووتنەوەیەدا هاوبەش بوون، خۆ یەکدەست نەبوون، بەڵکو لە حزبی جۆراوجۆر و چین و توێژی جۆراوجۆر هاتبوون، ئەو بزووتنەوەیە خۆ هەر ئی کەڕووبی و موسەوی نییە، وەکو دەزانین ئێستاش بەهێزە، وەک لە پێشووش دیتمان توانای لە ڕژێم بڕیبوو، بەشێکی زۆری لە کارەکانی فەلەج کردبوو کە نەتوانێ بەرنامە ئاساییەکانی واتە جێژنی ئایینی و بۆنە تایبەتییەکانی خۆی بەڕێوەبەرێت، هەر بۆیە داهاتووی ڕژێم بە ڕەشی دەبێنم و بە داهاتووی ئۆپۆزسیۆن گەشبینم و بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵک سەردەکەوێ.

**میدیا:** زۆربەی لایەنی سیاسی و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەاتی کوردستان سیاسەتی خەباتی چەکدارانەی وەلاناوە و ڕووی لە کاری سیاسی ومەدەنی کردووە، ئایا بەردەوامی ئەو شێوە خەباتە تا سەر دەبێت، یا کورد بە بەناچاری جارێکیتر دەست دەداتەوە چەک؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دەکرێ بڵێین کە ئۆپۆزسیۆنی کورد لە سەرتاوە خەباتی چەکدارانەی وەک شتێکی ئایدیال و بە ئارەزووی خۆی هەڵنەبژاردووە و هەمیشە بە شێوەیەکی داسەپاوی زانیوە، هەوڵی داوە ئەگەر بکرێت لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە میللەت بە داخوازییەکانی خۆی بگات، تەنانەت ئەودەم کە دەیانگوت کە ئازادی لە لولەی تفەنگدایە، حزبی دێموکراتی کوردستان دەیگوت مەسەلەی کورد ڕێگەچارەی سەربازی نییە، واتە وانییە کە هەمووی بە یەک شێوە بێت، بەڵام ئێستاکە ئیمکانی بەڕێوەبردنی خەباتی چەکدارانە نییە و وەستاوە، زیادەڕۆیی لەم بارەوە کە ئەم شێوە خەباتە تەواو بووە و دەبێ خواحافیزی لێبکرێت و دەوری بەسەر چووە، زۆر لەو قسانە دروست نین، بەڵکو دەبێ وا بڕوانینە ئەم شێوە خەباتەش کە لە واقیعدا شێوەیەکی دڵخواز نییە، بەڵکو دوژمن بە سەرتدا دەیسەپێنێ و وەک یەکێک لە ڕێبازەکانی خەبات قەت نابێ لە بیر بکرێت، چونکە هەمیشە ئەگەری ئەوەی هەیە هێزێک کە داوای ماف و ئازادییەکانی دەکات، لە لایەن ڕژێمەوە پەلامار بدرێت و ئەو کاتەش خۆ کاری شۆڕگێری بەرەنگاربوونەوەیە، نە سەردانەواندن، لەلایەکی ترەوە زۆر قەسە بۆ شۆردنەوەی مێشکی خەڵکەکە دەکرێ کە چەک باوی نەماوە و سەردەمی ئەو جۆرە خەباتانە بەسەر چووە، خۆ پڕ چەکدارکردن و بە دەستهێنانی چەکی نوێ بەردەوام کاری دوژمنەکانە، تەنانەت لە ئاستی جیهانیشدا ئەو ڕکابەرییە هەیە، هەر دوێنێ خەبەر بڵاو بۆوە کە ئەمریکا خەریکی دارشتنی گەڵاڵەی چەکی تاقی کراوەی سەرنەکەوتوو بووە و دەیهەوێ لە سەر را تاقی بکاتەوە، ئەگەر خەباتی چەکدارانە باوی نەماوە، ئەو هەمووە چەکە بۆچییە و ئەو میلیاردانە بۆ خەرج دەکرێن؟ بۆ وا خەڵک رابێنین کە نابێ زللەش لە دوژمنەکانمان بدەین، لەگەڵ ئەوەش تا ئەو جێیەی مومکینە، نابێت خۆ بخەینە خەباتی چەکدارانە.

**میدیا** :ئەی بۆ لە حاڵێکدا حزبەکان کاری چەکدارانە ناکەن و ڕۆژ تا ئێوارە بە شان و بە هۆی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین و کاری مەدەنی هەڵدەڵێن، لەولاوەش لە TV یەکانیان خۆراکە تەبلیغییەکەیان هەر پێشمەرگە و شەهید و تفەنگە و سرووودی شۆڕشگێڕییە، ئایا ئەمە سیاسەتێکی دوو جانبە و دوفاقی نییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** کۆمەڵگەی کوردەواری هەموو جۆرێکی تێدایە و خەڵکانێک هەن کە بەمە کەیف دەکەن و بەوە هەستی خۆڕاگرییان تێدا زیندوو رادەگیرێ، ئەگەر من TV یەکم هەبایە، یان بەر پرسیارەتی TV یەکم بە دەست با، ڕەنگ بوو لەم دیمەنانەم کەم کردباوە، ئەمە پێی دەگوترێ ئاژیتاسیۆن و بۆ وەختێک دەبێت کە بەو کارەوە خەریکی، بۆ ئەوەی ئەم گیانە زیندوو رابگرێت، هەرچەندە خەڵکی وڵاتی ئێمە زیاتر دوو دەستەن، دەستەیەک کە پێگەییشتووترن دەڵێن، دەوران دەورانی کاری مەدەنییە و ئەمە راستە، دەستەیەکی تر هاواریانە کە بابە خوڕاین، بۆ پێشمەرگە نابێتەوە، ئەمانەش هەر راست دەکەن، ئەوانەی لەگەڵ خەڵکە سەروکاریان هەیە، بە تایبەت پاسدار و بەسیجی و جاش ئەگەر هەست بە بوونی پێشمەرگە بکەن و پێشمەرگە لەوڵاتدا شک بەرن، کەمێک لە ڕەفتار و ئاکاری توندوتیژی خۆیان کەم دەکەنەوە، من تێکەڵاویەک لەو دووانە بە خراپ نازانم، هەر چەندە لەو بەشەی کە باست کرد، کەم دەکەمەوە، بەڵام قەت نامەوێ گیانی خەباتگێڕانە و خۆشەویستی و خەباتی چەکدارانە لە خەڵکی ئێمەدا بمرێت، چونکە کە کوشتنت ئەو گیانە شۆڕشگێڕانەیەت بۆ زیندوو نابێتەوە، ئەم دوژمنەی کە ئێستا ڕەحم بە ئیبراهیمی یەزدی ٨٠ ساڵە ناکات و دەیگرێ لە حاڵێکدا حەتتا ویلایەتی فەقیهیشی قبوڵە، چۆن لە میللەتی کورد قبوڵ دەکات و سەر بۆ داخوازییەکانی دادەنوێنێ؟

**میدیا:** جاربەجار لە هێندێک راگەیاندن و دیمانەدا، تەنانەت لە لایەن ڕێبەرایەتی حزبی دێموکراتی کوردستان، دەگوترێ ئەگەر ڕژێم ئازادی بدات، زمانی کوردی ئازاد بکات، ریفراندۆم بکات، زیندانی سیاسی بەر بدات و دەیان لەو ئەگەرانە، ئەوا ئامادەن بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان بگەڕێنەوە. ئایا ئەو خەون و ئەگەرانە تا چەند لە واقیعی ئەمڕۆی ئێران دوورن؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** من بە ناوی حزب قسە ناکەم و وەک خۆم قسە دەکەم، ئەگەر ورد بییەوە من ئەو قسانەشم پێ خۆش نییە، بەڵام ئەو قسانە بۆ خۆیان وان، ئەگەر پووری دوو سمێڵی هەبایە، پێیان دەگوت مامە، ئەوە لەو قەبیلەیە، راستە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ڕێگە بدات بە هەموو حزبەکان و ئازادی تەواو هەبێت و چالاکی سیاسی بکرێ و کەسیش نەیانگرێ، زۆر بێمانا دەبێت چەک لە شان لە دەرەوەی سنوور بمێنیتەوە، بەڵام ئەو ئەگەرە بە هیچ جۆر نایەتە دی، ئەوە لە تیۆریدا راستە، من پێمخۆش نییە هێندێ کەس باوەڕ بکەن ڕەنگە شتی وابکرێت، لەگەڵ ئەوەی لە باری عەقڵییەوە ئەو ئیحتیمالە نابڕێتەوە، من پێموایە نەک ٩٩٪ ، بەڵکو لە ملیۆندا یەک لە نۆسەدونەوەد و نۆ هەزار و نۆسەد و نەوەد ونۆ، ئیمکانی چاکبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران نییە و ئەوەی کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئیجازە بە حزبێکی وەک حزبی دێموکرات بدات، چالاکی سیاسی بکات، بۆیە ئەو قسانە بایگانی کەین و هەر نەیکەین، چاکترە.

سەرچاوە: ( ئەحمەد سەفا) ڕۆژنامەی مێدیا لاپەرە ٩

## وتووێژی ڕۆژنامەی ڕۆماڵ نیوز لەگەڵ کەسایەتی سیاسی و دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە

**ڕۆماڵ نیوز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لەو کاتەوە لەت بوینە لە هەموو لاوە کەوتووینە بەر شاڵاوی ڕەخنەو تانەو لۆمەو سەرزەنشتی کوردەکانی ڕۆژهەڵات ئەوەش کارێکی بەجێیە، چونکە هەر کەس پێی وابێ لە لەت بوون قازانجی کردوە ئەوە لە هەڵەدایە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەبدوڵای حەسەنزادە سکرتێری "پێشووی" حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە پرسی دیموکرات و هۆکاری دوولەت بونیان و پەیوەندی نێوان حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەو شێوەیەوە وەڵامی پرسیارەکانی زریان جەوهەری دایەوە.

**ڕۆماڵ نیوز :** ئێستا ئێوە دوولەتبونە کێ لە ئێوە خاوەنی خەباتی حیزبی دیموکراتە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** ئەوە شتێکی نامەنتیقی یە بەوەی کە کەسێ بانگەشەی ئەوە بکات بەشێک خاوەنی مێژووە بەشێک خاوەنی مێژوو نیە، ئەوەی هەیە هەر دووکمان هاوبەشین لە سەرکەوتن و لە شکستەکانی، ڕەنگە کەسێک یان زیاتری خەباتی کردبێت هەردوو بەشەکە خاوەنی بەشێک لەشانازی و شکستەکانن، کە ڕووبەڕوو قسە بکەین ڕەنگە هەریەکە قسەی خۆی بکات بەڵام کە بۆ ڕۆژنامە قسە بکەین ئەوە شتێکی ترە وەکو ئەوە وایە کە چوار برا لەیەک ماڵ بن دواتر جیا بنەوە خۆیەکیان مافی ئەوەی هەیە کەبڵێت من خاوەنی مێژووی باب و باپیرانم بەڵام ناکرێت ئەوانی تریش بێ بەش کات.



**ڕۆماڵ نیوز :** کوردەکانی ڕۆژهەڵات چ هەڵوێستێکیان هەبوو لەو جیابوونەوەیەتان؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** من ناوی لێ نانێم جیابونەوەی لەلایەکیتر بەڵکو حیزبی دیموکرات لەتبووە ئێمە لەو کاتەوە لەت بوینە لە هەموو لاوە کەوتووینە بەر شاڵاوی ڕەخنە و تانەو لۆمەو سەرزەنشتی کوردەکانی ڕۆژهەڵات ئەوەش کارێکی بەجێیە، چونکە هەر کەس پێی وابێ لە لەت بوون قازانجی کردوە ئەوە لە هەڵەدایە.

**ڕۆماڵ نیوز :** دەڵێن پارتەکانی باشور لەبەر دەسەڵات ڕێک ناکەون بەڵام ئێوە لەبەر بێکاری بەیەکەوە هەڵناکەن تۆ دەڵێی چی؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** ئەوە قسەیەکی بەجێ نییە بە بەڵگەی ئەوەی کە پێمان بڵێن ئێستا لەبەر بێ کاری توشی لەتبوون بوونە خۆ سی ساڵ لەمەوبەر لە ناوجەرگەی وڵات دابووین بەشێکی زۆری ناوچە دێهاتیەکانی وڵاتمان لەبەر دەست دابوو توشی لەت بوونیش هاتین خۆ ئەو کات بێ کار نەبووین ٢٠ بۆ٢١ ساڵ پێش ئێستا بەسەدان چەکداریشمان هەبوو بۆیە لەتبوون هۆکاری جۆراو جۆرن تایبەت بەکوردیش نیە، بەڵکو لە هەموو جیهان ئەوەهەیە.

**ڕۆماڵ نیوز :** بەڵام ئێمە لە قۆناغی ڕزگاری داین سەرکەوتنمان بە یەک ڕیزی و یەک هەڵوێستییە، پێتوانیە ئەو حیزبانەی کورد بەرژەوەندی تایبەتی پێش بەرژەوەندی نەتەوەیی دەخەن؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** من پێم وایە ئەوە حکومێکی کەمێک ستەم کارانەیە ڕەنگە داوایەکی بەجێ بێت کە بڵێت ئێوە لەت مەبن، بەڵام ناکرێت حیزبێک تۆمەتبار بکەی کە لەت بوو بەوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی لەبەر چاو نەگرتووە تەنانەت لەهەموو لەت بوونەکان ڕەنگە هەردوکیان لەهەڵە دابن ڕەنگە یەکێکیان لەهەلە دابێ، بەڵام هەردوکیان پێیان وایە کە بەرژەوەندی لایەنەکە و وەبەرژەوەندی نەتەوەکەی لەو لەت بوونە دایە، بەتایبەت حیزبی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لەبەر قازانجی میللەت نەبێ ئەو قور شێلیە بۆ دەکات.

**ڕۆماڵ نیوز :** تاچەندە بونی دەستی ئیتلاعاتی ئێران لەولەت بوونە دا دەبینین؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** هەرگیز نامەوێت هیچ کامێکیان تۆمەت بار بکەم بەڵام کە ئیتلاعاتی ئێران سود لەو لەت بونانە وەر نەگرێت شتێکی ناسروشتیە، بەڵام تۆ بڵێت لەبەر خاتر ئیتلاعات لەت بووبین؟ باشە حیزبەکانی کوردستانی باشور کە لە هەشتاکان لەتبوون تۆ بلێت لەبەر خاتری دەزگای ئەمنی عێراقی لەت بووبن ئەوانە تۆمەتێکن لەشەرە جنێوی سیاسی دەچن من بەوانەی خۆشم گوتووە هێندە سەخی مەبن لەبەشینەوەی تۆمەتدا فلان جاسوسە چۆن جاسوسە کە خاوەنی ١٠بۆ ٢٠ ساڵ خەباتە بێ بەڵگە تۆمەت باری کەی.

**ڕۆماڵ نیوز :** لەماوەی ڕابردوو ٤ خەباتکاری کۆمەڵە لە ئێران گیانیان بەخت کرد عومەری ئیلخانی زادە لە بەیانێکدا بێ ئاگایی خۆی لەو چەند خەباتکارە دەربڕی ئەوەش نیگەرانی لێکەوتەوە گوتیان ئەو هەڵوێستەی ناو براو لەبەر خاتری یەکێتی و پارتی بووە ؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** من پێم وایە هەریەکێ لە پارتەکانیتری کوردستانی باکور یان ڕۆژهەڵات کە لەبەر خاتری ئەو ئەزموونە هەندێک ریعایەت بکات کارێکی خراپ نیە ، بەڵام ئەوەی کاک عومەر لەبەر دڵی یەکێتی و پارتی نەبوو بەڵکو ئێستا کومەڵێ شتیتری بەدوادا هات وەک یەکێ لە ئەندامانی ئەو حیزبە گوتی ئیتلاعات دزە کردۆتە ریزەکانمان کەسانێکی بەلای خۆی دا ڕاکێشاوە باسی ئەوەی کرد کە ئەو شتانە ڕوویانداوە نەک هەر ئەوە بەڵکو ئەوەی سەقز هیتر هەموویان زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراون لە ئاییندە لە تەلەفزیۆن نیشان دەدرێت .

**ڕۆماڵ نیوز :** ئێوە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی ئێران تا چەندە لە بەرژەوەندی کورد دەبینن؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** دیارە مەبەستت ئۆپۆزسیۆنی غەیری کوردە، ئەوەی جێگەی داخە ئۆپۆزسیۆنی هەموو بەشەکانی کوردستان دەرکی تەواویان بۆ مەسەلەی کورد نیە بەتایبەت ئەوە لە ئێران زەقترە لە کێشەی کورد بەتەواوی نەگەشتوون، ئەوەش بەشێکی زۆری خەتای دەوڵەتەکانە کە ڕێگەیان نەداوە دەنگی کورد بەو جۆرەی کە هەیە ببیسترێت. لە بیرمە لە سەرەتای جەمهوری ئیسلامی نزیک بە دوو ساڵ بە ئاشکرا خەباتمان هەبوو شەهید دکتۆر قاسملۆ چەند جار داوای کرد لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنی ئێران لەسەر داخوازی گەلی کورد و حیزبی دیموکرات بە ئاشکرا قسە بکات هەتا گوتیشی با خەڵکی بزانن ئێمە جیاوازی خوازنین. بەشێکی ئەوەیە بەشێکیتری دەمارگیریە لایەنەکانە کە ئۆپۆزسیۆنن بەرانبەر بەنەتەوە بن دەستەکان کەم و زۆر یەک هەڵویستن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ڕۆماڵ نیوز : کەواتە جیاوزی نیە لە نیوان دەسەڵات ئۆپۆزسیۆن لە ئیران؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** هەندێکیان هەڵوێستیان باشە یەکێکیان ڕاهی کارگەرە کە بەداخەوە ئەوانیش ئێستا توشی لەت بوون هاتوون ئەوەیتر بەشێکە لە چریکەکانی پێشوو بەناوی سازمانی ئیتیعادی فیدایی، ئەوانە لەبارەی بابەتی نەتەوەیی بیرو و باوەڕی جوانیان هەیە تەنانەت داوای چارەنوس بۆ کورد نەتەوەکانی تر دەکەن.

پێت وانییە کورد لە ڕێگەی پەرلەمانەوە بچێتە پەرلەمانی ئێران لەوێ ئۆپۆزسیۆن بێ باشترە لەوەی کە لێرەوە خەبات بکات؟

جا هەمیشە هەوڵی ئێمە ئەوە بووە وەک هێمن دەڵێت:

کوا بەخۆشی خۆم بەجێ دێڵم وڵاتی خۆشەویستم

من لە ترسی گوللەو باتووم شەق هەڵاتم

ئێمە بۆ بەخۆشی خۆمان دێینە ئێرە ئەوە دەوڵەتە ڕێگە بە خەباتی سیاسی دیپلۆماسی نەداوە ئەگەر نا هەموو کاتێ ئێمە داوای ئەو خەباتە مەدەنیەمان کردوە وە لە سەرەتای کۆماری ئیسلامی هەوڵی دونیاماندا بۆ ئەوەی کە کورد جارێکی تر توشی شەرو ئاوەریی نەبێتەوە، بەڵام شەریان بەسەر دا سەپاندین ئێستاش ئەو نیزامە ڕێگە بەهیچ کەس نادات چونکە لەسەر بنەمای فیقهی دامەزراوە نەک بە ئێمە ئەوەتا حیزبی سیاسی هەیە هەموو شتی کوماری ئیسلامی قبوڵە بەڵام قەدەغە کراوە و موسەوی و کەروبی لە دامەزرێنەرانی کوماری ئیسلامین یەکێکی وەک ئیبراهیمی یەزدی کە نەوەد ساڵە لە چوار چێوەی جەمهوری ئیسلامی خەباتی کردوە هاشمی سەباغیان یەکێک بوو لە مۆرە هەرە دەمار گرژەکان ئێستا لە سجن کراوە هەموو ئەوانە دەبینین کە چیان لەگەڵ دەکرێت.

**ڕۆماڵ نیوز : ئێوە چارەسەری کێشەی کورد لە چیدا دەبینن؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** زیاتر لە٥٠ ساڵ داوای خودموختاریمان دەکرد ئێستا داوای فیدراڵی دەکەین.

**ڕۆماڵ نیوز : حاجی ئەحمەدی دەڵێت من دیموکرات و کۆمەڵە نیم بە ئەمری یەکیەتی و پارتی هەڵسم و دانیشم ئێستا من نوێنەری دیاری گەلی ئێرانم تۆ دەڵیی چی؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** مافی خۆیەتی ئەو بانگەشە بکات هەر حیزبە خەبات دەکات وەک بازرگان وایە یەکێ بە جۆرێک بانگەگەشە دەکات، بەڵام من بەشانازی دەزانم کە حیزبی سیاسی بنکەکەیان لە باشوری کوردستانە هاوکاری تێگەشتنیان لەگەڵ هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردی باشور هەبێت ئەوە لە هەڵبژرادنێکی خاوێن دەردەکەوێت.

**ڕۆماڵ نیوز : پەیوەندیتان لەگەڵ پەژاک چۆنە؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** پەیوەندی باشمان هەیە جیاوازی ئەوتۆمان نییە.

**ڕۆماڵ نیوز : بۆ ئێران ئەوەندە دژایەتی پەژاک دەکات وەک لە پارتەکانی تر؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** من لەگەڵ ئەو قسەیەت نیم کە دژایەتی ئەو زیاتر ئێستاش ڕەنگە ئێوە کەمتر چاو دێری ئەو بابەتانە بکەن دەنا کەسەیر بکەن چ ناوهێنانی یان لێکۆڵینەوەی هی کۆمەڵەو دیموکرات زۆر زیاترە لە ئی پەژاک تا ئیستا لە کوردستانی باشور بەسەدان کەس بەدەستی تیرۆرستەکانی جەمهوری ئیسلامی شەهیدو بریندار بوون ئی ئەوانی تریش کەمتر لەسەد کەس نین، بەڵام هیچ پەژاکێک لە کوردستانی باشور تیرۆرنەکراوە.

**ڕۆماڵ نیوز : ئێوە هەڵویستی پارتەکانی کوردستانی باشور چۆن دەبینی بەرانبەر بە کوردەکانی رۆژهەڵات لە عەلمانی و ئیسلامیەکان ؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** دەکرێت حیزبێکی تر زۆر نەتەوەیی تر بێتە بەر چاو لەپارتی و یەکێتی بەهۆی ئەوەی کە ئەوان لە دەسەڵاتن قسەکانیان باجی زیاتری هەیە بۆیە ئەوان لەسەر خۆیان پێویست دەکەن کە خۆیان لەدروشمی گەورە بپارێزن چونکە لەدەسەڵاتن ڕێکەوتنی جۆراو جۆریان هەیەو قسەکانیان زیاتر لەسەر دەکەوێت.

**ڕۆماڵ نیوز : زیاتر مەبەستی پرسیارەکەم ئەوە بوو کە ئیسلامیەکانی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە سەر بەئیتلاعاتن ؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** ئیسلامیەکان موسڵمانن ئیرانیش بانگەشەی ئیسلامی بوون دەکات بەڵام هێزە ئیسلامیەکان کە ئیستا هەن تانەی ئەوایان لێ نادەم کە پیاوی ئیرانن هەڵوێستی باشیان هەیە ئێمە لە ئیسلامیەکان تەنها لە بزوتنەوەی ئیسلامی شتێکی شەخسیمان هەیە کە کاتی خۆی ٧ کەسی ئێمەیان گرت تەسلیمی ئێرانیان کردن.

**ڕۆماڵ نیوز : ئەوە شەخسی بوو یان حیزبی بوو؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** وەختێ کەسێ لە حیزب کارێک دەکات تا ئەو کاتەی حیزب پێی نازانێ دەکرێت کەسی بێت بەڵام کە حیزب پێی زانی هیچی نەکرد دیارە ئەو حیزبە قبوڵیەتی ئەویش وابوو ئێستا ئەو کەسە یەکێکە لە فەرماندەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی بزوتنەوە هەڵوێستەکەی قبوڵ کرد ئەگەر سەرەتاش ئاگای لێ نەبێت.

**ڕۆماڵ نیوز : ئێوە ئەو بارودۆخەی کوردستان چۆن دەبینن ؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** ئەو بارودۆخە بە باش یان خراپ دەسکەوتێکە بۆ گەلی کورد وەک ئەوە وایە ٤ برا لە زیندان بن یەکێکیان ئازادبێ دەست کەوتە بۆ هەمویان یەکیان بەخۆی ئازاد بووە بەڵام تا چەندە کاریگەری هەبێت وەڵامی ئەوە زۆر ئاسانیە، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە لە فیدرالیزم زیاترە بە جۆرێک لە جۆرەکان سەربەخۆییە،بەڵام لە بەرانبەر تەعەدای گەورە دایە کورد لەباشوری کوردستان لێ نەبۆتەوە ڕێگە سەختی لەپێشە بۆ چەسپاندنی دەست کەوتەکان کورد لەباشور سێەم بەشی کوردستانە چ لەروی خاک وەچ لەرووی حەشیمەتەوەدەکرێت ئێمە لە دادگای جیهانی بڵین دوو هیندەو کوردی باکور بڵێت من چوار هێندە بۆ ئەوەی بۆ کوردی باشور دەکرێت ئەوە بۆ ئێمە ناکرێت ئەوە لەو رووە سودی هەبێ ڕەنگە لە داهاتوو بتوانن کۆمەکی رۆژهەڵات و باکور بکەن ئەگەر بە قسەیەکی خیریش بێ دەسەڵاتی کوردی لە باشوری کوردستان کە کۆمەکی پارچەکانیتر بکات دراوسێکانی لەخۆی بکاتە دوژمن کارێکی واقیع بینانە نییە.

**ڕۆماڵ نیوز : کورد لە کوردستانی باشور کۆمەڵێک پۆستی سیادی هەبووە بەڵام ئەوان پەیامێکی رونیان نەبووە بۆ پارچەکانی تری کوردستان؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** ئەوانە پارتی سیاسین بەڵام لە هەمان کات حکومەتن حکومەت ناتوانی ئەوا بە ئاسانی هەڵویستی خۆی وەرگرێت بەرانبەر بە بەشێکی کوردستان کە لە وڵاتێکی دراوسێدایە ئەوە جۆرێکە لە دەست تێوەردان بۆ ئێمە دیارە کە بۆ چی ئەو هەڵوێستەیان نییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کەسایەتی سیاسی کورد لە دیدارێکی تایبەت لە گەڵ «کورد کاناڵ» دا

(بەشی یەکەم)

«عەبدوڵڵا حەسەن زادە» لە دیدارێکی تایبەت لە گەڵ «کورد کاناڵ»دا: مافی ئەوەم نییە ئەو نهێنییانەی کە لامە، بە بێ ئیزنی حیزبەکەم ئاشکرای بکەم

دیمانە: مادح ئەحمەدی

ئاماژە: خوێنەرانی بەڕێز هەروەک ئاگادارن ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٦٥ ساڵ بەسەر تەمەنی "حیزبی دیموکراتی کوردستان"دا تێپەڕی. حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک یەکێک لە بەتەمەنترین حیزبە کوردییەکان لە ماوەی دەیەکانی رابردوودا قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە و لە زۆر لایەنەوە دەکرێ ئێمە قسەی لە سەر بکەین. لە مێژووی ئەم حیزبەدا کۆمەڵێک پرسیار هەن، رەنگە تا ئێستا لای زۆر کەس جێ رەخنە بووبێتن و کەوتبێتە بەرباس، یان لە راستیدا پرسیاری زۆرێک لە ئێوەی ئازیز بێ. کورد کاناڵ لە دیدارێکی تایبەتدا کۆمەڵێک پرسیاری کلیدی لەسەر مێژووی حیزبی دیموکرات (لە دامەزرانییەوە تا ئێستا)لەگەڵ مامۆستا " عە بدوڵڵا حەسەن زادە" خستە بەرباس کە بە پێویستمان زانی لە "کوردستان"دا دەقی ئەو وتووێژە بڵاو بکەینەوە.




مادح ئەحمەدی: مامۆستا زۆر سپاس بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتەتان پێداین کە لەم دیدارە تایبەتە دا چەند پرسیارێک لەسەر مێژووی حیزب بخەینە بەر باس. مامۆستا لە ماوەی چوار دەیەی رابردوودا جەنابت لە حیزبی دیموکراتدا بەردەوام لە رأسدا بووی و رۆڵی سەرەکیت هەبووە. لەم رووەوە بێگومان ئاگاداری زۆربەی نهێنییەکانی ئەم حیزبەی، بەڵام تا ئێستا شتێکی زۆر سەیرو سەمەرو نهێنی کە پێویست بێ باس بکرێ و خەڵک بزانێ باستان نەکردوە. هەر نهێنییەکیش ٣٠ ساڵ بە سەریدا تێپەڕی بەڵگەمەندی(سەنەدیتی) خۆی لە دەست دەدا. رەنگە لە داهاتوودا کۆمەڵێک کەس ئەو شتانە چەواشە بکەن. پێتوانیە باشتر وایە ئەگەر نهێنییەک لە گۆڕێدایە لە زمانی کەسانێکی وەک جەنابتەوە باس بکرێ و بگوازرێتەوە بۆ ناو نەوەکانی داهاتوو؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەمنیش سپاستان دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەو دەرفەتە، چونکە لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ (ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان) داین و بەتایبەتی ئەمساڵیش ساڵێکی یوبیلییە پیرۆزبایی دەکەم لە ئێوە، لە هەموو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ئەوەی باست کرد لەبارەی مەسایلی نێو حیزبەوە و نهێنییەک کە لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان دایە یا لە نێو بزووتنەوەی کورد دا هەبێ، ئەمن پێموایە لە حیزبی سیاسییدا و یەک لەوان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا نهێنی ئەوەندە زۆر نییە.

مادح ئەحمەدی: چۆن ئەوەندە زۆر نییە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: چونکە ئەو بەرنامەیەکی نییە لە پشتی سەری خەڵکەوە بێ. حیزبی سیاسی هەر بەرنامەیەکی هەیە، بۆ ئەوەیە بە خەڵکی بڵێ و تەبلیغی لەسەر بکاو حیزبی سیاسی لەوەدا سەر دەکەوێ کە بتوانێ شتەکانی بە خەڵکی بڵێ و خەڵکی لێ تێبگەیەنێ.

مادح ئەحمەدی: بەهەر حاڵ ئەم حیزبە خاوەن کۆمەڵێک پێوەندییە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم لاو ئەولادا رەنگە هەندێ نهێنی بێنێتە پێش. ئەوەی لەسەرەتادا باست کرد لە دوو سێ لایەنەوە بۆ حیزبێکی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتان جیاوازی هەیە. یەکەم بۆ حیزبێکی سیاسی بە قەوڵی ئێرانییەکان منحله (هەڵوەشاوە) و نایاسایی لەگەڵ دەوڵەتان جیاوازی هەیە.

مادح ئەحمەدی: هەڵبەت لە ئێرانییەکان دا، تەنیا کۆماری ئیسلامی ئەوە (حزب منحله) دەڵێ؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: نا. لە پیش کۆماری ئیسلامیشدا دەستەواژەی «منحله»مان هەبووە. ئەگەر بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانیش نەبووبێ ئەوا بۆ حیزبەکانی دیکە هەبووە. بۆ وێنە بۆ یەکەمین جار دەستەواژەی «حزب منحله» بۆ حیزبی «تودە» لە زەمانی شادا بەکار دەبرا. ئەمە گرنگ نییە، بەڵام جیاوازی هەیە بۆ حیزبێکی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتان. لەگەڵت نیم کە لە دەوڵەتانیش دا وا نییە کە هەر نهێنییەک تەنیا ٣٠ ساڵ بەسەریدا تێپەڕێ سەنەدیتی خۆی لەدەست دەدا. ئەوان (دەوڵەتان) رەدەبەندی تایبەتی خۆیان هەیە. هێندێک نهێنییان هەتا ١٠٠ ساڵیش هەر ئاشکرا ناکەن. هێندێکیش کەمتر، تا دەگاتە ٣٠ ساڵ و رەنگە هەندێ بابەتیش لە گۆڕێدا بێ کە زووتر لە ٢٠ ساڵ و تەنانەت ١٠ ساڵیش ئاشکرا بکرێ.

مادح ئەحمەدی: باشە هەندێ کەس یا هەندێ لە بەرپرسان ( بۆ وێنە سەرۆک وەزیر، وەزیر، سەرۆکی حیزب یا هەندێ کەس کە بەرپرسایەتی جۆراوجۆریان هەیە) دوای بەرپرسایەتییەکەیان زۆربەی نهێنییەکان دەدرکێنن.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: بەڵێ. زۆر شتی خۆیان دەنووسن. مافی خۆیانە. بەڵام ئەوانیش مافی ئەوەیان نییە کە چوارچێوە گشتییەکە بشکێنن. ئەوانیش بێگومان ئەوە دەپارێزن.

مادح ئەحمەدی: مادح ئەحمەدی: بەڵام ئەوەی ئێمە تا ئێستا لە جەنابتمان لەسەر رابردوو و مێژووی حیزب بینیوە. هەر ئەو شتانەیە کە لە «نیو سەدە تێکۆشان»دا لەسەر رابردووی حیزب باست کردوە.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: من جاری دیکەش ئەو پرسیارەم لێ کراوە. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئەمن دەڵێم ئەوەی پێوەندی بە خۆمەوە هەیە و تەنیا کاریگەری هەر لەسەر خۆم بوایە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەنگە هیچ باکم نەبایە کە هەموو شتێک بڵێم، بەڵام بە مەرجێک تەنیا قازانج و زەرەرەکانی بەهاتبایەتەوە سەر خۆم. بەڵام کاتێ کە کاریگەرییەکانی هەندێ شت (کە لە کاتی خۆیدا بە نهێنی ماوەتەوە) دەکەوێتەوە سەر حیسابی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی کورد و بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندییە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانی دا، ئیدی ئەمن مافی ئەوەم نییە ئاشکرای بکەم. بەتایبەتی ئەمن باوەڕم وایە تەنانەت لە پێوەندی دووقۆڵی و سێ قۆڵی و کۆمەڵایەتیش دا، وەختێ دۆستێک نهێنییەکی لەگەڵ من باس کردوە، لەبەر ئەوە بووە زۆر لێک نزیک بووین و هاوڕێ یەکتری بووین و باوەڕی پێم بووە، ئەگەر ڕۆژێک دۆستایەتییەکەشمان تێک بچێ ئەمن مافی ئەوەم نییە ئەو نهێنییانە بدرکێنم.

**مادح ئەحمەدی:** مامۆستا ئەوە جیاوازە لەگەڵ حیزبێکی سیاسی.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەمن بۆیە نهێنیم لە لا بووە، چونکە بەرپرسایەتیم هەبووە. ئێستا کە من لە سەدری بەرپرسایەتی دا نەماوم، مافی ئەوەم نییە کە ئەو نهێنییانەی کە لامە، بەبێ ئیزنی حیزبەکەی خۆم ئاشکرای بکەم. ئەو شتانەی کە ئەگەر نهێنی بوون و پارێزراون و دەبێ ئاشکرا بکرێن، پێموایە ئەو تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئۆرگانی ڕێبەریی حیزب دایە کە هەندێک لەو شتانە کە پێوایە ئێستا وەختی هاتووە بۆ خەڵکیان باس بکەی، باسیان بکا.

**مادح ئەحمەدی:** بەڵام مامۆستا، مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەگەر ئەوشتانەی لە زمانی کەسانێکی وەک جەنابتانەوە کە ڕۆڵت هەبووە لە مێژووی حیزبدا و لە شتەکان ئاگاداری بۆ نەوەکانی داهاتوو نەگوازرێتەوە ڕەنگە کەسانێک پەیدا بن ئەو شتانە چەواشە بکەن.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەگەر شتێک لای من هەبێ و لە ئەرشیڤی حیزبدا نەبێ ئەوا حیزبەکە دەتوانێ لە من و کەسانێکی وەک من وەری بگرێ و لە ئەرشیڤی حیزب دا بمێنێ، بۆ ئەوەی حیزب لە وەختی خۆیدا بیڵێ. ئەوە بەو مانایە نییە کە پیاو زمانی گرێ بدا و هیچ شتێک باس نەکا. جاری وابووە ئەمن و کەسانی دیکەش شتی وامان باس کردوە کە بۆ یەکەمین جار باس کراوە، بەڵام لانیکەم بە لێکدانەوەی خۆمان پێمانوابووە کە ئەوەندە زیان ناگەیەنێ. بەو حاڵەش ئەمن دووبارە دەڵێم ڕەنگە شتی وا هەبێ ئەگەر لە منی بپرسن ئەمن مافی ئەوە بە خۆم نەدەم زیاتر لەوەی تا ئێستا وتووە بڵێم.

**مادح ئەحمەدی:** مامۆستا با بچینە سەر تەوەری سەرەکی باسەکە کە کۆمەڵێک پرسیارە لەسەر مێژووی حیزب لە قۆناغە جیاوازەکان دا. ئەگەر بە پرسیارێکی گشتییەوە دەست پێ بکەین، بە لەبەرچاو گرتنی مێژووی حیزب جەنابت پێتوایە زەقترین و دیارترین هەڵەی «حیزبی دیموکراتی کوردستان « (چ لەرووی تاکتیکییەوە و چ لە رووی ستراتیژییەوە) کامەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەمن پێموایە ئەو پرسیارە هەم لە وەختێکی خراپدا و هەم لە کەسێکی نامناسب دەکرێ.

**مادح ئەحمەدی:** بۆ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لە لایەک وەختێکی تەنگە. لە باسێکی نیو کاتژمێری یان ٤٠ خولەکیدا یان یەک کاتژمێردا ڕەنگە ئەو بابەتە لێک نەدرێتەوە. دووهەم ئەوەیە کە ئەمڕۆ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبە. وەک جارێکی دیکەش لە یادی لە سێدارەدانی «پێشەوا قازی محەممەد»دا وتم: ئەمڕۆ کۆبوونەتەوە بۆ ڕێزگرتن لە قازی محەممەد و کۆماری کوردستان، نە بۆ تەحلیل و لێکدانەوە. لە هەمووی گرنگتر ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان شاهیدێکی باش نییە بۆ قەزاوەت کردن لەسەر ئەو بابەتە. ئەوە ئەرکی ئەو کەسانەیە کە یەکەم سەرقاڵی لێکدانەوە و تەفسیرن و پاشانیش بێ لایەنن و ئەندامی حیزب نین و لە هەمانکاتیشدا دژی حیزبیش نین و مونسفانە قەزاوەت دەکەن. ئەویش نەک هەر لەم لاو لەولا بپرسن، ئەوانەی کە دیانهەوێ قەزاوەت بکەن دەبێ هەم لە کەسانی حیزب، هەم لە دۆستانی حیزب و تەنانەت هەم لە کەسانی دژی حیزبیش بپرسن. بۆ وێنە دۆستێک هەبوو تێزەکەی لەسەر دوکتور قاسملوو بوو. پێموایە دەشی ناسن (کاک هوشمەند عەلی) زۆر دەهاتە لای من، ئەمن زۆر جار داوام لێ دەکرد بچێتە لای ئەو کەسانەش کە پێموایە دوکتور قاسملوویان خۆش نەویستووە و دژی دوکتور قاسملوو بوون، لەوانیش بپرسێ، چونکە ئەو دەیەوێ بە دوای حەقیقەتدا بگەڕێ و نەهاتوو ببێتە ئەندامی حیزب و ئەو هەقەشی هەیە.

**مادح ئەحمەدی:** ببوورە قسەکەشم پێت بڕی، ئێمە لەم کاتەدا کە دەمانەوێ هەندێ شت بورووژێنین و یان کۆمەڵێک شت بخەینە ڕوو، لە ڕاستیدا دەمانەوێ لە ڕوانگەیەکی دیکەوە خوێندنەوە بۆ ڕابردووی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەین. بۆ ئەوەی ئەگەر هەڵەیەک لە مێژووی حیزب دا هەبووە، ببێ بە ئەزموون بۆ ڕێبەری ئێستای حیزب و بۆ نەوەکانی داهاتوو. دەمانەوێ لەم رووە بچینە نێو باسەکە. بەڵام ئایا ئێستا پێتوایە حیزب هیچ هەڵە یەکی نەکردوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دەبێ پیاو زۆر دەمارگرژ (تەنانەت لە دەمارگرژیش بەولاوەتر) بێ کە پێیوابێ حیزبەکەی هیچ هەڵەیەکی نەکردوە. جاروبار ئەو شتانەی کە بە هەڵە دەگیرێن کەموکۆڕیان تێدایە. یەکێک کە ئێستا لە سەدەی ٢١ دا دەژی لە سەر سەرەتاکانی سەدەی بیستەم یا تەنانەت سەدەی نۆزدەیەم قەزاوەت دەکا و دەڵێ ئەو شتە هەڵە بوو، بە فیکر و ئەقڵی ئێستا هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر ئەو کارانەی ئەو کات، کەمێک زاڵمانەیە. ڕەنگە ئەو کەسەی کە ئێستا لە فڵان کاری فڵان کەسایەتییەکی مێژوویی، یان فلان حیزبی سیاسی ڕەخنەیەکی هەیە، ئەگەر بۆخۆی لەو وەختە دا ژیابایە، هەمان کاری کردبایە کە ئەو ڕێبەرە کردویەتی. ئەگەر لە هەمان پۆستیشدا بایە. کەوابوو، بابەتە بەو شێوەیە نییە کە کەسێک ئێستە دابنیشێ و ئەو مافە بەخۆی بدا کە بڕیار لەسەر مێژووی دەیان ساڵ و سەدان ساڵی پێش خۆی بدا. ئەوە هەڵەیە بڵێن ئەو حیزبە هەڵەی نەبووە، دیارە هەڵەی هەبووە. ڕەنگە کارێکی کردبێ کە لە کاتی خۆیدا هەڵە بووبێ و بڕیاری واشی دابێ کە دروست بووبێ، بەڵام لە درێژە دا ڕەنگە نادروست بووبێ. دەبێ شتی واش هەبێ لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش دا. بۆ وێنە شتێکی بەرنامەییمان ئەوڕۆ داناوە، سبەینێ پێمانوابووە دروست نییە، لە کۆنگرەیەکی دیکە دا لە بەرنامەدا گۆڕیومانە و دروستەکەیمان داناوە.

ئەمن تەنانەت ئەگەر خۆشم رووت بکەمەوە لە ئەندامەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش، وەکوو کەسێک خۆی بە دڵسۆزی بزووتنەوەی کورد دەزانێ، ئەوا بمەوێ داوەری بکەم وا تێناگەم کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ٦٥ ساڵ تێکۆشانی سیاسی خۆیدا هەڵەی ستراتیژیکی نەکردوە. هەندێک کەس هەن کە پێیانوایە یەکەم هەڵەی ستراتیژیکی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوە بووە کە وەختێ دامەزراو هاتە جێگای کۆمەڵەی «ژ.ک» دروشمی «کوردستانی گەورە»ی گۆڕی بۆ «خودمختاری». ئەمن پێموایە ئەوە هەڵە نەبووە، بەڵکوو بەرهەمی لێکدانەوەیەکی قووڵی سیاسی بووە. لە ئاکامی لێکدانەوەی ئەو پارامێترانەدا بووە کە بە دەرووبەریەوە بوون (لە ناوخۆی ئێران، لە کوردستان، لە ناوچەکە و لە جیهان) واتە بەرچاوڕوونییەکی زیاتری هەبووە، بۆیە ئەوەی کردوە. تا ئێستاشێ لەگەڵ بێ، مافی کوردستانی گەورە و سەربەخۆ، مافێکی بێ ئەملاو ئەولای نەتەوەی کوردە. بە باوەڕی من هیچ گوناح نییە کە کورد ئارەزووی سەربەخۆیی و یەککەوتنەوەی وڵاتەکەی بکا. بەڵام وەکوو دروشمی ستراتیژیکی بێتە گۆڕێ هەتا ئێستاش واتێدەگەم دروشمی چارەسەر کردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا، دروشمێکە کە لەبار سیاسی و دیپلۆماسییەوە گونجاوترە.

**مادح ئەحمەدی:** مامۆستا جگە لەمانە، پێمانخۆشە ئاماژە بە هەڵەیەک بکەن کە بۆخۆشتان قبووڵتانە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




**عەبدوڵڵا حەسەن زادە :** ئەمن ئەوەم کردە پێشەکییەک بۆ ئەوەی ئەوە بڵێم ئەگەر بڵێم وەکوو هەڵەی تاکتیکی ڕەنگە کەمێک باری عاتیفی تێدا هەبێ. بە باوەڕی من گەورەترین هەڵەی تاکتیکی کە لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا کراوە و دەکرێ بڵێن ڕێبەری حیزب کردویەتی نەک تاک. ئەوە بوو کە بە پێچەوانەی هەموو ئەزموونەکان، بە پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەی کە لە نێو حیزبدا گەڵاڵە کرابوو ڕێبەری حیزب (بەواتای دەفتەری سیاسی) باوڕی بە کۆماری ئیسلامی کردو ئامادە بوو بە شێوەی نهێنی وتووێژی لەگەڵ بکا کە لە ئاکامدا لە دەستدانی دوکتور قاسملووی لێکەوتەوە. ئاخر هەڵەی گەورە دەڵێن دوو جۆرە: یەکیان هەڵەیەکە کە قەرەبوو نەکرێتەوە. یەکی دیکەشیان هەڵەی چووکە بێ، واتە ئەوەندە نەبێ. ئەویش ئەگەر دووپات بێتەوە هەر گەورەیە. باشە ئەوە هەڵەیەک بوو کە بە هیچ شێوەیەک قەرەبوو ناکرێتەوە. هەڵەیەکمان کردوە کە گەورەترین ڕێبەری حیزبیمان و کەسی یەکمان تێدا لەدەستداوە. پێموایە هەڵەیەکی یەکجار کوشەندە بوو بە مانای واقیعی، چونکە ئەوە نییە تیرۆر کرا. ئەوە هەڵەیەکی گەورە بووە، دیارە ئەو هەڵەیەکی تاکتیکییە، هەڵەیەکی ستراتیژیکی نییە. هێڵە ستراتیژییەکە باوەڕ بە چارەسەر کردنی پرسی کورد بە شێوەی ئاشتیخوازانە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا باوڕی پێ هەبووە. بە باوڕی من ئەوەش لە جێ خۆیەتی و هیچ هەڵەی تێدا نییە. بەڵام ئەوە کە ئەو تێکنیکەمان بۆ وتووێژ هەڵبژارد ئەوە هەڵەیەکی مێژوویی بوو.

پێمخۆشە ئەوەش بڵێم کە زۆر جار موخالیفانی حیزب یا بڵێین ئەوانەی لە دەرەوەی حیزبن و ئاگایان لێ نییە ئەو تۆمەتە لە دوکتور قاسملوو دەدەن (بەنووسراو) کە گوایە دوکتور قاسملوو بێ پرسی هەموو حیزبی دیموکراتی کوردستان چووە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دانیشتووە. ئەمن جاری دیکەش وتوومە و ئێستاش جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە کە بە هیچ جۆرێک وانییە. دەفتەری سیاسی بە تەواوی ئاگای لەو مەسەلەیە هەبووە.

ئەمن پێموایە هەڵەی گەورەتر لەوەش (دیسان تاکتیکی) ئەوە بوو کە مەرحوومی دوکتور سەعید، بەداخەوە تووشی بوو ئەویش بۆیە گەورەتر بوو، چونکە پاش ئەو ئەزموونە کردی. بەڵام کە ناوی ئەو نابەم، لەبەر ئەوەیە یەکەم ئەو هەڵەیە هی دەفتەری سیاسی نەبوو، دەفتەری سیاسی هەر ئاگاداری ئەو بابەتە نەبوو. ئەو لەوێ دانیشتبوو، لەپاشان ئەو نەچوو بوو لەگەڵ دوژمن دابنیشێ. بە نییەتێکی خێرخوازانە لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دانیشت کە تیرۆری لێکەوتەوە. دیارە لەوەشدا دیسان هەر هەڵەی دوکتور سەعید هەبوو. ئەمن دواتر زانیم پۆلیسی ئەڵمانیا داوای لێ کردبوو کە ئیسکۆرتی بۆ دابنێ، بەڵام بۆ خۆی قبووڵی نەکردبوو. ئەوە دیسانەوە هەڵەیەکی گەورەیە، کە لە دەستدانی گیانی لێ کەوتەوە. ئەویش گیانی کێ؟ شەخسی یەکەمی حیزب کەوابێ هەڵەی کوشەندە، بەمانای تەواوی وشەیە.

**مادح ئەحمەدی:** ئەم هەڵەی کە ئێستا ئاماژەتان پێکرد، واتە ئەوەی کە لە مەسەلەی تیرۆری دوکتور قاسملوودا هەمووی دەفتەری سیاسی لەو قۆناغەدا هەڵەی کرد و لە مەسەلەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی دا، دوکتور شەرەفکەندی خۆی هەڵەی کردوە. پێتوایە ئەمە لە مێژووی حیزبدا دووپات بێتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** هیوادارم قەت دووپات نەبێتەوە. جارێک لەلایەن بەشی فارسی ڕادیۆ فەڕانسەوە بۆ وتووێژێکی ڕادیۆیی بانگهێشت کرابووم. یەکێک لە پرسیارەکانیان ئەوەبوو کە لێیان پرسیم: دەبینین پاسەوان و ئیسکۆرت یا گاردێکی زۆرت بە دەورەوەیە. بۆ وایە؟ ئەمن ئەو شێعرەی «ڕوودەکی»م هێناوە کە دەڵێ: «هر کە نیاموزد از گذشت روزگار/ هیچ نیاموزد از هیچ آموزگار». وتم ئێمە دوو کەس لە ڕێبەرانمان لەو ڕێگایەوە لەدەست داون، کەوابێ نابێ ئەوە دووپات بێتەوە، بەتایبەتی نابێ ڕێگا بۆ سەرکەوتنی دوژمنی حیزبەکەمان و نەتەوەکەمان خۆش بکەین.

**مادح ئەحمەدی:** مامۆستا با بێینە سەر پرسیارێکی دیکە. پاش ڕووخانی کۆمار بازنەی ڕێکخستنەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەر تەسک دەبێتەوە. ئەگەر ئێمە چاو لە مێژوو بکەین، دەبینین لە کۆمەڵەی «ژ.ک» دا بازنەی ڕێکخستنەکانی بەربین بووە. بۆ وێنە: لە ناوچەکانی خوارەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کرماشان و....) کۆمەڵەی «ژ.ک»بۆ کاروباری کرماشان، ئیلام و تەنانەت خوارەووەتریش، نوێنەری تایبەتی خۆی هەبووە. لە کۆماری کوردستانیشدا کەسێکی وەک «ئیبراهیم خان نادری» و کەسانێکی دیکە ڕۆڵیان هەبووە ئەگەرچی ئەو کات ئەو ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی کۆماردا نەبوون، بەڵام ئینتمایەک هەبووە بەرانبەر بە کارکردن لەو ناوچانەدا. دواتر دەبینین (پاش ڕووخانی کۆمار) حیزبی دێموکرات بازنەی ڕێکخستنەکانی بەر تەسک دەکاتەوە و چالاکی و هەوڵەکانی زیاتر چڕ دەکاتەوە سەر ناوچەی موکریان. ئایا پێتوانیە ئەمە هەڵەیەکە کە تائێستا کاریگەری بەسەر بزووتنەوەی کوردەوە دیارە و ناسیۆنالیزمی کوردی بەو جۆرەی لە موکریان بەهێزە لە ناوچەکانی خوارەوە بەهێز نییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەمن شتەکە وانابینم. یەکەم پێم وانییە لەکاتی کۆمەڵەی «ژ.ک» دا ڕێکخستنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کوردستاندا بە تایبەت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەربەرینتر بووە تا سەردەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵام هەندێک هۆی تایبەتی لە ئارادان. لەو سێ ساڵەی پێش دامەزراندنی کۆماردا کە کۆمەڵەی «ژ.ک»ە خەباتێکی نهێنی لە ئارادایە. ئەو خەباتە لە سنە، مهاباد، کرماشان، ورمێ و ئیلام هەر نهێنییە. ئەو بەربەستە سەختە لە بەرانبەریدا نییە، بەڵام کە حیزبی دێموکرات دادەمەزرێ بە تایبەتی کە نزیک بە پێنج مانگ دواتر کۆماری کوردستان دادەمەزرێ، ئەو جارە حەساسییەتەکە لە نێوان ئەو دوو ئۆردوگایەدا (سوسیالیستی و کاپیتالیستی) زیاتر دەبێ. هەتا سەقز لە ژێر دەسەڵاتی سۆڤییەت دا بووە و لەوێوە بەرەوخوار لەژێر دەسەڵاتی بریتانیا دایە. ئەو دووانەش حەساسییەتیان بە یەکتر هەبووە و کارەکە سەختتر بووە. «هێمن»ی ڕەحمەتی لە شێعرێکدا ئاماژەی پێدەدا و دەڵێ کە براکانی باشوورمان وا دەڵێن. وتووێژێکی ساز کردوە لە نێوان شاعیر و نیشتماندا. لەوێدا هێمن بە شێوەیەکی هومێدوارانە دەڵێ کە نیگەران مەبەو ڕۆڵەکانی نیشتمان لە غەمی ئەو بەشەی نیشتمانیشدا هەن و....، بەڵام ئەگەر چاو لێ بکەین دواتر بە هێچ جۆر وانییە. ئەو هەوڵ و تەقەلایە کە بۆ نفووز کردن لە بەشەکانی دیکە لەئارادایە، هەر بەردەوامە. بەداخەوە ئەگەر ئێستا بەهەردووکمان خەریک بین ڕەحمەتی «ئیبراهیم نادری» بکەینە دوو، پێمان ناکرێ. لەکاتی کۆماریشدا دیسان ئیبراهیم نادری لەو نێو کۆمارە دایە. بۆمان ناکرێ بە دوو، چوونکە تەنیا ئاڵقەیە و هەوڵێکە... بابەتەکە زۆر سرووشتییە. نەک هەر حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، کۆمەڵەی «ژێکاف»یش کەم و زۆر بە کەڵک وەرگرتن لەو فەزایە کە بە داگیر کردنی ئێران پێکهاتبوو دامەزراون(هەر دووکیان). دیارە زیاتریش لەبەر ئەوەی ناوچەی موکریان زیاتر لەژێر دەسەڵاتی سۆڤییەتدا بووە، بەڵام بە کردەوە هیچی تێدا نەبوو، بۆشاییەکی دەسەڵاتی تێدا هەبوو، بۆیە لەوێ دەرەتانی خۆ نواندن و تێکۆشانی سیاسی زیاتر بووە. دەنا من زۆر جارم ئەوە وتووە، ئەگەر چاو لە ڕادەی وشیاری سیاسی و خوێندەواری و زانیاری بکەین، ئەو کات کرماشان و سنە (یا بە قەولی سنەییەکان بڵێین کورسان) زۆر لە پێش مەهابادەوە بوون. لەباری ڕێژەی دانیشتوانیشەوە، مهاباد شارۆچکەیەک بوو لە چاو سنە، سنە شارێکی چووکە بووە لە چاوە کرماشان، بەڵام هەلومەرجەکە لە مهاباد خوڵقاوە و ئەمەش مێژوو دەیخوڵقێنێ.

**مادح ئەحمەدی:** بە پێی ئەو وتانەی جەنابتان، کەواتە هەڵەکە لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نەبووە و ئەوە هەلومەرج دیاری کردوە.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** خودی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە مەرکەزییەتی مەهاباد، یان دامەزرانی کۆمەڵەی «ژ.ک» (دەکرێ بڵێین تا ڕادەیەک) بە مەرکەزییەتی موکریان (دیارە بە واتا گشتییەکەی سابلاغیش بەشێکە لە موکریان، چونکە موکریان بە شێوازی جۆراوجۆر باسی لێ دەکرێ، لە هەندێ جێگادا سەردەمانێک ورمێ پایتەختی موکریانە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە هەندێ بەکار هێناندا موکریان تەنیا بە دەورووبەری بۆکان دەڵێن، لە باری زمانەوانییەوە خودی مەهابادیش وەبەر موکریان دەکەوێ) لەوێدا دەرفەت و دەرەتانێک هەیە کە لە بەشەکانی دیکە دا نییە، ئەوە لەگەڵ ئەوەی شانسە( شانس بۆ بووژانەوەی بیری نەتەوایەتی لە هەر شوێنێکی نیشتمان پێکبێ هەر باشە)، بەڵام لە هەمان کاتدا تۆزێک بەد شانسی تێدایە کە لەو جێگا باشانەدا (لەو جێگایانەی کە دەتوانن کاریگەری زیاتریان هەبێ) پێک نەهاتووە. بریا ئەو دەرفەتەی لە مەهاباد پێکهات لە کرماشان رەخسابایە.

مادح ئەحمەدی: مامۆستا یەکێک لەو بابەتانەی کە هەندێ کەس زۆرجار باسی لێدەکەن و تەنانەت بۆتە جێی مشتوومڕ و ڕەخنە گرتن، مەسەلەی ئەوەیە کە پاش رووخانی کۆمار «پێشەوا» خۆی تەسلیم دەکا. هەندێ کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەڵێن ئەمە لە ڕووی ترسنۆکییەوەیە کە پێشەوا خۆی تەسلیم دەکا و لەم روانگەوە دەڵێن کە دەبا خۆی تەسلیم نەکردبا و هەڵهاتبایە و سەرۆکایەتی خەباتی دژی رژێمی پادشایەتی کردبایە. ڕای جەنابتان لەو پێوەندییە دا چیە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لەم بارەوە ئەمە بەسەر دوو بەش دا دابەشی دەکەم. بەشێکیان ئەوەی گۆیا پێشەوا لەبەر ترس ئەوەی کردوە، ئەوە تۆمەتێکە نە بە چەسپی دوو قولوو (بە قەولی ئێستا) و نە بە دەرزی و درێشان بە پێشەوا قازی محەممەدەوە نانووسێ. قازی محەممەد هیچ گومانی لەوە دا نەبووە کە دەکوژرێ. هیچ گومانی نەبووە، تووشی تەوەهوم نەهاتووە، بە پێچەوانەوە لەبەر ئازایەتی بووە. وتوویەتی ئەمن خۆم بە دەستەوە دەدەم، بەو مەبەستەشی بوو ئەو بکوژرێ، بەڵام خەڵک نەکوژرێ. هەر لەو ساڵەدا لە ئازەربایجان( بەقەولی سیاسیان دەستە خۆشکی کۆماری کوردستان) روویدا. بە پێی هەندێ ئاماری نادەقیق لەوێ ١٠ تا ١٥ هەزار کەس کوژران. بەڵام لە کۆماری کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دا لە سەرەتاوە تا ئاخر بە هەموویەوە لە ١٥ کەس تێنەپەڕی.

مادح ئەحمەدی: واتە پێشەوا لە کۆماردا پێشی بەو خوێن رشتنە گرتووە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەوە ئاکامی ئەو ئازایەتییەی پێشەوا بووە. بەداخەوە یان بە خۆشییەوە تەواوی شاهیدەکان لەم بارەوە لەوانەن کە دوژمنمانن، چونکە ئیزنی ئەوەیان نەداوە کە خەڵکی بێ لایەن بچێ یان لایەنگرانی کۆمار و پێشەوا بچن بۆ کۆبوونەوەکانی دادگا. هەر کەسی خۆیان لەوێ بوون، بەڵام هەر ئەوەی کە بۆخۆیان دەڵێن (هەموویان شاهیدی دەدەن) کە پێشەوا تا دواهەناسە بەرگری و داکۆکی لە ئامانجەکانی کردوە و هەموو بەرپرسیایەتییەکەی گرتۆتە ئەستۆ و بەچ جۆرێک نەپاڕاوەتەوە. تەنانەت ئەوە بە ناوبانگە (حەتمەن یا خوێندووتانەتەوە یا بیستووتانە) لە شوێنێکدا جنێوێک بە کورد (دەڵێن کوردی...) دەدەن، پێشەوا لەسەر کورسییەکەی هەڵدەستێ و کورسییەکەی تاو دەدە کە لە لایەنی بەرانبەری بدا و دەڵێ من ئەوە لێرەم چی بە من دەڵێن، بیڵێن، لێرەم بۆ کوشتن، بەڵام ئیزنی ئەوە نادەم قسە بە نەتەوەکەم بگوترێ. کە وابێ بە تەواوەتی نادرووستە بڵێین لەبەر ترس بووە.

ئەگەر لەمن بپرسن (جارێکیش بەو بۆنەوە هێرشیشم کرایە سەر) بەڵێ پێم خراپ بوو کە پێشەوا بە پیری ئەرتەشی شاوە چوو و تەسلیمیان بوو، پێشەوا ئەگەر هەر قەرار بوو شەهید بێ پێم خۆش بوو لە چیا شەهید بووایە، نەک لە مەیدانی چوارچرا. بەڵام وەکوو دەڵێن قسەی من نییە. مێژوو ئەوەیە کە بووە، نەک ئەوەی کە ئارەزوو دەکرا. کەوابێ پێم باشتر بوو کە پێشەوا قەت تەسلیم نەبوایە، بەڵام تەسلیم بوونەکەشی قەت لەبەر ترس نەبوو. لە ئازایەتییەوە هاتووە.

مادح ئەحمەدی: مامۆستا بابەتێک لەگۆڕێ دایە ئەویش ئەوەیە کە مێژوو بە چاک و خراپەوە دەبێ بنووسرێتەوە. مێژوو بە ئارەزووی کەسێک و دوو کەس نابێ بنووسرێ. لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا هەندێ بابەت هەن بۆ زۆر کەس جێی پرسیارن. پێموایە جارێک دوکتور قاسملوو پێشنیاری ئەوە دەکا کە کۆنگرەی دوو لە مێژووی حیزبدا نەنووسرێتەوە. جەنابت ئەوە دەڵێی کە مێژوو بە چاک و خراپەوە دەبێ بنووسرێت. بابەتێک کە لێرەدا جێی پرسیارە، مەسەلەی « ئەحمەد تۆفیق»ە کە بۆ ماوەیەکی زۆر سکرتێری حیزب بووە، بەڵام لە مێژووی حیزبدا، باسێکی ئەوتۆی لێ ناکرێ. لە حاڵێکدا بە پێچەوانەی رێبەرانی سەردەمی خۆی کەسایەتییەکی ناسیۆنالیست و نەتەوەیی بووە، بەڵام دەبینین نەتەنیا لە دەیەکانی رابردوودا لە ئێستاش دا هیچ ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی ئەحمەد تۆفیق نادرێتەوە. هۆی ئەوەی لە مێژووی حیزبدا باسی ئەحمەد تۆفیق ناکرێ دەگەڕێتەوە بۆ چی؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لەسەر کاک عەبدوڵڵای ئیسحاقی(ئەحمەد تۆفیق) شتی زۆر گوتراوە. شتی زۆر ناتەبا لەگەڵ یەکتر گوتراوە. لەپێشدا دەمەوێ لەسەر سکرتێرییەکەی قسە بکەم. هەموو کەس پێیان وایە ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب بووە. ئەوەندەی ئەمن بزانم ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب نەبوو.

مادح ئەحمەدی: چۆن؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: دوو کەس لە رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سکرتێر نەبوون. پێشەوا قازی محەمەد و ئەحمەد تۆفیق. پێشەوا، پێشەوا بوو. زۆر کەس پێیان وایە، بۆیە بە قازی محەممەد دەڵێن «پێشەوا» چونکە سەرکۆمار بووە، بەڵام قازی محەممەد هەر پێشەوای حیزب بوو و بە پێشەوایی بوو بە سەرکۆماری کوردستان. پێشتر پێشەوا بوو قەتی پێ نەگوترابوو «سکرتێر». عادەتە بە رێبەرانی حیزب لە جێگایکدا پێی دەڵێن»بەرپرس» لە جێ دیکە »سکرتێر» یان «لیدێر» و...دەڵێن. پێشەوا قەت پێ نەگوتراوە سکرتێر. لە مەسەلەی ئەحمەد تۆفیقیشدا هەیئەتێک هەبوو کە پێیان دەگووت «هەیئەتی سکرتاریا»، کەسی یەکەمی ئەو هەیئەتە ئەحمەد تۆفیق بوو. ئەو مۆرەی کە هەیان بوو، لەلای ئەحمەد تۆفیق بوو، کەوابێ وەکوو ڕۆڵ، ڕۆڵی سکرتێری گێڕاوە، بەڵام ئەو ناوەی(سکرتێر) پێ نەگوتراوە و دواتر بۆیان داناوە. ئەمن هاوچەرخی ئەحمەد تۆفیق بووم. ئەحمەد تۆفیق هەمە کارەی حیزب بوو، بەڵام قەتم ناوی وەکوو سکرتێری حیزب نەبیستووە. بەرپرسی هەیئەتی سکرتاریای حیزب بوو.

مادح ئەحمەدی: باشە لانی کەم خۆ کەسی یەکەمی حیزب بووە؟ بۆ باسی ناکرێ؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لەو بارەوە هیچ گومانم نییە، وایە. کە لە مێژووی حیزبدا بەو شێوەیە باسی لێ نەکراوە، هۆی تایبەتی خۆی هەیە. ئەمن بە کورتی لە کتێبی «نیو سەدە تێکۆشان»دا باسم کردوە، ئەحمەد تۆفیق کاتی خۆی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرکراوە، کەسێک کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرکراوە، لە بۆنەکان دا یادی ناکرێتەوە. نموونەی دیکەشمان لە حیزبەکانی دیکەشدا هەیە، بەڵام نامەوێ ئاماژە بە هێچ حیزبێکی دیکە بکەم. ئەوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بایەخی بە ئەحمەد تۆفیق داوە، هیچ کەس و لایەنێکی دیکە ئەوەندەی بایەخ بۆ ئەو جۆرە کەسانە دانەناوە. بەڵام ئەگەر یەکێک تەفسیر و لێکدانەوە دەکا، مێژوو دەنووسێتەوە، مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆیەتی لە »ئەحمەد تۆفیق» بکۆڵێتەوە. لە کەسایەتی و ئەو ڕۆڵەی کە گێڕاویە، لە هەڵەکانی، لە خاڵە باش و خراپەکانی بکۆڵێتەوە . هەر وەک بۆ پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور سەعید و کەسانی دیکە کە شەهید بوون یان کەسانی دیکە کە ماون، ئەگەر لە کەسایەتییان دەکۆڵینەوە و هەڵیاندەسەنگێنین، هەق وایە باسی هەموو شتێک بکرێ. بەڵام ئیدی ناکرێ بڵێین کاتێ کە باسی رێبەرانی شەهیدمان دەکەین ئێمە بڵێین: قازی محەممەد، ئەحمەد تۆفیق، قاسملوو، شەرەفکەندی. چونکە ئەحمەد تۆفیق کاتێ شەهید بووە (ئەمن لە قووڵایی ویژدانمەوە بە شەهیدی ناو دەبەم) نەتەنیا سکرتێر، رێبەر، کەسی یەکەم، تەنانەت ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبووە. ئێستە ئەوە باسێکی دیکەیە، با بێن و لێی بکۆڵنەوە. باسی ئەو تۆمەتە بێ بنەمایانەش ناکەم کە لەم پێواندییەدا دەخرێتە پاڵ دوکتوور قاسملوو. زۆر جار زێدەڕەوی لە وەسفی دوکتور قاسملوودا دەکرێ، من لەگەڵ ئەوانە نیم،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام بەو حاڵەش هێندێ لایەن لە کەسایەتی دوکتوور قاسملوو هێشتا نەناسراوە. دوکتور قاسملوو بەخۆی بایە تەنانەت دژی کوشتنی پاسدارێک بوو، جا چ بگا بەوەی لەگەڵ کوژرانی یەکێک لە ڕێبەرانی حیزب بێ.

## «عەبدوڵڵا حەسەن زادە« لە دیدارێکی تایبەت لە گەڵ «کورد کاناڵ»دا:

### بەشی دووهەم

### مافی ئەوەم نییە ئەو نهێنیانەی کە لامە، بە بێ ئیزنی حیزبی خۆم ئاشکرای بکەم

دیمانە: مادح ئەحمەدی

مادح ئەحمەدی: مامۆستا بابینە سەر قۆناغێکی دیکە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا حیزبی دیموکراتی کوردستان دێتەوە و لە لای ڕەشەمەدا تێکۆشانی لە میتینگێکدا لە مەهاباد و لە لایەن دوکتورقاسملووەوە رادەگەیەنێ دیسان بە پێی ئەو نەریتەی کە کۆمار لە مەهاباد دامەزرا، حیزبی دیموکرات لەوێ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی رادەگەیەنێ، پرسیار ئەوەیە بۆ حیزبی دیموکرات ئەو کات نەهاتە سنەو لەوێ تێکۆشانی ئاشکرای خۆی رابگەیەنێ و بارەگای سەرەکی خۆی لەوێ دابنێ و بتوانی لە بازنەیەکی بەرینتردا کاریگەری دابنێ و ئەگەر توانیبایە ئەوکات بارگای سەرەکی خۆی هێنابایێتە سنە بە نیسبەت وتووێژەکان و زۆر بابەتی دیکەوە، هاوکێشەکان دەگۆڕدرا؟




عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لە ساڵی ١٣٥٨ گۆڤارێک کە لە لایەن کومیتەی شارستانی مەهاباد گۆڤارێکی دەردەکرد داوایان لێکردم کە وتارێکیان بۆ بنووسم ئەمن وتارێکم نووسی بە ناوی «دوو قسەی حیسابی» دوو قسە حیسابییە کە باسی ئەوە دەکا کە دەڵێ خەڵکی هەموو شارو ناوچەکان دێنە ئێرە دەڵێن ئەرێ بۆ پێمان ڕاناگەن؟ بۆ کوردستان هەر مەهابادە کە ئێوە زیاتر سەرنج دەدەنە ئەوێ؟ وتارەکە درێژە، بەڵام کورت کراوەکەی ئەوەیە ڕاستییەکەی ئەوەیە با لە خۆمان بپرسین ئێمە لە مەهاباد ئەوەین کە دەبێ ببین؟ ئێمە لە مەهابادیش وا نین، هەموو گیانمان کەموکوڕییە بابەتەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە ئەو بوارەی کە ئەوکات لە مەهاباد هەبوو، بۆ کارێکی ئاوا ئەو بوارەمان لە سنە نەبووە لە سنەش گرنگتر لە کرماشانیش نەمانبوو بۆ سنە؟ بۆ کرماشان نە؟ چونکە گەورەترین شاری کوردستانی ئێران سنە نییە، کرماشانە بەتایبەتی گرنگاییەتی تایبەتی هەیە، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی جوگرافیشەوە بەراوەردی بکەین «هەر چەند ئەمن جوگرافیزان نیم» کرماشان تارادەیەک ناوەندترە، کوردستانی ئێران درێژو بارێکە و کرماشان لە هەموو ڕووێکەوە لەبارترە بەڵام ئاخر دەبێ بوارت هەبێ بۆ ئەوکارە هەر ئەبوارەی کە بزوتنەوەی کوردی تێدا وەجووڵە کەوت لە سەرەتا «لە کاتی دەسپێکەوە» کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا، هەر ئەو بوارە لە ویش هەیە بۆ وێنە ئەمن زورجار نموونە ئەوە دێنمەوە، کەسێک خاوەن گوندێکە، ئەو گوندە زەمینی جۆراوجۆری هەیە، ماوەیەک بە هەر هۆیەک ئەو گوندە بەجێ دێڵێ، (دەوڵەت دەری دەکا یا هەر هۆیەکی دیکە) دەیهەوێ ئەو گوندە ئاوەدان بکاتەوە، لە کوێوە ئاوەدانی دەکاتەوە؟ لەو جێگاوە دەست پێدەکا ئاوەدانی بکاتەوە کە ئاسانترە، زەمینەکانی بەرێژاوترن، بوارە کە لەوێ (لە مەهاباد) پتر لەبارتر بوو بریا ئەو وەختی وابایە.

مادح ئەحمەدی: کەواتە جەنابت پێتوایە هەڵەکە لە حیزبەوە نەبوو؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: نەدەکرا. هەلومەرجەکە شتێکی دیکەی جیا لەوەی هەڵنەدەگرت. دەنا ئەو کات کە ئێمە لە ساڵی ١٣٥٧ دا بە نهێنی گەڕاینەوە وڵات (ئەوە بۆ دامەزرانی دامودەزگا نییە بۆ کاری حیزبییە) شەش (6) کەس چووینەوە. ڕأسی حیزبمان بۆ تاران دانا، چون تاران گرنگە. دوکتور قاسملوو چووە تاران، برادرێکمان چووە کرماشان، یەکێکمان چوو سنە، یەکێکمان چووە ورمێ، یەک لە مەهاباد بوو و یەکێکیشمان لە ناوچەی شنۆ و نەغەدە بوو. واتە ئەو شەش کەسمان ئەوا دابەش کرد. لە دەرەوە کە بڕیارمان دا وتمان دەبێ یەکێک لە کرماشان بێ، یەکێک لە سنە بێ. ئەوە نەبوو کە ئەو شوێنانە لە بەرچاو نەگیردرێن، بەڵام چونکە بوارەکە لەبار نەبوو لە کرماشان یا لە سنە تا ئەوکات نەیتوانی شتێکی وا بکا. بۆ وێنە ئەگەر سەرنجتان دابێتێ، چەند مانگ دوای گەڕانەوەی ئێمە، چەند مانگ دوای ڕووخانی ڕێژیمی شاو چەند مانگ دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، گەورە پیاوی وەک دوکتور قاسملوو لە سنە بوو، دەیانگوت نابێ قسە بکا، مافی ئەوەی نییە قسە بکا. باشە بۆ ئەوەی تۆ دامودەزگای حیزبی لەوێ دابنێ، ببێتە ناوەندی حیزبی، شوێنێکی ئاوا ناتوانێ بە کەڵک بێ. پێویست بە جێگایەک کە لە بار بێ. پاشان لە مەهاباد بوارێکی وا هەبوو کە ئێمە بە تەواوەتی ناوچەکەمان خاوێن کردبووەوە (ڕەنگە پرسیاریشی لەسەر بێ)، تەنانەت پادگانیشی لێ نەما.

مادح ئەحمەدی: مامۆستا دێینە سەر ئەوە. بەڵام یەک پرسیار بە نیسبەت سنەوە. یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە زۆر کەس باسی لێدەکەن، جیاوازە لەوەی کە جەنابت دەڵێی «بوارەکە لەوێ لەبار نەبوو». ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن حیزب حیسابی لەسەر هەندێ مۆرە یان کەس کردبوو لە سنە کە زۆر لاواز بوون؟ ئەوەتان قبووڵە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەوە ناگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە ئێمە گەڕاینەوە و ناوەندمان دامەزراند لە مەهاباد. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دواتر. بەڵێ ڕەنگە ئەمنیش قبووڵم بێ ئێمە باشمان عەمەل نەکرد. لەسەر یەک سەرەڕای ئەوەی شانازی دەکەم بە کارو تێکۆشانی ئەوانەی کە لەوێ حیسابمان لەسەر کردبوون کە هەندێکیشیان نەماون شەهید بوون، بەڵام ئێمە لەوێ باش نەجووڵابووینەوە. هەر چەندە بەو حاڵەش دواتر دەرکەوت کە حیزبی دیموکرات لە سنە غەریب نییە. لە هەڵبژاردنێکدا کە تێکیان دا، بەڵام ئەگەر تێک نەچووبایە، کاندیداکانی ئێمە دەچوونە قۆناغی دووهەم. واتە لە سنە حیزب ئەوەندە بێ پێگە نەبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**مادح ئەحمەدی:** مامۆستا ئاماژەتان بە گرتنی پادگانی مەهاباد کرد کە ئەوکات ناوچەی سەرەکی ژێردەسەڵاتی حیزب بوو و حیزب دەسەڵاتی تەواوی لەو ناوچەیە هەبوو. زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕن کە حیزب بە شێوەیەکی چەکدارانە دێتەوە و پادگانی مەهابادیش دەگرێ، بە گرتنی پادگانی مەهاباد زەربەیەکی گەورە دەدا لە وتووێژ و دانووستانەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و ئەوە دەبێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی دانوستانەکان بەو شێوەی کە پێویستە نەچێتە پێشەوە. رای جەنابتان لەم پێوەندییەدا چییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دانوستانەکان هێشتا دەستی پێنەکردبوو، پێش گرتنی پادگانی مەهاباد، دوکتور قاسملوو یادداشتێکی بۆ خومەینی نووسی کە لەوێدا دەنووسێ «حەزرەتی ئیمام» ئەتۆ تا ئێستا سەلماندووتە لەگەڵ سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری خەبات دەکەی و ئازایانە لەگەڵ کێشەکان بەرەوڕوو دەبیتەوە. وەرە لەبەر حەقیقەت و مێژوو ئەتۆ کە پێت دەڵێن بۆت شکێن ئەو بۆتەش کە پێدەڵێن جیاوازی (تجزیەطلبی) بشکێنە و کێشەی کورد چارەسەر بکە. شتێکی ئاوا بوو، ئێستا وشە بە وشە لە بیرم نییە. دڵنیابە کە قەت مێژوو ئەو خزمەتەگەورەیە لە بیر ناباتەوە. ئەو کات ئەوەمان کرد.

پادگانی مەهاباد لە لایەکەوە شمشێرکی دێمۆکلێس بوو لەسەر ئەو خەڵکە، دەبوو ئەو خەڵکە (بەتایبەت کە بزووتنەوەیەک هەبوو) فەزایەکی هەبوایە کە تێدا هەناسە بکێشێ و مەترسی هێرش کردنە سەری لەسەر نەبایە. دەبوو ئەوە بکرێ. بە نەخشەیەکی زۆر وەستایانە کرا.

**مادح ئەحمەدی:** واتە پێت وایە کارێکی باش بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دیارە پێم کارێکی باش بوو.

**مادح ئەحمەدی:** لە رووی یاساییەوە ئایا کارێکی دروست بوو؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لە رووی یاساییەوە سەیرەکەی ئەوەیە هەر ئەو رۆژەی پادگانی مەهاباد گیرا (دەورووبەری کاتژمێر ١٢ گیرا) ساعەت ٢ لە هەواڵەکاندا رادیۆ تاران خوێندیەوە کە «ئەمرۆ پادگانی مەهاباد لە لایەن ئەفسەرانی شۆڕشگێری ئەو شارەوە گیرا». بەراستیش هەروا بوو، راستە بە هاوکاری و هەماهەنگی حیزبی دێموکرات بوو، بەڵام ئەفسەرەکانی نێو پادگان کاریگەری زۆریان هەبوو.

**مادح ئەحمەدی:** واتە بەشی سەرەکی سیناریۆکە ئەوان جێبەجێیان کرد؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بەڵێ. تەنانەت ئەمن بۆخۆم تەداروکاتی بەشێک لە بەرەکەم دەکرد، خۆ ئێمە چەکمان نەبوو، خەڵکمان لەم لاولەولاوە هێنابوو. ئەمن 53 کەسم لە ناوچەکەی خۆمانەوە هێنابوو. پێشتر بانگهێشتم کردبوون بۆ یارمەتی خەڵکی ئەوێ. هەندێ خەڵکمان رێکخستبوو، پێمانوتبوون کە هەر هێرش کرا لەبەرەی خۆیانەوە تەقە بکەن. لە پڕ هەواڵیان پێداین ووتیان هەستن سەنگەرەکانتان چۆڵبکەن، پادگان تەسلیم بوو. کەوابێ بە باوەڕی کارێکی باش کراوە.

دەمەویست ئەوە زیاد بکەم، ئەوەی لە کوردیان کردە گوناحی کەبیرە (گەورە) سەیرەکەی ئەوەبوو یەک پادگان لە دەوری تاران نەما. ئەمن جارێکی لە وتووێژێکی چاپەمەنیدا یان لەگەڵ رۆژنامەی «کەیهان» بوو یان لەگەڵ رۆژنامەی «ئیتلاعات» بوو گووتم بە پێی ئامارێک کە راگەیەنراوە یەک ملیۆن قەبزە چەک لە پادگانەکانی دەورووبەری تاران هاتۆتە دەرێ. هیچی باسی ناکرێ، بەڵام دەوری ٥ یا ٦ هەزار تفەنگ لە پادگانی مهاباد هاتۆتە دەرێ بە قەولی مەشهور بۆتە «پیراهن عوسمان».

**مادح ئەحمەدی:** ماموستا پاش ئەوەی وتووێژەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بە بنبەست دەگەن وئیدی حیزب و لایەنە سیاسییە کوردییەکان ناچار دەبن لەژێر گوشاری هێرشی هێزەکانی دەوڵەتدا شار و گوندەکانی کوردستان چۆڵ بکەن و روو بکەنە چیاکان. ئێمە دەبینین حیزبی دێموکرات بۆ بەرەنگاری و خەباتی چەکدارانە هاڵدەبژێرێ. ئایا هیچ رێگایەکی دیکە نەبوو ئەوکات حیزبی دێموکرات بیگرێتە بەر؟

**عەبدوڵڵە حەسەن زادە:** با رێگای دیکە هەبوو. خۆ تەسلیم و خۆ بەدەستەوەدان. بۆئەوەی چارەنووسی ئێمەش ببێتە چارەنووسی ئەوانەی کە پێیانوابوو دەکرێ بە تەسلیم بوون و پاڕانەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەموو شتێک بکرێ. خۆ ئێمە بۆ بەرگری لەخۆمان چەکمان تاو دا، حیزبی «تودە« خۆ ئەوەی نەکرد. حیزبی تودە هەموو شتێکی کرد. بەڵام سەرانی ئەوان پتر کوژرا یا هی ئێمە. سەرانی ئێمە یان گیانیان بە سەلامەتی دەربرد و درێژەی خەباتەکەیان دا، یا بە سەربەرزی وەکو کورد دەڵێ بە پێوە مردن. لە حاڵێکدا هی ئەوانیان وەکوو بەرخی قەسابی بردە پای دار و لە سێدارەیاندان یا هێنایانە سەر تەلەفزیۆن و هەموو شتێکیان لێ بڵاو کردنەوە. هیچ رێگای دیکە نەمابوو. هەرچی هەوڵ بوو دامان، بو ئەوەی شەڕ نەبێ. بۆیە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ هەندێ رۆشنبیرمان لێ پەیدا بوون کە «درەنگ هاتوون و دەیانهەوێ زوو پێ بگەن» سەرزەنشتی هەموو شتێک دەکەن. دەنا نەتەوەی کورد ئەوەندە سەرزەنشتی هێزە سیاسییەکان، بە تایبەتی حیزبی دێموکراتیان نەکرد کە بۆ هێشتیان ئەو مەرگ و ماڵوێرانییە تووشی میللەتی کورد بێ، چونکە هەرچی لە توانامان دابوو کردمان بۆ ئەوەی میللەتی کورد تووشی شەڕ نەبێ. سەر شەقامەکانمان لەبیرن، گەورەترین درووشم ئەوە بوو «مرگ بر سازشکار» بوو کە مەبەستیان حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. یا ماوەیەک هەر دوو حزبی دێموکراتی کوردستانی عێراق و ئێرانیان تێک دەدا و دەیانگووت «دێموکرات و قیادە، رەنجی کوردیان بە بادا». چونکە ئێمە لە مەسەلەی مادەی ٨ دا ( ناچمە ناو وردەکارییەکانی کە چۆن بوو؟چۆن نەبوو؟) دواتر دوکتور قاسملوو لە میتینگێکدا وتی بەدەر لەوەی ئێمە ڕامان بەرانبەر بە قیادە موقت چییە. (ئەو کات بە پارتی دێموکراتی کوردستانیان دەکووت «قیادە موقت». رێبەرایەتییەکی کاتیان پێک هێنابوو ) مادەی ٨ شتێکی لاوەکییە و ٧ مادەکەی دیکە باسی کێشەکانی کوردی ئێران دەکا. بەڵام ئەو باسی کوردی عێراق دەکا کارێکی بێ جێیە. لە سەر ئەوە لەعنەتی تەواو دونیامان بۆ هات.

کەوابێ ئێمە هیچ نەما نەیکەین بۆ ئەوەی تووشی شەڕ نەبین و میللەتی کورد تووشی مەرگ و ماڵوێرانی نەبێ.

**مادح ئەحمەدی:** مامۆستا پاش ئەم قۆناغە حیزبی دێموکرات دێ لە چیاکانی قەندیل جێگیر دەبێ، بەڵام پاش چەند سال لە ساڵی ١٩٩٢ دا ناچار دەبێ لە قەندیل بێتە خوارەوە و لە دەشتی کۆیە زەمین گیر بێ، زۆر کەس ئەمە بە مێژوویترین هەڵەی حیزبی دێموکرات دادەنێن. وڵامی جەنابتان چییە؟

**عەبدوڵڵا حەسانزادە:** خۆزگە ئەو کەسانە لەوێ بایەن، نەک ژن و منداڵەکانیان لەبەر رەحمەتی بۆمباران و کاتوێشا و تۆپخانەدا بایە، هەر بۆخۆیان لەوێ بانایە و وەکوو زۆر لە ئێمە بە سێ مانگ یەک کاتژمێر لەسەر یەک خەویان لێ نەکەوتبایە،. دەبوو خەوت زۆر خۆش بێ کە یەک سەعات لەسەر یەک بنووی، چونکە ساعەتی بێ گرمەی تێدا نەبوو. کوا ئێمە بە پێخۆشبوونی خۆمان هاتینە خوارێ. بارودۆخێک کە ئێستا هەیە، بێ گومان بۆ ئێمە دڵخواز نیە، بەڵام ئەوە ئاکامی ئەوە نیە کە ئێمە هاتووینە کۆیە، بە پێچەوانە هاتنە کۆیە ئاکامی بارودۆخێک بوو کە ئێمە لەوێ تێکەوتبووین. باشە دەکرێ بۆ ماوەیەکی نازانم چەند ساڵی، ژن و ماڵ و هەموو ئیمکاناتت لەبەر ڕەحمەتی تۆپ و کاتوێشا دابێ وبۆمباران بکرێ.

**مادح ئەحمەدی:** باشە مامۆستا زۆر کەس ئەو پرسیارە دەکان دەڵێن بۆ لە سەردەمی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دا ئەو گوشارە نەبوو؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عبدڵلە حەسەنزادە: با نەڵێین ئەو گوشارە نەبوو، چونکە ئەگەر نەڵێین ئەو گوشارە لە سەردەمی ئەواندا نەبووە، دەبێ بڵێین ئەوان سازشێکیان هەبووەلەگەڵ کۆماری ئیسلامی. وانیە لە سەردەمی دوکتوور قاسملوو دا بووین، لە شەوی ٢٥ی گەلاوێژدا لە «گەورەدێ» بووین (ئەویش هەر خاکی کوردستانی عێراقە) کە بۆ ماوەی ٤ سەعات و ١٠ دەقیقە لەسەر یەک لێیان داین، بۆ مێژوو با ئەوەی بڵێم، هەر کە گەورە دێمان بەجێ هێشت، ئەمن باوەڕم وابوو کە دەبێ بێینە جێگایەکی وەک کۆیە.

مادح ئەحمەدی: بۆ راست کۆیە؟

عبدڵلە حەسەنزادە: نەمگووت کۆیە. جێیەکی وەک کۆیە. واتە گوتم بچینە جێگایەک کە تۆپخانە نەمانگاتێ. مووشەکی دوورهاوێژ دەگاتە هەموو جێگایەک، هەلیکۆپتەر دەتوانێ، بەڵام با لە بوردی تۆپخانە دەربچین، لەبەر ئەوەی وتمان با پشتمان بە سنوورەوە بێ، چووینە ئەوێ دوو ساڵ کوێرەوەری و خانوو ساز کردن و پارە لە عەرز کردن لە ئاخردا ناچار بووین بە جێی بێڵین. گوزەرانمان بۆ نەدەکرا.

مادح ئەحمەدی: مامۆستا شتێکی دیکە لەم پێوەندییەدا کە زۆر جار باس دەکرێ و لە هەندێ شوێن بینیومانە و ناوی جەنابیشت دێنن. دەڵێن لە ئاکامی مامەڵەیەکدا حیزبی دێموکرات لە قەندیل هاتە خوارەوە؟

عبدڵلە حەسەنزادە: ئەو قسانە لەمێژە هەزم بووە. بۆ وڵام دانەوە نابن.

مادح ئەحمەدی: ئەی مامۆستا ئەوەی کە راست دەشتی کۆیە دیاری دەکرێ. ئایا حیزبی دێموکرات ئەوەی بە دڵخوازی خۆی هەڵبژاردووە؟

عبدڵلە حەسەنزادە: ئێمە لە جێی جۆراوجۆر گەڕاین کە جێگایەکمان دەست بکەوێ.

مادح ئەحمەدی: باشتر لە دەشتی کۆیە نەبوو؟

عبدڵلە حەسەنزادە: خۆشتر لە دەشتی کۆیە زۆر بوون. بەڵام دەشتی کۆیە لە زۆر رووەوە باشتر بوو. یەکەم جێگایەکی زۆری هەبوو. ئەگەر سەرنجت دابێ ئێستا ئەو جێگایەی دام و دەزگاکانی حیزبی تێدایەو ئێمەی لێین، جێگایەکی یەکجار زۆرە. لەهیچ شوێنێک ئەوەندە جێگا دەست نەدەکەوت. جگە لەوە بەشێکی زۆریش خانوبەرە هەبوون کە سازمان کرد. لە هەموو گرینگتر لەمەیاندا من مەسئولییەتی وە ئەستۆ دەگرم. ئەمن بۆخۆم تەجرەبەم لە سەر خەڵکی کۆیە هەبوو، خەڵکی کۆیە خەڵکێکی زۆر شەریفن، زۆر نیشتمان پەروەرن، لەگەڵ غەریبەی زۆر بە تەفاهومن، لێی ژیابووم ئەمن بۆخۆم پێشنیارم کرد کە ئەگەر لە دەوروبەری کۆیە و خودی شاری کۆیە جێگایەکمان دەست بکەوێ باشە، هاتین پێیان پێشنیار کردین، کە پێیان پێشنیار کردین، ئەمن وتم کۆیە جێگایەکی باشە با بچینە ئەوێ.

## عەبدوڵلا حەسەن زادە لە دیدارێکی تایبەت لە گەڵ «کورد کاناڵ»دا:

(بەشی سێیەم و کۆتایی)

### ئەگەر بزانم خەباتی ٦٥ ساڵەی حیزبی دێموکرات بێ ئاکامە، سبەینێ بەجێی دێڵم

دیمانە: مادح ئەحمەدی

مادح ئەحمەدی: مامۆستا لە ساڵی ١٣٧٥دا کە حیزب یەک دەگرێتەوە، بنکەیەکی دیکە هەیە "قەڵا سەیدەیە یا دۆڵە رەقە"، بۆ ئەوکات ئەوێتان تەحویل دایەوە؟

عەبدوڵلا حەسەن زادە: ئەو دوو شوێنە بۆیە بوو چونکە دوو لایەن بووین. پاشان ئەوێش زۆرجار دەکەوتە بە هێرشی تۆپخانە. خۆ دەزانین ئێرەش (کۆیە) کەوتۆتە بەر هێرش، بەڵام لە جۆرێکی دیکە یان تەیارە یان لەشکەرکەشیی بۆ کراوە یان مووشەکی دوورهاوێژی بۆ هاتوە، بەڵام ئەوێ هەر دەکەوتە بەر هێرشی تۆپخانە. دواتریش هۆیەک نەبوو کە ئێمە لەوێ بنکەیەکمان هەبێ. لەوەختی دوو حیزبی دا ئەوان لەوێ بوون، کاتێ یەکمان گرتەوە مەرکەزییەتی حیزب لێرە بوو و ئەوانیشمان هێنایە ئێرە. خەڵکەکە بەشێکیان لە دەوروبەری رێبەری بوون(لێرە مانەوە) و بەشێکیان چوونە ئەو ئۆرگانانەی کە لە جێی دیکە بوومان.




ئەگەر لەبیرمان بێ مەسەلەکە زۆر درێژخایەنترە لەوە. ئەگەر لە قووڵاییشدا بووین ناچار بووین کۆی بکەینەوە. چونکە هەلومەرجێک خوڵقا کە ئیدی ئەمنیەت نەبوو. لەو رێگاوبانە دا بە دەیان کەسمان شەهید و بریندار بوون. دەڵێن لە پاش شەڕ هەموو کەس ژەنراڵە، ئەوانەی لەخۆڕا تەحلیل دەکەن و تێیدا نین، بە کەیفی خۆیان تەحلیل دەکەن، مافی خۆیانە با تەحلیلی بکەن، بەڵام کە لە نێو واقعیەتەکەدا دەژی دەبینی شتێکی دیکەیە. بۆ وێنە ئەمن زۆرجار ئیعتراز بەوەی دەکەم کە یەکێک دەڵێ "رووناکبیرەکان و سیاسییەکان"، دەڵێم سیاسییەکان تاریک بیرن؟ ئەوانە چونکە سیاسیین، رووناکبیرن. جا هێندێک لە رووناکبیرانی غەیرە حیزبی ئەو رەخنانە دەگرن، بەڵام لە نێو حیزبیش دا یەک کەسیش نەی گوتوە بۆ بچینە ئەوێ؟ یەک کەس نەی گوتوە بۆ لە قەندیل بێینە خوارێ؟ چونکە لە قەندیل ژیان نەدەکرا، بە تایبەتی ئێمە لە قەندیل ٣٠٠ بنەماڵەمان هەبوو. ژن و منداڵ خۆ ناکرێ هەموو رۆژێک لەبەر رەحمەتی تۆپ و کاتیۆشا دابێ.

مادح ئەحمەدی: مامۆستا جیا لەمانە، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا کە حیزبی دێموکرات لە دەشتی کۆیە جێگیرە، بەهەرحال دەرەتانی خەباتی چەکداری بەو شێوەی پێشوو کە حیزب دەیکرد نەما. هەلومەرجەکە وابوو کە زۆرجار جەنابت یان کەسانێکی دیکە لە حیزبدا باسیان کردوە، بەڵام بۆ لەم ساڵانەی دواییدا (بەتایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی خاتەمیدا) حیزبی دێموکرات هەوڵی نەداوە گرووپ و رێکخراوی نیمچە لیگاڵ پێک بێنێ؟ بۆ وێنە لە ساڵی ١٣٧٩دا یا ١٣٨٠دا کۆمەڵێک ویستیان حیزبێک دروست بکەن لە نێوخۆ و پێوەندییان بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵێک کەسەوە هەبوو لە دەرێ، تا هەواڵی ئەمە بە حیزب گەیشت، حیزب ڕاگەیەندراوی دا و بەپێی ئەو پێگەیەی کە هەیەتی پێشی بە دروست بوونی ئەو حیزبە گرت و هەڵوەشایەوە. بۆ حیزبی دێموکرات نەی توانیوە لەو دەرفەتانە کەڵک وەرگرێ، گرووپ و ڕێکخراوی جۆراوجۆر دروست بکا؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** جارێ با باسی ئەوە نەکەین کە حیزب ڕۆڵی هەیە یان نییە؟ ئاگای لێیە یان ئاگای لێ نییە؟ ئەوەیان با لەوێ ڕاوەستێ، بەڵام خەڵکی کوردستان و ڕووناکبیرانی کورد بە دەیان ڕێکخراوی غەیرە حیزبی¬مان دروست کردوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان (ڕەنگە تەواو نەبێ، هیچ شتێک لە دونیا تەواو نییە) جێگای حیزبی سیاسییان پڕ کردۆتەوە. خەڵک کردوویەتی. ئێمە چیین؟ ئێمەش ئامرازێکین بۆ ئامانجەکانی ئەو خەڵکە وەکوو ئەو گرووپانەی دیکە.

**مادح ئەحمەدی:** مامۆستا لەم نێوانەدا یەک شت هەیە، حیزبی دێموکرات بەپێی ڕابردوو، بەپێی ئەزموون، بەپێی ئەو کەسایەتییانەی کە هەیەتی، دەی توانی دەقیقتر عەمەل بکا یان ئەوەی هاندەری کۆمەڵێک کەس بێ کە شتێک دروست بکەن.

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** دەتەوێ بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوانی دروست کردوە؟

**مادح ئەحمەدی:** نا مەبەستم ئەوە نییە.

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** حیزبی دێموکرات دروستکەر نییە و دروستیش ناکا، بەڵام خەڵک هەیە بۆخۆی دروستی کردوە، هەمووشمان دەزانین.

**مادح ئەحمەدی:** بەڵام حیزبی دێموکرات دەتوانێ کاریگەریی هەبێ.

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** لەو شتانەدا ئەمن نامەوێ ئادرەس بدەم و ئیددیعا بکەم. ئەمن شتی وا ناکەم، بەڵام لەسەر ئەو قسەیە ئەمن پێم خۆش بوو ئەو بەیانییەی کە باسی دەکەی (ئەوە نابێ ڕاگەیەندراو بێ، ئەوە دەبێ بەیانییە بێ. چونکە ئەو دووانە جیاوازییان هەیە) لێرە لەبەر دەستمان بایە و بمان زانیبایە کە داخوا ئێمە چیمان گوتوە. چەند کەس لەنێو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا (لە نێوخۆی وڵات)، پێشنیاریان کرد کە حیزبێکی ئاشکرا دروست دەکەین، وەک ئەوەی کە لە کوردستانی تورکیا هەبوو. وەک "دە تە پە" (DTP). ئێمە باوەڕمان وابوو کە فەزای سیاسیی ئێران لەگەڵ فەزای سیاسیی تورکیا جیاوازیی هەیە. ئەتۆ حیزبێکی سیاسیی جیددی دامەزرێنی، هیچ ئیزنی چالاکیی پێ نادەن، پاشان ئەندامان و مۆرەکانی خۆت دەخەیتە مەترسییەوە. ئەتۆ ئەو حیزبە دروست دەکەی، کەسە باشەکانی خۆت کە هەتە (چ ئەندامی حیزبە چ دۆستی حیزبە) دەیخەیە نێو ئەوێ یان نا؟ ئەگەر دەیخەیە نێو ئەو حیزبە، ئەوە ئەوانت خستۆتە مەترسییەوە. خەڵکی خراپ دەیەوێ بێ، گومان دەکەی یان نا؟ ئەگەر گومان بکەی ئەوە حیزبەکەت ئاشکرا کردوە کە ئەوە حیزبێکی جیددیە و دژی کۆماری ئیسلامییە. بەقەولی کوردەواری دەیکەیە "گۆڵی کا بەکرێ" هەموو جۆرە تەیر و تووری دونیای تێدا کۆ دەکەیتەوە، ئەوە حیزب نییە. پێمان وابوو فەزای سیاسیی ئەوێ ئەوە هەڵناگرێ کە حیزبی سیاسیی جیددیی تێدا دابمەزرێ، کەوایە باشترە خەڵکەکەی ژووری بەو شتانەی کە هەیە خۆی سەرقاڵ بکا. یەکیەتیی نووسەرانە، یەکیەتیی هونەرمەندانە، ئەنجومەنی قەڵەمە، ئەنجومەنی ئەدەبییە و... ئەوانە بکەن کە شتی سیاسی نین.

"NGO" کان دامەزرێنن و پەرەیان پێ بدەن باشترە. ڕای ئێمە ئەوە بووە. تەنانەت لە جێگایەکی دیکەدا گوتمان ئێمە پێمان وایە فەزای سیاسیی ئێستا ئەوە هەڵناگرێ، پاشان ئێمە خۆ خاوەنی کوردستانی ئێران نیین. ئێمە لەوێ دەسەڵاتدار نیین. ئەگەر لە کوردستانی ئێران دەسەڵاتدار بوایەین، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشی بە دروست بوونی حیزبی دیکە نەدەگرت. خەڵک ئازادە بۆخۆی حیزب دادەمەزرێنی یان نا، تەنانەت ئیزنی دامەزراندنی حیزبیش خۆ خەڵک لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیجازە وەرناگرێ، دەبێ ئیزن نامەی دامەزرانی حیزبی سیاسی لە دەوڵەت وەربگیرێ. لە هیچ شوێنێکی دونیا ئیزنی دامەزرانی حیزبی سیاسی لە حیزب وەرناگیرێ، لە وەزارەتی نێوخۆ وەردەگیرێ. ئێمە گوتمان هەلومەرجەکە لەبار نییە و حیزبی سیاسیی ئاوا لە کوردستانی ئێران ناتوانێ چالاک بێ و بەرهەمدار بێ، بەوحاڵەش ئەگەر هەلومەرج هەبێ ئێمە پێمان خۆشە هەزار گوڵ بپشکوێ. ئەوە نازانم لەکوێیە، بەڵام کاتی خۆی چاپ بووە. کەی ئێمە نەمانهێشتوە؟ باشە ئێمە بۆ نەمانهێشتوە؟ دامان نا کە حیزبی دێموکرات بەیاننامەیەکی دەرکرد کە نابێ ئەو حیزبە دابمەزرێ، خەڵک بۆ بەقسەی حیزبی دێموکرات دەکا؟ دەسەڵاتدارە لەوێ؟

ئەوەم ئێستا وەبیر هاتەوە، ئێمە ئاگامان لە هەندێ جووجۆڵ هەبوو، هێندێک جووجۆڵی گوماناوی هەبوون، لە جێگایەکدا ئاماژەمان بەوە کردوە، لە دەرێ کۆمەڵێک کەس خەریک بوون حیزبێک بەناو ئەوە(...) و بە غەرەزی دیکە بۆ کوردی ئێران دروست بکەن، ئێمە لە جێگایەکدا بەرەورووی ئەوە بووینەوە و خەڵکمان لەوە ئاگادار کردەوە.

**مادح ئەحمەدی:** دەتوانی ناوی ئەو کەسانەمان پێ بڵێی؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** بۆ ناویان بەرم. هیچ زەروورەتێکی نییە. ڕەنگە خەڵکێک بۆخۆیان بزانن. ڕەنگە ئەتۆش لەو کەسانە بی کە بزانی.

**مادح ئەحمەدی:** مامۆستا ئەگەر پرسیاری دیکە نەیەتە گۆڕێ، وەک دوا پرسیار. ئەمساڵ 65ساڵ بەسەر تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تێپەڕێ. بەو پێیەی کە حیزبی دێموکرات وەک دەسەڵاتی سیاسی خاوەنی بستێک خاک نییە و لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان نیشتەجێیە. زۆر کەس دەڵێن حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەن 65ساڵ خەباتی بێ ئاکامە (ئەمە ڕای من نییە) وڵامی جەنابتان چییە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** بستە خاک و ئەوانە هی من نییە، بەڵام با حەقی تألیفی ئەو دەستەواژەیەم لێ نەستێندرێ. مەسەلەی بستێ خاکمان نییە، ڕەنگە بە دەیان جار (ئەوەڵ جار و ئاخر جار) ئەمن بەکارم هێنابێ. بۆخۆم باوەڕم بەوە هەیە.

ئەوە زۆر هەڵەیە کە بڵێین حیزبی دێموکرات خاوەن ٦٥ ساڵ خەباتی بێ ئاکامە. ئەوانەی کە وادەڵێن ڕەنگە بۆ ڕەخنە گرتن یان دژایەتی کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە بڵێن. بەبێ ئەوەی بۆخۆیان بزانن، تەواوی بزووتنەوەی کورد لە سەرەتای مێژووەوە تا ئێستا بە بێ ئاکام دادەنێن. چون خەباتی حیزبی دێموکرات بێ ئاکامە؟ هەر ئێستا زۆرکەس پێی وایە (کە دیارە هەڵەیەکی گەورەیە) حیزبی دێموکرات لە کۆیەیە. ئەگەر حیزبی دێموکرات لە کۆیە بێ، ئەمن یەک ڕۆژی تێدا ئەندام نابم. حیزبی دێموکرات لە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەڵام خەڵک بۆ ئەوە دەبینێ؟ ئەی ئەو خەڵک و لایەنگرەی کە لە نێوخۆی وڵاتدا هەیەتی، ئەو وشیارییە سیاسییە کە دروست بووە، ئەو هێڵە فیکرییە سیاسییە (کە هێڵی فکری حیزبی دێموکرات لە هی هەمووان زیاتر لە خەڵک نزیکترە)، ئەوە چیە؟ ئەو بە ڕێکەوتە؟ ئەگەر ئەو خەباتە نەبایە، ئەگەر ئەو خەباتە چەکدارانەیە نەبایە ئێستا کەسێک دەما؟ ڕەنگە هەزارو یەک تێبینیمان لەسەر خەباتی "PKK" ( بە ئاشکرا ناوی دێنم) هەبێ، بەڵام ئەگەر بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی تورکیا ئێستا زیندوویە، ئاکامی ئەو خەباتە چەکدارانە ( بەقەولی تۆ، یا بە قەولی ئەوانە. ئینشاڵڵە ئەوە قسەی تۆ نییە) بێ ئاکامە بووە کە "PKK" کردویەتی. PKK کوا چی کردوە؟ کوردستانی ڕزگار کردوە؟ بستێ خاکی هەیە؟ ئەگەر ئەو خاکی لە شاخی قەندیل هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمەش لەو دەشتە پان و بەرینە خاکمان بەدەستەوەیە. بەڵام خۆ خاکی ئێمە نییە. ئێمە ئەو ئیدیعایانە ناکەین کە کوردستان هەموو موڵکی ئێمەیە. ئەو شتانە عادەتەن لە حیزبی دێموکرات دا جێگایان نییە. کەوابێ وا نییە. خەبات وا نییە یان گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی یان ئەگەر نەگەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی، ئەوە خەباتێکی بێ ئاکام بووە. بە باوەڕی من ئەو وشیارییە سیاسییەی کە هەمانە، ئەوە کە خەڵک لەباری سیاسییەوە لەباری بۆچوون بۆ کێشەکانەوە، دەتوانم بڵێم خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو حیزبە سیاسییەکاندا لە حیزبی دێموکرات (لە باری فیکرییەوە باسی تەشکیلات ناکەم) لەهەمووان نزیکترن، ئەوەش ئاکامی ئەو خەباتەیە کە کردویەتی. باوەڕم بەشتی وا نییە. سبەینێش بزانم وایە، بەجێی دێڵم.

ئەگەر بزانم خەباتی ٦٥ ساڵەی بێ ئاکامە، بۆ خۆم ماندوو بکەم؟ لانیکەم ٥ -٦ ساڵم تەمەن ماوە خەریکی ژیانی خۆم دەبم. پێم خۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی هەرگیز نەیتوانیوە هەموو بەرنامەکانی لە کوردستان پیادە بکا، لەبەر ئەو بەرەنگارییە چەکدارانەیە بووە کە لە کوردستان بەرێوە براوە.

مادح ئەحمەدی: زۆر سپاس مامۆستا.

عەبدوڵلا حەسەن زادە: سپاس بۆ ئێوەش.

مادح ئەحمەدی: بەڵام هەر هیچ نهێنییەکت نەدرکاند و هیچ شتی زیاترت لەوانە نەکوت کە پێشتر باست کردوون.

عەبدوڵلا حەسەن زادە: نا. باشە شتی واشمان باس کرد کە باس نەکرابوون.

مادح ئەحمەدی: دیسان سپاس مامۆستا.

عەبدوڵلا حەسەن زادە: هەر سەرکەوتوو بن.

سەرچاوە کوردستان و کورد

ئۆکتۆبری ٢٠١٠

## دیمانەی رۆژنامەی باس لە گەڵ سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستان – ئێران، مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە

(عەبدوڵا حەسەنزادە) سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستان – ئێران لەدیمانەیەکی رۆژنامەوانییدا دووپاتیکردەوە کە "پێوەندیی (بارزانی) و (پێشەوا)، نموونەی پێوەندییەکی دروستی نێوان دوو رێبەری کورد بووە"؛ هاوکات قسەکانی (قانع فەرد)یشی بە گاڵتەجار وەسفکرد.

عەبدوڵا حەسەنزادە) سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان – ئێران، لە دیمانەیەکی رۆژنامەی "باس"دا لە بارەی پێوەندیی (مەلا مستەفا بارزانی) و (قازی محەممەد)ـەوە، دەڵێ: "ئەمە زیاتر وەک گاڵتە دەچێ کە بگوترێ بارزانییەکان بۆ رووخاندنی کۆماری کوردستان چوونە کوردستانی ئێران (ئەمە وەک "قانع فەرد" ئاماژەی پێ کردووە)، لەوەیش گاڵتەجارتر ئەوەیە کە گوایە ئینگلیز ئەوانی ناردووە کۆمار برووخێنن."




ئەمەی خوارەوەیش دەقی دیمانەکەیە.

پرسیار : (قانعی فەرد) گومان دەخاتە سەر پێوەندیی نێوان (قازی محەممەد) و (مەلا مستەفا بارزانی)، هەتا ئەو جێگەیەی ئێوە ئاگادار بن و بتانخوێندبێتەوە، ئەم پێوەندییە چۆن بووە؟

حەسەنزادە : ئەوەندەی ئەمن بۆم دەرکەوتووە، پێوەندیی نێوان (پێشەوا) و (مەلا مستەفای بارزانی)، یان بە قەولی مامۆستا هێمنی شاعیر (قازی و مەلامان) نموونەی پێوەندییەکی دروستی نێوان دوو رێبەری کورد بووە کە یەکیان لە وڵاتی خۆی دەستەڵاتدارە و ئەوی دیکەیان بە پێی هەلومەرجێک کە کورد و کوردستانی تێدان میوانە. پێشەوا، بارزانی و بارزانییەکان بەبێگانە و میوان نازانێ، بارزانی لە زۆرشتدا دەکاتە راوێژکار و تەنانەت شەریکە بریاری خۆی، بارزانییەکان و هاورێکانیشیان وەک هەموو هاونیشتمانانی ناوچەی ژێر دەستەڵاتی کۆمار چاو لێ دەکا و بەپێی لێوەشاوەیی کاریان پێ دەسپێرێ تا ئەو جێیە کە لە چوارپلەی ژەنراڵی یەکێکیان بە مەلا مستەفا دەبەخشێ. لە بەرامبەردا بارزانی و هاورێکانیشی خۆیان بە بێگانە و تەرەکەمە نازانن، هەرچی توانا و لێوەشاوەیی هەیانە بە دڵسۆزییەوە دەیخەنە خزمەتی کۆمار و تەنانەت گیانیشیان بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی کۆمار لەسەر لەپی دەست دادەنێن. دەزانین کە بەشێک لە گەورەترین حەماس و قارەمانەتییەکانی کۆمار ئەوانەن کە بارزانییەکان تۆماریان کردوون. بە باوەری من شتێکی زۆر سروشتییشە کە لە نێوان ئەو دوو رێبەرەدا جاروبار جیاوازی و تەنانەت ناکۆکیی بیروراش بووبێ. ئەگەر وا نەبێ ناسرووشتییە. بەڵام ئەوەی تا ئێستا لەسەر مێژووی کۆماری کوردستان دیومانە و خوێندوومانەتەوە لێی دەرناکەوێ کە ئەم دووانە لە دەورانی یازدە مانگەی تەمەنی کۆماردا وەکو دوو خەنیم، دوو قوڵ، یان دوو لایەن رەفتاریان کردبێ. ئێستا نازانم خێری کێی تێدایە ئەگەر پاش شەست و چوار ساڵ لەشکریان پێ لەبەرامبەر یەکدا رابگرین؟

پرسیار : ئەو دەنگەی عیرفان باسی لێوە دەکات کە گوایە هی مەلا مستەفایە و بە ئۆڵسنی گوتووە "قازی محەممەد پیاوێکی ترسنۆک بووە" هەتا چەند راستە؟

حەسەنزادە: نە ئەمن دەتوانم و نەکەسی دیکە دەتوانێ لە دوورەوە بڵێ ئەم دەنگە هەیە یان نا و ئەگەر هەیە، دەنگی مەلا مستەفا بارزانییە یان نا؟ بەپێی هەموو قانوون و رێوشوێنێک ئەوە کاک عیرفان قانیعی فەردە کە دەبێ سابیتی بکا. (البینە علی المدعی). لێرەدا بۆ خۆم ئەو پرسیارەشم بۆ دروست دەبێ، کە تۆ بڵێی ئەو لایەنە دەرەکییانە ئاوا بە ئاسانی هەموو پەروەندە نهێنییەکان بە نووسراو و گوتراوەوە بخەنە بەردەم رۆژنامەنووسان و مێژوونووسان و لێکۆڵەران؟ لەوەش گەرێین کە هەروەک لەپێشەوەش گوتم نازانم ئەمە چ خزمەتێک بە دۆزی کورد دەکا و چ دروویەک لە لەشی ئەم نەتەوە خێرنەدیوە دەردێنێ؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار:** عیرفان قانعی فەرد بانگەشەی ئەوە دەکات دەنگی چەند ئەندامێکی حزبی دیموکراتی لایە لە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل جنێویان بە دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملو داوە، ئەگەر ئەو قسەیە راستە، ئەوانە کێ بوون و لە چ زەمانێکدا و بۆ چ مەبەستێ لە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل بوون؟ ئایا بە ئەرکی حزبی رۆیشتوون یان وەکو پێوەندی گرتنی شەخسی رۆیشتوون؟

**حەسەنزادە:** ئەو ئیدیعایەی کاک عیرفان ئەوەندە لەنەکاو هاتووە کە پیاو نازانێ باسی حزبی دیموکراتی ئەمریکا دەکا، یان پارتی دێموکراتی کوردستان - عێراق، یان حزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران! بەڵام بەخۆشییەوە لێرەدا ئیدیعاکەی راشکاوانەترە و دەڵێ "دەنگەکەم لەلایە". ئەمن بەش بەحاڵی خۆم ئەندامێکی حزبی دێموکراتی کوردستان ناناسم کە چووبێتە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل هەتا دەگا بەوەی جنێوی بە دکتۆر قاسملو دابێ. بەڵام ئێستا کە کاک عیرفان ئیدیعا دەکا ئەو دەنگەی لەلایە، تکای لێ دەکەم سێ و دووی لێ نەکا و لە سەتەلایتێک یان هەرنەبێ سایتێک بڵاوی بکاتەوە، تا هەم بەخۆرایی و بێ بەڵگە خەڵک تۆمەتبار نەکرێ و هەم ئەوەی بۆ خۆی بەدوایدا دەگەرێ بێتە دی، واتە راستییەکان بە خەڵک نیشان بدرێن.

**پرسیار:** ئایا حوکمی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد لەلایەن شاوە بووە، یان سەرۆکوەزیران رەزمئارا؟ ئایا بارزانییەکان بۆ یارمەتیدانی کۆمار هاتن یان رووخانی کۆمار بەپێی پیلانی بەریتانییەکان وەک قانعی فەرد باسی دەکات؟ چونکە پێش دامەزرانی کۆمار پێشەوا سەردانی بەریتانییەکانی کردبوو ئەوان بەم کارەی نارازی بوون.

**حەسەنزادە:** ئەمن چەند جارێکی دیکەشم بیستووە کە گۆیا شا بەنیاز نەبووە پێشەوا قازی محەممەد ئیعدام بکا و ئەو کارە تارادەیەک بێ ئاگاداریی ئەو بووە، بەڵام وا بزانم هیچ بەڵگەیەک لە دەستدا نییە بتوانێ ئەم رایە سابیت بکا. ئەمە زیاتر وەک گاڵتە دەچێ کە بگوترێ بارزانییەکان بۆ رووخاندنی کۆماری کوردستان چوونە کوردستانی ئێران. لەوەش گاڵتەجارتر ئەوەیە کە گۆیا ئینگلیز ئەوانی ناردووە کۆمار بڕووخێنن. کەس گومان لەوە ناکا کە ئینگلیزییەکان چاویان بە کۆماری کوردستان هەڵ نەهاتووە و دیارەحەزیان لە چارەی پێشەوا قازی محەممەدیش نەبووە. بەڵام ئەگەر ئەو راستییەمان لەبەر چاو بێ کە مەلا مستەفا و بارزانییەکان لەژێر تەوژمی هێرشی بێبەزەیی یانەی هێزی ئاسمانیی بریتانیادا دوای وێرانبوون و سووتانی بەشێکی زۆر لە گوندەکان ناچار بوون پەنا بۆ کوردستانی ئێران بەرن و گەیشتنیان بە مەهابادی پێتەختی کۆماری کوردستانیش نیزیک بە دوومانگ پێش دامەزرانی کۆمار بوو، ئەودەم تێ دەگەین ئەم ئیدیعایە - هی هەرکەس بێ- چەندە بێ بناخەیە. ئەمە هەروەک ئەو ئیدیعایە دەچێ کە دەڵێ مەلا مستەفا دەستی لە بەکوشتدانی پێشەوادا هەبووە. ئەوکاتەی پێشەواو هاورێکانی لەدار دران، بارزانی و بارزانییەکان و تەنانەت ژن ومنداڵیشیان لەژێر پەلاماری درندانەی هێزەکانی ئەرتەشی شادا بوون و شا لە پەیامێکی رەسمیدا فەرمانی دابوو لە زەوی و هەواوە بارزانییەکان و بنەماڵەکانیان بۆردومان بکەن و نەهێڵن دەرباز بن تا بەقەولی خۆی لەوە زیاتر ئابرووی ئەرتەشی ئێران نەچێ. بەراست.. عەقڵ دەیگرێ لەو هەلومەرجەدا شا بۆ کوشتنی پێشەوا داوای کۆمەک لە بارزانی بکات؟

**پرسیار:** هەتا چەند راستە پێشەوا ئاڵای کوردستانی دابێتە دەست مەلامستەفا و پێی گوتبێت تۆ ئاڵای شۆرشی کورد هەڵبگرە؟ ئایا ئەو ئاڵایەی کۆمار جیاوازیی زۆری لەگەڵ ئەوەی ئێستا نەبووە؟ چونکە ئەو ئاڵایەی عەلی قازی لە مەراسیمێکدا دایە دەستی نێچیرڤان بارزانی، ئاڵای ئێستای کورستان بوو؟

**حەسەنزادە:** ئەمن پێم وایە پێداگرتن لەسەر ئەوە کە پێشەوا ئاڵای کوردستانی تەسلیمی مەلا مستەفا کردووە، و هەوڵ و تەقەلا بۆ وەدرۆخستنەوەی ئەم ئیدیعایە، هەردووکیان ئیسراڕێکی بێ جێن. بارزانی ئاڵای لە دەستی قازی محەممەد وەرگرتبێ یان وەرنەگرتبێ شیاوی هەڵگرتنی ئاڵای خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان بووە، هەروەک بۆ نیزیکەی پەنجا ساڵیش هەڵگری ئەم ئاڵایە بوو. پرسیار ئەوەیە ئەگەر بارزانی ئاڵای لە دەستی پێشەوا وەرگرت، ئەدی پێشەوا لەدەستێ کێی وەرگرت؟ ئەمجار وەرگرتنی ئاڵای خەبات قەت بەمانای وەرگرتنی ئەو پارچە قوماشە نییە کە ئاڵاکەی لەسەر نەخشاوە. ئەمە ئەرکێکی مەعنەوییە کە دەکرێ بڵێین هەموو خەباتگێرانی رێگای رزگاریی کوردستان هەرکام بەپێی ئەو دەورەی بوویانە لە دەستی خەباتگێرانی پێش خۆیانیان وەرگرتووە. لە هێڵە گشتییەکاندا کە برێتی بێ لە سێ رەنگەکەی ئاڵای کوردستان، ئەو ئاڵایەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەڵ دەکرێ و بەخۆشییەوە بەرەسمیش ناسراوە، جیاوازییەکی دەگەڵ ئاڵای سەردەمی کۆماری کوردستان نییە "نیشتمانم رەنگینە... بەهەشتی سەر زەمینە... خاکم وەکوئاڵاکەم... رەنگ سوورو سپی و شینە". بەڵام لە ئارمی نێو ئاڵاکەدا ئەو ئاڵایەی لە کۆماری کوردستان هەڵ دەکرا جیاوازیی دەگەڵ ئەو ئاڵایە کە کاک عەلی قازی دایە دەستی کاک نێچیرڤان بارزانی، هەیە. ئاڵای سەردەمی کۆمار ئارمێکی لەنێودا بوو کە برێتی بوو لە دوو گوڵە گەنم و قەڵەمێک و خۆرێک کە لە پشت چیاوە تیشکی دەرکەوتبوو، لە حاڵێکدا ئاڵای ئێستامان خۆرێکی ٢١ پەری لەنێودا نەخشاوە. بەو ئاواتە کە رۆژێک لە هەموو خاکی کوردستاندا بە شەکاوەیی بیبینین.

لە پێوەندییەک دا لەگەڵ سەلاحەدین موهتەدی سیاسەتوانی دێرینی کوردستانی ئێران لەوبارەیەوە دەڵێ: "ئەوەی کە مەلا مستەفا قسەی بە پێشەوا قازی محەمەد گوتبێت یان بۆ تێکدانی کۆماری کوردستان هاتبێت، ئەوە شێواندنی مێژووە و قسەی قۆرە و لەوباوەڕەدام وەها درۆیەک شیاوی وەڵامدانەوەیش نییە و گۆڤاری "ڤین"یشم بەس ئەو کاتەی دیمانەیەکیان لەگەڵدا کردم خوێندووەتەوە".

## وتووێژی تایبەتی گیارەنگ بە بۆنەی ٨ ی مارس دەگەڵ رێزدار عەبدوڵڵای حەسەن زادە

وتووێژی تایبەتی گیارەنگ بە بۆنەی 8ی مارس رۆژی نێو نەتەوەیی ژنان دەگەڵ رێزدار مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە تێکۆشەری دێرین و سیاسەتمەداری ناودار و نووسەر و وەرگێری بە توانای گەلی کورد.

ئامادە کردنی رەحمان نەقشی

**پرسیار:** هەر وەک ئاگادارن ژنان بۆ دادپەروەری و یەکسانیی لە کۆمەڵگدا لە مێژە خەبات دەکەن و تا ڕادەیەک دەسکەوتیان هەبووە. ئەو خەبات و تێکۆشانە و بارودۆخی ئێستای ژنان چۆن هەڵدەسنگینی؟ پێت وایە ژنان تا چەند بە مافەرەواکانی خۆیان گەیشتوون؟

**وەڵام:** لە وڵاتانی دێموکرات و پێشکەوتووی جیهاندا ژنان پێشکەوتنی بەرچاویان لە بواری یەکسانیی مافەکانیان دەگەڵ پیاواندا بەدەست هێناوەو ڕەوتی هەڵگیرانی مەودای نێوان ئەو دوو بەشە یەکترتەواوکەرەی کۆمەڵیش هەر بەردەوامە. بەڵام لە کۆمەڵی کوردەواری-و وڵاتانی دەوروبەرو بەشێکی یەکجار زۆری وڵاتانی دنیادا ژنان هێشتا زۆریان ماوە بۆ ئەوەی بە مافی بەرامبەر لەگەڵ پیاوان بگەن. هەرئەوەندە بەسە کە بزانین وڵاتی وامان هەیە هێشتا مافی دەنگدان-و تەنانەت مافی ئۆتۆمبیل-لێخوڕین بە ژنان ڕەوا نابینێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر بمانەوێ زیاتر باسی کۆمەڵی کوردەواری بکەین،بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی تەمەنێکی زۆرتریان لێ ڕابردوەو کۆمەڵی کۆنی کوردستانیان بەبیرە،ئاشکرایە کە لە هێندێ بواردا — ناڵێم ژنان، دەڵێم کورد دەسکەوتی باشی بەدەست هێناوەو لە هێندێ داب وشوێنی بەڕاستی کۆنەپەرستانە ڕزگاری بووە. بۆ نموونە لەبیرمە کەسێک غیرەتی وەبەر خۆی نابا و لەپێش چاوی خەڵک کچە چووکەڵەکەی خۆی ماچ کردبا، یان "کفر"ی گەورەتری کردبایەو لەباوەشی کردبایە، بەڕاستی چییان پێوە نەدەهێشت. خۆ ئەگەر پیاوێک ڕەفتاری شارستانییانەی دەگەڵ هاوسەرەکەی ڕەچاو بکردایە، ئەوە هەر باسی سەر بوو. "ئاڵی"و"هۆمەر"و'کۆسە"و "شەکلە"و چەندین ناووناتۆرەی سەیروسەمەرەی لێ بار دەکران. باسی بەزۆربەشوودان و گەورەبەچووکەو بەرخوێن و بنەتۆو و بەمنداڵی مارەکردن و...یش کە ئێستاش بەتەواوی خاشەبڕ نەبوون، لەوێ ڕاوەستێ. کەوایە،لەو بووارانەدا ژنان و بەگشتی کۆمەڵی کوردەواری دەسکەوتیان هەبووەو دەبێ بی بینین.



لە بواری کۆمەڵایەتییشدا دەزانین کە گۆڕانی بەرچاو بەدەست هاتوە. لە هەموو بەشـــەکانی کوردستـــاندا هەرکامەی بەڕادەی خۆی- ژنان مافی چوونەقوتابخانەو کارکردن و هەڵبژاردن و هەڵبژێرانیان بەدەست هێناوەو ئەمڕۆ لەزۆر بواردا ژنان مایەی شانازیی پیاوانی ڕووناکبیرو تێگەیشتوون. بەڵام بەوحاڵەش کۆمەڵی کوردەواری بەداخەوە زۆری ماوە بۆ ئەوەی بتوانێ بڵێ بە قۆناغی یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو گەیشتووم یان تەنانەت لێشی نیزیک بوومەوە. ئەگەر چاوێک لە ئاماری ئەو ژنانە بکەین کە بەدەستی مێردو باب و براو تەنانەت کوڕو خزمە دوورەکانیشیان دەکوژرێن، یان ناچار بە خۆکوشتن-و خۆسووتاندن دەکرێن،قووڵایی کارەساتەکەمان بۆ دەردەکەوێ و دەبینین چەندە گەڕاوینەوە سەردەمە تاریکەکانی مێژوو. هەرئەوەندە بەسە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە لە نێوجەرگەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیاشدا پیاوانی وا لە کوردان هەڵدەکەون کە "غیرەتی شێرانە"! یان ڕێگایان پێدەدا کچ و ژنەکانیان پارچەپارچەو بێ سەروشوێن بکەن.

بەباوەڕی من دەسکەوتی هەرە مەزن و بێ گەڕانەوەی ژنانی کورد ئەوەیە کە ژنی کورد وشیار بۆتەوە، خۆی و مافەکانی ناسیوەو ئامادەیە بە هاوکاری و پاڵپشتیی پیاوانی پێشکەوتنخوازو پێگەیشتوو کە بەخۆشییەوە ژمارەیان ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندایە بۆ وەدست هێنانیان تێبکۆشێ.

**پرسیار:** ٨ی مارس بە ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان دیاری کراوە و هەرساڵە ڕێورەسمی جیهانیی بۆ دەگیرێ. دیاری کردنی ڕۆژێکی وا بۆ ژنان بە جێ و شیاو دەزانی؟

**وەڵام:** خەبات بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی هەر چین و توێژێکی کۆمەڵ و هەر گەل و نەتەوەیەک ڕۆژو مانگ و ساڵی تایبەت ناناسێ. هەموو ڕۆژەکانی ساڵ ڕۆژی هەوڵ و تێکۆشان بۆ هەر ئامانجێکی پیرۆزی ئینسانین. ئەوە کە ڕۆژێک یان حەوتوویەکی ساڵ بۆ هەر توێژێک یان هەر مەسەلەیەک تەرخان دەکرێ تەنیا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی و وەبیرهێنانەوەی گرنگیی بابەتەکەو چڕکردنەوەی هەوڵەکان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکەدایە.

لەو ڕوانگەیەوە دیاریکردنی ڕۆژێکی ساڵ بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو ناهەقییانەی دەرهەقی ژنان کراون و بۆ پێ داگرتنەوە لەسەر هەوڵی هەمەلایەنەی قەرەبووکردنەوەی ئەو خەسارەو لابردنی زوڵم وزۆر لەسەر ئەو بەشە گرنگەی کۆمەڵ زۆر لەجێگەی خۆیدایە. بەباوەڕی من زیانی نابەرابەریی مافەکانی ژنان و پیاوان تەنیا ئەو نیوەی کۆمەڵ ناگرێتەوەو شوێنەوارە وێرانکەرەکانی بەرۆکی تەواوەتی کۆمەڵ دەگرن. بەوپێیە ئەرکی هەموو کۆمەڵیشە کە یەکدەست و بەوشیارییەوە لەڕێگای سڕینەوەی شوێنەوارە زیانبارەکانیدا هەنگاو هەڵێنێتەوە. دیاریکردنی ڕۆژێکی تایبەت بە ژنان و وەڕێخستنی ڕێورەسمی تایبەتییش کارێکی سێمبولیکە بۆ نیشاندانی تێگەیشتنی گرنگی و بایەخی مەسەلەکە.

**پرسیار:** کۆماری ئیسلامیی ئێران ٣١ ساڵە بە توندترین شێوە مافی مرۆڤ بە تایبەت مافی ژنان پێشێل دەکا ، بەڵام ژنان هەروا لەخۆبردووانە تێدەکۆشن و بە تایبەت ڕۆڵی بەرچاویان لە جووڵانەوەی ٨ مانگی ڕابردووی ڕاپەرینی سەوزدا هەبووە. ئەو شێوە خەبات و چالاکییانەی کچان و ژنان چوون لێک دەدەنەوە؟

**وەڵام:** پیاوەکان زۆر ئازایانە دەبێ دان بەودا بنێن کە ژنانی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی ئێران و لەو نێوەدا کوردستانیش لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی چەندساڵی دوایی و بەتایبەتی ئەم هەشت مانگەدا وەپێشیان کەوتوونەوە. ئەوە نەک هەر بۆ پێ ناخۆشبوون یان حاشالێکردن نابێ، بەڵکوو بۆ هەمووان جێگای هومێدو شانازییە. بەتایبەتی پیاوی کورد دەبێ بەوە سەربەرز بێ، چوونکە باپیرە ژیرەکانی لەمێژە گوتوویانە "شێر کە لە بێشە هاتەدەر چ نێرو چ مێ". بەڕاستی ئەوە نیشانەی دەرکی دروستی پیاوی زانای کورد لە نەخش و جێگەو پێگەی ژنی کوردە.

لەبارەی بزووتنەوەی سەوزیشەوە ئەو دیمەنانەی سەربارى هەموو سانسۆرێکی بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی کەوتنە بەرچاوی بیروڕای گشتیی جیهانی، نەخشی حاشاهەڵنەگری ژنانی ئێرانی بۆ هەمووان ئاشکرا کرد. هەر بۆیەش دیتمان خانمێکی شەهیدی وەک نەدا ئاغاسوڵتان بەحەق بوو بە سێمبولی خەبات و قارەمانەتیی ئەو ڕاپەڕینە کە ئەمڕۆ بە بزووتنەوەی سەوز دەناسرێ.

**پرسیار:** پێش کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێژەی بەشداریی ژنان لە ڕێبەرایەتیی حیزب و هێزە سیاسییەکان دا زۆر کەم بوو یان هەر بەچاو نەبوون، بەڵام لەم کۆنگرەیەی دوایی واتە کۆنگرەی ١٤ دا ژنان زیاتر بۆ ڕێبەرایەتیی حیزب هەڵبژێردران. ئایا ئەو هەنگاوە بۆ تەبلیغات و خۆ نواندنی حیزبی بوو یان بەڕاستی ژنان خۆیان دۆزیوەتەوە و پێیان وایە دەبێ شان بە شانی پیاوان لە ڕێبەرایەتی کردنی حیزبە سیاسییەکان دا خۆیان ببیننەوە و ڕۆڵ و نەخشی دیاریان هەبێ؟

**وەڵام:** ئەمن پێم وایە ئەوەی لە کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بۆ بەشدار بوونی ژنان لە کاروباری کۆنگرە و دوایەش لە ڕێبەرایەتیی حیزبدا کرا، دەگەڵ ئەوەی بە بەراورد دەگەڵ ڕابردوو هەنگاوێک بەرەو پێش بوو، تەنیا وەک سەرەتایەک دەبێ چاو لێ بکرێ. ژنانی کورد و لەنێویاندا ژنانی ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش شایانی زیاتر لەوەن. ئەوان لە ژیانی حیزبی و تەنانەت لە ژیانی سەختی پێشمەرگایەتییش دا شان بەشانی پیاوان نەخشیان گێڕاوە و خۆیان پێ گەیاندوە. ئەگەر واش دابنێین کە لە هێندێ بواردا ژنەکان کەمتر لە پیاوان گەشەیان کردوە قەت نابێ لەبیرمان بچێ کە لە دواکەوتن،یان باشتر بڵێم دواخرانی ژنانیشدا بەرپرسایەتیی یەکەم لەسەر شانی پیاوانە. ئێمە پیاوانین کە دەرفەتمان بۆ نەڕەخساندوون و زۆرجار ڕێگای پێشکەوتنیشمان لێ بەستوون.

وەک لەبیرم بێ، هەر لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەشدا هاتوە کە ئەوەی لەبارەی ژنانەوە کراوە تەنیا دەسپێکەو پێویستە لە کۆنگرەکانی دیکەدا پەرەی پێ بدرێ. بەش بەحاڵی خۆم ئاوات بۆ ڕۆژێک دەخوازم کە حیزبێک ئەگەر زیاتر لەنیوەی ئەندامانی کۆنگرەکەی یان ڕێبەرایەتییەکەشی لە ژنان بوون نەتوانێ خۆی پێوە ڕابنێ و ئەندامە پیاوەکانی وا بنوێنن کە خێریان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به ژنان کردوه. بەهەرحاڵ ئەوەی ئێستا لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بۆ ژنان کراوە نە بۆ خۆڕانان بووە و نە بۆ خۆپێوە ڕانانیش دەبێ. چوونکە بەڕاستی هەر ئێستا کەمتر لەوەیە. کە هەقی ئەندامە ژنەکانە.

پرسیار: کەم وکوڕییەکانی سەر ڕێگای خەباتی ئەو بەشە گرنگەی کۆمەڵ چین؟ چ ڕێگایەک بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکەن؟

وەڵام: لە تەواوەتی خۆیدا بیگرین،ئێستاش بەشێک لە بەرپرسایەتیی بەجێمانی ژنانی کورد لەسەر شانی خۆیان و بەشێکی زیاتریشی لە ئەستۆی پیاوان وحیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و پێش هەمووان حیزبی دێموکڕاتی کورستانە. بەوحاڵەش حاشا لەوە ناکرێ کە بەربەستی بنەڕەتی لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی ژنان و هەموو کۆمەڵ سیستمی حاکم بەسەر وڵاتەکەماندایە. هەتا ڕێژیمێکی دواکەوتوو لە وڵاتدا دەسەڵاتدار بێ، نە ژنان دەتوانن داخوازە ڕەواکانیان بەتەواوی بێننە گۆڕو خەباتیان بۆ بکەن و بەدەستیان بێنن، نە هێزە سیاسییەکان ڕێگایان پێدەدرێ بیرو بۆچوونەکانیان بێننە گۆڕێ و بەرنامەکانیان بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ پیادە بکەن.
کەوایە، بێ ئەوەی خەبات بۆ مافە ڕەواکانی ژنان و هیچ توێژێکی دیکەی کۆمەڵایەتی پەک بخرێ یان بۆ دوارۆژ هەڵگیرێ،باشترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئامانجی یەکسانیی ژن و پیاوو هەموو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ئەوەیە کە هەموو تواناکان وەسەریەک خرێن و هەموو هەوڵەکان بۆ ڕزگاربوون لەو ڕێژیمە ئازادیکوژە تێکەڵ بکرێن و چڕ بکرێنەوە.

## خوێندن بە زمانی زگماکی، داننانە بە بوونی میللەتێک (وتووێژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە)

لە خزمەت مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە داین بۆ ئەوەی چەند پرسیارێکی لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەو دەورەیەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان ئەرکی خوێندن بە زمانی کوردییان لە کوردستان بەڕێوە دەبرد، لێ بکەین.

پرسیار : مامۆستا ئەگەر ئیجازەت لە سەر بێ پێمان خۆشە لەوەوە دەست پێ کە بکەین فکرەی خوێندن بە کوردی و کرانەوی خوێندنگەکان بە زمانی کوردی لە حیزبی دێموکرات دا چۆن دروست بوو؟



عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەوە کە لەو مەرحەلەیدا خوێندنگە بە کوردی بێ بە ئیبتکارێک دانانـدرێ، چونکە لە دەورانی زۆر کۆنترەوە لە عێراق بە کوردی خوێندراوە و لە دەورانی جمهووریی کوردستان دا بە کوردی خوێندراوە، کەوابێ ئەمە ئەلفوبێ بوو. بەڵام با بێینە سەر ئەوەی کە بزانین چۆن بوو ئەو فکرە کرایەوە. لە سەرەتاکانی کە باس کرا لە دەفتەر سیاسی‌دا باس لەوەی کرا کە ئێمە (من دەفتەر سیاسی نەبووم ئەو وەختی) بێین بە کوردی بخوێنین. چونکە ئەو وەختی لە ئێران کتێب بە کوردی نەبوو، دەبوو سیستمی کوردستانی باشوور وەربگرین. بەڵام دەفتەری سیاسی هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە. دیسانەکە وەک زۆر شتی دیکە نەخشی ئەساسی هی شەهید دوکتور بوو کە ـ دەبێ سەعی بکەین بۆ خۆمان موتەناسب لەگەڵ شەرایەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات (کوردستانی ئێران) کتێب دابنێین. هەر لە ئەوەڵەوە لە ڕۆژەکان یان بڵێین لە حەفتەو مانگەکانی سەرەتای دوای سەرکەوتنی ئینقلاب ئەو فکرە هاتە گۆڕێ و تەرتیب درا کە جەمعێک بۆ ئەو مەسەلەیە لە مامۆستایان و لەوانە کە تەجروبەیان هەیە و دەزانن کۆببنەوە بۆ دانانی کتێبی کوردی.

پرسیار : لەو بارەوە هیچ پێتان وا نەبوو کە مەسەلەکە دەبێ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی باس بکرێ یا ئەسلەن ئەوە لە بەر چاو نەگیرا؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: نەخەیر ئوسوولەن ئێمە لە زۆر شتدا ئەو نەزەرەمان هەبوو کە باشترە ئێمە کارەکانمان بکەین، لەو پێیە دا دەوڵەتی مەرکەزی لە موقابیل ئەمری واقیع دا دابنێین، نە وەک ئێمە داوا بکەین و [چاوەڕوان بین] داخوا دەوڵەتی مەرکەزی موافقەت دەکا یان نا. پێموایە کارێکی زۆر باش بوو چونکە ئێمە ئەگەر داوامان کردبا ئێستاشی لەگەڵ بێ موافقەتەکە هەر نەدەهاتەوە. بۆیە ئەسڵەن بیر لەوە نەکراوە، هەر وەکوو بۆ ئامادەکردنەکەشی و بۆ چاپکردنەکەشی و بۆ دایر کردنەکەشی هیچ وەخت پرس بە دەوڵەتی مەرکەزی نەکرا. دیارە لە سەتحێکی پایینتر دا ئێمە لە نێو حیزب دا دەستمان پێ کرد بە ئامووزشی کوردی. ئەو وەختی فێرکردنی کوردی زیاتر بۆ گەورەساڵان بوو، بۆ خوێندەوارەکان بوو، ئەوانە کە خوێندەوارییان هەیە نەک بۆ سەرەتایی. ئەوەمان هەر لە دەورانی ئینقلاب دا دەست پێ کرد. یانی هێشتا مابووی دەوڵەتی شا بڕووخێ، من بۆ خۆم لە مەهاباد بووم جزوەیەکی چکۆلەم نووسیبوو. چەند دەورەمان کردنەوە لە ئەوەڵەوە ئەمن بەشدار بووم و چەند کەسێکیش کە بۆ خۆیان موعەللیم بوون و شارەزا بوون لە هەموو شتێکدا لە من شارەزاتر بوون، بەڵام رەنگە بە کوردی نووسینیان نەزانیبا. ئەوانە بەشدار بوون لە پاشانیش بۆ پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دەستمان پێ کرد بۆ ئەوەی فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردییان بکەین. بەڵام ئەمەیان بۆ فێرکردنی سەرەتایی نەبوو. بۆ ئەو کەسانە بوو کە خوێندەواریی باشیان هەبوو. تەنانەت دیپلۆمیان هەبوو، حەتا هی وا هەبوو لیسانسیشی هەبوو.

پرسیار : مامۆستا! ئەو کەسانەی راسپێردران لە فکری ئامادەکردنی کتێبی دەرسی دا بن یان بە گشتی لە فکری وەڕێخستنی مەدرەسەکان دا بوون کێ بوون؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: بە داخەوە زۆر چاکم لە بیر نیە، بەڵام ئەوانەی کە ئەمن لە بیرمن کاک رەسووڵ ئاریا کە دوایەش بۆ ماوەیەک بوو بە مەسئوولی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن، کاک ئەحمەد کاکە مەمی بوو، کاک ئەحمەدی قازی بوو، لە بەشێکی دا کاک قەسیم سەوجە بوو، ئەمنیان وەکوو کەسێک کە لە کوردی دەزانم دەگەڵ بووم، لە مامۆستا هێمن بۆ یەک دوو جەلەسە ئیستفادە کرا.

پرسیار : لە باری رێنووس و رێزمانەوە چ شتێک رەچاو دەکرا؟ مەسەلەن ئایا هەوڵ دەدرا وشەی زاراوەکانی دیکەی تێکەڵاو بێ یا مەسەلەن لە باری رێنووسەوە ئەوەی لە کوردستانی عێراق باو بوو، یانی تێبینی و شت چ بوون لەو بارەوە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەوندەی من بزانم لەوەدا هێندێک شت ئوسوولەن بە فکردا نەدەهات. وەکوو ئەوە با بڵێین وشە لە زاراوەکانی دیکە وەربگرین. وەک ئەوە کە بڵێین کوردی ئێران و کوردی عێراق پێکەوە هەماهەنگییەکیان هەبێ. ئەوەی کە لەوێ دا مەدی نەزەر بوو تەنیا ئەوە بوو سیستمی دەرسییەکە وا تەنزیم بکرێ کە دوو شتی تێدا رەعایەت بکرێ، یەکیان ئەوە کە لە سیستمی فێرکردنەکەدا وا بێ کە لە هەر دەرسێکدا تەنیا یەک حەرفی تازە بێ، کە پێموایە لە یەک دەرسیشدا هەڵە کراوە، لە یەک دەرسدا حەرفێکی نەخوێندراو هاتوە بێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی هەست پێ بکەن. ئەوی دیکەش ئەوە بوو کە ئەو دەرسانە ئەو باسانەی کە دێن، هەم لە فکری منداڵ نزیک بن هەمیش ئەو تەزادە کە ئیحتمالەن لە بەینی شارو دێدا هەیە ئەوەش لە بەر چاو بگیرێ. یەعنی سیستمەکە بۆ هەمووانە، زیاتر بۆ منداڵی دێیشە، بۆیە نابێ شتێکی وا بێنی منداڵ هەر نەیدیوە. یەعنی من پێموایە ئەو وەختی ئەگەر تۆ باسی تەلەڤیزیۆنت بۆ منداڵێک بکردبایە، منداڵ لە تەلەڤیزیۆن حاڵی نەدەبوون چونکە نەیدیبوو لە دێهاتی. ئەو، بەرقی نەدیبوو تا تەلەڤیزیۆنێ ببینێ، یەخچاڵی نەدیبوو، یەعنی ئەوە لە نەزەر دەگیرا کە دەبێ شتێکی وا بێ لە فکرو لە موحیتی ژیانی منداڵەکان بێگانە نەبێ. ئەو دوو شتەم لە بیرە کە رەعایەت دەکرا.

پرسیار : مامۆستا! ئەگەر سەرنجێک لە کتێبەکە دەدەی برێکیش حەتا لە باری مەتن و مەوزوعاتێک کە باسی دەکا زۆرتر هی ئەو بەشەی کوردستانە، جا نازانم لە بەر ئەوەیە کە مامۆستاکان خەڵکی ئەو ناوچەیە بوون و یا ئەسڵەن ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەو حیزب ئەو ناوچانە بوون کە زۆرتر ناوەندی کوردستان بوون؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: عەرزم کردی ئەوە لە نەزەر نەدەگیرا کە بڵێین لە سنەشی تێدا بێ، با لە ورمێشی تێدا بێ، هەر ئەوە لەبەر چاو دەگیرا کە ئەوەڵەن لە حەرفێک زیاتر لە دەرسدا تازە نەبێ، دووهەم لە ئەفکاری منداڵەکە نزیک بێ. ئیدی هەوڵ بۆ ئەوەی کە پەل بهاوێ بۆ ئەم ناوچەو ئەو ناوچەیەی تێدا نەبوو. لە جێشدا بۆ ئەوەی زمانێک ببێتە زمانی خوێندن و نووسین ئەوە وانیە کە تۆ مۆنتاژێک بکەی و هەر لۆغەتەی لە جێیەکی بێنی. بەڵێ دەبێ لۆغەتان بێنی، بەڵام ئەو وەختەی کە لەم لەهجەیەدا نیتە، دەبێ لە لەهجەکانی دیکە بێنین.

پرسیار : مامۆستا! کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان لە کام یەک لە شارو ناوچەکاندا توانی قوتابخانە بکاتەوە و منداڵان فێری خوێندن و نووسین بکا؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەوەندەی من بزانم لەم چەند شارە دا، کە لە مەهابادەوە دەستی پێ کرد، بۆکان هەبوو، سەردەشت هەبوو، پیرانشار هەبوو، نەغەدە هەبوو، شنۆ هەبوو، سەقز زۆر موتمەئین نیم کە خوێندنی کوردی تێدا دائیر کرا یان نا.

پرسیار : پاوەو هەورامان چی؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: پێموایە خوێندنی کوردی تێدا دائیر نەکرا، یا ئەگەر بووبێ من لە بیرم نیە.

پرسیار : کۆڕی پەروەردە و فێرکردن چ ساڵێک دامەزرا؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ساڵی ٥٩ کۆڕ دامەزرا، بەڵام کتێبەکە، ساڵی ٦٠ هاتەوە.

یانی ساڵێک بە بێ کتێب! ئەی ئەو ساڵە (ساڵی ٥٩) لە رووی چییەوە دەرسیان دەگوتەوە؟

لە رووی کتێبی فارسی، دەرسی کوردییشیان هەبوو (ئاموزشی ئەلفوبێ).

پرسیار : یانی خوێندنەکە رەواڵی قەدیم هەر بە پێی کتێبە دەرسەکانی ئێران بوو. بەڵام شەرحی دەرس بە کوردی ؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: بۆ خۆت دەزانی حەتا ئەگەر کتێبەکەش چاپ بوو، ئەو وەختیش تەنیا خوێندنی کوردی هەبوو لە مەدرەسەکاندا، ئەوی دیکە هەر بە فارسی دەخوێندرا. هەم کلاسەکانی دیکە، هەم دەرسەکانی دیکەی کلاسی ئەوەڵ هەر فارسییەکەو لە سیستمی کۆن ئیستفادە دەکرا.

پرسیار : مامۆستا هیچ ئامارێکت لە زێهن دا هەیە ئێمە بە گشتی چەند مەدرەسەمان هەبوو؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئێستا لە زێهنمدا نیە، بەڵام پێموایە چاپ کراوە. دەبێ موراجعە بکەی بە "کوردستان"، "کوردستان" تێیدایە کە ئێمە چەند مەدرەسەمان هەبووە، چەند موعەللیمان هەبووە و چەند قوتابیمان هەبووە.

پرسیار : مامۆستا! ئێمە کۆڕی پەروەردەمان هەبوو کە بۆ خوێندەوار کردنی منداڵانیش بەرنامەی هەبوو، بۆ گەورەساڵانیش. چ جیاوازییەک هەبوو لە خوێندنی ئەو دوو بەشەدا؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: جیاوازییەکەی فەقەت متونی دەرسی بوو. کە مەتنە دەرسییەکان ئیدی ئەوە بوون کە دەگەڵ فکری گەورەساڵان پتر دەهاتنەوە، دەرسەکان درێژتر بوون، مەفهوومەکانیان فەرقیان هەبوو. ئەگینا پێموابێ لە سیستمی ئاموزشە دەرسییەکەی و ئەلفباییەکەیدا فەرقێک نەبوو.

پرسیار : ئەدی بۆ گەورەساڵان وا دانەنرابوو کە گەورەساڵەکە خوێندەوارییەکی هەیە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: نەخێر، ئەوە مەربووت بە گەورەساڵان، گەورەساڵانی نەخوێندەوار بوو. ئەوە لە نەزەر نەگیرا بوو، ئەوە هەر وەک مەرحەلەی پێشێ عەرزم کردی هەر بۆ فێرکردنیان بوو. ئەگینا گەورەساڵانی خوێندەوار ئەوەیان پێویست نەبوو. مەسەلەن زۆر کەسم دەدی بە جەلەسەیەک، دوو جەلەسە فێر دەبوون. ئەوانەی کە قابلییەتیان زۆر بوو. بەڵام مەبەست لە خوێندنی گەورەساڵان ئەوانە بوون کە نەخوێندەوار بوون.

ئەو هەنگاوەی کە حیزب یا بڵێین کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی کوردستان نای، یانی چەند ساڵێک بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان، خوێندن بە کوردی و لە باری ئامووزشییەوە، لە باری سیاسییەوە، لە باری فەرهەنگییەوە چ تەئسیرێکی هەبووە؟ چونکە ماوەکە بەداخەوە هەمووی سێ . چوار ساڵێک بوو، زۆر نەبوو!

لەگەڵ ئەوەی کە ماوەکە کورت بوو، بەڵام کەلێنێکی یەکجار زۆر گەورەی پڕ کردەوە، چونکە ئەو وەختی [رێژیم] گەمارۆیەکی هەمە لایەنەی خستبووە سەر کوردستان. مەبەستم کوردستان مەناتقی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیە. بە هەر حاڵ لە شارەکان کە بە دەستی دەوڵەتەوە بوو خوێندن و بێهداشت و .. دائیر بوو. بەڵام ئەو هەوڵی دابوو کە کوردستان لە هەموو شتێک بێبەش بکا. ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بە ناقیسییش بووبێ توانیبووی کە مەدرەسە دائیر بکاتەوە پێش ئەوەی کتێبی کوردییش دابنێ، توانیبووی دەگەڵ هەموو سەرەتایی بوونەکەی لە هەر مەنتەقەیەک شتێک بە ناوی کۆمەگی دەرمانی دائیر بکا، تەئسیرێکی یەکجار زۆری هەبوو لە سەر رۆحیەی خەڵک. حەتا دەکرێ بڵێین بە بێ موبالغە، قەدری حیزب و بزووتنەوەشی لە پێش چاوی خەڵکی بردبووە سەرێ، چونکە خەڵک پێی وابوو ئەوە حیزب وەکوو حکوومەتێک دەتوانێ عەمەل بکاو دەتوانێ ئێحتیاجاتی خەڵکی جواب بداتەوە. پێموایە کارێکی یەکجار زۆر گەورە بوو و بەتایبەتی کە حیزب بوارەکانی ژیانی هەموو لەبەر چاو گرت. هەموویان ئیبتداییِن، هەموویان عەیبیان هەبووە، حەتا ئەگەر ئێستا بۆ خۆمانی بێنین عەیبیان لێ دەگرین. بەڵام هەر ئەوە کە حیزب قەوانینی دانا بۆ ئیدارەی وڵات، مەسەلەن قانوونی سزادانی گشتی بخەیتە بەر دەست قانوونزانێک، رەنگە هەزار عەیبی لێ بگرێ، بەڵام هەر بیرکردنەوە لەوە کە دەگەڵ ئەو هەموو شەڕە سەختەی بە ملمانەوە بوو، حیزب بیر لەوە بکاتەوە دەبێ ئیدارەی وڵات بکا، دەبێ قەوانینی هەبێ، دەبێ رابیتەی نێوان کۆمەڵانی خەڵک، چین و توێژە جۆراوجۆرەکان تەنزیم بکا، بە مەسایلی جونحە و جینایەت و ئەوە رابگات، ئەوە نیشانەی فکری وەسیعی ئەو حیزبەو رێبەرایەتیی ئەو بزووتنەوەیە بوو.

پرسیار : مامۆستا! لە بارەی شتێکی دیکەشەوە پێموابێ تەئسیری هەبووە. لەگەڵ ئەوەی کە داواو نیازی خوێندن بە کوردی هەمیشە هەبووە لە نێو میللەتەکەمان دا، بەڵام ئەو نەسلەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




کە لە مەدرەسەکانی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن خوێندویە یا ئەو مامۆستایانەی کە کۆڕی پەروەردە و فێرکردن کاری خوێندنی کوردیی پێ کردن، دوایە ئەگەر نەشبووبن بە پێشمەرگە لەو جامعەیە دا بوون بە ئینسانی رووناکبیر، بوون بە ئینسانی خوێندەوار، شاعیر، تەئسیریان هەبووە لە سەر ئەوەی کە ئەو رەوتە درێژە بدەن. ئەگەرچی بە شێوەیەکی نارەسمی و بە بێ ئەوەی جمهووریی ئیسلامی بیهەوێ.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دیارە بەشێک لەوانە هەر بۆ خۆیان لە پێشدا هەبوون وەکوو شەخسیەتی فەرهەنگی و ئامووزشی و پەروەرشی هەبوون، بەڵام ئەوانە بەشێکیان بوون. بەشێکیش ئەوانە بوون کە لە بەر دەستی ئەواندا پێ گەیشتن، کە دوایە هەموو جۆرە کەسێکیان تێدا هەڵکەوت: تێکۆشەری گەورەیان تێدا هەڵکەوت، شاعیری گەورەیان تێدا هەڵکەوت، موعەللیمیان تێدا هەڵکەوت، مەسەلەن کاک ئەحمەدی کاکە مەمی کە پێشتریش هەر موعەللیم بوو، بەڵام ئێستا لە دەرەوەش ئەوە بۆتە مامۆستای دەرسی کوردی و کتێبی کوردی داناوەو یەعنی ئەو رەچەیەی کە لەوێ گرتوویەتە پێشێ وردە وردە تەرەقی پێداوەو هەر وا لە سەری رۆیشتوە.

**پرسیار :** مامۆستا! هەر ئێستاش فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینی کوردی لە کوردستانی ئێران هەر هەیە. بە شێوەی جۆراوجۆر، بڵێین هێندێک ناوەند، هێندێک کۆڕو کۆمەڵی ئەدەبی دەیکەن، جەنابت ئەو هەوڵانە چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟ یان وەک بزانی لە چ ناوچەیەک لە چ مەنتەقەیەک زۆرترن ئەوانە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** پێموایە جارێ لە پێش دا دەبێ ئەوە بڵێینەوە ئەوەی کە ئێستا هەیە، لەو چەند ساڵەی ئەخیردا یا دەتوانین بڵێین لەو چەند دە ساڵی ئەخیردا لە راستی دا تازە نیە. دیارە ٢٠ ساڵێکە هەیە. بەو شێوەی نیە کە لە ئیبتدایی را منداڵان دەرس بخوێنن، لە واقعدا خوێندنەوەو نووسینی کوردییان فێر دەکەن، تەنانەت بە هەر دوو شێوە خەتیش. پێموایە هەوڵێکی زۆر بەجێیە چونکە عەیبێکی گەورە دەبێ تێکۆشەرانی کورد ئەوانەی کە حەتا بە شێوەی جۆراوجۆرو هەر کەسە لە سەنگەری خۆی موبارزە دەکا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی میللەتی کورد بەڵام نەزانن زمانەکەی خۆیان بنووسن. پێموایە شتێکی زۆر بەجێیە، بەڵام ئەوەندەی من بزانم بە شێوەی بەربڵاو تەنیا هێندێک شاری گرتۆتەوە، پێموابێ "سۆما" لە مەهاباد دامەزرا، پاشان لە بۆکان زیاتر لە مەهاباد گەشەی کرد هەر چەند بناغەکەی لە مەهاباد دامەزرا، بەڵام لە بۆکان پتر گەشەی کرد، بەرەو سەقزو بانەش رۆیشتوە. ئەوەی لە سنەو لەویش موهیمتر لە کرماشان بووە هەر ئەوە دەزانم کە هەبووە، بەڵام ئایا لەو سیستمەی "سۆما" کەڵکیان وەرگرتوە یان بۆ خۆیان سیستمی دیکەیان داناوە بۆ فێرکردنی خوێندن و نووسینی کوردی لانیکەم ئەمن ئاگادارییەکی ئەوتۆم لە سەری نیە. کە دیارە زۆرم پێخۆشە کە هەر لەو سیستمەی "سۆما" ئیستفادەیان کردبێ بۆ ئەوەی تا حەدێکی مومکین لێک نزێک بێ ئەو شێوە نووسین و شێوە رێنووس و رێزمانە. چونکە بەداخەوە ئێستایشی لەگەڵ بێ لە باشووری کوردستان دوای نزیک بە سەد ساڵ خوێندن دیسانەکە ئەو شێوە نووسین و خوێندنەوە یەکی هەر نەگرتوە و هەر کەسەو هەر ناوچە بە جۆرێک دەنووسن و بە جۆرێک دەخوێننەوە، مەبەستم لە ناوچە ناوچەی بەرین نیە، ناوچەی چووک بە گەرەک یا حەتا بە رۆژنامە یا حەتا بە نووسەری یەک رۆژنامە لەگەڵ نووسەرێکی دیکەی هەمان رۆژنامە.

**پرسیار :** مامۆستا! لە قانوونی ئەساسیی جمهووریی ئیسلامی دا ئەسڵێک هەیە، ئەسلی پازدە کە باسی ئازاد بوونی خوێندن بە زمانی قەومە ئێرانییەکان لە پەنا زمانی فارسی دا دەکا. جارێ هەر ئەوە کە لە قانوونی ئەساسی دا هاتوە چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟ پاشان ئەوە کە سەرەڕای ئەو هەموو داوایەی کە دەکرێ، کورد دەیکا، ئازەربایجانی دەیکا، بەڵام ئەوە ئەسڵە بەڕێوە ناچێ، بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لە راستی دا مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێن: "لەوەندە قوڕەی ئەوەندە تۆزە هەستێ هەر باشە" یا دەڵێ "لە نێو هەموو تاریکایی دنیایە دا شوعلەی شەمێک هەر دیارە"، ئەوە بۆ خۆی شتێکی باشە. بەڵام ئەو ئەسڵە یا ئەسڵی نۆزدە هیچ قیمەتێکی [...] ئیجباری و ئیجراییان نیە. ئەمن پێموایە قانوونەکە، (ئەو بەندی ١٥) جێبەجێ کراوە. چونکە خۆ ئەو ناڵێ ئامووزش و پەروەرش دائیر دەکەم بۆ ئەوانە. دەڵێ ئازادە هەر کەس پێی خۆشە بۆ خۆی لە ماڵی خۆی بەوە بخوێنێ، دەڵێ ئازادە. لەحاڵێکدا ئەمە بە مەعنای بە رسمی ناسینی حەقی ئامووزش و پەروەرشی ئەو میللیەتانە بە زمانی خۆیان نیە. بە رەسمی ناسین ئەوەیە دەوڵەت مەدرەسەی بۆ دابمەزرێنی، مامۆستای بۆ تەربیەت بکا، کتێبی بۆ چاپ بکا، حوقووقی مامۆستایەکان بدا. کوللی شتەکە وەکوو بۆ سیستمی خوێندنی فارسی چۆنە بۆ ئەوانەش بیکا. لە حاڵێکدا نە قانوونەکە ئەوەی کردوە، یانی نە قانوونی ئەساسی ئەوەی تێدایە، نە بە عەمەلیش دەوڵەت هەنگاوی هەڵێناوە. کەوابێ لە راستی‌دا تەنیا ئەوەندەیە کە ئاوڕدانەوە بەوە، باسی ئەوە، ئێعترافێکە لە قانوونی ئەساسیدا بە جۆراوجۆریی کۆمەڵی ئێران، لەوە زیاتر بەش بە حاڵی خۆم بایەخێکی تێدا نابینم، چونکی دەوڵەت هیچ تەعەهودێکی وە ئەستۆ نەگرتوە بەرامبەر بە زمانە غەیرە فارسەکان.

**پرسیار :** مامۆستا ئەگەر قانوونەکەش دەوڵەتی مولزەم نەکردبێ، بەڵام خۆت دەزانی ئەو داوایە هەیەو مورەتەب فشاری بۆ دێ، یانی هۆی جێبەجێ نەکردنەکەی دەبێ چی بێ؟ ئایا بەڕاستی زمانی فارسی بەوە زەرەر دەکا کە بە زمانەکانی دیکە بخوێندرێ، بە قەولی ئەوان ئەمنییەتی وڵات و نازانم ئەوە دەشێوێ، بۆ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** من پێموایە ئەگەر لەو روانگەیەوە بۆی بچین کە فەرهەنگی ئێرانی (کەمێکی لێک جودا بکەینەوە لەگەل فەرهەنگی فارسی ـ ئەوە بەشێک لە شووێنیستە فارسەکانن دەیانهەوێ بڵێن فەرهەنگی ئێرانی یەعنی فەرهەنگی فارسی) بەڵام ئەگەر باسی فەرهەنگی ئێرانی بکەین بە هیچ جۆر دایربوونی مەدرەسە بە زمانەکانی دیکە، فەرهەنگی ئێرانی فەقیر ناکا، بەڵکوو دەوڵەمەندی دەکا. بەڵام ئەگەر بێینە سەر ئەوە کە فەرهەنگی ئێرانی بە مەعنای فارسی بزانین، دیسانەکە بۆ ئەویش زەرەری نیە یا ئەگەر زەرەری بوو چ قەیدی هەیە؟ خۆ ناکرێ قازانجی فەرهەنگێک لە سەر ئەساسی زیان گەیاندن بە فەرهەنگێکی دیکە تەئمین بکرێ چ جای ئەوەی بە جارێ ئەو فەرهەنگەی دیکە لە بەرچاو نەگیرێ و ون بکرێ و حەقی بفەوتێ. باشە زەرەری پێ دەگا، با پێی بگا، خۆ ئەو زمانانە نایانهەوێ زەرەر بەوی بگەیەنن، دەیانهەوێ بۆ خۆیان بخوێنن و بۆ خۆیان هەبن. کەوابێ ئەوە بە هیچ جۆر موقەدەس نیە کە لە بەر خاتری ئەوەی زمانی فارسی هەر پێش کەوێ دەبێ کوردو ئازەربایجانی و میللەتانی دیکە بە زمانی خۆیان نەخوێنن. وەکوو ئەوەیە بڵێن ئینگلیزی ئێستا زمانێکی دەسەڵاتدار لە دنیادا، نابێ بە زمانەکانی دیکە بخوێندرێ چونکە زۆر کەس فێری ئینگلیزی نابن!

**پرسیار :** مامۆستا! خوێندن بە زمانی زگماکی وەکوو مافێکی رەوا کە دانی پێدانراوەو لە زۆر قانوونی دنیادا هاتوە، بێبەشی لەو مافەی چ تەئسیرێکی هەیە لە سەر تاک و هەروەها لە سەر نەتەوەیەک و لە سەر زمانەکەی و، بەرخوردار بوون لەو مافەی چ قازانجێک دەگەیەنێ بە زمانەکە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** هەژار یا هێمن شتێکی هەیە کە دەڵێ "خوێندن ئەگەر بە زمانی خۆم بێ زووی دەکەم رەوان". پێش هەموو شتێکی وەکوو حەقی فێربوون بۆ منداڵان، لە تەمەنی منداڵی‌دا، فەرقێکی یەکجار زۆر هەیە لە بەینی منداڵێک کە دەچێتە مەدرەسەی بە زمانەکەی خۆی بخوێنێ، یا بە زمانێکی بێگانە. چونکە کە بە زمانەکەی خۆی دەخوێنێ دەزانین کە لە سەر تەختە سیا یا لە کتێبە دەرسییەکان دا، عادەتەن کتێبی ئەوەڵی ئیبتدایی باسی هەر شتێک دەکرێ عەکسەکەشی لەگەڵە. کەوابوو منداڵ کە دەچێ بۆ مەدرەسەی لە ئەوەڵ رۆژەکان و حەفتەو مانگەکان دا، ئەگەر بە زمانی خۆی بخوێنی دەنگەکە بۆ وی ئاشنایە، مەعنای شتەکەی بۆ ئاشنایە، وێنەکەی بۆ ئاشنایە، تەنیا شتێکی کە بۆی ئاشنا نیە نووسینی ئەو ناوەیە. بەڵام ئەگەر زمانەکە زمانێکی غەیری خۆیەتی . با نەڵێین زمانی بێگانە، چونکە مادام هی وڵاتێکە رەنگە لە باری سیاسییەوە دروست نەبێ بە بێگانەی ناوبەرین. مادام ئێمە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەڵێین هەموومان لە یەک وڵات داین و ئێرانیین . بەڵام هەموویان نائاشنان ئیلا وێنەکە نەبێ. دەبێ دەنگەکە فێربێ، تەلەفوزەکە فێربێ، نووسینەکە فێربێ، و هەموو شتەکان فێربێ و کارەکەی یەکجار زۆر بە زەحمەت ترە لەو حاڵە دا مەعلوومە روشدو پێشکەوتنەکەی وەدوا دەکەوێ. حەتا ئەگەر لە بەر زەکاوەتی زۆری وەدواش نەکەوێ لانیکەمی ئەوەیە کە قورساییەکی زۆر زیاتر دەبێ تەحەمول بکا. یانی وەکوو خەڵفێکی ناسکە کە زۆر بە شلکی لە واقعدا ئەزییەتی دەدرێ و وەکوو کورد دەڵێ دەگەچڵێ. بۆیە بە باوەڕی من بەخۆڕایی نەگوتراوە کە ئەو حەقە وەکوو حەقێکی موسەللەمە بۆ هەموو میللییەتەکان هەیە کە بە زمانی خۆیان بخوێنن.

**پرسیار :** مامۆستا! ئەدی لە سەر خودی زمانەکە و لە سەر خودی میللەتەکە چ تەئسیرێکی هەیە، ئەگەر پێی نەنووسرێ و پێی نەخوێندرێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** هەر لە جێدا خوێندن بە زمانی زگماکی بمانهەوێ و نەمانهەوێ بێ ئەوەی ئێعلام بکرێ، ئێعترافە بە مەوجودییەتی ئەو میللەتە. هەر ئەوە بۆ خۆی تەئسیرێکی زۆری هەیە، جگە لەوەش کە بە بێ شک لە بەر ئەوەی خوێندنی ئینسانەکان، منداڵەکان ئاسانترە لە بەر ئەوەی بە زمانی خۆی دەخوێنێ و زمانەکەی و فەرهەنگەکەی و ئەدەبەکەی و تاریخەکەی گوستەرش پەیدا دەکاو بڵاو دەبێتەوەو پەرە دەستێنێ، دیسانەکە خزمەتێکی زۆر بە بەرەوپێشچوونی کوللی نەتەوەکە دەکا.

**پرسیار :** دیارە بە وڵات فەرق دەکا، بەڵام چۆن لە نێو چەند زمانان دا کە لە وڵاتێکدا هەن یەکیان زاڵ دەبێ بە سەر ئەوانی دیکەداو، هەڵدەبژێردرێ وەکوو زمانی رەسمی و زمانی خوێندن و نووسین و، ئەوانی دیکە فەرامۆش دەکرێن؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** من پێموایە ئەوەش دوو رەوتی هەیە کە عادەتەن زیاتر رەوتی یەکەمیانە. ئەویش ئەوەیە کە تاریخ وای دێنێ، هەلومەرجی تاریخی، هەلومەرجی دەسەڵات، هەلومەرجی ئابووری وا دەکا کە یەکێک لەو زمانانە ئەولەوییەت پەیدا دەکا، تەسەلوت پەیدا دەکا بە جۆرێک لە جۆران وە پێش دەکەوێ. ئەوی دیکە ئەوەیە ئەگەر وا فەرز بکەین نەخێر هیچیان لە پێش هیچیانەوە نین، وەختێکی چەند میللەت لە وڵاتێکی دا دەژین ناکرێ هەموویان هەموو زمانەکان فێربن، دەبێ یەکێکیان بکەنە زمانی موشتەرەکی هەمووان بۆ لێک حاڵیبوون. لەو حاڵەتەدا دەبێ ئەو میللەتەی کە لە هەمووان پترە زمانەکەی وان بکرێ [بە زمانی هاوبەش]، بە دەلیلی ئەوەی کە وادانێین وڵاتەکە ٢٠ میلیۆن جەمعیەتی هەیە، ١٠ میلیۆنی یەک زمانە، ٧ میلیۆنی زمانێکی دیکەیەو ٣ میلیۆنی زمانێکی دیکە، ئەگەر قەرار بێ زمانی ئەو میللەتەی بکەین بە زمانی هەمووان کە یەک میلیۆن جەمعییەتی هەیە دەبێ ١٩ میلیۆن زمانێکی غەیری زمانی دایکی خۆی فێربێ. بەڵام ئەگەر ئەوەی ١٠ میلیۆنییەکە بکەینە زمانی هەمووان، تەنیا ١٠ میلیۆن دەبێ زمانێکی غەیری زمانی زگماکیی خۆی فێربێ. ئەوەی کە مەربوتە بە ئێران دەزانین کە لە واقعدا هەر دووکیانی تێدا هەن، هەم تاریخ وای هێناوە، هەمیش لە ئێراندا لە سەر یەک فارس بە تەنیا زیاتر لە هەمووان نین بەڵام گەورەترین میللیەتە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە زمانی فارسی ئەو شانسەی بۆ هاتۆتە پێشێ کە لە تاریخ دا (ئێستا) زۆر زیرەکتر بوون یا زۆرتر خزمەتیان پێ کردوە [نازانم]، لە تاریخ دا چەند دەورە سیلسلە پاشای ئێرانی غەیرە فارس بوون، غەزنەوییەکان، سەلجوقییەکان، سەفەوییەکان، زەندییەکان، ساسانییەکان ئەوانە هەموو غەیرە فارسن بەڵام هەموویان زمانی دەربارییان ، زمانی رەسمییان فارسی بووە. تەنانەت زمانی دەرباری ئیمپراتوری عوسمانی، فارسی بووە. زمان لە عێراقی عەرەبی، ماوەیەکی زۆر فارسی بووە. هەر لە دەورانی منداڵی من دا لە واقعدا رووناکبیرانی ئەو وەختی لە عێراقیش و تەنانەت لە بەشێکی زۆری ئێران فارسییان دەزانی. یانی رەخساوە کە ببێتە زمانی حاکم، زمانی گەورە، زمانی ئەوەی کە فارس پێی دەڵێ بەرتەر لە مەنتەقەدا.

ئەم بابەتە لە پاشکۆی رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٢٩، تایبەت بە رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی بڵاوبۆتەوە

## وتوویژی تایبەت لە گەڵ کەسایەتی و سیاسەتمەداری کورد مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

ئامادەکردنی سمایل شەرەفی

لەم وتوویژەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کەسایەتی سیاسی و سیمای ناسراوی رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات، وێڕای دەربڕینی راوبۆچوونەکانی لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی سەوزو رێبەرانی ئەم بزووتنەوە، باس لە چۆنیەتی مامەڵە کردنی کورد و هێزە سیاسییەکانی لە گەڵ رووداوەکانی ئەم دواییانەی ناوەندی ئێران دەکات. لەم لێدوانە تایبەتە دا مامۆستا حەسەن زادە هاوکات لە گەڵ رەخنەگرتن لە هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، باس لە ئەرک و وەزیفەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ناوخۆی وڵات لە پێوەندی لە گەڵ چۆنیەتی هێنانە گۆڕێی ویستەکانی کورد لەگەڵ بزووتنەوەی سەوزدا دەکات.



فەرموون لە گەڵ دەقی ئەم وتوویژە:

**پرسیار :** مامۆستا گیان ئەم کاتەت باش!

**وەڵام :** هەموو کاتێکت باش.

**پرسیار :** حەز دەکەم سەبارەت بەو وەزعیەتە کە ئێستا لە ئێران دا هاتۆتە گۆڕێ، بزووتنەوەیەکی بەربەرین لە ئارادایە، راو بۆچوونی جەنابتان ببیستین. سەرەتا ئەگەر ئیزن بدەن لە ناوی خودی بزووتنەوەکەوە دەست پێبکەین . چەند ساڵ پێش ئێستا بزووتنەوەیەک لە ئێران هاتە گۆڕێ بە ناوی بزووتنەوەی رێفۆرمخوازی، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی دەورەی دەیەم ئەم بزووتنەوەیەی خەڵک لە ئەساسدا لەوەوە دەستی پێ کرد کە پێیان وابوو کودەتا لە دەنگەکانیاندا کراوە. ئەم بزووتنەوەیە بە ناوی بزووتنەوەی سەوز دەستی پێ کرد. راتان لە سەر ناوی خودی ئەم بزووتنەوەیە چیە؟

**وەڵام :** ئەو دوو شتانەی باست کردن، فەرقێک هەیە لە بەینی ئەوەی پێشوو و ئەوەی ئێستا دا. چونکی ئەوەی پێشوو لە واقێعدا بزووتنەوەی رێفۆرمخوازی نەک هەر ئەوانەی دەوڵەتی دەگرتەوە بەڵکو زۆر وەخت مەسەلەن رئیس جمهوور لە رەئسی ئەو حەرەکەتە دا بوو کە بە بزووتنەوەی رێفۆرمخوازی ناو دەبرا، لە حاڵێکدا ئەوەی ئێستا هەیە، حەتا ئەو رەمزانەی دێنە بەر چاویش وەکو مووسەوی و کەرووبی و تەنانەت خاتەمییش کە بە دوای وان دا دێ، ئەمانە راستە دیسانەکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەندێ پۆستیان لە دەزگای جمهووری ئیسلامی دا، نەک لە دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی دا هەیە،
بەڵام ئێستا ئەوان عەمەلەن بەشێک لە دەسەڵات نەماون. لانی کەم چوونکی وەختێک باس لە دەسەڵات دەکەین، پێش هەموو شتێک دەسەڵاتی ئیجرایی دەگرێتەوە، ئەمە تا ڕادەیەک زیاتر موقابەلەی تێدایە. لە بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازیدا موقابەلە لە بەینی دوو قۆلی نێو حاکمیەت دا هەبوو، یەکێکیان پێی وابوو کە دەبێ بەم ڕێگایە دا بڕۆن بۆ پاراستنی جمهووری ئیسلامی ئەوی دیکەیان پێی وابوو دەبێ بە ڕێگایەکی دیکە دا بڕۆن هەر بۆ پاراستنی جمهووری ئیسلامی (با تەوەهووم دروست نەکەین). بەڵام ئێستا لە ڕاستیدا ئەوانە بە جۆرێک لە جۆران نەک وەکو ئۆپۆزیسیۆنی ناسراوی دژی کۆماری ئیسلامی، لە موقابیل کوللی کۆماری ئیسلامی دا ڕادەوەستن و دەڵێن دەبێ نیزامەکە جۆرێکی دیکە بەڕێوە بچێ . نەک ئەوەکە لە دژی کوللی کۆماری ئیسلامی وەکوو ناوو ماهییەتی کۆماری ئیسلامی بن، بەڵام لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی دا بەو جۆرەی هەیە ڕاوەستاون، یانی لە حاکمییەت دا بەشێکیان نیە.

لە سەر ناوبردنی بە بزووتنەوەی سەوز ڕەنگە پیاو قەزاوەت و نەزەری خۆی بڵێ، چونکە لەوانەیە دروست نەبێ ئێمە لە جیاتی ئەوان قسە بکەین. ئێمە ناومان لێ نەناوە-و لە ناولێنانەکەش دا بەشدار نەبووین و تەنانەت سەرچاوەی ئەو ناولێنانەشمان ( لانی کەم ئەمن ئاگام لێی نیە) نازانین کێن کە ئەو ناوەیان لێ-ناوە. بەڵام هێندێک تەفسیر لەو ناوە دەکەن، ئەمن لە گەڵیان نیم، مەسەلەن دەڵێن ئەو بزووتنەوە سەوز نیە وهەموو ڕەنگەکانی تێدان. ئەمن جارێ ئارەزوو دەکەم ئەوەی بە حەق لێرە ( لە کوردستانی باشوور) کراو ناوی نرا "شەڕە پەڕۆ"، قەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران تووشی نەبین. ئەگەر لە بیرێشمان بێ لە ئێرانیش دا وەکوو ڕەنگ و شتی سیاسی تەنیا لە نێو کومونیستەکان دا تا حەددێک ڕەنگی سوور مەعنای سیاسیی هەبوو، لە نێو مەزهەبیەکانیش دا ڕەنگی ڕەش و سپی مەعنای دیکەیان هەبووە، بەڵام مەعنای سیاسیی نەبووە. مەسەلەن لە ئێراندا مەلاکانی شیعە ئەوانەی سەییدن عەمامەی ڕەشیان لە سەرە و ئەوانەی دیکە عەمامەی سپییان بەستوە، ئەوە بە سەدان ساڵ پێش ئێستا وابووەو ڕەنگە زیاتریش مانای مەزهەبی هەبێ تا باری سیاسی. ئێستاش کە بزووتنەوەکە بە بزووتنەوەی سەوز ناو دەبرێ، ئەمن وای تێدەگەم تەنیا بۆ ئەوەیە کە بڵێن ئێمە نامانەوێ بزووتنەوەیەکی خوێناوی وەڕێ بخەین و بە توندو تیژی بجووڵێینەوەو دەمانەوێ بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانەو هەرلەوکاتە دا ئاشتیخوازانەو هێمنانە بەڕێوە بەرین بۆ وەدەستهێنانی داخوازەکانمان. ویست و داخوازییەکان لە ئەوەڵەوە تا ئێستا فەرقی زۆریان کردوە. لە ئەوەڵەوە ئەو قۆناغە کە دەستی پێکرد بۆ ئاکامەکانی هەڵبژاردن بووو داوای دەنگەکانی خۆیان دەکرد، لە پاشان بەرەبەرە پەرەی گرت هەتا ئێستا تەنانەت لە لایەن خودی ئەوانەشەوە کە خۆیان بە سێمبولی ئەو بزووتنەوەیەدەناسن گۆڕاوە. بەڵام بێجگە لەوەش خەڵکێکی زۆری دیکە هەیە کە هەر دەستەو گرووپەو جاری وایە هەر نەفەرەو بۆ خۆی دروشمی خۆی دەدا. بە هەر حاڵ ئەوەندەی پێوەندیی بە ناوەکەوە هەیە مەبەست ئەوە نیە ئەمە گرووپێکن لەم بزووتنەوەیەدا کە دەیانەوێ ناوی خۆیان بنێن سەوزو ڕەنگی سەوز وەکوو سێمبولی خۆیان دابنێن. مەبەستەکە هەر ئەوە بووە کە حەرەکەتەکە حەرەکەتێکی ئاشتیخوازانەیە.

**پرسیار** : مامۆستا لە ماوەی ئەو ٧- ٨ مانگەدا ئەو بزووتنەوەیە گەلێک هەنگاوی پڕەسکەوتی ناون و گەلێک قۆناغی تێپەڕاندوون، بەڵام کۆمەڵێک خاڵی لاوازیشی هەن و یەکێک لەوانەی کە دەسنیشان دەکرێ هێندێک پێیان وایە ئەم بزووتنەوە-یە بێ ڕێبەرە و وا باس دەکرێ کە ئەمە خودی خەڵکە کە ڕێبەریی خۆی دەکات. لە ئەساس دا چەندە لە گەڵ ئەوەدان کە ئەم بزووتنەوە بێ ڕێبەرەو ئایا ئەسڵەن خەڵک خۆی دەتوانێ جیا لە شوورایەک یان کۆمیتەیەک ڕۆڵی ڕێبەری بگێڕێ؟

**وەڵام** : لە پێشدا با لە سەر بەشی یەکەمی پرسیارەکە ئەمن باوەڕی خۆم بڵێم. ئەمن پێم وایە ئەو بزووتنەوەیە دەسکەوتی هەبووە، بەڵام ئەو دەسکەوتەی تا ئێستا بە دی هاتوە و چاومان پێی کەوتوە ئەوە نیە کە پاشەکشەیەکی بە حاکمییەت کردبێ یان بەشێک لە مەتڵەبەکانی هێنابێتە گۆڕێ. دەسکەوتێکی دیکە هەیە کە پێم وایە دەسکەوتێکی زۆر گەورەیە و دەتوانێ ڕێخۆشکەری دەسکەوتی سیاسیی ئایندە بێ، ئەویش ئەوەیە کە لە لایەکەوە هاودەنگییەکی بێ وێنە لە نێو چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران دا پێکهاتوەو لە سەر یەک شتی گشتی کە دەڵێ ئەم حاکمییەتە لە کوللییەتی خۆیدا نەک ئەم جەناح و ئەو جەناح وڵامدەری داخوازەکانی خەڵک نیەو دەبێ گۆڕانی بە سەردا بێ. مەبەستم ئەوە نیە کە بڵێم ئەوان دەیانەوێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێ، نا.. ڕەمزەکانی و سێمبولەکانیشی باسی کۆماری ئیسلامی دەکەن کە پێی وەفادارن . بەڵام ئەو شتانە کە تەنانەت لە زاری سێمبولەکانیش هاتوونەتە دەرێ ، ئەوەی تێدایە کە دەڵێ دەبێ ئەو کۆماری ئیسلامییە بگۆڕێ، مەسەلەن هەر پێش هەڵبژاردن لە بەرنامەی ئاغای کەڕووبی دا هەیە کە دەڵێ زەروورەتی هەیە کە قانوونی ئەساسی دەسکاری بکرێتەوە. وەختێک پرسیار دەخاتە سەر قانوونی ئەساسی، مەعنای وایە کە لە گەڵ کوللی حاکمییەت و کوللی ئەو دەم ودەزگایە مەسەلەی هەیە، نەک بیهەوێ بیگۆڕێ. ئاغای کەڕووبی ئێستاش و تا ماویشە نەک هەر موسڵمان بووەو موسڵمانەو موسوڵمان دەمێنێتەوە، بەڵکوو لەوانەیە باوەڕی هەر بە سیستمێک بە ناوی کۆماری ئیسلامییش هەبێ، بەڵام لەوەدا زۆر چوونەتە پێشێ و داوای گۆڕان دەکەن و خەڵکێکی دیکە کە ڕادیکاڵترن زۆر زیاتر لەوان تەرەفداری گۆڕانی کوللی ماهییەتەکەو کوللی سیستمەکەن و تەنانەت بەشێکیشی تێدایە کە هەر لایەنگری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا و هاتنی سیستمێکی دیکەن. لە نێو دروشمەکان دا گوێمان لێ بوو کە باسی جمهوری ئێرانی دەکەن، نە جمهوری ئیسلامی. ئەمن پێم وا نیە فکرێکی مونسەجیمی موتاڵاکراوی پەسەندکراو لە لایەن مەرجەعێکی سەڵاحییەتدارەوەی تێدا بێ، بەڵام با بڵێین هەر گرووپێکی ڕووناکبیری لەناوخۆیان دا ئەوە دەکەن، ئەوە بۆخۆی فکرێکە. کەوابێ ئەمن پێم وایە دەسکەوتێکی گەورەیە.

کە بێینەوە سەر ئەوەی داخوا ڕێبەریی هەیە یان نا. پێم وایە هێچ کام لەو دوو جوابانە سەدی سەد دروست نین. ئەگەر بڵێین موتڵەقەن ڕێبەری نیە ئەوە دروست نیە. چونکی بە بێ شک جەمعێک لەو خەڵکە هەموویان نین کە دروشمی "یا حسین میر حسین" دەدەن، میر حوسێن مووسەوی بە ڕێبەری خۆیان دەزانن. میر حوسێن و کەڕووبی بۆ خۆیان کاندیدای سەرۆک کۆماری بوون وئەوان پێیان وایە دەنگەکانیان بە تاڵان چووەو ئەوان وەپێش حەرەکەتی خەڵکی کەوتوون و ئێستاش بوونە مەرجەع بۆ خەڵکی خۆیان. کەوابێ بە جۆرێک لە جۆران ڕێبەریی ئەو بزووتنەوەیان بە دەستەوەیە، با ڕێبەریی کوللی جۆراوجۆرییەکانی نێو بزوتنەوەکەشیان بە دەستەوە نەبێ، بەڵام بە جۆرێک لە جۆران نەخشی ڕێبەرییان هەیەو خەڵکێک کە لەوانەیە زۆرتریش بن لەوانەی دێنە سەر شەقام چاویان لە زاری وانەو گوێیان لە قسەی وانە. بەڵام لە عەینی حاڵ دا هەر وەک لە بەیانیەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان دا هاتبوو لە ڕاستی دا ئەو بزووتنەوەیە ڕێبەرییەکی نیە کە لە لایەن جۆراوجۆرییەکانی نێو خۆیەوە هەڵ-بژێرابێ. ئەوە کە دەڵێن خەڵک خۆی ڕێبەریی خۆی دەکا، ڕەنگە بە مانایەک بڵێین ئەو خەڵکە ڕێبەری لە نێو خۆیدا دروست دەکا و هەڵدەبژێرێ. بەڵام خەڵک چۆن ڕێبەری دەکا: خەڵکێک کە لە سەر بیرو باوەڕێک یەکی نەگرتوە، کە قسەی خۆی کۆ نەکردۆتەوە، ملیونێک، دوو ملیون، سەد هەزار، دە هەزار، پێنج هەزار کەس، هەزار کەس و تەنانەت سەد کەس چۆن دەتوانن لە سەر شەقام ساغ ببنەوە؟! دەبێ لە جەمعی چووکتردا لە فەزای بەستەتردا موتالەعە بکرێ . بەڵێ دەبێ ڕێبەرییەکە هەڵبژێردرێ، جا ئەو ڕێبەرییە دانیشێ موتاڵا بکا تا شوعارەکانی و سیاسەتەکانی دابڕێژێ. خەڵک ناتوانن ئەوە بکەن. هەر کەسەو هەڵدەستێ و شتێک دەڵێ. بێنە میکرۆفۆنێک بە دەستەوە بگرە لە نێو تەزاهوراتێکی سەد هەزار کەسی دا لە پەنجا جێی جیا پرسیا لە پەنجا کەس بکە، هەر کەسەو شتێکت پێ دەڵێ، ئەوە چۆن دەبێتە ڕێبەری؟! ڕێبەری ئاوا ناکرێ. ئەوە کەمێک دروشمێکی عامە پەسەندە و خەڵک ئەو شتەی پێ خۆشە، بەڵام قسەیەکی مەسئوولانە وسیاسی نیە. ڕێبەری دەبێ هەڵبژێردرێ و دیاری بکرێ. ڕێبەرییەک کە هەڵبژێردراوە شەرتیش نیە بە ڕێفراندۆم بێت ئەوە ئێستە لە ئێران دا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مومکین نیە، بەڵام ئەو گرووپانە کە لە نێو ئەو بزووتنەوەیە دان دەبێ لە نێو خۆیان دا بە جۆرێک لە جۆران یەکتر ببینن و ڕێبەرایەتییەک هەڵبژێرن و خەت بدەن بە جۆرێک کە جۆراوجۆرییەکانیشی تێدابێ و هەر لەو خەڵکە نەبێ کە دێنە خیابانێ. جا ئەگەر بەم مانایە بێ، بەڵێ دەتوانین بڵێین کە ڕێبەرایەتییەکی دڵخوازی نیە. بەڵام بە موتڵەقییش بڵێین کە هێچ ڕێبەرییەکی نیە، ئەوەش دروست نیە.

**پرسیار :** بەشێک لەڕێبەرانی دیاری ئەو بزووتنەوەیە کەسانێکن کە ۵- ۶ ساڵ لەمەوبەر بە "ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی" دەناسران. ئایا ئێستاش دەکرێ ئەم ناوەیان لەسەر بمێنێتەوە؟

**وەڵام :** ناوبردنی ئەمانە بە "ڕێفۆرمخوازی حکوومەتی" ناتوانێ لە هەلومەرجی ئێستادا ناولێنانێکی دروست بێ. چوونکە دەسەڵاتدارانی حکوومەت ئێستا حەز دەکەن ئەمانە سەریشیان پێوە نەبێ. بەڵام بەباوەڕی من ناوی "ڕێفۆرمخواز" بۆ ئەمانە ئێستاش ناوێکی پڕبەپێستە. خۆ ئەمانە نایانەوێ شۆڕشێکی قووڵی کۆمەڵایەتی وەڕێ بخەن یان کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدا برووخێنن، ئەوان دەیانەوێ لەچوارچێوەی ڕێژیمەکەدا ڕێفۆرمێک بکرێ کە بەشێک لە ویستەکانی خەڵکی پێ دابین ببێ. ئەمە لەخۆیدا باشە، بەڵام شۆڕش نیە.

**پرسیار :** چەند ڕۆژ لەمەوبەر مەهدیی کەڕڕوبی لە لێدوانێکدا ڕای-گەیاند کە لەبەر ئەوەی ڕێبەر واتە خامەنەیی سەرکۆماریی ئەحمەدی نیژادی پەسند کردوە ئەمنیش بە سەرکۆماری دەزانم. ئەم قسەیە دژکردەوەی جۆراوجۆری لەسەر دەربڕا. ئێوە چۆنی بۆ دەچن؟

**وەڵام :** مەسەلیکی عەرەبی دەڵێ ئەگەر قسەکردن زیو بێ بێدەنگێ زێڕە. بەباوەڕی من ئەم مەسەلە لێرەدا بەتەواوی ڕاست دێتەوە. ئاغای کەڕڕوبی ئەوکاتەی سەرۆکی مەجلیس بوو و دەیەویست دەگەڵ خامەنەیی بە ڕێگایەکدا بڕوا، لەبارەی بڕیارێکی "ڕێبەر"ەوە گوتی "ئەمە حوکمی حکوومەتییەو دەبێ بەڕێوە بچێ" ، ئێستاشی دەگەڵ بێ لێی بۆتە "قیلی کەوای سپی"و شاقەلی بەر نادا. ئیستا بەهەر مەبەستێک ئەو قسەیەی کردبێ، نەکردنی باشتر بوو. ئەم جۆرە هەڵوێستە نەزەری "ڕێبەر" بەرامبەر بەو ناگۆڕن جوونکە بیهەوێ و نەیهەوێ تازە کەوتوونە دووخەتی بەرامبەرەوە و پێک گەیشتنیان زۆر دژوارە. بەڵام دەتوانێ زەبر لە ئیعتیباری کەڕڕوبی لەلای لایەنگرانی بدا کە بەقازانجی کەس نیە.

**پرسیار :** لە گەڵ ئەوەی نزیک بە هەشت مانگە ئەم بزووتنەوەیە بەردەوامە بەڵام تا ئێستا نەی-توانیوە بە شێوەیەکی گشتگیر هەموو شارو ناوچەکانی ئێران بگرێتەوە لە چەند شارێکی ئێراندا خۆی هێشتۆتەوە و پەل و پۆی نەهاویشتوە پێتان وایە ئەو بەربەستانە یان ئەو خاڵانەی کە وای کردوە کە ئەو حەرەکەتە پەرە نەستێنێ بۆ شوێن و ناوچەکانی ئێران چیە؟

**وەڵام :** من جارێکی دیکەش کە کەمێک زیاتر پەیوەندیی بە کوردەوە هەبوو شتێکی ئاوام باس کردوە. پێم وانیە خەڵکەکەی دیکە بەشدار نین. یانی ئێمە زیاتر شتی کوردستانمان لە بیرەو دەی بینین، بەڵام هەر لە بارەی کوردستانەوە کە بڕوانین، دەبینین لە ڕووداوەکانی تاران دا چەند کەس لە کوردەکان بەشدار بوون و شەهید بوون. کەوابێ میلییەتەکانی دیکەش ئەگەر تەنیا لە مەرکەزیشەوە بەشدارن، حزووریان هەیە . بەڵام ئەوە کە شتەکە بۆچی فەراگیر نەبووە، بە باوەڕی من هۆیەکەی ئەوەیە کە شناسایی خەڵک لە موحیتی چوکەڵە دا بۆ هێزە ئەمنیەتیەکان ئاسانە، لە پاشان بەربەرەکانیی هێزە سەرکوتکەرەکان لە مقابیل کۆمەڵی بچووکتردا ئاسانترە. ئەوە تەنیا لە تاران و ئیسفەهان و مەشهەدو ئەو شارە گەورانەیە کە دەتوانرێ خۆپیشاندانی سەدان هەزار کەسی و جاری وایە ملیون کەسی ڕێک بخرێ و حاکمییەت نەتوانێ بەرەنگارییەکی توندی لەگەڵ بکا، چونکی پێی ڕاناگا. ئەگەر لە شارێکی چوکەڵەی وەک "میانە" بێ، کۆماری ئیسلامی ڕەنگە بتوانێ بە قەدەر خۆپێشاندەران و کەمێکیش زیاتر بۆ موقابەلەی وان بنێرێ. بەڵام وەختێکی بە ملیون کەس بێتە مەیدان کۆماری ئیسلامی توانای ئەو بەربەرەکانیەی لە گەڵی دا نیە. بە هەر حاڵ لە ئینقلابی ۵۶ و ۵۷ی ئێرانێش دا ئەوەمان هەر دی کە لە ئەوەڵەوە ، ئەوەڵین بڵێسەکە لە قومێ را بوو دوایە لە تەورێزێ بوو و ئەمجار تاران و ئیسفەهان و شیرازو شارە گەورەکانیدیکەی گرتەوە، جا دوایە وای لێ-هات تەنانەت لە دێهاتیش جەمعێک خڕ دەبوونەوە-و تەزاهوراتیان وەڕێ دەخست. ئەم مەرحەلەیەش ڕەنگە بگاتە ئەوێ بەڵام ماویەتی.

**پرسیار :** بۆچونێک هەیە پێی-وایە ئەوەکە ئەو بزووتنەوەیە نەیتوانیوە لە هێندێک شوێنی وەک کوردستان و ناوچەکانی جێگای ژیانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران پەرە بستێنێ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوەکە ئەو بزووتنەوەیە هیچ قسەیەکی بۆ نەتەوەکانی ئێران پێ نیە لە باری نەتەوییەوە. جیا لەو هۆکارانەی کە جەنابتان باستان کرد بۆ هۆکاری سیاسییشی دەگەڕێننەوە کە خەڵکی کوردستان بۆ نموونە هەست بەوە دەکا کە ئەو بزووتنەوەیەو ڕێبەرانی تا ئێستا شتێکی وایان باس نەکردوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بێنە مەیدانەکە و بەشداریی ئەم بزووتنەوەیە بکەن.

**وەڵام :** ئەو قسەیە بە تەواوی ڕاستە، بەڵام یەکلاکەرەوە نیە. لە سەرەتادا با لە یەکلاکەرەوهنەبوونەکەیەوە باس بکەم: لە ساڵی ۵۶ و ۵۷ یش دا ئەو بزووتنەوەیەی لە تەورێز کە شوێنی ژیانی یەکێک لە نەتەوە زۆرلێکراوەکانیشە سەری هەڵدا شوعاری میللیی تێدا نەبوو. بەڵام کە بزووتنەوەکە بەربڵاو بوو، لە هەموو شوێنێک خەڵکەکە هاتە مەیدان و وێڕای ئەو دروشمە گشتی و سەرتاسەرییانە، دروشمەکان و داخوازییەکانی خۆشیان هێنایە گۆڕێ. کەوابێ بۆ ئەوەی خەڵکەکە بێتە مەیدان پێویست ناکا حەتمەن لە مەرکەزەکە را ئەو شۆعارانە بێنە گۆڕێ. لە پێش دا ئەوە ئەرکی خۆیانە کە بێنە مەیدانێ و دروشم و ویستەکانی خۆیان مەترەح بکەن. ئەمە کە ڕێبەرانی بزووتنەوە مەسایلی پێوەندیدار بە میلییەتەکان نایەننە گۆڕێ دەلیلێکی یەکلاکەرەوە نیە. وەک گوتم جارەکەی دیکەش لە مەرکەزەوە نەگوترابوو بەڵام خەڵکەکە هاتن و بەشدار بوون-و هات و قسەکانی خۆشیان مەترەح کرد. بەڵام وەکی دیکە بە تەواوی ڕاستە. ڕەنگە ئەو وتووێژەی ئێمە دەیکەین قەت بە گوێی ئاغایان مووسەوی و کەڕڕووبی نەگا، بەڵام زۆر جێی داخە کە ئەوان تەنانەت ئەو دروشم و بەڵێنانە-ش کە لە بەیاننامەکانی پێش هەڵبژاردنەکان دا باسیان کردن و ڕایانگەیاندن، ئەوانیشیان بایەگانی کرد. بەتایبەتی کەڕڕوبی شتی نیسبەتەن جوانی لە باری حقوقی میلەتانی زۆرلێکراوی ئێران دا هەبوو. بەڵام هەر وابزانە ئیدی ئەوە تەواو بووە و پێویستیی بە باسکردن نەماوە. جگە لەوەش پێم وایە دیسان دەگەڕێمەوە سەر بەیانیەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە شتێکی جوانی تێدایە- دەبێ جەریانەکانی نێو بزووتنەوەی ئێران بە هەموویانەوە بە دوای یەکتردا بگەڕێن و یەکتری بدۆزنەوە و قسەی خۆیان پێکەوە بکەن بە یەک. ئەمن پێم وایە نابێ ئێمە گەلانی زۆر لێکراو ڕاوەستین تا لە مەرکەز لە تاران و مەشهەدو ئیسفەهان و... قسەمان بۆ بکەن، ئێمە دەبێ بە دوایان دا بگەڕێین، مەسایلی خۆمانیان لە گەڵ بێنینە گۆڕێ و مەسایلی خۆمانیان پێ تەفهیم بکەین تا ئەوان لە شوعارەکانی خۆیاندا بیان-گونجێنن. پێیان بڵێین کە دەردو گرفتی ئێمە ئەوەیە. تا ئێستاش بەشێکی زۆری خەڵکی ئێران لە ئێمە حاڵی نین. مەسەلەن هەر ئەوڕۆکە (١١ی ڕێبەندان) ئەمن شتێکم دی، بەڕاستی سەری جەرگم هێشا. هەر ئەمڕۆ بەیانی، تەرحی بەیانیەیەکم دی کە بڵاویان کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئیمزا بکرێ لە دژی ئێعدامەکان، باسی ئێعدامی ئەو دوو نەفەرەی ئەخیر دەکا، باسی ٩ نەفەر دەکا کە حوکمی ئێعدامیان دراوە. بەڵام لە دوور و نزیک باسێک لە دوو نەفەر کورد کە حدوودی مانگێک پێش ئێستا ئێعدام کراون یەکیان کەمتر لە مانگێکە و ئەوی تریان زیاتر لە مانگێکە ئێحسانی فەتاحیان و فەسیحی یاسەمەنی و باسی ئەو ٢١ کەسە کوردەی دیکە ناکا کە حوکمی ئێعدامیان بۆ بڕاوەتەوە. یانی ئەو دیقەتەیان نیە کە زیاتر لە سەدا حەفتای مەحکوم بە ئێعدامەکان بە تەنیا لە کوردستانە. ئەوە زۆر نەقسێکی گەورەیە بە بەیانیەکەی ئەوانەوە. بۆ من زۆر تاڵە، بەڵام لە عەینی حاڵ دا ئەمن پێم وا نیە هەر دەبێ لەوانمان ئینتزار هەبێ. ئێمە مادام وەکوو کورد، هەموو حیزبە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستانییەکان، و وەک بزانم هێزە سیاسییەکانی میللەتەکانی دیکەش هەموویان شوعاریان ئەوەیە کە دەبێ لە چوارچێوەی ئێران دا مەسایلی میللییان چارەسەر بکەن، مادام ئێمە ئەوە شوعارمانە و دەمانەوێ لە ئێران دا مەسەلەکانمان حەل بێ، دەبێ بۆخۆمان بە دوای وان دا بگەڕێین. ئێمەدەبێ حاڵییان بکەین. بەڵێ ئەو لە بەر غروور و بێ خەبەرییە، لە بەر ئەهمیەت پێنەدانە، لە بەر هەر شتێکە، باسی ناکا. مەعلوومە هەر لە دنیادا وایە. هەرچی لە کوردستان هەبێ ناتوانێ وەکوو ئەوەی لە تاران هەیە دەنگدانەوەی هەبێ. لە بەر هەرچی هەیە ئەوان لە ئێمە دوورن، ئێمە دەبێ لە غەمی ئەوەدا بین.

**پرسیار :** مامۆستا حەز دەکەم بە تایبەت بپەرژێینە سەر کوردستان، جەنابت پێت وایە ئێمە وەکوو کورد لە رێبەرانی ئەم بزووتنەوەیە بگەڕێین لە گەڵیان دانیشین و ویست وداخوازییەکانی خۆمانیان پێ بگەیەنین. بۆچونێک هەبوو چەند مانگ لەوەو پێش پێی وابوو کە ئەو بزووتنەوەیە کە هاتۆتە گۆڕێ تایبەت بە ناوەندی ئێرانەو هیچ پێوەندییەکی بە کوردو کوردستانەوە نیەو هێندێکیش پێیان وایەو ئێستاش لە سەر ئەو باوەڕن کە کورد دەبێ بە نیسبەت مەسایلێک کە لە ناوەندو پایتەختی ئێران دێتە گۆڕێ کەمتەرخەم نەبن. بە رای ئێوە کام لەم روانینانە بە قازانجی مەسەلەی کوردە لە ئێران؟

**وەڵام :** پێم وایە زۆر دوور لە سیاسەتە ئەگەر لەو فەزایەدا کە باسم کرد – هێزە سیاسییەکان و پێش هەمووان باسی هێزی سیاسیی کوردم کرد شوعارەکانیان چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردە لە نێو ئێران دا، بەڵام بڵێن بزووتنەوەیەک کە لە ناوەندو لە بەشێکی عومدەی ئێران و بە تایبەت لە شارە گەورەکان دا هەیە، پێوەندیی بە ئێمەوە نیە. مێژووی تازەو کۆن نیشانی داوە هەر وەخت ئاڵوگۆڕ لە مەرکەزدا هەیە، ئەو ئاڵوگۆڕە لە کوردستانیش رەنگ دەداتەوە. مەسەلەن زەمانی موسەددیق کە شا لە ئێران هەڵدێ هێشتا نەگەیوەتە بەغدا، لە مهابادێ دەڵێن "بەغدا نیوەی رێیەت بێ". لە ئینقیلابی ٥٦ و ٥٧ دا کە تاران دەشڵەژێ و داخوازییەکان دێنە گۆڕێ لە کوردستانیش دەست پێ-دەکا. کە لە تاران رێژیم دەرووخێ، کوردستان عەمەلەن دەکەوێتە دەست خەڵک و ئازاد دەبێ. وەختێک لە کوردستان ئازادی و دێموکراسی هەبوو رێژیم بە هەر دەلیلێک دیارە زیاتر بە دەلیلی زەعف بوو پاشەکشێی کردبوو لە موقابیل حەرەکەتی خەڵک دا، لە تارانێش ئازادی و دێموکراسی هەبوو، لە گەڵ حەملە کرا بۆ سەرکوتی کوردستان لە تارانێش دەفتەری حیزبەکان و رۆژنامەکان داخران. ئەو دوانە لازم و مەلزوومن و پێکەوەن . قسەیەکی پیاوێکی سیاسییە کە دەڵێ تا وەختێکی میللەتان لە نێو وڵاتیکی دا دەژین بە هەزاران هەودای ئاشکراو ناپەیدا پێکەوە گرێ دراون. مەعلوومە، چۆن مەربووت نیە، بەڵێ مەربووتە و ئەو مەسەلەیە مەسەلەی ئێمەشە. ئەوە کە لە خیابانەکانی تاران دا دەگوترێ و هاتۆتە گۆڕێ، "کوانێ دەنگەکانمان" یا تەنانەت ئەوانەی دواتریش، ئەوە هەموو داخوازی ئێمە نیە، داخوازی ئێمە تەنیا دەنگەکان نین، ئەوە نیە کە داخوا ئەحمەدینژاد سەرۆک کۆماری ئێران دەبێ یان مووسەوی یان کەڕرووبی یان کەسێکی دیکە، داخوازییەکانی ئێمە هەرئەوانە نین، بەڵام ئەوە بزووتنەوەیەکە کە لە دژی دیکتاتۆری و لە دژی نەبوونی ئازادی دەستی پێکردووە ئەوە دروشمی ئێمەشە. لە فەزایەکی ئاوادایە کە ئێمە دەتوانین شۆعارەکانمان تەرح بکەین. مەریوان بە تەنیا راست بێتەوە، تەنانەت ئەگەر کرماشانیش بە تەنیا راست بێتەوە زۆر بە ئاسانی سەرکوت دەکرێ، بەڵام کە ئێران راست بێتەوە سەرکوت ناکرێ.

**پرسیار :** هەر لەو پێوەندییەدا بەشێک لە چالاکانی سیاسیی کورد لە دەرەوەی وڵات لە بەیاننامەیەک دا کۆمەڵێک ویست و داخوازیان روو بە بزووتنەوەی سەوز مەترەح کردوە، حەز دەکەم رای بەرێزتان لەو پێوەندییەداو بە گشتی لە سەر ئەو جۆرە هەوڵانە بزانین . پێتان وایە کورد دەبێ بە چ شێوەیەک مامەڵە لە گەڵ ئەم بزووتنەوەیە بکا؟

**وەڵام :** ئەو شتانەی لەو بەیاننامەیەدا هاتوون لە راستی دا لە گەڵ هیچیان موخالەفەتێکم نیە و پێم شتێکی باشن. بەڵام لە گەڵ ئەوەکە باس لە بزووتنەوەی سەوز دەکا لە خودی تەرحی داخوازەکان دا موخاتەب زۆر روون نیە، ئەوەی لە کێی داوا دەکەن؟ لە کۆماری ئیسلامی داوا دەکەن، بۆ باسی بزووتنەوەی سەوز دەکەن، لە بزووتنەوەی سەوز داوادەکەن؟ سیغەی داواکردنەکە دەبوو جوورێکی دیکە بێ. دەبوو ئاوابێ کە "ئێمە لە بزووتنەوەی سەوز داوا دەکەین ئەو مەتالیبە لەبەرنامەی سیاسیی خۆی دا بگونجێنێ"، نەک ئەوەکە "ئێمە داوا دەکەین ئەوە جێبەجێ بکا"، بزووتنەوەی سەوز دەتوانێ چی جێبەجێ بکا؟! یان ئێمە خیتابمان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی خۆیەتی، ئەوە شتێکی دیکەیە. تەنیا شتێکی کە هیچ پێویست ناکا بیڵێم بەڵام بۆ خۆم باوەڕم پێیەتی، یەکێک لە شتەکانیانە کە داوای هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدام دەکا، رەنگە ئێستا لە کۆمەڵگای ئێران دا هەڵوەشانەوەی ئێعدامی موتڵەق وەختی تەرح کردنی نەبێ. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم و وەک نەزەری خۆم هەمیشە دەڵێم، یەکێک پێی خۆشە یەکێک پێی ناخۆشە کەیفی خۆیەتی، هەڵوەشانەوەی ئێعدام لە مەتتەقەیەک دا، لە وڵاتێک دا کە فەزای فکری و سیاسی و فەرهەنگی وەک ئێستای ناوچەکەی ئێمەیە، بەشێوەی موتڵەق کارێکی باش نیە. بەڵام دەکرێ بڵێین لەغوی ئێعدامی سیاسی، دەنا لە فەرهەنگی ئێمەدا وایە، ئەگەر کابرا بزانێ نای کوژنەوەی لە سەر شتێکی زۆر کەم بایەخ حازرە یەکێک بکوژێ. باشترین بازدارەندە ئەوەیە کابرا بزانێ ئەگەر بکوژێ دەکوژرێتەوە. رەنگە ئەمە کەمێ زوو بێ تا فەزای فەرهەنگی جامعەکەمان گۆڕانی بە سەردا دێ. دەنا بە گشتی داخوازییەکانیان، داخوازی مەعقوول و مەنیتقین.

**پرسیار :** وەکوو کورد دەبێ بە چ شێوەیک مامەڵە لە گەڵ ئەم بزووتنەوە یە بکرێ؟

**وەڵام :** رەنگە دووپاتە کردنەوە بێ، ئەمن پێم وایە دەبێ کورد سەعی بکا بۆ خۆی قسەی هەبێ، کورد نازانم دەڵێ چی؟ ئێستا کورد قسەی منە، قسەی تۆیە، قسەی ئەم حیزبە، قسەی ئەو حیزبە، ئەوە بەدبەختییەکی یەکجار زۆر گەورەیە کە یەخەی کوردی گرتوە. لە حاڵێک دا هەموومان باس لە یەکیەتی دەکەین. بەڵام بە عەمەل هیچی بۆ ناکەین، بەتایبەت هێزە سیاسییەکان. کورد لە کاناڵی هێزە سیاسییەکانەوە دەتوانێ قسەی خۆی بکا بە یەک. دەنا خۆ هەموو کورد دە ملیون دوازدە ملیون کورد پێکەوە دانانیشێ، دەبێ هێزە سیاسییەکان پێکەوە دانیشن. راستە کە هێزە سیاسییەکان هەموویان منادی ئەوەن کە دەبێ قسەی خۆمان بکەین بە یەک، بەڵام کابرا حازر نیە پێکەوە دانیشێ. چۆن قسەی خۆت دەکەی بە یەک کە حازر نەبی دانیشی. ئەمن رەنگە بە جۆرێک پێم باش بێ کە ئێستا ئێمە لە کوردستان داوا لە خەڵکی ناکەین بێنە مەیدان. داوا بکەین کە چی، حیزبی دێموکرات شتێکی پێ بڵێ و ئەوی دیکە شتێکی دیکەی پێ بڵێ، سەر لێشێواوی؟ یانی ئێستا کورد بۆ خۆی، هێزە سیاسییەکانی و بەوانەی بە ئۆپۆزسیونی دەرەوەی وڵات ناسراون و ئەوانەی بە ئۆپۆزسیونی نێوخۆی وڵات ناسراون، یان بڵێین ئەوانەی بە دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی ناسراون، ئەوان تا ئێستا پێکەوە قسەی خۆیان نەکردوە بە یەک تا پێکەو داوا لە کۆمەڵانی خەڵک بکەن لە رێگای خۆیان و بە سیغەی خۆیان مافەکانیان داوا بکەن. کەوابوو دەبێ کورد لە پێش دا قسەکانی خۆی بکا بە یەک، کە کردی بە یەک ئەو وەختی بگەڕێ لایەنەکانی نێو ئەو بزووتنەوەی لە ئێران دا دەستی پێکردوە ببینێتەوەو بڵێ کورد قسەی خۆی هەیە. لە پاشان هاودەردی کورد چوار میللیەتی دیکەی ئێرانیشن کە ئەوانیش داخوازیان هەیە و ئێران هی هەموانە.

**پرسیار :** مامۆستا وەک دوایین پرسیار، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی وابووە چالاکانی سیاسی و مەدنیی نێوخۆش هێزێکن و دەبێ تەنیا چاویان لە دەمی حیزبەکان نەبێ و بۆ خۆیان هەوڵ بدەن. لە جەریانی هەڵبژاردنەکان دا زۆر باش و بە شێوەیەکی یەکگرتووانە بە گەڵاڵە کردنی ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لە گەڵ کاندیداکان دادەنیشتن و داخوازەکانی کوردیان مەترەح دەکرد. پێتان وایە لەم قۆناغەدا ئەوان ئەرکیان چیە لە نێوخۆی وڵات؟

**وەڵام :** ئەمن ناتوانم وەزیفەیان بۆ دیاری بکەم. تەنانەت پێم وایە حیزبەکانیش ناتوانن وەزیفەیان بۆ دیاری بکەن، چونکی کارێکی ئاسان نیە. ئەوان لە نێوخۆی وڵات دان هەر وەک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە پێش دا فەرمووت، هەمیشە ئەمن گوتومە و باوەڕم بووە کە نەک ئەوان بڕیارمان بۆ بدەن، کە دەڵێم نابێ بڕیاریان بۆ بدەین نابێ ئەوانیش بڕیامان بۆ بدەن.
بەڵام ئێمە دەبێ سەعی بکەین ئیلهام لەوان وەربگرین. چونکی ئەوانیش وەکوو ئێمەمانان ساحێبی قەزییەن، ئەوانیش دڵسۆزن وەکوو ئێمە بە مەزییەتێکی زیاترەوە کە ئەوان شتەکەی لەمس دەکەن. جارو بار هێندێک سەرزەنشتیان دەکەن، هێندێک هێزی سیاسی دەرەوەی وڵات جارو بار پێیان دەڵێن کە گۆیا ترسەنۆکن و ... ئەوە یەکجار مەحکوومە. ئەوەی فەعالینی نێوخۆی وڵات کردوویانەو بازییان بە خوێن و چارەنوسی خۆیان کردوە، ئەوەی ئەوان لە تاران و کرماشان و لە سنەو مهابادو مەریوان و .... دەیکەن ئێمە لە دەرەوەی وڵات نایکەین. ئێمە حازر ن نیین مایە لە خۆمان دانێین لە ستهۆکۆلم و بێرلین وپاریس و لەندەن چوار سەعات وەختی خۆمان سەرف بکەین و بێین لە خیابان راوەستین دوو قسە بە پشتیوانی لەوان بکەین، ئێستا سەرزەنشتیان بکەین؟! زۆر جار دەگوترێ شۆعارەکانیان کەمن. ئەو لە نێوخۆ دایە، لە گەڵ ئەو ئیستبدادە وەحشییە رووبەروویە، ئینتزاریشمان لێی هەیە بڵێ بڕووخێ جمهوریی ئیسلامی؟ خۆ زۆر جار ئەوەش لە شەقامەکان دەگوترێ، بەڵام ئەوە کەسانێکن لە شەقامەکان دەیڵێن. ئەوانەی چێهرەی سەر شناسن، ئەوانەی سازمانی کۆمەڵگای مەدەنین خۆ ئەوان ناتوانن شتی وا بڵێن. ئەمن پێم وایە ئێمە تەکلیفیان بۆ دیاری ناکەین. بەڵام پێم وایە دەبێ یەکتر دەرک بکەین و یەکتر بخوێنینەوە. ئەوان شتێک لە ئێمە وەربگرن، ئێمە دوو شت لەوان وەر بگرین و هیچمان بە تەنیا عەمەل نەکەین. واقعییەت ئەوەیە کە ئەو دەورانە بە سەر چووە کە ئۆپۆزسیۆنی قاچاغ و ئۆپۆزسیۆنی تفەنگ لە شان پێی وابێ هەموو قسەی مەربووت بە چارەنووسی کورد دەبێ ئەو بیکات. یان هەمووان چاویان لەوی بێ. دەبێ ئوپۆزسیۆنی چەک لە شان، یان ئوپۆزسیۆنی قاچاغ و دەرەوەی وڵات لە سیاسەتگوزاری دا زۆر ئیلهام لە فەعالانی نێوخۆ وەربگرێ و پاشان ئەگەر بوو بە سیاسەت، چالاکانی نێوخۆش هەوڵ بدەن هەر کەسەو بە پێی ئەو وەزعییەتەی تێیدایە کار بۆ ئەو شتە بکات کە هەمووڵا لە سەری یەک دەگرن.
گیارەنگ

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە: بەدخوازانی دوو نەتەوەی کوردو ئازەری شەڕی نەغەدەیان سەپاند

ئامادە کردن: "کوردستان"

ئاماژە : یەکێک لە رووداوە گرینگەکانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە رۆژهەڵاتی کوردستان شەڕی نەغەدەیە. رۆژی ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ پاش ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری نەغەدە دووەمین میتینگی خۆی بەست دەستی پێکرد.



هەر لە سەرەتاکانی ئەم میتینگەوە کە هێشتا دوکتور قاسملوو رەستە سەرەتاییەکانی وتارەکەی پێشکەش نەکردبوو تەقە دەستی پێکردو میتینگەکە تێک درا. ئێستا کە سی ساڵ بەسەر ئەو شەڕەدا تێپەڕ دەبێ، زۆر بابەت هەیە کە بخرێنە بەر باس و لەم راڤە بکرێن.

لەم بارەیەوە وتووێژێکمان لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە پێک هێناوە کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی.

کوردستان: سەرەتا پێمان خۆشە لە زمانی جەنابتەوە ببیسین کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕی نەغەدە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: بەخێر بێن بۆ ئەو چاوپێکەوتنە دیارە دەبێ پیاو بەداخ و کەسەرەوە باسی رووداوی شەڕی نەغەدە بکا. ئەوە شەڕێک بوو کە بەدخوازانی هەردوو نەتەوەی کوردو ئازەربایجانی توانیان بە سەریان دا بسەپێنن. هۆکارەکەی ـ ئەگەر بمانهەوێ بە کورتی باسی بکەین دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو ئەسڵە کە مخالفانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد و گەلی ئازەربایجان قەت حەزیان لە تەبایی ئەو دوو نەتەوەیە نەکردوەو هەمیشە هەوڵیان داوە حەساسییەت لە نێوان رۆڵەکانی ئەو دوو نەتەوەیە لەو شارەدا دروست بکەن. مێتینگێک کە لەو شارە دا گیرا ئەگەر لە خوێن وەرنەدرابایە دەیتوانی سەرەتایەک بێ بۆ پێکەوە ژیانی برایانەو هاوخەباتی لە نێو ئەو دوو نەتەوەیەداو بۆ ئەوەی ئەو هەوڵە سەر نەگرێ و سەر نەکەوێ، ئەوانە ئەو پیلانەیان گێراو ئەو شەرە خوێناوییەیان بەرپاکرد.

کوردستان: باس لەوە دەکرێ کۆمەڵێک تاقم و لایەنی سەر بە رێژیم دەستیان هەبووە لە هەڵگیرسانی ئەو شەڕەدا ڕاتان لەو پێوەندییە دا چییە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەو ناوانەی هاتنە نێو باسەکەو کاریگەرییشیان هەبوو، ناوێکی ناسراو بوون. وەک ئینسانی خۆفرۆشی حیرفەیی لە زەمانی شاش دا توانیبوویان خۆیان لەگەڵ دەوڵەت و خواستەکانی دەوڵەت بگونجێنن و لە زەمانی جەمهوریی ئیسلامییش دا توانیبوویان خۆیان بگونجێنن. ئەوانەی ناویان دەبردرا دوو عونسوری ناسراو بوون بە ناوەکانی مەعبوودی و قەتاری، بەڵام لە عەینی حاڵ دا لە لایەن کاربەدەستانی هەورازتریشەوە لە نێو رێژیمی جمهوریی ئیسلامیدا پشتیوانییان لێ دەکرا. ئەوانە بوون کە ئەو شەڕەیان هەڵاییساند، یانی ناکرێ هەر بڵێین بەقایای رێژیمی پاشایەتی بوون، و کۆماری ئیسلامی دەخالەتی تێدا نەبووە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی مخالفی ئەوە بایە دەیتوانی پێشیان پێ بگرێ یان رووداوەکانی دوایی بەو جۆرەی کە هاتنە پێشێ نەدەهاتنە پێش. ئەوانە خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامییش رێک خستبووو خۆیان کردبوو بە پارێزەرانی ئیسلام!

کوردستان: مامۆستا ئەو تاقم و لایەنانە یان ئەو دەستانەی ئێستا جەنابت ئیشارەت پێ کردن لەو کارە دا مەبەستیان تێکدانی برایەتیی کوردو ئازەری بوو یان مەبەستیان لێدانی پایەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: بە بێ شک مەبەستیان زەربە وەشاندن لە حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بوو، ئەگەر لە جێیەکی دیکە بایە دەی توانی هەر دوژمنایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ بەلام لەو شارە کە شاری پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی کوردو ئازەربایجانییەکانە، دەکرێ بڵێین ئەو هەدەفە هەدەفی یەکەم بوو بۆ ئەوەی ئەو دوو نەتەوەیە نەتوانن پێکەوە بژین. لە پاشان ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر دوژمنایەتی لەگەڵ دێموکرات، وا بکەن کە ئەو شەڕە لە جیاتی ببێتە شەڕی حیزبی دێموکرات و بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی، ئەو مۆرکەی لێ بدرێ کە شەڕی کورد و ئازەربایجانیانەو ئەو حەساسییەتانە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە نێو ئەو دوو نەتەوەیەدا پەرە پێ بدەن و ئاورەکە خۆش بکەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کوردستان:** لەو نێوانە دا تەبعا کەسانێک نەخشیان هەبوو وک ئیمام جومعەی ورمێ مەلا حەسەنی نەخشی ئەو لەو راستایە چ بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەوەندەی ئەمن لە بیرم بێ نەخشی ئاغای حەسەنی نەخشی پشتی پەردە بوو. ئەوانەی لە ژووڕێ دا راستەوخۆ دەخالەتیان هەبوو هەر ئەو دوو ناوە بوون کە ناوم بردن مەعبوودی و قەتاری، لە ژێر حیمایەتی ناراستەوخۆ یان بڵێین پشتی پەردەی ئاغای غولام رەزای حەسەنییش دا بوو.

**کوردستان:** مامۆستا ئەو شەڕە چوار رۆژی خایاندوە، پێمان خۆشە بزانین لەو چوار رۆژە دا چ رووی داوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لەوە چوار رۆژە دا ئەمن لەوێ نەبووم. ئەمن لە سەفەرێکی کەمێک درێژخایەن هاتبوومەوە، شەوێ لە ماڵێ بووم، روحی شاد بێ دوکتور قاسملوو هات لوتفی کرد، بۆ بە خێر هاتنەوەم، پاشان باسی ئەوەی کرد مێتینگمان هەیە لە نەغەدە ئەگەر پێت خۆشە وەرە. ئەمنیش گوتم پێم خۆش بوو بێم، بەڵام هەم ماندووم، هەمیش دەزانم میوانم دێن. چونکی ئەمن ماڵ و منداڵم هێنابۆوە بۆ مەهاباد. دەمزانی دوست و خزم و برادەرم دێنە لا، بۆیە ئیدی ئەمن نەچووم. بەهەرحاڵ رووداوەکانی بەم شێوەیە بوون کە لە ئەوەڵەوە مێتینگ دەست پێ دەکا لە ستادیۆمێکی نەغەدە کە ئەمن شوێنەکەشم نەدیبوو لە جێدا شاری نەغەدە باش ناناسم. ئەوەندەی تێدا نەبووم، مێتینگ بە قسەکانی دوکتور قاسملوو دەست پێ دەکا. پاشان لە دەرەوەی ستادیۆمەکە تەقەیەک دەست دەکرێ و تەقەیەکی دیکەش دەکرێ. ئەوەڵ جار پێیان وایە نەبن تەسادوفە، کاک حەمەدەمین سیراجی کە لەوێ دەبێ دەعوەت بە ئارامش دەکا بۆ ئەوەی خەڵکەکە نارەحەت نەبێ و مێتینگەکە ئیدامەی هەبێ. بەڵام کە تەماشا دەکەن شتەکە جددییە ئەو جار دوکتور قاسملوو دەستوور دەدا کە بڵاوەی بکەن و بە ئارامی شارەکە بە جێ بێڵن. ئەمما لە لایەک شەڕفرۆشەکان دەیانویست ئەو شەڕە ئیدامەی هەبێ و لە لایەکی دیکەوە سەرەتای ئینقلاب بوو هەستی ئینقلابیگەری بەهێز بوو، خەڵکەکەی ئێمەش کە بەشێکی زۆریان لە شاری جۆراوجۆرەوە هاتبوون چەکیان پێ بوو. کە رووی چەکەکان دەکرێتە ئەوان، ئەوانیش مەجبوور دەبن دیفاع بکەن و جواب بدەنەوە. شەڕ عادەتەن بە لایەک هەڵ دایسێ، بەڵام بە هەردوو لا دەتوانرێ پێشی پێ بگیرێ، هەلاؘیساندنی ئاسانەو کووژانەوەی بە زەحمەتە، ئیدی وای لێ دێ کە شەڕەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێ. رێبەرایەتیی حیزب کە لە مهاباد بوو، خودی دوکتور قاسملووش گەڕایەوە بۆ مهاباد. هەوڵێکی زۆری دا لە رێگەی ئوستانداری ورمێوە. لە رێگەی فەرمانداری مەهابادو بە تەماس گرتن لە گەڵ مەرکەز بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بهێندرێ. بەڵام وا دیاربوو ئەوانە پیلانێکیان بەدەستەوە بوو کە دەیانویست تا سەر ئیدامەی بدەن. بۆیە سێ رۆژی ئەوەڵێ هیچ نەکرا. کووچە بە کووچەو ماڵ بە ماڵ و مەنتیقە بە مەنتیقە شەڕەکە ئیدامەی هەبوو، بە کردەوە وەکوو گوتم شەڕەکە بوو بە شەڕی نێوان کوردو ئازەربایجانی، ئەگەر ئیشتبا نەکەم شەڕەکە ٣ی مانگی بانەمەڕ کۆتایی پێ هات. هەیئەتێکی حیزبی و کەیخودایان و پیاوماقووڵانی مەهاباد لە نێو ئەوانیش دا فەرمانداری مەهاباد لەگەڵ هەیئەتێک لە پیاو ماقوولان و ریش سپییانی ئازەربایجانی، ئوستاندارو یەک دوو شەخسییەتی رووحانی لە ورمێوە لە مەحمەدیار، شارێکی چوکەڵەیە لەنێوان مهابادو نەغەدە. کۆبووینەوە. پێشتریش ئەرتەش ئیعلانی کردبوو کە بۆ ئارام کردنەوەی وەزعەکەو بۆ دامرکاندنەوەی شەڕەکە دێتە نەغەدە. ئێمە لەوێ دانیشتبووین پاش باس و مناقشەیەکی زۆر پەیامێکی موشتەرەکمان ئیمزا کرد کە لە رادیۆ بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی هەموو لا دەست لە تەقە هەڵ بگرن و هەر کەسە بچێتەوە ماڵە خۆی و ئەوە لە رادیۆش خوێندرایەوە. لەو کاتەدا بوو کە تانگە کانی ئەرتەش گەیشتنێ، هاتن بە نێو مەحمەدیار دا تێ پەڕین. بەڵام دیار بوو نەخشەیەک بوو لە پێش دا داڕێژرابوو. ئەرتەش چۆ ئەوێ، بەلام نەچوو بۆ دامرکاندنەوەی شەڕ.بەڵکوو بۆ ئەوەی بە نەفعی ئازەرییەکان دەخاڵەت بکاو ناوچە کوردنشینەکانی کوتا.

**کوردستان:** هۆکاری تەقویەتی ئازەرییەکان چی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بە بێ شک دەلایلی کۆن و تەنانەت نوێشی هەبوون: ئەوەڵەن حەساسییەتی هەموو رێژیمەکانی ئێران بە پاشایەتی و ئیسلامییەوە پتر بە کوردو بەتایبەتی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیە، لە پاشان ئەوانەی شەڕەکەیان هەلاؘیساند ئەگەرچی خائین بە نەتەوەی ئازەربایجانیش بوون، لە باری هەستی نەتەوایەتییەوەو ئەوەی پێی دەڵێن ئینتمای نەتەوەیی، ئازەری بوون. مەعبوودی و قەتاری هەردووکیان ئازەری بوون، حەسەنی بۆخۆی هەر لەوان بوو. لە بەر ئەوە وایان ئەرتەش تێ گەیاندبوو کە ئەوە تەوتئەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەو هەمان ئیتهامی سواوو بۆگەنیوی جیاوازیی خوازی و تەجزیە تەلەبی یان زیندوو کردبۆوە، دەزانین ئازەربایجانییەکان لە باری مەزهەبییەوە کە حکوومەتی ئێستا حکومەتێکی مەزهەبییە شیعەن. لە حاڵێک دا کورد لەو مەنتەقەیە سونین، تەنانەت هەوڵیان دابوو حەساسییەتی مەزهەبییش دروست بکەن. لە حالێکدا نە لە نێو کورددا نە لە نێو حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا بەتایبەتی حەساسییەتی مەزهەبی قەت جێی نەبووە. ئەوەلەن کورد سوننی نیە. کورد سوننیی هەیە، شیعەی هەیە. تەنانەت موسڵمان و غەیرە موسلمانیشی هەیە. کەوابێ ئەوان توانیبوویان ئەو ئیحساساتەش تەحریک بکەن بۆ ئەوەی زەربە لە کوردەکان و لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بدەن. لێرەدا پێم خۆشە زۆر بە واقعبینییەوە ئیشارە بەوەش بکەم کە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان کە رێکخەری مێتینگەکە بووین لە هێندێک شت دا ئینتقادمان پێ واریدە، یانی ئێمە نەمان توانیبوو، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ کە ماوەیەکی زۆربوو لە وڵات دووربووین، نەمان توانیبوو حەساسییەتی وەزعەکە هەڵ سەنگێنن، ئەو مێتینگە لە جێ دا لە نەغەدە نەکەین یان ئەگەر لە نەغەدە دەیکەین لە مەنتەقەیەکی دوورترو پەناتر بیکەین .

**کوردستان:** مەبەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوەی کە لە نەغەدە ئەو میتینگەی گرت چی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** عەرزم کردی هەدەفی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو شت بوو جالیبە بێ ئەوەی بڵێین ئەوە هەدەف بێ، راست وەک دەورانی کۆماری کوردستان بوو کە بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردی لە مەهاباد هەڵکرا بۆ دووەم جار لە نەغەدە بوو، ئەو سەفەرەش لە ١١ی رەشەمە لە مەهاباد بۆ یەکەم جار اعلان کرا کە حیزبی دێموکرات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ دەکاتەوەو وا بە دروست زانرا کە لە نەغەدەش بۆ دووەم جار وەکوو نەریتێک، بێ ئەوەی ئیشارەیەک بەو رابردووە بکرێ بەڵام ئەگەر بە تەسادوفیش بووبێ، لەو شارەبکرێ. مەبەستەکەش ئەوە بوو کە لە نێو شاری نەغەدەی وەک شارێکی موهیم ئەو خەسڵەتی تێکەڵاوییە هەیە، لەوێدا قسە بکرێ. لە وتارێکدا کە نەنوسرابوو بەڵام قەرار وابوو دوکتور قاسملوو بیدا، بە تەواوی تەئکید لە سەر برایەتی و هاوکاری و هاوپەیمانیی نێوان ئەو دوو نەتەوەیە کرابۆوە یانی قەرار بوو لە سەر ئەوە پێ دا بگیرێ بۆ ئەوەی سەفحەیەکی تازە لە پێوەندییەکانی نێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا بکرێتەوەو پێکەوە بۆ هەدەفەکانیان کە هەدەفی موشتەرەکن، تێ بکۆشن. پێم وابێ دوژمنانی ماف و ئازادییەکانی ئەو دوو نەتەوانە بە هەست کردن بەو وەزعییەتە هەوڵیان دا ئەو مێتینگە بشێوێنن .

**کوردستان:** مامۆستا وەک دوایین پرسیار پێت وایە خەسارەکانی ئەو شەڕە چی بوون ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** خەسارەکانی ئەو شەرە یەکجار زۆر بوون لە باری گیانییەوە دەکرێ بڵێین نزیک بە ٢٠٠ کەس . موبالغە زیاتر دەکرێ . بەڵام نزیک بە ٢٠٠ کەس لە هەردوو لا شەهید بوون. ژمارەیەکی لەوە زیاتر بریندار بوون ماڵێکی زۆری کوردەکان ـ بە تایبەتی ـ رووخان، خەسارێکی زۆر بە خەڵکی گەیشت، خەڵکێکی یەکجار زۆر تەقریبەن بەشی هەرەزۆری کوردەکان ئاوارە بوون و ماوەیەکی یەک جار زۆری پێوەخرا تا بگەڕێنەوە. ئێستاشی لەگەڵ دابێ ئەو کوردانەی لەوێ ئاوارە بوون هەموویان نەگەراونەوە بە دەلیلی ئەوە کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماڵ و کاشانەو هەموو شتێکیان تێدا چوو بوو. بچنەوە کوێ؟ ئەوە یەکێک لە خەسارەکانی بوو. بەڵام بە باوەری من خەساری هەرە گەورەی ئەوە بوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر پێوەندیی نێوان کوردو ئازەرییەکانی تا حەددێکی زۆر شێواند یانی ناحەزانی ئەو دوو نەتەوەیە لە پیلانەکانیان دا سەرکەوتن کە ئەو حەساسییەتە لە نێوان ئەو دوو میللەتە دا دروست بکەن و ئەوە بە زیانی هەردوو نەتەوەو بە تایبەتی بە زیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و میللەتی کورد بوو چونکە ئەو خاکە زیاتر میللەتی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کورد لێی بەرپرسیارن تا هێندێ هێزی دیکە. کە لە لاوەڕا دەیان هەوێ دەستی تێ وەردەن یا ئاژاوەی تێدا بنێنەوەو لە گەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلای حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو برینانە بە ئاسانی سارێژ نەبوونەوە ڕەنگە ئیستاش پاشماوەیان هەر مابێ. بە خۆشییەوە وەکوو ئاگادارین ئەو پێوەندییانە تا ڕادەیەکی زۆر گەڕاونەتەوە جێی خۆی، بەڵام پاش نزیک بە ٣٠ی ساڵ یان بڵێم پاش ٣٠ی ساڵی تەواو .

گیارەنگ

## دیمانە: حەیدەر عەبدوڵڵا لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

مامۆستا عەبدوڵڵاحەسەن زادە:

باشترین کوردی پەتی لەلای پیرەژن و پیرە پیاوی لادێ دەس دەکەوێت، لە قوتابخانە و زانکۆ کەس فێری کوردی نابێت، بەڵکو لە بیریشی دەچێتەوە!



مامۆستا عەبدوڵڵا حسن زادە نووسەرێکی وشە ناسک و وەرگێڕێکی زمان پاراوە، نووسراوەکانی ئەو سیخناخن لە گوزارشتی تەڕ و خۆشکەڵەی کوردی، ئەو یەکێکە لەو نووسەرە سەرکەوتوانەی توانیویەتی لە بواری نووسین دا سیحر بئافرێنێت. دوای ئەوەی لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە پرسیارەکانم بۆ ڕەوانەکرد، ئەو خۆی لەم باسە دزیەوە بە پاساوی ئەوەی شایەنی ئەم جۆرە پرسیارانە نیە و پێویستە کەسی لێهاتوو وەڵامیان بداتەوە، بەڵام ئەمە نەبۆوە مایەی ڕازی بوونی من، شەوێک لە ماڵی تایبەتی خۆی بە خزمەتی گەیشتم، دوای تکا و موجامەلەیەکی زۆر قەبووڵی گفتوگۆکەی کرد، وەلی بە خەندە و پێکەنینەوە گوتی: کوردەواری دەڵێن" گەر کەچەڵ بە تۆبزی بنێرنە مازووان لە دارێ هەڵناڕوانێ" .

دیمانە: حەیدەر عەبدوڵڵا

**حەیدەر عەبدوڵڵا** : وەک ئاشکرایە جەنابت شارەزاییەکی باشت لە ڕێنووسی زمانی کوردی هەیە، چەندانجار بانگهێشت کراوی بۆ دیاریکردنی زمانێکی ستاندارد بۆ نووسین، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا ئەم خەونە لە مێژینەی بەشێک لە زمانزان و نووسەرانی کورد نەترووکاوە، بە بۆچوونی تۆ ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** بە بۆچوونی من پرسیارەکەت دوو داخوازی هەڵدەگرێت، ڕێنووس شتێکە و زمانی ستانداردیش شتێکی دیکەیە، لە بارەی ڕێنووسی زمانەوە ڕەنگە کەم و کوڕیمان هەبێت، بەڵام کۆمەڵێک کارکراوە، گەر هەموویان بچنەوە سەریەک ڕێنووسمان تا ڕادەیەکی زۆر باش دەبێت، گەرفتەکە ئەوەیە: ئەو نووسرانەی دەنووسن کەمتر گوێ بە ڕێنووس دەدەن، ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی لە کوردستان دەردەچن کەمتر هەڵەبڕ و جوانکردنی ڕێنووسیان پێوە دیارە.

مامۆستا جمال عەبدول شتێکی جوانی نووسیوە لە سەر ڕێنووسی کوردی، پێشکەشی ئەکادیمایای کوردستانی کردووە، بە ڕەئی من گەر ئەمە پەسند بکرێت گرفتی ڕێنووسمان زۆر کەمدەبێت.

لە بارەی ڕێزمانیشەوە ئەوانەی خۆیان بە شارەزا دەزانن- هەڵبەت من خۆم بە شارەزا نازانم- دەتوانن گفتوگۆی چڕ و پڕی لەبارەوەبکەن، بەڵام مەسەلەیێکی گرنگتر ئەوەیە: کە ئایا ڕێنووس پەیوەندی بە زمانی ڕسمییەوە هەیە یان نا؟ بە باوەڕی من دەبوو زمانی ڕسمی بۆ وڵات زەمانێکی زوو بیری لێکراباوە و بڕیاری لە سەر درابایە.

لە کۆبونەوەیەک بۆ دەستنیشانکردنی زمانی ڕسمی بەشداربووم، لە نێو کۆبوونەوەکە شیعرێکی حاجی قادری کۆییم بە نموونە هێناوە:

بەم چەشنەیە(صەرف)ی عیشقبازی

(موستەقبەل)ی کەمترە لە مازی

گوتم بە داخەوە ئێمە ڕابردوومان باشترە لە ئێستا، دەیان ساڵە زمانی کوردی ڕێڕەوێکی باشی بۆخۆی دروست کردوە، بەڵام ئێستا خەریکە دەیشێوێنن. ئێستا تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، بە چەند زمانێکی لە یەک جیا پەخش دەکرێن، بەداخەوە ئەمەش زیاتر بۆ ڕاکێشانی خەڵکە بۆ خۆیان، هەرچەند دەزانم بەمە خۆم خوێن تاڵ دەکەم.

لە وانەیە خەڵک حەزبکات بە شێوەزاری گەڕەک و تیرەی خۆی قسە بکات و منداڵەکانیان بخوێنن، بەڵام دەبێت زمانی ڕسمی لەسەرووی هەموو ئەمانەوە بێت، خوێندن بە زمانی زگماک نەک بە شێوەزاری زگماک هەقێکی هەموو میللەتانی سەر زەوییە.

**حەیدەر عەبدوڵڵا:** بەڵام مامۆستا ئایا لەمەدا زۆرینە ڕەچاو دەکرێت، یان کەمینە ؟ یاخود پێوەرێکیدیکە بۆ ئەمە لە بەرچاودەگیرێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** نەخێر لە دروستبوونی زماندا هیچ کاتێک زۆرینە و کەمینە ڕەچاو ناکرێت، هێندێک ڕووداویدیکە هەن کە زەمینە بۆ ئەمە دەڕەخسێنن، جاری واهەیە ئابوورییە، گەلێجار سیاسییە، زۆرجاریش ئاینییە...تاد.

وەک پێشتر گوتوومە و دەیڵێمەوە بۆ نموونە: بۆ بە هێزبوونی زمانی عەرەبی کە زمانی قورەیش بوو دوو هۆی سەرەکی دەستیان وەدەسی یەک داوە بۆ ئەوەی ئەم شێوەزارە ببێتە زمانی هەموو عەرەب. یەکەم هۆ: ئاینییە، کاتی خۆی بوتخانەی کەعبە هەبووە لە سەردەمی جاهیلییەت خەڵک ڕوویان تێکردوە، هاوکات بە ڕۆخ ئەمەشەوە هۆی دووەم کە ئابوورییە پشگیری دەکات، بازاڕی عوکاز کە لە هەموو لایەکەوە خەڵک بۆ مامەڵەی بازرگانی ڕووی تێدەکەن و باسی عەشیرەت و تیرەی خۆیان دەکەن بەزمانێک کە ئەوان بەزمانی ڕسمی خۆیان دایاناوە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیتر ئەوان واز لە زمانی کۆڵان و عەشیرەتی خۆیان دەهێنن.

دیارە هەموو میللەتانی دنیا پێش ئەوەی هەستی نەتەوایەتیان هەبێت هەستی زمانیان هەبووە. گەلێ کەس پێیان وایە زمانی عەرەبی بۆیە هێندە پڕ بەلاغەتە چونکە قورئان بەم زمانە هاتووە، بەڵام ئەمە ڕاستەخۆ پێچەوانەیە، لەڕاستیدا قورئان بەزمانی عەرەبان هاتووە. ئێستاش عەرەب شانازی بە زمان و ئەدەبی جاهیلیەتەوە دەکەن کە پێش ئیسلام بە سەدان ساڵ ئەم زمانە هەبووە. زمانی کوردیش لە قۆناغەکانی مێژوودا ئەم هەوڵانەی داوە، سەرنج بدە کاتێک لە ناوچەی هەورامان تەریقەتی نەقشبەندی برەوی پێدەدرێت خەڵک لە هەموو ناوچەکانیدیکە ڕوویتێدەکەن و ئاواتیان ئەوەیە زمانی تەکیە و خانەقا فێربن. شاعیری گەورەی کورد مەولەوی خەڵکی شارەزوورە کەچی شاکارێکی زۆر مەزن و گەورە بە شێوەزاری هەورامی دەخولقێنێت. نموونەیەکی دیکە لە هەردوو کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەرکاتێک بزوتنەوەی کوردایەتی گیرسابێتەوە لەو شوێنە گیرساوەتەوە کە بە زاراوە هەڵەکە ئێمە پێی دەڵێین سۆرانی.

**حەیدەر عەبدوڵڵا** : بۆچی زاراوەی (سۆران)ی هەڵەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** چونکە من باوەڕم بە دابەشکردنی زمان نیە، ناکرێ بڵێین زمانی سۆرانی و بادینی و هەورامی... ئەمانە شێوەزارن ناشێ یەکێکیان بەسەر ئەوانیتر بسەپێنین ئەوانە بنزاراوەن نەک زمانی ڕەسمی کە لە سەرووی هەموو ئەمانەوەیە.

بەهەرحاڵ ئەوەی وایکردووە ئەم زەرورەتە پڕبایەخە جێبەجێنەکرێت دووشت بووە یەکەم: دەمارگیری خوێندەوارانمان. دووەم: بڕیاری سیاسی کە تاکو ئێستا لە سەر زمانێکی ستاندارد قراری خۆی نەداوە. من گوتومە زمانی رسمیمان هەیە بەڵام دەبێ لێیگەڕێن و پێشی پێنەگرین، ژیان بەرەو پێش هەنگاو دەنێ چەمک و وشەی نوێ دێنە نێو زمانەوە بەڵام نابێ هەرکەسەو لەلای خۆی وشە داتاشێت. دروستکردنی وشە پێوستە لە ڕێگای دەسگاو پرۆژە بێت.

دیارە بڕیاری سیاسی زمانی ستاندارد دروست ناکات، چونکە زمان خۆی لە ڕەوتی مێژوویدا دروست کردووە، بەڵام پێوستە بیچەسپێنێ، دەسەڵات توانای ئەوەی هەیە بانگهێشتی پسپۆڕان بکات و لەگەڵیاندا گفتوگۆبکات بۆ ئەوەی لە ئەنجام دا زمانێکی ڕسمی دیاری بکرێت بۆ نووسین.

**حەیدەر عەبدوڵڵا** : مامۆستا عەبدوڵڵا حسن زادە بە پڕاکتیکی لە گەڵ سیاسەت تێکەڵاوە و بە تیۆریش لە گەڵ ئەدەب و وەرگێڕان، واتە کەمتر قەڵەمی لەباسی سیاسەت کوتاوە ئەمە بۆچی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لە وانەیە گرفتەکە ئەوەبێت تۆ هەموو نووسینەکانی عەبدوڵڵا حسن زادەت نەخوێندبێتەوە، تۆ نەهاتووی نووسینەکانی عەبدولڵا حسن زادە بخوێنیەوە هاتووی وەرگێڕانەکانی عەبدوڵڵا حسن زادەت خوێندوەتەوە، لەمەش ڕاست دەکەی چونکە هەموو وەرگێڕانەکانی من جگە لە "کورد و کورستان" ئەدەبین. بەڵام نووسینە سیاسیەکانی من لە سەدا نەوەت و هەشت بە ناوی خوازراون، ئینجا بۆت دەردەکەوێت نووسینەکانی من لە سەدا هەشتا لە باسی سیاسەت دەدوێن، تەنها سەدا بیستی لە باسی ئەدەبیاتدایە.

**حەیدەر عەبدوڵڵا** : بەڵام ناوی خوازرا و لە سەر نووسینەکانت دا زیان بە خوێنەران ناگەیێنێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ڕەنگە ئەمە چاک بێت، ڕەنگە ئەمە خراپ بێ، بەڵام من بەم جۆرە پێمخۆش بووە، لە ڕادیۆ نزیکەی چوار هەزار وتارم نووسیوە، لەم چوارهەزارە تەنها ٣٠ تاکو ٥٠ وتار ئەدەبین ئەوانی دیکە هەموویان سیاسین.

**حەیدەر عەبدوڵڵا** : ناسری سوبحانی و ئەحمەدی موفتی زادە دووکەڵە زانای کوردستانی ڕۆژهەڵاتن، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو لەبارەی موفتی زادە دەڵێت" دڵسۆزی وامان لە نێو کورد زۆر کەم بووە، ئەو لەلایەک خزمەت دەکات و ئێمەش لە لایەک" جەنابت لە بارەی ئەم دوو کەسایەتییە چی دەڵێیت؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** زۆر حەزناکەم لە بارەی ئەم دوو مامۆستایە قسەبکەم، بەتایبەت مامۆستا ناسری سوبحانی چونکە زۆر بەکزی دەیناسم. دیارە ئەحمەدی موفتی زادەم لە نزیکەوە دەناسی، پیاوێکی زۆر ڕۆشنبیر و خوێندەواربوو، زانایەکی ئازابوو، لە دەورانی خۆی بابەتی بەناوی خۆی دژ بە شای ئێران دەنووسی. لەبارەی بیری سیاسی سەردەمی خۆی لە گەڵ سیاسیەکان لە یەک هێڵ دانەبوو، دەیگوت" خودموختاری لە گیرفانی خۆم دایە" بەداخەوە لەمەدا بە هەڵەچووبوو، چونکە ئەبەدەن کۆماری ئیسلامی باوەڕی بەم جۆرە شتانە نەبوو، بەداخەوە دواتریش بەدەتسی ئەوان لە نێوچوو.

**حەیدەر عەبدوڵڵا** : واتە موفتی لە ڕوانینی بۆ سیاسەتی ئێران بە هەڵە چووبوو؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: بەڵێ. ئەمە شتێکی بیرخستمەوە جارێک لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی حیزبی دەگەڵ چەند کاربەدەستێکی کۆماری ئێران کۆبووینەوە، یەکێکیان گوتی" هەرچی لە قورئاندا نەبێت نایدەین بەکورد. من گوتم کێشەی ئێمە لە گەڵ حکومەتی مەرکەزی لە سەر سوننەت و ئەرکانی دەسنوێژ نیە تاکو موراجەعەی قورئان بکەین، بەڵام ئێمە مامەڵەیەکی ترتان لەگەڵ دەکەین: هەرشتێک قورئان گوتی مەیدەن بەکوردان مەماندەنێ،(بەپێکەنینەوە). من پێم وایە قورئان جۆرا وجۆری مرۆڤەکان بە ڕسمی دەناسێنێت،(.... وجعلناکم شعوبا وقبائل....) لێرەدا باسی خیلاف دەکەم نەک ئیختیلاف، چونکە هی یەکەم بەمانای جیاوازی دێت، هی دووەم بەمانای ناکۆکی دێت.

**حەیدەر عەبدوڵڵا** : جەنابت سەردەمێک مامۆستای ئایینی و سەردەمێکیش مامۆستای سیاسەت، دەکرێ بپرسین هەردوو چەمکی: ئایین، سیاسەت لای تۆ چۆن لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت ، ئەکرێ ئاوێتەی یەک بکرێن، یان نزیک خستنەوەیان لە یەکتر زیان بە یەکتر دەگەێنن؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** حەزدەکەم بڵێم لە هەردووکیان من قوتابی بووم نەک مامۆستا، هەرگیز ئیدیعای مامۆستایەتی ئەم دووانەم نەکردوە و ناشیکەم. من ئەندامی حیزبێکم نەیاری ئەوەیە دین و سیاسەت تێکەڵاوی یەک بکرێن، بەڵام ئەمە بەم مانایە نیە کەسی سیاسەتمەدار ناتوانێ مەزهەب و ئایینی هەبێت، یان ئەو کەسەی ئایین و مەزهەبی هەبێت ناتوانێ سیاسی بێت، ئەم دوو ڕێبازە بەیەکەوە هیچ ناتەباییکیان نیە. من بۆ خۆم چەند ساڵ فەقێ و مەلا بووم لە هەمان کاتدا تێکۆشەرێکی سیاسیش بووم، بە بێ بوونی هیچ هاودژێیک لە نێوانیان، بە پێچەوانەوە خوێندەواری مەلایەتم زۆرجار کۆمەکی ئەفکاری سیاسی کردووم، من گەر لە فەقێیایەتم نە خوێندبا خۆ خوێندەواریم نەدەبوو! کەواتە ئەمانە لە گەڵ یەک ناکۆک نین بەڵام نابێت سیاسیەکان ئەحکامی ئایینی بۆ موسڵمانان شەرح بکەن کە هیچ ئاگایان لێنیە، تۆ کە زانیاریت بەرامبەر شتێک نەبێت پێوست ناکات بە ناوی ئەرز و ئاسمان قسەبکەیت، بە هەمان شێوە پیاوی ئایینی کە ئاگاداری سیاسەت نیە لازم نیە خۆی تێهەڵقورتێنێت.

**حەیدەر عەبدوڵڵا** : زۆرجار گوێمان لێدەبێت دەڵێن" هەموو میللەتانی موسڵمان سوودیان لە ئایینی ئیسلام وەرگرتووە تەنها کورد نەبێت" بە بۆچوونی تۆ ئەمە تا چەند ڕاستە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ڕەنگە ئەم سوود وەرنەگرتنە بۆ بەدبەختی کورد بگەڕێتەوە، هەر بیر و ئایدۆلۆژیایەک کە دێتە پێشەوە هەموو میللەتان مافی خۆیانە وەریبگرن، چونکە دواجار ئەمە دەبێتە میراتی مرۆڤایەتی، بەڵام لە نێو کورد ئایدۆلۆژیا خراپ بە کارهێندراوە، بۆ نموونە کۆمەنیستێکی کوردی پێی وابووە گەر بڵێ کوردم ئابڕۆی دەچێت! موسڵمانی کورد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

واهەبووە پێی وابووە گەر بڵێ کوردم ئیمانی لەق دەبێت. بەڵام لە بنەڕەتدا ئەمە هەڵەیە موسڵمانی خوێندەوار دەتوانێ بە گوێرەی ئەحکامی دین میللەتەکەی بەرەو پێش بەرێت، بەبێ ئەوەی هیچ زیانێک لە بیر و عەقیدەکەی بدات. هەروەها دەتوانرێت لە هەر یەک لە قوتابخانەکانی:(مارکیزم- لیبراڵیزم- سۆسیالیزم) سوود وەربگیرێت بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا. بەڵام پیادەکردنی شتانێک کە پێوستیمان پێیان نیە لە وانەیە دووچاری سەرێشەو گیرو گرفتمان بکاتەوە.

**حەیدەر عەبدوڵڵا :** کاتی ئەوە نەهاتووە تۆش وەک مام هەژارو مەسعود محەمەد و ئەوانی دیکە یاداشت و بیرەوەریەکانت بنووسیەوە؟ بێگومان یاداشت و بیرەوەریەکانی کەسێکی وەک جەنابت بۆ ئێمە خەرمانەیەکی پڕئەزموون دەبێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** زۆرجار لەمبارەوە پرسیارم لێکراوە و وەڵامم داوەتەوە، لەڕاستی دا دووشت بووینە هۆی ئەوەی کەمن بیرەوەریەکانم نەنووسمەوە، یەکەم: من عادەتێکی خراپم هەبووە، بیرەوەری ڕۆژانەم نەنووسیوەتەوە بۆیە ئێستا ڕووداوەکانم لە زاکیرەدا تێکەڵ بوون. دووەم: بەشێک لە بیرەوەریەکانی من هیچ بایەخێکی بۆ خەڵک نیە، وەک: خەڵکی کوێی و لە کوێبووی و دۆڵمەت پێخۆشترە یان قبوڵی...تاد. بەشەکەی دیکە مەسەلە سیاسیەکانن، لە ڕاستی دا ناتوانی وەک ڕوویانداوە بیانخەیتە سەر کاغەز، دیارە ئەمە بۆ من زۆر ناخۆشە بەشێکیان بنووسمەوە و خۆشم لە بەشەکەی تر ببوێرم، لەم ماوانە لەدیمانەیەکدا پرسیارێکیان لێکردم گوتم حەزناکەم لەم باسە بدوێم. بەهەرحاڵ ئێستا دۆستێک لە ڕێگای گفتۆگۆ لە گەڵم دا دەیەوێت یادگاریەکانم تۆماربکات و بیانخاتە سەر کاغەز.

**حەیدەرعەبدوڵڵا :** خوێنەری کوردی بە خوێندنەوەی دوو لاپەڕە یان نووسینی وتارێک غرور دەیگرێ و وادەزانێ هەموو شتەکان لە خواروی ئەون، تۆ ئەمە بە نەخۆشی و ئافاتی خوێندەوارانی کورد لە قەڵەم نادەیت؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لەکۆنەوە واباوە کە منداڵ لە قوتابخانە شتێک فێربوو، وادەزانێت ئیتر کۆتایی بە هەموو زانستێک هێناوە، نازانێ تازە سەرەتایە و هێشتا ڕێگای زۆری ماوە بیبڕێت، مرۆڤ تاکو زیاتر فێربێت ئینجا دەزانی کە هیچ نازانێ، چونکە بیری بەرەو دەریای لە بن نەهاتووی زانست دەڕوا، دیارە ئەم دیاردەیە تایبەت بە خوێنەری کوردنیە، بەڵام بەداخەوە ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانمان لە ژمارەی خوێنەران زیاترن. گەر خوێنەری جددی لە کوردستان حیساب بکەین لە ٥٠٠ کەس دەرناچێت، کەچی لەم لاوە بەلانی کەم ١٠٠٠٠نووسەرمان هەیە، ئەمە شتێکی زۆرخراپە، لەمە سەیرتر ئەوانەی کە دەنووسن دەگەڕێن تەنها وتارەکەی خۆیان دەخوێننەوە، کاتی خۆی خوێنەر پتربوون چونکە بڵاوکراوە کەمتربوون، ڕۆژانە کە دەچمە ژووری کارکردنم ڕۆژنامە و گۆڤارێکی زۆرم بۆ دەهێنن زۆرجار لێمدەپرسن خوێندوتتەوە؟ دەڵێم نەخێر ژماردوونم! من فیریای عینوانەکانیش ناکەوم. من پێم باشە ئەم شاڵاوە بەربڵاوەی ڕۆژنامەکان چڕبکرێتەوە، لە جیاتی ئەم هەموو ڕۆژنامەیەی ڕۆژانە تەنها یەک دوویەک دەربچن، بەڵام بەشێوەیەکی زانستی و ئامانج ڕۆشن، بێگومان بەمە فیکری سیاسی و کۆمەڵایەتیمان شکڵ دەگرێت.

**حەیدەر عەبدوڵڵا :** سەرباری ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی بەسەر مرۆڤایەتی دا هاتووە کەچی ئێستاش عەقڵی بەشێک لە مرۆڤە ڕۆشنبیرەکان وزە لە خورافات وەردەگرێت، ئەمە جێگەی سەرسوڕمان نیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دیارە (ئەودیوسروشت) لەگەڵ مرۆڤ لە دایک بووە و لەگەڵیشی دەچێتە گۆڕ، (فرانسۆمیتران) پیاوێکی یەکجار گەورەبوو، یەکێک بوو لە ڕێبەرە دەگمەنەکانی دنیا، بەردەوام خەریکی خوێندنەوەبوو، کاتێک بۆ دەوری دووەمی سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوە دیمانەێکیان لەگەڵ کرد پرسیارێکیان لێکرد گوتی ئەمە وتەی فلانە نووسەرە لە فلان کتێب. گەر دیمەنێکی بچکۆلانەی تەلەفزیۆنیان نیشان بدایە دەیگوت: ئەمە لە فلان فیلمە و دەرهێنەر و سیناریۆنووسەکەی فڵان وفڵانە، کەچی لەگەڵ ئەم هەموو زیرەکیەش دەچێتە لای فاڵچییێک بۆ ئەوەی فاڵی بۆ بگرێتەوە! لەزاتی مرۆڤ ئەم مەیلە هەیە، پەیوەندی بە زانست و پێشکەوتنەوە نیە، فەلسەفەی خوراڤی لە مرۆڤ دا نامرێت، هەموو ئادەمیزادێک هەستی پەرستنی تێدایە، هەیە بوتڵی ئارەق دەپەرستی، هەیە خۆشەویستەکەی ، هەیە نیشتیمان ونەتەوەکەی...تاد.

**حەیدەر عەبدوڵڵا :** بە قسەی تۆ بێت عەقڵ و زانست پەیوەندییان بەیەکەوەنیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەم دووانە هێندێجار یەکدەگرن و هێندێجاریش دژبەیەک دەوەستن، کاتی خۆی لە ئێران شیعرێکیان دەگوت:

ملا شدن چ آسان

عقل شدن چ مشکل

واتە: بوونە مەلا چەند ئاسانە ، عاقڵبوون چەند گرانە!.

**حەیدەر عەبدوڵڵا :** زۆرجار لێرەولەوێ گوێمان لێدەبێت بەشێک لە نووسەر و ڕۆشنبیرانمان تەنها بەشان و باڵی ئەدیب و نووسەرانی کۆن هەڵدەدەن و نەوەی نوێ بە هیچ کلۆجێک بە داهێنەر و بەرهەمهێن نازانن، بە بڕوای تۆ ئەمە بە هەڵەداچوون نییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** من پێم وایە دەبێ ئەمانە ئاشت بکرێنەوە، هیچ کامیان بە ڕەها نەگیرین، میللەتێک ڕابردووی نەبێت حاڵی نیە، گەر حاڵی نەبوو ئایندەشی نیە، کەواتە نابێت ڕابردومان بڕوخێنین ئێستاش بە هیچ بگرین، دیارە هەقیقەتێکیش هەیە دەمەوێت ئاماژەی پێبدەم: هەتا خوێندەواری زیاتر بێت شاعیر کەمتر دەبێت.

**حەیدەر عەبدوڵڵا :** ئەمە چۆن و بۆچی؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** کاتێک خەڵک نەخوێندەوار بوو شیعر لە هەموو شتێک زیاتر لە گەڵ بیر و هزر دەس لە ملان دەکات، بۆیە برەوی پێدەدرێت، هەر بۆیە شاعیر زۆر دەبن، بەڵام لە دوایی دا تەنها موتازەکان دەمێننەوە ، ئێستاش گەر بەهەزاران کەس شیعر بنووسن بە دڵنیایی لە دوایی دا تەنها نایابەکانیان دەمێننەوە، بۆ نموونە: من ئێستا عەبدوڵڵا پەشێوم پێ شاعیرەکی زۆر گەورەیە.

**حەیدەر عەبدوڵڵا :** هەرچەند لە پێش ئەم دیمانەیەدا گوتت من زۆر ئەهلی موتالەعە نیم، بەڵام ئێمە زۆر بەم قسەیە ڕازی نین چونکە نووسراوەکانت شتێکی تر دەڵێن؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** نا، من ئەمە زۆر بەڕاستی دەڵێم، بەبیرمە د. قاسملو گلەیی لێدەکردم دەیگوت زۆر ناخوێنییەوە، ئەمەش بۆ ئەو ژینگەیە دەگەڕێتەوە کەمن تێیدا پەروەردەبووم، لە هەموو سەردەمی فەقێیایەتم دا تاقە کتێبێک نەبووە بیخوێنمەوە ، بەڵکو زۆرجار کتێبی دەرس خوێندنیشم لە کەسێکی تر وەردەگرت، ئەمە بە تەوازوعەوە ناڵێم بەڵکو بەواقیع حاڵیەوە دەیڵێم.

**حەیدەر عەبدوڵڵا :** ئەی ئەم کوردییە پەتیە پاراو و ناسکەت لە وەرگێڕانی کتێبەکان لە کوێ هێناوە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: نازانم پاراو و ناسکە یان نا، بەڵام ئەم کوردیەم لە پێرەژن و پیرەمێردان وەرگرتووە باشترین کوردی پەتی لەلای پیرەژن و پیرە پیاوی لادێ دەس دەکەوێت. لە قوتابخانە و زانکۆ کەس فێری کوردی نابێت، بەڵکو لە بیریشی دەچێتەوە. کوردی پەتی ، فارسی ڕەسەن، عەرەبی ئەصیل لە نێو ئەوانەدایە کە خەڵکی عادی و سادەن. منیش لە گوند پێگەیشتووم و گەورەبووم ئەمەش کاریگەری زۆر بووە لە سەر پژانی زمانم.

حەیدەر عەبدوڵڵا : خەون و خۆزیاکانی عەبدوڵڵا حسن زادە زۆرن، لە بەشێکیان دەسی شووتوە و بۆ بەشکەی تریش دەروێشانە کاردەکات، دەکرێ بزانین ئاواتەکانی تۆ چین؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: دیارە ئاواتەکانی من زۆرن، گەورەترین ئاواتم ئەوەیە: میللەتی کورد بگاتە ڕێزی میللەتانی دنیا. ئاواتێکێ دیکەم ئەوەیە: میللەتی کورد گەر بۆ تەجروبەش بێت چەند ساڵێک برایەتی تاقی بکاتەوە! دیارە ئەم برایەتییە ڕێگای ئامانجە گەورەکان تەخت دەکات.

حەیدەر عەبدوڵڵا : هێندێ نووسەر و شاعیر و سەیاسەتمەداری گەورە لە مێژووی کوردا هەڵکەوتوون، حەزدەکەین لە زمانی جەنابتەوە هەریەکە و بەچەند وشەیەک پێناسە بکرێت؟

*قازی محەمەد:

گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو. گوڵ لە سەحرا ڕووان دوومانای هەیە: یەکەم: گوڵ بە دەگمەن نەبێت لەسەحرا ناڕوێت. دووەم: بەداخەوە ئەم گوڵەی سەحرا زوو هەڵپرۆکا و ژاکا.

*عەبدولرەحمان قاسملو:

کەسێک بوو بۆ وەختێ پێوست بوو نەژیا، ئەو پیاوی ئێستابوو، لە دەورانی خۆی خەساربوو.

* مام هەژار موکریانی:

خزمەتێکی زۆری بە زمان و ئەدەبی کوردی کرد، لەمبارەوە دەبێ هەموو کوردێک خۆی بە قەرزاری هەژار بزانێت.

* هێمن ی شاعێر:

- هێمن شاعیرێکی ناسک خەیاڵی زۆرگەورە بوو.

*مەسعوود محەممەد:

یەکێ لە دەگمەن بیریارنی کوردبوو، بە داخەوە هەم نەناسراو هەم قەدری نەگیرا.

*مەلا عەبدولکەریمی مودەریس:

مەلایەک بوو دین و دنیای تێکەڵ بەیەک کردبوو، پێشەنگی مەلایانی چەرخی خۆی بوو، خزمەتێکی یەکجار زۆری بە فەرهەنگی نەتەوەی خۆی کرد.

تێبینی: ئەم دیمانەیە پێشتر لە ڕۆژنامەی رووبەر بڵاو کراوەتەوە.

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەمنیش لە گەڵ ئەوانەم کە ئۆرگانی حیزبی بە ڕۆژنامە نازانن

لەم دیمانە تایبەتەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کە لە ماوەی ئەم دەورەیە دا لە بەرپرسان و هاوکارانی سەرەکیی "کوردستان" بووە ئاوڕ لە مێژووی ئەم ڕۆژنامەیە دەداتەوە و ڕەخنەو سەرنجەکانی دەخاتە ڕوو.

دیمانە: "کوردستان"

کوردستان" بڵاوکرانەوەی "کوردستان" وەک ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سەردەمی کۆماری کوردستان دا لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە چ گرنگییەکی هەبوو و چەند کاریگەریی لە سەر پێشکەوتنی فەرهەنگیی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار هەبوو؟



عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو وەختی دەزانین بڵاوبوونەوەی ڕوژنامەیەکی کوردی بە تایبەتی بۆ ئەو بەشەی کوردستان دەسکەوتێکی زۆر گەورە بوو. چونکە تا پێش دەورانی ژ. ک لە جێ دا بۆ ماوەیەکی زۆر بڵاوکراوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر باو نەبوو. دیارە پاش دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە پێش دا گۆڤاری کوردستان دەرچوو کە مانگانە بوو، بەڵام جاری وابوو بە دوو سێ مانگ جارێک دەردەچوو دواتر ڕۆژنامەی کوردستان دەردەچوو. ڕۆژنامەی کوردستان بە بێ شک هەم لە گەیاندنی بیروباوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا (کە ئەو وەختی ناویشی ئۆرگان نەبوو ناوی بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو) و هەم لە پەرەپێدانی وشیاریی سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵانی خەڵک دا نەقشێکی زۆر باشی هەبوو. لە عەینی حاڵ دا مەجالێکیش بوو بۆ ئەو شاعیرو ئەدیب و نووسەرانە کە عەلاقەش و تواناشیان هەبوو بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی بێننە سەر کاغەز و بڵاوی بکەنەوە کە تا ئەو وەختی زۆر دەرەتانیان کەم بوو مەگەر جاروبار ناردبایان بۆ کوردستانی گەرمێن بۆ ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە لە باشووری کوردستان دەردەچوون. بە بێ شک دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ کورد هەتا پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان بڵاوبوونەوەی نیشتمان یا بڵاوبوونەوەی گۆڤاری "کوردستان" بۆ ئەو بەشەی کوردستان دەسکەوتێکی گەورە بووە.

"کوردستان" لەو کاتەدا دەکرێ وەکوو ئۆرگانی حیزبی دێموکرات و یان وەک بڵاوکراوەی ڕەسمیی کۆمار چاوی لێ بکرێ؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: بە بێ شک ئەو وەختە ئێمە شتێکمان نیە کە ئۆرگانی حکومەتی کۆماری کوردستان بێ. لە واقیع دا ئەو بڵاوکراوانەی ئەو وەختە هەبوون ، چ ڕۆژنامەی کوردستان بێ چ گۆڤاری کوردستان چ بڵێێن گرۆگاڵی منداڵان و هەڵاڵەو ئەوانەو هیچیان بە ناوی ئۆرگانی حکومەت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




نەبوون.ئەمیان بۆ منداڵان بوو ئەویان بۆ لاوان بووە ئەویان ئۆرگانی حیزب بووە. لە بەر ئەوە نەقشی ڕۆژنامەیەکی ئۆرگانی حکومەتیشی گێڕاوە هەرچەند ناوی ئۆرگانی ڕەسمیی دەوڵەتی لە سەر نەبووە و هەر بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرچووە.

"کوردستان" سەرەتا وەکوو ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەرچووە، بەڵام بە هۆی گۆڕانی هەلومەرج بەر لەوەی مۆمی دووەمین ساڵی تەمەنی خۆی داگیرسێنێ نەتوانی بەم شێوەیە درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدا بۆ ماوەیەکی زۆر بە پچڕ پچڕی( بێجگە لەو ٢٥ ساڵەی دوایی) لە تاراوگە بەشێوەی مانگانەو ٢ حەوتووانە دەرچووە بەڕێزت وەک کەسێک کە نزیکەی ٤٠ ساڵ کە لە بەڕێوبەرانی سەرەکیی کوردستان یان یاری نزیکی بووی دەکرێ ئاورێک لە قۆناخ و دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە بدەیەوە؟

عەبدوڵلا حەسەن زادە: ئەوەی کە وتت ڕۆژنامەی کوردستان لە ئەوەڵەوە بە شێوەی ڕۆژانە دەرچووە، کەمێک تەسحیحی دەوێ. ئەوەی من بزانم کوردستان هیچ وەختێ کی بەشێوەی ڕۆژانە دەرنەچووە. لە دەورانی کۆمار دا ماوەیەک دوو ڕۆژ جارێک دەرچووە هەفتەی ٣ ژمارەی لێ دەرچووە، جاری وابووە هەفتەی ٢ی ژمارەی لێ دەرچووە. یانی بە شێوەی ڕۆژانە ٦ ژمارە یان ٧ ژمارە لە هەفتەدا وەکوو هێندێک ڕۆژنامە دەردەچن قەتی ئەوە نەبووە. لە پاشانیش بەداخەوە نەک هەر ڕێکو پێکییەکەی ساڵە وەختی تێ وەرنەسووڕابووە، بەڵکوو دەرچوونەکەشی ساڵێکی تەواو نەکرد کە ڕووخانی کۆماری کوردستان لە دەرچوون وەستا بەڵام ئەگەر تەماشای ڕۆژنامەی کوردستان بکەی دەورانی زۆر سەخت و دژواری بەجێ هێشتوون لە پاش روخانی کۆماری کوردستانیش لە دەرچوون دەوەستێ بۆ ماوەیەک هەر لە جێ دا پچڕانێک هەیە، هەر دەرناچێ. پاشان هێندێک محاوەلە دەبن کە یەکێکیان لە ساڵی ٢٧ بەم لاوە هەوڵێک بوو کە هەر تێکۆشەرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات دایان و شاراوەش نیە کە بە کۆمەکی حیزبی توودە بوو کە ٤ یان ٥ ژمارەی لە تەورێزێ لێ دەرچوو لە چاپخانەیەک کە وا بزانم هەر سەر بە حیزبی توودە بوو. ئەو جار عیددەیەک لەوانەی کە سەر بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوون بەڵام لە پاش جمهوری کوردستان ڕۆیشتبوون بۆ ئازەربایجانی شووڕەویی ئەو کات، لەوی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ نزیکەی ١٢ساڵان ڕۆژنامەی کوردستانیان دەردەکرد کە ڕۆژنامەیەکی تەواو موستەقیل نەبوو، هەر بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش دەردەچوو. بەڵام لە راستیدا هەر بە ئیمکاناتی حیزبی توودەو لە سێبەری کۆمەگی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی شووڕەوی‌دا دەردەچوو. وابزانم دەوری ١٣٠٠و چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو. ئەوەیان بە ڕۆژنامەیەکی ٤ لاپەرەیی دەردەچوو، ٣ لاپەڕی ئازەربایجانی بوو هەر ناویشی ئازەربایجان بوو یەک لاپەڕیشی کوردی بوو کە ناویشی کوردستان بوو. ئەوە دەورەیەکی، دەورەیەکی دیکەی دیوە کە لە دەرێ دەردەچوو کە ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب و دۆستانی حیزب وەک دوکتور قاسملوو، حەسەنی قزلجی و کەریمی حیسامی و عەلی گەلاوێژ هاوکارییان لەگەڵ دەکرد و هێندێک قەڵەمی دیکە کە ڕەنگە ئێستا ناوەکەیانم لە بیرم نەبێ دەریان دەکرد. ڕاستە فکرەکە هەر لە دەوروبەری فکری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بەڵام ناوی ئۆرگانیان لە سەر دانەدەنا، تەنیا هەر ئەوەندەیان دەنووسی کە لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە دەردەچێ. ئەویشان بە چەند ساڵ (وابزانم سێ ساڵ کەمتر نەبوو لانیکەم) ٢٦ ژمارەی لێ دەرچوو کە لە را دوو ژمارەشی هەر بە ٢٥ دەرچوو. لە بیریان چووبوو کە ئەوە ژمارەی ٢٦ە، دوو ژمارەیان هەر ژمارەی ٢٥ی لە سەر بوو. بەداخەوە ئەوانیش یەک لەوان بۆ خۆشم لە دەستم دا نین. ئاخر دەورەیشیان ئەو دەورەیەیە کە ئیستا دەردەچێ و بۆ ئەو ژمارەیە دەبێتەژمارەی ٥٠٠، ئەوە لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ (فێوریەی ١٩٧١ )دا دەرچوو. ئەگەر دیققەت بکەی ئەویش ڕێکوپێک نیە. باسی ڕێکوپێکیی دوو دەیەی ئەخیرتان کرد ڕاستە لەسەریەک ڕێکوپێکترە، بەڵام ئەویش مانگانە بووە جاری وابووە دوو حەوتووانە بووە. ماوەیەکی زۆر مانگانە بوو بەڵام جاری وابوو سێ مانگان دەرنەدەچوو. لە بەر ئەوەی هەلومەرجی خەباتەکەی حیزبی دێموکرات کە ئەویش ئۆرگانی بوو هەلومەرجێکی زۆر سەخت و دژوار بوو ڕۆژنامەکەش مەجبوور بوو ببێتە تابعی ئەو هەلومەرجە. بۆیە زۆری نامورەتتەبی بە خۆیەوە دیوە.

"کوردستان : ئەو چەند ژمارەیەی کە لە تەورێز دەرچوون هەر درێژەی ئەو سەد وچەند ژمارەیە بوون کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەرچوون؟

عەبدوڵلا حەسەن زادە: نەخێر ئەوان ژمارەی تایبەتییان لێ درا بوو یەک و دوو سێ و چوارو پێنج. پێنجەکەش زۆر مەعلووم نیە، بووەو بڵاونەبۆتەوە یان نەبووە؟ ئەوەی کە من لە بیرم بێ فەقەت چوار ژمارە کە هەر ژمارەی یەک ودوو سێی وچواریان لێ دەدرا. نەک تەسەلسولی زەمانی جمهوریی لێ بدرێ. هی زەمانی جمهوری ١١٣ ژمارەی مەعلوومە. ڕەوایەتێکیش هەیە کە ١١٤ ژمارەبووە، ژمارە ١١٤ەکە بڵاونەبۆتەوە یا خەڵک نەیدیوە. بە هەر حاڵ تەسەلسولی وی نەبووە.

"کوردستان : وەک دەزانین یەکەم ژمارەی ئەم دەورەیەی "کوردستان" لە سەرەتای دەیەی ٧٠ی زایینی لە بەغدا بڵاوکرایەوە. بەو پێیەی کە هەر لەو سەردەمە دا ژمارەیەکی بەرچاو بڵاوکراوەی کوردی لە باشووری کوردستان بلاو دەکرایەوە دەکرێ بڵێی پێگەی "کوردستان" لە نێو ئەم بڵاوکراوانەدا چۆن بوو؟

عەبدوڵلا حەسەن زادە: زۆر بە ئینسافەوە دەبێ بڵێین کە ڕۆژنامەی کوردستانی ئەو وەخت (کە من پێی دەڵێم ڕۆژنامە بە مانای ئەوە نیە کە بەشێوەی ڕۆژانە دەرچووە. عادەتەن ئەو بڵاوکراوەیەی کە بە شێوەی وەرەق دەردەچێ پێی دەڵێن ڕۆژنامە ئەگەر بە دوو ساڵیش دەربچێ. مەجەللەش ئەگەر هەموو ڕۆژێ دەربچێ پێی دەڵێن مەجەللە) شتێک نەبوو کە لە نێو ڕۆژنامەکانی دیکە دا حیسابی بۆ بکرێ، چونکە هەر ئەو وەختی کە ئەو ڕۆژنامەیەمان دەردەکرد لە بەغدایە( دیارە ئیستا دەزانین کە لە بەغدایەدەرچووە ئەو وەختی نە دەگوترا لە بەغدایە دەردەچێ)، ڕۆژنامەی حەفتانە هەبوو بە بیست سەفحە دەردەچوو، بە ١٦ سەفحە دەردەچوو بەناوی "هاوکاری"، "برایەتی" دەردەچوو. گۆڤاری جۆراوجۆر دەردەچوون هەفتانە، مانگانە، وەرزانە و کتێب و شتی زۆر دەردەچوون. لەو بارەیەوە حەجمەکەی زۆر نەبوو. بەو حاڵە ڕۆژنامەی کوردستان لە دوو بارەوە زۆر زۆر لە نێو ڕووناکبیران و، ئەویش لە نێو بژاردەی ڕووناکبیران دا، موعتەبەر بوو. یەکێکیان ئەوە بوو کە لە باری سیاسییەوە وەزنی باشی بوو، مقالاتی باشی تێدابوون، سەرنووسەرەکەی شەهیدی گەورەمان دوکتوور قاسملوو بوو. نووسەرەکانی دیکەشی نووسەری باش بوون لە سەر یەک. کەوابێ لە باری موحتواوە دەوڵەمەند بوو، ئیستقباڵی لێ دەکرا، زۆر باش بوو. لە باری دیکەوە، لە باری زمانەوە، تەنانەت لە باری زمانەوە ناوی دەرکردبوو، یانی خەڵک دەیان نووسی (نەک ئێمە بنووسین)، ئەدیبەکانی باشووری کوردستان دەیان نووسی دەبێ زمانی "کوردستان" بکرێتە نموونەی نووسینی کوردی لە حاڵێک دا لە چوار لاپەرە دا دەردەچوو. بەداخەوە "کوردستان" لەو بارەیەوە هەم لەبەر ئەوە کەمێ بێ مبالاتیی تێدا دەکرێ لە باری زمانەوە، هەمیش لە بەر ئەوەیە کە نەشرییاتی دیکە زۆرەو ڕەنگە بڵێم ئەم شێوە نووسینە زاڵ بووە کە نەشرییاتەکەی دیکەی پێ دەردەچێ، ئەو بەرچاوییەی ئەو کات هەیبوو ئێستا نیەتی. ئەو وەختی لەگەڵ ئەوەی زۆر مەحدوود بوو، مانگانە بوو، لە چوار لاپەرە دا دەردەچوو جێگەیەکی زۆر باشی هەبوو.

"کوردستان" لە سەرەتاوە ڕۆژنامەیەکی حیزبی بووە تا ئێستا، هێندێک پێیان وایە ڕۆژنامەی حیزبی ڕۆژنامە نیە، ناتوانێ بە پێی پێوەرەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی کار بکا. بە رای جەنابت "کوردستان" چەند توانیوێتی بە پێی ئەو هەورازو نشیوانەی لە مێژووی خۆیدا بوویەتی بە گشتی لە گەڵ پێوەرەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی خۆی ڕێک بخا؟

عەبدوڵلا حەسەن زادە: لە گەڵ ئەوەی کە خزمەتی ڕۆژنامەی کوردستان خزمەتێکی گەورەیە و جێی شانازییە، زۆری خزمەت بە فکرو ئەدەبیات و زمانی کوردی کردوە بە بێ شک، بەڵام ئەمنیش لە گەڵ ئەوانەم کە ئۆرگانی حیزبی بە ڕۆژنامە نازانن. پێم وایە وەکوو ڕۆژنامە ڕۆژنامەیەکی خراپە یا دەکرێ پێی بڵێین کە هەر ڕۆژنامە نیە. بریا ناوێکی دیکەیان دانابا بۆ ئەو ڕۆژنامانە کە زمان حاڵی حیزبێکن ناویان لێ نەنابان ڕۆژنامە. چونکە ڕۆژنامە ئەوەیە لە گەڵ ژیانی کۆمەڵ سەروکاری هەبێ، تازەترین ئەخباری ڕۆژ، تازەترین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیحتیاجاتی خەڵک، ئەزەراتی جۆراوجۆری خەڵک بتوانێ بڵاو بکاتەوە. نیزیک بێ لە کۆمەڵانی خەڵک. ڕۆژنامەیەک کە لە ئەشکەوتێک دەردەچێ و ڕۆژنامەیەک کە بە دزی دەردەچێ بە حەفتەو چەند مانگ جارێک دەردەچێ و بە دزی بڵاودەبێتەوە قەت ناتوانێ خەسڵەتی ڕۆژنامەی هەبێ. لەو بارەیەوە ئەگەر نومرەی بدەمێ، نومرەکە لە سەد بگرم ڕەنگە هەر پێنجی بدەمی، بەڵام وەکی دیکە بە ڕۆژنامەیەکی ڕووسوور و سەربەرزی دەزانم.

کوردستان : لە قسەکانت دا ئاماژەت بە هێندێک لەو قەڵەمانە کرد لە"کوردستان"دا دەوریان بووە، دیارە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو ریزێک ناوی دووروودرێژ دەبینین، بەڵام لانیکەم دەکرێ یادێک لەو کەسانە بکەیەوە کە لە دەیەی یەکەمی "کوردستان"دا دەوریان هەبووە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: بەراستی ئەوانەی لە دەیەی یەکەم دا تێیان دا دەنووسی ژمارەیەکی کەم بوون. دەکرێ بڵێین شەهید دوکتۆر قاسملوو بوو، کاک کەریم حیسامی و قزڵجی بوون، کاک حەمەدەمین سیراجی بوو، خوالێخۆشبوو هێمن بوو، ڕەفیقێکمان شەهید بوو جەلال میراوەیی یان عوسمانی یەزدانپەناه خەڵکی میراوێی سەردەشت کە ساڵی ٥٨ شەهید بوو، کاک مەلا ڕەحمان بوو. بەڵام دەورەکانی دیکە ماشەڵڵا زۆرن ڕەنگە هەمووی لە بیر نەبن بەڵام لەوانەی کە زۆریان نەقش تێدا هەبوو دەتوانین جگە لە شەهید دوکتۆر شەرەفکەندی هەموو ئەندامانی دەفتەری سیاسیی ئەو وەخت باس بکەین. بەڵام لە نووسەرەکانی دیکە دەتوانین کاک قادر وریا، کاک هەیاس کاردۆ، کاک برایم لاجانی ناو بەرین.

کوردستان : بەو پێیەی کە تۆ یان لە بەڕێوەبەرانی سەرەکی یان یاری نزیکی "کوردستان" بووی دەزانی لەو دەورەیەش دا وەکوو دەورەکانی دیکە دابڕان و وەستان هەبووە بە تایبەت پێش شۆڕشی ٥٧ و دوای شۆڕشی ٥٧. دەکرێ بڵێی کە ئەو وەستان و دابرانانە چۆن بوون؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لە پێش دا کە ئێمە دەستمان بەو دەورە تازەیە کردەوە دەورەیەک بوو کە نەوعێک ئیستقراری هەبوو. نوێنەرایەتییەکمان لە بەغدایە هەبوو (نوێنەرایەتیی ڕەسمی نەبوو، بەڵام ماڵێکمان لەوێ هەبوو ) لەوێ دەرمان دەکرد. تا ژمارەی ٣٥ و ئەوانەی باش بوو لە چاپخانەیەک دەردەچوو ڕێکوپێک. لە پاشان وای لێ هات کە هێندێک ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ناوچەکە دا ڕووی دا بە تایبەتی لە پێوەندیی نێوان ئێران و عێراق دا. ئەو وەختی عێراق لێی قەدەغە کردین ڕۆژنامە دەربکەین. مەجبوور بە تایپ دەمان نووسی ئەویش بە تایپی دەستی نەک بە تایپی ئێستا، لە سەر کاغەز دەمان چەسپاندو دەمان نارد بۆ یەکێ لە پایتەختەکان لەوێ چاپ بێ. بە زەحمەت بڵاو دەبۆوە. ژمارەیەکم لە بیرە سێ چوار پایتەختی کردن تا دەرچوو. لە بەغدایە چاپ نەکرا، چووە بەیرووتێ، چووە ئەڵمانی (پایتەختی ئەو کات بۆن نەبوو بێرلین بوو) چووە برلینێ چوو لە پاریس چاپ کرا. ئەو دەورانەی بە خۆوە بینی. لە پاشان کە گەڕاینەوە وەزعەکە جۆرێکی دیکە گۆڕا و گۆڕانێکی موسبەت هاتە ئاراوە. ئێمە گەڕاینەوە کوردستان. بۆ ماوەیەکی دیسان "کوردستان"یش دەرنەچوو. ئەو جار کە دەرچوو ماوەیەک دەستمان پێ کرد بە تایپ و بە پۆلیکۆپی دەرمان دەکرد، دوای چەند مانگ چاپخانەیەکمان کڕی بۆ یەکەمین جار حەوتانەش ٣،٢ ژمارەی لە مەهاباد لێ دەردەچوو. جارێکی دیکە کە مەجبوور بووین ئاوارە بینەوە، دەربەدەر بووینەوە دووبارە پەنامان بۆ تایپ و پۆکۆپی بردەوە. بە کورتی بڵێم پاشان لە باری حەجمیشەوە، حەجمەکەی وەختێک بە ئەندازەی حەجمی کتێب بوو، وەختێک بە ئەندازەی A٤ بوو، جا دوایە کردمانە A٣ ئێستا حەجمەکەی حەجمی ڕۆژنامەیەکی مامناوەندییە. زۆری ئەو دەورانانە بە خۆیەوە دیون. ئێمە جارێکی شتێکمان لە سەر نووسیوە کە ڕەنگە هەر من نووسیبێتم کە دەڵێین "کوردستان" ڕۆژنامەی تێکۆشەرانی کوردە و چارەنووسی لەگەڵ چارەنووسی ئەوان لێک گرێ دراوە، کە ئەوان ئاشکرا بوون ئەویش ئاشکرا بووە، کە ئەوان نهێنی بوون ئەویش نهێنی بووە، ئەوان ئیمکاناتێکیان هەبووە ئەویش هەیبووە. لە سەر یەک ڕۆژنامەی کوردستان ئاوێنەیەک بووە لە خەبات وتێکۆشانی ئەندامانی حیزبی دێموکرات.

کوردستان : لە دەیەی یەکەم دا کە هەلومەرج لە چاو ئێستا شتێکی دیکە بوو "کوردستان" چەندە دەگەیشتەوە نێوخۆی وڵات و دەست ئەو کەسانەی دەبوو بی خوێننەوە؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ژمارەیەکی زۆر مەحدوود دەچوو ڕەنگە بکرێ بڵێین لە باشترین حاڵەت دا ١٠٠ ژمارەیەکی دەگەیشتەوە وڵات. بەڵام عەلاقەیەکی زۆر هەبوو لە نێو ئەوانەی کە "کوردستان"یان بە دەست دەگەیشت. ئەو وەخت زۆریش ئیمکانی کۆپی و ئەوە نەبوو ڕەنگە هەڵکەوتوە کە ڕۆژنامەیەک ٥٠ کەس یان ژمارەیەکی زیاتر دەیان خوێندەوە. ئێمە بۆ ئەوەی بچێتەوە وڵات دوو جۆرمان چاپ دەکرد بەشێک لە سەر کاغەزی مەعمولیمان چاپ دەکرد بەشێکی دیکەش کاغەزێکی تەنک و قایم لە عەینی کاتدا مقاوم کە بە نوشتاندنەوە زوو خرا نەبێ، ئەوەمان دەناردەوە وڵات. ئەوەش هەر قاچاغ بوو .

کوردستان : دەزگای "ژین" بەشێکی بەرچاو لە ژمارەکانی سەردەمی کۆماری چاپ و بڵاو کردۆتەوە ئەو هەوڵە چۆن هەل دەسەنگێنی؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لە بارەی "ژین"ەوە بڵێم چی، بریا "ژین" ناوی خۆی گۆڕیبا کردبایە بنکەی ژیاندنەوە، نەک بنکەی "ژین". چونکە ئەو بنکەیە هەم "ژین"ی ژیاندۆتەوە هەمیش زۆری دیکە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان و بەرهەمە تاریخییەکانی نووسەرانی کوردی ژیاندۆتەوە. خزمەتی بنکەی "ژین" بە تایبەت ئەو دوو برا بەرێز و تێکۆشەرە مامۆستا ڕەفیق ساڵح و مامۆستا سەدیق ساڵح ئەوەندە بەرچاوە کە زمانی من لە تاریفی عاجزە. ئەوانە لەو کەسانەن تەنیا کەسانێک نین بەڵام لەو کەسانەن کە هەق وایە هەر بە زیندوویی پەیکەری زێڕیان بۆ دروست کەی. بەش بە حاڵی خۆم هەر ئەو کارەیان نا، هەرچی کردوویانە بە خزمەتی گەورەو بە شاکار دەزانم. ئارەزووی ئەوە دەکەم ئەوان هەر بەردەوام بن، سەرکەوتنی زیاتریان بۆ بە ئاوات دەخوازم و زۆریشم پێ خۆشە کە یادت کردنەوە.

کوردستان : ڕاسپاردەت بۆ بەڕێوەبەرانی ئێستای "کوردستان" چیە بۆ ئەوەی لە ئاست ئەو چاوەڕوانیانەدا کە لێی دەکرێ ؟

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: بە بێ شک لە گەڵ هەموو سپاس و شانازیم بە زەحمەت و تێکۆشانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەوە دەبێ بڵێین کە ڕۆژنامەی کوردستان نەک هەر وەکوو گوتم ڕۆژنامە نیە بە مانای واقیعیی کەلیمە، بەڵام وەک ئۆرگانی حیزبییش لە خوارەوەی ئینتزاراتی خەڵکە و لە خوارەوەی ئەوەیە کە دەبێ ڕۆژنامەی حیزبێکی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ. کەوابێ لەگەڵ تەقدیرم لە زەحمەتەکان دەبێ زەحمەتی زیاتر بکێشن، پتری پێوە ماندوو بن، لە قەڵەمی دیکە بگەڕێن، تەنەوعی زیاتری پێ ببەخشن. لەوانە زیاتر ئەوەی کە بۆ من زۆر موهیمە مەسەلەی زمانە. چونکە بە تایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان دەبێ ئەو نەقشەی هەبێ کە زمانی سەحیحی کوردی، ڕێنووسی سەحیحی کوردی فێری خوێنەرانی کورد بکا. زۆر بە ئەدەبەوە دەڵێم بەڵام ئێستا ڕەخنەی پێ واریدە، بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە، کەلیماتی سەیر و سەمەرەی تێدا دەبینم کە لە کوردی نەزانانەوە فێریان دەبێ. لە حاڵێک دا کەلیماتی ئەسیلی کوردیمان هەیە، کەلیماتی نامۆ بە کار دەبرێ. کەمترە لە ڕۆژنامەکانی دیکە بەڵام وادیارە فێری بووین. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کەلیماتێک دەبینم کە لە فارسی وەرگیراوە، کوردەکانی باشوور بە غەڵەت وەریان گرتوە. ئێمەش دەچین غەڵەتەکەی لەوان وەردەگرینەوە. بۆ نموونە کەلیمەی ئامادەباش کەلیمەیەکی فارسییە، کوردەکانی باشوور دەڵێن ئامادەباشی کەچی ئێمە کە لە فارسیدا لەوان واریدترین ئامادەباشی بە کار دەبەین، یان مەسەلەن "کجا مرحبا" بە کار دەبەین. کەلیماتی وامان هەیە حەق وایە "کوردستان" بژاری بکا کە لە باری ئینشاییشەوە "کوردستان"ی ئێستا لە گەڵ کوردستانی پێشوو ئەو هەمووە بێ ئیمکاناتییەی دەورانی سەرەتای دەرچوونی ئەو دەورەیە ئەگەر بەراوەردی بکەین دەبینین هاتۆتە خوارێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دیمانەیەکی ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە

عەبدوڵڵا حەسەن زادە نووسەرو سیاسەتوانی ناسراوی کوردستانی ئێران، سکرتێری پێشووی گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، کە لەم دواییەدا دوچاری لەتبوون هات، لە دیمانەیەکی کە ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس (ئاکانیوز(



دیمانە: عومەر عەلی.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە نووسەرو سیاسەتوانی ناسراوی کوردستانی ئێران، سکرتێری پێشووی گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو، کە لەم دواییەدا دوچاری لەتبوون هات، لە دیمانەیەکی کە ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس (ئاکانیوز)
لەگەڵی ساز کرد، پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە ئەو لێکترازانەی لەنێو حیزبە کوردییەکاندا روو دەدات بەپلەی یەکەم بۆ شێوەی بەڕێوەبردنی حیزب و جۆری پێوەندیی کەمینەو زۆرینە لە حیزبەکاندا دەگەڕێتەوە.

پرسیار: دیاردەی لەتبوونی حزبە کوردییەکان، بەجیاوازیی ئایدیۆلۆجیاکانیانەوە، دیارەیەکی بەرچاوە لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دا و تا ئێستەش درێژەی هەیە، ئێوە وەک قاڵبوویەکی دنیای سیاسەت و سەرکردەیەکی بزووتنەوەی کوردی لە کوردستانی ئێران، هۆکاری ئەم دیاردەیە بۆچی دەگێڕنەوە؟

وەڵام: رەنگە دیاردەی لەتبوون تەنیا تایبەت بە حیزب و رێکخراوە کوردییەکان نەبێ، ئێمە برینی خۆمان دێشێ بۆیە زیاتر ئەوان دەبینین، ئەگینا لەنێو حیزبە ئەوروپایی و ئەمەریکایی و عەرەب و فارسەکانیشدا دیاردەی لەتبوون بووە و هەیەو رەنگە لە داهاتوویشدا هەر بێ.

لەبارەی حیزبە کوردییەکانەوە رەنگە هۆی جۆراوجۆر هەبێ، بەڵام مەرج نییە ئەوەی کە من دەیڵێم هەموو حیزبە کوردییەکان بگرێتەوە، بگرە زیاتر پێوەندیدارە بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە لەوبارەوە وەک دەڵێن ریکۆردی شکاندووە، چونکە هەندێ لەتبوون لە نێو حیزبی دیموکراتدا هەبوون کە ئێستەش خەڵک نایانزانێ، بۆ نموونە وەختێک کۆمیتەی شۆڕشگێڕی لێ دروست بوو، وەختێک بەڕێوەبەرایەتیی کاتیی لێ دروست بوو، ئەوەی مەشوورە "قیادەی موەقەت" لە پارتی دیموکراتی کورستاندا دروست بووە لەکاتێکدا زۆر پێش ئەوە لە حیزبی دیموکراتی ئێراندا دروست بوو کە نێوی "رێبەرایەتیی کاتی" کە ئەوکات ناوی ئێرانی هەر لەگەڵ نەبوو.

ئەوەی من لە حیزبی دیموکراتدا دەیبینم بەشی زۆری ناگەڕێتەوە سەر ئەوە کە ناکۆکیی بیروباوەڕ لەسەر پرسە سیاسییەکان هەبێ، بۆ نموونە دواین لەتبوون لە حیزبی دیموکرات کە روویداوە، ئێمە لە کۆنگرەیەک هەستاوین کە هەموو ئەو شتانەی پەسند کراون لەوێ، یەکێک لەو لایەنانەی کە دوای لەتبوون ئامادەی کردووە، ئێمە لەوبارەوە بە رێکەوتنێکی فیکری گەیشتووین.

لەبەرئەوە بابەتەکە زیاتر دەگەڕێتەوە سەر شێوەی مودارا کردن لەگەڵ یەکتری و شێوەی لەبەرچاوگرتنی مافەکانی ئەندامانی حیزب لەلایەن سەرکردایەتیی حزبەوە، یان بڵێین گوێڕایەڵیی کەمایەتییە بۆ زۆرایەتی، کە من بەشبەحاڵی خۆم باوەڕم بەو کەمایەتی و زۆرایەتییە نییە، یان لەبەرچاوگرتنی مافی کەمایەتییە لەلایەن زۆرایەتییەوە.

من باوەڕم بە زۆرایەتی و کەمایەتی نییە، چونکە کەمایەتی و زۆرایەتی ئەگەر هەمیشەیی بێ لە حیزبدا شتێکی زۆر ترسناکە، کەمایەتی و زۆرایەتی هەیە، یاسایەکی بۆ دانراوە، بەو پێیە کەمایەتی دەبێ پێڕەوی لە بڕیاری زۆرایەتی بکات، بەڵام ئەوە نابێ هەردووکیان لە قاڵب کرابن ئەم دەستە کەمایەتی و ئەوە دەستەیەکی زۆرایەتییە، بۆ نموونە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبێک ٢١ کەسن، جارێکیان ١٥یان دەبنە زۆرینەو شەشەکە دەبنە کەمینە، جارەکەی تر ٥ لەم شەش کەسە و ١٠ لە ١٥کەی پێشوو دەبنە زۆرینە و بەو شێوەیە.

پرسیار: ئەگەر لە ئەزموونی حیزبی دیموکرات دەرچین و بەگشتی سەیری دیاردەی لەتبوونی حیزبە کوردییەکان بکەین، بۆ نموونە لە کوردستانی عێراق، هۆکارەکەی بە رای ئێوە چییە، جیاوازیی بۆچوون و مەبادیئە، بەرژەوەندییە، یان دەستێوەردانی دەرەکییە؟

وەڵام: ئەوەی من دەیزانم بەشی هەرە زۆری هۆکارەکە جۆری بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەی حیزبە، ئەگینا نەک لەنێو لەتبوونی حیزبەکاندا بگرە لە نێو حیزبەکانیشدا ئەگەر تەماشا دەکەی ئەو لێکدووری و جیاوازیی بیروباوەڕە نییە، بۆ نموونە دوو حیزبی سەرەکیی باشووری کوردستان وەرگرین پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە شیکردنەوەی کۆتاییدا هەردووکیان یەک شتیان دەوێ، چی بنەڕەتی و سەرەکی هەیە کە ئەم دووانە تێیدا کۆک نەبن.

لەبەرئەوە پێموایە بەشی زۆری مەسەلەی مودیرییەتە، پێوەندییە دەروون حزبییەکانە.

پرسیار: راستە بەگشتی وایە، بەڵام ئەی بۆچی دوو حیزب هەڵگری هەمان ئایدیۆلۆجیان، حیزبێکیان لەت دەبێ، کەچی ئەوی تریان کە رەنگە گەورەترو بەتەمەنتریش بێ درزی تێناکەوێ؟

وەڵام: کام حیزبی گەورە هەیە تێی نەکەوتووە؟ پارتی دیموکرات کەمی تێکەوتووە؟ ئایا گەورەترین و بەرابردووترین حیزبی باشووری کوردستان تێی نەکەوتووە؟ هەموو تێی کەوتوون، رەنگە هەندێ حیزب ماوەیەکی پتری بوێ، لەپاشان رەنگە هەندێ شت رۆڵی خۆی ببینێ، بۆ نموونە لە پارتیدا، شتێک هەیە لەزمانی بیانیەکاندا پێی دەڵێن "ئۆتۆریتە"، سەرکردایەتیی پارتی ئۆتۆریتەیەکی تایبەتی هەیە، وەختی خۆی بەرجەستە بووە لە خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی و ئێستەش بەخودی کاک مەسعوودەوە، ئەوە ناوی لێ نانێم دەسەڵات سەپاندن، بۆ خۆی مەرکەزییەتێک هەیە خەڵکەکە گوێڕایەڵیی زیاتری بۆ قسەکانی ئەو هەیە.

پرسیار: واتە مەرکەزییەتی حیزب ئەو سوودەی هەیە یەکپارچەیی ریزەکانی حیزب دەپارێزێ، بەڵام بەدیوێکیتردا بوونی رای جیاواز و ململانەی ئاراستەکان لە نێو حیزبێکدا، کە رەنگە لەتبوونیشی لێ بکەوێتەوە، گەرموگوڕی و کێبەرکێ لە نێو ئەو حیزبە دا دروست دەکات، کە شتێکی ئەرێنییە، چۆن ئەو دوو خاسییەتە ئەرێنییەی ئەو دوو مۆدێلە لە حیزب کۆ بکەینەوە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**وەڵام:** پێموایە نە بوونی حیزبگەلی جۆراوجۆر نە بوونی کوتلە جێی مەترسییە، ئەگەر نەبێتە دەستەبەندی لە بەرامبەریدا، هەردووکیان نیشانەی پێگەیشتنی فیکری و فرەیی و کرانەوەن، هەموویان شتی باشن، ئەوەی خراپە پێکەوە هەڵنەکردنە.

**پرسیار:** ئەگەر لەتبوون دیاردەیەکی باو بێ لە کوردستان و دنیادا، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئێمە هەر حیزبیک دروست بوو چاوەڕێ بین ئەمڕۆ یان سبەی تووشی لەتبوون بێ؟

**وەڵام:** پێم وایە مەرج نییە هەمیشە تووشی لەتبوون بن، هەق وایە لە دەروونی حیزبێکدا هەوڵ بدەین ئەو پێوەندییانە وابن خەڵک ناچار نەبن لەبەرئەوە بیروڕایان جیایە لە حیزبەکە جیا ببنەوە یان وابکەن لەت ببێ، ئەوەیش رووبەڕووی رێبەرایەتییەکە دەبێتەوە. با بوارێک ساز ببێ ئەوەی رای جیاوازی هەیە لەنێو حزبدا بیخاتە روو، بانگەشەی بۆ بکات، با لە کۆنگرەیەکیتردا ئەو ببێ بە زۆرینە و سەرکردایەتی بەدەستەوە بگرێ و ئەوانی تر پێڕەوی لێ بکەن.

**پرسیار:** پێت وانییە پێویستە بیرو بەرژەوەندیی هاوبەش لەبارییاندا بێ بەسەر ناکۆکییەکانی نێوخۆی حیزبدا زاڵ بن؟

**وەڵام:** دەبێ وا بێ، دەبێ وابێ.

**پرسیار:** چی بکەین بۆ ئەوەی وابێ؟

**وەڵام:** دەبێ قبووڵ بکەین ئێمە مرۆڤین، بوونەوەری زیندووی بیرکەرەوەین، لەقاڵب نەدراوین هەموو وەک یەک بیر بکەینەوە، دەبێ رێ بدرێ لە نێو حیزبدا بیروباوەڕی جۆراوجۆر بخرێتە روو، بێ ئەوەی کەس لەسەر ئەوە دەربکرێ.

**پرسیار:** ئەی رۆڵی توێژی روناکبیری نێو حیزب لەو کێشەیەدا چییە؟

**وەڵام:** پێم وایە روناکبیر دەبێ زیاتر ئەفکاری نوێ بێنێ و بەقەناعەت پێکردن بڵاوی بکاتەوە.

**پرسیار:** چەندە لەگەڵ ئەوەی نابێ روناکبیر لە نێو حیزبدا بێ؟

**وەڵام:** من ئەسڵەن لەگەڵ ئەو رایە نیم کە روناکبیر لە بەرامبەر حیزبییەکان دادەنێ و پێموایە کەسێک کە دەبێتە حیزبی بۆ خۆی روناکبیرە، چونکە روناکبیری رێژەییە، حزبییەکان روناکبیرن ئەوانیش روناکبیرن، بەڵام هەندێ کەس دەڵێن روناکبیری پابەند (مولتەزیم) نابم ئەوەیان رەحەتترە.

**پرسیار:** کامیان رۆڵی زیاترو گرینگترە، روناکبیری پابەند یان ناپابەند؟

**وەڵام:** پێم وایە روناکبیری پابەند گرینگترە و پتر کاری پێ دەکرێ لەوەی دەیەوێ ئازاد بێ و هەر قسان بکات، چونکە رووناکبیرانی دەرەوە ئەگەر هەموو یەک بن ئەوە حیزبن، ئەگەر یەک نابن تاکەکەس دەبن، تاکەکەسیش ناتوانێ کاریگەری دابنێ، ئێستە هەزار رەخنە دەگرن لە حیزبەکان بەتایبەت لە باشووری کوردستان لە دوو حیزبی گەورە، باشە ئەگەر خوانەخواستە مەترسییەک رووی لە وڵاتەکە کرد، لە هەموو رووناکبیرێکی ئازاد دەپرسم: کێ بەرگری دەکات و بەرگری رێک دەخات، حیزبەکان یان رووناکبیرەکان؟ زۆر ناخۆشە بڵێین "رووناکبیرەکان و حیزبییەکان" ئەی بۆ حیزبییەکان تاریکبیرن؟ یان لەوە خراپتر دەڵێن "رووناکبیرەکان و سیاسییەکان"، ئایا روناکبیر هەیە سیاسی نەبێ؟ دەتوانێ بڵێ من روناکبیری ئازادم و حیزبی نیم، بەڵام ناتوانێ بڵێ سیاسی نیم، هەر ئەوە کە دەڵێ سیاسی نیم بۆ خۆی سیاسەتە، ئاخر لە نێو میللەتانی زۆرلێکراو دا دەتوانی بڵێیت کەس نییە سیاسی نەبێ. هەندێ دەربڕین بەکار دێنن کە تەماشایان دەکەیت رەنگە جوان بن و کاریگەریشیان لەسەر گوێگر هەبێ، بەڵام کە لێیان دەکۆڵیتەوە وا نییە.

**پرسیار:** زۆرێک لە حیزبە کوردییەکان لە رابردوودا لە خەباتی سیاسییاندا شوێنکەوتووی ئایدیۆلیۆجیای مارکسی بوون، ئێستەیش حیزبی کوردی هەن پێڕەوی لە ئایدیۆلۆجیای ئاینی دەکەن، پێتانوایە ئایدیۆلۆجیا چەندە خزمەتی بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەکات؟

**وەڵام:** ئایدیۆلۆجیا بەواتای واقیعیی خۆی، کە شتی فیکرییە، بەبڕوای من هیچ وەختێک باش نەبووە، ئێستەش هەر باش نییە، نە مارکسیزمم پێ باشە ببێتە ئایدیۆلۆجیای حیزبێک، نە ئیسلامیزمم پێ باشە، هەر کەس موسڵمانە کەیفی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر ئایدیۆلۆجیا بەواتایەکی گشتیتر بێ بەواتای بیروبۆچوونی سیاسی، ئەوە حیزبایەتی و سیاسەت بەبێ ئەوە مومکین نییەو هەر دەشمێنێ.

---

عەبدوڵا حەسەن زادە جگە لەوەی یەکێک بووە لە سەرکردە کوردییەکانی بزووتەوەی ئازادیخوازی کوردستانی ئێران، نووسەر و وەرگێڕێکی ناسراویشە، یەکێک لە کارە دیارەکانی بەکوردیکردنی رۆمانی "حەمەدۆک"ی یەشار کەمال، رۆماننووسی ناسراوی کوردی تورکیایە.

(ئاکانیوز)

## عەبدوڵای حەسەن زادە لەبارەی قاسملۆ وە دەدوێت

سەرچاوە: ماڵپەری هاوڵاتی
هەڤپەیڤین: ئازاد شێخی

**پرسیار:** مامۆستا، سەرەتا پێمان خۆشە باسی یەکەم ئاشنا بوونت لەگەڵ د. قاسملوو بکەی، یەکەمجار چۆن لەگەڵی ئاشنابووی؟

**عەبدوڵای حەسەن زادە:** پێش ئەوەی جوابی پرسیارەکەت بدەمەوە، چونکی ئەو وتوێژە لە سەروبەندی ١٨ هەمین ساڵی شەهیدبوونی د. قاسملوو دا، ئیجازە بە خۆم دەدەم سڵاوێک لە یادی د. قاسملووی نەمر بکەم و سڵاو لەو کەسانە بکەم کە سادقانە باوەڕیان بە رێبازی د. قاسملوو هەیە کە دیارە هەر رێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، رێبازی پێشەوا قازی محەممەدو قاسملوو و هەموو رێبوارنی رێگای ئازادی، سڵاو لەوانیش بکەم و سەرکەوتنیان لە وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامانجی پێشەوا، قاسملوو، شەرەفکەندی و هەموو شەهیدان، بۆ بە ئاوات بخوازم.

ئەمن پێش ئەوەی کە د. قاسملوو لە نیزیکەوە بناسم لە دوورەوە لەگەڵ ناوی ئاشنا بووم، دەبێ ئیعتراف بکەم کە ئاشنایەتی لەگەڵ ناوی دوکتور تا ڕادەیەکی زۆر تاریک و لێڵ بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگەڵ شەهیدی نەمر«« مەلا ئاوارە« هەر ئەوەندەمان لە سەری دەزانی کە ڕەحمانی قاسملوو - نەک د. قاسملووش - پیاوێکی خوێندەوارە و لە دەرەوەی وڵات لە چێکۆسڵۆواکی دەژی و تێکۆشەری حیزبی دێموکرات بووە و، ئێستەش پێوەندیی لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی ٤٦. ٤٧ هەیە.

بە داخەوە بزووتنەوەی ٤٦. ٤٧ پاش ١٨ مانگ خۆڕاگری سەرکوتکراو پێوەخرا تا گەیشتینە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی و دەرچوونی ڕێکەوتننامە یا بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کە ڕێکەوتنێک بوو لە نێوان سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی کورد بە ڕێبەریی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی و دەوڵەتی عێراق کە ئەو وەختی سەرکۆمارەکەی » ئەحمەد حەسەن بەکر» بوو. لەو مناسەبەتە دا بوو کە د. قاسملوو بە حوکمی ئەوەی پێوەندییەکی نیزیکی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد بە گشتی و شەخسی مەرحومی بارزانی هەبوو، گەڕایەوە بۆ کوردستان و سەردانی مەلا مستەفای کرد بۆ پیرۆزبایی ئەو ڕێکەوتننامەیە، لەو وەختەدا ڕەفیقێکی ئێمە کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لە مەنتەقەی گەڵاڵە یا مەنتەقەی چۆمانێ بوو کە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی لێ بوو. لەوێ چاوی بە د. قاسملوو کەوتبوو، هێندێک قسەیان کردبوو، بۆ ئەوە بڕیارێکیان دابوو کە دیدارێکی دیکە هەبێ لە بەینی ئێمەو د. قاسملوو دا بۆ وەی بیر لەوە بکەینەوە چۆن ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات کە زۆر پەرشوبڵاو بوون ڕێک بخەینەوە. کە دەڵێین پەرشوبڵاو بوون، ئاوا بوو، بێجگە لە تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات، بەشێک لە ئەندامانی حیزبی لە ئوروپا بوون، کە ئەوانیش لە ڕاستیدا یەک دەست نەبوون و پێکەوە کاریان نەدەکرد، بەشێک لە مەنتەقەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی بارزانیدا بوون کە ئێمە لەوێ بووین، بەشێکمان لە نێو حکومەتی عێراقێ دەژیان لەلای دەوڵەتی عێراقی نەوعێک پەنابەرییان وەرگرتبوو، بەشێکمان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان بوون کە ئەو وەختی دوو دەستەییەک لە نێو پارتی دیمۆکراتی کوردستان دا هەبوو. بۆ ئەوەی یەکبگرنەوە ئەوەندەی مومکینە سەروسامانێک بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بدرێتەوە، بڕیارەکە درابوو



کە جارێکی دیکە یەکتر ببینینەوە. ڕەنگە ئەوە ڕەخنەیەکی گەورەی پێ وارید بێ، بەڵام بە ڕاستی لە بیرم نییە کە چەندی خایاند، حەتمەن لە مانگ کەمتری پێ نەچوو کە د. قاسملوو جارێکی دیکە هاتەوە بەغدایە، ئێمەش هەر بۆ ئەو مەبەستە لە کوردستانەوە چووین و لە بەغدایە لەگەڵ د. قاسملووو هێندێک ڕەفیقی دیکە کە لەگەڵ د. قاسملوو بوون ئاشنابووین.

**پرسیار:** مامۆستا ئەوەندەی لە بیرت بێ بۆ یەکەمجار د. قاسملوو چۆن بوو بە ئەندامی حیزب؟ یان لای کێ بوو بە ئەندامی حیزب؟ ئەوەندەی بزانی....

**وەڵام** : بە بێشک ئەمن ئەوەم لە بیر نییە چونکی د. قاسملوو هەم تەمەنی لە من زیاترە و هەم تەمەنی هاوکاریی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێشترە، بەڵام وەکو دەزانین د. قاسملوو لە ڕێگای یەکیەتیی لاوانەوە ڕێی کەوتۆتە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر لە ساڵی ١٣٢٥ دا تاریخەکەی نازانم بە دەقیقی کەنگێیە. لکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە ورمێ کە دامەزراوە ئەو سەر پەرشتی بووە، لە نەتیجەدا لە حیزبی دێموکرات نزیکبۆتەوە، کەنگێ بۆتە ئەندام بە داخەوە نەک هەر لە بیرم نییە، هەر نەشم بیستوە هەتا بۆ خۆشی ئەوەندەی لە بیرم بێ لە هیچ جێیەک دا سەبتی نەکردوە.

**پرسیار:** ئاماژەت بەوە کرد بۆ یەکەمجار هەر لە دوورەوە و هەر بە ناو د. قاسملووتان دەناسی کاتێک لە نزیکەوە لەگەڵی ئاشنابوون لەگەڵ شەخسیەتێکی ڕوبەروو ئاشنابوون ئایا تەسەورتان ئەوە بوو کە پێشتر هەتان بوو یان تەسەورتان گۆڕا یان شەخسیەتێکی دیکەتان بینی کە ڕووبەڕوو لەگەڵی ئاشنابوون؟

**وەڵام** و: ڕەنگە زۆرم پێوەنەنابێ ئەگەر بڵێم وەختێکی د. قاسملووم لە نزیکەوە دی زەرفیەتی دەرکی عەزەمەتی د. قاسملووم نەبوو. د. قاسملوو دەریایەک بوو. ئەمنیش زۆر لە ئێستا سادەتر بووم، زۆر لە ئێستا کەم ئاگاهی تر بووم، چونکی من لە نێو کاری سیاسیدا بووم، زۆر کۆن بوو لە کاری سیاسیدا بووم. بەڵام لە نێو کاری سیاسیی فەعالدا نەببووم. ئەو وەختی کە لە کوردستانی خۆماندا بووین، بە قەولی فارسی »ئەمن زۆر خام بووم». بەڵام شتێکی کە لە بیرم ناچێتەوە ئەوە بوو کە د. قاسملوو چونکی زۆر کەم لە دێهاتی ژیابوو، لە دێهاتی لەدایکببوو لە پاشان چووبووە ورمێ و لە ورمێ ڕا چووبووە تارانێ و چوببووە دەرەوە، زیاتر دەگەڵ فارسی زمان و ئازەری زمانەکان قسەی کردبووو ئەو دوو زمانەشی بە حەددی کافی دەزانین یا بڵێین بە حەددی باشی دەزانین لەبەرئەوە وەکو غەیرە کوردێک قسان بکا ئاوا بوو. هەم لەسەروشەو زاراوە پەکی دەکەوت، هەم کە قسەی دەکرد زیاتر وەکو غەیرە کوردێک قسە بکا مەسەلەن، «ع»ی نەبوو «ح»ی نەبوو. زۆر جار بە گاڵتە پێمان دەگوت عەجەم. بەڵام لە باری فکرییەوە کە بۆ ئێمە دەرکی ڕادەی زانست و تێگەیشتن و ئاگایی د. قاسملوو بە ڕاستی ئاسان نەبوو، یانی گەورەتر بوو لەوەی کە بیستبووم.

**پرسیار:** کاتێک کە د. قاسملوو دەگەڕێتەوە، لە کۆنگرەی ٢ی حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا د. قاسملوو دژایەتیی دەکرێت لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە یان بڵێین لە دەرەجەی ئەوەڵ دا ئەحمەد توفیق. هۆکاری دژایەتیی ئەو ڕێبەرایەتییە یان خودی ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ د. قاسملوو بۆ چ دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام** : وەکو دەڵێن ئەمن شاهیدی زیندووی قەزیەکە نەبووم، بەڵام ناکۆکیی نێوان د. قاسملووو جەرەیانی مەرحومی عەبدوڵڵا ئیسحاقی لە کۆنگرەی ٢ دا نییە، زۆر پێش کۆنگرەی ٢ یە. کۆنگرەی ٢ لە ساڵی١٣٤٣ دا گیراوە، لە حالێکدا ئەو ئیختلافە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٣٣٧و ٣٨ و ٣٩ کە ناکۆکییەکی عومدەتەن فیکری لە بەینی د. قاسملوو لە لایەک و کاک ئەحمەد توفیق لە لایەکی دیکەدا هەبوو، بە جۆرێک کە تۆزێک لە لەفافەدا بۆی دەچم، وای لێهات کە د. قاسملوو بە دەسیسەی ئەحمەد تۆفیق هەر لە عێراقێ وەدەرنرا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەختی. بەڵام لە کۆنگرەی ٢ دا ئەحمەد تۆفیق بڕیارێکی بە ڕادان دا لەسەر د. قاسملووی کە د. قاسملوو لە حیزب دەرکراو تەنانەت تۆمەتی خەیانەتی درایە پاڵ و ئەوەش تەنیا شاکاری کۆنگرەی ٢ نەبوو، لە کۆنگرەی ٢ دا ئەوەی بە د. قاسملوو کرا خراپتر لەوە بە قازی محەممەدی کرا. بەیانێکی کە کۆنگرەی ٢ دەری کرد ـ بەیانی کۆتایی کۆنگرە. هیچی بە خودی قازی محەممەد و ڕێبەرانی کۆماری کوردستانەوە نەهێشتبوو، کە ئەوە ئاڵۆزییەکی زۆری پێک هێنا کە وای لێهات ئەمن شەخسەن لە بەهارەکەیدا سەرێکی کوردستانی گەرمێنم داو لەگەڵ ڕێبەرانی حیزب دانیشتم، هەر بۆ خۆم کە بەیانەکەم دی زۆر ئیعترازم پێی بوو کە چۆن جەریانێک کە شانازیی تاریخی میللەتی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتییە ئاوا هوجوومی دەکرێتە سەرێ! کە دیار بوو پێش من خەڵکی دیکە ئیعترازەکەی پێ کردبوون.

گوتیان ئەتۆ بەیانییەی ١٠ی خاکەلێوەت نەدیوە.. گوتم نەوەڵا، گوتیان ئێستە بۆت دێنین. کۆبوونەوەکەمان تەواو بوو چووین بۆ نان خواردنێ، لە سەرنان خواردنێ نوسخەیەک لە بەیانییەکەیان بۆ هێنام ئێستە ١٠ی خاکەلێوەش نەببوو، بەڵام ئامادەیان کردبوو، کە تەماشام کرد تەقدیرو تەجلیل لە نەقشی پێشەوا قازی محەممەدو ڕێبەرانی جمهوری کراوە. لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش نیوەڕۆیە سەعاتی ٣ و ٤ جارێکی دیکە دانیشتینەوە، کۆبوونەوەکان زۆر درێژەیان کێشا زۆر تەوەجوهیان کرد، لەوێ ڕوحی شاد بێ کاک سولەیمانی موعینی لێی پرسیم بەیانییەکەت خوێندەوە گوتم بەڵێ خوێندمەوە. گوتی پێت چۆن بوو؟ گوتم بۆ خۆی باش بوو بەڵام نابێتە کەفارەتی گوناحی بەیانییەی کۆنگرەی.

پرسیار: مامۆستا ئێوە کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی سیاسیی ئەو کاتی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد کاتێک کە پاش پرشوبڵاوی، یان ئەوەی کە دادەبڕێن و ئێوە هەر یەکی لە شوێنێک دەبن. کاتێک د. قاسملوو دەگەڕێتەوە، ئێوە لە چاپخانەی ئەبوونەواس لە بەغدا کۆدەبنەوە، لەوێ کۆمیتەیەک هەڵدەبژێرن کە لە بەرنامەی حیزب دا یان لەو کاتی حیزب هیچ قەرارێکی لەسەر نەدرابوو کە ئەو کەسانە سەلاحییەتی ئەوەیان هەبێ. بەڵام ئەوەندەی بزانم، ئێوە کۆمەڵێکی دیکەتان هەڵبژارد وەک ڕێبەری. ئەو کۆبوونەوەیە چۆن پێک هات، ئامانجەکانی ئەو کۆبوونەوەیە چ بوون، د. قاسملوو چ نەخشێکی لەو کۆبوونەوەیەدا هەبوو؟

وەڵام : وابێ لە کتێبی نیوسەدە تێکۆشانیش دا بە جۆرێک ئیشارەم پێ کردوە نازانم چەندە بە درێژی و بەڕوونییە، داستانەکە ئەوە بوو کە ئێمە دەمان هەویست یەک بگرینەوە، ئێمە پێش ئەوەی بچین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، کۆبوونەوەیەکی بەرینمان گرت کە ئەو وەختی چونکی ئێمە نەمان دەزانی ئەو ئیستلاحە سیاسییانە چۆنن، ناوی پلینۆممان لەسەردانا. چەند نەفەرێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیمان هەبوون خەڵکێکی زۆریش لە کادرەکانی حیزبی لە دەوروبەری شوێنی کۆمیتەی ناوەندی کە ناڵێم ماڵێک بوو، دەڵێم ژوورێک بوو، تاقە یەک ژوور بوو لە شوێنێکی ناوچەی ئاکۆیان، لەوێ کۆبوونەوەمان کردبوو بڕیارمان دابوو پێشمان ئیبلاغ کرد کە: ئێمە د. قاسملوو وەردەگرینەوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە هیچ، تەنانەت حازرین پەیڕەویش لە نەزەراتی وی بکەین، کە خودی د. قاسملوو وەختێکی خوێندبوویەوەو لە پاشان دیتی گوتی ئەوە شتێکی زۆر نادروستە، چون کۆمیتەی ناوەندی پەیڕەوی لە نەزەراتی کەسێکی دەکا کە بۆ خۆی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نییە، یان چۆن دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە حاڵێکدا ئەوان کۆمیتەو کۆنفراسێک هەڵی بژاردوون؟ بەڵام وەختێکی بۆ ئەو مەبەستە یەکمان گرتەوە، ئیحتیاجیش بە کەسێکی وەکو د. قاسملوو لە باری فیکرییەوە، لە باری تەشکیلاتییەوەو بە تایبەتی لە باری ئوسوولی حیزبییەوە زۆر زەق هەست پێدەکرا، مەرحوومی د. قاسملوو گوتی: ئەمن نایەمە نێو ئەو کۆمیتە ناوەندییەی، ئەو کۆمیتە ناوەندییە کە بریتی بوو لە چوار عوزووی ئەسڵی، یەکێکیان لەوانە بوو کە لە کۆنگرە هەڵبژێردرا بوو کاک ئەمیری قازی، سێیان ئەوانە بوون کە لە کۆنفرانس دا هەڵبژێردرابوون . کونفراسی ٢ کە شتێکمان کرد ناومان نا تەرمیمی کۆمیتەی ناوەندی، لەوێدا هەڵبژێردرا بوون، گوتی: بناغەی ئەو کۆمیتەی ناوەندییەی هی کۆنگرەی ٢ یە ، کۆنگرەی ٢ منی بە خائین ناساندوە، کە وابێ ئەمن نایەمە نێو کۆمیتە ناوەندییەکی کە ئەوەبێ. بەحسێکی زۆر دوورودرێژمان بوو، لە ڕاستیدا ئێمە کە ٣ کەسمان چووبووین کاک ئەمیری قازی بوو کاک حەسەن ڕستگار بوو، ئەمن بووم، ئێمە ئەمنو کاک ئەمیر هەتا سەر موخالیفەتمان کرد گوتمان ئەوە نابێ، ئێمە جێگەی تۆ دەکەینەوە هاوکاری دەکەین بەڵام کۆمیتەی ناوەندی ڕازی نابێ هەڵی وەشێنینەوە. لە ئاخرەکەی دا پێم وایە، لە بیرمە کاک حەسەن ڕستگار وا بزانم هێناویشمە گوتی: کاکە ئێوە ئەگەر ئەو شەڕە ئیدامە دەدەن ئەمن خواحافیز، ئەمن شەڕی قاسملووم پێ ناکرێ، جەبهەکەی ئێمە شکا، بۆیە ڕازی بووین بەوەی کە کۆمیتە ناوەندییەکی پێک بێنین کە لە بنی ڕا نە کۆنگرەیەک نە کۆنفرانسێک، هیچی لە پشت نییە. یانی لەو کۆبوونەوە چوکەڵەیەدا نازانم ئەو ڕیستورانە لێی کۆبووینەوە ناوی ئەبوو نەواس بوو یان نا، بەڵام لە کەناری دیجلە مەنتەقەیێک هەیە کە پێی دەڵێن ئەبوو نەواس، جادەیەکیشی پێدا دەڕوا هەر بەو ناوە، ڕیستورانی جۆراوجۆری لێ بوو، یەکێکیان ناوی ئەبوو نەواس بوو بەڵام شایەد لەوێ نەبوو، لەوێ کۆبووینەوە ٦ کەس بووین، ٧ کەسمان کردە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لەو کۆمیتە ناوەندییەدا بوو ئەوە بە بێشک لە پێکهاتنی ئەو کۆمیتە ناوەندییەدا لە کارەکانی ئەودا نەقشی د. قاسملوو نەقشێکی زۆر بەرچاوو بەرجەستە بوو، دەکرێ بڵێین د. قاسملوو بە تەنێ لایەک بوو ئەوانی دیکەمان لە زۆر شت دا بە هەموانمان لایەکی دیکەی بووین، ئەوە داستانی ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

پرسیار: کاتێک کە د. قاسملوو دەگەڕێتەوە عێراقو ئێوەش وەک کەسایەتییەکی ئەو کاتی حیزب لەگەڵ کۆمەڵێک لە تێکۆشەران دەچن بۆ ئەوەی د. قاسملوو بێیننەوە یان داوای لێ بکەن بگەڕێتەوە ناو ڕیزەکانی حیزب، بەڵام ئەو مەرجێک دادەنێ، ئەو دێ داوا دەکا کە دەبێ حەتمەن کاک کەریمی حیسامیو کاک حەمەدەمین سیراجی لەگەڵ بێ. پێ داگریی د. قاسملوو لەسەر ئەو دوو کەسە بۆ؟ لە حاڵێک دا کێشەیەکی دیکەشی هەبوو لەگەڵ جەنابتدا، ئەوەی کە دەبێ کۆنگرەی ٣ نەبێ، بەڵکو دەبێ کۆنگرەی ٢ بێ. کۆمەڵێک مەرجی دیکەی هەبوو چۆن بوو ئەو مەرجەی دەیهەویست بسەپێنی بە سەر ئەو جەمعەی کە دەیانویست د. قاسملوو بگەڕێتەوە؟

وەڵام: ئەوە دوو مەرحەلەیە. مەرحەلەی ئەوەڵێ ئەوەیە کە د. قاسملوو ئیسراری هەبوو کە ئەو دوو سێ برادەرەی لەگەڵ بن، هەر کەریمی حیسامی و حەمەدەمین سیراجی نەبوون، برادەرێکی دیکەش بوو کە ئەویش نەماوە بە ناوی »یوسف ڕیزوانی« کە مەشهوور بوو بە »عەبدوڵڵا شلێر» ئەویشی هەر لەگەڵ بوو، حەساسیەتێک کە ئێمە بوومان ڕەنگە ئەمن نەم بوو، بە ڕاستی ئەمن نەم بوو چونکی ئەمن زۆر ڕەفیق بووم لەگەڵی، لەسەرکاک محمد ئەمین سیراجی بوو، بەڵام کاک محەمەد ئەمین سیراجی لە نێو بزووتنەوەی ٤٦ . ٤٧ دا بوو، بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییش لەگەڵ بزووتنەوەکە نەبوون، جگە لەوە هێندێک تێبینییان لە سەری هەبوو کە ڕەنگە تێبینییەکان نەم هەوێ باس بکەم، هێندێک وارید بوو هێندێکیان وارید نەبوون، ئیسرارەکەی کاک دوکتوری لەسەر هەموویان بوو بەڵام، موخالیفەتەکەی برادەرانی مە لەسەرکاک حەمەدەمینی سیراجی بوو تەنانەت ئەو پلینۆمە بڕیاریدا بوو کە محەمەد ئەمینی سیراجی بە هیچ جۆرێک نابێ وەربگیرێتەوە. هەتا دواییەش کە بڕیاردراو وەرمانگرتەوە، لەگەڵ موخالیفەتێکی زۆری کادرو ئەندامانی حیزب لە کوردستانی گەرمین بەرەو ڕوو بوو، دەلیلەکەی دوو شت بوو، یەکێکیان لە باری فکرییەوە ئەو وەختی لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا دوو خەتی فکری هەبوون، فکرێکی چەپی کە دەکرێ پێی بڵێین فکرێکی دەستە چەپی ئەگەر پێی نەڵێین فکرێکی کۆمونیستی. ئەوی دیکەیان فکرێکی ناسیۆنالیستیی بەرچاوتەنگ و تا حەددێکی زۆریش دەستەڕاستی بوو، کە فکری ئەوەڵ د. قاسملوو نمایندەگیی دەکرد یا بڵێین عونسوری هەرە بەرچاوی بوو، فکری دووهەمی مەرحوومی ئەحمەد تۆفیقی. یەکێکیان ئەو هاوفکرییە بوو، دەلیلی دیکەشی ئەوە بوو پێکەوە کاریان کرد بوو. ئێستە د. قاسملوو حازر نەبوو ڕەفیقەکانی بە جێبێڵێ و بۆ خۆی بێ لەگەڵ جەمعێکی دیکە هاوکاری بکا. ئێمە کە تەسلیم بووین بە نەزەراتی د. قاسملووی، دەبێ قبوڵ کەین بێجگە لەوە کە ئیحتیاجییەکە یەکجار زۆر بوو، بە جۆرێک لە جۆران ئێمە هاتین قەرارێکی کە جەمعی گەورەتر لە خۆمان دابوویان ئەو قەرارەمان شکاند، بە شێوەیەکی غەیرە ئوسووڵی بە پێی ئەو وەختی ئەوەمان قبول کرد ئەو شەرتەی د. قاسملوو. بەڵام بەشێک لە دەلیلەکانی ئەوە بوو کە جەبهەکەی ئێمە کەلێنی تێکەوت کە من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە کارەکە لە باری ئەساس نامەییەوە کارێکی خەراپ بوو، بەڵام ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دواتر دا نەسیبی بوو لە شانازییەکان، دەتوانین بڵێین هی ئەو قەرار شکاندنە بوو، ئەوەش موهیم ترە.

پرسیار: مامۆستا کاتێک کە کۆمار دەڕووخێ، تا وەکو چەندین ساڵ دواتر بەرنامەی ئەو حیزبە وەک خۆی دەمێنێتەوە. یانی هیچ ئاڵوگۆڕێکی تێدا پێکنایە، یەکەمجار کە بەرنامە و ئەساسنامە دوای تێکچوونی کۆمار دەسکاری کراوە یا داڕێژراوە بە شێوەیەکی مۆدێرن، بۆ حیزبێک کە بتوانێ کاروباری خۆی لەو ڕاستایەدا بەرێتە پێش کەی دەسکاری کرا د. قاسملوو چەندە لە داڕشتنەوەی ئەو بەرنامەو ئەساسنامەیەدا شوێن دانەر بوو؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەڵام: ئەگەر بکرێ پێی بڵێین بەرنامە و ئەساسنامە نەک لە دەورانی کۆمار دا بەڵکو لە پێش دامەزرانی کۆماردا نووسراوە شتێکی زۆر کورت و موختەسەرە، زیاتر وەکو مەرامنامە حەق وایە باسی بکەی، چونکی چەن ئەسڵێکی کوللین کە ئەو وەختی نووسراوە ئیدی دەسکاری نەکراوەتەوە و تەنانەت بەلای زۆر کەس نەش بووە. ئێمە ئەندامی حیزب بووین شتێکمان بە ناوی بەرنامە و ئەساسنامە نەدیبوو. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم لە بیرمە عومرم ١٣ ساڵ و سێ مانگ بوو کە بووم بە ئەندامی حیزب، لە حاڵێک دا دواتر نازانم ئەو وەختی نەنووسرا بوو، بەڵام دواتر ١٨ ساڵمان دانا بۆ تەمەنی ئەندامەتی. بەڵام ئەتۆ گوتت کەنگێ بە شێوەی مودێڕن. ئەمن ئەگەر بڵێم بە شێوەی مودێڕن، دەبێ بڵێم لە دوای ساڵی ١٩٧٠، ئەو وەختەی ئێمە دەگەڵ د. قاسملوو یەکمان گرتەوە. د. قاسملوو بەرنامە و ئەساسنامەیەکی گەڵاڵە کرد و هەمووماں دەسکاریمان کرد، دەتوانم مودێرنەکەی بۆ وەی دابنێم. بەڵام دەسکاریکردنی یەکەمجاری، ساڵی ١٣٤٢ دەسکاری کراوەو لە کۆنگرەی ٣ دا کە ساڵی ١٣٤٣ پێکهاتوە لەوێدا پەسەندکراوە. ئەویان بەرنامە و ئەساسنامەیەکی زۆر دووروودرێژەو بەڵام ئیدی ناکرێ پێی بڵێین مودێرن بەڕاستی چونکی (ئێستا بریا بە دەستەوە بایە) وەکو شتێکی عەنتێکە دەهاتە بەرچاو. یانی لە باری موحتەواوە زۆر سادە دەهاتە بەرچاو، بەهیچ جۆر شتێکی مودێرن و ڕێکوپێک نەبوو. لەوەدا د. قاسملوو هیچ نەقشێکی نەبوو لەحاڵێکدا لەوەی دواتر کە بەشێوەیەکی جوانترو ڕێکوپێکترو عیلمیتر نووسرا بوو د. قاسملوو نەقشی هەرە ئەساسی هەبوو، یانی ئەو دایڕشت، نووسی، لە پاشان هێنای ئێمە ئەوەندەی توانای فکریمان هەبوو قسەمان لە سەرکرد و دەستکارییمان تێداکرد.

گیارەنگ

## حیزبی دێموکڕات.. دوێنێ.. ئەمڕۆ.. سبەی وتووێژێک لەگەڵ ئەدیب و سیاسییەکەی ڕۆژهەڵات

سازدانی: کەمال چۆمانی



مرۆڤێکی پرچ سپی لە ژوورێکی سادەی خانووێکی کۆن لە کامپێکی شاری کۆیە، دانیشتووە. بیرێکی لای کتێبەکانییەتی و بیرێکیشی لای بەرە و پێشبردنی پارتەکەیی و دۆزی کوردە لە ڕۆژهەڵات. بە زمانێکی زۆر پاراوی کوردیی قسە دەکات، بۆ هەر قسەیەک خوێندنەوەیەک و مەسەلەیەکی هەیە.

کاتێک لەگەڵت دەکەوێتە گفتوگۆ، نازانیت ئەو ئینسانە نە ئەدیبە نە سیاسی. من پێشتر ئەوەم بەر گوێ کەوتبوو کە زۆر خەڵک پێیدەڵێن واز لە سیاسەت بێنە، هەندێکیش پێیدەڵێن واز لە ئەدەب بێنە. من ئەو ڕۆژە تێگەیشتم کە هەردووکییان بە هەڵەدا چوونە. عەبدوڵا حەسەن زادە، پیاوی سییاسەتە و هی ئەدەبیشە. من هەستم کرد ئەو خاکییەی لە "زادە" دایە،

هی ئەدەبە. ئەو قسە زانی و تەکنیکەی قسەش کە بۆ سیاسەت پێڕەوی دەکات، واتلێدەکات بە سیاسیەکی دابنێیت، کە سەری لە سیاسەتدا کردۆتە بەفر.

عەبدوڵا حەسەن زادە ئەندامی کۆمیسیۆنی چاودێری بەسەر بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات و سکرتێری پێشووی حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران، لە وتووێژێکی دا لەگەڵ ڕۆژنامەی پ، باس لە بەشێک لەو گۆڕانکارییانەی ئێستای کورد و پارتەکەی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات. هاوکات خوێندنەوەیەکی ستراتیژییانە بۆ حیزبی دیموکڕات لە دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەیدا دەکات.

ئاوێنە: مامۆستا بەر لە هەر شتێک، خۆشە لە زاری خۆتەوە کورتەیەکی ژیانی بەڕێزتان بزانین، بەتایبەت ئەو ڕۆژانەی لە بناری قەندیل مامۆستای ئایینی بوونە و لەوێ مەلا بووونە؟

عەبدوڵا حەسەن زادە: لە سەریەک، پێم وایە ژیانی من ئەوەندە جێگای سەرنج نیە، بەڵام ئەگەر بە کورتی بۆت باس بکەم، لە دێیەکی چکۆڵەی ناوچەی سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووم. لە بەرئەوەش کە دێیەکەی من تا چەند ساڵێک دوای گەورە بوونی من قوتابخانەی دەوڵەتیی لێ نەبوو، بەڵام قوتابخانەی ئایینیی لێ بوو، لە حوجرەی فەقێیان دەستم کردوە بە خوێندن. لە سەرەتاوە، هەر وەک باو بوو، هەندێک وردە کتێب کە بە فارسی بوون، ئەوانم خوێندوە و پاشان ئەوانەم خوێندوون کە پێیان دەڵێن علومی عەرەبی یا زانستە ئایینییەکان، کە ڕەنگە زانستە عەرەبییەکان راستتر بێت، چونکە زانستە ئایینییەکان چەند زانستێکی سنووردارن، فیقهە و حەدیسە و ئوسوولە لەگەڵ چەند زانستێکی ئاوا، ئەوانی تر هەموویان عەرەبین.

سەرەنجام، پاشی چەند ساڵێک کە نزیکی هەشت ساڵ بوو، خوێندنی مەلایەتیم تەواوکرد. لەگەڵ ئەوەی هەر لە ئەوەڵەوە زۆر حەزم لە خویندنەکەی بوو ئێستاش هەر شانازیی پێوە دەکەم ، بەڵام حەزم لە ئیشی مەلایەتی نەبوو. ڕەنگە لە پێش دەورانی منیش هەر وا بووبێت، بەڵام لە سەردەمی مندا تاڕادەیەکی زۆر، لە مۆد کەوتبوو، قەدری جارانی نەمابوو. پێم خۆش نەبوو مەلایەتی بکەم، بەڵام بە حوکمی ئەوەی من لە دێ بووم و کاسبیەکی دیکەشم نەبوو بیکەم ،( بۆ خۆم کوڕە جۆڵام حەتا جۆڵاییشم نەدەزانی ) بۆ ماوەی شەش ساڵ لە ناوچەی سەردەشت مەلایەتیم کرد. لە مەلایەتییەکەدا، خەڵک پێی وابوو مەلای باشم. نەک مەلای باش بەو مانایە کە من زۆر عالمم، زیاتر مەبەستم ئەوەیە ئەوەی ئەرکی خۆم بوو وەکوو مەلا، لە دەرس گوتنەوە بە قوتابییانی دینی و ئەو ئەرکانەی کە دەکەونە سەر ئەستۆی مەلا وەکوو کاروباری دینی بە ڕادەیەکی زۆریش کاروباری کۆمەڵایەتی، لەوەدا خەڵک لێم ڕازی بوون. بەخۆشییەوە، لەبەرئەوەی بیروباوەڕی سیاسیم هەبوو و خەڵکیش ئەو بیروباوەڕە سیاسییەی پێوە شک دەبردم، زیاتر ئولفەتیان بە لای منەوە هەبوو و مەسائیلی زۆریان دەهێنایە لای من، تەنانەت لە دەوروبەریش (نەک هەر لە دێیەکەی خۆم)، کە گیروگرفت هەبووایە، خەڵک دەهاتن و کێشەکەیان دەهێنایە لای من و داوایان لێ دەکردم داوەری بکەم، ئەمە جگە لەوەی جار هەبوو کێشەی کۆمەڵایەتییشیان دەهێنایە لای من بۆ ئەوەی بۆیان چارەسەر بکەم.

ڕەنگە ئەوەندە بۆ باسکردنی ژیانی خۆم کافی بێ، ئەگەر شتێکی لێ زیاد بکەم، ئەوەی لێ زیاد دەکەم کە من لە تەمەنێکی زۆر کەمدا، هاتمە نێو کاری سیاسی، یان باشتر بڵێم وارێدی کاری حیزبی بووم ، چونکە بەڕاستی پێنج ساڵیش بوو ببوومە حیزبی ، بەڵام نەببوومە سیاسی. زیاتر لەوەش، پاش ماوەیەکی شەش ساڵی کە ئیتر لەگەڵ دونیای سیاسەت تێکەڵاو بووم، مەجبوربووم ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێبهێڵم و دەربەدەر بم و بێمە باشووری کوردستان. کە هاتیشم بۆ باشوور، دیسان ناچار بووم وەک مەلایەک لە دێیەکی لای سەنگەسەر و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بناری مەنگوڕان دابنیشم. دواتر کەوتمە نێو دنیای سیاسەت و کاری حیزبی و ئینجا ڕۆژنامەنووسی و نووسین و وەرگێڕان. ئەوە کورتەیەکی ژیانی منە، هیچ شتێکی وای تێدا نیە کە بۆ خەڵک جێگای سەرنج بێ.

**ئاوێنە:** مامۆستا تۆ وەک شۆڕشگێڕێک و سیاسەتمەدار و ئەدیب و نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووسێک، کە تەواوی ژیانی خۆت لەو بووارانەدا سەرف کرد، کە ئێستا ئاوڕ لەو مێژووە دوور و درێژەی خۆت ئەدەیتەوە، هەم ڕۆژانی شکست و هەمیش ڕۆژانی سەرکەوتن، چۆن ئەو ڕۆژانە ئەبینیت، ئەو ڕۆژانە چۆن ئەخوێنیتەوە، بەتایبەت لە ژیانی سیاسی و ئەدەبیتدا؟

**عەبدوڵا حەسەن زادە:** پیاوێکی گەورە قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێ "زۆر گرنگ نییە ئینسان لە ژیانیدا چ دەکا، بەڵام ئەوە گرنگە ئینسان ئەو کاتەی دەمرێ، بتوانێ بڵێ ئەوەی لە توانامدا بوو کردم". ئەمن ناڵێم ئەوەی لە توانامدا بووە کردوومە، بەڵام تا ڕادەیەک لەوە ڕازیم کە ئەو ئەرکەی دەبوو یەکێکی وەکوو من لە مەوقیعییەتی مندا بەجێی بگەیەنێ، تا ڕادەیەکی باش ، ئەگەر بە نیسبەتی سەدی بگرین، لانی کەم لە سەدا هەشتای ئەوەی کردوومە لێی ڕازیم. بەڵام خەبات بۆ هەر شتێک بێت، خەبات بۆ ژیان بێت و بۆ کار و کاسبییش بێ، حەتمەن سەرکەوتن وشکانی هەیە، ژیانی من و ژیانی سیاسییشم و حەتا ژیانی کۆمەڵایەتییشم پڕە لە سەرکەوتن و تێشکان، کە بەداخەوە وەکوو میللەتی کورد، ناکامییەکان و تووشی شکست هاتنەکان، ڕەنگە زیاتر بن، بەڵام سەرکەوتنیشی تێدان، ئەمن پێم وایە سەرکەوتنەکان و شکستەکان هەردووکیان دەتوانن ببنە سەرمایە بۆ ژیانی سیاسی یا حەتا ژیانی شەخسی و کۆمەڵایەتییش. بەو مانایە کە لە سەرکەوتنەکان، ئیستیفادە دەکەین بۆ بەرەوپێشچوون،لە شکستەکانیش دیسان ئیستیفادە دەکەین، بۆ دەرس لێوەرگرتن بۆ ئەوەی لە خەباتی ئایندەماندا تێ بکۆشین ئەو شکستانە بەتایبەتی ئەوانەی کە لە هەڵە و ئیشتیباهی خۆمانەوە دێن، ئەوانە دووپاتە نەکەینەوە.

**ئاوێنە:** کەم کەس هەیە بتوانێ ژیانی سیاسی و ئەدەبیی خۆی بەیەکەوە گرێ بدا و بەیەکەوە بیان گونجێنێ، بەڵام وەک دیارە تۆ توانیوتە، هەم ژیانی ئەدەبیی خۆت بەردەوامی پێ بدەیت تا ئەو چرکە ساتانەی ئێستا، ژیانی سیاسییشت هەروەها، پێت وایە لە کام بەشی ژیانتا، هەم سەرکەوتووتر بوویت، هەمیش مورتاحتر و ئاسوودەتر بوویت؟

**عەبدوڵا حەسەن زادە:** زۆر کەس گوتوویانە، پاشملە و بەرەوروو، جا هەر کەسە بە مەبەستێک گوتوویەتی بریا فڵان کەس (مەبەست لە عەبدوڵا حەسەن زادەیە) کاری ئەدەبیی بکردایەو کاری سیاسیی نەکردایە. ئەمن بۆخۆم رایەکی دیکەم هەیە، لە پێشدا زۆرجارم گوتوە (بە بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکم هەبێ) کە ئەمن خۆم بە ئەدیب نازانم، خۆم بە ئەدەبدۆست دەزانم. پێم خۆشە ئەو ناوە لەسەر خۆم دانێم. کارێکی سەیرو سەمەرەشم لەبارەی ئەدەبەوە نەکردوە، بەڵام بە هەر حاڵ، پێم وایە ئەو خزمەتانەی بۆ میللەتی خۆم لە دەستم هاتوون ئەوەی لەباری سیاسییەوە کردوومن، پترم لە دەست هاتوە تا ئەوانەی لە باری ئەدەبییەوە کردوومن، چونکە پێم وایە لە باری سیاسییەوە هەرچەندیش کەم بێ ئەوەی ئەمن کردوومە، بە هەموو ئەوانەی توانای ئەدەبییان بە قەد من بوو نەدەکرا، بەڵام ئەوەی لەباری ئەدەبییەوە کردوومە، بە هەموو ئەوانەی لە باری سیاسییەوە بە قەد من بوون دەکرا.

**پرسیار :** مێژووی حیزبی دیموکڕات، بەشێکە لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازیی کورد، ڕۆژانێک هۆکاری سەرکەوتنی گەلی کورد بووە، ڕۆژانێکیش هەبوونە دیموکڕات کوردی بەرە و ئاقاری خراپ بردوە، ئێستا زەمەنێکی دوور و درێژ بەسەر ئەو حیزبە بەسەرچووە. تۆ خوێندنەوەت چییە بۆ رابردووی ئەو حیزبە و داهاتوو و ئێستاشی؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** هەر وەکوو لە پرسیارەکە دا هاتوە، هەم مێژووی حیزبەکە بەشێکە لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی میللەتی کورد، هەم حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و ئەندامانیشی بەشێکن لە میللەتی کورد. کەوابێ ئەو نەخۆشییانەی بۆ میللەتی کورد هەن، بۆ حیزبی دیموکڕات و ئەندامانیشی هەن. ئەو شتە باشانەش کە لە میللەتی کورد و بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی میللەتی کورددا هەن، بۆ حیزبی دیموکڕاتی کوردستانیش هەن.

بێگومان، حیزبی دیموکڕات سەرکەوتنی هەبوون و شکانی هەبوون، لە بەرنامەکانی خۆیدا، لە سیاسەتەکانی خۆیدا و لە دروشمەکانی خۆیدا شتی دروستی هەبوون، شتی نادروست هەبوون .ڕەنگە هەر لە وەختی خۆیدا بە هەڵە چووبێ، شتی واشی هەبووە لەوانەیە لە وەختی خۆیدا دروست بووبێ و دوایی بەسەر چووبێ پێویست بووە بی گۆڕێ. بەڵام لەسەر یەک پێم وایە حیزبی دیموکڕات بێئەوەی لەبەر ئەندامەتیی خۆم دەو حیزبەدا وا بڵێم، لەنێو حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا دەتوانێ بە هەڵوێستەکانی خۆی دڵخۆش بێ. سیاسەتێکی تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستگۆیانەی هەبووە، دەگەڵ میللەتی خۆی ڕاست بووە. ئەوەندەی لە توانایدا بووبێ خزمەتی میللەتی خۆی کردوە. سەربەرزانە ژیاوە. ناڵێم هەڵەی نەکردوە، یەقینەن هەڵەی کردوە، ڕەنگە هەر بۆ خۆم بزانم چەندەمان هەڵە کردوە، بەڵام هەڵەی وای نەکردوە زەڕبە لە سەربەرزیی میللەتەکەی و سەربەرزیی تاریخەکەی خۆی بدا، ئەمەش دەتوانم بڵێم جێی شانازییە. لەو بارەوە، بە رابردووی حیزبەکەی خۆمان سەربەرزم. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبەکە سەرکەوتنی گەورەی بەدەست نەهێناوە، بەڵام نە کارێکی کردوە بڵێم قەرەبوو نەکرێتەوە، ئەوەندە غەڵەتێکی گەورە بێ، نە غەڵەتی چوکەڵەشی ئەوەندە دووبارە کردۆتەوە کە لێی ببێتە کارەسات.

**پرسیار :** پێت وایە ئەو قۆناغەی کە ئێستا کورد تێیدا دەگوزەرێنێت لە هەر چوار پارچەی کوردستان، قۆناغێک بێت لە بەرژەوەندیی کورد. پێت وانییە کورد ئەو هەموو هەلەی لە بەر دەستی دا بوو لە دەستی داوە، ئایا ئەو هەلانەی کە پێشتر بۆ کورد ڕێک کەوتوون و کورد نەیقۆستوونەتەوە، ڕێک دەکەونەوە، ئایا ئەو هەلانە ڕێک دەکەونەوە، ئەی ئایا کورد لەو چوار چێوەیەدا بە کوێ دەگات؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** لێرەدا ڕوانگەکە فەرقی هەیە. بە باوەڕی من، ئەو هەلانەی کە بوون و کورد لە دەستی چوون، بەشێکی کەمتری خەتای خۆی بوون. لە کوردەواریدا دەڵێن "ئەوەی لە شەڕێ نەبێ، شێرە"، کەسێک کە لە لاوە تەماشا دەکا، هێندێک خوێندنەوەی هەیە کە ئەگەر لە نێو ڕووداوەکەدا بێ، بەرپرسیارەتیی شتەکەی لە ئەستۆ بێ، تەماشا دەکا وانییە. بۆ نموونە، هەر ئێستا زۆر شت بە قیادەی کورد دەگوترێ "دووبارە دەڵێم پاکانە بۆ هیچ حیزبێک، ڕێبەرێک و کەسێکی سیاسیی کورد و غەیری کورد ناکەم"، کەسیان بێخەتا نین، ئەوەی کار بکا خەتای هەر دەبێ، بەڵام زۆر شت ئێستا بە قیادەی کورد دەگوترێ "مەبەستم قیادەی باشووری کوردستانە"، پێیان دەڵێن ئەوەیان غەڵەتە، ئەوەیان نەدەبوو وا بکردایە و لە دەرفەتەکە ئیستیفادەیان نەکردووە هتد... بە باوەڕی من وانییە. ڕێبەرایەتیی کورد تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی ئەو دەرفەتەی پێک هاتوە بقۆزێتەوە، بەڵام دەرفەتێک نەخولقاوە هەر لە هەلومەرجی ئێستاماندا و لە پاش ساڵی نەوەد و یەکەوە بگرە تا ساڵی ٢٠٠٣، ئەو دەرفەتە پێک نەهاتوە کە کورد بتوانێ دەوڵەتی سەربەخۆ دامەزرێنێ تا بڵێین قیادەی کورد بێ توانا بوو نەی توانی کەڵکی لێ وەربگرێ. وانییە، هەلەکان کە لە دەست چوون، هەلی وا گەورە بووبن کە لە بێ توانایی قیادەی کوردی لە دەست چووبن. هێندێک عاملی دەرەکیی هەن کە بە دەستەڵاتترن، کاریگەرترن، بە تواناترن لە تواناکانی کورد. ئەگەر بێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکە، ئەو هەلومەرجە کە ئێستا تێیدا دەژین بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد، هەلومەرجێکی باشە. بەو مانایە دەڵێم کە ئەو دەورانە بەسەرچووە کە کورد جارێکی دیکە حاشا لە بوونی بکرێ و جارێکی دیکە گەلەکۆمەی دەوڵەتانی لێ بکرێ و قەتڵو عامی لێ بکرێت. ئەو ڕۆژانەشمان لە مێژوودا زۆر دیون، بەتایبەتییش لە دوو بەشی کوردستان "باکوور و باشوور"، قەڵاچۆمان دیوە لەم دوو بەشەدا ئەوەش لە مێژووی سەد ساڵی رابردوودا بەڕوونی دیارە. پێم وایە ئەو دەورانە بەسەر چووە. لە پاشان، ڕاستە مەسەلەی کورد نەبۆتە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی، بەڵام بە هەر حاڵ مەسەلەی کورد مەسەلەیەکە لە دونیادا ناسراوە.

ئەوانە هەموو فاکتەری موناسیبن بۆ خەباتی رزگاریخوازانەی میللەتی کورد. هێندێک ناتەواویمان هەیە ئەگەر بتوانین ئەوانە چارەسەر بکەین ڕەنگە لە داهاتوو دا بەرهەمی باشی لێ وەدەست بکەوێ.

**پرسیار :** بۆ ئەوەی جارێکی تریش کەمێکی تر لەسەر ئەوە بوەستین، لە ماوەی داهاتوو دا، سێ هەڵبژاردن لە تورکیا، عێراق و ئێرانیش دەکرێن، پێت وایە ئەو هەڵبژاردنانە گۆڕانکاریی وا بەدوای خۆیاندا بهێنن کە لە بەرژەوەندیی کورد بن و کورد شتێکیان لێ وەدەست بخات؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** ڕەنگە من زیاتر حەقم هەبێت لە سەر هەڵبژاردنی ئێرانێ قسە بکەم، هیچ ئومێدیکیشم نییە بەو هەڵبژاردنانەی لە ئێرانێ دەکرێن. هەر کەسێک بێتە سەرکار یان هەر جەناحێک لە ئێران بێتە سەرکار، پێم وانییە ئاڵوگۆڕێکی باش بە قازانجی بزوتنەوەی کوردی تێدا بەدی بکرێ.

لە باشووری کوردستان یان بڵێم لە عێراق بە گشتی، "هەرچەندە زۆر حەقی نەزەرِ دەربڕینم نییە"، بەڵام زۆر ئومێدەوار نیم کە هەڵبژاردن لە سەرتاسەری عێراقیشدا، لە جاران یان لە هەڵبژاردنەکەی پێشوو زیاتر بە قازانجی کورد بێ، چونکی پێم وایە هێندێک فاکتەر هاتوونە ئاراوە کە کورد بە قەبارەی جارانی، بە قەبارەی هەڵبژاردنی پێشووی ناتوانێ حوزووری خۆی لە هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عێراقدا، بچەسپێنێ. ئارەزوو دەکەم ئەو پێشبینییەی من ناڕاست دەرچێ، بەڵام باوەڕ ناکەم ئەوەندە نوێنەرەی کورد کە ئێستا لە پەرلەمانی عێراقدا هەیەتی، لە ئینتیخاباتی ئاییندەدا ببێ، چونکی موقابیلەکانمان "من ناڵێم دوژمنەکانمان یان موخالیفەکانمان"، پێیان وایە کورد زۆری بە لاوە چووەو دەبێ هێندێکی لێ بسەندرێتەوە. بۆیە ناتوانم بەوەش زۆر ئومێدەوار بم. لە باکووری کوردستان یان بڵێم تورکیا، ڕەنگە بارودۆخەکە کەمێک فەرقی هەبێ. وا فکر دەکەمەوە بە نیسبەت کوردستانەکەی، ڕەنگە ئینتیخاباتی ئەم جارە بەتایبەتی ئینتیخاباتی شارەوانییەکان،لە جاری پێشوو چاکتر بێ. جاری پێشێ کوردەکان بە هێندێک دەلیلی قابیلی دەرک، پاڵیان وە حیزبی دادو گەشەسەندن دا. ڕەنگە کوردەکان ئەو سەفەرەی ئەو کارە نەکەن و دەنگ بە خۆیان بدەن. واتا یان دەنگ بە کاندیدای سەربەخۆ بدەن، یان دەنگ بە DTP بدەن. ئەوەندە ئەرێنییە لەو هەڵبژاردنەی تورکیادا دەبینم.

لەسەریەک، باوەڕ ناکەم هیچکام لە هەڵبژاردنەکان، ئەوەندە کارساز بن کە موعجیزەیەک بە قازانجی کورد بخوڵقێنن.

**پرسیار :** مامۆستا با جارێکی تریش بێینەوە لای حیزبی دیموکڕات، دیموکڕات لە سەرەتاوە دەستکەوتی زۆر گەورەی بەدەست هێنا و هەنگاوی زۆر گەورەی نا، یەکەم کۆماری کوردیی لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی کورد دامەزراند، بەڵام هەست دەکەیت داخوازییەکانی حیزبی دیموکڕات هەم لە ناوخۆ هەم لە ئاستی نێونەتەوەیی، داخوازییەکانی ئەو حزبە بەرەو بچوکبوونەوە و پووکانەوە چوون، ئایا بەهێزبوونی دەوڵەتی داگیرکەر بوو کە ئەو داخوازییانەی حیزبی دیموکڕاتی بەرەوە بچوکبوونەوە بردو وای کرد لە داخوازییەکانی خۆی پاشگەزبێتەوە، یان خودی سەرکردایەتیی حیزبی دیموکرات بەرپرسە لەو پاشگەزبوونەوە و بچوکبوونەوەیە؟

من لەگەڵ تۆ خوێندنەوەکەم جیاوازیی هەیە. پێم وایە هەر ئەوەی کە باسی دەکەی کە حیزبی دیموکڕات لە سەرەتادا دەستکەوتی گەورەی بەدەست هێناوە، هەر ئەو سەرکەوتنە داخوازی کورد یان داخوازی حیزبی دیموکڕاتی بچوک کردۆتەوە. خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ بەرنامەکانی کۆماری کوردستان دەکرێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە پێش حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، لە هەموو جێگایەک بزووتنەوەی کورد یان نەبوو، یان داوای سەربەخۆیی کوردستانی گەورە یان بڵێم سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد، بەڵام بە دامەزرانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، "هۆیەکان زۆرن"، دروشمەکانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان چووک بوونەوە. ئەو کاتەی کە دیموکڕات کۆماری کوردستانی دامەزراند، کۆماری کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبوو. هەرئەو ڕۆژەی کۆماری کوردستان دادەمەزرێ، لە پێشەوا قازی محەممەدی دەپرسن "ڕاستە کوردەکان دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندوە؟"، پێشەوا قازی دەڵێ "نا وانییە، ئێمە داوای خودموختاری دەکەین، خودموختارییەکەشمان لەمێژە دامەزراندوە." دەکرێ بڵێی قازی محەممەد کە ڕێبەری حزب و پێشەوای حیزب بوو و سەرکۆماری کوردستان بووە، نەی زانیوە سیاسەتی حزبەکەی یان حکومەتەکەی چییە؟ خۆ شتی وا مومکین نییە. ئەو بۆخۆی وا دەڵێ.

بەڵام ئەمن پێم وایە ئەوە هی بچوکبوونەوە نەبوو، هی دەرکی دروستی هەلومەرجی خەبات بوو. ئەو هەلومەرجە کە پێک هاتبوو، شاراوە نییە کە لە نەتیجەی تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی و داگیرکرانی ئێران لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە پێک هاتبوو. ئەو بەشەی کە کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا، لە ڕاستیدا کەسی تێدا نەبوو، نە هێزی ئینگلیسەکانی تێدا بوو و نە هێزی سۆڤییەتی تێدا بوو، ئەو بەشە هەر بەتاڵ بەتاڵ بوو، بەڵام وەک ناوچە بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی سۆڤییەت دەژمێردرا. لە نەتیجەی ئەوەدا، توانیویانە قەوارەیەکی کوردی دروست بکەن. دەکرێ بڵێین هەر ئەودەسەڵاتە کە حاکم بووە بەسەر مەوقیعییەتەکەدا، ئەو پاڵپشتە ئەجنەبییە بۆخۆی دەگەڵ ئەوە نەبووە شوعارێکی لەوە گەورەتر بدرێ. هەر وەک ئێستاش وەزعێک کە پێک هاتوە لە نەتیجەی بوونی هاوپەیمانەکان لە مەنتیقەکەدایە، بەڵام هاوپەیمانەکان کە لێرەن، موافیقی ئەوە نین کە کورد شوعارێکی زیاتر لە فیدڕالیزمی هەبێ، ئەو وەختیش وابووە.

داخوازیی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردیش گۆڕانی بەسەردا هاتوە و بەرە و پێشەوە چووە. لە ئەوەڵەوە تا چەند ساڵ پێش ئێستا خودموختاری بووە، ئێستا گۆڕانی گەورە بەسەر داخوازیی حیزبە کوردییەکان هاتوە. حزبە ڕۆژهەڵاتییەکان ئەوەی ئێستا کەمی دەوێ فیدڕالیزمی دەوێ. هی واشمان هەیە "دوو سێ حیزبمان هەن" داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، ئەگەر سەربەخۆیی کوردستانی گەورەشیان بەیەکەوە نەوێ، لانی کەم سەربەخۆیی بەشە ڕۆژهەڵاتییەکەیان دەوێ. بە نیسبەت حیزبی دیموکڕاتی کوردستانیشەوە، لە خودموختاری تێ پەڕیوە و داوای فیدڕالیزم دەکا، داخوازییەکان بەرە و ژوور تر چوون.

**پرسیار :** مامۆستا ئێستا لە ڕۆژهەڵات، لە هەر کاتێک زیاتر، خەڵکی بێزارە لە ڕژێمی ئێرانی، کەچی جۆرێک لە بێ هیوایی لەسەر روخساری هەر تاکێکی ڕۆژهەڵاتی بەرامبەر حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان دەبینرێت. پێت وانییە ئێوەی سەرکردەی ڕۆژهەڵاتی بەرپرسیارییەتییەکی ئەخلاقیی و مێژووییتان دەکەوێتە سەرشان و پێویستە ئەو بێ هیواییە بەرەو کاڵبوونەوە ببەن و جۆرێک لە هیوا ببەخشن بە خەڵکی ڕۆژهەڵات و جددییانەتر داواکانی خۆتان پەرە پێ بدەن و لە خەڵکی خۆتان نزیک بن لە ناوخۆ و شاخیش؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** من دیسان دەڵێم خوێندنەوەکەمان فەرقی هەیە. ڕاستە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و یەک لەوانیش یان بڵێم لە پێشی هەموویانەوە حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، وەکوو جاران لە مەیدانی خەباتی بە کردەوەدا ئاکتیڤ نین. ڕاستە، بەتایبەتی لەو لەتبوونانەی لە نێو حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتدا هاتۆتە پێشێ و بەتایبەت لە نێو حیزبی دیموکڕاتدا، خەڵک ناڕەحەتە، هەروەک ئێمەش پێی ناڕەحەتین. بەڵام وانییە کە وەک جەنابت بە دیققەت باست کرد لەسەر سیمای هەر یەکێکیان ئەو بێ هیواییەی دەبینی، ئەمن وای نابینم. ئەمن پێم وایە زۆربەی زۆری ئەوانەی کە واریدی کاری سیاسی دەبن لە چوارچێوەی تەنزیم و تەشکیلات و ڕێکخراودا، ئومێدیان بە حیزبە سیاسییەکان، بە حزبە تەقلیدیەکان یان سوننەتییەکان ولەپێش هەمووشیانەوە بە حیزبی دیموکڕاتی کوردستان هەیە. حزبی دیموکراتی کوردستانیش، ئێستا ئەو ناچالاکە نییە، حزوری هەیە. بۆ نموونە، ئێمە تەلەفزیۆنێکی چکۆڵەی بێ ئیمکانیاتمان هەیە، تۆ سەیر بکە، هەر بۆ تاقیکردنەوە تەماشای بەرنامە خەبەرییەکەی بکە، هەموو ڕۆژێ کە خەبەرت بۆ باس دەکا، پێیەوە دیارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەلە هەموو بەشەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کەسی خۆی هەیە. لە هەموو بەشەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان خەبەری هەیە. تۆ بڵێی پەیامنێری هەبێت و هەموو مانگێکیش ٢٠٠٠$ی بداتێ یان ئەوە رێکخستنی حیزبییە؟ ئەندامی حیزبییە و لەوێیە و راپۆرت و زانیارییەکانی دەداتێ. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو حیزبە حزوری هەیە و خەڵکی زۆرباش و تێگەیشتووی هەیە. خەڵک هاوکاریی دەکاو خەڵک ئومێدی پێی هەیە. ئێمە لێرە هەمیشە مەدرەسەی حیزبیمان دەکار دایە. لاوەکان دێن و دەبنە پێشمەرگە،ب اشە بۆ دێن؟ ئەگەر ئومێدیان بە حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران نەبێ؟ ئەگەر ئومێدیان پێ نەبێ بۆ روو لە شوێنێک دەکەن کە هیچ ئومێدێکیان پێی نییە؟

**پرسیار :** لەتبوونی حیزبی دیموکرات جارێکی تریش نیگەرانییەکی زۆرتری لای خەڵکی رۆژهەڵات دروست کرد، پێت وایە ئەو لەتبوونە چارەسەری کێشەی کورد و پێشکەوتنی کێشەی کوردی لە رۆژهەڵات ئەوەندەی تر دوانەخست؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** بەبێشک، لەتبوونی حیزب بەتایبەت حیزبێکی وەک دیموکرات، هەم بۆ خۆی زەرەرە هەم بۆ لایەنگرانی رووداوێکی تاڵە. لەوەدا هیچ گومان نییە، بەڵام دەکرێ ئێمە شتەکە هەر بە باری خراپە نەخوێنینەوە، بە باری دیکەدا بیخوێنینەوە. وەختێک لەنێوخۆی حزبدا، کێشە و ململانێی نێوخۆیی هەیە و دەبێتە خۆرە و حیزبەکە دەخوا، رەنگە لەتبوونەکە "کە ئەمە زۆر نەخوازراوە" بتوانێ ئەو ململانێییەی کە دەگەڵ یەکترە، تەواو بکاو رووی ئەو شەڕ و کێشەیە بکاتە دوژمن. بەو شەرتە ئەو حیزبە کە لەت بووە، هەردوو لەتەکەی "ئەگەر لە حیزبێکدا" نەیان توانیوە بەیەکەوە هاوکاری بکەن، پێکەوە لە چوارچێوەیەکی بەرینتردا هاوکاری بکەن، یان لانی کەم هەرکامەیان بۆخۆی، رووی خەباتەکەی و هەوڵ و تەقەلایەکەی بکاتە دوژمنی ماف و ئازادییەکانی میللەتەکەی خۆی. دەتوانێت ئەمن یەک دووجار گوتوومە، رەنگە لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان یان هێزەکانی دیکە تا رادەیەک کۆمەک بکات بەوەی هاوپەیمانییەکی هێزە کوردستانییەکان پێک بێ، چونکی پێشتر حیزبی دیموکرات بۆ پێکهێنانی بەرەیەک "جا ئیئتیلافەکە بە هەر ناوێک بێ" داوای ئەوەی دەکرد لە وێدا سەردەست بێ، ئەوانی دیکەش بە هەر دەلیلێک قبووڵیان نەبوو، بەڵام رەنگە ئێستا وا نەبێ. ئێستا دوو حیزبی دیموکرات هەن "دیارە ناوەکەشیان جیایە"، نە حزبی دیموکراتی کوردستان قبووڵ دەکا لایەکەی دیکە باڵادەست بێت، نە لایەکەی دیکە قبووڵ دەکا کە ئەملا باڵا دەست بێ. لەولاشەوە، حیزبەکانی دیکە هیچییان بانگەشەی باڵادەستی ناکەن بەسەر ئەم دوو حیزبەوە. کەواتە، دەتوانین بڵێین کۆسپێک لەسەر رێی بەیەکگەیشتنی هەموو هێزە سیاسییە رزگاریخوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵ گیراوە. دەتوانین ئەو لەتبوونە بە باری موسبەتدا بخوێنینەوە، لەباتی ئەوەی هەر بە باری سەلبیدا بیخوێنینەوە.

**پرسیار :** مامۆستا لە دونیای سیاسەتدا، زۆربەی لەتبوونەکان مەسەلەی فکرییە، بەڵام من تێبینی ئەوەم کردوە و جارێکیش لە دیمانەیەکی بەڕێزت ئەوەم تێبینی کرد کە شتێکی فکریی نییە ئەوەندەی تموحی دەستەڵاتە، ناکۆکییەکە لەسەر دەسەڵاتە نەک فکر؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** لەپێشدا با ئەوەت پێ بڵێم ئەگەر ئەو دیمانەیەی من هەیە بۆم بێنە، بۆ ئەوەی یا خۆم سەرکۆنە بکەم یان ئەو کەسەی کە چاپی کردوە گلەیی لێ بکەم. ئەمن هەرگیز نەم گوتوە لەسەر دەسەڵات بووە، قەت شتی وام نەگوتوە، چونکە پێشم وانییە لەسەر دەسەڵات بووبێ.
گوتوومە، لەسەر شێوەی مۆدیرییەت بووە. هەرلەوکاتەدا، پێم وانییە ئێمە لەگەڵ لایەنی موقابیلی خۆمان تەنها لەسەر مەسائیلی سەلیقەیی و ئەو شتانە ئیختیلافمان هەبووبێ. راستە لە شیعارەکانماندا یان لە مەسەلە سیاسییە ئیستراتیژییەکاندا ئەوەندە ئیختیلافمان نەبووە، بەڵام تۆ بەرنامە و بڕیاراتی دوو کۆنگرەی هەردوومان بەدیققەت بخوێنەوە، تەماشا دەکەی تەواو لە باری فکرییەوە فەرقیان هەیە. لە باری سیاسییەوە، لە باری تەنزیمییەوە، لەباری تەشکیلاتییەوە و لە زۆر باری دیکەوە فەرقی سەرەکییان هەیە، وانییە کە جیاوازییان نەبێ. ئەمن هەرگیز نەم گوتوە و هەرگیزیش ناڵێم کە لەتبوونەکەمان لە سەر دەسەڵات بووە. زۆرجار ئەوەیان دەگوت کە گوایە ئێمە لەسەر دەسەڵات وادەکەین، دەسەڵاتی چی؟ ئەمن لە دوانزدە کۆنگرە "چونکە ئێمە کۆنفرانسیشمان هەیە، سەڵاحییەتی کۆنگرەی هەیە" بەشداربووم، لە هیچ کۆنگرەیەکدا ئەوەندەی کۆنگرەی ١٤ شانسی ئەوەم نەبووە هەڵ بژێرێم بە رەئێ زۆر باڵاوە بۆ کەسی یەکەمی حزبەکەش، بەڵام بۆخۆم کشاومەوە. کەسێک مەقامپەرست بێ و شەڕ لەسەر دەسەڵات بکا، وادەکا؟ یان من لە رەئسی حزبدا بووم سکرتێری حزب بووم، تەقریبەن بە نیوەزۆری شتێکم هێناوەتە نێو پێڕەوی نێوخۆی حزب کە هیچ کەس بۆی نەبێ لە دوو دەورە زیاتر ببێتە سکرتێری حزب. کەسێک تینووی دەسەڵات بێ شتی وا دەکا؟ شتی وا ناکا. کەوابێ ئەمن قەت باوەڕم وا نەبووە و قەتیش لەتبوونەکە لەسەر ئەوە نەبووە.

**پرسیار :** شتێکی تر لەتبوون هەموو حیزبەکانی کوردستانی گرتۆتەوە و مێژوویەکی درێژیشی هەیە، حەتا ئەوە پەکەکە بوو کە زۆر تۆکمە بوو لەناو خۆی، کەچی ئەویش لەتێکی لێ بووەوە، رۆژهەڵاتییەکان زۆربەیان لەت بوون، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقیش سەردەمەک باڵی مەکتەبی سیاسیی تێدا دروست بوو، بە کورتی ئەم لەتبوونە دیاردەیەکی مێژووییە کە زۆربەی پارتە سیاسییەکانی کوردستانی گرتۆتەوە، بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە، ئەو پارتانە لەسەر خاڵی هاوبەشیش یەک و کۆک نین. بە نموونە پارتی سەربەستی و پارتی سەربەخۆیی لە رۆژهەڵات بوونیان هەیە، هەردووکیان داوای سەربەخۆیی دەکەن، حیزبی دیموکرات و هەندێکی تر داوای فیدراڵی دەکەن، کارەساتەکە لەوەدایە لەو خاڵە هاوبەشانەشدا یەک نین، خوێندنەوەت بۆ ئەمە چییە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** بەڵێ، لە واقیعدا، ئەوەی خراپە هەر ئەوەیە. سەیرەکەشی ئەوەیە هەم پارتی سەربەستیی کوردستان، هەم پارتی سەربەخۆیی کوردستان، هەردووکیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بوون. بەتایبەتی کاک ئەمیری قازی بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بۆ ماوەی چەند ساڵێکیش ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات بووە. ئەو رەخنەیەی کە پێویستە لە حیزبە رۆژهەڵاتییەکان بگیرێ، ئەوەیە کە نەیان توانیوە لەسەر شتە هاوبەشەکانیش کۆک بن و بەرە دروست بکەن و هاوکاری بکەن. ئەوە تەنها تایبەت بە ئێمە و کوردستانی ئێمە و بەشەکانی کوردستان نییە، لە هەموو وڵاتاندا هەیە، حیزبی ئورووپاییش لەت دەبن، حیزبی ئەمریکاییش لەت دەبن و شتی وا لە هەموو جێیەکی هەیە، ئەوەش هیچ گوناە نییە. یان بڵێین ئەو فرەییە، نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵ و وریا بوونەوەی تاکەکانی کۆمەڵە، کەواتە ئەوە خراپ نییە. ئەوە خراپە کە لەسەر شتە هاوبەشەکان پێکەوە هاوکاری نەکەین. ئەوەندەت پێ دەڵێم کە ئەوەندەی مەربووتە بەو حیزبەی کە من تێیدام، لە ئەوەڵەوە تا ئێستا ئەو رۆحە هەبووە هەر هەیە و دڵنیاشم هەر دەبێ کە حازرین لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد لەسەر هەموو ئەو شتانە کە هەمووماند قبووڵمانە، پێکەوە هاوکاری بکەین و هاوپەیمانی ببەستین، بۆ هیچ کەس شەرتمان نییە و تا بڵێین لەگەڵ ئەوەی دەکەین و لەگەڵ ئەوەی ناکەین.

**پرسیار :** کەواتە هەم کۆنگرەیەکی کوردستانی "چوار پارچە" هەمیش یەکبوونەکی رۆژهەڵاتی بە پێویست دەزانن؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** یەکبوونێکی رۆژهەڵاتی یەقینەن پێویستە، کۆنفەرانسێکی چوارپارچەییش هەروا، "ئەو ماوەیە ئەمن وتارێکم لەسەری بڵاوکردەوە" ئەویان لە شێوەیەکی دیکەدا رەنگە پێویست بێ. ئێستا ئیمکانی ئەوە نییە کە هێزە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەکە بێن بڵێن بەرەیەکی هاوبەش پێک دێنین، بەڵام ئیمکانی هاوکاری و کارکردنی پێکەوە لەسەر هێندێک شتی کە بۆ ئایندەی دووری کورد دەتوانن کارساز بن، هەیە. ئەگەر نەیکەین، پێم وایە ئەرکێک و بەرپرسیارییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەخلاقیمان بەجێ نەهێناوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار** : مامۆستا دوای کۆنگرە، لە یەکێک لە لێدوانەکانتدا وتت "فرمێسکەکان دەکەینە قاقای پێکەنین"، مەبەستت لەوە بوو کە گۆڕانکاریی گەورە دەکەن و حیزب بەرە و پێشچوونی زۆر بەخۆیەوە دەبینێ، پێت وایە ئەو قاقایانە هاتبنە دی؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** ئەمن لە یەکێکم گوێ لێ بوو کە قسەی بۆ تەلەڤزیێۆنەکەی ئێمە کردبوو، بەبێ ئەوەی ناوی من بەرێ دەڵێ "ئەوە فرمێسکەکان بوونە قاقا". ئەمن لەبیرمە چیم گوتوە، ئەوانەش کە گوێیان لێ بووە دەتوانن تەئییدم بکەن یان موخالەفەتم بکەن. ئەمن گوتوومە "ئەگەر هەموومان مەسئوولانە رەفتار بکەین، فرمێسکەکان دەبنە قاقا". بەڵێ، ئێمە لە نێو حزبی دیموکڕات دەممان تێک نابوو، هەموو کارەکانمان بۆ موقابەلە کردنی یەکتر بوو. ئەگەر هەردوولامان مەسئوولانە عەمەلمان کردبایە، دەمان توانی خەڵک خۆشحاڵ بکەین. ئەمن ناڵێم ئامانجەکانمان هاتوونە دی و گۆڕانی گەورەمان پێک هێناوە، بەڵام ئێستا حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، گۆڕانی زۆری لە خۆیدا، لە بۆچوونی سیاسییدا، لە پێداچوونەوەی رابردوویدا پێک هێناوە و دروستی کردوە. هەرلەوکاتە دا، لە کۆنگرەی چواردە دا لە بڕیارەکانماندا ئەوەمان راگەیاندوە کە لەگەڵ هەموو هێزە رۆژهەڵاتییەکان و لەگەڵ کۆنە رەفیقانیشماندا، ئامادەین بۆ هەموو شێوە هاوکارییەک، لە پەیوەندییەکی دۆستانە و برایانە و سروشتییانەوە بگرە تا دەگاتە ئەو جێیەی کە ئەگەر ئیمکان پێک هات، لەسەر شتی هاوبەش کە هەموومان پێی رازی بین، یەک بگرینەوە. جا ئەگەر هەموومان وابکەین، بەڵێ ئەو قسەیە ئەوکاتیش نەمکردبایە ئێستا دەیکەم، فرمێسکەکانمان دەبنە قاقای پێکەنین.

**پرسیار** : مامۆستا جارێک هەر خۆت بووی کە ریزەکانی دیموکڕاتت یەک خستەوە و ئەوانەت هێنایەوە رێزی دیموکڕات کە بە رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ ناسرابوون، هیوات بەوە هەیە جارێکی تر ئەو دەورە بگێڕیتەوە و دیموکرات یەک خەیتەوە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** ئەمن ئەوە بە شانازی دەزانم کە بەشم لە یەکخستنەوەکە دا هەبووە، بەشێکی باشیش بوو. ناڵێم کارسازەکە هەر ئەمن بووم، چونکە بە هیمەتی هەموان کراوە، ئێستاش ناتوانم بڵێم ئەمن ئەو دەورەم دەبێ، چونکە ئەمن نە لە حیزبەکەی خۆمدا و نە لە حیزبەکەی دیکەدا لەسەرەوەی دەسەڵات نیم، ئەساسەن هیچ مەسئولییەتێکی رێبەریم وەرنەگرتوە. بەڵام حیزبەکەی من ئامادەیە بۆ کارکردن لە پێناو هاوکاری و پێکەوە کارکردندا. رەنگە پێویست نەکات هەردووک حەتمەن ببینەوە حیزبێک، بەڵام چ دەگەڵ رەفیقانی پێشوومان چ لەگەڵ هەموو حیزبە رۆژهەڵاتییەکانی دیکە، حزبەکەی ئێمە ئامادەیە هاوکاری بکات و هاوپەیمانی ببەستێ، تەنانەت ئەگەر زەمینەی باش هەبوو، دەگەڵ ئەو حیزب یان ئەم حیزب، ببێتە یەک حیزبیش.

**پرسیار** : تا ئێستا حیزبی دیموکڕاتی کوردستان سکرتێری دانەناوە، لەم ماوەیەشدا وا بڵاوکرایەوە کە خالیدی عەزیزی وتەبێژی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، دەستی لەکار کێشاوەتەوە، نازانم ئەوە راستی تێدا بوو یان هەر قسەیەکی دروست کراوبوو، کەی سکرتێر دادەنێن و وا بزانم ئەو دوو جێگری سکرتێرەش کە دانراون موخالیفی پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبی دیموکراتن؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** ئەگەر لە بۆچوونی من دەپرسی، ئێمە سکرتێرمان هەیە. سکرتێری ئێمە کاک خالیدی عەزیزییە. کاک خالیدی عەزیزییش باسی دەست لەکارکێشانەوەی نەکردووە، بەڵام لە پێڕەو و پرۆگرامی ئێمەدا شتێک هاتوە دەڵێ "سکرتێر، وتەبێژی حیزبە بەرەو دونیای دەرەوە"، ئێستا کە کاک خالیدی عەزیزی وتەبێژی حیزبە بەرە و دونیای دەرەوە، لەبەر ئەوەیە کە پۆستی سکرتێری وەرگرتوە، بەڵام بە دەلیلێک کە بۆخۆی هەیەتی و رەنگە ئەمنیش هێشتا نەیزانم، نەی ویستوە ناوی سکرتێر لەسەر خۆی دابنێ. ئەمن ئارەزوو دەکەم کە ئەوەش تەواو بێ بۆ ئەوەی ئەو گومانانەش برەونەوە، چونکە ئەگەر وێبسایتەکان تەماشا بکەی، شتی سەیرو سەمەرە دەنووسن. دەنووسن فڵانە کەس دەیەوێ "فڵانەکە منم" فڵانە کەس بکاتە سکرتێر لە خالیدی عەزیزی ناگەڕێ ببێتە سکرتێر، یەکێکی دیکە دەنووسێ، عەبدوڵا حەسەنزادە ناهێڵێ کاک خالیدی عەزیزی ببێ، ناش هێڵێ هەمان ئەو کەسە ببێتە سکرتێر کە پێشتر یەکێکی دیکە ئاماژەی پێ کردوە کە گۆیا ئەمن دەمەوێ بیکەمە سکرتێر. ئەمانە هەمووی هەڵبەستن و هەمووی بوختانن و هیچی وا نییە. لە حیزبی دیموکڕاتی کوردستاندا، ناتوانم بڵێم هیچ کەسێک، بەڵام هیچ گرووپێک نییە موخالیفی بە سکرتێر بوونی کاک خالیدی عەزیزی بێ. دەتوانم بڵێم، هیچ رێبەری حیزبێک بەقەد کاک خالیدی عەزیزی لایەنگری نییە بۆ رێبەرایەتیکردنی حیزبەکەی.

**پرسیار** : ئەو ماوەیە حیزبی دیموکڕاتی کوردستان- ئێران، واتا باڵەکەی دیکە، یەکێتیی زانایانی ئایینی کوردستانی دروست کرد، پێت وایە ئەوە جۆرێکە لە قۆستنەوەی هەستی خەڵکی سادە یان پێویستە و پێویستیش بوو هەر لەسەرەتای دروستبوونی حیزبی دیموکڕات شتێکی لەو جۆرە هەبووایە؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** هیندێک شت لەسەر ئەو مەسەلەیە لە وێبسایتەکاندا نووسرا، هەرچەندە من لەگەڵ بەشێک لەو نووسینانە موافیق نیم، بەڵام وا فکر دەکەمەوە دانانی یەکێتیی زانایانی ئایینیی کوردستان خۆی لە خۆیدا کارێکی باشە. زانایانی ئایینی دەتوانن یەکێتییەکی ئاوایان هەبێ و رێکخراوی خۆیان هەبێ، بەڵام ئەوە کاری حیزبی سیاسی نییە. حیزبی سیاسی بۆ وا دەکا، واتا مەلایەکی دێیەک کە لەگەڵ خەڵکی گوندە کەیە بۆ لە دەوڵەتێ قاچاخ بێ. یەکێتیی زانایانی ئایینی گوتراوە بەڵام لە کوێیە؟ ئەندامەکانی کێن؟ بارەگاکەی لە کوێیە؟ لەو بارەیەوە پێم وایە شتێکی باش نییە، ئەگەر نا مەلایان پێیان خۆشە یەکێتییەک بۆ خۆیان دروست بکەن هیچ عەیبی نییە.

**پرسیار** : مامۆستا دوا شت کە دەمەوێت لەگەڵتی باس بکەم، خەڵکێکی زۆر چاوەڕێی وەڵامی ئەو پرسیارە دەکات کە ئایا کەی ئەو کەمپشینەی کۆیە و هەولێر و لای سلێمانی کۆتایی دێت؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** لەسەر ئەوەش، خوێندنەوەکانمان فەرقی هەیە. کەمپشینی شتێک نییە ئێمە بە هەڵبژاردن هەڵمان بژاردبێ. بارودۆخێک کە ئێستا هەیە یان بڵێم جۆرێک چالاک نەبوونی هێزە سیاسییە رۆژهەڵاتییەکانی کوردستان، ئەوە ئاکامی کەمپشینی نییە. کەمپشینییەکە بۆخۆی ئاکامی بارودۆخێکە کە بەسەر بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هاتوە. دەلیلەکە چییە؟ لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ئەو ئاخوندانەدا، لە هەموو ئێرانێ تەقریبەن کەم و زۆر هەم میللەتەکان و هەم حیزبە سیاسییەکان راپەڕینێکیان هەبوو و موخالەفەتێکیشیان هەبوو، کۆماری ئیسلامی توانی هەموویان سەرکوت بکا، تەنها لە کوردستان بەرگری مایەوە. ئێرانیش چونکی لە شوێنەکانی دیکە بەرگری نەما، توانی هەمو هێزەکانی خۆی بێنێتە سەر کوردستان، کوردستانیش نەی توانی لەوە زیاتر خۆی رابگرێ. بزوتنەوەی کوردستان ناچار بوو بکەوێتە پشتی سنوورەکانەوە، کە کەوتە پشتی سنوورەکانەوە، خۆ ناکرێت ئەو ژن و منداڵە بەجێ بهێڵی بۆ تەوهین و ئەزییەت و زەبر و زەنگ و فشاری کۆماری ئیسلامی. ژن و منداڵیش لە کۆڵێ ناکرێ و بە کێواندا بسووڕێیتەوە، بۆیە کەمپشینی نەتیجەی ئەوەیە. لە پاشانیش کەنگێ تەواو دەبێ، ئەوە بەرنامەیەکی ئیرادی نییە کە بەدەست خۆت بێت سبەینێ دەیکەی و دوو سبەی نایکەی یان سبەینێ نایکەی و دوو سبەی دەیکەی. بەستراوەتەوە بە هێندێک شت. هەر کوردی باشووری کوردستانیش، بۆ چەندین ساڵ لە ئێرانێ بوون، کەمپشین بوون و پەنابەر بوون. ئەوە تایبەتیش نییە تەنها بە کورد. بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی زۆر وڵاتان، تووشی حاڵەتی وا بووە. پەنابەر بوونە لە وڵاتی دیکە، ئاوارە بوون و دەربەدەر بوون، لە هەلومەرجی تایبەتی خۆیدا گەڕاونەتەوە. هەر بۆ نموونە، کاتێک راپەڕینی گەلانی ئێران پێک هات ئێمە بەشێکی زۆرمان ئەوەی کە پێیان دەگوترا رێبەری یان کادری نزیک لە رێبەری، لە باشووری کوردستان و لە نێو دەوڵەتی عێراقێ بووین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێک فرسەتەکە پێک هات گەڕاینەوە، خەڵکیش پێی وا بوو حەقی قسەکردنێشمان نییە چونکی ئێمە دەربەدەر بووین و ئاوارە بووین و هیچ کارە نین. بەڵام لە ماوەی چوار مانگاندا، حیزبی دیموکڕات بوو بە حیزبی ملیۆنان خەلکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**ئاوێنە:** شتێکی تر کە هەرچەندە دەبێت وتوێژی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ، بەڵام شتێک هەبوو تا رادەیەکیش خەڵک بە موشکیلەی دەبینێ لە نێوان تۆ و مام هێمنی شاعیر، ئایا ئەوە ناتێگەیشتنی خەڵکە یان هیچی وا لە ئارادا بوو، بە نموونە هێمن هەندێک شتی لەسەر تۆ نووسیوە و تۆ وەڵامت دایتەوە؟

**عەبدوڵا حەسەن زادە:** پێم وایە جارێکی دیکەش لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەم کردوە، لە نێوان من و هێمندا تا پێکەوە بووین هیچ ڕووی نەداوە، قەتیش هیچم لەسەر هێمن نەنووسیوە و قەتیش هێمن هیچی لەسەر من نەنووسیوە. پێچەوانەی ئەوە، ئەوەندەی من و هێمن پێکەوە بووین دەگەڵ ئەوەی ئەمن شاعیر نەبوومە، هەرچەند وەکوو هەموو کوردێک شیعرم گوتوە بەڵام قەت شیعرم بڵاونەکردۆتەوە، چونکی دەمگوت شاعیری چاک نیم و ناشمەوێ شاعیرێکی خراپ بم. بەڵام تا پێکەوە بووین، هێمن هیچ شیعرێکی بڵاونەکردۆتەوە تا من ئۆکەیم نەکردبێ. وەختێکیش دیوانەکەی چاپ بوو، ئەو لە بەغدایە بوو، ئەمنیش ساڵی ٧٤ لە نێو پێشمەرگە بووم، نوسخەیەکی بۆ ناردبووم ئیمزای کردبوو، دەڵێ "برای ئازیزم عەبدوڵا، ئیعتیراف دەکەم کە تەئسیری تۆ لەسەر شیعرەکانم هەیە. لە حاڵێکدا کە شانازی بە برایەتی و هاوسەنگەریی تۆوە دەکەم، ئەو دیوانەت پێشکەش دەکەم." لەگەڵ دکتۆر قاسملووی، کە مامۆستا و ڕێبەر و سەروەر و هەموو شتێکم بوو، دە جار بەشەڕ هاتووم، ڕەنگە لەگەڵ هێمنیش دوو سێ جارێک بە شەڕ هاتبم، بەڵام هەرگیز شتی وا نەبووە.

ڕێکخەر کەماڵ چۆمانی

دیسامبری ٢٠٠٨

## لەپەراوێزی سیاسەتدا؛ وتوێژێکی ئەدەبی لەگەڵ عەبدوڵا حەسەن زادە ...



سازدانی؛ هومەن مەردانی

سەرچاوە : ڕێنێسانس

عەبدوڵا حەسەن زادە جگە لەوەی سیاسەتمەدارێکی کوردە و زۆرتر سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان بیروڕای خۆی دەردەبڕێت، لەبواری ئەدەبیشەوە کەسایەتیەکی ناسراوە و زۆربەی کەسایەتی و ناوەندە ئەدەبیەکان، بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی بەبەرهەمی سەرکەوتو وەسف دەکەن و پێیان وایە زمانێکی ساکار، شیرین و ڕەوان بەکار دێنێ و بگرە زۆر لەنوسەرو وەرگێڕەکان خۆزیای ئەوە دەخوازن کە عەبدوڵا حەسەن زادە بەرهەمی زیاتری ئەدەبی هەبوایە. وەرگێڕانی ڕۆمانی "گێلە پیاو"، "دان چەرمو"، کۆمەڵە چیرۆکی "هەتاو"، کتێبی "کوردستان و کورد" نمونەیەکن لەوەرگێڕانەکانی عەبدوڵا حەسەن زادە. هەروەها هەندێک چاودێری ئەدەبی پێیان وایە کە کتێبی "نزا بۆ ئارمێن"یش کە بەناوی خوازراوەوە بڵاو بۆتەوە، لەلایەن ئەوەوە وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی. لەپەراوێزی سیاسەت و لەوتوێژێکی ئەدەبیدا، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی ڕێنێسانسی دایەوە.

**هومەن مەردانی : با لەوەوە دەست پێ بکەین کە ئێوە چۆن هاتنە ناو جیهانی ئەدەبەوە؟**

**حەسەن زادە:** بە باوەڕی من بەشی زۆری ئەو هۆیانە کە نووسەران و هونەرمەندان لە وەڵامی پرسیارێکی لەو بابەتەدا باسیان دەکەن چەندین ساڵ دوای هاتنیان بۆ نێو دنیای ئەدەب و هونەر بە مێشکی ئەو ئازیزانەدا هاتوە و لەڕاستیدا ڕۆژنامەنووسەکان ناچاریان دەکەن بیر لە شتێکی وا بکەنەوە. ئەگینا هیچ ئەدیب و هونەرمەندێک لەسەرەتای کاردا بیر لەوە ناکاتەوە کە بۆچی ڕوو دەکاتە ئەو مەیدانە. مەسەلە هەر ئەوەیە کە ئەو کاتەی بەهرەیەک لە هەناوی مرۆڤێکدا هەیە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ بەرەو ئەوبووارە کە پتر ئۆگریەتی دەکشێ و زۆر دواتر هەستی وەخەبەر دێ و ئەمجار بە وشیارییەوە بۆ گەشەپێدانی تواناکانی دەکەوێتە کار.

کەوایە ئەمنیش زۆر پێش ئەوەی بۆ خۆم بزانم و بەپێی هێزێکی سروشتی کە پێم وایە لە زوربەی مرۆڤەکاندا هەیە بەرەو هونەری شێعرو گۆرانی و موزیک و بەگشتی جوانییەکان کشاوم و لەوبوارانەدا کەهەم حەزم لێیان بووەو هەم دەرەتانم بۆ ڕەخساوە،چوومە پێش. ئێستا گەیشتوومە کوێ؟ بۆخۆم نە هەستی پێ دەکەم و نە هەقم هەیە قسەی لێ بکەم.

**هومەن مەردانی : هەتا ئەو جێیەی بزانم پسپۆڕیی جەنابتان بەتایبەتی لە بوواری وەرگێڕان و زمانەوانیدایە. دەکرێ بڵێن ئەو هۆیانە چی بوون کە ئێوەیان هان دا بۆ وەرگێڕان؟**

**حەسەن زادە:** لە پێشدا پێم خۆشە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەمن لەبوواری زمانەوانیدا نەک هەر پسپۆڕ نیم، بگرە شارەزاییەکی جێی باسیشم نیەو قەتیش حەز ناکەم زیاد لەوەی هەم بۆخۆم ئیددیعا بکەم یان خەڵکی دیکە مایەم بۆ دانێن. بۆ مەسەلەی وەرگێڕانیش وا تێ دە گەم پێش هەموو شتێک ئەو ئۆگرییە سروشتییە کە گوتم لە ئینسانەکاندا هەیە هاندەرم بووە، بەڵام دواتر لە هەڵبژاردنی هەر بابەتێک بۆ وەرگێڕاندا هاندەرو پاڵنەرێکم هەبووە. بۆ نموونە لە یەکەمین کاری بەرچاوی وەرگێڕانمدا کە وەرگێڕانی کتێبی "کوردستان و کورد"ی دوکتۆر قاسملوو بوو، هاندەرەکەم ئەوە بوو کە بە غەدرم دەزانی کتێبێک لەسەر کوردو بەدستی کورد نووسرابێ، بەڵام بە زۆر زمانی بێگانە هەبێ و بە زمانی کوردی نەبێ و بەشی هەرە زۆری خوێنەرانی کورد لێی بێخەبەر بن. لەبەشێکی زۆری بەرهەمە ئەدەبییەکاندا هۆیەکە ئەوە بوو کە بۆخۆم هەرچەند ئەوکاتەی هاتمە نێو دنیای وەرگێڕان لە عێراق دەژیام ، بەڵام بەرهەمەکانم بە فارسی دەخوێندنەوەو چوونکە دەم زانی زۆربەی خوێنەرانی کوردی باشوور . هەرنەبێ ئەوەدەم . فارسی نازانن پێم حەیف بوو ئەو شتانە کە بۆخۆم پێم جوان بوون و چێژم لێ وەردەگرتن نەکەونە بەر چاوی خوێنەرانی کوردی باشوور. دەتوانم بڵێم ئەگەر ئەوەدەم لە ڕۆژهەڵات ژیابام لەوانە بوو بیر لە وەرگێڕانی ڕۆمان و کورتە چیرۆک نەکەمەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێم خۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە ئەمن زۆر پێش ئەوەی دەست بە کاری وەرگێڕان بکەم لەمەیدانی نووسیندا چالاک بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی پتر لە سەدی نەوەدی نووسینەکانم بەبێ ناو یان بە ناوی خوازراو بڵاو بوونەوە زیاتر وەک وەرگێڕ ناسراوم.

**هومەن مەردانی :** بەڕای زۆربەی خوێنەران و ئەو کەسانەی شارەزای ئەدەبی کوردین ئێوە زمانخۆشترین وەرگێڕی کوردی بوون لە بواری وەرگێڕانی ئەدەبیدا جا چ ڕۆمان بێت یاکورتە چیرۆک. ئەگەر دەکرێ هۆی سەرکەوتنتمان هێندێ بۆ ڕوون بکەوە.

**حەسەن زادە:** ئەمن قەت نەم گوتوە سەرکەوتووم تا هۆیەکانی سەرکەوتنم ڕوون بکەمەوە. ئەگەر شارەزایانێک پێیان وا بێ ئەمن سەرکەوتووم . کەدیارە زۆری پێ سەربەرز دەبم . هەق وایە لەوان بپرسرێ. بەڵام ئەوە کە زمانی نووسین و وەرگێڕانم خۆشە . کە وا بزانم هەقیقەتێکی تێدایە . بۆخۆم هۆیەکەی لەوەدا دەبینم کە ئەمن بە زمانی خەڵکی ساکارو تەنانەت نەخوێندەواری کوردەواری دەنووسم، ئەوانە کە لە نێو هەموو گەلاندا بەسەرچاوەی زمانی پوخت و پاراوو ڕەسەن دەناسرێن. جا چوونکە ئەو زمانەش دەگەڵ "میزاجی کوردەواری" سازگارترە هەستم کردوە هەموو ئەوانەی میزاجە کوردییەکەیان تێک نەچووە حەزی پێ دەکەن.

**هومەن مەردانی :** ئەو هۆکارانە چی بوون کە ئێوەیان بەرەو وەرگێڕانی ڕۆمانی "ئینجە مەمەد" برد کە شاکاری گەورەنووسەری کوردستانی باکوور "یەشار کەماڵ"ە؟

**حەسەن زادە:** ئەوەی لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا گوتم لێرەشدا ڕاستە، نووسەرێکی کورد ڕۆمانێکی لەسەر کۆمەڵی کوردەواری نووسیوە کە هەم لە نێو کارەکانی خۆیدا بە شاکار دەناسرێ و هەم بێ هیچ ئەملاو ئەولایەک یەکێک لە شاکارەکانی ئەدەبی جیهانییە، کەچی بەشێکی یەکجار زۆر لە خوێنەرە کوردەکان لێی بێ بەشن. بۆیە هەر ئەمە هاندەرێکی گەورە بوو کە بڕیاری وەرگێڕانی بدەم. بەڵام جگە لەوەش هێندێ پاڵنەری دیکە بۆ ئەم کارەم لەئارادا بوون. ڕۆمانی "ئینجە مەمەد" یان "حەمەدۆک"ـەکەی خۆمان، جگە لەو پانووڕاما وەستایانەو شیرینە کە لەکۆمەڵی کوەردەواریی کێشاوەتەوە، هەر لەبەرگی یەکەمیدا. کە ئەودەم پێم وا نەبوو بەرگی دیکەی بەدوادا دێن . باسی قۆناخێکی تایبەتی لەژیان و بەسەرهات و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵی کوردەواری دەکاو بڕگەیەک لە بڕگەکانی خەباتی چەوساوەکان بەدژی زۆرداران "ئەویش لەو تابلۆ جوان و دڵگرەدا" دەخاتە بەرچاو. لەبەرگەکانی دیکەدا هەنگاوێکی گەورەتریش بەرەوپێش هەڵ دێنێتەوەو تابلۆیەکی ڕەنگین لە هاودڵی و هاوپێوەندیی کۆمەڵانی خەڵک و تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریمان بۆ دەکێشێتەوە کە بەباوەڕی من بۆیە دەبێ هەموو ڕێبووارانی ڕێگای ئازادی لێی فێربن و دەرسی لێ وەرگرن.

ئەمانەو هێندێ شتی دیکەش و لەهەمووان پتر شیرینیی دەربڕین و داڕشتنی ئەو شاکارە مەزنە منیان هان دا تا ئەو بەرهەمە بکەمە دیاری بۆ خوێنەرە کوردە هاوزمانەکانم. بەداخەوە چوونکە تورکی نازانم و بەرگی چوارەمیشی نەکراوەتە فارسی بۆم نەڕەخسا کارەکە تەواو بکەم. بەڵام وەک مزگێنییەک بۆ دۆستانی "حەمەدۆک" پێم خۆشە ئاشکرای بکەم کە هەرئێستا دۆستێکی بەڕێزم کە کوردییەکی جوان دەنووسێ خەریکە لە زمانێکی ئوروپاییەوە بیکاتە کوردی.

با ئەم ئاشکراکردنە هاندەرێک بێ بۆ ئەوەی ئەو دۆستەشمان زیاتر لە غەمی تەواوکردنی وەرگێرانەکەیدا بێ.

**هومەن مەردانی :** پێشتر هێندێ لە کتێبەکانی یەشار کەماڵ لەلایەن شوکور مستەفاوە وەرگێڕرابوونە سەر زمانی کوردی. ئاستی زمانی وەرگێڕان چۆن دەبینن لەم بەرهەمانەدا؟

**حەسەن زادە:** مامۆستای نەمر شوکور مستەفا هەم پێش من و هەم دوای من هێندێک بەرهەمی یەشار کەماڵی مەزنی کردوونە کوردی و جگە لەوانەش ئەونەمرە بەرهەمێکی بەنرخی لە نووسین و وەرگێڕان لەپاش خۆی بەجێ هێشتوە. مامۆستاشوکور هەم کوردیزانێکی بەتوانا بوو،و هەم تورکییەکی باشی دەزانی. بەداخەوە ئەونووسەرو وەرگێڕە بەدەسەڵاتە زۆر پێشوەخت ماڵاوایی لە گەل و وڵاتەکەی کرد، ئەگینا دەبوو داوا لەو بکرێ کە کارەکانی من لەو بووارەدا بخاتە بەر سەرنج و هەڵیان سەنگێنێ، نەک بەپێچەوانە.

**هومەن مەردانی :** یەکێ لە بەرهەمەکانی تری ئێوە ڕۆمانی "دان چەرموو" لە نووسینی گەورەنووسەری ئەمریکایی"جەک لەندەن"ە. چۆن بوو بیرۆکەی وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانە کەوتە ناو زەینتان؟

**حەسەن زادە:** لەخوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەدا دوو شت یکجار زۆر سەرنجیان ڕاکێشام: یەکەمیان توانای ئەو نووسەرە بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوەو تەنانەت کێشانەوەو نیشاندانی هەستی هەموو ئەو گیانلەبەرانە بوو کە لەورۆمانەدا نەخشی پێ سپاردوون. خوێنەری وردبین لەکاتی خوێندنەوەی "دان چەرموو" دا هەست دەکا نووسەر چۆتە نێو هەناوی یەک بەیەکی ئەو گیانلەبەرانە و هەموو هەستە حەیوانییەکانیانی بەکامێرا وێنە کێشاوەو بە ڕێکوردەر تۆمار کردوە، تەنانەت هەست دەکا نووسەر بۆخۆی بە نۆرە چووەتە کەوڵی هەرکام لە "قارەمانەکانیەوەو بۆتە یەکێک لەوان.

دووەمین شت کە بەڕاستی سەرسامی کردم زەق کردنەوەی زۆر وەستایانەی ڕۆڵی پەروەردەو بارهێنان بوو. جەک لەندەن لە دووتوێی ڕۆمانێکدا کە خوێنەر هەنگاو بە هەنگاو بەدوای خۆیدا بەکێش دەکا بێ ئەوەی ماندووی بکا، پێمان نیشان دەدا کە پەروەردەیەکی دروست و بە تایبەتی پەروەردەیەکی تێکەڵ بە خۆشەویستی و مێهرەبانی چۆن دەتوانێ حەیوانێک بکاتە بوونەوەرێکی شەریف و تەنانەت پیرۆزو بەپێچەوانەش پەروەردەو ڕاهێنانێکی نادروست چۆن دەتوانێ مرۆڤێک بکاتە پیسترین و خەراپترین درندە.

ڕەنگە بەشێک لە خوێنەران تێگەیشتنی منیان لەو ڕۆمانە هەبێ و بەشێکی دیکە دەگەڵم نەبن ، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو خوێندنەوەیە هاندەر بوو بۆ وەرگێڕانی ئەو شاکارەی "جەک لەندەن" .

**هومەن مەردانی :** ئێوە بارودۆخی ئێستای وەرگێڕان لە باشووری کوردستان چۆن هەڵ دەسەنگێنن؟ خاڵە لاوازو بەهێزەکانی کامانەن؟

**حەسەن زادە:** ئەگەرچی بەداخەوە بە زۆر هۆ ئاگادارییەکی تەواوم لەسەر بارودۆخی وەرگێڕان لەم بەشەی کوردستاندا نیە، بەڵام هەر ئەوەندە کە لێی ئاگادارم بەسە بۆئەوەی بڵێم جموجۆڵێکی جێی دڵخۆشی لەو مەیدانەدا هەیە. بێجگە لەدەزگای وەرگێڕان(لەهەولێر) و خانەی وەرگێڕان(لە سلێمانی) زۆربەی دامودەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە،چ دەوڵەتی و چ تایبەتی ئاوڕیان لەم بووارە داوەتەوەو زۆر کەسیش لەسەر ئەرکی خۆیان بەرهەمی وەرگێڕاویان بڵاو کردۆتەوە. ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێم ئێستا هەر ساڵێک بەئەندازەی دەساڵی جاران بەرهەمی وەرگێڕراو چاپ و بڵاو دەبێتەوە،کە دیارە ئەمە خاڵی بەهێزو جێگای دڵخۆشی و دەستخۆشییە.

ئەگەر بمەوێ لەڕوانگەی خۆمەوە ئاماژە بە خاڵە لاوازەکانی ئەم بەشە لە بزووتنەوەی ئەدەبیی ئێستای باشووری کوردستانیش، بکەم، ئەم چەند خاڵەم لەلا زەق دەبنەوە: یەکەم لە وەرگێڕانیشدا هەروەک نووسین بێسەرەوبەرەیی لەزمان و ڕێنووس و ڕێزماندا بەرچاو دەکەوێ کە ئارەزوو دەکەم زووتر مشووری لێ بخورێ. دووەم، وام دێتە بەرچاو کە بەشێک لەوانەی لە زمانی فارسییەوە تەرجەمە دەکەن، بەپەلەن و پێش ئەوەی دەسەڵاتی تەواو بەسەر زمانی فارسیدا پەیدا بکەن، ئەسپی خۆیان لەمەیدانی وەرگێڕاندا تاو دەدەن، کە پێم وایە زیان لە زمانیش و ڕووحی بەرهەمەکەش دەدا. سێیەم تائێستا جێی زۆر لە شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی لە کتێبخانەی کوردیدا بەتاڵە. چوارەمیش ئەوەیە کە وادیارە ئەو پاداشەی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە دەیدەن بە نووسەران و وەرگێڕان کەمەو هانی قەڵەمبەدەستان نادا کە خۆیان لەقەرەی کاری گەورە بدەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**هومەن مەردانی** : ئێوە تاچەندە سەرسامن بەکارەکانی ئیبراهیم یوونسی و عەلی ئەشرەف دەرویشیان دووکەس لە ناوە دیارەکانی ئەدەبیاتی ئێران؟

**حەسەن زادە:** ئەوە بەشێک لە ئەهامەتییەکانی نەتەوەی کوردە کە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ زۆر لە نووسەران و بیرمەندانی کورد هەر وەک نموونە زەهاوی، بێتووشی، محەممەدی قازی، ئیبراهیمی یوونسی و عەلی ئەشرەفی دەرویشیان ناچار بوون هەموو، یان بەشی هەرە زۆری بەرهەمە فـکری و ئـەدەبییەکانیـان ـ دانـان یان وەرگێڕان ـ بەزمانێک غەیری زمانی خۆیان بدەنە دەرەوە. ئەو دوو کەسەی ناوتان بردن هەردووکیان جێگای شانازیی ئەدەبیاتی فارسی و لەباری نێوەرۆکەوە مایەی شانازیی کوردیشن، بەڵام هیچ بە گوناحی نازانم ئەگەر بڵێم ئارەزووم دەکرد ناویان لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا درەوشابایەوەو کتێبخانەی کوردی بە بەرهەمە فکرییەکانیان ڕازابایەوە.

**هومەن مەردانی** : ئەدەبی کوردی هەنووکە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری بە دەقی وەرگێڕراو لە زمانە بیانییەکانەوە هەیە. دەکرێ لەسەر ئەم تەوەرە کورتە باسێکمان بۆ بکەی؟

**حەسەن زادە:** ئەوە کە ئەدەبی کوردی پێویستیی بە دەقی وەرگێڕراو لە زمانە بیانییەکانەوە هەیە نابێ وا لێک بدرێتەوە کە کورد بۆخۆی هیچی نیەو هەردەبێ لە خەڵکی دیکە بخوازێتەوە ، بەپێچەوانە کورد لەکۆنەوە خاوەنی بەرهەمی بەنرخی فکری وئەدەبی بووە و بەباوەڕی من یەکێک لەئەرکە هەرە گرنگ و هەنووکەییەکانی ئەدیبان و ڕووناکبیرە بەتواناکانمان ئەوەیە کە تێ بکۆشن بەرەبەرە بەرهەمە فکرییەکانی کورد وەرگێڕنە سەر زمانەکانی دیکە تاخەڵکی دنیا بزانن کوردیش قسەی خۆی هەیەو هەر چاولەدەستی گەلانی دیکە نیە.

بەڵام پێداویستیی شارستانەتیی مرۆڤ حوکم دەکا کە هەموو نەتەوەکان لە کانیاوی فکرو ئەندێشەی گەلانی دیکە جۆگە هەڵبەستن و مەزرای بیرو هۆشی خۆیانی پێ تێرئاو بکەن. هیچ نەتەوەیەک بێ نیاز لەگەلانی دیکە نیەو هیچ نەتەوەیەکیش نیە کە شتێکی بەکەلکی بۆ ڕانان لە بازاڕی فکرو کەلتووری جیهانیدا پێ نەبێ. لەو نێوەدا سروشتییە کە نەتەوەی کورد بە حوکمی ئەو بەجێمانە کە لەلایەن بێگانەوە بەسەریدا سەپاوە پێویستیی بە هەڵێنجان لە دەریای ئەدەبی جیهانی پترە. هەر بۆیە لە وەڵامی یەکی دیکە لە پرسیارەکاندا ئاماژەم بە جێگای بەتاڵی هێندێ شاکاری ئەدەبی جیهانی لە کتێبخانەی کوردیدا کرد.

**هومەن مەردانی** : وەرگێڕی باش کێیەو بەرهەمی وەرگێڕراوی باش کامەیە؟

**حەسەن زادە:** ئەو کەسەی دەست بۆ وەرگێڕانی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەبا بۆ سەرکەوتن لە کارەکەیدا پێویستە هەردوو زمانەکە باش بزانێ. باش فێربوونی زمانیش بە باوەڕی من تەنیا بە دەرسی قوتابخانەو خوێندنەوەی فەرهەنگی زمان بەدەست نایە. بۆئەوەی شارەزای وردەکاری و کەلێن و قوژبنی زمانێک بین دەبێ لەنێو چین و توێژی جۆراوجۆری ئەو نەتەوەیەدا کە قسەی پێ دەکەن ژیابین، یان هەر نەبێ لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی تێرو تەسەلی بوواری جۆربەجۆرەکانی ئەدەبیاتی ئەو نەتەوەیەوە شارەزاییەکی باشمان لە ئەدەبی گەلی و مەجازو کینایەو تەوس و پلارو تیرو توانجی نێو زمانەکە پەیدا کردبێ.

پاش ئەو دوو مەرجە دەبێ پیاو هونەری وەرگێڕانیش بزانێ و تەنانەت زەوق و سەلیقەی وەرگێڕانیشی هەبێ. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕاستییە کە ژمارەی ئەو کەسانەی دوو زمان وزیاتر دەزانن و باشیشیان دەزانن چەند هێندەی وەرگێڕەکانە ئەودەم بەئاسانی تێ دەگەین کە وەرگێڕان هونەرێکی جیا لەزمانزانینە، بە واتایەکی دیکە، هەموو وەرگێڕێکی بەڕاستی زمانزانە بەڵام هەموو زمانزانێک وەرگێڕ نیە.

بۆ ئەوەی وەرگێڕێک سەرکەوتوو، یان بڵێین سەرکەوتووتر بێ ئەومەرجەش هەیە کە ئەگەر بۆ نموونە ڕۆمانێک وەردەگێڕێ بتوانێ بە زمانی هەرکام لە قارەمانەکانی بدوێ. قسەکردن لە زمانی زانایەکەوە بەزمانی کەسێکی ساویلکەو نەزان چەندە ناشیرینە، قسە کردن لە زمانی بابایەکی ساویلکەوە بەزمانێکی فەیلەسووفانەش ئەوەندەو بگرە زیاتریش ناحەزە.

چوونکە وەرگێڕان بەرهەمی کاری وەرگێڕە، ڕەنگە بۆقسەکردن لەسەر وەرگێڕراوێکی باش ئەوەندە بەس بێ کە بڵێین ئەوەیە کە وەرگێڕەکەی ئەو مەرجانەی پێشەوەی تێدابن و ڕەچاویشی کردبن. بەڵام پێم خۆشە ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە وەرگێڕراوێکی باش ئەوەیە کە خوێنەری دەقەکە هەست بەوە نەکا کە وەرگێڕانە. دیارە ئەوانەی باس کران بەشێک لەو مەرجانەن کە بۆ وەرگێڕ و وەرگێڕان پێویستن و شارەزایان زۆر شتی دیکەیان هەیە لێی زیاد بکەن.

**هومەن مەردانی** : ڕەوتی ئێستای ئەدەبی و ڕۆشنبیریی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟

**حەسەن زادە:** دەگەڵ ئەوەی بە داخێکی گرانەوە ئاگادارێی تەواوم بەسەر بزووتنەوەی فەرهەنگیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نیە، لەقووڵایی دڵەوە شانازیی بەو ڕەوتە پڕ سەروەرییەوە دەکەم کە ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەرێیان خستووەو بەرەو پێشی دەبەن. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو هەموو کەندوکۆسپە کە لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە دەخرێتە سەر ڕێگایان و ئەو هەموو بێ ئیمکاناتییەو لەوانەش گرنگتر ئەو پاڵەپەستۆیە لەبەر چاو بگرین کە دەزگا پۆلیسییەکان دەی خەنە سەریان تێ دەگەین کە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو ئازیزانە چەندە بەنرخە. لەڕاستیدا ڕووناکبیرانی کوردی ڕۆژهەڵات بەقیمەتی گیان و بە بەخشینی سەروماڵ ئەو بزووتنەوە فەرهەنگییەیان لەسەر پێ ڕاگرتوە.

زۆرجار ئەمن دەڵێم ئەوەی ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵات هەیانە ئازادییەک نیە کۆماری ئیسلامی پێی بەخشیبن، بەڵکوو ئازاییەکە کە بەسەر کۆماری ئیسلامییاندا سەپاندوە. خۆ ئەگەر ئەوەشمان لەبیر بێ کە سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگە هێشتا لاپەڕەکانی بەشی هەرە زۆری بڵاوکراوەکانیان پەڵەی شەرمی پێهەڵلاگوتنی کاربەدەستانی ڕێژیمیان پێوە دیار نیە، باشتر گەورەیی ڕووحی ئەو ڕووناکبیرانەمان بۆ دەردەکەوێ. بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانیشیان هەر ئەوەندە دەڵێم کە هەرچەند ئەزموونێکی کەمیان هەیەو هەمووی بیست ساڵێکە دەستیان پێ کردوە، بە باوەڕی من تێکڕای کارەکانیان لەکاری نووسەران و ڕووناکبیرانی باشووری کوردستان کە بەخۆشییەوە ئەزموونێکی دەیان ساڵەیان لە پشتە نامێنێتەوە.

## ئێران حکومەتی هەرێم بەفەرمی ناناسێت


دیمانەی هیوا سەلیمی لە گەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

**هیوا سەلیمی** : هەروەک خۆشتان ئاگادارن کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەیەکانی رابردوودا خاوەن هێزو نفوزێکی زۆر لە ناوچەکەداو هەروەها خاوەنی ئۆتۆریتەیەکی بەهێزی مەعنەوی لە لانی کەم بەشێک لە وڵاتانی ئیسلامی بووە. کەچی ئێستاکە بە پێچەوانە باس لەوەدەکرێت کە ئەم کاریگەری و نفوزە روو لە کزبوونە. رای ئێوە لە مبارەوە چییە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ڕەنگە ئاواتمان ئەوەبێ کە نفووزی کۆماری ئیسلامی لەلای وڵاتانی دراوسێ روو لە کزی بێ، بەڵام من پێم وایە ئەمەیان زیاتر لە نێوخۆی وڵاتدا ڕەنگ دەداتەوە لەبەرئەوەی لە نێوخۆی وڵات، خەڵک تەنیا دروشمەکانی حکوومەتی ئێران نابیستێ، بەڵکوو ڕەفتارو کردەوەی ئەو سیستەمە دەرحەق بە خۆی دەبینێ و بە هەموو وجوودیانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو زوڵم و زۆرە دەچێژێ، بۆیە بە بێ گومان نفووزو خۆشەویستیی ئەو ڕژێمە لە پێش چاوی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوەکانیەوە، بە هەموو حیزبە سیاسییەکانیەوە، بە هەموو بیروباوەڕە ئایینی و مەزهەبییەکانەوە زۆر زۆر دابەزیوە. بەڵام لە نێو خەڵکی وڵاتەکانی دەوروبەرو رای گشتیی ئەو وڵاتانەدا، بەتایبەتی ئەوانەی لە باری مەزهەبییەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یەکن، یانی شیعە مەزهەبن، باوەڕ ناکەم ئەوە لە کەمی دا بێ، لەبەرئەوەی ئەوان دروشم و قسەکانی رێبەرانی ئەو نیزامە دەبیستن، بەڵام ئاگایان لە کردەوەکانی نییە، کردەوەکانی روویان لەوان نییەو تەنانەت پێچەوانەی ئەو بابەتەشە. لە رووبەروبوونەوە لەگەڵ حەماسی فەلەستین، لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبناندا نەک هەر زوڵم و زۆری بۆیان نییە بەڵکوو پشتیوانییشان لێ دەکاو لە باری مادییەوەو لە باری سەربازییەوە، بەهێزیان دەکا. بۆ یە وێ ناچێ لە نێو ئەواندا نفووزی هاتبێتە خوار. بە شێوازێکی دیکە، بڵێین، رەنگە لە لای دەوڵەتەکانی دراوسێ دیسانەکە ئەو نفووزە هاتبێتە خوارێ بە هۆکاری ئەوەی ئەو دەیهەوێ دەست لە کاروباریان وەردا، دەیهەوێ خەڵکیان لێ هان بدات، ئەمە راستە بەڵام لە نێو بیروڕای گشتی خەڵکی ئەو وڵاتانەی دراوسێ، ئەمن لەوبڕوایەدانیم کە نفووزی هاتبێتە خوار.



**هیوا سەلیمی** : بەردەوام ئەم مەسەلە دووبارە دەبێتەوە کە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق، حکوومەتی ئێران یەکێک لە کارەکتێرە چالاکەکانی ساحەی سیاسیی عێراق بووە و هەیە. وەک ئێوە ئاگادارین ئەم دەستێ وەردانانە لە چ ڕێگاگەلێکەوە ئەنجام دەدرێ و ئامانجەکان و ستراتژییەتی ئەم سیاسەتە کامانەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پێم وایە هیچمان لە تەواوی چەندوچوونی دەستێوەردانەکانی ئێران لە عێراق یان لە وڵاتانی دیکەی دراوسێ یان لە وڵاتانی دوورتر ئاگادار نین. بەڵام، لە نەوعییەتەکەی ئێمەش و خەڵکی وڵاتانی دراوسێش ئاگادارین. ئەم دەستێوەردانە لە کاروباری وڵاتان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە رێگای جۆراوجۆری هەیە، پێش هەمووشتێک هەر وەکوو پێشتر باسمان کرد ئەو نفووزە مەزهەبییەی کە حکوومەتی ئێران هەیەتی و هەروەها ئەو پڕوپاگەندە زۆر فریودەرانەی کە حکوومەتی ئێران بە ناوی دین و خواو ئەڵڵاوە دەیکات توانیویەتی لەسەر خەڵکی بە بیرو باوەڕی مەزهەبی لەگەڵ هەموو رێزمدا بۆ هەموویان، بەڵام بە نیاز پاکییەوە ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە لای ئەوانە نفووز دابنێ و بتوانێ دەست تێوەردان بکا، بەلای خۆی رایان بکێشێ و بەدژی دەوڵەتەکان هانیان بدا، با دەوڵەتەکان رەفتارەکەشیان جۆرێک نەبێ کە بڵێین خەڵکەکەیان هەمووی لێی رازین. دەستێوەردانەکە دەگەیەنێتە ئەوەی کە هەندێک گرووپی وابەستە بە خۆی درووست بکا، پارەیان بداتێ و بیهەوێ لە وڵاتەکەی خۆیاندا ئاژاوەیان پێ ساز بکا ، ئەم سیاسەتە بەرەو ئاستێک بەرێ کە ئەم گرووپ و ئەو گرووپ و ئەم حیزب و ئەو حیزب و تەنانەت دەوڵەتەکان لە دژی یەکتر بوەستنەوە. جگە لەوەش ئێستا ئیتر بۆ کەس شاراوە نییە کە بە ڕێگای جۆراوجۆردا تەنانەت چەک بۆ هەندێک لە وڵاتان دەنێرێ، نەک هەر بۆ وڵاتانی دەورووبەر، بەڵکوو بۆ وڵاتانی دووریش، بۆ نموونە ئێمە تەنانەت دەبینینو دەبیستین کە لە هوڵەندا کەشتی دەگیرێ کە مووشەکی ئێرانی پێیە. بەگشتیی ئەم سیاسەتە جۆراوجۆرەو هەموو لایەنە مەعنەوی و ئابووری و دارایی و سەربازییەکان دەگرێتەوە.

**هیوا سەلیمی** : ئەم سیاسەتە لە روبەرووبوونەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان چۆنە؟ بۆ وێنە دەبیندرێ ئەمڕۆ ڕێکەوتنێک لە نێوان حکوومەتی هەرێم و کۆماری ئیسلامی دەکرێ و کەچی سبەینێ ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکرێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن بەش بە حاڵی خۆم لە سیغەی ئەو ڕێکەتننامانە کە لە نێوان دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و هەرێمی کوردستاندا ئیمزا دەکرێن ئاگادار نیم و نازانم چۆنن، بەڵام بەداخەوە پێم وایە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو سیاسەتی فریودەرانەو دووڕووانەی خۆی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەکوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەرەف نییە، بەڵکوو بە ناوی حیزبەکانەوە هەندێک ڕێککەوتن ئیمزا دەکا، لەگەڵ پارتی لەگەڵ یەکێتی لەگەڵ حیزبێکی دیکەو ئوسولەن دان بە بوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نانێ هەچەندە حکوومەتی هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی یاساییەو شتێکی دەستورییەو دەوڵەتەکی خۆی بە رەسمی ناسیویەتی و لە گرنگترین قانوونەکانی وڵاتی عێراقدا کە بریتیە لە دەستوور یا وەکوو لە ئێراندا دەڵێن یاسای بنەڕەتی، ئەمە دەکات. دواتریش بۆ هەمووان دەرکەوتوە کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو کەس فرت و فێڵی هەیە بەڵام لەتەعامووڵ لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا لە روانگەیەکی دەسەڵاتدارانە و خۆبەزل زانییەوە رەفتار دەکا. زۆر جار دەبینین نوێنەری حکوومەتی ئێران لە هەرێمی کوردستانەو هەر لەو کاتەدا تۆپخانەکانی حکوومەتی ئێران، ناوچەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکەن. یان بە پێچەوانە دەبینین نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم بانگهێشتی ئێران کراون و نوێنەرانی حکوومەتی هەرێم لە تارانن و بەڵام هەر لەو کاتەدا ئێرە تۆپباران دەکرێ. گرنگ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بە هیچ جۆرێک چاوی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵنایە، ئەو وەختەی کە دۆستایەتیشی دەکا بۆ ئەوەیەتی لە ڕێگای دۆستایەتییەوە زەربەیەکی لێ بدا. قەت نایهەوێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەقامگیر بێ و لە جیگەی خۆیدا راوەستێ چۆنکە دەسەڵاتدارانی ئێران دژی ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردن لە هەر جێگایەکی کوردستان بێ.

**هیوا سەلیمی** : ئێوە باس لەوە دەکەن کە حکوومەتی ئێران چاوی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵنایە، بەبڕوای ئێوە هەبوونی کیانێکی سیاسیی کوردی لە عێراق تا چەند توانیویەتی و یان دەتوانێ کاریگەری لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەت لە سەر رۆژهەڵات دابنێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هەر ئاڵوگۆڕێک لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا پێکبێ، بە باش و بە خراپ بە دەستکەوت و بە نوشستیهێنان تەئسیرێکی ناڕاستەوخۆی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەیە. ئاشکرایە بەشەکانی کوردستان هەموویان بەشی یەک وڵاتن، بەشی یەک میلەتن کە بە خۆشی و ناخۆشی یەکتر بەدڵنیاییەوە دڵخۆش یان دڵگران دەبن، بە سەرکەوتنی یەکتر خوشحاڵن و بە نوشوستییەک کە بەسەریاندا بێ، تێک دەچن و نارەحەت دەبن. دەتوانن لە ئەزموونەکانی یەکتر دەرس وەربگرن، سەرکەوتنی لایەکیان دەتوانێت ئومێدێک بۆ سەرکەوتویی بە لایەکی دیکە فەراهەم بکا. بەڵام هەر وەکوو باست کرد شوێندانانی ئەم دوو بەشەی کوردستان لەسەر یەکتر واتە باشوورو رۆژهەڵات، بەرچاوترە لە شوێندانانی ناوچەکانی دیکە لەسەر یەکتر، بە هۆکاری ئەوەی کە لە کۆنەوە تا ئێستا پەیوەندییەکی بەرینترو پتەوتر لە نێوان ئەم دوو بەشەی کوردستاندا هەبووە. رەنگە زۆر هۆکار هەبن، یەکێکیان ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردایەتی لە هەردووبەشی باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان لەو ناوچەیەدا بووە کە هەم پێکەوە هاوسنوورن، ئەو سنوورە دەستکردە کە درووست بووە، هەم لە باری لەهجەی زمانییەوە و هەم لە باری مەزهەبییەوە یەکن. هەردووکیان ئەوەی بە شێوەی عام دەڵێن سۆرانی زمانن، هەردوکیان سوننی مەزهەبن، هەردوکیان کەوتوونەتە ناوەندی کوردستانەوە. پاشان لەوەختی تەنگانە دا لە کوردستانی ئێران کە فشارێک هاتووە خەڵک پەنای بۆ ئەم بەشەی کوردستان هێناوە. لە باشووریش بەپێچەوانە کە فشاریان بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتووە روویان کردوەتە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم دووانە کارگەریان لەسەر یەکتری زیاترە. بەڵام بەهەرحاڵ ئەوانە هەموویان لەگەڵ ئەوەی زیاتریش بێ هەر ناڕاستەوخۆیە. ئاڵوگۆڕ لە تاراندا تەئسیری راستەوخۆی لەسەر کرماشان و سنە و ورمێ و نەغەدە هەیە، بەڵام ئاڵوگۆڕ لە سلێمانی لەسەر مهاباد شوێنەوارەکەی ناڕاستەوخۆیە، لەبەرئەوەی کە بەشێک لە وڵاتێک نین بە شێوەی رەسمی، بەس بەهەرحاڵ تەئسیری هەر دەبێ.

**هیوا سەلیمی** : وەک خۆشتان ئاگادارن لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق نزیک دەبینەوەو هەڵمەتی ئیعلامی ئەو پرۆسەیە دەستی پێ کردووە. نەبوونی هاودەنگییەکی تۆکمە لە نێوان لیستو قەوارە سیاسییەکانی کوردستان ئەگەرەکانی لاوازبوونی پێگەی کورد لە ناوەندەکانی بڕیاردانی عێراقی زیادکردووە. لە ئەگەری روودانی ئەم حاڵەتە دا چ کاریگەرییەک لەسەر پێگەی ئۆپۆزیسۆنی کوردی ئێرانیی نیشتەجێ لە کوردستانی باشوور دادەنێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** هاودەنگ نەبوونی کوردەکان لە پارلمانی عێراقدا هیوادارم قەت شتی وا نەیەتە پێشێ-، زیان بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێ کە ئەو زیانە ئەگەر بە شێوەی ناڕاستەوخۆشە، زیانە بۆ هەموو بەشەکانی دیکە کوردستان. دیارە من لەو بڕوایەدام لە پارلمانی عێراقدا کوردەکان هەچەند بە چەند لیستیش دەچنە نێو هەڵبژاردنەوە، پێم وانییە لەوێدا لەسەر پرسی نەتەوەیی لێک جیا ببنەوە بەڵام، لەهەر حاڵدا و بە باوەڕی من ئەگەر بە یەک لیست ببوونایە وەزنەیەک و قورساییەکی دیکەیان دەبوو، قووەتێکی دیکەیان دەبوو، نەک بۆ دژایەتی نێوخۆ، ئەوان بۆ دوژمنایەتی ناچن، بۆ هاوکاری دەچن. نوێنەرانی کورد دەچن لەگەڵ نوێنەرانی عەرەب و تورکمان و بەشەکانی دیکە پێکەوە هاوکاری بکەن بۆ درووستکردنەوەی عێراقێکی نوێ. مەسەلەکە بەرامبەرکێ نییە. بەڵام ئەگەر هاودەنگ بن زۆر زۆر باشترە یانی بە هەموو لایەنەکان لانیکەم فراکسیۆنێک پێک بێنن، وەکوو بڵێین کارەکتەری کوردی لانیکەم هەوڵبدەن بە یەک دەنگ بچنە نێو قەزایای ئەو قانوونەی کە لە پارلماندا تەرح دەکرێن. بەڵام ئەوە کە لەسەر کوردی رۆژهەڵات یان کوردی بەشەکانی دیکە شوێنەواری دەبێ یان نایبێ، من پێموایە بەشەکانی دیکەی کوردستان کە پەیوەندییان بێرەوە هەیە یان تێکۆشەرانیان لێرە هەن نابێ حیسابی خۆیان لەسەر ئەوە بنیادبنێن کە کورد لەگەڵ دەوڵەتی عێراق وەزعییەتی چۆنە چونکە بەهەرحاڵ کوردی بەشەکانی دیکە لە عێراقدا بەشێک نین لەو مەسەلەیە، کوردستان لە نێو چوار وڵاتدا دابەش کراوە و ئەو بەشە پێوەندیی بەو کوردانەوە هەیە کە دانیشتووی باشووری کوردستانن. بەو حاڵەش مەعلوومە بە هێز بوونی کورد لە کوردستانی عێراقدا، یان لە پارلمانی عێراقدا دیسانەکە یا تەئسیرەکە ناڕاستەوخۆش بێ، بە قازانجی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانە. بە تایبەتی لەسەر ئەو هێزە سیاسییە کوردانە کە لەسەر عەرزی هەرێمی کوردستان دەژین، لەگەڵ ئەوەی کە گوتم راستەوخۆ نە لەسەر هەموو کورد تەئسیر دادەنێ و نە لەسەر ئەو هێزە سیاسیانەی کە لێرەدان یان بنکەیان هەیە یان تێکۆشەرانیان لەم بەشەی کوردستاندان ژیان بەسەردەبەن.

**هیوا سەلیمی** : بەڵام نیگەرانییەکە لەوێوەدێت کە هەر ماوەیەک لەوپێش لەسەر دەستی حکوومەتی عێراقی هێرش کرایە سەر موجاهیدنی خەڵقی ئێران؟ دیارە لە ژێر کاریگەری شیعەکان کە بە ئێران نزیکن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن بە هیچ شێوەیەک نامهەوێ پێشبینییەکی وا بکەم کە حکوومەتی عێراق رەفتارێکی ئاوا لەگەڵ هێزە سیاسییە کوردەکان بکا. لەسەر یەک من پێم وایە ئەوەی لەسەر موجاهیدین کرا شتێکی باش نەبوو بە قازانجی عێراق و دەوڵەتی عێراق و یەک لەوان خودی دەوڵەتی مالکییش نەبوو، چونکە لانیکەم هەیمەنەی وەکوو وڵاتێک کە خەڵکێکی تیدایە بە نێوی پەنابەر هەیمەنەی دێنێتە خوارەوە و شتێکی باش نییە. بەڵام بە نیسبەت هێزە کوردییەکانەوە من ئەوە نابینم و هۆکارێک نابینم بۆ ئەوەی ئەو رەفتارە لەگەڵ ئەوان بکرێ، چونکە نە لێکدادانێکیان دەگەڵ عێراق بووە، نە کارێکیان کردوە بە دژی حکوومەتی ئێستای عێراق بێ، بەڵکوو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران خۆشحاڵ بوون بە ئاڵوگۆڕێکی کە لە عێراقدا دێتە پێشەوەو بە چاوی هیواو ئومێدەوە سەیری دەکەن. راستە تەئسیری دەوڵەتی ئێران لەسەر دەوڵەتی عێراق هەیە، بە تایبەت کە تا ئێستا وایەو رەنگە لە ئایندەشدا هەر وابێ، جڵەوی حاکمییەت زیاتر بە دەستی شیعە مەزهەبەکانەوەیە، بەڵام پێم وا نییە ئەوە هۆکارێک بێ بۆ ئەوەی کە فشار بۆ هێزە کوردستانییەکان بهێنن و هۆکارێک بۆ دوژمنایەتی دەگەڵ ئەوان نییە.چوونکە ئەوانەی لەسەر خاکی عێراق دەژین بەوانەشەوە کە لەسەر خاکی کوردستان دادەنیشن کە ئەویش بەشێکە لە خاکی عێراق، نە نیازی دەستێوەردانیان هەیە، نە شتێکیان دەوێ، غەیری ئەوە کە لە وڵاتی خۆیان لەسەر بیرو باوەڕ دەربەدەر بوون و دەیانەوێ لەم وڵاتە بحاوێنەوە تا رۆژێک دەرفەتی گەڕانەوە و ژیانێکی ئازادانە و سەربەرزانەیان لە وڵاتی خۆیان بۆ دەرەخسێ. بەهەرحاڵ پێموایە هۆکارێکی ئاوا نابینم. جگە لەوەش، وابزانم دەورانی سەوداکردن بە بە مرۆڤەکان بەسەرچوە. بۆ موجاهیدینیش رەنگە لە ژێرەوە جاروبار شتێکی ئاواش بکرێت بەڵام لەوبارەیەشەوە پێم وایە دەوڵەتی عێراق ناتوانێ سات و سەودا بە موجاهیدینەوە بکاو موجاهیدین بەئاسانی تەسلیمی ئێران بکاتەوە. چونکا دەورانی ئەو شتانە بەسەرچووە.

ماڵپەری رەوا

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە : با فێر بین بۆ خۆمان کورسی جێ بهێڵین

دیمانە: شەهرام عەبدوڵڵا

لە ماوەی رابردوودا و دوای پانزە مانگ لە لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو باڵەی کە بە نوێنەرایەتیی عەبدوڵا حەسەنزادە لەتبوونی حیزبیی راگەیاند، چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبیی بەست، کە تێیدا لیژنەیەکی پارێزگاریی لە پێڕەوی ناوخۆی حیزب لە رێبەرانی پێشووی حیزب پێکهاتووە وەکو عەبدوڵای حەسەنزادە لەم چاوپێکەوتنە دا باسی دەکات، چەند گۆڕانکارییەک لە ئاستی سەرکردایەتی و ناوو پێکهاتەو بەرنامەکانی حیزبدا پێک هاتووە، ئەو هۆکاری گۆڕانکارییەکان لێکدەداتەوە.

ئەمەش دەقی دیمانەکەیە:

**سبەی:** لە کۆنگرەی چواردەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، بڕیار لەسەر دامەزراندنی لیژنەی پارێزگاریی لە پێڕەوی ناوخۆی حیزب درا، جەنابت وەکو یەکێک لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە کاروبارو جێگەو پێگەی لە حیزبدا چۆن لێک دەدەیتەوە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەبدوڵا حەسەنزادە: بوونی لیژنەی لەم چەشنە لە حیزبی دیموکراتدا شتێکی تازە نییە، پێشتر لە کۆنگرەی دوودا شتێکمان هەبوو بەناوی کۆمیتەی چاودێریی بەرز، دواتریش لە کۆنگرەی چواردا شتێک بەناوی کۆمیتەی بازرە سی (پێداچوونەوە) هەبوو، بەڵام ئەو دووانە لە راستیدا کۆمسیۆنێکی هاوتەریبی کۆمیتەی ناوەندیی بوون، کۆمەڵێک ڕێگادەستیان هەبوو کە وەکو شتێک لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی پێکەوە بەرامبەر بەیەکتر دەوەستان، بەڵام ئەم لیژنەیە لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیدا هاوتەریب نییە، هیچ پەیوەندییەکیشی بە کاروباری جێبەجێکردنی حیزب و کۆمیتەی ناوەندییەوە نییە، بەڵکو کۆمسیۆنێکە تەنیاو تەنیا بۆ پارێزگاریی لە پێڕەوی ناوخۆی حیزب لەناو ڕێکخراوەکان و تەنانەت لەناو ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتی حیزبدا، کە دەڵێم ئۆرگانەکانی ڕێبەریی مەبەستم ئەوە نییە کە چەندین ئۆرگانی ڕێبەریی سەرەوەمان هەبێت، بەڵام پێموایە کە ئۆرگانی ڕێبەریی لە سیستمێکی دیموکراتیک و گەلیدا هەر ئەوە نییە کە لە سەر سەرەوە هەیە، وەکو بڵێین لە حیزبدا تەنیا کۆمیتەی ناوەندیی هەیە، بەڵکو ئەو ئۆرگانانەی خوارەوەش کە هەریەکە و لە چوارچێوەی تێکۆشانی خۆیدا کاردەکات، هەریەکەیان ئۆرگانێکی ڕێبەرین، ئەگەر بمەوێت زۆر راشکاوانە بیڵێم فیکرەی ئەوە لە شتێکەوە هات، لە کۆنگرەکانی پێشوو دا عادەتێک هەبوو کاتێک کە کۆنگرە دەگیرا، کۆنگرە دەیپرسی ئەرێ ئەو کۆنگرەیە شەرعیەتی رەوایەتی هەیە یان نا؟ لەسەر ئەوە دەنگ وەردەگیرا، زۆرینەی کۆنگرەکە



بە سروشت دەنگی بەوە دەدا کە بەڵێ کۆنگرە شەرعیەتی هەیە، لە کۆنگرەی ١٣دا ئەو رەوتە دیسان دووبارەبوویەوە و کۆنگرە بڕیاری لەسەر رەوایەتیی خۆیدا، لە حاڵێکدا بەبێ ئەوەی بمەوێت هێرش بکەمە سەر هاوڕێ پێشووەکانمان، ئەو کۆنگرەیە بە جۆرێک پێک هاتبوو کە لەسەر هەڵوەشانەوەی بڕیاری بە تێکڕای کۆنگرەی ١٢ گیرابوو، کۆنگرەی ١٢ بە کۆی دەنگ بڕیاریدا بوو کە هەر جۆرە دەستەبەندییەکی نهێنی بە قازانجی کەسەکان و گروپەکان، تاوانە تا سنووری خەیانەت، ئەو برادەرانە لە ڕێگای دەستەگەری نهێنییەوە، زۆرینەی کۆنگرەیان بەدەست هێنابوو، باشە ئەو زۆرینەی کۆنگرەیە لەوێیە و بۆ خۆی بڕیار دەدات کە بەڵێ کۆنگرە شەرعییە، خۆ ئێمەش بڕیارماندا، چونکە هیچ ڕێگایەکی دیکەمان نەبوو، ئەگەر وای دابنێین یەکێک دەسەڵاتی هەیەو دەنگ دەکڕێت، نیوە یان زیاتر لە نیوەی دەنگەکان بە پارە بکڕێت، خۆ ئەو کۆنگرەیە کە بەو شێوەیە گیراوە لە ناوەرۆکدا کۆنگرەیەکی ناشەرعییە، بەڵام کاتێک کە بۆ خۆی بڕیار لەسەر خۆی دەدات، زۆرینەکە دەنگ دەدات کە شەرعییە، بۆیە ئەو فیکرە لەلای من دروستبوو، کە ئێمە ئۆرگانێک دروستبکەین کە پێش کۆنگرە دەنگ لەسەر رەوایەتیی کۆنگرە بدات، کە ئاخۆ ئەو کۆنفرانسانە شەرعین، ئاخۆ ئەو هەڵبژاردنەی کە بۆ کۆنگرە دەکرێت خاوێنە، ئەگەر ئەوانە شەرعی بن پێویست ناکات دەنگ بۆ ئەوە وەربگیرێت کە ئاخۆ کۆنگرە شەرعییە یان ناشەرعییە، چونکە لەپێشدا هەموو سەلاحییەتەکە پەسەند کراوە، ئیدی ئەوەی کە دەچێت بۆ کۆنگرە یان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییە، کە بەپێی پێڕەوی ناوخۆ دەبێت هەموویان بەشداربن، یان ئەو کەسانەن کە لە ڕێگایەکی مەشروعەوە هەڵبژێردراون، کەواتە ئەوەش شەرعییە، بۆیە ئەو فیکرەیە گەڵاڵە بوو و لەپاشانیش یەک دوو مادە کە باس لەوە دەکەن گەڵاڵە بوون، لەوێدا راشکاوانە هاتووە کە ئەو ئۆرگانە ئۆرگانێکی هاوتەریب نییە، ئۆرگانێکی جێبەجێکردن نییە، لە کاروباری جێبەجێکردندا دەستێوەردان ناکات، تەنانەت لە کاروباری پێشمەرگەش وەکو ئەوەی کەسێک شتێک دەکات یان سزا دەدرێت، لەوانەش ناپرسێتەوە، کاری ئەو لیژنەیە تەنیا ئەوەیە کە چاودێریی ئەو بڕیارانە بکات کە لە ڕێگای کۆمیتەی ناوەندیی یان کۆمیتەکانی خوارترەوە دەدرێن، بەوەی کە ئاخۆ لەگەڵ پێڕەوی ناوخۆی حیزب دەخوێننەوە یان نا، یان ئەگەر کۆنفرانسێک دەگیرێت ئاخۆ بنەماکانی پێڕەوی ناوخۆی تێدا پارێزراوە یان نا، ئەگەر زانی کە نەپارێزراون پێشنیازی هەڵوەشانەوەی دەکات، یان یەکێک سزای حیزبیی بۆ دیاریی دەکرێت، تەنیا سزای حیزبیی، لێرە دا مەبەست ئەوە نییە کە کەسێک شەڕدەکاتو لەسەر ئەوە سزای زیندانیکردنی بۆ دەبڕدرێتەوە، ئەوە سزای حیزبیی نییە، واتە ئەو لیژنەیە لەو سەرپێچییانە ناپرسێتەوە کە لە دەرەوەی بنەمای حیزبین، تەنیا لە سەرپێچیکردنی حیزبیی دەپرسێتەوەو بەس، ئەگەر ئەوە بپارێزرێت، هەموو ئەو بڕیارانەی کە لەناو حیزبدا دەدرێن بڕیاری باشن و بەپێی ئەو بنەمایانەی کە کۆنگرە پەسەندی کردوون وەک و پێڕەوی ناوخۆ، هەموو کۆنگرە و کۆنفرانسێک کە لە داهاتوو دا دێنە پێشێ بە ڕێگایەکی مەشروع دەگیرێن، فیکرەی دامەزراندنی ئەو لیژنەیە بەمجۆرە هاتە ئاراوە.

سبەی: تا چ رادەیەک دەتوانین بڵێین ئەم لیژنەیە هاوشێوەی ئەنجومەنێکی سینایە؟

عەبدوڵا حەسەنزادە: من بەش بە حاڵی خۆم ئەو لیژنەیەم شوبهاند بە دادگای دەستووری بنەڕەتی ئەمەریکا، دادگای دەستووری بنەڕەتی، دەزگای جێبەجێکردن نییە، دادگا لە هیچ شوێنێک دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نییە، بەڵام لە هەمانکاتدا چاودێریی دەکات، دادگایەکە کە سەرۆک کۆمارێکی وەکو نیکسۆن لەسەر کار لادەبات، سەرۆک کۆمارێکی بەهێزی وەکو کلینتۆن دەهێنێتە سەر تەلەفزیۆن و سەری پێ دادەخات و ئارەقی پێ دەڕێژێت، ئەگەر ئۆرگانێکی سەربەخۆ نەبوایە، یان دەبوو لەخوار کۆمیتەی ناوەندییەوە بێت، یان کۆمیتەی ناوەندیی لە خۆی بەرپرسی بکات و بڵێت لە کارەکانی خۆم بپرسەوە، کە لە راستیدا نە ئۆرگانەکە ئەو رەوایەتییە بە خۆی دەدات، نە کۆمیتەی ناوەندیی دەرفەتی ئەوەی پێدەدات کە لە کارەکانی بپرسێتەوە، مەرج نییە کاری ئەوە لێپرسینەوە لە کۆمیتەی ناوەندیی بێت، بەڵام هەر ئەویش دەگرێتەوە، کاتێک کە کۆنگرە هەڵیبژاردووەو پێی سپاردووە کە لە رووی پێڕەوی ناوخۆوە تەنانەت چاودێریی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندییش بکات، مەبەستم بڕیارە حیزبییەکانە، ئەوکاتە کۆمیتەی ناوەندیی خۆی بە پابەند دەزانێت کە پێڕەوی لە بۆچوونەکانی بکات، تەنانەت پێش ئەوەی کە ئەو لیژنەیە لێی بێتە دەنگ، بۆ خۆی کاروبارو بڕیارەکانی خۆی زیاتر کۆنترۆڵ بکات، کە ئاخۆ بڕیارەکانی لە چوارچێوەی پێڕەوی حیزبدان یان نا؟ بۆ ئەوەی پاشان ئەو لیژنەیە لێی بەدەنگ نەیەت و بڕیارەکانی نەخاتە ژێر پرسیارەوە.

سبەی: لە کۆنگرەی چواردە دا ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانتان بۆ حیزب دیاریی کردووە کە جۆرێک لە دووبارە بوونەوەی ناوی حیزبە لەپێش لەتبووندا، ئەم دووبارە بوونەوەی ناوانە لەدوای جیایی و لەتبوونەکان هۆی چییە؟

عەبدوڵا حەسەنزادە: بێگومان هەندێکجار ئەو ناوانە هەر یەک بوون، من بیرم نایەت کە لەناو حیزبە کوردییەکان و تەنانەت لە حیزبەکانی دیکەشدا، حیزبێک دامەزرابێت لەسەر ناوی حیزبێکی دیکە، بەڵام ئەوەی کە حیزبێک لەت بووە، یان کۆمەڵێک لە حیزبێک جودابوونەوە، چونکە من پێموایە ئەو دوو شتە جیاوازن، کاتێک حیزبێک لە سەرەوە بۆ خوارەوە، واتە لە کۆمیتە ناوەندییەکەیەوە بۆ خوارەوە لەت دەبێت، ئەوە پێی دەڵێن ئینشیقاق، کاتێک کۆمەڵێک پێکهاتەی حیزب بەجێ دەهێڵێت، ئەوە جودابوونەوەیە، جا لەو دوو حاڵەتەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە دەبینین کە هەر دوو لایەنەکە ئەو ناوە بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەوە هەم لەناو حیزبە کوردییەکاندا هەیە، هەم لەناو حیزبە ناکوردییەکانیشدا، بۆ نموونە ئێمە دیمان لە حیزبی شیوعی عێراقدا لەتبوون روویداو هەردووکی هەر ناویان حیزبی شیوعی عێراق بوو، ئەو هەموو گروپە لە چریکی فیدایی ئێران پەیدابوون، هەمووش هەر ناویان چریکی فیدایی بوو، هۆکاری سەرەکیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەموو خۆیان بە خاوەنی رابردووەکەی دەزانن، بەستراونەوە بە رابردووەکەی، هۆگرین، نایانەوێت ئەو شانازییانە بدەن بە بەرامبەرەکەیان، یان خۆیانی لێ بێبەش بکەن، بەڵام من لەنێوان جیاییەکانی پێشووی حیزبی دیموکرات و ئەم لەتبوونەی ئێستادا، جیاوازییەکی سەرەکیی دەبینم، بۆ نموونە ئێمە دەبینین لە ساڵی ١٩٨٠دا لەتبوونێک لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا روودەدات، کە بە خۆیان دەڵێن پێڕەوی کۆنگرەی چوارەم، ،پاشگرێک دیاریی دەکەن، لە ساڵی ١٩٨٨دا دیسان کە ئەو برادەرانەی ناوی خۆیان نابوو رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕو جودا بوونەوە، دەقاودەق ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان هەڵبژارد، بەڵام پاشگری رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕیان بۆ دیاریکرد، ئێستا کە ئەم لەتبوونە روویداوە، ناوەکان جیاوازن، یەکیان ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانە، یەکیان ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە، هەرچەندە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هیچ شوێنێکی دنیاو لەسەر هیچ کام لەو لایەنانە تۆمار نەکراوە، ئەمە لە وڵاتانی یاساو پێشکەوتوو دا زۆر زۆر ئاساییە، یەکێک ناوی حیزبی دیموکراتە، یەکێکی دیکە ناوی حیزبی دیموکراتی وڵاتەکەیە، یەکێک ناوی حیزبی لیبراڵە، یەکێکی دیکە ناوی حیزبی لیبراڵی وڵاتەکەیە، وەکو وتم هۆکاری سەرەکیی ئەوەیە کە هیچ لایەنێک نایەوێت خۆی لە شانازییەکانی حیزبەکەی بێبەش بکات، بەتایبەتی ئەوەی ئێمە، دیارە گەڕاوینەوە سەر ناوی لەمێژینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە لە دامەزرانییەوە تا ٣٤ ساڵ لە تەمەنی، ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە، ئێرانی تێدا نەبووە، بۆ ماوەیەکی کەم ئێرانەکە لەناو کەوانە دا بوو و بەشێک نەبوو لە ناوەکە، ئەگەر سەیری پێکهاتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەیت دەبینیت ئەو کەسایەتی و روخسارانەی کە حیزبی دیموکراتیان پێ ناسراوە، یان حیزبی دیموکراتی کوردستان بەوانەوە ناسراوە، لە سەدا هەشتای لەو بەشەدان کە ئێمەی تێداین و ئێستا بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە تێدەکۆشین، ئەوەش بە مافێکی سروشتیی خۆمان دەزانین کە لە شانازییەکان و ناوی شەهیدەکان و رابردووی کەڵک وەربگرین، ئەمە هیچ سەرپێچییەکی یاساییشی تێدا نییە.

**سبەی:** خۆتان خاڵە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی کۆنگرەی چوارده چۆن باس دەکەن؟

**عەبدوڵا حەسەنزادە:** ئەگەر بمەوێت لەسەر خاڵە نێگەتیڤەکانی قسەبکەم، رەنگە لەوە بە گلەیی بم کە دەکرا کاتێکی کەمتر لەوەی بۆی تەرخانکرا بگرێت، کە بە ٨ رۆژ تەواوبوو، دەکرا بە پێنج شەش رۆژ تەواوبێت، ئەویش بۆیە دەڵێم ئەوە نێگەتیڤە، جاروبار باسەکان زیاتر لەوەی کە پێویست بوو درێژ دەبوونەوە، چونکە خەڵکەکە بە گرۆتینێکی زۆرەوە بەشداریی باسەکانی دەکرد، هەموو کەس دەیویست قسەکەی خۆی بکات، تەنانەت ئەگەر قسەکەی پێشتر لەلایەن کەسێکی ترەوە باس کرابوو وەکو خاڵە پۆزەتیڤەکانیش، من پێموایە خاڵی پۆزەتیڤی زۆربوون، من بۆ خۆم لە نزیکەی ١٢ کۆنگرە و ٢ کۆنفرانسی حیزبیدا بەشدار بووم، بەبێ ئەوەی کە بمەوێت دڵی خۆم خۆش بکەم، پێموایە ئەم کۆنگرەیە لە هەموو کۆنگرەکان زیندووترو سیاسیتر بوو، لە هەموو کۆنگرەکان جۆراجۆریی زۆرتری تێدابوو، هەر لە رووی تەمەنەوە بگرە تا ئاستی خوێندەواریی و تێکەڵاویی ناوچەکان و ژن و پیاوەوە، خاڵی زۆر گرنگی ئەوە بوو کە لەو کۆنگرەیە دا ئێمە نەماندەدی کە باڵ پێکەوە کێبڕکێ بکەن، بەڵکو ئەوە فیکرەکان بوون کە پێکەوە کێبڕکێیان دەکرد، بەڵێ رەنگە نیوەی کۆنگرە فیکرێکی هەبووبێت، نیوەکەی دیکەش فێکرێکی دیکە، بەڵام هەموویان بەرگرییان لە فیکر دەکرد نەک لە باڵ، دەربارەی بەشداریی ژنانیش کە لە راپۆرتدا ئاماژەی بۆ کراوە، گەورەترین بەشداریکردنی ژنان لە کۆنگرەیەکی حیزبیدا، شتێک لە شەش لە سەد زیاتر بووە، بەڵام لەم کۆنگرەیەدا نزیکی نۆزدە لە سەدی ئەندامانی کۆنگرە ژن بوون، لە هەڵبژاردنیشدا دیسان ژن مافی خۆی نەدراوەتێ، بەڵام باڵاترین رێژەی بەشداری ژنان لە کۆمیتەی ناوەندییدا ئەوەیە کە لەم کۆنگرەیە دا دەرچووە، لە هیچ کۆنگرەیەکدا نەک ئەوەندە، نیو ئەوەندەش لە کۆنگرە دا بەشدارییان نەبوو، لاوانی رووناکبیرو تازە زیاتر هاتوون، دەتوانم بە گشتی بڵێم خاڵی پۆزەتیڤمان لە خاڵی نێگەتیڤ زۆرترە، مەسەلەیەک هەیە رێگەم پێبدەن باسی بکەم کە رەنگە زۆر پەیوەندیی بەم کۆنگرەیەوە نەبێت، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەکانی پێشوو بەتایبەتی بۆ کۆنگرەی دوازدەو سێزدە، کە ئەوانەی تەمەنیان تا رادەیەک لە سەرەوە بووە، بەشی هەرە زۆریان وازیان لە خۆ کاندید کردنەوە بۆ کۆمیتەی ناوەندیی هێنا، ئەوە پێموابێت لە داهاتوو دا بە شتێکی پۆزەتیڤ هەڵدەسەنگێنرێت، با فێربین بۆ خۆمان کورسیی بەرپرسیارێتیی بە زیندوویی بەجێ بهێڵین، واتە پێش ئەوەی بەرە و قەبر بڕۆین، بەرپرسیارێتییەکە بسپێرینە دەست کۆمەڵێکی دیکە کە تازە نەفەسترن و زیاتر پەیوەندییان بەو سەردەمەوە هەیە کە کۆنگرەی تێدا دەگرین و خەباتی تێدا دەکەین، واتە رێبەرایەتییەکە بەشێوەیەک لە شێوەکان نوێ بێتەوە، وا نەبێت کە لەسەر کورسییەکە فإێمان بدەن، یان تەنیا ئەو کاتە کورسییەکە بەجێ بهێڵین کە بە تابوت دەڕۆین بەرە و گۆڕستان، پێموابێت ئەوەش یەکێکە لە خاڵە پۆزەتیڤەکانی ئەو کۆنگرەیە.

ئاوریلی ٢٠٠٨

سەرچاوە : سبەی

## بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە




**دیمانە: تاهیر قاسمی**

**تاهیر قاسمی:** لە هەڵبژاردنی خولی دەهەمی سەرکۆماری لە ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پێچەوانەی خولەکانی پێشوو و هەروەها بە پێچەوانەی هەڵوێستی زۆربەی حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم هەڵبژاردنەی بایکۆت نەکرد. ئێوەش لە وتوێژێکدا پشتیوانیتان لەو هەڵوێستە کرد. ئیستا کە پتر لە سێ مانگ بەسەر ئەو هەڵبژاردنەدا تێ پەریوە، چۆن دەروانںە ئەو هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دەگەڵ سپاس و سڵاو بۆ ئێوە و بۆ خوێنەرانی سایتەکەتان. پێم خۆشە جارێ لە پێشدا ئەوە کەمێک راست بکەمەوە کە پێم وانییە لە خولەکانی پێشوودا ئێمە هەمیشە بایکۆتمان کردبێ. چونکە لە چەند خولی هەڵبژاردنی مەجلیس و شوراکان و تەنانەت سەرکۆماریشدا حیزبی دێموکرات داوای بەشداربوونی لە خەڵک کردوە. لە ئەوەڵ هەڵبژاردنی مەجلیس دا ئێمە بۆخۆمان کاندیداشمان موعەرەفی کردبوو، پێم وایە دەورەی شەشەمی سەرکۆماری بوو ، ئێمە داوامان کرد خەڵک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشدار بن و دەنگیش بە ئەحمەدی تەوەککولی بدەن. زیاتر مەبەستمان بەربەرەکانی لە گەڵ ئاغای رەفسەنجانی بوو کە خەڵکیش جوابی داینەوە. لە خولی شەشەمی مەجلیس دا دیسان داوامان لە خەڵک کرد کە بەدوور لە دەستەبەندییەکانی نێو رێژیم، خەڵکی خاوەن کەسایەتی بۆخۆیان خۆیان کاندید بکەن و خەڵکیش رەئییان پێ بدا. لە ئینتخاباتی شووراکاندا دیسانەکە ئێمە داوای بەشداربوونمان کرد. وا نییە کە موتڵەقەن ئێمە لە هەڵبژاردنەکانی دیکەدا بایکۆتمان کردبێ. بەڵام هی ئەم جارە، ئەمن پێم وایە نەگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە ئێمە بایکۆتمان نەکرد و خەڵکی دیکە، هێزە سیاسیەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان بایکۆتیان کرد. چونکە ئەوە هەڵوێست و
لێکدانەوەی سیاسییە و ئەگەر ئەوە بۆ ماوەیەک ئێمەی لێک جودا کردۆتەوە، حەق نییە ئەوەی جارێکی دیکە زەق بکەینەوە. دەبێ سەعی بکەین شتی هاوبەش بدۆزینەوە. هەر ئەو وەختیش ئێمە گوتمان ئەگەر خەڵک زۆر بەشدار بوون، بە پێچەوانەی داوای ئەو دۆستانەی دیکە، ئەوە ئەوان رەنگە لێکدانەوەکەیان تەواو دروست نەبووبێ. نەک خوای نەخواستە خیانەتیان کردوبێ. ئەگەر خەڵکیش کەم بەشدار بوون یان بەشدار نەبوون، ئێمە لێکدانەوەکەمان رەنگە هەڵە بووبێ. ئەگینا نە خیانەتمان کردوە و نە تاوانێکی گەورەمان کردوە. ئەوە لێکدانەوەیە. بەڵام ئێستا کە بە قەولی جەنابت سێ مانگ بە سەر ئەو هەڵبژاردنەدا تێ پەریوە، ئەمن باوەڕم وایە ئەو هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە راستی لە جێگای خۆیدا بوو. چونکە لە راستیدا هەڵسەنگاندنی بیروبۆچوون و لێکدانەوەی خەڵکی نێوخۆی وڵات بە تایبەتی رووناکبیران و ئەوانە بوو کە پێیان دەڵێن بژاردەی کۆمەڵ. ئێمە ئەگەر تەبەعیەتیش بێ، تەبەعیەتمان لە خەڵکی خۆمان و لە تێگەیشتوانی خەڵکی خۆمان کردوە. ئەوەش پێم وایە بۆ هەموان دەرکەوتوە کە خەڵکی کوردستان بە راستی، بە شێوەیەکی زۆر کەم وێنە، ئەگەر نەشڵێم بێوێنە، لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار بوون. لایەکی دیکەش ئەوەیە کە ئەو هەوڵ و تەقەلا و تێکۆشانەی بە دژی سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی لە سەرتاسەری ئێراندا لە ئارا دایە و واش وێ دەچێ هەروا بەردەوام بێ، ئەوە ئاکامی بەشداری لە هەڵبژاردندا بوو نەک ئاکامی بایکۆت. ئەگەر ئەو خەڵکە بایکۆتیان کردبا، چۆن دەیان توانی بڵێن رەئیەکانمان بدەنەوە! هەموو دنیا پێی دەکوتن رەئیتان نەداوە، رەئی چتان بدەنەوە. بەڵام ئێستا کە بایکۆتیان نەکردوە و بەشدار بوون و رەئییان بە کاندیدای دیکە داوە و فێڵیان لێ کراوە و رەئییەکانیان دزراوە، دێنە مەیدان، بە هەموو قیمەتێکیش دێنە مەیدان، بە سینگی ئاوەڵاوە، بە بێ چەک، بە دەستی بەتاڵەوە دێن و سینگ بە گوللەوە دەنێن بۆ ئەوەی داوای مافی خۆیان بکەن لە رێگای داوای وەرگرتنەوەی رەئییەکانیان. بەڵام دیارە ئەوە داوای وەرگرتنەوەی رەئییەکان نییە، داوای ئازادییە، داوای دێموکراسی‌یە، داواکان لەوە زیاترن کە لەو شوعارەدا جێگایان ببێتەوە.

کورتی دەکەمەوە پێم وایە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جێی خۆیدا بوو. ئەگەر بڵێین ئەو خەڵکە لە سەر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆیان لە بایکۆتی هەڵبژاردن بوارد، رەنگە زۆرمان گوتبێ، بەڵام زۆر بە ئاسانی دەتوانین بڵێین حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندنەوەیەکی دروستی لە نەزەر و بۆچوونی خەڵک هەبوو. وەکوو زۆر جاری دیکەش گوتوومە ئەوە خەڵکی نێوخۆی وڵاتن کە وەکوو ئێمە دڵسۆزن بەڵام لە ئێمە زیاتر ئاگاداری وەزعی نێوخۆی وڵاتن. حەق وایە بۆخۆیان بڕیار لە سەر ئەو مەسەلانە بدەن و ئێمە دەبێ زیاتر چاو لە هەڵوێستی ئەوان بکەین، نەک چاوەڕوان بین ئەوان چاویان لە دەمی ئێمە بێ.

**تاهیر قاسمی:** هاتنەوە سەرکاری مەحموودی ئەحمەدی نەژاد یان هێنانەوە سەرکاری ناوبراو، لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بە کودەتای هەڵبژاردن ناوی دەبرێ. ئەو دەستەواژەیە تا چەند لە جێگای خۆی دایە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو ناو لێنانە ناولێنانێکی پڕ بە پێستی خۆیەتی. چونکە لە هەموو نیشانەکان را دیار بوو کە ئەحمەدی نەژاد لەو هەڵبژاردنەدا بۆ ئەوەی ببێتەوە بە سەرکۆمار دەنگی پێویستی بە دەست نەهێناوە. تەنانەت وەکوو لە بیرمانە هێندێک ئاماری رەسمی کە لە واقعدا بۆ خامنەیی چووبو لە لایەن وەزارەتی نێوخۆوە، بڵاو کرایەوە کە نیشانی دەدا مووسەوی بە حدودی ١٨ میلیۆن رەئییەوە رەئی یەکەمی هێناوە. کەڕۆبی رەئیی دووهەمی هێناوە بە حدودی ١٣ میلیۆن یان شتێک زیاترەوە، ئەحمەدی نەژاد پێنج میلیۆن و چەند سەد هەزار رەئیی هێناوە. بەڵام ئەوەیان ون کرد و ئەو کابرایەش کە ئەوەی لێ لەقاو دابوون، لە تەسادوفێکی دەسکرد دا، لە رووداوێکی ئۆتومبیل دا، کوشتیان. کەوابێ ئەو بە قەولی ئێوە دەستەواژەیە پڕ بە پێستی خۆی و لە جێی خۆی دایە. ئەگەر ئەوە نەبایە پێویست نەبوو خەڵکی بکوژن. ئەگەر باوەڕیان بە خۆیان هەبایە، باوەڕیان بە ئازادی و بە خاوێنیی ئەو ئینتیخاباتە بوایە، بە بێ منەت قەبووڵیان دەکرد کە بە چاوەدێریی چاوەدێرانی نێونەتەوەییەوە جارێکی دیکە هەڵبژاردن بکرێتەوە. تا ئەو وەختی بە دەنگی بەرز بە دنیایە بڵێن ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران یان دژبەرانی رژیمی کۆماری ئیسلامی، بوختانتان کرد، ئێوە لە غەڵەتدا بوون. بەڵام ئەوان قەت ئەو باوەڕ بەخۆبوونەیان نییە چونکە بۆخۆیان دەزانن چییان کردوە و بۆخۆیان زیاتر لە ئێمە لە وەزعی خەڵک و لە هەڵوێستی خەڵک بەرامبەر بە خۆیان ئاگادارن.

**تاهیر قاسمی:** هێندێک کەس ئەو کودەتایە بە کودەتای خامنەیی پێناسە دەکەن و هێندێکیش پێیان وایە خامنەیی ئەو دەسەڵاتەی نەماوە و پیلان و پلانی کودەتاکە لە بنەڕەتدا لە لایەن سپای پاسدارانەوە دارێژراوە و بەڕێوە چووە. هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** رەنگە باشتر بێ ئەو کودەتایە بە کودەتای خامنەیی - سپای پاسداران ناو بەرین. چونکە لە راستیدا وەکوو هەڵوێست، هەڵوێستی هەردووکیان ئەوەیە. خامنەیی هەرنەبێ لە باری قانوونییەوە، لە باری دەستوورییەوە یانی وەکوو قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی، ئەوەی پێی دەڵێن قەولی فەسڵ بە ئیستلاحی خۆیان، قەولی فەسڵی بە دەستەوەیە. یانی دەتوانێ لە باری قانوونییەوە مەسەلەکان یەکلا بکاتەوە. ئەگەر ئەو بۆخۆی شتێکی نەوێ، دەتوانێ لە باری قانوونییەوە بڵێ نەخێر ئەوە بڕیاری یەکجارییە و خەڵک دەبێ بە پێی قانوونی ئەساسی پەیرەویی لێ بکەن. کەوابوو بۆخۆی لە گەڵ ئەو هەڵوێستەیە. بەڵام ئەوەش راستە کە قودرەت و دەسەڵاتەکە لە دەستی سپای پاسداران دایە. ئەو سپای پاسدارانەی کە دروستیان کرد بۆ ئەوەی جوابی ئەرتەش نەدەنەوە، جوابی وەزارەت نەدەنەوە، جوابی رەئیس جمهور نەدەنەوە، ئێستا گەیشتۆتە جێگایەک کە هیچ بە پێویست نازانێ ملکەچی خامنەیی بێ بە عینوانی رێبەر. کەوابوو بۆخۆی دەیەوێ بڕیار لە سەر چارەنووسی وڵات بدا. بەڵام لە عەینی حاڵدا رووپۆشی ئەو هەڵوێستانەی کە سپای پاسداران دەیانگرێ، وەک رونمای قانوونییەکە ئاغای خامنەییە بە عینوانی وەلی فەقیه و بە عینوانی رێبەری نیزام. کەوابوو باشترە پێی بڵێین کودەتای خامنەیی - سپای پاسداران یان کودەتای سپای پاسداران - خامنەیی. چونکە هەردووکیان دەستیان وە دەستی یەک داوە و ئاکامی ئینتخاباتیان گۆڕیوە.

**تاهیر قاسمی:** نەک هەر کورد، بە گشتی نەتەوە بندەستەکان لە ئێران بە شێوەی پێویست بەشدارییان لە نارەزایەتییەکانی خەڵکی شارە گەورەکانی ئێراندا نەکرد. جەنابت هۆکاری ئەو بێ تەفاوەتیە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن پێم وایە لێرەشدا دەبێ کەمێک تەسحیح بکەین. ئەوەڵەن کوردەکان بە دوو جۆر بەشدار بوون. ئێستا رەنگە هەموو ناوەکانم وە بیر نەیەتەوە بەڵام لە سەر یەک جەنازەی حەوت خوێندکاری کوردمان لە تارانێ را بۆ هاتەوە، بۆ شارەکانی کوردستان کە لەو خۆپیشاندانانەدا بەشدار بوون و کەوتبوونە بەر گوللەی سپای پاسداران و هێزە بە ئیستلاح ئەمنیەتییەکان و لیباس شەخسییەکان. جگە لەوە لە سەرتاسەری ئێرانیشدا خۆپیشاندان لە شارە گەورەکان بوو، لە شارە گەورەکانی کوردستانیش، لە کرماشان و لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ورمێش کە یەکەم و دووهەم شاری گەورەی کوردستانن، تەزاهورات هەبوو. بە تایبەتی لە کرماشان گیران و کوژران و بریندار بوونیشیان تێدا هەبوو. بەڵام ئەگەر بمانەوێ هۆی بەشدار نەبوونەکە بە شێوەی بەرجەستە باس بکەین، دەتوانین باسی دوو مەسەلەی دیکە بکەین؛ یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو خۆپیشاندانانە جارێ نەبوون بە خۆپیشاندانێکی هەمەلاگر و گشتی کە لە هەموو جێیەکان هەبێ. تەنیا لە شارە گەورەکان هەبوو. شارە گەورەکانیش، زۆربەی هەرە زۆریان ئەو شارانەن کە فارس نشینن. لە پێشدا دەبوو ئەوەش بڵێم تەورێزیش کە شاری یەکێک لە گەلانی زۆر لێکراوی ئێرانە، ئازەربایجانییە، بەشدار بوو، باشیش بەشدار بوو. کەوابێ شاری گەورە لە کوردستان کەمە، لە بەر ئەوە ئەو بەشدارییە لە کوردستان و لە ناوچەکانی دیکە کە هی میللەتانی زۆر لێکراون وەکوو بەلووچ و عەرەب و تورکمەن و ئازەری ، کەمتر بوو. دەلیلی دیکەشی ئەوەیە کە سەرکوتی ئەو نەتەوانە بە تایبەت لە لایەن هێزە ئەمنیەتیییەکانی کۆماری ئیسلامیەوە زۆر بێ بەزەییانەترە، زۆر بێ پەروایانەتر ئەوان سەرکوت دەکەن و دەستیان ئاوەڵاترە. بۆیە هەتا ئەو کاتەی خۆپیشاندانە ئیعترازییەکان زۆر بەربڵاو نەبوون، ڕەنگە خەڵکی شارە بچووکەکان یان میللەتانی زۆر لێکراو بە دروست نەزانن کە بێنە مەیدان و خۆپیشاندانێکی فەعالیان هەبێ. بەو حاڵەش دەتوانم بڵێم نە هەتا ئێستا هێزە کوردییەکان و هێزەکانی سەر بە نەتەوە ژێردەستەکان بە تەواوی بێلایەن و بێدەنگ بوون و نە لە داهاتووش دا بێدەنگ دەبن. چونکە بەشداریی لە حەرەکەتێکی ڕزگاریخوازانەی ئێراندا، ئەگەر ئەو نەتەوە ژێردەستانە بیانەوێ دەسکەوتێکی بۆ ئەوان تێدا بێ، شتێکی واجبە. دەسکەوتی ئەوان بەستراوەتەوە بەوە کە چەندە لەو بزوتنەوەیەدا کە سەر دەکێشێتە گۆڕانی وەزع لە ئێراندا، نەخشیان هەبووە.

**تاهیر قاسمی:** حیزبە کوردییەکان تا ئێستا نەیان توانیوە ئەو هەلومەرجەی ئەمڕۆی ئێران بە قازانجی نەتەوەی کورد بقۆزنەوە. بێ هەڵوێستی و نەبوونی سیاسەتێکی ڕوون لە حاند بزوتنەوەی دوای هەڵبژاردن بە سیاسەتەکانیانەوە دیارە. ئێوە تا چەند لە گەڵ ئەو ڕایەن و پێتان وایە کورد بە گشتی و حیزبە کوردییەکان بە تایبەتی لەم بارەیەوە دەبێ چی بکەن؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن پێم وانییە ئەو هێزە کوردییانە بێ هەڵوێست بوون یان سیاسەتێکی ڕوونیان نەبووە. هەر لایەنە بۆخۆی نەوعێک سیاسەتی هەبووە و جۆرێک هەڵوێستی هەبووە. ئەگەر عەیبێک لە کارەکەدا هەبێ، لەوە دایە کە هێزە سیاسییە کوردییەکان هەڵوێستێکی یەکگرتووی هاوبەشیان نییە کە بە سەر یەکەوە کاری بۆ بکەن، پێوەندیی خۆیان لە گەڵ هێزە سیاسییە ڕزگاریخوازەکانی سەرتاسەری ئێران و لە پێشەوەی ئەوانیشدا هێزەکانی سەر بە نەتەوە زۆرلێکراوەکان بەرنە پێشێ، لە پاشان بە سەر یەکیشەوە داخوازەکانیان هەم لە حکوومەتی مەرکەزی داوا بکەن و هەم لە گەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بهێننە گۆڕێ. یانی کەموکوڕیەکە لەوە دایە کە ئەو هێزە سیاسییە یەکگرتوویەمان نییە و بە ڕاستی لەم بارەیەوە کەموکوڕییەکی یەکجار زۆر هەیە. ئەمن باوەڕم وایە کە وەختی کۆتایی هێنان بەوە نەک هەر هاتوە بەڵکو زۆریش درەنگ بووە. زۆر لە مێژە پێویستە هێزە سیاسییە کوردییەکان لە سەر هەڵوێستێکی ڕوون و لە سەر ئەو خاڵە گرینگە هاوبەشانەی کە هەموویان بۆیان گرینگن و هەموویان باوەڕیان پێیان هەیە، یەک بگرن و هاوکات ئەو پلۆرالیسمە کە هەیە، هەر لە جێگەی خۆیدا بێ. هەر کەس بۆخۆی جگە لە شتە مەرکەزییەکان، هەڵوێستێکی جودای هەبێ، زۆر تەبیعی‌یە و زۆر مەعقوولە. ئێستاش ئەگەر بڵێم حیزبە کوردییەکان دەبێ چی بکەن، هەر ئەوە دەڵێم کە هێزە کوردییەکان، بە تایبەتی ئەو هێزانەی کە لە مەیدانی سیاسەت و تێکۆشانی میللەتی کورد لە ئێران دا ناسراون، ئەوانە بڕوبیانووی بێ مەنتیق و نا واقعی وەلا بنێن، بە بێ تەعەسوب بە دەوری یەکەوە دانیشن و گوێ بۆ بانگەوازی خەڵک ڕاگرن. هەر ئەمڕۆ شتێکم لە سایتەکاندا خوێندەوە کە بە ناوی لایەنگرانی هێزە سیاسییەکانی کورد لە نێوخۆی وڵات نووسراوە، داوا دەکەن کە ئەو ئینشعابات و ئیختلافاتە وەلا بنێن و لە سەر پلەوپایە و لە سەر مەقام لە گەڵ یەکتر شەڕ نەکەن کە ئەمن بۆخۆم هەموو جارێ دەڵێم نازانم کام مەقام! هەموو هێزە کوردییەکان، ئەوانەی کە لە دەرێین، دوو گەز عەرزمان نییە کە تێیدا بنێژرێین. دەسەڵاتی چی و قودرەتی چی! ئەمن بەش بەحاڵی خۆم گاڵتەم بەو قسەیە دێ بەڵام بە هەر حاڵ ئەو داوایە داوای هەموو میللەتی کوردە. ئەگەر نەڵێم گوناحێکی زۆرە، پێم وایە کەمتەرخەمییەکی یەکجار زۆرە کە هێزە کوردییەکان گوێیان لە بانگەوازی دڵسۆزانە و مەسئوولانەی خەڵک و ڕووناکبیرانی میللەتەکەیان نەبێ. ئەوە تەنیا ڕێگای نەجاتمانە.

**تاهیر قاسمی:** لە مانگی گەلاوێژدا سێ تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگەکانی سێ حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزەکانی سپای پاسداران هاتە ئاراوە. ئێوە پێتان وا نییە کە حزووری پێشمەرگە لەم هەلومەرجەدا بواری زیاتر بۆ خۆ قوتکردنەوەی سپای پاسداران هەم لە کوردستان و هەم لە ئێران دەخوڵقێنێ؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە لایەن حیزبەکانیشەوە زۆر جار ئەو ڕوونکردنەوەیە دراوە، پێشمەرگەی هیچکام لەو حیزبانە بۆ هەڵگیرساندنەوەی خەباتی چەکدارانە و هێرش بۆ سەر بنکەکانی ڕژێم نەچوونەتەوە نێوخۆی وڵات. بەڵام عیللەتی وجوودیی ئێمە خەباتە بۆ نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات. ئەگەر لەوێ نەبین کەوابوو دەبێ بڵێین حیزبمان بۆ ڕاگرتووە! ئێمە دەبێ حزوورمان هەبێ. ئەو حزوورە بۆ کادر و پێشمەرگەی حیزبە سیاسییەکان و زیاتر لە هەموانیش باسی حیزبەکەی خۆم بکەم، ناچارییە کە دەبێ بە چەکەوە بێ. چونکە تێکۆشەری حیزبی دێموکرات بە هەر جۆرێک بکەوێتە دەستی دوژمن، خەتەری مەرگی لە سەدا نەوەد و نەوەد و پێنجە. کەوابوو باشتر ئەوەیە وەکوو کورد دەڵێ؛ بە پێوە بمرێ نەک وەکوو کەوبارِ بیگرن و لە قەفەسی بکەن.

بەڵام لێرە دا دەمەوێ شتێکی دیکە بڵێم هەرچەند بە جۆرێکی تر ڕەنگە لە لایەن کەسانی دیکەوە گوترابێ؛ مەسەلێک هەیە دەڵێ "لە پاش شەڕێ هەموو کەس ژێنراڵە". با دیسان باسی حیزبەکەی خۆم بکەم، لە ماوەی دوو - سێ ساڵی ڕابردوودا دەتوانم بڵێم کەمتر وەختێک هەبووە کە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چەکەوە لە نێو میللەتی خۆیندا نەبن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان . بەڵام هیچ وەختێکیش ئەو زەرەر و تەلەفاتەی لێ نەکەوتۆتەوە و ئەو هاربوونەی سپای پاسدارانیشی لێ نەکەوتۆتەوە. ئەگەر ئەو دۆستانە ئەو وەختی دەیان زانی بۆ ئێستا ئەو حیزبانە مەحکووم دەکەن و بۆچی هەر ئەو کات ئیعترازیان نەدەکرد. بۆ ئەو وەختی نەیان دەگوت بۆ وا دەکەن؟! ئەگەر نەیان زانیوە بۆ قبوڵ ناکەن کە بەڵێ ئەو حیزبانە کاریان کردوە، لە نێو خەڵکدا ئامادە بوون و سپای پاسداران و هێزە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتیەکانیش لە دۆزینەوەیان و زەربە لێدانیان عاجز بوون. بەڵام دیارە ئەو کەسەی نایەوێ زەربەی وێ بکەوێ و نایەوێ تەلەفات بدا دەبێ لە ماڵی خۆی دابنیشێ. لە ڕاستی دا کۆماوری ئیسلامییش هەر ئەوەی دەوێ. دەیەوێ ئێمە نەچینەوە نێو خەڵک، لە نێو خەڵکدا حزوورمان نەبێ و خەبات نەکەین. دەی باشە داخوازەکانمان بۆ چییە ؟ ئەگەر هیچی بۆ نەکەین، با لە ماڵێ خۆمان دانیشین . زۆر جار خەڵک باس لە زرگوێز و دەشتی کۆیە دەکا، هەرچەند زرگوێز جێیەکی ئاو و هەوا خۆشە بەڵام پێم وایە هیچکەس عاشقی گەرمای دەشتی کۆیە نییە. ئێمە بۆ ئەوە لە گەرمای دەشتی کۆیە دەژیین کە کار بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین. ڕەنگە دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدارانە ، ئێستا بە زۆر دەلیل مەسڵەحەت نەبێ و هەر بۆیەش ئێمە دەستمان پێ نەکردۆتەوە بەڵام حاڵەتێکی ئاوا ڕوو دەدا کە ئێمە لە نێو خەڵکەکەمان حزوورمان هەبێ و ئەگەر بێ چەکیش بین وەک کەوبارِە بە دەستان دەمانگرن و جار و باریش بمانەوێ و نەمانەوێ توشی حاڵەتی وا دەبین. دیسانیش هەر باسی حیزبەکەی خۆم دەکەم، ئەو هاوڕێیانەی کە بە داخەوە تووش بوون و شەهید بوون، ئەگەر هەموو جارەکان حیساب بکەین، کەمتر لە یەک لە سەدی ئەو کەسانەن کە لە نێوخۆی وڵات دا بوون و بەخۆشییەوە بەسڵامەتییش گەڕاونەوە شوێنەکانی خۆیان. ئەوە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارانە نییە بەڵام ئەو ڕووداوانەشمان بۆ دێنە پێشێ. سپای پاسداران هەر بۆخۆی هارە. نەدا ئاغا سوڵتان یان ئەو حەفتاو سێ کەسە کە تا ئێستا ناوەکانیان ئاشکرا بووە، هیچیان ئارپیجی‌یان پێ بووە؟! نەخێر، سپای پاسداران وەحشیانە لێ دەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**تاهیر قاسمی:** به دوای ئەو تێکەڵچوونانەدا چەند کردەوەی تیرۆریستی و لەوانە سووتاندنی کارخانەی سەرمایەدارێکی کورد، کوشتنی ئیمام جومعەی مزگەوتی بەهارانی سنە و تیرۆری قازییەکی دادگای ئینقلاب لە پارێزگای سنە رووی دا. تا ئێستاش هیچ لایەنیک ئەو کردەوانەی بە ئەستۆ نەگرتووە. کێ دەتوانێ لە پشت ئەو کردەوانەوە بێ؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئاسان نییە ئینسان بڵێ کێیە. هەرچەند تا ئیستا هێندێک شت گوتراوە و تەنانەت شتێکیش بە ناوی لەشکری پێشمەرگەی کوردستان مەسئوولیەتی تیرۆری یەکێک لەو قازییانەی بە ئەستۆ گرتووە کە هێزێکی نەناسراوە، یانی خەڵک نازانێ کێیە. بەڵام ئەوەی کە لەو بارەیەوە دەتوانم بیڵێم، هەر ئەوەندەیە کە حیزبەکەی ئێمە، حیزبی دێموکراتی کوردستان نییە. چونکە ئەوە بەشێک لە سیاسەتی ئەو نییە. بە ئیحتمالی زۆریش ئەو هێزە سیاسییە ناسراوە مەسئوولانە کە لە مەیدانی تێکۆشانی رزگاریخوازانەی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان دا هەن دەستیان تێیاندا نیە. هەرچەند ناتوانم بە قەتعی ئەوە بڵێم چونکە بە تەواوی ئاگادار نیم.

نەک ئیتیهامێکی رەسمی بدەم بەڵام بە دووریشی نازانم ئەو کارەش هەر کاری بەکرێگیراوانی رێژیم بێ. ئەوان هێندێکیان دەکوژن، تەنانەت ئەگەر سەر بە خۆشیان بن، بۆ ئەوەی هێندێکی دیکەش لەتۆڵەی واندا بکوژن، چونکە لە هەردوو حاڵەتدا هەر لە کورد دەکوژرێ. دەنا ئەگەر سپای پاسداران هیندە بە دەسەڵاتە کە دەتوانێ هەموو شتێک بکا باشە بۆ پێش بەو تیرۆرانە ناگرێ؟ بۆ نایان بینێتەوە! دەکرێ وەک سینەما ریکسی ئابادان و هێندێک حاڵەتی دیکە کە بۆخۆیان کردوویانە ئەمەش هەر خۆیان کردبێتیان، یەکێک لە شێوە کارەکانی خۆیانە. لێرەدا کوردێک دەکوژن دوایەش بە تۆمەتی ئەو کوردەی کە بۆخۆیان کوشتوویانە چەند کوردێکی دیکەش دەکوژن.

**تاهیر قاسمی:** داهاتووی بزوتنەوەی دوای هەڵبژاردن کە بە بزوتنەوەی سەوز ناوی دەرکردوە، چۆن دەبینی و ئەو بزوتنەوەیە تا چەند سەوزە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن پێم وایە ئەو بزوتنەوەیە هەروەکوو سەوز دەستی پێ کردوە، هەروا سەوز دەمێنێتەوە. بەو مانایە کە خەڵکەکە نایانەوێ توندوتیژی و خوێنرێژیی تێ بکەوێ. بەڵام هەتا ئێستاش ئەوەی مەربووتە بە تەرەفی بەرامبەریان، ئەو بزوتنەوەیە بە سەوزی نەماوەتەوە و زۆر جار بە خوێنی ئازادیخوازانی ئێران و لەوانە ئازادیخوازانی کورد کە لەوێدا بەشدار بوون، سوور بووە و رەنگی گرتوە. ئارەزووی منیش ئەوەیە کە ئەو بزوتنەوەیە هەروا بە سەوزی یا بە سپی بمێنێتەوە و زیاتر خوێناوی نەبێ بەڵام هیچکەس ناتوانێ بڵێ کە بە مسۆگەریی هەروا دەمێنێتەوە. وەک سەعدی دەڵێ:

به لطافت چون برنیاید کار

سر به بی حرمتی کشد ناچار

مومکینە لە ئایندەی دووردا کە ئەوانە هەروا لێ دەدەن، خەڵکیش ناچار بە توند و تیژی بکەن بەڵام ئەو بزوتنەوەیە، بزوتنەوەیەکە کە زۆر شارستانیانە و ئاشتیخوازانەیە و هاوکات زۆر مافخوازانەیە. پێشم وایە کۆماری ئیسلامی هەرچی بیکا، رەنگە بتوانێ تەزعیفی بکا یان بۆ ماوەیەک بێدەنگی بکا بەڵام ناتوانێ پاشەکشەی پێ بکات و خۆ لە دەست شەپۆلەکانی ئەو بزوتنەوەیە نەجات بدا.

**تاهیر قاسمی:** وەک دوا پرسیار، بە سەرنجدان بەوە کە رێبەرانی ئەو بزوتنەوەیە لانی کەم لە قسەدا باوەڕیان بە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و پاراستنی نیزام هەیە و بە سەرنجدان بەوەش کە بەشی زۆری دروشمەکانی ئەو بزوتنەوەیە رەنگی مەزهەبیان پێوە دیارە، کورد چۆن دەتوانێ لەو بزوتنەوەیەدا جێی خۆی بکاتەوە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە یەکێکە لەو مەسەلانە کە نەزەراتی جۆراوجۆریان لە سەر دراوە. زۆر بۆچوونی سەیر و سەمەرە دراون کە من پێم وایە حەتتا ئەگەر باوەڕیشمان پێیان هەبێ، هێنانە گۆڕیان دروست نییە. وەختێک لە نێو ئەو رێژیمەدا، لە نێو بناخەدانەرانی ئەو رێژیمەدا ناکۆکی پەیدا بووە و لە واقعدا درزێکی گەورەی تێ کەوتوە، هێزی سیاسی مەسئوول و ئینسانی سیاسیی مەسئوول دەبێ پێشوازیی لێ بکا. نابێ بچێ پەروەندان هەڵداتەوە و بڵێ ئەرێ ئەتۆ سەرۆکوەزیر نەبووی، ئەتۆ سەرۆکی مەجلیس نەبووی، ئەتۆ چی و چی نەبووی! یانی ئەو قسانە قسەی مەسئوولانە نین. پاشان مەعلوومە ئێمە کە لە دەرەوەین و چەکمان لە شان دایە دەتوانین نەفیی جمهوری ئیسلامی و قانوونی ئەساسی و وەلیی فەقیهـ بکەین و هەموان رەد بکەینەوە بەڵام کەسێک بیهەوێ لە نێوخۆی وڵاتدا خەبات بکا و وەک لە پرسیارەکەی پێشوودا باست کرد، بیشی هەوێ بزوتنەوەکەی سەوز بێ، چۆن دەتوانێ ئەوانە بڵێ کە دەسبەجێ حوکمی تەکفیری بدەن و سەرکوتی بکەن و لە بەینی بەرن. سەرفی نەزەر لەوە کە ئەوەیان هەر بە زمانە یان بە دڵیشە، ویستەکەیان زۆر عاقڵانەیە و زۆر بە جێیە. یان مەسەلەن باس دەکەن هەروا بزانە ئەوانەی چەند ساڵە و چەند دە ساڵە خەباتی میللەتی کورد بەڕێوە دەبەن، یان تێیدا بەشدارن یا بەرنامەیان بۆ دارشتوە و تیئۆرییان بۆ داناوە، نازانن مافی کورد چییە. بۆمان تەوزیح دەدەن کە مافی کورد ئەوەیە و ئەوە نییە، ئەوەی کەرۆبی دەیڵێ هەو نییە و ئەوە نییە کە موسەوی دەیڵێ. هەموو کەس دەزانێ ئەوە هەموو مافی کورد نییە بەڵام وەکوو دەڵێن رێگای هەزار ساڵ بە هەنگاوێک دەست پێ دەکا. باشە ئەوەی ئێستا لە باکووری کوردستان رووی داوە. هەموو ئینسانێکی واقع بین ئەوە بە دەسکەوتێکی یەکجار گەورەی دەزانێ. لە حاڵێکدا تا ئێستا باسی خودموختارییش نییە، باسی خودگەردانییش نییە. تەنیا باسی ئەوەیە کە کورد لە تورکیە هەیە. پاش نیزیک بە سەد ساڵ ئینکاری وجودی کورد، قبوڵی وجودی کورد، قبوڵی خوێندنی کوردی، قبوڵی تلویزیۆنی کوردی، قبوڵی ناوی کوردی و گەراندنەوەی ناوی کوردی بۆخۆی دەسکەوتە. لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێرانیشدا مەسەلەکە هەروایە. ئیدی ئێستا ئەگەر بێین و ئەو مەسەلانە زەق بکەینەوە کە با بەشدار نەبین چونکە ئەوەی ئەوانە دەیڵێن هەموو مافەکانی کوردیان تێدا نییە، ئەمن ئەوە بە راست نازانم. خۆ کوردو بزوتنەوە رزگاریخوازانەکەی دەست لە داخوازەکانیان هەڵ ناگرن.

قسەیەکی خۆشم وەبیر هاتەوە. بە عوزر لەو کەسەی ئیشارەی پێ دەکەم، جارێک دۆستێکمان کە شوکر لە ژیاندا ماوە و زۆر بەڕێزیشە، شێعرێکی نووسیبوو، لە بەیتێکی دا کە نیوەی یەکەمیم بە دروستی لە بیر نییە و دەڵی؛ ئەمن وەک خەڵکی دیکە بێهۆش و گێژ نیم، نیوە شێعری دووهەمی ئەوەیە دەڵێ: "هەتا هەم گوێلکی خۆماڵی بە گاجووتی خەڵک نادەم". روحی شاد بێ، مامۆستا هێمن گوتی؛ "کاکە ئەوە نیشانەی نیشتمانپەروەریت نییە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە معامەلە نازانی دەنا گوێلکێکی بۆ بە گاجووتێک ناگۆڕیەوە؟!" ئەوەی ئەم دۆستانەش نیشانەی ئەوە نییە کە ئەوان لە قازی محەممەد و لە دوکتور قاسملوو کە خودموختارییان داوا دەکرد، پتر دڵسۆزی کوردن و پتر کوردن. ئەوەیە کە ئەوان لە سیاسەتدا بە داخەوە بەو جۆرەی پێویستە قووڵ نین. ئەو قسەیەی کە مەشهوورە و دوکتور قاسملوو زۆر جار دووپاتی دەکردەوە، "سیاسەت هونەری مومکیناتە". چی مومکینە ئێمە قسە لە سەر ئەوە دەکەین. شەرت نییە داخوازییەکانمان حەتمەن بە رۆژێک بێنە دی. لە بیرمە جارێک لە "سۆفیا" بووین لە گەڵ مەرحوومی کەریمی حیسامی لە نێو شار دەگەراین، پردێکی پیشان دام، گوتی وەختێک بولغارستان ئازاد بووە، گوتوویانە بولغارستانی ئازاد تا ئەو پردەی نێو شاری سوفیایە. رێبەرانی بزوتنەوەکە قبووڵیان کردوە. ئێستاش دەبینین کە بولغارستان هەموو خاکەکەی هی خۆیەتی.

سەرچاوە حدک میدیا

سپتامبری ٢٠٠٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دیمانەی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە چالاکی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی کوردستان

عەبدوڵا حەسەنزادە: لەبەر ئەوەی خومەینی مەقامێکی مەزهەبیی هەبوو و لێک جێا کردنەوەی خەڵک و هێزە سیاسییەکانیش کارێکی ئاسان نەبوو، ئەو بڕیارە بە فتوا تەعبیر کرا، ئەگەر نا فتوای قەتڵ و عامی خەڵکی نەدا لەبەر ئەوەی خومەینی مەقامێکی مەزهەبیی هەبوو ئەو بڕیارە بە فتوا تەعبیر کرا، ئەگەر نا فتوای قەتڵ و عامی خەڵکی نەدا



کوردپا: خومەینی بەردەوام لە لێدوان و وتەکانیدا باسە لە پێکەوەژیانی برایەتی دەکرد، بەڵام بینیمان کە فتوای 28ی گەلاوێژی 1358ی لێکەوتەوە، ئاخۆ ئەم بڕیارە سەرچاوەیەکی مەزهەبیی هەبوو یان دژایەتی کردن بوو لەگەڵ پرسی کورد؟ ئێوە پێتان وایە ئەو بڕیارەی خۆمەینی لە ئەنجامی ڕاوێژ لەگەڵ دەوروبەرەکانی هاتبووە ئاراوە؟

عەبدوڵا حەسەنزادە : ئەو فەرمانەی کە خومیەنی وەکوو فەرماندەی "کل قوا" دەری کرد، لەلایەکەوە خومەینی تەنیا دەسەڵات بوو لە ئێراندا پاشان دەوروویەرەکەی وایان حاڵی کردبوو کە هەموو دنیا لەژێر ئەمری ئەوە و تەنیا لە کوردستان خەڵکێکی یاخی پەیدا بوون کە سەرپێچی لە بڕیارەکانی دەکەن، ئەوانەی کە ئەویان حاڵی کردبوو بە دوو جۆر خراپیان تێگەیاندبوو یەکیان ئەوە بوو لە کوردستان تەنیا تاقمێکی کەمن کە ئاژاوەیان ناوەتەوە و سەرپێچی لە فەرمانەکانی ئەو دەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە وایان تێگەیاندبوو کە خەڵکی کوردستان لەو تاقمە بێزارن ئەوە بوو کە فەرمانی دا هەموو هێزە چەکدارەکان هێرش بکەنە سەر کوردستان و لەلایەکی دیکەشەوە داوای لە خەڵک دەکرد کە یاخییەکان بگرن و تەسلیمیان بکەنەوە. مەسەلەی باس کردنیشی لە برایەتی ئەوە بوو کە ئەوکات لە دەسەڵاتدا نەبوو و ڕەخنەی لە دەسەڵاتی حەمەڕەزا شا دەگرت و باسی لە برایەتی هەموو موسڵمانان دەکرد و مەبەستی لەو برایەتیە دابین کردنی مافی گەلانی ئێران نەبوو، بەڵکوو مەبەستی ژیان کردن لەژێر ئیسلامی خومەینیدا بوو.

کوردپا: ئەم وتانەی خومەینی کەلە ڕۆژنامەی کەیهاندا چاپ و بڵاو بۆتەوە، دەڵێ: ئێمە زۆرمان هەوڵ دا کەلە کوردستان شەڕ ساز نەبێت و تەنانەت بۆ خۆم یوونسی پارێزگاری ئەوکاتی سنەم بانگ کرد و پێم گوت کە دەبێ لە کوردستان ئاشتی و ئارامی سەقامگیر ببێت، بەڵام ئەو ئاشتی و ئارامیە نابێ بەنرخی تێکچوونی باری خۆش بژێوی و ئاسایشی خەڵکی مەدەنیی کورد تەوا ببێت، ناوبراو تووپەتی ئێمە ئەو بڕیارەمان بۆ سەر ئەشرا داوە، ڕای ئێوە لەم بارەوە چیە؟

عەبدوڵا حەسەنزادە : لەبەر ئەوەی خومەینی مەقامێکی مەزهەبیی هەبوو ئەو بڕیارە بە فتوا تەعبیر کرا، ئەگەر نا فتوای قەتڵ و عامی خەڵکی نەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هێزە سیاسییەکان لەگەڵ خەڵکی لێک جێا کردنەوەیان کارێکی ئاسان نەبوو، ئەو حوکمە و فەرمانە وەکوو فتوا تەعبیر کرا بۆ سەر خەڵکی کوردستان، پاشانیش زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو کە خومەینی لە یوونسی یا غەیرە چی دەویست ئەو دەیوت سرەتا گەمارۆ و دوایی موزاکرە.

کوردپا: هۆکاری ئەوەی کە خەڵک و هێزە سیاسییەکان لێک جیا نەدەکرانەوە چی بوو؟

عەبدوڵا حەسەنزادە : چۆن ئەوان داخوازی هەموو خەڵکی کوردستانیان داوا دەکرد و هیچ شتێکیان وەکوو دەستە و گرووپ بۆ خۆیان نەدەویست و هێرشی حکوومەت بۆ سەر حیزبەکان بە واتای هێرش کردنە سەر خەڵکی کورد بوو.

کوردپا: وەک کەسێکی بێلایەن ڕەخنەت لە کردەوەکانی ئەوکاتی هێزە سیاسییەکانی کورد چیە؟ و پێت وایە هێزە سیاسییەکان دەیانتوانی چ کارێکی باشتر بۆ وەدیهاتنی مافە سیاسییەکانی کورد بکەن کە نەیانکرد.

عەبدوڵا حەسەنزادە : تەنیا ڕێگایەک کە دەکرا هێرش بۆ سەر کوردستان ڕابگیرێ ئەوە بوو کە حیزبەکان تەسلیم بن و هەرچی کۆماری ئیسلامی دەیوت ملکەچی بانایە و خومەینی لە سازمانەکانی دیکەش ڕازی نەبوو بۆ وینە قەتڵ و عام کردنی حیزبی توودە و لایەنگرەکانی، یان ئەوەی کە موجاهدین خۆیان بە کوڕ و کچی خومەینی دەزانی، بەڵام فەرمانی لەناو بردنی دان.

ڕەنگە هێزە سیاسییەکان ڕەخنەی جوزئیان لەسەر بێت بەڵام بە گشتی دەبایە تەسلیم ببان کە ئەویش شایستەی ئینسانی ئازادیخواز نیە.

بیستان نیت

## وتووێژی نیشتمان نێت, لە گەڵ بەڕێز مامۆستاعەبدوڵڵا حەسەنزادە

عەبدوڵڵا حەسەن زادە: هێزە سیاسیە سەرەکیەکانی ئێران، هیچیان موافق نین بۆ هێرش کردنە سەر ئێران.

گفتوگۆ: ئامانج عەبدوڵڵا سوور

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەدرێژایی شەست ساڵی خەباتی وەک حزبێکی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێگەی بەرچاویان هەیە و، بەشێکی سەرەکی هاوکێشە سیاسیەکانی نێو ئێرانن، تا هەنوکە ١٣ کۆنگرەیان گرێداوە و لە دواین کۆنگرەیاندا ستراتیژی خۆیان لە دروشمی (دیموکراسی بۆ ئێران، خود موختاری بۆ کوردستان) گۆڕی بۆ (دیموکراسی بۆ ئێران فیدرالیزم بۆ کوردستان).

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لەدوای ئەم کۆنگرەیەوە نێوی کەمینە و زۆرینە کە جێکەوتەیەکی مێژوویی هەیە، تا وای لێهات حیزب ببێت بە دووکەرتەوە، باڵێکیان بە ناوی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بەردەوام بێت دیارە ئەم باڵە مامۆستا مستەفا هیجری سەرکردایەتی ئەکات و لە کۆنگرەدا زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی بەدەست هێناوە و باڵی دووەمیان مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە



سەرکردایەتی ئەکات، کە لە دە ساڵی رابردوودا زۆرینە بوون و ئێستاش بە قەولی خۆیان زۆرینەی کەوادر و ئەندام لە دەوریان کۆبۆتەوە، بەپێویستمان زانی بۆ بەدواداچوونی ئەم دۆسیەیە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان دیداریان لەگەڵدا سازبکەین. جێی ئاماژەیە کە مامۆستا مستەفا هیجری ئامادەی دیدارەکە نەبوو بەو پاساوەی کە ئەوانماڵپەڕی خۆیان هەیە!!.

بەڵام مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە پێشوازی لێکردین بۆ ماڵپەری "نیشتمان نێت" بە روونی و راشکاوی دوا..

**نیشتیمان نێت:** ئێران لە بارودۆخێکدایە فشارێکی نێودەوڵەتی رووبەڕووی بووەتەوە لە بەرامبەر پیتاندنی یۆرانیۆم، ئەبینین رۆژێک ئەحمەدی نەژاد بە زمانێکی پڕ لە دانوستان و نەرمڕەوی دەدوێ لەسەر ئاستی میدیای جیهانی و رۆژێکی دی زۆر توندە، لە سوفرای جەماوەری دا هەڵسەنگاندنتان بۆ ئەم دۆخە چییە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** کاربەدەستانی جمهوری ئیسلامی دەیانەوێت خەڵکی هەمیشە لە مەیدان گەرم رابگرن بە هەوڵی خۆیان، بەتایبەتی هەندێک جار وابکەن لەوەی بە ئیعلام ئەوەندە بەقوەتە دەتوانێت ململانێی هێزە گەورەکانی جیهان بکات، بەشی خۆشی گوێگریان هەیە لەو شێوازەی کە خۆیان حکومەتیان لەسەر بنیاتناوە، تا ئێستاش کەسانێک هەن باوەڕیان پێدەکات و دێنە مەیدان. (الله اکبر)یان بۆ دەڵێ، بەڵام ئەوەی کە من دەیبینم هەم دنیای دەرەوە لە بەرامبەر ئێران لەگەڵ مەحزوراتی ڕووبەڕوویدا هەم کاربەدەستانی ئێران هەلومەرجەکەیان تاڕادەیەک باش هەڵسەنگاندووە. دونیای دەرەوە ئێستا لەگەڵ ئێران زۆر بەئاسانی ناتوانێ بەرەنگاری بێتەوە، دوو شتی تێدا هەیە: یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو شتانەی ئێران ئیدیعای دەکات بۆ بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمی ئەوە ئاستی نێودەوڵەتی ئەو حەقەی داوە بە ئێران کە ئیستیفادە بکات بۆ وەسائیلی ژیان و ئەو شتانەی کە پێیاندەڵێن شتی ئاشتیخوازانە، هەتا ئێستاش دنیای دەرەوە نەیتوانیوە لەسەری سابت بکات و دەلیلی قانعی بەدەستەوە نییە، کە ئێران خەریکی دەستپێکردن یان دروستکردنی چەکی ئەتۆمە. بۆیە ئەحمەدی نەژاد و داروودەستەکەی ئەیانەوێ چاوڕا بکەن، چونکە دەزانن کاتی ئەوە نەهاتووە، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم واهەست دەکەم جمهوری ئیسلامی فرسەت لەدەست نادات تا دەست بەسەر چەکی ئەتۆمیدا بگرێت و هەیبێت" ئەوان لایان گرنگ نییە میللەت چی لێ بەسەردێت! وەک جمهوری ئیسلامی ئێران، بێگومان سیاسەت لە ئەگەر راوەستاوە لە ئەگەری ئەو وەزعییەتەی لە عێراق دروست بوو.

**نیشتیمان نێت:** لە ئێران پرۆژەتان بۆ ئازادی رۆژهەڵات چییە؟ ئێمە لە باشوور بەرەیەکمان وەک دیفاکتۆ هەبوو تا دوای ساڵێک پەرلەمانمان هەڵبژارد. بۆ تا ئێستا بیرتان لە دروستکردنی بەرەیەک نەکردۆتەوە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** ئەمە دوو مەسەلەیە، یەکیان ئەوەیە داخۆ ئەو سیناریۆیە لە ئێران دوپات دەبێتەوە وە یان نا؟ بە بەردەوامی دوپات بوونەوەی ئەو سیناریۆیە لە ئێران ئەگەریش مومکین بێ نزیک نییە؟ هەم لەبەرئەوەی بیانویەک نییە بۆ پەلاماردانی ئێران وەک ئەوەی لە عێراق هەبوو. لەلای دیکەشەوە خەڵکی عێراق، حزبە سیاسیەکانی عێراق بە کورد و غەیرە کوردەوە. موافق بوون لەسەر رووخانی سەدام لەحاڵێکدا هێزە سیاسیەکانی ئێران بەتایبەتی هێزە سیاسیە سەرەکیەکانی ئێران لەگەڵ ئەوەی موخالیفن بە جمهوری ئیسلامی، دەتوانم بڵێم هیچیان موافق نین بۆ هێرشکردنە سەر ئێران!!. ئەمە بۆ خۆی کۆسپێکە بۆ پەلاماردانی نزامی بەرفراوان بۆ سەر ئێران، بۆ مەسەلەی دیکە ئێمە لە کوردستان بەرەیەکمان هەبێت، من پێم وایە جەبهەی کوردستان کە شەرت نییە ناوی جەبهە بێت من هەموو جارێ کە قسە دەکەم وا دەڵێم رێککەوتنی نێوان هێزە سیاسیەکانی کورد حەتمەن ناوی بەرەی لەسەر دابنرێت، چونکە من رای تایبەتی خۆمم هەیە لەو بارەیەوە، بەڵام رێککەوتنی هێزە سیاسیەکانی کوردستان و پێکگەیشتنیان لەسەر پلاتفۆرمێکی سیاسی و کارکردنیان پێکەوە چ ئەمریکا لە مەتنیقەدا بێت یان لە مەتنیقەدا نەبێت چی نیشتیمانی هجوم ئەبێت یان نا؟ ئەو رێککەوتنە شتێکی زەرووریە. ئەوەی کە ئێستا هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵات تا ئێستا بە جێگایەک نەگەیشتوون. بمانەوێ و نەمانەوێ، بیڵێین یان نەیڵێین قسورێکە بۆ هەموانمان. ئەگەر چانسێک هەبێ بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جمهوری ئیسلامی مومکینە بێتە پێشێ چ بەهۆی ناوخۆوە بێت چ دەرەوە بێت، چارەنوسەکە ئەوەیە کە ئەو هێزانە پێکەوە کاربکەن، شەرت نییە کوردستان ئازادیش بێت ئەگەر هێزە کوردستانییەکان نەتوانن هاوکاریەک و هەنگاو رێکخستنێکیان هەبێ کە پێکەوە وڵاتەکە رزگار بکەن، میللەتەکە دەتوانێ لەباتی ئەوەی قازانجی لێ بکات توشی هەندێک میحنەت و ناخۆشی ببێت. کە زەرەری پتر بێت لە قازانجەکەی.

**نیشتیمان نێت:** ئایا گفتوگۆکردن لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێران بەشێکە لە کارنامە و خەباتی دیموکرات؟ یان هەر بەیەکجاری ئەمە لە پرۆژەی ئێوەدا نییە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** کاتی خۆشی کە ئێمە بە جۆرێک کە هودنەمان لەگەڵ جمهوری ئیسلامی هەبووە زیاتر لەوەوە هاتووە کە گفتوگۆ جۆرێکە لە خەبات، رۆحی شاد بێت (دکتۆر قاسملۆ) جارێکیان وتارێکی دا وتی: خەڵک بە ئێمە دەڵێ مفاوەزەچین داخوازی وتووێژیان هەیە خۆیان بە زەعیف دەزانن وتی: بەڵێ ئێمە دەزانین بە چەند هەزار کلاشینکۆفێکەوە جمهوری ئیسلامیمان پێ ناڕوخێ کە خەباتەکەمان بۆ ئەوە دەکەین، دەوڵەتەکە بەخەبەر بێت بڵێ: بابە بۆ وادەکەن چیتان دەوێ؟ کەواتە دانوستان عەیبێکی تیادا نییە، بەڵام ئەوە تەنها شتێکی مەبدەئیە، ئەگینا هیچ باوەڕمان وانییە کە جمهوری ئیسلامی لەجێدا باوەری بە حەلی مەسەلەی کوردی هەبێت. یان بە حەلی مەسەلەی نەتەوەیی لە ئێراندا هەبێت. واتە باوەڕمان بەوە نییە کە جمهوری ئیسلامی لەگەڵ کورد و گەلانی ئازادیخواز وتووێژ بکات، بەڵام ئەگەر جمهوری ئیسلامی داوای وتووێژ بکات ئێمە خۆ ناتوانین بڵێین نا؟ بە دوو دەلیل، یەکێکیان ئەوەیە کە ئێمە جمهوری ئیسلامیمان پێ ناڕوخێ، دەلیلی دووەم ئەوەیە خەڵکەکەمان پێمان دەڵێ: ئێوە مناڵی کورد بۆ بە کوشت دەدەن، ئەوە نییە وڵات حازرە دانوستانتان لەگەڵ بکات؟ بەڵام ئێمە قەت ئامادەنین داوابکەین جمهوری ئیسلامی مفاوەزاتمان لەگەڵ بکات، چونکە دەزانین جوابەکەی چ دەبێ هەروەکو مفاوەزاتی خەباتی باکوور لەگەڵ تورک. دنیای دەرەوە بەتایبەتی ئەو تەجرەبەی کە لە عێراق کرا کە چەکی ئەتۆمی بەدەستەوەیە، یا خەریکی دروستکردنی چەکی ئەتۆمە، تەنانەت چەکی کیمیایی کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەش بەکاری هێنابوو پاشان کە عێراق کەوتە دەستی هێزی بیانی، نەیانتوانی ئەو تەئسیساتە ئەتۆمیانە، ئەو سیلاحە کیمیاویانە دەست بخەن کە من بۆ خۆشم نازانم ئەو چەکە کیمیاوییەی کە هەبوو نازانم چی لێ کرا؟ کە هەبوو بەکاریشی هێنا، بەهەرحاڵ ئەمە ئەزموونێک دەداتە ئەوان کە بە ئحتیاتەوە کاربکەن تا بەڵگەیەکیان بەدەست نەکەوێ، ئێستا ناتوانن حەملەیەکی گەورە بۆ سەر ئێران بکەن بەتایبەتی لە بواری عەسکەرییەوە.. لەلایەکی دیکەوە دنیای دەرەوە کە ئێستا رێبەرایەتیەکەی بە ئەمریکایە. ئەمریکا لە عێراق لە ئەفغانستان لەگەڵ شەڕێکی سەخت بەرەو رووی شەڕ لەگەڵ دوژمنێکی نادیار بوو. تەجرەبەی شەڕەکانی ئەمریکا نیشانی وایە لەگەڵ دوژمنێک کە ئاشکرایە و دەستێکی باڵای هەیە بینیمان عێراق و ئەفغانستان بە ٣ هەفتە رژێمەکەی رووخا، بەڵام ئێستا دوژمنێکی نادیاری هەیە نازانێ چی بکات و لە کوێ بدات. ئەوان بەئاسانی نایانەوێت جەبهەیەکی‌تر لە ئێران بکەنەوە. بە جەبهەی ئێرانیش ئەزانین لە پان و بەرینیدا ٣ تا ٤ بەرامبەر عێراقە.

**نیشتیمان نێت: تا ئێستا دەوڵەت هاتۆتە پێشەوە بۆ دانوستان؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** نەک جارێک دەیان جار ئامادە بوون، بەڵام ئێمە ئاگادارمان کردوون بۆ بە دزی بۆ ئاشکرا نەبێت؟ ئێمە ئامادەنین بەدزیەوە دانوستان بکەین وتویانە: فەرموون با دانوستان بکەین بە عەمەلی نە لە ئێران نە لە کوردستان نە لە ماڵی وان نە لە ماڵی خۆمان با لە وڵاتێکا هەردوولا موتەفیق بین لە سەری دانوستان بکەین بە چاودێری UN ، چونکە ئێمە بۆ دانوستانێک ناچین کە تیرۆرمان بکەن!.

**نیشتیمان نێت: حیزبی دیموکرات لەماوەی ٦٠ ساڵ خەباتی خۆی خاوەن دروشمێک بووە، دیموکراتی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، کەچی بە بێ هۆ و هەل و مەرجێک هەست پێکراوە و گۆڕانێکی بەرچاوی دۆخەکە ئەم ستراتیژیەتەی گۆڕی بۆ فیدراڵی بۆ کوردستان هۆکاری ئەمە چییە؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** گۆڕاوی دروشم لەڕاست بیروڕای گشت خەڵکی کوردستان بوو، گۆڕینی دروشم مەرج نییە ببەسترێتەوە بە هەل‌ومەرجەوە، ئێمە ساڵی ١٩٧٠ لە کۆنگرە دا ئەگەر هەموو ماددەکانی پەیڕەو و پرۆگرام ٣ رۆژی خایاند بێ ئەوە ستراتیژیەتی حیزب بە تەنیا ٣ رۆژی خایاند، سەرەتا گەشتینە ئەو بڕوایەی کە فیدراڵیزم شێوازێکی پانترە بۆ حەلی مەسەلەی کورد لە ئێران بەتایبەتی، چونکە لە ئێراندا یەک میللەتی زوڵم لێکراو ناژی، بەڵکو ٥ میللەتی زوڵم لێکراو دەژی. بەڵام وتمان: ئەگەر ئێستا ئێمە داوای فیدراڵیزم بکەین و ساڵێک و دە ساڵی تر میللەتانی دی ئێران رانەپەڕن ئێمە بەتەنیا بین کە ئەو داوایە دەست نەخەین مەجبور دەبین ستراتیژیەتمان بگۆڕین بەخود موختاری، ئەو وەختە ئەوە دەبێت بە هەنگاوێک بەرەو دوا، بەڵام ئەگەر هەل و مەرج گۆڕدرا و گەلانی دیکەی ئێران هاتنەوە مەیدان و تێکڕا قوەتێکی تازەمان هەبوو، شیعارمان دەگۆڕین ئەوکاتە هەنگاوێکە بەرەوپێش.
زۆر بەداخەوە ئێستا هەستی نەتەوەی لە ئێران بە خەبەرهاتەوە، بەڵام حزوری گەلانی‌تری ئێران حزورێکی بەرچاو نییە لەملا و لا نەبێت کەواتە گۆڕاوی ستراتیژیەت لە گۆڕانی هەل‌ومەرجدا نەبوو کە دروشمی خودموختاری بگۆڕین بە فیدراڵیزم، بەڵام ئەو مەسەلە چڕ بووە لەسەر زاری خەڵکی، بۆیە بە ویستی خەڵکی داواکەمان گۆڕی، ئەمەبوو بە ویستێکی جەماوەری ئێمەش قبوڵمان کرد. بۆ خەڵکی ئێران گرنگ نییە داخۆ چەکی ئەتۆمی دروست دەکات یان نا؟ بەڵام گرنگە دنیا بە جواب بێت لەسەر مافی مرۆڤ و کوشتن و بڕین و قەتل و عامی ئافرەتان و لەناوبردنی میللەت برسی و قاتوقڕی.

**نیشتیمان نێت: ئێوە هیچ هیوایەکتان لەسەر حکومەتی باشووری ئازادی کوردستان هەڵچنیوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** هەرێمی باشوور نمونەیەکە بۆ هەموو کوردستان، ئەوەندەی من بزانم حکومەتی کوردستان لای کوردەکانی دەرەوە زۆر خۆشەویست ترە لە کوردەکانی ناو کوردستان بە دەلیلی ئەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان، چونکە ئازادییەکیان نەچەشتووە! رەنگ بێت گلەییان هەبێ لە حکومەت، بەڵام خەڵک لە دەرەوەی کوردستان یان لە پارچەکانی تر تەماشای ئەوە دەکەن کە ئەو ئومێدە، ئومێدێکە بۆ هەموو گەلی کورد، نمونەیەکە یان دەروازەیەکە بۆ ئازادی بەرهووی ئەواندا ئەگەر لە کوردستان تەواو ئیستقرار نەبێت ناتوانین و ناکرێ بە پێگەیەک بۆ پارچەکانی تر و لێدانی دوژمنان، چونکە تەنراوە بە داگیرکەر، هەروەک هەموو جار بە نمونە دەیهێنینەوە چوار برا لە زینداندا بن یەکێکیان ئازاد بێت بۆ ئەوانی دی دەسکەوتە، یەکێکیان ئەوەیە برایەکیان ئازاد بووە، یەکێکی تر ئەوەیە ئەمڕۆ برایەکیان ئازادە، بەڵکو سبەی برایەکی دیکەشیان ئازاد دەبێت تا هەموویان ئازاد دەبن، یەک لەدوای یەک هەرێمی باشوور لەگەڵ هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانیدا پارچەکانی‌تر بۆی دێنە مەیدان، تەنانەت خۆیان بە گرتن و لێدان و لە ناوبردن ئەدەن لەپێناوی زامنی سەرکەوتن لەگەڵ باشووری کوردستان.

**نیشتیمان نێت: خوێندنەوەتان بۆ لێدوانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی کوردستان چییە سەبارەت بە کەرکوک، بەرامبەر دەوڵەتی تورکیا، چەند پشتگیری دەکەن؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** ئەو وتارە باجی خۆی هەبوو، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم ئەوە بە هەڵوێستێکی نەتەوەیی مێژوویی دەزانم. هەرچەندێ خواهەڵناگرێ لە رێبەرانی کورد شتی دیکەی ئاوهام دیتووە، بەڵام ئەمەیان هەڵوێستێکی مێژویی بوو، با باجی خۆشی لەسەر بدرێت، چونکە ماوەیەکە فەزایەکی ئاڵۆز کردووە هەڕەشە و گوڕەشەی تورکیای بەدوادا هاتووە، بەڵام پێم وایە هەڵوێستێکی مێژوویی بوو، رەنگە لە هەندێ شتدا زمانەکەی وەک زمانی دبلۆماسی کەسێک توند بوو، بەڵام ئەسڵی ئەوەی بەدەنگ هاتبێ لەسەر مافی کورد لە پارچەکانی‌تر ئەوە شتێکی پیرۆزە، چونکە شتەکە حسابییە. تورک بۆ چ بەجواب بێت لەسەر تورک لە هەموو کوردستان و عێراقیش بۆ ئەوەی لەسەر نیو ملوێن تورکمان بەجواب بێت کەچی کورد حەقی ئەوەی نەبێت لەسەر لایەنی هاوبەستەگی لەگەڵ ٢٠ ملێون کورد لە تورکیا و چەندی دیکەش لە عێراق و سوریا بەجواب بێت ئەمە هەقێکی تەئریخیە بەڕاستی.

**نیشتیمان نێت: ئێوە ئومێدتان لەسەر ئەم هەڵوێستە هەڵچنیوە؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** هەر ئەوە کە حوکمەتێکی کوردی لەئارادایە حەقیقەتی یەک پارچەیی و یەک هەڵوێستی کورد نیشان دەدات و هەڵوێست دەربڕێ ئەوە شتێکی پیرۆزە.

**نیشتیمان نێت: دەگەڕێینەوە سەر وەزعی رۆژهەڵات، باسی ئەوەتان کرد کە خەڵکی روژهەڵات ئومێدیان لەسەر باشوور داناوە، کەواتە ئازاری کوردێک لە هەر پارچەیەک دابێت، ئازاری هەمووانە، بۆیە بە نیگەرانییەوە لە کەرتبوونی دیموکراتی دەڕوانین، دیارە لەناو حیزبەکانی‌تریش ئەمە روویدا بە نمونە کۆمەڵە، دیارە دیموکرات بەیەک ناوەوە لەدوای ئەنجامدانی کۆنگرەیەک، پەرتبوو. ئێمە ناڵێین بۆ؟ چونکە پرسیارێکی نەریتیە، بەڵام بۆی‌تر هەیە چاوەڕوانی وەڵام ئەکەین بۆنمونە ئێوە حزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵام ئەوان ناویان (ح.د.ک) ئێرانە ئەم جیاوازییە ئەگەڕێننەوە بۆ چی؟**

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** بێ شک ئەوەی کە گۆشەی ئێرانمان لەناومان لابردوە ئەو بەشەی تێدا هەیە کە بڵێین بارە نەتەوەیەکە پتر بەرجەستە بکەین و نیشان بدەین، بەڵام زیاتریش بۆ ئەوە بوو ئەوەندە ناومان لەیەک نەچێ و بەهانە لەدەست بەرامبەر دەربهێنین کە بۆ ئەوەی کێشەمان پێ بفرۆشێت یان ئاڵۆزی و کێشە لە نێواندا ساز بکرێت. ئەوە بوو پێش کۆنگرە ناومان گۆڕی دەنا دەسەڵات لە دەست کۆنگرەیە، بەڵام وتمان قەیناکە لەم ماوەیەدا وەک ماوەی گواستنەوە با ئیستیفادە لەو ناوە بکەین و ئاڵۆزیەک لەسەری دروست نەبێ، هەرچەندە بەداخەوە جۆرە ئاڵۆزییەک دروست بووە لە لایەن ئەو رەفیقانەوە کە پێیان وایە موڵکی ئەوانە تەنیا بە دەلیلی ئەوەی لە کۆنگرەی رابردوو دا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی زۆربەی لای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوان بووە، پێم وایە ئەمە دەلیلی باش نییە. کەواتە گۆڕینی ناو گەڕانەوە بو بۆ ئەسڵ لە سەرەتا حیزبەکە بۆ ماوەی دوو مانگ ناوی کۆمەڵی دیموکراتی کوردستان بووە (ح.د.ک) وشەی ئێران پاش رووخانی لە ساڵی ١٩٨٠دا ناوی ئێرانی بەدوادا لکاوە بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

**نیشتیمان نێت:** پرسیارێک خۆی ئەسەپێنێ ئەکرێت بڵێین جیاوازی ئایدیایە یان کۆنگرە و هەڵبژاردن؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** نا هەڵبژاردنی ناو و کۆنگرەکە بەهیچ جۆرە دەلیلی ئەوە نەبوو لەگەڵ هەموو مولاحەزاتێک کە لە میکانزمی پێکهێنانی کۆنگرە هەمان بووە، بەڵام سیستمی ئیدارەی ناو حیزب هەندێ موشکیلەی بەدواوە بوو، ئەوە داوای کرد لەیەک دوورکەوینەوە، بەڵام لەهەندێ شتدا روانگەکانی فەرقیان هەبووە، ئەگەر لەو دواییەدا ئەوان ئەکسەریەتیان بوو ئەوا بۆ سێ کۆنگرە و دە ساڵ خەڵکی دیکە دەرچووە باوەڕمان بە موشارەکەی هەمووان بووە باوەڕمان وابوو هەموو خاوەنی ئەو حیزبەن با کەمایەتیش بن باوەڕمان بە دیموکراتیەت و شەفافیەت هەبووە و هەیە ئەوان لەو بارەیەوە کەمێک لایان وابوو ئەوانەی بە جودا بیریان دەناسین لە مافی حیزبی بێبەشیان دەکردن هەر بۆیە ئەوان بوون لەت بوون. ئێمە جیا نەبووینەوە نە ئێمە جیابووینەوە لە دیموکرات نە ئەوان جیابوونەوە. ئێمە ئەکسەریەتین، بەڵام لە قائیدەی حیزبیدا لەنزیکەوە تەماشابکەن لە کوردستانی عێراق و باشوورەوە حەجمێکی یەکجار زۆری کەوادرو ئەندامان لەلای ئێمەیە ئەوانەی شارەزان دەتوانن بڕیار بدەن کە حیزبی دیموکرات لەتبووە لەتە باشەکەی لای ئێمەیە، لە سەرکردایەتی ئەوان پتر، بەڵام لە باری چەندایەتی و چۆنایەتی لە ئێمە زیاتر نییە.

**نیشتیمان نێت:** ئەوان پێیانوایە ئێوە شەرعیەتتان نییە، چونکە کۆنگرە لەپشت ئەوانە؟ ئێوە بۆ هەوڵتان نەدا کۆنگرەیەک گرێ بدەن بۆ وەرگرتنی شەرعیەت؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** دیارە ئەو کۆنگرەیەی لەپشت ئەوانەوەیە هەر ئەو کۆنگرەیەش لەپشت ئێمەشەوەیە. چونکێ کۆنگرەیەک کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە هەڵبژێردراون بەشێکی لای ئەوان بەشێکی لای ئێمەیە ئەمە بۆخۆی شتێکی عەنتیکەیە کۆنگرە ئەو وەختەی کە ئەوی هەڵبژاردوە شەرعیە کە منی هەڵبژاردووە شەرعی نییە بۆ خۆی نەزەرییەکی تۆزێک سەرنج راکێشە بۆ؟ ئەوەی لە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراون و لای ئێمەن هەر لەو کۆنگرەیە هەڵنەبژێردراون؟ ئێمە موشکیلەمان لەوە نییە ئەکسەریەتن نا کاک مستەفا سکرتێر بێت یا نە؟ ئەوان موشکیلەیان ئەوەیە مادام ئەکسەریەتن هەموو شتێکیان بۆ حەلاڵە، وانییە خۆ دیموکراسیەت تەنها ئەوە نییە ئەقلیەت دایم ئەبێت تابعی ئەکسەریەت بێت. ئەوەڵەن لە حیزبدا نابێت ئەکسەریەت و ئەقلیەتی هەمیشەی هەبێت ئەوەڵەن ئێمە ئۆرگانێکی حیزبین ئەگەر ١٥ کەس بین بۆ هەمیشە نۆمان تەرەفێک بین شەشمان جیاواز بین ئەوە حیزبایەتی نییە. دەبێت گۆڕان هەبێت لە ژمارەیان و ئەقەلیەت و ئەکسەریەت لەبارەی دۆزێکی سیاسیەوە ئێمە دەڵێن تەنها دکتاتۆری و دیموکراسیەت نییە، ئێستە دکتاتۆری تاکەکەسی هەیە، دکتاتۆری ئەقلیەت هەیە، دکتاتۆری ئەکسەریەت، ئینجا دیموکراسیەت هەیە. کەواتە دیموکراسیەت بەرامبەر ئەو سێ لایەنە وەستاوە ئەوەی تەواو بڕوات پێی هەیە لەباتی ئەوەی دیموکراسی بن دیکتاتۆری ئەکسەریەتن. ئەگەر مەسەلە ئەوە بێت ئەوا ئەکسەریەتن دەی ئێمە بۆ لە کوردستان، چ لە رۆژهەڵات چ لە باشوور بۆ چ داوای حەق دەکەین مەگەر لە عێراق عەرەب ئەکسەریەت نییە؟ لە ئێرانیش هەروایە ئەوەتا ١٥ - ١٦٪ی ئێران کوردە، یەعنی ئەحمەدی نەژاد چونکە ئەکسەریەتی هەیە ئەبێت مافی پێشێل نەکات کە ئەقلیەتە؟ ئەمە وانییە بۆچوونێکی خراپە بۆ دیموکراسیەت.

**نیشتیمان نێت:** وەک دەزانین لە ساڵانی رابردوو دا دیموکرات جیابوونەوەیەکی بەخۆوە بینی بە ناوی (ح.د.ک) ئێران رێبەرایەتی شۆڕشگێردا تەفسیر ئەکرا، کۆمەڵە پشتیوانیان بکات پاشان کۆمەڵە رووبەڕووی جیابوونەوە هات، پاشان ئیدیعا کرا کە دیموکرات دەستی هەبێت لەم بارە ئاڵۆزەی نێو کۆمەڵەدا ئێستا نەزەری ئێوە لە ئیتیهامی خەڵکی چییە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** ئەوە زۆر زۆر سادەیە کە هەموو دەوڵەتەکان و تەنانەت حیزبە سیاسیەکانیش ئەوەیە کە مەشاکیلی خۆیان ئەخەنە ئەستۆی خەڵکیتر. پێکبەردەبین و یەک دەکوژین دواتر کە ئاشتبووینەوە دەڵێین خەتای خەڵکی دی بوو. لەیادم ناچێت لە زەمانی بلۆکی سۆسیالستدا پرسیارێکم لە بەڕێز مامۆستا عەزیز یادی بەخێر کرد پۆلۆنیاسازی کرێکاری پەیدابوو ئیتحادی سۆفیەت دەیویست رزگاریان بکات گوتم: ئێوە ئاگاداری لە هاوبەستەگی سۆسیالستن، چۆن ئیتهامە؟ زۆر جوان وەڵامی دامەوە وتی وەختێکی لە وڵاتێکی سۆسیالزمیدا ئاڵۆزییەک هەیە تەبیعیە وڵاتێکی سەرمایەداری کەڵکی لێ وەربگرێت، بەڵام تۆ بڵێی ٢ ملیۆن کرێکار نۆکەری ئیمپریالزم بێت؟ نەخێر خەتای خۆمانین بەئینسافەوە قسە بکەین، مەعلوم دووکەرت بوون کارێکی خراپە، بەڵام وەختێک ئینسانێک لە نەخۆشیدا دەستی خۆی دەبڕێتەوە پێی خۆشە؟ ئەگەرنا دەستەکەی نەبڕێتەوە ئەبێ هەموو بەدەنی تیابچێ، وەختێک حیزبێک توشی نەخۆشییەک دەبێت کە حیزبەکە لەنێو خۆیدا دەخوات رەنگە لەتبوون باشتر بێت، لەتبوون لە خۆیدا خراپە، بەڵام لەتبوون کارەسات نییە پاشان حیزبی دیموکرات لە ئێشیش نەبوایە یان ئەگەر ئێستایەکیش بکرێتەوە خۆی حیزبی دیموکرات تەنها هێزی مەیدانی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان نییە، خەڵکی دیکەش هەیە دەبێ لەگەڵیان شەڕ بکەین؟ نا مەبەستم ئەوەیە ئێستاکە نەمانتوانیوە پێکەوەبین، باشە وەکو دوو هێز لەو مەیدانە خەباتی خۆی بکات. با ململانێکەمان لەسەر شتی باش بێت بەشێوەیەک خەڵکی بۆ لای خۆمان رابکێشین هەرکەس لەلای خۆیەوە نە بە شەڕ نە بە جنێودان. بەڕەحمەت بێت دکتۆر قاسملۆ زۆر جار دەیگوت: خەباتی سیاسی حزب یان رێکخراوەکان وەکو بازاڕ وایە، دوو دووکان پێکەوە میوە دەفرۆشن هەریەکەیان بۆی هەیە ئیدیعا بۆ خۆی بکا، بەڵام هەقی ئەوەی نییە پڕوپاگەندە و تەشهیر بە دوکانەکەی کەوە بکات.

**نیشتیمان نێت:** هەواڵی ئەوە هەیە کە پۆلیس و ئاسایش لەنێوانتاندایە تا شەڕ نەکەوێتە نێوانتانەوە، ئێوە کەڵکتان لە شەڕی براکوژی پارتی و یەکێتی وەرنەگرت؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** کەڵکمان وەرگرتووە کە ئەقڵەن لەهیچ جێگەیەک مراجەعەت بە قانون عەیب نییە بەتایبەتی لە وڵاتی ئێمەدا هەرچی دزی و تەعدای لێ بکرێت ئەبێت موراجەعە بە قانون بکات نەک وەڵام بداتەوە. ئێمە دەڵێین با هێزی ئاسایش و پۆلیس هەبێت بۆ ئەوەی شەڕ لەنێوانماندا روونەدات.

**نیشتیمان نێت:** پرسیاری من ئەوە نییە کە عەیب بێت پۆلیس لەنێواندا بێت، نەخێر من دەڵێم بۆ کار بگاتە ئەوە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** تکات لێ دەکەم ئەو پرسیارە بەرە بەردەم برادەرانی ئەوبەر، چونکە ئێمە لە رۆژی رووندا وتومانە ئێمە دوژمنیان نین، ئێمە دۆستایەتی ئەکەین، ئێمە هەر لە سبەیڕا ئامادەین لە رابیتە و گفتوگۆ و پەیوەندی دۆستانە یان برایانەمان لەبەینا بێت لە خەفادا و لە عەلەندا ئەو وەختەی بەیانمان وەرگرتووە، ئەو وەختەی لە ژووری دانیشتوین، تەنانەت وتومانە ١٠٠ جار سەلامیان لێ بکەن و جواب نەدەنەوە ئەبێ هەر سەلامیان لێ بکەن. بۆ خۆشم پێت دەڵێم خەڵکی وا هەیە، نەفەری وا هەیە هەتا ئێستا رەنگبێ ٣٠ جار توشی بووبم، ٣٠ جار سەلامم لێ کردووە وەڵامی نەداومەتەوە، ئێستاش توشی بم هەر سەلامی لێ دەکەم. هەندێ روو پێیان خۆشبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگاکانی ئاسایش ئەوەندە مەسەلەکە بە قەولی عەرەبی تەسیس نەکەن، بتوانن بڵێن قەزاوەت بکەن داخۆ ئەو رووداوەی کە بوو یان کێ خەتابارە داخۆ ٩٠٪ خەتای ئەوان نەبووە کە من تاکە یەک حاڵەتم پێ شک دێت هەتا ئێستاش لێم نەبڕیونەتەوە و باسی دەکەم.

**نیشتیمان نێت:** هەتا ئێستا کێ هەوڵی ناوبژیوانی داوە و چەند رێز لە ناوبژیوان گیراوە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** لەپێش ئەوەیدا کە دوچاری ئەم لەتبوونە بین زۆر کەس هاتنە نێوانەوە، پارتی و یەکێتی وەک دوو مەکتەب سیاسی هەردوو سەرۆک کاک مەسعود و مام جەلال بەناوی سەرۆکی هەرێم و سەرۆک کۆمار هەردوو مەکتەبی سیاسی کە هاتن وتیان ئێمە نوێنەری ئەو چوارەین. بەداخەوە پێش ئەوەی ئەوانە بێن من تەلەفونم بۆ کرا لە لایەن رۆژنامەی چاودێرەوە، هەندێ پرسیار کرا وتم من پێم خۆش نییە مەسەلەی ناوخۆی حزب بۆ دەرەوە باس بکەم، لە پاشان باسی نێوبژیوانی کرد، وتی: لە سەر ئەوە نەزەرت چییە؟ وتم: من داوای نێوبژیوانی ناکەم، بەڵام ناوبژیوانی زۆر تەبیعیە، زۆر پیرۆزە ئەگەر دۆستانمان ناوبژیوانی بکەن ئێمە پشتیوانی لێدەکەین. ئیدی پێم وانەبوو بۆ بڵاوکردنەوە بشێ بۆ رۆژی دواتر رۆژنامەی چاودێر دەرچوو" تەماشا دەکەم ئەو پرسیارە لە منیش کراوە لە کاک مستەفای هیجریش کراوە" کاک مستەفا فەرموویەتی: کە نەخێر ئێمە موخالفی ناوبژیوانین ئەمنیش دەڵێم موافقین. داوا ناکەم، بەڵام بەشتێکی پیرۆزی دەزانم کاک مستەفای هیجری هەر ئەوەندەی بە لیژنەیەک جواب دەدا کە ئێمە موشکیلەمان هەیە، بەڵام بۆ خۆمان حەلی دەکەین. یەعنی دەیگوت ئێوە قسەی لێ مەکەن، بەڵام ئێمە دەمانگوت مەشاکیلمان هەیە و پێشمان خۆشە ئێوە وەک دۆست و شاهید حازر بن. جگە لەوەی حیزبەکانی دیکەش چ حیزبەکانی باشووری کوردستان چ رۆژهەڵاتی کوردستان هاتن لەوانە (حیزبی شیوعی - یەکگرتوو - زەحمەتکێشان - خەبات - شۆڕشگێڕان)، بەڵام لە تەرەفی موقابیلەوە بە شتێکی خراپ وەرگیرا. هەتا من بە نموونە ئەوەم هێنایەوە، دەمگوت ئێمە حیزبێکی ناودار بووین زۆرجار رۆڵی ناوبژیوانی پارتی و یەکێتی کە دوو حیزبی گەورەی کوردستان بوون بە ناوبژیوان ئەوان ئەیانوت عەیبە ئێوە چ کارەن. بۆ چ ئەوان لەنێومان قسە بکەن بە عەیبە حساب بکرێت.

**نیشتیمان نێت:** بەڵام کاک مستەفای هجری پێی وایە هەرکەس با بگەڕێتەوە سەر کاری خۆی و کێشە کۆتایی پێ بێت؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** ئێستا ئەگەر یەکگرتنەوەیەک هەبێت ئێمە پێمان خۆشە، پیرۆزە، بەڵام یەکگرتنەوە بۆ لە یەک جودا بوونەوە و لەتبوونەوە ناکەین، یەکبوونەوەیەک دەکەین کە لەت بوونەوەی بەدوادا نەبێت. بۆئەوەی یەکبوونەوە لەت بوونی بەدوادا نەیەت ئەبێت ئەسبابی لەت بوون لەبەین بچێت ئیدی ئەو قەوانە لێنادەینەوە کە بڵێ ئێمە ئەکسەریەتین، نەخێر ئێستا ئێمە بە کردەوە دوو حیزبین دەنا با هەرکەس لە ماڵی خۆی و هەر کەس حیزبی خۆی هەیە با ئەو خەڵکی کوردستانە لەبەیندا هەڵیبژێرێ کێ ئێمە هەڵدەبژێرێ موبارەکە، کێ ئەوان هەڵدەبژێرێ موبارەکی بێت حازریشین لە هەگبەیەکدا لە پلاتفۆرمێکا بەیەکەوە کاربکەین دۆستایەتی بکەین، هەموو رۆژێک سەردانی یەکتر بکەین بە هەموو توانای خۆمانەوە.

**نیشتیمان نێت:** پەیوەندیتان لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانی رۆژهەڵات چۆنە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** پەیوەندیمان لەگەڵ هەموویان باشە، لەماوەی رابرووددا ئێمە سەردانی هەموویانمان کردووە.

**نیشتیمان نێت:** پەیوەندیتان لەگەڵ دوو حیزبە سەرەکیەکەی کوردستان پارتی و یەکێتی لە چ ئاستێکدایە؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** وادەزانم پەیوەندیەکی زۆر باشە.

**نیشتیمان نێت:** هاوکاری دەکرێن؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** ئەگەر هاوکاری نەکرێین ناتوانین تەنانەت لێرەش دابنیشین.

**نیشتیمان نێت:** لەو بڕوایەدای ئێوە بە میراتگری پەیامەکانی قاسملۆ دەزانرێن؟

**عەبدوڵلا حەسەن زادە:** ئێمە لە ئەساسدا بۆچوونێکی دیکەمان هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە، ئێمە پاوەنخوازی رەت دەکەینەوە نە ئێمە بە تەنیا میراتگری پێشەوا قاسملۆین نە ئەوان هەردوو لامان لەو حیزبە دا خەباتمان کردووە، هەر دوو لا بەشمان بە شانازیەکانییەوە هەیە، بەشمان بە مەسئولیەتەکانییەوە هەیە. هەمووی موشتەرەکە، بەڵام من دوو سێ جاری دیکە قسەیەکی کاک مستەفای هجریم گێڕاوەتەوە کە قسەیەکی زۆر حسابی بوو (دوو توێی قەیرانە حیزبییەکە بەش بکەین، بەڵام گەر بەشی بکەین بەشی زۆرتر بەو کەسانە دەبڕێ کە پتریان زەحمەت تێدا کێشاوە، ئەوەشی ئەوە منم واتە عەبدوڵڵای حەسەن زادەم، چونکی رێبەرایەتی بەشی وان یەک نەفەری تێدا نییە پێش رووخانی رژێمی شا کە ئەندامی حیزب بووبێت، هەموویان دوای رووخانی رژێمی شا بوونەتە ئەندامی حیزب بووبێت. تیادایە تا عومری ١٨ساڵی جەوان بڕۆن سەیری بکەن ئێمە نە خۆمان بە میراتگر دەزانین نە وان با بێن تەنەزول بکەین پێکەوە بزانین چۆنە.

سەرچاوە: ماڵپەری نیشتمان نێت

## دیمانەی شلێر حەسەنپور لە گەڵ بەرێز و تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە

**دیمانەیەک لە گەڵ بەرێز و تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، یەکێک لە تێکۆشەرە سیاسیە ناودارەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە ژیان و بە سەرهاتی سەرکردەیەکی شەهیدی کورد مامۆستا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە.**

٣٨ ساڵ بە سەر لە سێدارە دانی ڕۆڵەی هەڵکەوتووی گەل خەباتکاری ڕێگای ئازادی کوردستان، یەکێک لە سەرکردە ناودارەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ ، ٤٧ی هەتاویی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ناوی مەلا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە تێپەری، بە پێویستم زانی بۆ ڕێز لێنان لە خزمەت و خەباتی شەهید مەلا ئاوارە و شەهیدانی ئەو جووڵانەوەیە لە نێزیکەوە کۆمەڵێک لە هاوڕێیان و کەس وکاری ئەو شەهیدە پایەبەرزەی گەلەکەمان کە لەو کات و سەردەمە دا لە گەڵی ژیاون بە سەر بکەمەوە، و بە هاوکاری ئەو بەڕێزانە هێندێک تیشکمان خست بێتە سەر ژیان و تێکۆشانی شەهید مەلا ئاوارەی هەرگیز نەمر. لەو پەیوەندییە دا بە هەلم زانی چەند پرسیارێک ئاراستەی بەرێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە بکەم بۆ زیاتر ناساندنی شەهید مەلا ئاوارە.

**پرسیار :** بەرێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە دەکرێ بۆمان باس بکەی کە لە کوێ و لە چ ساڵێکدا شەهید مەلا ئاوارەتان بۆ یەکەم جار چاو پێکەوت و هەروەها تیشک بخەیە سەر شیوەی هەڵس و کەوتی ئەو شەهیدە هەرگیز نەمرەی گەلەکەمان؟

**وەڵام :** مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە: "ئاوارە" هاوڕێی ڕێگای ژیان وخەبات، ئەو کەسەی قەت لەبیرم ناچێ دووربەدوور ناوی یەکترمان بیستبوو، ئەو چی منی بەدڵدا چوو بوو نازانم و بەداخەوە لە نێویشمان دا نەماوە لێی بپرسم. بەڵام شتێک کە دووراودوور، مەلا ئەحمەدی شڵماشیی لەلای من خۆشەویست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد بوو ئەوە بوو کە دەیانگوت فەقێییەکی زۆر زیرەکە، زۆر بە ئەدەب و ئەخلاقەو زۆریش قسە خۆش و مەشرەف خۆشە. ئاخرو ئۆخری پاییزی ساڵی١٣٣٤ (١٩٥٥) لە گوندی "بێشاسپ"ی ناوچەی سوێسنایەتی قیسمەت و نسیبمان وێک کەوت. ئەو لەوێ دەیخوێندو ئەمن بە سەفەر چووم. وەک دەیان ساڵ بێ یەکتر بناسین باوەشمان بە یەک دا کردو یەکترمان ماچ کرد، بە چەند سەعات وا ڕموودەی یەکتر بووین کە ساغ بووینەوە ئەمنیش بە زاراوەی فەقێیایەتی "جێگا وەخوازم" مامۆستای ئاوەدانی فەقێی تەواوی لە خزمەت بوون و ڕاگرتنی منی کەمێک لەبەر گران بوو. بەڵام مەلا ئەحمەد پێی داگرت و ئەویش دڵی نەهات قسەی بشکێنێ. ڕەفیقە فەقێیەکانی دیکەش زۆریان پێ خۆش بوو و تەنانەت گوتیان بەشەنانی خۆمانی دەدەینێ و وەختی دەرسی خۆشمانی لەگەڵ بەش دەکەین. بەهەرحاڵ مامۆستا قسەی پێ نەماو دامەزرام.



وەسبەینێ ڕا چوومەوە شوێنی پێشووم ئەسبابەکانم بێنم. ئەمە زاراوەی نێو فەقێیان بوو. دەنا ئەسبابی چی؟ لێفەیەک کە هەم ڕایەخ بوو هەم پێخەف، دوو کتێبی شڕو شەپەتووڕ، "بوخچە"یەکی یەک میتری کە کتێب و "لیباس"ە! زیادییەکانمی تێدابوو، و ئاوێ بێنەو دەستان بشۆ. مەلا ئەحمەد بۆخۆی لەگەڵم هات گوتی ئەسبابەکانت لەگەڵ هەڵدەگرم. گوتم کاکی خۆم چیم لەگەڵ هەڵدەگری؟ باری پشیلەیەکی شەل نابن. گوتی حەتمەن دێم. تومەز دەترسا پەژیوان بمەوە یان پەژیوانم بکەنەوە. بەڵێ بووینە هاوڕێی فەقێیەتی. هەردووکمان یەک کتێبمان دەخوێند. بەڵام ئەو کەمێک لە پێش منەوە بوو. بە تەمەنیش دوو تا سێ ساڵ لەمن گەورەتر بوو. بەڵام خوێندن چ عەرز کەم. ڕۆژێ دوو جار، جارێ نیو سەعات تا 40 دەقیقە دەرسمان دەخوێندو شەوانەش دەوری سەعاتێک موتاڵای دەرسی ڕۆژی دواترمان دەکرد. ئیدی وەختمان بەتاڵ بوو، یان بەزاراوەی ئەمڕۆ ئازاد بوو. کەچی قەت لێمان نەدەبڕا، شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین، قسەمان دەکرد، بەسەرهاتمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، بوخچەی دڵمان بۆ یەکتر دەکردەوە، دەردی دڵمان دەکردو سەرمان بە هەموو مەسەلەیەکەوە گەرم دەکرد. زۆر جار پاش چرا کوژانەوەش بە تاریکێ و بە سرتە (لەبەر هاوڕێکانمان) قسەمان دەکرد هەتا خەو بەلای دا دەبردین.

سەیر ئەوە بوو هەردووکمان ئەندامی حیزبی دێموکرات بووین. بەڵام وا گۆش کرابووین هەتا دەورانی پێشمەرگایەتیی مەلا ئەحمەد کە ئێستا ببووە مەلا ئاوارە هەرگیز لەلای یەکتر نەمان درکاند کە ئەندامی حیزبین، هەرچەند بە ڕاشکاوی هەموو شتێکمان لەلای یەکتر دەگوت متمانەی تەواومان پێک هەبوو.

گەڕیدەیی و ماڵ بە کۆڵیی خوێندنی فەقێیایەتی لێکی جیا کردینەوەو بۆ ماوەی چەند ساڵ لێک دابڕاین. وەختێک بیستم وازی لە خوێندن هێناوەو ڕووی کردۆتە کاسبی و خەریکی کڕین و فرۆشتنی تووتنە، ئەویش تووتن لە ئێران و ڕاستیش لە ناوچەی سەردەشت کە بۆخۆی لە شیعری "هاواری تووتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت"دا لە هەموو کەس باشتری ناسیوەو ناساندوە. دواتر ئاگادار بووم کە قاچاغ بووە، وەک زۆر کەسی دیکە پەنای بردۆتە بەر کوردستانی گەرمێن، لانکی خەباتی کوردایەتی و لە نیزیک مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان گیرساوەتەوە.

ساڵ هات و ساڵ ڕابرد، بەهاری ساڵی ١٣٤١ ئەمن کە خوێندنی مەلایەتیم تەواو کردبوو لە گوندی شیوەسەڵی ناوچەی سوێسنایەتی بوومە "مەلا". لەگەڵ ئەوەی ئێستا مەلا ئەحمەد کە ببووە مەلا ئاوارە لە عیراق دەژیاو لە چاوی ڕێژیمی پاشایەتی‌یەوە ناوبردنیشی قاچاغ بوو، ناوی و یادی و باسی ڕەفتارە جوانەکانی و قسە شیرینەکانی نوقڵی هەموو مەجلیسان بوو. لە ژیانم دا کەسێکی دیکەی وام نەدیوە کە ئەوەندە خۆشەویستی هەمووان بێ. هەر لە دەورانی خوێندنی دا خەڵکی هەموو ئاوایی‌یەکانی ناوچە بە ئاوات بوون مەلا ئەحمەدی شڵماشی لە دێیەکەیان بخوێنێ. بۆیە لەگەڵ هەرکەس دادەنیشتم ئەگەر دەرفەت هەبایە باسی ئاوارە دەکراو بە تاسەوە یادی دەکرایەوە.

کەوتینە ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣) مەلا ئاوارە سەروسۆراغی پەیدا بۆوە. بەڵام ئەم جارەیان نە فەقێ بوو نە مەلا و نە تووتن کڕو تووتن فرۆش. ئەم جارە کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. ئەویش چ کادرێک؟ خۆشەویستی هەمووان، جێی متمانەی هەمووان و میوانی ماڵی هەمووان. ئەی لەو هەموو فیداکاری و سەبرو سیکەدانەیە!! جاری وابووە چەند ڕۆژ لە گۆشەی کۆنەکادێنێک و تەنانەت شوێنی حەوانەوەی مەڕوماڵات دا ماوەتەوە، بێ‌ئەوەی کەس هەست بە بوونی لەو شوێنە بکا یان کەس گلەیی لێ ببیسێ یان نێوچاوانی بە گرژی ببینێ. سەیر ئەوە بوو هەموو کاتێک ئاگای لە ڕووداوەکانی سەرانسەری ناوچەی سەردەشت هەبوو. چونکە ڕایەڵکەیەکی وای پێک هێنابوو کە هەرچی ڕووی دابایە پێی دەگەیشتەوەو لێی خەبەردار دەبوو. زۆربەی زۆریش بە تاقی تەنیا بە خۆی و بڕنۆیەکی درێژ و دوو قەد فیشەکدانەوە دەگەڕا. ئیدی لەشکرو مەفرەزەو جبەخانەی بەدواوە نەبوو، بەڵکە وەک ماسی لە دەریای میللەتەکەی دا دەژیاو باکی لە هیچ نەبوو. تەنانەت جارێکیان لەبیرمە لە ماڵی جووتیارێک میوان بوو کە دەستەیەک ژاندارم بە دێی وەربوون و ئەمنیش لەلای بووم. سەعات نیزیک دوازدەی نیوەڕۆی ڕۆژێکی سەرەتای بەهار بوو. هەموومان نیگەران بووین کە بەدوای ئاوارەدا بگەڕێن. بۆیە ئەومان بە جلێکی شڕو قوڕاوی کاسبکارێکەوە وەدەر ناو ئەمنیش تفەنگ و فیشەکدانەکەیم لەبن جل و بەرگی مەلایەتی دا شاردەوەو لە ئاوەدانی وەدەر کەوتم و تەحویلم دانەوە.

ئەو ساڵانە گوزەران تا ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧) ساڵی سەرهەڵدانی بزووتنەوە چەکداریە هەژدە مانگی‌یەکەی بەشێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ناوی "کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان"یان لەسەر خۆیان دانابوو. هێندێک پێشهات بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی گەرمێن هاتنە پێش کە بە جۆرێک بەدگومانیی لەلای کاربەدەستانی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان بەرامبەر بەو هاوڕێیانە دروست کرد. بۆیە پێش نوێ بوونەوەی ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧) لە نێو هێندێک لە پێشمەرگەکان و تەنانەت کادرەکانیش دا بیری گەڕانەوە بۆ ئێران و هەڵگیرساندنی "شۆڕشی چەکداری" گەرای بەست. بەڵام مەلا ئاوارەی وردو بە بیر دژی ئەو بۆچوونە بوو. لە نامەیەک دا کە بۆ منی ناردبوو نووسیبووی حەتمەن ئاگاداری کە ماوەیەکە مقۆمقۆی شۆڕشی چەکداری سەری هەڵ داوە. شۆڕشی چەکداری بەبێ چەک، شۆڕشی چەکداری بەبێ تەشکیلاتی پتەو، شۆڕشی چەکداری بەبێ پشتی جەبهەو... تکایە بە هەر جۆر بۆت دەکرێ هەوڵ بدە ئەو خەیاڵە لە سەری کەسانی نیزیک خۆت بەریەدەر.

کەچی ڕەوتی ڕووداوەکان بە جۆرێک چووەپێش کە نە ئەو کارێکی لە دەست هات، نە ئەمن و نە هیچ کەسی دڵسۆز بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی ناوەخت و ئامادە نەکراو هەڵنەگیرسێ. نێوەڕاستی مانگی جۆزەردانی ١٣٤٦ بوو یادداشتێکی چەند دێریم لە مەلا ئاوارەوە بۆ هات کە نووسیبووی نیزیک بە پەنجا کەس لەو ڕەزانەی پشتی گوندەکەتانین. تکایە نان و پێخۆرمان بۆ بنێرەو بەیانی بۆخۆشت سەرمان بدە. دەوری سەعات سێی پاش نیوەشەو بوو کە نامەکەی گەیشت. چەند کەسی باوەڕپێکراوم لە خەو هەستاندو کارەکەم بۆ باس کردن، پێش دنیا ڕووناک بوون بەشی زیاتر لە ١٠٠ کەس نان و پێخۆرو قەندو چایان خڕکردەوەو بۆیان بردن. بەیانی پێش تاوهەڵات بۆخۆشم چووم، دیتم جگە لە نیگابانەکان دوو دوو و سێ سێ هەرچەند کەس لەبن دەوەنێک نووستوون و لە حاڵی حەسانەوە دان، دواتر کە هەستان دیتم شەهید سولەیمانی موعینی (فایق) چەند کەسی دیکە لە ئەندامانی ڕێبەری و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کادرەکان لەگەڵن و زوو تێیان گەیاندم کە بە یەکجاری گەڕاونەوە. کە پرسیم نیازی چیان هەیە گوتیان لە کوردستانی عیراق جێمان پێ لێژ بووەو ناشمانەوێ خۆمان تەسلیمی دەوڵەتی عیراق بکەین. بۆیە هاتووینەوە لە وڵاتی خۆمان بحاوێینەوە هەتا دەکوژرێین و نیازی شۆرشی چەکدارانەشمان نیە.

کەچی بە پێچەوانەی بەرنامەی خۆیان نەک شۆرشی چەکداری بەڵام زۆر زوو بەربەرەکانی‌یەکی چەکدارانەیان بەسەر دا سەپا. ڕێژیمی پاشایەتی کە هەستی بە گەڕانەوەیان کردبوو، شیو و دۆڵ و چیاو چۆلی بە جاش و ژاندارم و جاسووس و خۆفرۆش لێ تەنین و کەوتە راونانیان. بە ناچار لە زۆر جێگا تووشی تێکەڵچوونی چەکدارانە بوون. هەرچەند ئەو راپەڕینە ئامادە نەکرابوو و بەسەر تێکۆشەرانی دێموکرات و گەلی کورد دا سەپابوو، بەڵام بەڕاستی هەردوو لا قارەمانەتی‌یان نواندو حەماسەیان خوڵقاند. زۆر جار هێزێکی دە پازدە کەسیی پێشمەرگە لەگەڵ سەدان چەکداری دوژمن بەرەوڕوو دەبوون کە بە تۆپخانەو هێلی کۆپتێرو تازەترین چەکی شەڕ تەیار بوون. کەچی بوێرانە بەرەنگاریان دەبوونەوە، زیانی قورسیان لە هێزەکانی دوژمن دەداو سەربەرزانە خۆیان لە گەمارۆی دوژمن رزگار دەکرد. دیارە لەو شەڕانەدا بە داخەوە پۆلێک لە باشترین کادرو پێشمەرگەکانی دێموکڕاتیش گیانیان لەدەست دا کە هەریەکەیان بۆ بزووتنەوەی کورد سەرمایەیەک بوون و لەدەستچوونیان بەڕاستی خەسارێکی گەورە بوو.

شتی زۆر جێگای شانازی پشتیوانیی کۆمەلانی خەڵک لە تێکۆشەرانی دێموکرات بوو. لەگەڵ ئەوەی بەکرێگیراوانی دەوڵەت هەموو رەفتارێکی دژی ئینسانی‌یان دژی ئەو خەڵکە بەکار دێنا. بەڵام قەت پشتیان لە پشتیوانیی رۆڵەکانیان سارد نەبۆوە. لە هەر جێگایەک هەستیان بە بوونی پێشمەرگە کردبایە نان و پێخۆرو بەرگ و پێڵاو و فیشەک و بە کورتی پێویستی‌یەکانی خۆڕاگرتنیان پێ دەگەیاندن. تەنانەت لە جەنگەی شەڕو بەرەبەرەکانی و ئاگربارانیش دا کیژ و لاوانی چاونەترس و بە ئەمەگی کورد نانی تازەو دۆی ساردو چای گەرمیان بۆ دەگەیاندنە سەنگەرو هێندەی دیکە ورەو باوەڕو متمانەیان پێ دەبەخشین.

بەڕاستی دەوڵەتی گەورەو گرانی حەمەڕەزاشا ترسی ڕێ نیشتبوو. چونکە ئەوان توانیبوویان "جزیرەی ئارام"ی حەمەڕەزاشا بشڵەژێنن و گۆمی مەندی بەرهەمی زەبرو زەنگی ژاندارمە بشڵەقێنن. لەو نێوەدا نەخشی مەلا ئاوارە تایبەتی بوو. ئەو ئێستاش هەر لە نێو دەریای بێ بڕانەوەی گەلی خۆی دا دەژیا. جاری وابوو سێ شەوان لە یەک ئاوایی دا دەمایەوە، بەڵام جگە لە کەسانی تایبەتی هەموو کەس پێی وابوو رۆیشتوەو دووریش رۆیشتوە. شێوەی جوانی بۆ نهێنی کاری دادێنان و دوژمن نەی‌دەتوانی شوێنی هەڵگرێ. زۆر کەمیش وابوو لە دووسێ کەس زیاتری بە دەورەوە بێ، هەر لەوکاتەدا چواردەوری هێزی پارێزەر واتە هێزی لە بڕانەوە نەهاتووی خەڵک بوو. جارێکیان ئەفسەرێکی پایەبەرز کە فەرماندەی گشتیی عەمەلیات دژی شۆرشگێرانی کورد بوو، بە زەبوونی پێی لەوە نابوو کە بەدەست مەلا ئاوارەوە داماوە، چونکە هەرچی دەکا ناتوانێ شوێنی هەڵگرێ. گوتبووی شەوێ لە هەر دێیەک بێ بەیانی دەزانین، بەڵام ناتوانین بزانین شەوی دواتر لە کوێ دەبێ تا بتوانین گەمارۆی بدەین.



هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە دوژمن بۆ لە داو خستنی مەلا ئاوارە بە هاوکاریی چەند بەکرێگیراوێک پیلانێک رێک بخەن کە مەلا ئاوارە بێ ئەوەی بیهەوێ، دوو شەو لە جێگایەک وەمێنێ. پیلانەکە بەم جۆرە بوو: خەڵک زۆر جار کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکانیان دەبردە لای مەلا ئاوارە کەبۆیان چارەسەر بکا. بۆ لە داوخستنی ئاوارە راست لەو رێگایە کەلک وەردەگرن: کێشەیەکی زەوی و زار دەبەنە لای ئاوارە کە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوەو کارەکەش وا رێک دەخەن کە دوو لایەنی کێشەکە رێک نەکەون هەتا رۆژ رووناک دەبێ. لەو کاتەش دا بەناوی دڵسۆزی رێگا نادەن مەلا ئاوارە لە ئاوایی بچێتەدەر چونکە بەردەوام هێلی کۆپتێر بەسەر هەموو ناوچەکەدا دەگەڕاو مەترسیی ئاشکرابوونی زۆر بوو. لەولاشەوە خەبەر دەدەن کە هێزێکی پۆشتەو پەرداخی دوژمن بێن دەوری گوندی "دیواڵان" بگرن و بەو زمانەی کە کاربەدەستە فێڵبازو ناپاکەکان دەی‌زانن داوای لێ بکەن خۆی تەسلیم بکا. هێندێک دەڵێن دەرمانداو کراوەو بە بێهۆشی گیراوە، بەڵام نامەیەکی کە پاش گەمارۆدرانی بۆ پێشمەرگەکانی نووسیبوو نیشانی دەدا کە ئەوە راست نیە. بەهەرحاڵ خەیانەتی پێ کراو بە دەهۆ لەداو خراو بە بارەقەڵلایەکی دوژمن فرۆشرا.

**پرسیار :** کاریگەری گیران و شەهید کرانی مەلا ئاوارە، لە نێو خەڵک و تێکۆشەران دا چۆن بوو؟

**وەڵام :** گیرانی مەلا ئاوارەو هاورێکانی: مەلا کەچە، محەمدی وەتمان چاوشین و فەقێ رەحمان بۆ هاورێکانی و بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بەتایبەتی خەڵکی ناوچەی سەردەشت رووداوێکی دڵتەزێن بوو لە بواری سیاسی‌دا حیزبی دێموکرات رێبەری زاناترو بەئەزموونتر لە ئاوارەی هەبوون. بەڵام هیچ زیادمان نەگوتوە کە بڵێین ئەم حیزبە تا ئێستاش نە کادرێکی وا خۆشەویست و نە کادرێکی تەشکیلاتیی وا کارامەو لێزان و بە ئەزموونی بەخۆیەوە دیوە. هەر ئەوەندە بەسە کە بزانین پاش تێکشکانی بزووتنەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ٤٧ ـ١٣٤٦ خەڵکێکی زۆر لە ناوچەی سەردەشت گیران. بەڵام لەسەر کەسیان سابیت نەبوو کە ئەندامی حیزبی دێموکراتن. ئەمەش ئاکامی رێنوێنی‌یە تەشکیلاتی‌یەکانی ئاوارە بوو کە فێری کردبوون چۆن هەموو بەڵگەیەک لە دەست وێراگەیشتنی پۆلیس بپارێزن.

**پرسیار :** باشە بەڕێز مامۆستا دوای ئەوە گەلانی ئێران و کوردستان لە ڕێژیمی پەهلەوی ڕاپەڕین، حیزبی دێمۆکرات وەک حیزبێکی خاوەن پێگە لە نێو کۆمەڵ دا زۆر زوو بەشی هەرە زۆری کوردستانی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، هۆی چی بوو کە ئەو کەسانەی کە شکی ئەوەیان لە سەر بوو کە شەهید مەلا ئاوارەیان لە داو خست بوو محاکمە نەکران؟

**وەڵام :** شتێکی زۆر تاڵ ئەوەیە کە تاوانبارانی داستانی دیواڵان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و ئێستاش بە سزای خۆیان نەگەیشتن. تەنانەت تاوانبارە بنەڕەتی‌یەکان بێ ئەوەی لێیان بپرسرێتەوەو حوکمی گەلیان بەسەردا بدرێ بە مردنی سروشتی سەریان نایەوە کە ناوبردنیان لێرەدا هیچ سوودێکی نیە. رەنگە ئێمە لە حیزبی دێموکرات دا ئەو پاساوە بێنینەوە کە دەرفەتەکە کەم بوو، سەنەدو بەڵگەی دادگا پەسەند لەبەر دەست دا نەبوون و وێ ڕا نەگەیشتین پەروەندەیان بۆ رێک خەین و بیان دەینە دەستی عەداڵەت. بەڵام ئازایانە دەبێ قبووڵ بکەین خەمسارد بووین و بەرامبەر بە خائینانێک کە باشترین رۆڵەکانی ئەم گەلەیان خستە داوی دوژمنەوە هیچمان نەکرد، تەنانەت بۆ حەوتوویەکیش دەستبەسەرمان نەکردن. بەو ئاواتە کە ئەمە دوا کەمتەرخەمیی بەرپرسان بەرامبەر بە خائینانی گەل و نیشتمان بێ.

**پرسیار :** بەڕێز مامۆستا، شەهید مەلا ئاوارە چەندین شێعری شۆڕشگێری و ئەدەبی لە دوای خۆی بە جێ هێشتوون کە لەو کات و سەردەمە دا وێردی سەر زمانی خەڵکی ناوچە و بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایبەت جووتیاران بوو، لەم بوارەدا جەنابت چۆن دەروانیـیە نووسینەکانی مەلا ئاوارە؟

وەڵام : بەجێیە باسێکیش لەوە بکەم کە مەلا ئاوارە هەروەک تێکۆشەرو نیشتمانپارێزێکی گەورە بوو، ئەدیبێکی ناسک خەیاڵیش بوو. نامەوێ بڵێم شاعیرێکی گەورەی وەک خانی و نالی و هەژارو هێمن و... بوو. هەر ئەوەندە دەڵێم عاشقی ئەدەبیات و بەتایبەتی شیعر بوو. بۆ دەربڕینی هەستی خۆی و دەردی خەڵکیش زۆر جار پەنای بۆ هۆنراوە دەبرد. چونکە دەیزانی بەشی زۆری خەڵکەکەی نەخوێندەوارن و لە زمانی هۆنراوە باشتر حاڵی دەبن. بەڕاستییش شاعیری هەژاران بوو. شیعرەکانی کەمن، بەڵام ئەوەی هەن هەموویان لە خزمەتی ئامانجەکانی خۆی و دەرخستنی دەردو مەینەتی خەڵکەکەی دان. باسەکەم درێژ بۆوە. بۆیە حەز ناکەم لەو بارەیەوە زۆرتر بدوێم. بەڵام بەجێ دەبێ ئەگەر شیعری بەناوبانگی "هاواری تووتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت" وەک نموونەیەکی بەرچاوی هۆنراوە نیشتمانیـیەکانی بەدوای ئەم باسەدا بڵاو بکرێتەوە.

یادی بەخێر، رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار.

بەرێز مامۆستا زۆر سوپاس بۆ ئەو کاتەی کە پێت داین و سەرکەوتنت بە ئاوات دەخوازم

سەرچاوە : گیارەنگ

## عەبدوڵلا حەسەنزادە:"زۆر جار بازرگانی بە ڕێبازی قاسملوو دەکرێ"

سۆران پاڵانی

١٨ سال بە سەر تیرۆری دوکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو تێدەپەرێ. لەم سالیادە بە پێویستم زانی چەند پرسیارێکی پێوەندیدار بەو کەسایەتییە شەهیدکراوەی کورد لە گەل عەبدوڵا حەسەنزادە پێک بێنم، کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی رادەکێشم:



سۆران پاڵانی : ١٣ی جولای ٢٠٠٧ ساڵیادی ڕۆژی تیرۆرکردنی د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتە، دوای ١٨ ساڵ لەو کارەساتە تا ئێستا ناوی قاسملوو وەکو ڕەمز و وەکو کاریزمایەک لە حیزب دا ماوەتەوە. هەردوولاشتان خۆتان بە درێژەدەری ڕێگای د. قاسملوو دەزانن ئایا ئێوە چۆن ئەو مەسەلەیە لێک دەدەنەوە؟ لەکاتێکدا ئەوان خۆیان بە قوتابی ڕاستەقینەی ڕێگای دوکتۆر قاسملوو دەزانن؟

عەبدوڵلا حەسەنزادە : ڕاستەقینەکەی با خەڵکی تر قەزاوەتی لەسەر بکا، من جارێکی لە کۆبوونەوەیەکدا دوو هەفتە دوای کۆنگرەی ١٣ قسەم کرد لەسەر ئەوەی کە نووسیبوویان، عەبدوڵلا حەسەنزادە کوێرکەرەوەی ڕێگای د. قاسملوویە. پێم وتن هەمووتان لێرە دانیشتوون کێ بە قەد من لەگەڵ د. قاسملوو ژیاوە. لەگەڵی هاوخەبات بووە، کێ بەقەد من لێی فێر بووە. لەسەری نووسیویەو بەقەد من یادی کردۆتەوە، کێ هەیە با دەست هەڵێنێ کەس ئەو ئیدیعایەی نەکرد. بەڵام شتێکی زۆر سروشتییە د. قاسملوو ڕێبەرێکی گەورەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە. ئێمەش هەموومان ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانین. لە پاشان بە باوەڕی من د. قاسملوو وەکو هەموو تێکۆشەرێکی کورد، لەو تێکۆشەر و ڕێبەرە گەورانەیە کە هی هەموو بزووتنەوەی کوردە نەک هی حزبی دیموکرات، گەر کەسێک خۆشی ویستبێ و یەکێک خۆشی نەویستووە کاریگەری نابێ، ئەوانەی کە خۆشیان نەویستووە بەپێچەوانەی ویستی ئەوان قاسملوو ڕێبەرێکی گەورەی هەموو کوردەو تەنانەت یەکێکە لە ڕێبەرە گەورەکانی دنیا.

سۆران پاڵانی : کە دەڵێی پیاوێکی گەورەیەو یەکێکە لە ڕێبەرە گەورەکانی دنیا تا چەند کار بە بیروباوەڕەکانی قاسملوو دەکرێ لە حیزبی دیموکرات دا؟

عەبدوڵلا حەسەنزادە : ئەمن زۆر جارم ئەوە وتووە ڕێبازی قاسملوو بەداخەوە زۆر جار بازرگانی پێوە دەکرێ. تەفسیر ناکرێ، ڕێبازی قاسملوو بە مانای ڕێبازی خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی میللەتی کورد و جێگیربوونی دیموکراسی لەو بەشەی کوردستان و لە ناوچەدا. بەڵام میتۆد و شێوەی ئەو خەباتە مەرج نییە ئەمڕۆ وەک ئەو ڕۆژەی بێ کە د. قاسملوو بووەتە سکرتێر، هەر هەلومەرجێک جۆرێک لە تاکتیکی خەبات بۆ مرۆڤ دێنێتە پێشێ، ئەگەر د. قاسملوو بوایە وای هەلسووکەوت دەکرد ئێمەش ڕێبوارانی ڕێگای د. قاسملوو دەبێ ئەوە ڕەچاو بکەین، شیعارێک کە سەردەمی د. قاسملوو هەبوو خودموختاری بوو، ئێستا گۆڕیومانە بۆ فیدراڵی، ڕەنگە د. قاسملوو مابا کردبایە بە فیدرالیزم ئەوە لادان لە ڕێبازی د. قاسملوو نییە. هەر چەند بە داخەوە لە کۆنگرەی ١٢دا هەندێک لە ڕێبەرانی حیزب و تێکۆشەران داوایان دەکرد کە دروشمی حیزب بگۆڕین بیکەینە فیدراڵیزم، ئەو برادەرانە کە ئێستا خۆیان بە قەوڵی تۆ بە قوتابی ڕاستەقینەی ڕێبازی د. قاسملوو دەزانن ئەوان دنیایان لێ کردینە هەراو هوریا و وتیان ئەوانە دەیانەوێ خەیانەت بە ڕێبازی د. قاسملوو بکەن. چونکە قاسملوو داوای خودموختاری کردوەو ئەمانە داوای فیدرالیزم دەکەن. وا نییە دەتوانین سیاسەتێک، دروشمێک، ڕێبازێک بگۆڕین کە لە سەردەمی د. قاسملوودا باو بووە چونکە کاتی بەسەر چووە.

سۆران پاڵانی : دوای دوو لەتبوونتان وتت نابێ چی دی لەسەر سفرەی قازی و قاسملوو نان بخۆین؟ ئایا پێت وا نییە ئێستاش حیزبی دیموکرات لەسەر میراتی قاسملوو دەژی؟

عەبدوڵلا حەسەنزادە : من مەبەستم ئەوە نەبوو نابێ لەسەر سفرەی ئەو نان بخۆین لەسەر سفرەی ئەو نان دەخۆین تا سەد ساڵی دیکەش. بەڵام قسە لەوەیە دەبێ ئێمە شتی دیکە بێنین، هەر کافی نییە ڕێبواری ڕێگای د. قاسملوو بین. مەحوی دەڵێ: "فەزیلەی ئەصڵ و فەسڵ ئینسانی پێ نابێتە ساحێب فەزڵ، کە تۆ کۆسەی بە تۆ چی مامەڕیشی باوباپیرت چۆن دەبێ گەر لێم بپرسن تۆ چیت پێیە، چی دەزانی، بڵێم من لە حیزبی د. قاسملووم خۆ کافی نییەو دەبێ خۆشم شتێکم هەبێ، مەبەستەکە ئەوەیە دەنا ئێمە نەک لەسەر خوانی د. قاسملوو نانی دەخۆین لەسەر خوانی شێخ سەعیدی پیران و شێخ عوبیدوڵلای شەمزینیش نان دەخۆین.

سۆران پاڵانی : لە وتووێژێک دا هاوسەری د. قاسملوو نەسرین خان گلەیی لە تۆ هەیە کە وەکو پێویست هەواڵی ناپرسی؟

عەبدوڵلا حەسەنزادە : ناوی منی نەهێناوە شتی وا نییە؟

سۆران پاڵانی : مەبەست لە ڕێبەرانی حزبی دیموکراتە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** گلەیی لە ڕێبەرانی حیزب کردووە، لەو بارەیەوە ئەمن ناڵێم حەقی خۆیم پێداوە، بەڵام یەکێک لەوانەم کە لە هەمووان پتر خوشکە "نەسرین" هاوسەری د. قاسملوو نزیکمەو پەیوەندیم پێوە هەیە، فرسەتم بۆ هەڵکەوتبێ هەمیشە سەرم داوە، ئەگەر نا لێرەش هەر ناو بەناو پەیوەندیم لەگەڵی هەیەو تەلەفۆنی بۆ دەکەم، ڕەنگە ئەو قسەیە کەمتر لە هەمووان من بگرێتەوە.

**سۆران پاڵانی :** دوای سەرکەوتنی سارکۆزی لە هەڵبژاردنەکانی فەرەنسا، د. برنارد کۆشنیر کرا بە وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە، بە حوکمی ئەوەی کۆشنیر یەکێک لە هاوڕێ دێرینەکانی د. قاسملوویە چ کاریگەرییەکی دەبێت لە پشتیوانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** کاتێک ئینسان دیپلۆماتەو سەرۆکی دیپلۆماسیی وڵاتێکە هەندێک ئیلتزاماتی بۆ دروست دەبێ کە دەستی وا ئاوەڵا نییە، کۆشنیری پێش بوونی بە وەزیری دەرەوە پتر دەیتوانی باسی مەسەلەی کورد بکاو پشتیوانی لێ بکا. تا کوشنیری وەزیری دەرەوەی فەرەنسا. دەبێ ئەمە خەڵک تێی بگا، یان فیشەری ئەندامی پەرلەمان پتر دەیتوانی باسی مەسەلەی کورد بکا تا فیشەری سەرۆک کۆماری نەمسا "ئوتریش".

بەڵام بە هەر حاڵ کۆشنیر دۆستی کوردەو پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەموو ڕێبەرانی کورد و لەگەڵ د. قاسملوو دیارە کۆنتر و پتەوترە. پێم وایە ئێستاش هەر دۆستی کوردەو بوونیشی لەو پۆستەدا بەباش دەزانم.

**سۆران پاڵانی :** تا چەند لەگەڵ تۆدا دۆستەو لەیەکەوە نزیکن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە :** من دۆستایەتیم لەگەڵ هەبووەو چەند جار بینیومەو دۆستایەتیشمان هەر بەردەوامە، لە بیرمە لەسەر گلکۆی د. قاسملوو لە چوارچێوەی قسەی خۆیدا وتی: "مامۆستا" عەبدوڵڵا حەسەنزادە لێرەیەو دەبینم ئاڵاکەی د. قاسملووی بەدەستەوەیە.

## دیمانەی فەرەیدون بێوار لە گەڵ ڕێزدار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

**فەرەیدون بێوار :** حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەنی بەرەی چەکداری کەمتر چالاکن، ئەمەش دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، خوێندنەوەیەک کە پێی وایە پارتی و یەکێتی ڕێگا نادەن ئەو شێوازە خەباتکردنە بەکاربهێنن، ئەوەی تریان پێی وایە، حیزبەکان بەخۆیان قەناعەتیان بە بەردەوامی خەباتی چەکداری لاوازە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە :** ئەمانە هەردووکیان ڕاستن، سەبارەت بە ئێمە هەر لەسەرەتاوە شێوازی خەباتی مەدەنی و ئاشتیانەمان پێ باشتر بووە، هیچ میللەتێک حەز ناکات هەر بکوژێت و لێی بکوژرێت، بەڵکو بەشێکی دیکەی وەڵامەکە ئەوەیە کە حکومەتی کوردستان شوێنی حەوانەوەو پەناگەی ئێمەیە نابێت گیروگرفتی بۆ دروست بکەین، حەزناکەم ناو لەو مەسەلەیە بنێم فشاری پارتی و یەکێتی، چونکە هیچ کاتێک بارودۆخە بەوە نەگەیشتووە کە ئەوان فشارمان بۆ بێنن تا لە خەباتی چەکداری وازبێنین ڕەنگە بە داخوازیەکی برایانە داوایان لە ئێمە کردبێت کە موراعاتی وەزعی ناسکی کوردستان بکەین، جارێکیان لەبیرمە چەند نوێنەرێکی حکومەتی ئێران هاتبوون بۆ سەڵاحەدین، منیش هەر لەوکاتەدا بەنوێنەرایەتی حیزب لەوێ ئامادەبووم، ئەوکات هەردوو سەرۆکی کورد لەوێ بوون، بە مام جەلالم گوت: هەر ڕێکەوتنێک کە لەگەل حکومەتی ئێران دەیکەن یەکەم خاڵی با ئەوەبێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا هەموو چالاکیە سەربازیەکانی حیزبی دیموکرات ڕاگرێت، مام جەلال گوتی تۆ دەزانی چ دەڵێی؟ گوتم: بەڵێ، ئەوە قسەی خۆم نیە بەڵکو بڕیاری مەکتەبی سیاسی حیزبە، مادام حکومەتی ئێران



ئامادەیە ڕێکەوتن لەگەل حکومەتی هەرێم مۆربکات، ئێمە ئەو هەڵوێستە وەردەگرین و بڕیاری خۆمان دەکەینە قوربانی، ئەوە هەر ئێستا نیە کە ئێمە شێوازی خەباتی مەدەنیانەمان هەڵبژاردوە تەنانەت بڕیاری ئاشتی خوازانە یان هەڵبژاردنی شێوازی خەباتی مەدەنیانە وای لە هەندێک لایەن کردبوو کە خەڵک هانبدەن تا خۆپیشاندان دژی ئێمەو پارتی بکەن، بڵێن دیموکرات و قیادە ڕەنجی کوردیان بەبادا، چەندین جار ئێمە ڕامان گەیاندوە کە ئەگەر حکومەت ئامادەبێت تەنیا خود موختاری بە کوردستان بدات پێشمەرگەکانمان دەنێرین شان بەشانی سوپای ئێران شەڕی سەربازانی عێراق بکات، ئەوەمان چەند جار گوتووە لەکاتی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا.

**فەرەیدون بێوار :** باشە بۆچی هەوڵتان نەدا لە سەردەمی خاتەمی کە ئەوکات سیاسەتی ئێران کەمێک کراوەتربوو، پرۆژەی خود موختاری کوردستان زیندو بکەنەوە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە :** محەمەد خاتەمی ئەدەبیە، قسەی جوانی کردووە، بەڵام هیچ کاتێک باسی لە خود موختاری یان خود گەردانی نەکردووە، خود گەردانی پرۆژەیەک بوو کە حیزبی توودە گەڵاڵەی کرد، بەڵام هیچ کاتێک خاتەمی یان ئێران لەو سەردەمە نەهاتووە ئیشی لەسەر بکات، ئەوان هەمیشە لەدوای فرسەتێک دەگەڕاێن، تەنانەت قسەیەکی خوالێخۆشبوو "خومەینی" ئەو کاتە زۆر باسدەکرا کە گوتبووی، یەکەمجار گەمارۆیان بدەن ئەو جا قسەیان لەگەڵ بکەن، ئەوان نەیان دەویست گفتوگۆ لەگەل کورد بکەن، بەڵکو دەیان ویست تەنیا کورد بخافڵێنن.

**فەرەیدون بێوار :** پەیوەندیتان لەگەل موجاهیدی خەڵقی ئێران چۆنە، ئایا تاچەند لەگەل بیرو ڕای حیزبە کوردستانیەکانن کە ئەو ڕێکخراوە بە یارمەتی دەری بەعس دژ بە خەڵکی کوردستان لە قەڵەم دەدەن؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە :** لەگەل ئەوەشدا ئێمە موجاهیدین بەهێزێکی گەورەی ئۆپۆزسیۆنی ئێران دەزانین، بەڵام هێزە سیاسیەکانی کوردستان کەمتریان پەیوەندیان لەگەل هەیە، پێم وابێ ئەو شتە بەو جۆرە نییە، دەڵێن لە سیاسەتدا نەدۆستایەتی یەکجاری و نە دوژمنایەتی یەکجاری هەیە، چەند لەو هێزانەی کە پێشتر لەیەکتریان دەکوشت و یەکتریان بەخائین ناو دەبرد ئەمڕۆ هاوپەیمانی یەکترن، ئێستا ئەمریکا موجاهیدنی لە لیستی تیرۆریستان نەهێناوەتە دەرەوەو پارێزگاریشیان لێدەکات، تەنانەت سەبارەت بە پەکەکەش ئەمریکا بەجۆرێک لە جۆرەکان گفتوگۆ لەگەل ئەو هێزە دەکات کەچی لە لیستی تیرۆریستانیش دایناوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**فەرەیدون بێوار :** بۆچی تاوەکو ئێستا حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پرۆژەیەکی چارەسەری نەتەوەییان نەبووە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە :** پرۆژە هەبووە بەتایبەتی لەلایەن حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە کە هێشتان لەت نەبوو بوون، بەڵام بەڕای من کێشەی گەورە لێرەدا ئەوەیە کە زۆربەی ئەو حیزبانە لە دەرەوەی وڵاتن و لەناو خاکی خۆیان نین، لەنێو خەڵکی خۆیان نین، ئەو زەرورەتەی کەبەو جۆرەی کە هەیە سودی لێ نابینین، هەر کەسەی لە شوێنێک و لە خێمەیەک دانیشتوون لەمەیدانی خەباتەکەدانین کە ئەو زەرورەتە هەست پێ بکەن، وە فشاریان لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە لەسەر نییە، مەبەستم دەرەوەی خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە واتا کوردستانی عێراقیش.

**فەرەیدون بێوار :** هەست دەکرێت کە کەمتر حیزبە کوردیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات جەماوەریان هەیە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە حکومەتی ئێران گرنگیەکی تەواو بە دێهاتەکان و شارە کوردییەکان دەدات و خزمەتگوزاریان بۆ دەبات بۆیە کەمتر خەڵک ڕوو لە پێشمەرگایەتی دەکات؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە :** نازانم ئەندامی حیزبەکان بۆ کەمن، گەر ئەندامانی حیزبەکان هەر ئەوەندەن کە لێرەن بابرۆن بارەگا داخەن و خواحافیزیان بێت، ئێمە بەشی هەرەکەمان لە دەرەوەین، بەشی هەرە زۆریشمان لەناوەوەی وڵاتین، تەعبیرێکی دیکە بەکاردێنین ئەوانەی کە ترساون هەڵاتوین و ئەوانەی کە ئازان لەوێ ماون.

بەڵام بۆ دەبێت پێمان وابێت میللەتێک هەردەبێت برسی بێت ئەو سا حیزبی سیاسیان هەبێ، خۆگەلانی تێریش هەر حیزبی موعارەزیان هەیە، بەڵام خەڵک بەژیری و وشیاری خۆی توانیویەتی دەوڵەت بەڕێوەببات نەک بە بەرنامەداری دەوڵەت، سەرەڕای ئەوەش بەپێی ئامارەکانی وڵاتی ئێران لە ٣٥%ی خەڵکی کوردستان لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، خەڵکێک هەیە لە کوردستان حەزیان لەکاری حیزبایەتی و سیاسی نییە، بەڵام ئەوانە ژمارەیەکی یەکجار کەم لە خەڵکی کوردستان پێک دێنن.

**فەرەیدون بێوار :** لە کوردستانی ئێران چەندین ڕۆژنامەو بڵاڤۆک بە زمانی کوردی دەردەچن، خوێندن لە زانکۆکان بە زمانی کوردی هەیە، ئایا ئەمە جۆرێک نییە لە دەرفەتدان بە ئازادی ڕادەربڕین؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە :** لەپێشدا با ئەوەتان بۆ ڕوونکەمەوە کە تاوەکو ئێستا لە کوردستان زانکۆی کوردی نییە، بەڵکو دوو بەش هەیەکە بە زمانی کوردی بخوێندرێ نازانم دەست پێکراوە یا خود نا، پێنج شەش ساڵە بڕیاری لێدراوەو زۆریش بە مەکسەبێکی گەورە لە قەڵەم دراوە، لەحاڵێکدا لە زەمانی شا لە کوردستانی ئێران دوو بەشی زمانی کوردی دە خوێندرا، ئەوانە زانکۆ نین بەڵکو کۆلێژی زمانی کوردین کە بەتەمان بخوێندرێن، ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیانەش کە دەردەچن بەڕاستی بە دەسکەوتی خوێنی چەندین ساڵەی گەلی کوردی دەزانم، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ حاشا لەوە بکەم کە ئەگەر ڕژێمێک چەندە دژی ئازادیش بێت گەر خاڵی ئیجابی هەبوو دەبێ باسبکرێت.

**فەرەیدون بێوار :** پاش کەرتبوونەکەی حیزبی دیموکرات باس لەوەدەکرا کە هەر لایەکتان لەو دووباڵە یەکێک لە حیزبە سەرەکیەکانی کوردستان پاڵپشتیتان دەکات؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە :** من ناڵێم خەڵک ئەو قەزاوەتە ناکات، بەڵام ئەوە دەڵێم ئەوەندەی من لەناو ئەو حیزبەی خۆماندا بوومە بە تەواوی ئەوە ڕەتدەکەمەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستان نە سەر بە پارتیەو نەسەر بە یەکێتییە، وە نەسەر بە پارتی دەبێت نەسەر بەکێتی دەبێت، بەڵام دۆستی هەردوو لایانە جا خەڵک بۆخۆی چ دەڵێ خۆ زاری خەڵکی تورەگە نیە من بیبەستم، من دیسانەوە دەڵێم نەلەپێش لەتبونێ نەلە پاش لە تبونێ نە لەسەرەوە نە لەخوارەوە قسەیەکم نەبیستووە باس لە پێخۆشبونی لەت لەت بوون بکەن، هەوڵی زۆریش درا لەلایەن هەردوو لاوە تاوەکو نەهێڵێن ئەو لەت بوونە دروست بێت، بەڵام لەیەک دوور بووین.

**فەرەیدون بێوار :** پاش هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق و هاتنە ئارای قسەو باسی لێدانی ئێران لەلایەن ئەمریکا هیچ بەرەیەکتان پێک نەهێناوە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە :** ئێمە لە کۆنەوە هەوڵمانداوە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکادا هەبێ لەکۆنەوە لەساڵەکانی (١٩٩٤ – ١٩٩٥) وە، ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکا هەیە، مەسەلەی هاوکاریش لەگەڵ ئێمەدا، هاوکاری مادی تائێستا شتی وانەبوو، ڕاستیەکەی ئەمریکا ئەو نیازە جدیەی کە بۆ ڕوخانی ڕژێمی عێراق هەیبوو بۆ ڕژێمی ئێرانێ نەیبووە، ئەوان نایانەوێت دەوڵەتی ئێرانی بگۆڕن بەڵکو دەیانەوێ سیاسەتی دەوڵەتی ئێرانی بگۆڕن، جا بۆیە تائێستاش گەمارۆی ئابووری و ئەو فشارە سیاسیەیان بەکارهێناوە.

**فەرەیدون بێوار :** پەیوەندیتان لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا چۆنە ئایا هاوکاریتان دەکەن لەهیچ ڕویەکەوە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە :** لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ئەندامی حیزبیمان هەیە، نوێنەرایەتیمان هەیە، پەیوەندیمان لەگەڵ حیزبەکان و پەرلەمانداەکان هەیە، بەڵام دیارە زیاتر دەعمی ئەو وڵاتانە هاوکاری سیاسی و مەعنەویە، هاوکاری عەمەلی ناکەن، ڕەنگە لەهەل و مەرجێکی دیکەدا هاوکاری عەمەلیش بکەن، خۆی لە کوردستانی باشوریش تا ئەو گۆڕانکاریە ڕووینەدا هاوکاری عەمەلیان نەکرد.

**فەرەیدون بێوار :** ڕەوشی ژیانی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لێرە ناهەموارە هەوڵی ئێوە بۆ چاکترکردنی ئەو بارودۆخە چییە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە :** دەبوایە ئەو پرسیارە لە کاربەدەستانی کوردستان بکەین، من لەکاتی خۆیدا نامەم بەدەست و خەتی خۆم بۆ هەردوو سەرکردەی حیزبە کوردیەکان ناردووە، باسی بارودۆخەکەم کردووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئێمە مەمنونی حکومەت دەبین، بۆ نموونە ئێستا بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک یان ئەو بایەعەی کە دەدرێت شمولی ئێمەش دەکات، وەکو هاوڵاتیەکی کوردستان لە کارەباو ئاو و نیشتەجێبونی ئەو وڵاتە سودمەندین ئێمەش ئەوەمان لەبەرچاوانە، بەڵام گەر هەوڵبدرێت، زیاتر ژیانیان باشتر بکرێت دیارە ژمارەیان گەلێک زۆرنیەو دەکرێت چاک بکرێت.

**فەرەیدون بێوار :** زۆرجار سیاسەتوانانی کورد باس لەخەونی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکەن، بۆچی ئێوەش نەبوونەتە بەشێک لە دروستبوونی ئەو پرۆژەیە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە :** جا نامان کەنە بەشێک لەو پرۆژەیەی کوردستانی گەورە، گەر ئێستا سەیری "پژاک" بکەین دەبینین دەڵێ ئێمە بۆ بستە خاکێکی کوردستان شەڕ ناکەین، دەنا پرۆژەی کوردستانی بوونی گەورە گەر لەخەمی چوارچێوەیەکدا بیگریت، ئەمرۆ لەهەل و مەرجی ئێستاماندا لەدەیەی ئەخیردا، دەبێت دەست پێشخەریەکی کوردستانی باشووربێت بە تایبەتی دوو پارتە سەرەکیەکە، ئەو موبادەرەیە بە ئێمە ناکرێت گەرنا ئێمە بە ڕەسمی ڕامان گەیاندووە کە لەگەڵ یەکپارچەی کوردستان داین.

**فەرەیدون بێوار :** ڕەوشی کوردستانی باشوور چۆن دەبینی، پێت وایە لە بەرنامەو ستراتیژیەتی ئەمریکا هیچ پرۆژەیەک هەیە بەناوی کوردستانی گەورە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە :** لەباری سیاسی پێم وایە هەلومەرجێکی سیاسی گونجاو لە کوردستان هەیە، لە باشووری کوردستان من ناڵێم کوردو ئەمریکا هاوپەیمانن، بەڵام ئێستا ئەو دوو لایەنە بەرژەوەندیان پێکەوەیە، بەڵام گەر بڵێن هاوپەیمانیەتێکی ڕەسمی هەیە من شتی واناڵێم، چونکە پێم خۆش نیە قسەکانم لەمانای خۆیان گەورەتربن، بەڵام دەرفەتێکی باش بۆ کورد ڕەخساوە کە گەورەترین هێزی دنیایێ لەو وڵاتە هەیە، قازانجەکانیش لەگەڵ قازانجی کوردستان یەکتر دەخوێننەوە، پێشم وایە ڕێبەرایەتی کورد خراپ سودی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو هەل و مەرجە وەرنەگرتووە، لەبارەی ئەوەش کە ئەمریکا نەخشەی کوردستانێکی گەورەی لەجانتاکەی دابێت من شتی وانابینم، جارێکیان شتێکی وام بەرگوێ کەوت کە بەرپرسێکی ئەمریکی گوتویەتی تا ئەمریکا لە عێراقدا بێت ناهێڵێت کەرکووک بگەڕێتەوە سەر کوردستان، جا گەر ئەوان ئامادەنەبن پارچەیەکی وا بچووک بگەڕێتەوە سەر کوردستان چۆن دەوڵەتێکی کوردی گەورە دروست دەکەن.

فەرەیدون بێوار : پێت وایە لەڕووی نەرمی نواندان و سەلماندنی مافی کورد ڕژێمی ئێران باشتر بووە یان عێراق؟

مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە : مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێ: "نە بووک بێ و نە خەسوو" لەبارەی حکومەتەکانی حاکم بەسەر کوردستاندا، من هەمیشە وام گوتووە کە ناکرێت هەر کامێکیان بگرێت و حوکمی موتڵەقیان بە سەربدەی، بۆ نموونە لەبارەی ئەوەی کە حاشا لە کورد و ناو نەکراوە ئێران لەپێش هەموانەوە بووە، لەبارەی هەندێک مومارەساتی دیموکراتیکەوە تورکیا لەپێش هەمووانەوە بووە، لەبارەی ئیعترافیش بە کوردو زمانی کوردیەوە عێراق لەپێش هەمووانەوە بووە، لەبارەی کەمتربوونی زەخت سوریا لەپێش هەمووانەوە بووە.

فەرەیدون بێوار : ڕوویداوە لەکاتی شەڕکردندا لە سەنگەردا بیرت لە خۆشەویستەکەت کردبێتەوە؟

مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە : دەبێت هەم لە سەنگەرو هەم لە خۆشەویستی بزانین مەبەستمان چییە، گەر مەبەست ئەو سەنگەرەیە کە تۆ دانیشتوو تفەنگی داوێی، من قەت نەچوومە ئەو سەنگەرەوە بە حەیاتم تفەنگم بەڕووی دوژمنەوە

نەهاویشتووە، بەڵام لەگەڵ هێرشی تانکو فڕۆکەو تۆپ ڕوو بەڕوو بوومەو ئێستا پێم سەیرە کەماوم، گەر خۆشەویستی ئەوەش بێت کە کوڕێک کچێکی خۆش بوێت ڕەنگە ئەوەش هەر درەنگ بێت، چونکە ئەو کاتەی من ژنم هەبووەو لەو مەسەلانە چوومەتە دەرێ.

سەرچاوەی سایتی کوردستان فۆر پریش

## وتووێژی کاوان عومەر سەلامی لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە:



### من هەندێک مەفهومی تازەم هێناوەتە ناو ئەدەبیاتی حیزبی دیموکرات"

کاوان عومەر سەلامی : حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نیازە بەم نزیکانە کۆنگرە ببەستێت ئایا کۆنگرەی ئەمجارە کۆنگرەی ریفۆرم دەبێت یاخود کۆنگرەیەکە بۆ ڕزگاربوون لە قەیرانی ڕیبەرایەتی؟

عەبدوڵلا حەسەن زادە: ڕەنگە هیچیان بەو دەقاودەقییە باس نەکەین باشترە، چونکە زۆر باوەڕم بەشتێکی وانییە کە پێی دەڵێن قەیرانی ڕێبەری، مێژووی حزبی دیموکراتی کوردستاندا، جگە لە هەردوو ڕێبەر پێشەوا قازی محەمەد و دکتۆر قاسملۆ، ڕەنگە ڕێبەرانی تر کەموکوڕییان هەبوو بێت لەچاو ئەو ئەرکە گەورەیەی کە لەسەر شانیاندا بووە، دیارە ئەگەر ئەوە بەقەیران دابینێن، پێموایە ئەدەبی نابێت کە بڵێم کەم و زۆر حیزبە کوردییەکان تووشی ئەو قەیرانە هاتوون، تەنانەت ئەگەر بڵێین ئەو قەیرانەش هەیە خۆ ئێمە ڕێبەر هەر لەناو ئەندامانی حیزبی دیموکرات هەڵدەبژێرین، خۆ ناچین ئابراهام لینکوڵن و یان میتەران بکەین بەڕێبەری حزب، کەواتە بەو مانایەش قەیرانی ڕێبەری چارەسەر ناکەین.

ئەگەر باسی ڕیفۆرم و گۆڕانکاری بکەین، ئەوا حیزبی دیموکراتی کوردستانی لەهەموو کۆنگرەیەکدا ئاڵوگۆڕی بەسەر خۆیدا هێناوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەیە دەورانی ئێمە، تاڕادەیەکی زۆر دەورانێکی نوێیە و هەندێک ناوەڕۆک و چەمکی سیاسیی هەبوون کە ئێستا کاتیان بەسەرچووە و ڕەنگە لەکاتی خۆیدا باشمان نەپێکابێت، بۆیە دەبێت ئێستا بیانگۆڕین و دەبێت حیزب چاو بەسەر ئەو شتانەدا بخشێنێت و بیانگۆڕێت.

لەهەمان کاتیشدا دونیای ئەمڕۆ جیاوازی زۆرە لەگەڵ دونیای دوێنێدا کە هەندێک لەو چەمکانەی پێشتر کاریان پێکراوە، ئێستا کاریان پێناکرێت بەجۆرێکی دیکە بڵێین دونیای ئێستامان لەگەڵ دونیای پێشکەوتوویی ئەمڕۆ زۆر لە یەکترییەوە نزیکە، بۆیە هەندێک مەفهومی نوێ هەن کە دەبێت بێنە ناو کاروباری سیاسیمانەوە، دیارە ئەمانە وا دەکەن کە هەندێک ئاڵوگۆڕ بەسەر بەرنامەکانماندا بێنین، بەڵام دیسان نامەوێت ناوی لێ بنێم کۆنگرەی ریفۆرم، چونکە تەنانەت ئەگەر لە تواناشماندا هەبێت، ڕەنگە هەمووی لە توانای ئێمەدا نەبێت بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵەکەمان ئەو شتانەی بەسەردا سەپاندووین و خۆ ڕزگارکردن لەوانە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین ڕێبەریی بەهێز بکەین بەتایبەتی ئێمە بەدوای لەتبوونێکدا ئەو کۆنگرەیە دەبەستین، کە لەو لەتبوونەدا لەڕێبەری حیزب بەشێکی کەمی لەلای ئێمەیە هەرچەندە لەنێو کادرەکانی حزبدا ڕادەکە بەتەواوی پێچەوانەیە، بەتایبەتی کاتێک چاو لەوکەسانە بکەین کە حزبی دیموکراتیان پێ دەناسرێت ئەوانە بەشێکی زۆر زۆر بەرچاویان لەلای ئێمەن، کە ٧٠% دەبێت، کەواتە لەو بارەیەشەوە بەهێزتر و بەتواناتر دێینە ئاراوە.

کاوان عومەر سەلامی : عەبدوڵلا حەسەن زادە وەک کەسێکی کاریزما چاوی لێدەکرێت لە حیزبدا، جەنابت پێتوانییە کاریزمایی کۆمەڵێک ئاستەنگ دروست بکات لە بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەڵێنتانداوە؟

عەبدوڵلا حەسەن زادە: بەش بەحاڵی خۆم ئەوە وەک لوتفێکی جەنابت وەری دەگرم، چونکە خۆم وەک کەسایەتییەکی کاریزماتیک نازانم، بەڵام بێگومان جێگایەکی خۆمم هەیە لەناو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا کە هەوڵ و تێکۆشان و هاوڕێیەتیە لە خزمەت ڕێبەرانی شەهیدماندا کە لەوانەیە ئەوانە شتێکیان پێکهێنابێت، بەڵام پێموایە ئەوە بەهیچ جۆرێک ئاستەنگ دروست ناکات، چونکە عەبدوڵلا حەسەن زادە ئەگەر یەک هونەری هەبێت ئەویش ئەوەیە کە هەموو کاتێک باوەڕی بە گۆڕان و دەستا و دەستکردنی دەسەڵات و دیموکراسی هەبووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێم ناخۆشە من ئەوە بڵێم، بەڵام ڕەنگە خەڵکی دیکە شاهیدیم بۆ بدات کە ئەو کاتەی کە نەک بوومە ڕێبەری حیزب بۆ یەکەمجار، بۆ دووهەمجار، بۆ سێیەمجار لە کۆنگرەکاندا هەندێک مەفهومی تازەم هێناوەتە ناو ئەدەبیاتی حیزبی دیموکرات کە تا ئەو سەردەمە لەناو حیزبدا نەبووە و هەمووشیان لە خزمەتی پەرەپێدانی دیموکراسی و دەستا و دەستکردنی دەسەڵات و ئازادی دەربڕینی بیروڕای جیاوازبووە لەنێو حیزبی دیموکراتدا، ڕەنگە گەورەترین ئەرکێک کە لەم کۆنگرە دا پێموایە لەسەر شانم بێت ئەوەیە کە دیسان هەوڵبدەم ئەو مەفهومانە جێگیربکرێن، کەواتە من نەک هەر کوسپی سەر ڕێگای ئاڵوگۆرنابم، بەڵکو هیوادارم و دڵنیاشم لەخۆم یەکێک لەوکەسانەدەبم کەگۆڕانکاری پێکدێنێت.

**کاوان عومەر سەلامی** : *دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا باڵێک هەیە بەرێبەرایەتی مەلا حەسەن ڕەستگار ئەمە تاچەند راستە؟*

**عەبدوڵا حەسەن زادە:** دیارە حزبێک ئەگەر جیاوازی بیروڕای تێدا نەبێت حزب نییە و دیکتاتۆری بەسەریدا زاڵ دەبێت، یاخود تەنیا یەک دوو کەسیان شت بزانێت و ئەوانی تر هەمووی نەزان و چاویان لەدەمی ئەوان بێت، بەحیزبی نازانم، کەواتە من لەگەڵ کاک مەلا حەسەن ڕەستگار یان هەر ڕەفیقێکی تر لەناو حیزبدا جیاوازی بۆچوونمان دەبێت، دیالۆگ دەکەین بەدۆستانە و ڕەنگە رای من سەرکەوێت یان رای ئەو، دیارە لەکۆمەڵگایەکدا ئەگەر خەڵک تەوافوقیان کرد ئەوە باشە، دەنا ئەوکات خەڵک بڕیار دەدات من بەتەواوی رەدی دەکەمەوە و هەرکەسیش لەدۆست و دوژمن کیسەی بۆ هەڵدوریوە من دڵنیای دەکەمەوە کە بەو ئاواتە ناگات.

**کاوان عومەر سەلامی** : *لەم کۆنگرە دا چۆن باس لەوەدەکەن کە پەیوەندی لەگەڵ موجاهیدینی خەلقی ئێران دروست بکەنەوە؟*

**عەبدوڵا حەسەن زادە:** پێموانییە ئەوە ببێتە قسەو باسێک کەئەم کۆنگرەیە خۆی پێوە خەریک بکات، لەگەڵ موجاهیدین دا هیچ دوژمنایەتییەکمان نییە، هیچ ناکۆکیمان نییە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا هیچ پەیوەندییەکیشمان نییە، ئێمە وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی تەماشایان دەکەین و لەریزی هێزە نیشتمانپەروەرەکان دامانناون، بەڵام کاتی خۆی ئێمە لەگەڵ ئەواندا لەشورای ملی لەبەرگریدا بووین، دیارە هەندێک بیانوویان سازکرد بەڵام لەناوچەکە دا ئێمە هێزێک بووین کەنایانەدەتوانی بمان سڕنەوە و پێیان وابوو کۆسپێکین لەسەر ڕێگایاندا، هاتن دەریان کردین لەشوراکە دا و بەپێی ناوەڕۆکی شوراکە ئەو دەرکردنە ناڕەوابوو، هەر بۆیە ئێمە لەشورا هاتینە دەرێ، دواتر ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵداگرتن و پێمان ڕاگەیاندن دیارە ئەگەر نەمانتوانیوە لەشورا دا پێکەوە هاوکاریمان هەبێت، پێمان خۆشە وەکو دوو هێزی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی هاوکاریی یەکتری بکەین، بۆیە ئەوان هاتن بۆ ئەو دۆستایەتیە مەرجیان بۆ ئێمە دانا، بەڵام ئێمە وتمان دۆستایەتی بەمەرج لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێکدا ناکەین.

**کاوان عومەر سەلامی** : *مەرجەکانیان چی بوون؟*

**عەبدوڵا حەسەن زادە:** یەکێکیان ئەوە بو کەهێرش بکەینەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان و مەحکومیان بکەین بەو ئیختیلافانەی کەلەگەڵ موجاهدین دا هەیانە.دووهەمیش ئێمە بەڵێن بدەین هەتاهەتایە لەگەڵ رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دانیشتن نەکەین، دیارە لەو کاتەوە پێوەندیمان نییە.

**کاوان عومەر سەلامی** : *جبۆ ژمارەیەک لەکادرەکانی ئێوە کۆنفرانسەکانی کوردستانیان بۆکۆنگرە بایکۆت کردووە؟*

**عەبدوڵا حەسەن زادە:** پێم شک نایەت تەنیا یەک نەفەر نەبێت کەئەویش نەیوتوە تەحریمی دەکەم بەڵکو نەهاتۆتە ناو کۆنفرانسەکەوە ئەگەر ناوت لایە حەزدەکەم بزانم چونکە شتی وام هەر نەبیستووە، تەنیا یەک نەفەر نەهاتووەو بەس.

**کاوان عومەر سەلامی** : *بۆچی لەدوای چەندین کۆبونەوە لەگەڵ دەفتەری سیاسیی، بەرنامە و پێڕەوی یەکێتی خوێندکارانی کورد کە لەلایەن ئەندامانی حیزبی دیموکراتی و کۆمەڵێک خوێندکاری سەربەخۆی کورد دانرابوو پەسەندنەکرا لەکاتێکدا بەڵێنی ئەوەتان دا بوو پەسەندی بکەن؟*

**عەبدوڵا حەسەن زادە:** ڕەنگە هیچیان وانەبێت هیچ بەڵێنێک نەدراوە کەئێمە شتێک پەسەند بکەین، لەکۆبونەوەیەکی بەربڵاو دا کەلەگەڵ خوێندکارەکاندا گرتبومان ئەوان تۆمەتی ئەوەیان دایە پاڵ حیزبی دیموکرات کەباوەڕی بەوە نییە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی خوێندکاری هەبێت من وتم ئەگەر یەکێک هەبێت کەباوەڕی بەرێکخراوی سەربەخۆ نەبێت ئێوەن و ئێوە دەتانەوێت ڕێکخراوێکی سەربەخۆی خوێندکاری دروست بکەن بۆ دێنەلای حیزبی دیموکرات، خۆتان بەرنامە دابنێن و سیاسەت دارێژن و باسی حیزبی دیموکرات مەکەن، بەڵام ئەگەر دەتانەوێت ڕێکخراوێک دروست بکەن بۆ خوێندکاران، سبەینێ بۆ مامۆستایان بۆقوتابیان و لەسەر حیزبی دیموکرات حیساب بێت و حیزبی دیموکرات مافی خۆیەتی لەسەریان بۆچوونی هەبێت.

**کاوان عومەر سەلامی** : *پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بۆچی بارەگای پێوەندییەکانی ئێوەی لەهەولێر داخست؟*

**عەبدوڵا حەسەن زادە:** پارتی بارەگای پێوەندییەکانی ئێمەی دانەخست بەو مانایە دروست نییە، بەڵام نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەتبوون، ڕەفیقێکە ئێستا ئەندامی دەفتەری سیاسی ئێمەیە و ماڵەکەشی لەوێبووە و ماڵەکەشی ماڵی حیزبە، ئێمە پێمان وابوو دەسەڵات دەبێت کۆمەک بکات بەشێوەیەکی عەقڵانی و دۆستانە ئەو سەروەت و سامانەی کەهەمانە لەوێ بەش بکرێت لەگەڵ تەرەفی بەرانبەر، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەی نەکرد و بەناوی ئاسایشەوە کرا، دیارە ئاسایش لەخۆوە کارناکات و فەرمانی پێدراوە، بۆیە هاتنە ناو ماڵەکەوە و بەو رەفیقەی ئێمەیان وت ماڵەکە چۆڵ بکات بەڵام بۆ وا؟ ئەوە پرسیارێکە ئەگەر بۆتان دەکرێت پێمخۆشە بچن لەپارتی دیموکراتی کوردستان لەبەرزترین پلەیەوە تانزمترین پلەی بپرسن.

**کاوان عومەر سەلامی** : *ئۆردوگاکانی ئێوە لەژێر دەسەڵاتی پارتیدا هێشتا دابەشنەکراوە وەک جەژنی کان و دیگەڵە، چارەنوسیان بەکوێ دەگات؟*

**عەبدوڵا حەسەن زادە:** زۆر جێگای داخە کەپارتی دیموکراتی کوردستان ئەو کارە ئاسان و ئینسانییەی جێبەجێ نەکردووە چونکە لەوێ مەسەلەکە زۆر ئاسانە، ئێمە لەوێ دوو کەمپمان هەیە یەکێکیان جەژنی کان و ئەوی تریان لە دێگەڵە.

دێگەڵە لە جەژنی کان بچوکترە لەوێدا ئەوان لەئێمە زۆرترن بەپێچەوانەی کۆیە کەدوو بەرابەری ئەوان نین ئێمە لەوێ بەهەر دوو کەمپەکەیەوە ڕەنگە ٢٥ بۆ ٣٠ ماڵ دەبن و ئەوان لەنێوان ٥٠ بۆ ٨٠ ماڵن ئێمە هەرزوو پێشنیارماندا کەمپە بچوکەکە بۆئێمەو گەورەکە بۆئەوان بێت، دیارە لەکەمپە گەورەکەشدا ئەوەندەی هەیانە جێگایان دەبێتەوە و زیاتر لە ٥٠ خانووی بەتاڵیشیان بۆدەمێنێتەوە، بەڵام نەکراوە هیوادارم پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو کارە وەک کارێکی ئینسانی ئەنجامبدات دەبێت وایدابنێین کەحیزبیش نین و خەڵکی ئەو وڵاتەن خۆدەبێت لەشوێنی خۆیاندابن و جێگاو رێگایکیان هەبێت ئێستا لەشوێنەکانی خۆیان دەرکراون و لەدووبینای حکومیدا نیشتەجێکراون کەهیچ پێداوستیەکی تێدانییە بەشێوەیەک کە ٦ سەر خێزان لە ژورێکدا دەژین و تەنانەت ژوری تێدایە کەپەنجەرەی تێدانییە ئەمە دورە لەمرۆڤایەتیەوە هیوادارم چارەسەری بکەن.

**کاوان عومەر سەلامی** : *تاچەند راستە کەدەڵێن حیزبی دیموکراتی کوردستان سکرتێر دیاری ناکات و دەیەوێت بەشێوەی شورایی کارەکان بەرێوەبەرێت و دەنگۆی ئەوەش هەیە خالیدی*

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەزیزی وەک بەڕێوەبەری شوراکە دابنرێت؟

**عەبدوڵا حەسەن زادە:** ئەمە بۆیەکەم جارە دەیبیستم و باسێک لەوەنەکراوە کەئەم حیزبە لەداهاتو دا بەشێوەی شورایی ئیدارەبکرێت، دیارە شورا هەر هەیە چونکە کۆمیتەی ناوەندی هەر هەیەو رێبەری بەشێوەی کۆمەڵەیە بەڵام وەک ئەوەی بڵێن سکرتێری نەبێت بەهیچ شێوەیەک باسی لێنەکراوە.

**کاوان عومەر سەلامی :** میکانیزمی ئێوە بۆ گۆڕانکاری ناو کۆنگرە چیە؟

**عەبدوڵا حەسەن زادە:** گۆڕانکاری لەکۆنگرە دا نابێت دیارە وەک هەموو کۆنگرەی هەموو دونیا دەبێت لەپێشدا ئامادەبکرێت وەک تیۆری و لەکۆنگرەشدا پیادەبکرێت، بەڵام چاوەڕوان دەکەین ئاڵۆگۆڕەکان بەرچاوبن بەتایبەتی لەباری گەشەی دیموکراسی، سەپاندنی ئەرکەکان و دابەشکردنی عادیلانەی دەسەڵات لەنێوان رێبەریدا تەنانەت لەنێوان رێبەری و ئەندامانی حیزبیدا پێوەندیکی باشتر دروست بکرێت، پاشان بەشداریکی زیاتری لە ژنان لەکاروباری حیزبیدا بەتایبەتی لەئۆرگانی بەڕێوەبەری دا.

**کاوان عومەر سەلامی :** واتە لەم نوێبوونەوە دا مەجالی زیاتر بەژن دەدرێت؟

**عەبدوڵا حەسەن زادە:** بەتەئکید وادەبێت

**کاوان عومەر سەلامی :** لەکۆنگرە دا ناوی حیزبی دیموکرات وەک خۆی دەمێنێتەوە یان گۆڕانی بەسەردا دێت؟

**عەبدوڵا حەسەن زادە:** ناتوانم پێش کۆنگرە بڕیار بدەم چونکە لەجیاتی کۆنگرە ناتوانم قسەبکەم بەڵام من باسی خۆم دەکەم حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک ناوی خۆی دەمێنێتەوە نەزیاد دەبێت نەکەم دەبێت چونکە یەکێک لەشانازییەکانی ئێمە ئەوەیە کەگەڕاوینەتەوە بۆ ئەو ناوەی کەلەرۆژی یەکەمەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی پێ ناونراوە ئەو وشەی ئێرانە لەبەر بەعزە هۆکارێک لە سی و چوارەمین ساڵی تەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتە ناو حیزبەوە.

**کاوان عومەر سەلامی :** پێوەندی ئێوە لەگەڵ پژاکدا چۆنە؟ بەتایبەت دووای دانیشتنەکەی مەلا حەسەنی رەستگار لەگەڵ حاجی ئەحمەدیدا؟

**عەبدوڵا حەسەن زادە:** ئەوە یەکەم دانیشتن و ئەخیر دانیشتنمان نییە ئێمە دانیشتنمان لەگەڵ هەموو کەس دەبێت بەڵام وەک بڵێن هاوپەیمانیمان هەیە شتی والەئارادا نییە. دیارە هەندێک کەس یان هەندێک خەتی سیاسی بۆخۆیان بڕیار دەدات، ئەمە حیزب نییە ئەوە قسەیەکی سیاسی نییە چونکە ئەگەر چەند کەس پێکەوە هاوڕاو هاوبیر نەبوون و رایانگەیاند کەئێمە رێکخراوێکین دیارە ئەوە حیزبن و بەئیرادەی من نابنە حیزب و بەئیرادەی منیش لەحزبایەتی ناشورینەوە دیارە گرفتمان نەگەڵیاندا هەیەو نەهاوپەیمانیشمانن بەڵام تێبینیمان لەسەریان هەیە کەئەویش ئەمەیە پژاک تائێستا وەک حیزبێکی سەربەخۆ لە پارتی کرێکارانی کوردستان خۆی نیشان نەداوە ئەگەر سەربەخۆبن لە پارتی کرێکارانی کوردستان رێگای هاوکاری زیاتر دەبێت.

*عەبدوڵڵای حەسەنزادە لەساڵی (١٩٣٨) لەگوندی سیسێر لەنزیک سەردەشت لەدایکبووە.

*مەدرەسەی علومی دینی لەمهاباد تەواوکردووە و بڕوانامەی دیبلۆمی ئیلاهییاتی لە زانکۆی تاران وەرگرتووە.

*ساڵی (١٩٥٢) لەتەمەنی (١٣) ساڵیدا بووەتە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

*بۆ سێ خوول جێگری سکرتێری حیزبی دیموکرات بووە.

*سێ خوولیش سکرتێری حیزب بووە

*زیاتر لە (١٣) کتێبی لەبوارەجیاجیاکاندا بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێراوە و (٢) کتێبیشی لەسەر مێژووی حیزبی دیموکرات بەناونیشانی (نیوسەدە تێکۆشان) نووسیوە و چەندین وتار و بابەتی لە زۆربەی رۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە.

*خاوەنی (٤) کوڕ و(٣) کچە.

*ئێستا کەسایەتییەکی سیاسی ناسراوە.

ئەم دیمانە لە ژمارە ٦٤٧ ئاسو دا بڵاو بوتەوە

## پوختەیەک لە: وتووێژی رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمریکایی جاناتان راندال و خانمی سیسیل ئەنتیۆن هەواڵنووسی لۆمۆند لەگەڵ عبدالله حسن زادە

**راندال:** زۆر خۆشحاڵم کە لێرە لەلای ئێوەم. ئەمن پێشتر دۆستێکی زۆر نزیکی د.قاسملوو بووم. هەفتەیەک پێش ئەوەی دوکتۆر تێرۆر بکرێ، لە فەرانسە لە ماڵەکەی ئەو بووم و میوانی بووم.

**حەسەن زادە :** ئەمنیش بە سەردانی جەنابت زۆر خۆشحاڵم. بۆ منیش دیتنی جاناتا راندال لەو بارەیەوە زۆر گرنگە کە دۆستێکی نزیکی د.قاسملوو بووە. جوانترین کەلیماتی لە بارەی د.قاسملووەوە نووسیوە. بە تایبەتی بۆیە بەو قسانە خۆشحاڵم چونکە شوجاعەت و ئازایەتیی جەنابت لە باسی شەخسییەتە کوردەکان و تەنانەت ئەمریکایی یەکانیش دا پێم دەڵێ کە ئەوەی نووسیوتە لە ئیخلاسەوە هاتوە.

**راندال:** ئەمن هیوادارم تراژیدیایەکی دیکە لە بەینی کورد و ئەمریکایی یەکان دا بەڕێوە نەبێ، بەس دڵنیاش نیم کە وانەبێ.

**حەسەن زادە :** بەو قسەیەش هەر خۆشحاڵم. چونکە ئەو نیگەرانی یە لەلای منیش هەر هەیە، جەنابت زۆر بە راشکاوی هەر لەو کاتە دا زۆر ئازایانە باسی مەسەلەکان دەکەی. رەخنەت لە رێبەرانی کورد، لە رێبەرانی ئەمریکا هەمووی نیشانەی ئازایەتی و دڵسۆزی بۆ مەسەلەکانە.

**راندال:** مەسەلەیەک هەیە دەڵێ: ئەو کەسەی زۆرت خۆش دەوێ دەبێ زۆر بە راشکاوی رەخنەی لێ بگری.

**حەسەن زادە :** لە کوردییش دا شتێکی زۆر جوان هەیە دەڵێ: دۆست ئەوەیە بت گریێنێ، دوژمن ئەوەیەبت خەنێنێ، یانی دۆست ئەوەیە رەخنەت لێ بگرێ تا بت گریێنێ بەڵام دوژمن ئەوەیە بە ناهەق پێت هەڵا بڵێ و بتخاتە پێکەنین.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ڕاندال:** پێت وایە جۆرج بووش لەگەڵ ئێران دەکەوێتە شەڕەوە، یان ئەو قسانەی ئێستا تەنیا شەڕی ئەعسابن؟

**حەسەن زادە :** بەداخەوە نیشانەکان ئەوە بە پیاوی دەڵێن کە ئیحتیمالی ئەو شەڕە زۆر دوور نیە. پێم وایە ئەگەر بە مەنتیق بیر بکەینەوە سەرۆک بووش نابێ شەڕێکی ئاوا دەست پێبکا، چونکە ڕاستی یەکەی ئەوەیەسەرۆک بووش و دەوڵەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی تا ئێستا مەسەلەی ئەفغانستان و عێراقیان تەواو نەکردوە و بەدەستیانەوە گرفتارن. لەو حاڵە دا کردنەوەی جەبهەیەکی دیکە مەنتیقی نایەتە بەرچاو، بەڵام سەرڕەقی و کەللەشەقیی ڕێبەرانی ئێران بەتایبەتی ئەحمەدی نەژاد و لە عەینی حاڵ دا ئەوە کە بۆ ئەمریکا بۆتە شتێکی حەیسییەتی، ئەو نیگەرانی یە بەرەبەرە زیاد دەکا کە شەڕێکی وەکوو عێراق لە ئێرانیش روو بدا. کە باسی نیگەرانی دەکەم، لەبەر ئەوە نیە پێمان ناخۆش بێ کۆماری ئیسلامی




بڕووخێ. لە ئێرانێش وەک عێراقێ ڕووخانی دیکتاتۆری خۆشە. بەڵام گرفتار بوون بەو چارەنووسەوە کە ئێستا عێراق . بە خۆشی یەوە کوردستانەکەی ژێر دەسەڵاتی کوردی لەگەڵ نیە. گرفتاری بووە پێم وایە ئارەزووی هیچ کەس نیە.

**ڕاندال:** کەواتە پێت وایە هەر ئەو ئەمری واقیعەی لە ئێران هەیە باشترە لەوەی ئەمریکا یان هەر دەوڵەتێکی دیکە پەلاماری ئێران بدا.

**حەسەن زادە :** ئەو ئەمری واقیعەی لە ئێران هەیە بە هیچ جۆر لە هیچ شتێک باشتر نیە، بەڵام پێم وایە دەبێ ڕێگای دیکە بگیرێتە پێشێ.

**ڕاندال:** لەو ڕاپۆرتەی بیکەر، هامیلتۆن کە لەو دوایی یانە دا چاپ بوو پێشنیاری ئەوەیان کرد بوو کە ئەمریکا لەگەڵ ئێران و تورکیا گفتوگۆ بکا. ئێوە دژی ئەو پێشنیارەن یان نا؟

**حەسەن زادە :** لەگەڵ ئەوە کە کۆماری ئیسلامی دەوڵەتێکی مەسئوول نیە و بە هیچ جۆر جێی باوەڕ نیە، بەش بەحاڵی خۆم و هەروەها بەپێی سیاسەتی حیزبیش، دیالۆگ لەگەڵ هەموو تەرەفەکان بە شتێکی مەنتیقی دەزانم و بە باشترین ڕێگای چارەسەری موشکیلاتی دەزانم. پێم وایە بۆ گۆڕینی وەزع لە ئێرانێ دا، بێجگە لە دیالۆگ رەنگە ڕێگای دیکەش هەبن. نەبە تەنیا دیالۆگ و نە شەڕ ڕەنگە هیچیان کارساز نەبن. بەڵام ڕێگای دیکە هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئێرانێ مەجبوور بە گۆڕان بکرێ. وابیر دەکەمەوە هەم عێراقی سەدام حوسێن و هەم ئێرانی کۆماری ئیسلامی بە کۆمەگی ئەو دەوڵەتانە بوونە ئەو خەتەرە، کەدوایە فکریان لەوە کردۆتەوە بەزۆر بیان ڕووخێنن.

**ڕاندال:** ئەمن پێم وایە ئەگەر شەڕێکیش لە نێوان ئێران و ئەمریکا روو بدا، بەو شێوەیە نابێ کە وەکوو عێراق هێزی زەمینی بنێرێ بۆ ئەوەی ئێران داگیر بکا. لەوانەیە شتەکە زیاتر بە شێوەی بۆمبارانی هەوایی بێ. بەس لە هەمان کات دا ئەوە ئێران تەحریک دەکا کە هێندێک عکس العملی هەبێ.

**حەسەن زادە :** لەواقیع دا خەتەرەکە لەوە دایە. چونکە بۆمبارنی ئێرانێ، ئەوەڵەن ئەو هەدەفە ئەسڵییانە ناپێکێ، چونکە ئەو شوێنانەی کە بە ئیحتیمالی زۆر ئێران خەریکە چەکی ئەتۆمی یان لێ ساز دەکا هەتا ئێستا کەشف نەبوون. بۆمبارانی نیرووگای "بوشهر" و "نەتەنز" و ئەوانە چاری مەسەلەکە ناکا. لە پاشان ئەم ڕێژیمە بە بۆمبارانی فڵان مەرکەزی نیزامی یان فڵان مەرکەزی ئەتۆمی ناڕووخێ. ڕێژیمەکە هەوا دەمێنێ هارتر لەوەی کە ئێستا هەیە، لە پاشانیش ڕێژیم دەستی بە ئەمریکا ڕاناگا، دەستی بە ئورووپا ڕاناگا. بەڵام خۆ دەستی بە دۆستانی ئەمریکا و بە پایەگاکانی ئەمریکا لە مەنتەقە دا ڕادەگا. ئەو وەختی شەڕێک دەست پێ دەکرێ کە ڕەنگە دەست پێکردنی هاسان بێ بەڵام تەواو کردنی زەحمەت بێ.

**ڕاندال:** ئەتۆ باسی ئەوەت کرد کە لەبەینی شەڕو دیالۆگ دا ڕێگایەکی دیکە هەیە ئەو ڕێگایە چیە؟

**حەسەن زادە :** وەکوو گوتم هەم ئێران، هەم عێراق بە کۆمەگی فەننی و تەکنیکی و چەکی وڵاتانی دیکە بوونە ئەم مەترسی یە.بڕینی ئەو کۆمەگانە لە تەرەف کۆمەڵگای نێونەتەوەیی یەوە، بەڵام نەک یەکێک بی پچڕێو ئەوی دیکە نا، دەتوانێ باشترین ڕێگا بێ بۆ لاوازکردنی ڕێژیمی ئێران و لە نەتیجە دا بۆ ڕووخاندنی. لە پاشانیش هاوکاری لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی. یەکێک لە ئیشکالەکانی سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە کە ئەو دوایانە نەبێ کەمێک گۆڕاوە ـ باسی ئێرانێی کە کردووە گوتوویەتی ئێران وڵاتێکە ئەتۆم دروست دەکا، موخالیفی سوڵحی ئەعراب و ئیسرائیلە، تێرۆریزم سادر دەکا. ئەوە باشە، بەڵام ئەوە بۆ خەڵکی ئێرانێ زۆر مەفهووم نیە. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی نەهاتوون لە سەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانێ داو لەسەر پێشێل کردنی ئازادی یەکان پێ داگرن تا خەڵکی ئێران تێیان بگاو وەری‌بگرێ.

**ڕاندال:** ئەمن تێ دەگەم کە بۆچوونی جەنابت وایە کە ئەمریکایی یەکانو غەربییەکان بە گشتی دەبێ ئەو یارمەتی یانەیان بۆ ئێران بپچڕێنن.

**حەسەن زادە :** وا تێ دەگەم ئەوە باشترە. دیارە لە عیراقیش بەباوەڕی من ئەمریکا هەڵەی هەبوو. کە هات گوتی عێراق چەکی ئەتۆمیی هەیە، پێوەندیی بە قاعیدەوە هەیە، چەکی شیمیایی هەیە. نەهات بڵێ سەدام حوسێن خەڵکی دەکوژێ، تا ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە شاهیدیی بۆ بدەن، هات عیراقی گرت، نە چەکی ئەتۆمیی دەست کەوت نە تەنانەت چەکی شیمیایی کە زۆریشی بەکار هێنابوو، دەست کەوت. نە پێوەندییشی لەگەڵ قاعیدە بۆ سوور بوو. لە ئاخیرەکەی دا مەجبوور بوو بڵێ مەعلووماتەکەم غەڵەت بووە. لە ئێرانێش ئەگەر ئەوەی بکا دیسان هەڵەکەی دووبارە دەبێتەوە.

**ڕاندال:** ئەوە ڕاستە بەڵام ئەمریکا ئەگەر ئەو شتانەی دروست نەکردبایە هیچ کاتێک نەی دەتوانی هێرش بکاتە سەر عێراق. تەفسیری جەنابت لەمەڕ هێرشی ئەمریکا بۆسەر بنکەی ئێران لە هەولێر چیە؟

**حەسەن زادە :** ئەمن وەختی خۆی لەسەر ئەوە قسەم کرد، گوتم ئەگەر زووتریش کرابا باشتر بوو، چونکە ئەمریکا یان دەبێ عێراقێ بۆ کۆماری ئیسلامی بەجێ بهێڵێ یان دەبێ کۆماری ئیسلامی لە عێراق دەر بکا. ئەوەش دیارە کە ئەو شوێنە کونسولگەری نەبوو، نوێنەرایەتیی ئیتیلاعات لە هەولێر بوو.

**ڕاندال:** موشکیلەکە ئەوە بوو کە ئەو شتە لە کوردستان کرا، ڕێک لەو کاتە دا کرا کە بووش ستراتیژیی خۆی ڕاگەیاندو هوشداری یەکی زۆری بە ئێران و بە سووریە دا کە لەمەولا لەگەڵیان توند دەبێ. بەس لە هەمان کات دا ئەم کارە کێشەیەکی زۆری بۆ حکوومەتی هەرێم دروست کردوە لە کوردستان. یانی ئەمریکا هاتوە لەسەر خاکی ئەوان لە ئێران بدا.

**حەسەن زادە :** ئەمن لەو بارەیەوە بەداخم کە ئەو حەملەیە لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم کرا کە دۆستی واقعیی ئەمریکا لە عێراق دا کوردەکانن پێم وایە دەبووایە بە ئاگاداریی کوردەکان بێ. بەڵام وا دیارە ئەو بەرنامەیە پێشتر دارێژرا بوو، بۆیە لەوێ جێبەجێ کراو ئەوە ئەوەڵین تەجرەبەی عەمەلیی بەرنامەی تازەی جۆرج بووش بوو کە گوتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە شوێنەکانیان دەناسین و لە بەینیان دەبەین. دەنا ئەمنیش گوتم کە دەبوو بە هاوکاری لەگەڵ حکوومەتی هەرێم بێ. پاشانیش دەکرێ ئەو گیروگرفتە بەوە حەل بکرێ کە ئەو بیانگرێ‌و حکوومەتی هەرێمیش نارەزایی دەربڕێ. واتە هەرکەس کاری خۆی بکا.

راندال: ئەمن لە بۆچوونەکەی جەنابت تێ دەگەم ، بەڵام ئەگەر ئەوەمان لەبەر چاو بێ جعفر صحرارودی شەوێک بەر لەوە میوانی کاک مەسعوود بوو لە مەصیف، ئەمە شتێکی ناخۆش بوو چونکە ئەو میوانی کاک مەسعوود بوو ئەمریکایی یەکان ویستبوویان بیگرن.

حەسەن زادە : بەداخەوە نەگیراوە، ئەگەر گیرابا بایی ئەو پێ ناخۆشبوونە دەبوو.

راندال: ئەمن و تۆ لەوانەیە وای بۆ بچین بەس نازانم کاک مەسعوود...

حەسەن زادە : ئارەزوو دەکەم ئەویش هەروای بۆ بچێ.

راندال: ئەو هێرشە کە کرا هەدەفی صحرارودی بوو.

حەسەن زادە : ئەمن پێم وایە ئەو هێرشە زووتر رێکخرابوو، زووتر بەرنامەی بۆ دارێژرابوو. چونکە هاتنی صحرارودی دوو رۆژ پێشتر بوو. ئەو شناسایی‌و (استگلاع)ە کە بۆ ئەم کارە کرابوو، پێم وایە زووتر بوو.

سیسیل ئەنیون: جەنابت باسی ئەوەت کرد کە ئەمریکا دەبووایە زووتر عەمەلی بکردایە بەرامبەر بە ئێران، پێت وایە ئەو نفووزەی کە ئێستا ئێران لە عێڕاق هەیەتی ئێستا چەندە، یانی بە بەراورد لەگەڵ دەسەڵاتێک کە حکوومەتی مەرکەزیی عێڕاق هەیەتی. پێت وایە ئێرانی یەکان چەند نفووزیان زیاترە؟

حەسەن زادە : بەداخەوە رەنگە تەنیا ئێران نەبێ بەڵام ئەوەی ئێستا لە عێڕاقێ دا . هەموو جارێ کە باسی عێڕاق دەکەم حکوومەتی کوردستانی لێ دەردەاوێم . لە عێڕاقێ دا ئەوەی لە هەمووان پتر دەستی دەڕوا تێرۆریستەکانن نەدەوڵەتی عێڕاق و نە تەنانەت ئەمریکا بەو هەمووە دەسەڵاتەی خۆیەوە. چونکە ئەوان چیان پێ خۆش بێ دەی کەن، لە حاڵێک دا دەوڵەتی عێڕاق وانیە.

راندال: کە وایە پێت وایە بە مقایسە لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزیی عێڕاق، حکوومەتی هەرێم زیاتر توانیویەتی کۆنترۆڵی وەزعەکە بکات؟

حەسەن زادە : تەنیا پێوابوون نیە، بەڵکوو راستی یە.

راندال: پار هێندێک تەزاهوڕات و خۆپێشاندان لە شارە کوردەکانی ئێران کرا، ئێستا پاش چەند مانگ تۆ ئاکام و تەئسیری ئەو خۆپێشاندانانە چۆن دەبینی؟

حەسەن زادە : ئەو خۆپێشاندانە دەتوانم بڵێم لە کاتی خۆشی دا هەر ئەوەندە فایدەی هەبوو کە نیشان بدا ئەو میللەتە داخوازی لە دەوڵەت هەیە و ئەو میللەتە زیندوویە، سەرکوت نەکراوە. ئەگینا نە ئێران هەمووی لە کوردستانەوە رزگار دەکرێ و نە کوردستان دەتوانێ بەو حەرەکەتە یان بە حەرەکەتێکی دیکە لە ئێرانێ جوداوە بێ. کەوابێ تەئسیری یەک لاکەرەوەی نابێ.

راندال: ئەگەر ئێستا سەیرێکی دواوە بکەین و سەیرێکی ئەو خۆپێشاندانانە بکەین، چۆن دەستی پێ کرد؟ شتێکی لە خۆوە بوو، لە نێو خەڵکەوە دەستی پێکرا یان شتێکی رێک خراو بوو؟

حەسەن زادە : لە راستی دا دەسپێک و ئیدامەکەی فەرقی هەیە. دەسپێکەکەی بەهانەیەک بوو کە خەڵکەکەی ئامادەیە، خەڵکەکە دەستی پێکردوە، بەڵام دواتر حیزبە سیاسی یەکان هیدایەتیان کرد.

راندال: بۆچی هەر لەو کاتە دا خەڵک ئاوا تووڕە بوون لە رێژیم؟

حەسەن زادە : ئەوە رووداوێک بوو کە لە مەهابادێ رووی دا. لاوێکیان بە ناوی (شوانە سەید قادر) بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە کوشت، ئەوە بوو بە هۆی لێدرانی ستارتەکە، لە پاشانیش ساڵرۆژی شەهید بوونی د.قاسملووی بەسەردا هات، ئەوەش بوو بە بەهانەیەک کە هەم لە مەهاباد و هەم لە شارەکانی دیکە حەرەکەتە ئیعتیرازی یەکە وەڕێ بکەوێ. ئەوە زۆر شاری گرتەوە وەک مەهاباد ، بۆکان، سەقز، شنۆ، سەردەشت...

راندال: گوتت حیزبە کوردی یەکان بەشدار بوون، هەر ئێوە بوون یان ئەوانی دیکەش بەشدار بوون؟ هاوکاری لە هیدایەت کردنی دا هەبوو؟

حەسەن زادە : هاوکاری نەبوو. بەڵام تەقریبەن هەموویان، دیارە بەشی زۆری هی حیزبی دیموکرات بوو، چونکە لە نێو خەڵک نفووزی زیاترە.

راندال: جەنابت گوتت کە ئەو هێرشەی لە هەولێر کرایە سەر بنکەی ئێرانی یەکان لە هەولێر، پێشتر بەرنامەی بۆ دانرابوو.

حەسەن زادە : وا فکر دەکەمەوە، خۆ من ئاگام لێی نیە.

راندال: پێت وایە رێکەوت بوو کە صحرارودی رێی کەوتە ئەوێ؟

حەسەن زادە : ئەو کە هاتۆتە ئەوێ رێکەوت نیە، چونکە ئەو کە هاتوە سەردانی ئەوێ دەکا، ئەوە شتێکی سەیر نیە.

راندال: پێم وایە ئەوەیان کە سەحراروودی لەوێ بووە، زیاتر رێکەوتە تا ئەوەی لە پێش دا بەرنامەی بۆ دارێژرابێ. ئێستێ پێم بڵێ جعفر صحرارودی لەوێ یە یان لەوێ نیە؟

وەگێڕ: لە هەولێر؟

حەسەن زادە : نا مەبەست ئەوەیە گیراوە یان نەگیراوە؟

راندال: ئەمن پێم وایە ئەوانە هیچ بیرێکیان لە وە نەکردۆتەوە کە سەحراروودی لە وێ بێ.

حەسەن زادە : یەکێک بە منی گوت کە سەحراروودی لە سەد میتریی ئەو جێگایە بووە، رەنگە ئەوان جێی دیکەیان هەبێ، گوتی لە سەد میتریی ئەو جێگایە بووە کە ئێرانی یەکانی لێ گیراون.

راندال: شەوی پێشتر میوانی کاک مەسعوود بووە، پێم وایە شەوێ لەوێ مابێتەوە لە صلاح الدین.

حەسەن زادە : خەبەر نیگارێکی ئەمریکایی بوو کە ئەو قسەیەی بەمن گوت، گوتی سەحراروودی لە سەد میتریی ئەو شوێنە بووە کە ئەوانەی لێ گیراون. جا لە رووی چیەوە دەڵێ،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نازانم . دەنا ئەوەی دەزانم ڕۆژی پێش دا چاوی بە کاک مەسعوود کەوتوە و ڕۆژی پێشتریش چاوی بە مام جەلال کەوتوە.

ڕاندال: پێوەندیی ئێوە لەگەڵ کۆمەڵە چۆنە ئەم ڕۆژانە؟

حەسەن زادە : لە سەر یەک دۆستانەیە، کۆمەڵە دوون، لەگەڵ هەردووکیان هەر پێوەندی یەکانمان دۆستانەیە.

سیسیل: ئایا ئێوە لەو ماوەیەدا کە ئەمریکا لێرە بووە، هیچ موحاوەلەیەکتان کردوە کە چاوتان پێیان بکەوێتو بۆچوون و ڕوانگەی خۆتانیان پێ بگەیەنن؟

حەسەن زادە : ئێمە نەک هەر لێرە زیاتر لە واشینگتۆن هەوڵمان داوە پێوەندیمان لەگەڵ ئەمریکایی یەکان هەبێ. لە ساڵی 1995وە ئێمە نەوعێک پێوەندیمان لەگەڵ ئەمریکایی یەکان هەبووە.

سیسیل: پێت وایە ئێستا ئەمریکایی یەکان تێگەیشتنیان هەیە لە ڕوانگەی کوردی ئێران، وەزعیەتەکەو دەربارەی ڕوانگەی ئێوە بۆ داهاتووی مەسەلەکان؟

حەسەن زادە : پێم وایە زۆر ئاسانە کە ئەوان لە ڕوانگەی ئێمە حاڵی بن، بەڵام ئەوەی سیاسەت بەوان دیکتە دەکا، ڕوانگەی ئێمە نیە، ڕوانگەی خۆیانە.

ڕاندال: ئایا هیچ شتێک لە ئارادا هەیە کە ئەوان بیانەوێ ئێوە بەکار بێنن بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، چونکە ڕاپۆرت هەیە کە ئەوان بە تەمای هەندێ پێوەندیی لەو جۆرەیان لەگەڵ موجاهیدینی خەڵک هەیە، لە کاتێک دا بەباوەڕی من موجاهیدینی خەڵک ڕێکخراوێکی بێ ئیعتیبارن.

حەسەن زادە : بەڵێ موجاهیدینی خەڵک ئەوان بە تێرۆریستیان ناسیون، لەمێژە، بەڵام لە عەینی حاڵ دا پێوەندی یان لەگەڵیان هەیە. حیزبی دێموکرات بە حیزبێکی بە پرەنسیپ ناسراوە. کەوابێ بۆ دەبێ لەگەڵ حیزبی دێموکرات پێوەندی یان نەبێ؟ ئەمن پێم وایە لەسەریەک هەروەختێک ئەمریکا یا هێزێکی دیکە بی هەوێ لە ئێرانێ دا گۆڕانێک پێک بێنێ، کوردەکان فاکتەرێکن کە نابێ لە بیر بچنەوە. پاش کوردەکانیش ئەو میللەتانەی ئێرانێ کە بە میللەتی زۆرلێکراو حیسابن وەکوو ئازەری یەکان، بەلووچەکان، تورکەکان، عەرەبەکان، ئەوانیش فاکتەرێکن کە دەبێ حیسابیان بۆ بکرێ.

سیسیل: پێت وایە کە ئەوان بەو شێوەیە پێویست و جیددیە بایەخ بە ئێوە یان بە حیزبەکانی دیکە نادەن؟

حەسەن زادە : پێم وایە هەتا ئێستێ ئەو بایەخە نەدراوە بە دەلیلی ئەوەی ئەوان تا ئێرە یا لانی کەم تا ئەو بەینانە، بەرنامەیەکی جیددی یان لە دژی ئێران بەدەستەوە نەبووە. پێم خۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە قەت حەز ناکەم ئەو شتە ببیسم کە ئێمە بەکار دێنن، یانی وەکوو ئامرازێک بەکارمان دێنن. پێمان خۆشە وەکوو دوو دۆست، دوو کەس یان وەک دوو لایەن کە قازانجیان پێکەوە دەخوێنێتەوە، پێوەندیمان هەبێ نەک ئەوە کە ئێمە ئامراز بین بە دەستی ئەوانەوە.

ڕاندال: ئەو شتێکی زۆر ئاقڵانەیە، دەبێ هەروا بێ.

ڕاندال: بەس هێندێک قسەوباس هەیە کە ئەمریکایی یەکان پژاک بەکار دێنن. تەحریکی دەکەن لە دژی کۆماری ئیسلامی، کەوێ ناچێ ئەمە شتێکی زۆر ئاقڵانە بێ چونکە تەسەوری گشتی وایە کە پژاک بە نەوعێک پێوەندیی بە p.k.k وە هەیەو تورکەکان لەوە زۆر دڵگران دەبن، چونکە ئەوان ئەمریکایی یەکان دەڵێن . p.k.k حیزبێکی تێرۆریستەو پێ یان قبووڵ نیە کە ئەمریکا یارمەتیی پژاک دەدا لە دژی ئێران، لە کاتێک دا کە تورکیا دژی هەردوو حیزبەکەیە، قبووڵ ناکا کە ئەمریکا یارمەتی بەو دوو حیزبانە بدا.

حەسەن زادە : نازانم یارمەتی دەکا یان نا.

ڕاندال: جەنابت خەریکە زۆر دیپلۆماتیک ڕەفتار دەکەی.

حەسەن زادە : نا بە پێچەوانە ئەمن پێم خۆشە لە دیالۆگ دا زۆر سەریح بم و لەجێ دا دیپلۆماسیم زۆر پێ خۆش نیە، ڕەنگە عەیبی کاری من ئەوە بێ و ئەگەر دیپلۆماسیم بەکار هێنابا وام نەدەگوت.

ڕاندال: من ئینسانێکی بە تەمەنم تەجروبەیەکم هەیە لەو بارەیەوە و پێم وایە بەراستی ئەو شتانەی ئەمریکا دەیان کا زۆریان ئاقڵانە نین.

حەسەن زادە : بەڵێ، ئەمریکا بەتایبەتی لە عیراق زۆری هەڵە کردوە. ئەمریکایییەکان بۆخۆشیان ئێستا پێی لێ دەنێن.

ڕاندال: دوای نەمانی جورج بووش لە ئەمریکاو کاتێک کە ڕەئیس جمهورێکی تازە دێت ئیحتمالی ئەوە نادەی کە لەوانەیە ئەو سەرکۆمارەی دێ هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق بکێشێتەوە یان ژمارەی هێزەکان کەم بکاتەوە؟ ئەگەر ئەوەش ڕوو بدا، پێت وایە ئەوە چۆن تەئسیر لە هەرێمی کوردستان و پێگەی کورد دەکا؟

حەسەن زادە : پێم وایە ئەو پرسیارە دەبێ ئەمن لە مستەر ڕاندال بکەم چونکە ئەو شارەزای ئەمریکا و سیاسەتی ئەمریکایە. نەئەمن. بەڵام بەهەرحاڵ ڕەئیی خۆم دەڵێم: پێم وایە ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی دوو حیزبی هەیە و دوو سیاسەتی هەیە، لە ستراتیژیی گشتی دا ئەو دوو حیزبە ناتوانن ئەوەندە فەرقیان هەبێ. پاشان پێم وایە ئەمریکا مەحکوومە بەوەی لە عیراقێ سەرکەوێ. چونکە ئەگەر لە عیراقێ بشکێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دەشکێ. بۆیە پێم وایە ئەمریکا دەبێ دیسان حازر بێ نرخی زیاتر بدا بۆ سەرکەوتن لە عیراقێ. نرخی زۆری داوە. واقعییەت ئەوەیە پێش بینیی نەکردبوو.

ڕاندال: ئەو بۆچوونەی جەنابت ڕاستەو لێرە لە زۆر کەسی دەبیسین. بەڵام ڕاستی یەکی دیکەی حاشای لێ ناکرێ. ئەویش ئەوەیە کە تەنانەت زلهێزەکانیش شەڕەکان دەدۆڕێنن.

حەسەن زادە : ئەوە ڕاستە. هەر ئەمریکا بۆخۆی ویتنامی دۆڕاندو تەنانەت سۆمالیشی دۆڕاند. بەڵام مەسەلەی عێراق بە باوەڕی من زۆر گرنگترە تەنانەت لە ویتنامیش.

ڕاندال: ئەو بۆ چوونەی جەنابت ڕاستە، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو شەڕە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشاوە، هیچ ئاسۆیەکی ڕوونیش دیار نیە کەی تەواو دەبێ. لە هەمان کات دا بووش پشتگیریی خەڵکی ئەمریکای لەدەست داوە، پشتگیریی خەڵکی عێراقیشی لەدەست داوە. لەوەش خراپتر خەریکە پشتگیریی حیزبەکەی خۆشی لەدەست بدا. لە هەمان کات دا حافیزەی ئەمریکایی یەکان حافیزەیەکی کورتبینانەیە. لەوانەیە ئەوەندەی ئێستا دەبینن، ئەوەندە ڕابردوو نەبینن.

حەسەن زادە : ئەمن زۆر جارم گوتوە سەرۆک بووش دە ڕۆژ دوای ڕووخانی سەدامی گوتی شەڕ لە عێراقێ تەواو بوو. بەڵام ئەگەر ئێستا لێی بپرسن شەڕ کەنگێ تەواو دەبێ، ڕەنگە بڵێ خوا دەزانێ.

ڕاندال: بۆچوونەکان لە نێو خۆی ئەمریکا زۆر فەرقی هەیە، ئێستا خەڵک زۆر بە جیددی دەیانەوێ ئەمریکا لە عێراق بێتە دەرێ. بەس دەبێ ئەو واقیعەش لەبەرچاو بگرین کە لە ئەمریکا هەر دوو ساڵ جارێک هەڵبژاردن بۆ کۆنگرە دەکرێ، هەر شەش ساڵ جارێک هەڵبژاردن بۆ سەنا دەکرێ ، هەر چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن بۆ سەرکۆمار دەکرێو زۆر ئیحتیمالی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەیە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەمریکا دا ئەو کەسە بتوانێ ببێ بە سەرکۆمار کە پلاتفۆرمی ئەسڵیی حیزبەکەی ئەوە بێ لە عێراق بێتە دەرێ. هەرچەند ئەوە شتێکی مەنتیقی نیە و زۆر خەڵکیشی لەگەڵ نیە، بەڵام رەنگە ئەو شتە لەنەکاو روو بدا.

**حەسەن زادە :** بەهەر سوورەت پێش بینی ناکرێ بەڵام راستی یەکەی ئەوەیە شکانی ئەمریکا لە عێراق کارەساتێکی زۆری بەدواوە دەبێ. هەم بۆ ئەمریکا و سیاسەتی ئەمریکا و هەم بۆ مەنتەقەکە. ئێستا نەخشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەی ئەمریکا چی لێ دێ؟ ئەمریکا لەوە دا بشکێ لە راستی دا تەواوی بەرنامەکانی تێک دەچنەوە. کارەساتێکی گەورە دەبێ بە نیسبەت حەرەکەتی دیموکراتیزاسیۆن لەو مەنتەقەیە دا.

**راندال:** ئێوە وەک کورد دەبێ ئەو راستی یەتان لەبەر چاو بێ کە ئێستا لە ئەمریکا هیچ کەسێک باس لە نەخشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە ناکاو شتەکە بەیەکجاری لەبیر چۆتەوە. ئەوە هی ئەو سەردەمە بوو کە بووش مەغروور بوو و ئەو دەسکەوتانەی تازە وەدەست هێنابوون. ئێستا لە ئەمریکا روانگەی گشتی لە نێو سیاسەتمەدارەکان ئەوەیە کە چۆن بتوانن اتحادێک لە نێوان دەوڵەتە عەرەبی یە سوننی یەکان دروست بکەن، بۆ ئەوەی رێگە لە نفووزی شیعە لە عێراق بگرن. بۆیە هەرچەندە پێشتر دوای شەڕەکە ئەمریکا دەی گوت دەبێ دێموکراسی دەست پێبکا لێرەوە، بەتایبەتی فشاریان لەسەر سعوودیە دادەنا. بەڵام ئێستا بەتەواوی گۆڕاوە، خواخوایانە ئەوان ببن بە هاوپەیمانیان بۆ ئەوەی پێش بە ئێران و شیعەکان بگرن.

**حەسەن زادە :** ئەگەر ئەمریکایی یەکان لێرە نەبن، ئەوانیش ناتوانن پێش بە نفووزی ئێران بگرن.

**راندال:** پەنجا ساڵ بەرلە ئێستا فەرانسەییەکان و بریتانیاییەکان، رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان کۆنترۆڵ دەکرد، بەڵام لە کاتی رووداوەکەی کاناڵی سویزەوە دەسەڵاتی ئەوان کۆتایی پێ هاتو ئەمریکا هاتە جێگایان. ئێستاش پاش پەنجا ساڵ لەو رووداوە، لەوانەیە مەسەلەی عێراقیش کۆتایی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ.

**حەسەن زادە :** هەر بۆیە لە پێش دا گوتم دەبێ ئەو پرسیارە لە تۆ بکەم. بەڵام دیسان بەش بەحاڵی خۆم ئارەزووی ئەوە ناکەم کە ئەمریکا دوچاری شکستێکی ئاوا گەورە ببێ چونکە عەرزم کردی تراژێدیی تێدا دەبینم بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

**راندال:** پێم وایە ئەگەر سەرۆکی ئەمریکا گوێی لە راسپاردەکانی لیژنەی بیکەر و هاملتۆن بگرتایە و قسەکردن لەگەڵ ئێران و سوریای دەست پێ بکردایە، لەوانەبوو رێگەی لەو تراژێدیا گەورەیە بگرتایە.

**حەسەن زادە :** ئەمن لە پێشەوە عەرزم کردی کە پێم وایە رێگا حەل بۆ هەموو مەسەلەکان پێش هەموو شتێک دەبێ دیالۆگ بێ. پێم وایە نە سووریە، حەتتا نە ئێران، ـ کە دەسەڵاتێکی گەورەترە ـ ئەو هەڕەشەیە نین. نە بۆ ئەمریکا و نە بۆ ئورووپا و تەنانەت نەبۆ ئیسرائیلیش، بەڵام ئاڵۆزتر کردنی ناوچەکە دەتوانێ فاجعە بۆ هەموو لایەک بەبار بێنێ. کەچی حەرەکەتی ئیدارەی بووش ئێستا بەرەو ئەوە دەچێ کە قەزیەکە گەورەتر بکا. هەر هێنانی بیست و یەک هەزارو پێنسەد سەربازی زیادی بۆ عێراق و ئەو کاردروستایی یانە کە ئێستا دەیان بینین وانیشان دەدەن کە لەوانەیە بەرنامەی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئێرانیش هەبێ.

**راندال:** ئەمنیش لەگەڵ ئەوەدام کە رەنگە وەک جەنابت گوتت ئاماژەکان بۆ ئەوە بچن کە ئەو بەرەنگاربوونەوەیە گەورەتر بێ، بەڵام ئەمە حەتمەن بەو مانایە نیە کە ئەو گیروگرفتە چارەسەر بکا. بووش شەڕێکی دەست پێکردوە کە ئێستا خۆشی نازانێ چۆن تەواوی بکا، ئەگەر ئیحتیمالی ئەوە هەبووایە کە لەگەڵ ئێرانو سووریە قسەی بکردایە رەنگ بوو بتوانێ تۆزێ مەسەلەکان خاوتر بکاتەوەو باشتر کۆنترۆڵی بکات. لەوانەیە لە روانگەی ئێوەوە وەکوو حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، ئەوە بۆخۆی جۆرە بەڕەسمی ناسینێکی ئێران بێ کە دوای بیستوهەشت ساڵ ئەمریکا دەچێ لەگەڵ ئێران دا گفتوگۆ دەکا. بەڵام لەلایەنە عەمەلی‌یەکەشەوە لەوانەیە ببێتە هۆی کۆتایی¬هێنان بە مەسەلەکان، هەرچەندە لەوانەیە لە چاوی ئێوە ببێتە هۆی بە هێزکردنی ئێران.

**حەسەن زادە :** بمان هەوێ نەمان هەوێ ئێران واقعیەتێکە. کەس ناتوانێ ئینکاری بکا، بەڕەسمی ناسراوەو دەوڵەتێکە هەیەو یەکێکیش لە دەسەڵاتە گەورەکانی ئەو مەنتەقەیەیە . لەگەڵ ئەوەش دا پێم وایە هەرچەند بە ڕەسمی ئێعلان نەکراوە، ئاڵتەرناتیڤی قسەکردن لەگەڵ ئێرانێ هەتا ئێستا لە ئاژەندای ئەمریکا نەچۆتە دەرێ. پێم وایە ئێستاش لە بەرنامەی ئەمریکا دا هەیە لەگەڵ ئێران وتووێژ بکا. وانیە کە ئەوەی بە تەواوی وەلا نابێ. رەنگە وتووێژێکی ئابڕوومەندانە لەگەڵ ئێرانێ یان تەنانەت لەگەل سووریەش رێگایەکی باشتر لە لەشکرکێشی بێ. ئابڕوومەندانەش ئەوەیە کە لە عەینی حاڵ دا کە تەزمین دەدەن بە ئێران کە رێژیمەکە نەڕووخێنن، هێندێک تەزمیناتیش لەبارەی دیموکراسی و حقووقی ئینسانی و تەجاوز نەکردن بۆ دراوسێکان لە ئێران وەربگرن.

**راندال:** لە ئەمریکاش شتێکی وا هەیە کە دەڵێن شتەکە زیاتر پێوەندیی بەو شەڕە گەورەیەوە کە ئێستا لە بەغدا قەرارە بیکەن، ئەم پلانە ئەمنی یە تازەیە، دەڵێن کە ئەگەر بووش لەو پلانە سەرکەوێ و ئەمریکا بیباتەوە، ئەو کاتە بووش دەتوانێ لە هەڵوێستی بەهێزترەوە قسە بکاو بڵێ باشە ئێستا ئەمن دەتوانم لەگەڵ ئێرانیش هێندێک قسە بکەم. بەڵام ئەگەر بێتو بدۆڕێ، ئەوکاتە ناچار دەبێ جۆرێکی لەگەڵ ئێران دا قسە بکا. بۆیە شتەکان زیاتر پێوەندی یان بەوەوەهەیە، بەڵام هەرچەند دەکەم بڕوا ناکەم بووش ئەوەندە زیرەک بێ لەو شتانە تێ بگا.

**حەسەن زادە :** ئەمن ناڵێم زۆر زیرەک نیە، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم زۆر ئومێدم بە سەرکەوتنی ئەو نەخشەیەی تازەشیان نیە. چونکە تەجروبەی چەند ساڵ نیشانی داوە نەخشەکانیان زۆر عەمەلی نین. هەتا نەخشەیەک دادەڕێژن، تەماشا دەکەی جم و جۆڵی تێرۆریستەکان و موخالیفانی سەقامگیربوونی وەزعەکە زیاتر دەبێ.

**راندال:** لە کوردستان چی؟

**حەسەن زادە :** پێم وایە لە هەرێمی کوردستان تا ئێستاش ئەمریکا نفووزی خۆی هەر پاراستوە، لەگەڵ ئەوەی گلەیی یان لێی هەیە.

**راندال:** یانی خەڵکیش هەستی باشە بەرامبەریان؟

**حەسەن زادە :** بەڵێ پێم وایە.

**راندال:** ئێستا با ئەو سیناریۆ رەشە لەبەر چاو بگرین کە ئەمریکا چۆ دەرێ، ئەگەر وادابنێی کە ئەمریکا لە عێراق رۆیشتەدەر، پێت وایە حکوومەتی هەرێم دەتوانێ ئەو شتانەی کە تا ئێستا وەدەستی هێناون و ئەو وەزعیەتەکە هەیەتی بیپارێزێ، یان وەزعەکە ئەوەندە تێک دەچێ کە لەلایەک ئێران و لەلایەکی دیکە تورکیا و لەلایەکی دیکەوە هەر وڵاتێک بۆخۆی دێتە ژوورەوە...

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**حەسەن زادە :** پێش بینی یەکی زۆر تاڵە، لەو حاڵەدا حکوومەتی هەرێم لەگەڵ وەزعێکی دژوار بەرەوڕوو دەبێ. چونکە لەگەڵ هەموو ئیختیلافاتێک کە پێکەوەیان هەیە، ئەو دەوڵەتانە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد و بەرامبەر بە کوردستان هەموویان موتتەفیقن. لە حاڵێک دا بۆ حکوومەتی کوردی بەربەرەکانی لەگەڵ یەکێکیشیان هەر زەحمەتە. هەر ئەوەشە کە دەڵێم ئەگەر ئەمریکا لێرە بڕوا کارەسات دەقەومێ.

**ڕاندال:** ئەمنیش هەر بۆچوونی تۆم هەیە.

ئێمە وامان بیستوە کە لەتبوونێک لەم دوایی یانە دا لە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رووی داوە. پێت وایە بتوانن بەسەر ئەو ئیختیلافاتە دا زاڵ بن؟

**حەسەن زادە :** پێم ناخۆشە قسەکەم درێژ دەکەمەوە، بەڵام مەسەلێک دێنمەوە، دەڵێن کابرا گوتی ژن بۆ کوڕەکەم دێنم، گوتیان کێی بۆ دێنی؟ گوتی کچی پاشای بۆ دێنم، گوتیان جا شتی وا مومکینە؟ گوتی بەڵێ. نیوەی مەسەلەکە حەللە، ئەمن و کوڕەکەم رازیین، هەر ماوە پاشا و کچەکە رازی بن. ئەوەندەی پێوەندیی بە منەوە هەیە، ئەگەر بە من بایە ئەو لەتبوونە هەر نەدەبوو. ئێستاش هەر ئارەزوو دەکەم ئەو لەتبوونە تەواو بێ.

**ڕاندال:** ئەوە کەی بوو؟

**حەسەن زادە:** رۆژی ٦ی دیسامبری ٢٠٠٦

**ڕاندال:** ئەوە کە باسی مەسەلەکەت کرد کێ پاشایە و کێ پیاوە کەیە؟

**حەسەن زادە:** ئەمن پیاوەکەم.

## عەبدوڵلا حەسەنزادە: تا ئەمن هەم لەبەر کورسی ڕامکردووە و کورسی بەدوای مندا هاتووە

خالید محەممەدزادە

**گوڤاری ژنان:** مامۆستا، بۆ ژنان لە حیزبی دێموکرات و بەتایبەت لە ڕێبەریی ئەم حیزبەدا ڕۆڵی بەرچاویان نەبووە؟ حیزبی ئێوە بۆ تێکۆشانی ژنان و ڕۆڵی ئەوان لە ڕێبەرییدا چی لە بەرنامەیدایە؟

**حەسەنزادە:** من همیشە سەرنجی ئەوەم داوە پیاوەکان کە پرسیار دەکەن باسی پیاوان ناکەن، بەڵام کە ژنان پرسیار دەکەن باسی ژنان دەکەن!

**فەتاح کاویان:** زوڵمیان لێ کراوە، بۆیە.

بەدوای دووکەرتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ١٣ی دیسامبر کونگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ عەبدوڵلا حەسەنزادە، کەسایەتیی دیاری ئەم حیزبە، لە شاری هەولێر پێکهات. ناوبراو بەدوای پێشکەشکردنی باسێک لەسەر ئەو دووکەرتبوونەی حیزبی دێموکرات، وەڵامی پرسیاری کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووسانی بەشداری ئەو کونفرانسە دایەوە. ئەوەی لێرەدا دەخرێتەڕوو ئەو پرسیار و وەڵامانەیە کە لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و حەسەنزادەدا هاتوونەتەگۆڕێ.


عەبدوڵلا حەسەنزادە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە هەولێر

**زاگرۆس:** لایەنی بەرامبەر ئێوەی وەک لادەر ناوهێناوە. هەلوێستی ئێوە چییە؟ پرسیاری دواترم لە پێوەندیی لەگەڵ جیابوونەوەی باڵێکی دیکەی حیزبە بە ناوی ئارارات کە ئەمانیش جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند. ئەمە تا چەندە ڕاستە. پرسیاری دواتر ئەوەیە ئایا ئێوە لە کۆیە دەمێننەوە؟

**حەسەنزادە:** لەپێشدا لەسەر ئەو ناوانە پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە ئەوە یەکێک لەو شتانەیە کە ئێمە ئارەزوو ناکەین ببێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەو شتانە سواون و زۆر کۆن بوون. نیزیکەی بیست ساڵ پێش ئێستا بۆ جەمعێک کە لە کۆنگری هەشتدا ڕیزی خۆیان جیاکردەوە، بەکاردەبرا. ئەو ئیستیلاحە زۆر کۆن بووە و ئێستاش ئەوانە هەوڵیان ئەوەیە بڵێن ئەوە هەر ئەوانن. ئیددیعا دەکەن خۆ ئێستا جیابوونەوەیەک نەبووە، جیابوونەوەیەکی دائیم هەبووە و جارێکی دیکە ئیعلان کراوەتەوە. باشە ئەوانە ئەوکات لە چییان لادابوو؟ چووبوونە پاڵ کۆماری ئیسلامی؟ ئەوانە ئەوکات بەشێک لە سادق ترین تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بوون. ئەمن نالێم نەدەبوو بیکەین، چونکە تازە کراوە. بە نەدەبوو هیچ عیلاجێک ناکرێ. بەڵام ئەوە مەنتیقێکی باش نییە هەر کەس لەگەڵ ئێمە نەبوو دوژمنمانە. یانی چی؟ ئەو کەسە دوژمنی ئێمەیە کە لەگەڵ دۆژمنمانە. نەک هەر کەس لەگەڵمان نەبوو، دوژمنمانە. هەر کەس دوژمنمان نەبوو دۆستمانە. ئێمە پێڕەوی لەم مەنتیقە دەکەین، نەک لەو مەنتیقە. ئێستاش ئێمە لە سەنگەری پێشەوەی خەباتداین. ئەوەی کە حیزبی دێموکرات وەک سیاسەت و پرەنسیپ پێڕەوەی لێ دەکا ئەگەر ڕۆژێک دانیشن بە داوەری هێندێک داوەری بەئینسافی بێلایەن سابیتی دەکەین کە پرەنسیپە دیموکراتیکەکانی حیزبی دێموکرات پاش ڕێبەرانی شەهیدمان، قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی، هەموو بەرهەمی ئەو بەشەیە کە ئێستا ئەو بەڕێزانە ئەو ناوەی لەسەر دادەنێن.

لەسەر مەسەلەی مانەوەمان لە کۆیە، ئێمە لە ئەوەڵەوە گوتوومانە نە ئێمە ئەوانمان پێدەردەکرێ و نە ئەوانیش ئێمەیان لە کۆیە پێدەردەکرێ. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە لەوێ حاکمە، ئەگەر بیەوێ هەموومان دەربکا خۆ مقابلەی لەگەڵ ناکەین. بەڵام هیچ مەنتیقی تێدا نییە ئێمە بۆ ئەوان دەربکا یا ئەوەان بۆ ئێمە دەربکا. لە عەینی حاڵیش ئەگەر بێن دەزانن کە لە کۆیە چەندی لای ئێمەیە و چەندی لای ئەوانە. کەوابێ ئێمە پێمانوایە ئێمە لە کۆیە دەبین و ئەوانیش لە کۆیە دەبن. بەڵام دەبێ لێک جیابکرێینەوە. تا ئەو کەف و کوڵە دادەمرکێ و شەڕە قسە نەبێ. ماشاڵڵا ئەوان کەمێکیش لەو بارەیەوە ئازان، هەمیشە لە هەوڵی هێرشدان کە ئەوە ئازایەتی نییە. بۆ هیچ کەس شانازی نییە تفەنگ بە ڕۆڵەی کوردەوە

بنێ. من ئێستا و لەبەردەم ئێوەدا دەڵێم نەفرەت لە هەر گوللەیەکی دەکەم کە لە دەستی کوردێک دەرچووبێ بەرەو کوردێک.

**ڕۆژهەڵات تیڤی:** لە بەیاننامەکەتاندا باسی لەتبوونی حیزبی دێموکراتتان کردووە بەو مانایە کە باڵی بەڕێز مستەفا هیجری بە حیزبی دێموکرات دەزانن، کەواتە مەسەلەی ئەندامەتی ئێوە لە ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستدا بە مافی خۆتان دەزانن یان ئەوان؟ دووەم پرسیار، سیاسەتتان بەرامبەر بە کۆمەڵە چۆن دەبێ؟

**حەسەنزادە:** ئێمە پێمانوایە هیچ ناکۆکییەک نییە لەوەی ئێمە حیزبی دێموکرات بین و ئەوانیش حیزبی دێموکرات بن. ئەو ناوە سەبتی هیچ لایەک نییە. هەر دووکمان میراتگری شانازییەکانی حیزبی دێموکراتین. کەوابێ زۆر سروشتییە کە هەردووکمان لێی ئیستفادە بکەین. ئێمە گوتوومانە کە ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست وەک بنەماڵەی گەورەی خۆمان سەیر دەکەین و هەوڵدەدەین پلەی ئەندامەتیی خۆمان لەوێدا بەرینەسەرێ. بەڵام ئەوە پێویستی بەوە هەیە لەگەل بەرپرسانی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست قسە بکەین کە داخوا هەردووکمان وەردەگرن بە ئەندام یان یەکێکمان دەناسن. ئەوە مەسەلەیەک نییە کە ئێستا بتوانین بڕیاری لەسەر بدەین و ساغی بکەینەوە. لە عەینی حاڵیشدا مەسەلەیەکی زۆر موهیمیش نییە. بەڵام مەسەلەی پێوەندیی لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان زۆر موهیمە. ئێمە لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە کوردستانییەکان باوەڕمان بە دۆستایەتی هەیە، باوەڕمان بە هاوکاری هەیە. کۆمەڵەش لە ڕیزی پێشەوەی ئەو هێزانەیە کە لە کوردستانی ئێراندا خاوەنی ڕابردووی سیاسیین و خاوەن نفوزی سیاسیین و هەڵوێستیشان بەرامبەر بە ئێمە لە ١٥ ، ٢٠ ساڵی ڕابردوویشدا دۆستانە و برایانە بووە و پێوەندیشمان بەردەوام دەبێ.

**کوردستان ڕاپۆرت:** جەنابی مامۆستا، ئێوە خەتی تیرەتان لە ناوی حیزبەکەتاندا داناوە. ئەمە بۆ توخکردنی خەباتی نەتەوەیی‌یە یان تەنیا بۆ جیاکارییە لەگەڵ باڵەکەی دیکەی حیزبدا؟ ئایا ئێوە ئەگەر هەڵنەبژێردرێنەوە بە سکرتێر لەگەڵ ئەو حیزبە کار دەکەن؟ پێتان وا نییە کەسانێک تووشی نائۆمیدی بوون لەم ڕووداوە. بۆ نموونە خۆلادانی کەسێک وەک بابا عەلی مێهرپەروەر؟

**حەسەن زادە:** من ئێستاش هەر سکرتێری ئەو ڕێکخراوە نیم. کاریشیان لەگەڵ دەکەم وەک سەربازێک. ئەگەر ئەوان لوتفیان لەگەڵم هەیە وەک ئەندامێکی کارا قبووڵیان کردووم، شانازی پێوەدەکەم. بەڵام من وەک پێشمەرگەیەک لە خزمەتیاندام. ئەوەی مەربووتە بە کاک باباعەلی، پێموانیە کاک باباعەلی نائۆمید بێ، بەڵام ئیعترازی کاک باباعەلی زۆر بەجێیە چونکە کاک باباعەلی جگە لەوەی تێکۆشەرێکە ٢٧ ساڵە لەم حیزبەدا ژیان بەختدەکا، هەوڵێکی یەکجار شەریفیشی دا بۆ ئەوەی ئەم حیزبە دووچاری ئەوە نەبێ. یەکێک لە چالاک ترین دڵسۆزان بوو کە لەو بوارەدا تێکۆشا کە بەداخەوە هەوڵەکانی ئەویش بە هیچ جێگایەک نەگەیشتن و تەنانەت زۆریش بێحورمەتیان پێکرد. ئێمە لە جوابی ئەو کشانەوەی ئەودا شتێکمان نووسی و ئێستاش دەیڵێم کە زۆر بەداخین لەو هەڵوێستەی و هیوادارم هەڵوێستی قەتعی نەبێ. زۆر بە شانازییەوە حازرین لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ڕێبەریی حیزبدا لە خزمەتیدا هاوکاری بکەین. ئارەزوم ئەوەیە ئەو تووڕەییە جێگای خوی بدا بە گەڕانەوە. خەڵکی دیکەش ڕەنگە دووچاری نائۆمیدی بووبن، بەڵام ئەگەر ئێمە کار بکەین کە بۆ ئەوەش کار دەکەین ئارەزوم ئەوەیە کە ئەو نائۆمێدییە تەبدیل بێتەوە بە ئۆمید. بەڵام ئەو داشەمان کە داناوە چەند مانا دەتوانێ ببەخشێ، یەکێکیان کە لە هەموویان موهیم ترە بۆ ئێمە ئەوەیە



عەبدوڵڵا حەسەنزادە

کە گەڕاوینەتەوەسەر ئەسڵ. حیزبی ئێمە تا ساڵی ١٩٨٠ ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. ئەو حیزبەی بەدەستی بەتوانای پێشەوا قازی محەممەد دانرا ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. هیچی دیکەی لەگەڵ نەبوو. شتێکی دیکەی کە تێدایە ئەوەیە کە ئێمە ئەمڕۆ وەختی ئەوە هاتووە کە کوردستان وەک کوردستان بناسین. هەڵویستی دەوڵەتەکان بەرانبەر بە کورد بەوە ناگۆڕێ کە ناوی خۆت بنێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یان تورکیا یان سوریە. ئەوان دایانناوە کە ئێمە جیاوازیخوازین. ئەوەی لەگەڵمان کراوە دەیکەن. بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە ئێمە خۆمان پێناسە بکەینەوە وەک میللەت و خاکێک. کەوایە ئامانجمان ئەوەیە کەمێک پڕڕەنگ تر بێ.

**کوردستان تیڤی:** دەسەڵاتی سیاسیی ئێرە تا چەند ئاگاداری ئەم جیابوونەوەی ئێوەیە؟ ئەم جیابوونەوەیە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە. هەست دەکرێ پەشیمانبوونەوەیەک هەیە؟ ڕای ئێوە لەسەر ڕاپۆرتی بیکەر هاملتۆن چۆنە؟

**حەسەنزادە:** ئەوانەی پێیان خۆشە هەموو شتێک بە ڕەشبینییەوە ببینن هێندێک شتی خراپ دەڵێن وەک ئەوەی کە ڕەنگە ئەم لایەن و ئەو لایەن تەئسیریان هەبووبێ لەو کارە. من لێرە بە مەسئولییەتەوە ڕادەگەیەنم کە لە هیچ هێزێکی سیاسی و هیچ ئینسانێک غەیری هەوڵ بۆ یەکپارچەیی هیچمان نەدیوە و ئەوەی دیکە هەمووی بۆختانە. دیارە ئێمە ئێستا بۆ چارەسەریی کێشەکانی خۆمان حکومەتی کوردستانمان ئاگادار کردۆتەوە، چونکە ئەو برادەرانەی ئێمە بە نەفەسێک چاو لە مەسەلەکە دەکەن کە پێیانوایە ئەوان بە تەنیا حیزبی دێموکراتن و ئەوانی دیکە هیچ نین کە هەر ئەو مەنتیقەش بوو کە حیزبی دێموکراتی دووچاری ئەوە کرد. ئێمە پێمانوایە حیزبی دێموکرات دەبێ حیزبی هەموان بێ بە مافی وەک یەک و بە ئەرکی وەک یەک و بە بیر و باوەڕی جیاوازەوە. حیزبێک یەکدەنگی تێدابێ حیزب نییە. چونکە یان دیکتاتۆری تێدایە یا یەکێک بیر دەکاتەوە ئەوانی دیکەش دەبێ وەدوای بکەون و هەقی بیرکردنەوەیان نییە. ئەوەش حیزب نییە. باسی پەشیمانبوونەوە کرا. شتێک بە ناوی پەشیمانبوونەوە لە ئارادا نییە. ئێمە لە ئەوەڵەوە موخالیفی لەتبوون بووین. بەڵام وەزعێک کە پێشهاتبوو حیزبی دێموکراتی فەلەج کردبوو. ئێمە گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە ئەگەر ئەو وەزعە درێژەی هەبێ حیزب هەمووی دەمرێ. بەڵام ئەگەر بە جودا کارەکانمان بکەین سەعی دەکەین ئەو بەشەی خۆمان ببوژێنینەوە. ئارەزوومان ئەوەیە بەشەکەی دیکەش پێش بکەوێ. ئارەزووم ئەوەیە بەشەکەی دیکەش بێتەسەر ئەو بیرە نیشتمانی و نەتەوەیی‌یەی کە پێکەوە کار بکەین. ئەگەر نەمانتوانی لەنێو حیزبێکدا بین با لە دەرێی حیزب پێکەوە کار بکەین. تەنانەت ئارەزووم ئەوەیە فەزایەک بخوڵقێنین کە بتوانین جارێکی دیکە پێکەوە بین. لە یەک کەلامدا "ئێمە یەکێتیخوازین، بەلام یەکدەستخواز نین" ، نامانەوێ تەنیا یەک دەنگ هەبێ. دەمانەوێ پلۆرالیزمی فیکری لەنێو حیزبدا هەبێ و ئەو حیزبەش دەتوانێ زۆر بیروبۆچوونی جیاوازی دیکەی تێدابێ. بەڵام لە پێوەندیی لەگەڵ ڕاپۆرتی بیکەر هاملتون، من قەت دووچاری نائۆمیدی نابم. بۆ من زۆر شتێکی تازە نەبوو. پێموابێ شتی وا هەر دەبێ بەڵام مەوقیفێکە زۆر خراپ بوو. نە لەگەڵ مەسڵەحەتی ئەمریکییەکان ڕێکدەکەوێ، نە لەگەڵ مەسڵەحەتی عێراقییەکان، نە لەگەل مەسڵەحەتی کورد و نە لەگەل بڕیاری عێراقییەکان کە ساحیبی قەزییەکەن ڕێکدەکەوێ. عێراقییەکان بۆخۆیان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی کە مەسەلەی کەرکوک بخرێتە ڕیفراندۆمەوە. ئێستا بۆچی یەکێک لەوسەری ئۆقیانووسەکانەوە بێ و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشنیار بکا ئەوە دوابخرێ؟**کوردستان ئۆنلاین:** مامۆستا، ئەمە چەندین جارە حیزبی دێموکرات لەت دەبێ. ئەمە چۆن دەبینی و ئایا جیاوازی هەیە لەگەڵ لەتبوونەکانی دیکە؟ ئایا ئێوە دوای ئەو هەڵوێستەتان بەرنامەتان هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران و کارکردن لەگەڵ ڕووناکبیران و نوخبەی کوردی لە ئێران؟

**حەسەنزادە:** ڕەنگە ئەو شتانەی لە حیزبی دێموکراتدا ڕوویانداوە زیاتر بن لە سێ و چوار جار. هێندێکیان کشانەوە و دووبارە پێویست بوون. لە واقیعدا باشترین پێویستبوونەوە پێویستبوونەوەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بوو لە ساڵی ۱۹۹۶دا بوو. ئەوانەی دیکە وەک فەرد گەڕاونەتەوە. بەڵام ئایا جیاوازی هەیە یان نا؟ لێمگەڕێ با بەشێکی زۆری هەڵگرم بۆ ئاینده. بەڵام لێرەدا دەمەوێ دوو شت بڵێم: ئێمە گوتوومانە زۆرایەتی کۆمیتەی ناوندیی و کەمایەتی کۆمیتەی ناوەندی. نەمانوتووە زۆرایەتی حیزب و کەمایەتی حیزب. هەتا لە جێگایەکیش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسیومانە کە ئەوە دروست نییە ئەو ئیستلاحە بەکاربێت. چونکە نە ئێستا ڕوونە و نە مەعلومە و بۆ داهاتوویش قابیلی گۆڕانە. هەر ئێستا ئەگەر تەماشا بکەی حیزبی دێموکرات لە زۆر جێگادا بەشی زۆری لای ئێمەیە و لە هێندێک جێگاشدا لەلای ئەوانە بەڵام بێجگە لەوە هێندێک فەرقی دیکەشی هەیە کە هیوادارم هاوڕێیانی موقابیلمان دوچاری تەوەهوم نەبن. مەسەلەن ئێستا لەگەڵ ساڵی ۱۹۸۸ بەراوەرد ناکرێ. یەکەم ئەوکات هیچ ئەندامێکی کۆمیتە مەرکەزیان لەگەڵ نەبوو. ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ یەک ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزیان لەگەڵ نەبوو. چونکە کۆنگرەیەک گیرابوو هیچ کام لەوان خۆیان کاندید نەکردبوو. ۹ کەسیان کاندید بوون بەڵام نەیانکرد. ئەوە فەرقی زۆرە. لە پاشان بلیمەتێکی وەک دوکتۆر قاسملوو لە مەیداندا بوو. کەسانێکی ئەوکات بوونیان هەبوو بە وەزنی حیزبی دێموکرات دەناسران لەولایە، بەڵام ئێستا تەماشای وەزنەکان و سیماکانی حیزبی دێموکرات بکەین ئەو کەسانەی شارەزان ڕەنگە قەزاوەتێکی دیکە بکەن. ئارەزووم ئەوەیە هاوڕێیان خۆیان لە جێگای دوکتۆر قاسملوو دانەنێن. هیچمان ناگەینە قاسملوو، بەڵام ئیتر با ئەو تەوەهومە بۆ ئەوانیش پەیدا نەبێ.

**فەتاح کاویان:** من یەکێک لەو کەسانە بووم کە مامۆستا باسی کرد لە حیزب جیابووینەوە. پێمخۆشە ئەوە بڵێم لێرە ژمارەی ئەو برادەرانەی کە ئەوکات لەگەڵ ئێمە بوون و ئێستا لەگەڵ خەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مامۆستادان لە سەدا پێنج کەمتریشن. کەوابێ سەدا ۹۰ی ئەو کەسانەی کە خەتی مامۆستایان قبووڵ کردووە هەموو ئەو کەسانەن کە وەفادارانە لەگەڵ دوکتۆر قاسملووی شەهید مانەوە. کەوابوو بە هیچ جۆرێک ناتوانن ئەوانە کەلیمەی لادەر بەکار بێنن. ئەوکاتیش لە خەتی ئەساسیی حیزب لامانندابوو، بەڵام ئێستا هەر کەس ئەوە بڵێ بۆخوی باش دەزانی سەد لە سەد درۆ دەکا.

**حەسەنزادە:** ئێمە بەوانمان دەگوت لادەر، چونکە ئەوان لە بڕیاری کۆنگرەی ۸ لایاندابوو. ئێستا ئەوەی بە ئەوان دەڵێ لادەر، ۴ جار خوی لادەرە، بۆ؟ لە کۆنگری ۱۰ ئێمە قبووڵمان کردووتەوە دەبینەوە یەک حیزب. لە کۆنگرەی ۱۱ هەر ئەوەمان قبووڵ کردووە و لە کۆنگرەی ۱۲ و۱۳یش قبوڵمان کرد کە ئەمانە وەک هەمووومان ئەندامی حیزبی دێموکراتن. ئەگەر ئێستا کەسێک بەوان بڵێ لادەر لە بۆیاری چوار کۆنگرە لایداوە. لە پاشان بۆ ئەوەی بزانن ئەو وشەیە چەندە نادروستە بزانن کاتی خوی ئێمە ڕێککەتننامەیەکمان ئیمزا کرد لە ساڵی ۱۹۹۶دا کە لە بەندی ۱۸ ی دا هاتووە هەر بڕیارێکی لە ۲ی مارسی ۱۹۸۸ بەدواوە لەلایەن هەر لایەنێکمانەوە دەرچووە هەر بەخشنامەیەکی دەرچووە ئەگەر پێچەوانەی ئەم ڕێککەتننامەیە بێ بەتاڵە. کەواتە هەر ئەوکات بڕیارمان دا کە ئەو کەلیمەیە مەحکوم و بەتاڵە. پاشان لەسەر بەرنامەمان بۆنێو ڕووناکبیران؛ جا ئەگەر ئێمە ئەوە نەکەین چی دەکەین؟ کاری نوێ بە فیکری نوێ دەکرێ. ئەوە پێویستی بە هێزی نوێ و خوێندنەوەی نوێ هەیە. کەوابێ دەچینە نێو ڕووناکبیران و ڕووناکبیران دێنە نێو حیزب.

**کۆمەڵە تیڤی:** ئێوە میکانیزمێکتان لەبەرچاوگرتووە بۆئەوەی لەنیوانتاندا شەڕ بەرپا نەبێ؟ دەتانەوێ لە داهاتوودا کۆنگرە بگرن؟ ئایا ئەمە شەڕی دەسەڵات نییە؟ ئەو فشارانەی کە ئێستا لەسەر ئێران هەن دەوریان بینیوە لەسەر ئەو لەتبوونەی حیزبی دێموکرات؟

**حەسەنزادە:** میکانیزمی ئێمە بۆ ئەو کارە سەبر و تەحەمولە. هەروەک لەو ڕۆژانەدا هەموو شتێمکان کرد بۆ ئەوەی شتی خراپ ڕوو نەدا و ئەمەش بەردەوام دەبێ. ئارەزوویشمانە ئەو ڕەفیقانەی دیکەشمان ئەو کارە بکەن و ئاواتمە هێزە کوردستانییەکانی دیکەش چاوەدێر بن بەسەرمانەوە و ئەو لایەنە بە کورد بناسێنن کە خەتابارە. بەڵام بۆ کۆنگرەگرتن، مەعلوم ئەگەر یەک بوایەتین هەر کۆنگرەمان دەگرت. ئێستا بووین بە دوو، حەتمەن کۆنگرە دەگرین. ئێستا دەمانەوێ زۆر ئاڵوگۆڕ بکەین، ناتوانین بیکەین. دەبێ بچینە کۆنگرە. بۆ نموونە ئێستا بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات پێویستی بە گۆڕین هەیە، ئێمە ناتوانین بیگۆڕین تا نەچینە کۆنگرە. کەواتە کار دەکەین تا کۆنگرە. شەرعییەتیشمان هەیە. بۆ؟ چونکە کۆمیتەی ناوەندی لەت بووە. بەشێکی لەگەڵ ئێمەیە و بەشێکی لەگەڵ ئەوانە. بە چەند عەدەد کەم و زۆر شەرعییەت لەدەست نادا. کەوابێ شەرعییەتمان هەیە بۆ کۆنگرە و پاشان دەچینە کۆنگرە و ڕێبەرییەکی تازە و خەتێکی تازە هەڵدەبژێرین.

لەسەر شەڕی دەسەڵات دوو شت بڵێم: ئەوەڵەن شەڕی دەسەڵات تاوان نییە. هەر حیزبێک کە دادەمەزرێ بەو ئاواتە دادەمەزرێ بەو جۆرەی کە بۆخوی بە مەسڵەحەتی میللەت دەزانێ بەرنامەکەی بەڕێوەبەرێ. ئەمە سروشتییە، لە پاشان ئەگەر شەڕ لەسەر دەسەڵات تاوانە، شەڕ بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتیش چوار جار تاوانە. ئیختلافی ئێمە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە ئەوە بوو کە ئەوان دەسەڵاتیان پاوان کردبوو لەدەست خۆیاندا. ئەوان لە دیموکراسی ئەو تەعبیرەیان هەبوو کە دیموکراسی مانای ئەوەیە کەمایەتی دەبێ پێڕەوی لە زۆرایەتی بکا. لە حاڵێکدا ئێوە هەمووتان ڕووناکبیرن، ئەوە پێناسەی دیموکراسی نییە. ئێمە تەنیا دیکتاتۆری و دیموکراسیمان نییە. دیکتاتۆریی فەردیمان هەیە. دیکتاتۆریی زۆرایەتیمان هەیە. دیموکراسیمان هەیە. سەرەتایی ترین ئەلفوبێی دیموکراسی موراعاتی مافی کەمینەیە لەلایەن زۆرایەتییەوە، بەداخەوە لە قاموسی ئەو هاوڕێیانەدا هیچ جێگایەکی نییە. بەڵام دەمەوێ بڵێم شەڕی دەسەڵاتی چی؟ ئەوانەی کە ئەو حەرەکەتەیان بەڕێوەبردووە چەند کەسێکن، بەشێکیان ئەندامی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیین و لە دەسەڵاتدان. چی تریان دەوێ؟ خۆ لە دەسەڵاتدا بوون. بەشێکی دیکەشیان کەسانی وەک من وان. ئەمن سەددی پۆلاییم لە بەرانبەر دەسەڵاتدا دروست کردووە. لە واقیعدا بە زەبری من بەندێک لەنێو پێڕەوی نێوخوی حیزب جێگیر کرا کە ئیجازە بە من نەدا بۆ جاری سێیەم ببمەوە بە سکرتێر. یانی کەسێک عاشقی دەسەڵات بێ کاری وا دەکا؟ نەخێر ڕاست بۆ ئەوەی نەبمەوە بە سکرتێر ئەو بەندەم دانا. ئەساسنامەی ئێمە بەندێکی تێدایە دەڵێ هیچ کەس دوای دوو دەورە سکرتێری ناتوانێ ببێتەوە بە سکرتێر. ئەوە پێشنیاری من بوو. لە کۆنگرەی ۱۲دا دەیانویست لایبەرن، وتم ئەوەتان پێ بڵێم عومری من لە حیزبدا بەقەد ئەو ماددەیەیە، ئەگەر ئەمڕۆ لایبەرن من ئیستعیفا لە حیزب دەکەم و دەڕۆم. کەوابێ مەسەلە شەڕی دەسەڵات نییە.

بەڵام بە نیسبەت ئەو فشارانەی لەسەر ئێران هەن، بۆ ئێمە بە پێچەوانە شکایەوە. دەبوا هەردوو لامانی هاندایە کار بکەین (ئێمەی هان دا). ئەمن پێنج ساڵ پێش ئێستا بە نووسین نووسیومە کە هەلومەرجێک خوڵقاوە دەتوانین ئیستیفادەی لێ بکەین، بەڵام بۆ ئەوەی ئیستیفادەی لێ بکەین تەنیا یەک ڕێگامان هەیە، ئەویش ئەوەیە بەهێز بین. نووسیبووم ئێمە دەتوانین لە چوار پلەدا خۆمان بەهێز بکەین. ئەوەڵ، ڕیزەکانی خۆمان بەهێز بکەین. دووەم، ڕیزی هێزە کوردستانییەکان پتەو بکەین. سێیەم، ڕیزی خۆمان لەگەڵ ئەو هێزە ئێرانیانە پتەو بکەین کە نوێنەری هێزێکی میللیین. دواتریش لەگەڵ هەموو هێزە ئێرانییەکان. بەڵام وەک دەڵێن دەستێ بەتەنیا دەنگی نایە و منداڵێک بۆی ناکرێ کایە.

**ڕۆژنامەی نوێ:** جەنابت گوتت لەگەڵ برادەران مەسەلەی سیاسیمان نەبووە و مەسایلی ڕێکخراوەیییە زیاتر. پێتوانیە هەر چوارچێوەی ڕێکخراوەیییە جۆرێک تێڕاونینی سیاسی لە پشتە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرسیاری دووەم ئەوەیە کە جەنابت لە ڕۆژنامەی چاوەدێردا باسی ئەوەت کردووە کە ئێمە تا کەی لەسەر سفری قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی نان بخوێن. ئەمە چونە؟ ئایە ئێوە ڕوانگەتان وەک برادەران وایە بە نیسبەت ڕابردووی حیزبەوە؟

حەسەنزادە: زۆر جار خەڵک دەڵێ ئەوە شتی سیاسی تێدا نییە و شەڕە لەسەر دەسەڵات. ئوسەلەن شەڕە لەسەر ئەوە کە ئێمە بە شێوەی دیموکراتیک ڕەفتار بکەین یان یەکێکمان ببین بە ساحیبی ڕۆحیشیان. ئەوە بۆچوونێکی تەواو سیاسییە. تەنانەت کاتی خۆی کە ئێمە بەرنامەمان هەبوو لەگەڵ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ یەکبگرینەوە ئەوە ئیختلافێکی سیاسی بوو . ئێمە پێمانوابوو یەککەوتنەوەی ڕیزەکانمان باشە. ئەوان پێیانوابوو نەخێر ئەو ناکۆکییە نیعمەتی خوایە و نابێ لەدەستی بدەین. ئەوانەی ئەو کاتەی کە لە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا بوون ئێستا لە تەرکیبی ئێمە پێنج لە سەدن بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ ئەو سەدی پێنجە، سەدی پێنجی بە کەیفیەت و بەوەزنن و باشن. دەبێ ئەوە بگوترێ. لە پاشان هەردوو ئەوانەمانن کە وەحدەتخواز بووین. یەکێتیی ڕیزەکانی ئەو حیزبەمان دروست کرد و پاشان پاراستمان. بە چی پاراستمان؟ بە ئیمتیازدان بە تەرەفی بەرانبەر.

لەسەر مەسەلەی قازی و قاسملوو؛ ئەمە دوو مانای هەیە. یەکیان سروشتییە. ئەو ئەفکارەی کە قازی هێنای بۆ کاتی خۆی پێشکەوتوو ترین بیری سەردەم بوو، بەڵام کۆن دەبێ. ئەوەی قاسملوو هێناویەتی کاتی خوی باش بوو بەڵام مابا دەیگۆڕی. کەوابێ نابێ هەر بەدوای ئەوە بکەوین. دەبێ شت بگۆڕین. ئەوان خۆیان مابان دەیانگۆڕی. تەنانەت ئەو ئەفکارەی ئەوان هێناویانە ئەگەر تازەش مابن، نابێ دەوڵەمەند بکرێن؟ نابێ شتی دیکەشی بخرێتەسەر. بۆ؟ ئەگەر ئێمە نیمانە با ئەو لاوانە لەگەڵمان بکەون کە منداڵی ئەو عەسرەن. عەرەب دەڵێ هەر ڕۆژگارێک دەوڵەتی خۆی و پیاوانی خۆی دەوێ. با بیدەینە دەست ئەو لاوانە. مانای دیکەی ئەوەیە کە لەپشت سەنگەری دوکتۆر قاسملوویەوە تەقە لە خەڵکی بکەی. مەسەلەن نووسیان عەبدوڵڵا حەسەنزادە کوێرکەرەوەی ڕێبازی قاسملوویە. بە بەشداری هەموویان گوتم ئەرێ کێتان بەقەد من لەگەڵی ژیاوە؟ کێتان بەقەد من لێی فێر بووە؟ کێتان بەقەد من لەسەری نووسیوە؟ کێتان بەقەد من باستان کردووە. ئەو کاتیش کاک مستەفا هیجری هەستا گوتی سپاس بۆ مامۆستا و لە کەسێکی وەک مامۆستاش هەر ئەوە چاوەڕوانی دەکرێ. بە ڕابردوودا چوونەوە ئازایەتی دەوێ، یانی هیچ تاوان نییە هەستی بڵێی ئەو فیکرەم خراپ بوو. ئەوەش دوو مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوکات چاک بووە و ئێستا بەکارنایە. مەسەلەن ئەوکات ئێمە کە جیابووینەوە و لە کتێبەکەی خۆیشمدا نووسیومە چاو لە ئەدەبیاتی ئەو حیزبە بکە کە زۆری جنێودانە بە وی دیکە. دە باشە بابە بۆ جنێو بە من دەدەی بڕۆ کاری خۆت بکە. دوکتۆر قاسملوو دەیگوت وای دادەنێین دوو دوکاندار لەپاڵ یەک میوە دەفرۆشن. هەردووکیان هەقیان هەیە بڵێن میوەی من تازەیە، بەڵام حەقی نییە بڵێ میوەی جیرانەکەم کرمۆڵە. با تەعریفی کاڵای خۆی بکا. ئەوانەی کە هیچیان پێ نییە خۆیان بە جنێودان بە خەڵکی دیکە پێناسە دەکەن.

چاوەدێر: باس لەوە دەکرێ لایەنەکەی دیکە خوازیاری بەستنی کۆنگرەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بوون بەڵام ئێوە بەوە ڕازی نەبوون. پرسیاری دووەم، هۆکاری دروست نەبوونی بەرەی کوردستان لە چیدا دەبینی؟

حەسەنزادە: لە بارەی پرسیاری ئەوەڵەوە بە ڕەسمی ئەو برادەرانە پێشنیاری پێکهێنانی کۆنگرەی نایاساییان نەکردووە. ئەمما ئەگەر پێشنیار بکرایە ئێمە موخالیفەتمان دەکرد. چونکە کۆنگری ئاسایی و نائاسایی لەو فەزایەی تێیداین وەک یەکە. ڕەفیقێکی ئەوان لە کۆبوونەوەیەکی دەرەوەی وڵاتدا وتوویەتی نیگەرانی کۆنگرەی ١٤ مەبن، لە ئێستارا دەزانم لە کۆنگرەی ١٤ لەسەر چ کورسییەک دانیشتووم. جا ئەو کۆنگرەیە بە ئاسایی بگیردرێ یان نا، مەعلوومە نەتیجەکەی لە کۆنگرەی ١٣ چاکتر نابێ. بۆ ئاگاداریتان هەتا ئێستا ئەو هاوڕێیانە نەیانهێشتووە بە ئازادی لەپشت میکرۆفۆن ئێمە قسەی خۆمان بکەین، قەت ئیجازە نەدراوە. ئەو خەڵکەی کە لەگەڵیشیانە تەنیا یەک قسەیان بیستووە و ئیجازەیان نەداوە قسەی موخالیف ببیستن. خەڵکێکی ئاوایان لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە. پێم باشە ئاماژە بە خاڵێک بکەم. ئاخرین پاراگرافی کۆمیتەی مەرکەزی بۆ کۆنگرەی ١٣ ئەوە بوو کە دەڵێ "هاوڕێیانی خۆشەویست، زامنی سەرکەوتن لە هەموو ئەو بوارانەی کە باس کران لە هەر بوارێکی دیکەی کاری حیزبی و ڕێکخراوەییمان بەستراوەتە بە پاراستن و پتەوترکردنی ڕیزی تەشکیلاتیمان. ئەگەر لە خۆمان نەگۆڕین هەموو کادر و پرسنێلی حیزب بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی سەرشانمان و لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگامان بە ڕاستی کەم و ناتەواوە هەتا دەگا بەوەی کە ئەم حیزبە نەتوانێ لە هەموو تواناکانی خۆی کەڵک وەربگرێ و بەشێکیان تووشی دوورەپەرێزی بکا، یان لەوەش خراپتر بیانخاتە پەراوێزەوە. حیزبی دێموکرات لەدەست هێندێک ململانێی ناڕەوا زۆری چەشتووە و زیانی دیوە. با پەیمان بدەین ئەم نەخۆشییە خاشەبڕ بکەین و وەرن لەگەڵ خوێنی شەهیدان و لەگەڵ گەل و نیشتمان پەیمانی ژنان و پیاوانی بەرپرس تازە بکەینەوە کە نەک هەمووماں، هەر کەس لەبەرخۆیەوە هەستی دووبەرەکی لە خۆماندا بکوژین، بەڵکو لە هەر کەسێشمان دی یەکپارچە بەگژیدا بچینەوە." ئەو پاراگرافە بە زۆرایەتییەک کە ئەوان هێنایانە کۆنگرە ڕەد کرایەوە. یانی لە کۆنگرەدا هاوکاری و پێکەوەکارکردنیان ڕەدکردەوە. ئەوە دەردەخا مەسەلەکە چییە.

دەلایەلی سەرنەکەتنی بەرەی کوردستانی یەک و دوان نین، بەڵام ئەگەر تێدا سەرنەکەوتین هۆیەکەی ئەوە نەبووە کە لە ئامانجەکاندا یەکمان نەگرتۆتەوە. لەسەر ئامانجەکانمان ئەگەر کەمێکیش تەفاوەتمان هەبووبێ کەم بووە زیاتر لەسەر میکانیزمی پێکەوەکارکردنی ئەو بەرەیە تێک چۆتەوە نەیتوانیوە درێژەی هەبێ. هیوادارم لە داهاتوودا بە ڕۆحێکی دیکە و بە نەفەسێکی دیکە بۆ ئەو مەسەلەیە بچین.

گۆڤاری ژنان: مامۆستا، بۆ ژنان لە حیزبی دێموکرات و بەتایبەت لە ڕێبەریی ئەم حیزبەدا ڕۆڵی بەرچاویان نەبووە؟ حیزبی ئێوە بۆ تێکۆشانی ژنان و ڕۆڵی ئەوان لە ڕێبەرییدا چی لە بەرنامەیدایە؟

حەسەنزادە: من همیشە سەرنجی ئەوەم داوە پیاوەکان کە پرسیار دەکەن باسی پیاوان ناکەن، بەڵام کە ژنان پرسیار دەکەن باسی ژنان دەکەن!

فەتاح کاویان: زوڵمیان لێ کراوە، بۆیە.

حەسەنزادە: لێرەدا دەگەڕێمەوەسەر یەکێک لە قسەکانی دوکتۆر قاسملوو کە زۆر بە سەراحەت دەیگوت پیاوانی حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر مەسەلەی ژندا کۆنەپەرستن. ئەوە لەنێو حیزبی دێموکرات هەبووە. ئەمن لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتم دیوە کە ڕازی نەبوە کچەکەی بە ئارەزووی خۆی مێرد بکا. ڕازی نەبووە کچەکەی بچێتە بواری تێکۆشانی ژنانەوە. کەوابێ ئەوە دیدێکی کۆنەپەرستانە بووە کە لەسەرمان زاڵ بووە. ئێمە گوتوومانە دەبێ میکانیزم هەبێ، پێمخۆش نییە ئێستا ئەو میکانیزمە زۆر بەوردی باس بکەم بەڵام دەبێ میکانیزمێک دروست بکەین کە مەجبورم بکا بەشێک لە دەنگەکانم بدەم بە ژنان. ئەو میکانیزمە ئێستا لای من هەیە.

هەولێر پۆست: مامۆستا، ئێوە ئەندامی دیکە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان وەردەگرن؟ دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە هێندێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناڕەزایەتی دەربڕین بۆ ئەو لەتبوونەی حیزب هەیە، ئێوە پەیامتان چییە بۆ ئەو خەڵکە؟

حەسەنزادە: لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان ئێمە ئەساسنامەمان تا ئێستا دەڵێ ئەو کەسانە دەبنە ئەندامی حیزبی دێموکرات، یان کوردی ئێران بن یان دانیشتووی کوردستان بن. کەوایە بەپێی ئەو خاڵە حەقی ئەندام وەرگرتن لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە خۆمان نادەین. بەڵام یەکپارچەیی و پێکەوەبوون لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان لەوێدا بە باشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باس کراوە. لەگەڵ ئەوەی لە هەر وڵاتێکدا هەلومەرج و سیاسەتێک هەیە بەڵام خاڵی هاوبەش زۆرن و ئیمکانی هاوکاری زۆرە لەگەڵ یەکتر.
لەسەر ئەو مانگرتن و نارەزایەتییە کە گوایە دەبێ ببێ، من هێندێک شتم پێگەیشتووە بە ناوی نارەزایەتی لە هەمووشمان یان گوایا نارەزایەتی لە لایەکمان. بەڵام پەیامی من ئەوەیە ئەو نارەزایەتییەی کە هەیانە لەسەر سەر و سەر چاوم. ئەوەندە خەتای ئێمەی تێدایە ئەمن لەپشت ئەو تریبوونەوە بە هەموو دڵەوە داوای لێبۆدن لە خەڵکی کوردستان دەکەم. لەگەڵ ئەوەی ویژدانی خۆم بە شاهید دەگرم بەشێکی یەکجار زۆر کەم لەو خەتایەم بەردەکەوێ. ئێستا مەجالی ئەوە نییە کە ئەو شتانە باس بکەم، بریا کاتی هاتبایە.

**ئاڵای ئازادی:** باشە ئەو جیابوونەوەیە چۆن دوو ساڵ دوای کۆنگرەتان ڕوویدا؟ پاشان لەسەر چ بنەمایەک دەڵێن سەدی 50ی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئێوەدایە؟ چەندەتان توانیوە دیموکراسی لەنێو حیزبدا جێگیر بکەن؟

**حەسەنزادە:** لەڕاستیدا هەر دوای کۆنگرەی ١٠ کە ئێمە بڕیاری یەکگرتنەوەی حیزبمان دا لەو ڕۆژەوە ئەوان هەوڵیانداوە ئەو بڕیارە هەڵوەشێننەوە. پێشتر ئەمن لە پێش کۆنگرەی ١٠ کە کاک مستەفا سکرتێر بوو و ئەمن جێگری سکرتێر بووم، دوو جار چوومە لای. پێمگوت یەکگرتنەوەی حیزب داخوازی خەڵکە، خەڵک دەیەوێ. ئەوە شانازییەکی گەورەیە، با ئەو شانازییە بە تۆ ببڕێ. ئەوکات پێیوابوو ئەوە خیانەتە؛ ڕاست گوتی "بە خیانەتی دەزانم". بەڵام دواتریش چەند جار باسی کردووە کە "ئەمن تەسلیم بووم، بەڵام پێم کارێکی غەڵەت بووە." هەر بۆیە لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا هیچ کات ناوی لادەر لە زاری موبارەکیان نەکەوت. هەروەک چۆن ئێستا بەکاری دەبەن.
ئەمن عەرزم نەکردی نیوەی خەڵکمان لەگەڵە، ئەمن عەرزکردی هەر ئێستا تەماشا بکەین لەنێو ڕیزەکانی حیزبدا لە جێیەک نیوە زیاترمان لەگەڵە و لە جێیەک نیوە کەمترمان لەگەڵە. ئەوە پاشان داهاتوو ڕوونی دەکاتەوە. بۆیە ئیدیعای وام نەکردووە چونکە بە زەحمەت نیوەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. خەڵکی کوردستان ڕەنگە یەک لە سێی کاری بە کاری حیزبایەتی نەبێ. هەرچەند حیزبەکانی دیکەش هەن بەڵام بە باوەڕی من هەتا ئێستاش زۆرتری لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. بەڵام ئەی حیزبەکانی دیکە؟ کەسی دیکەیان لەگەڵ نییە؟ بۆیە واقیعبینانە نییە بڵێین نیوەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. لەسەر ئەوەی چەندەمان توانیوە دیموکراسی لەنێو حیزبدا جێگیر بکەین ئەمن دەتوانم بڵێم لە کۆنگرەی ١٠ـەوە ئێمە هەوڵمان داوە دیموکراسی لەنێو حیزبدا سەقامگیر بکەین. دیموکراسی لەنێو حیزبدا وەک پێوەندیی حیزبی هەمیشە هەبووە بەڵام یەک شت نەبووە لەنێو حیزبدا، ئەویش حەقی بیروڕای موخالیف بەرانبەر بە سیاسەتەکانی حیزب. لە کۆنگرەی ١٠دا بڕیارێکمان پەسندکرد کە ئەوە لە شەش مانگ پێش کۆنگرە ئازادە. لە کۆنگری ١١دا گۆڕیمان بەوەی کە هەر لەدوای کۆنگرەوە هەموو کەسێک ئازادە لەنێو حیزبدا ڕای موخالیفی حیزب بڵاو بکاتەوە. لە کۆنگرەی ١٢دا کردمانە بڕیار کە دەستەبەندیی نهێنی تاوانە تاسەر حەددی خیانەت بەڵام هەموو کەسێک لەسەر هەر سیاسەت و هەر شەخسێک و هەر بڕیارێکی حیزب و ئۆرگانێک ڕایەکی موخالیفی هەیە بە ئاشکرا لە کۆبوونەوەکاندا باسی بکا.

**ڕادیو نەوا:** باسی کۆنەپەرستیی نێو حیزبت کرد، بەرنامەی ئێوە چییە بۆ لابردنی ئەم کۆنەپەرستییە و بەشداری ژنان؟ حیزبی داهاتووتان ناوی دەنێ چی و ئایا خۆتان دەکەن بە سکرتێر؟

**حەسەنزادە:** ئەوەی کە کارمان نەکردبێ، وا نییە، بەڵام وتم دەبێ میکانیزمێک هەبێ بۆ بەشداریی ژنان لە ئیدارەی حیزب و کۆمەڵدا. ئەوەی دیکە سکرتێری عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ئەسڵەن ئەو مەسەلەیە ڕاست نییە. دەنا ئەوانەی لە نیزیکەوە شاهیدن و تەنانەت موخالیفینی منیش دەزانن تا ئەمن هەم لەبەر کورسی ڕامکردووە و کورسی بەدوای مندا هاتووە. ئەمن بەدوای کورسیدا قەت ڕامنەکردووە.

**فەتاح کاویان:** من بۆ تەئیدی ئەو قسەیەی مامۆستا یەک شت دەڵێم. کەم کەس لە حیزبدا هەیە لەو هەڵوێستانەی مامۆستا کە دەیگوت سکرتێری ناکەم نارەحەت نەبووبێ. پێش کۆنگرەی چواریش ئەندامەتی کۆمیتەی مەرکەزی نەکرد. لە کۆنگرەی 8یشدا نەیکرد. قبووڵاندن و بە تەسویبگەیاندنی ئەوەی کە سکرتێر حەقی نییە زیاتر لە دوو دەورە سکرتێر بێ مامۆستا خۆی بوو باسی کرد. یەکێک لەو کەسانەی کە زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە قەڵس بووە، لەو هەڵوێستانەی مامۆستا، ئەمن بووم. هەمیشە کورسی بەدوای ئەو کەوتووە.

**ڕۆژهەڵات تیڤی:** مامۆستا، باسی ئەوەت کرد کە نیوەی خەڵک لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. ساڵانی ڕابردوو باسی ئەوەتان دەکرد کە زیاتر لە 80%ی خەڵک لەگەڵ حیزبی دێموکراتە. چۆنە ئێستا باسی ئەوە دەکەن کە نیوەی خەڵک لەگەڵ حیزبی دێمورکاتە؟ پێتوانییە ئەم سیاسەتە یەکێک لەو هۆکارانەیە کە نەیهێشتووە بەرەی کوردستانی بەئاکام بگات؟ ئەمە سیاسەتێکی پاوانخوانە نییە کە بەسەر حیزبی دێموکراتدا زاڵ بووە؟

**حەسەنزادە:** ئەمن پرسیارکەت ڕاست دەکەمەوە کە من قەت وام نەگوتووە. گوتوومانە لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا کە لە ساڵی ١٣٥٩دا بەڕێوەچوو حیزبی دێموکرات بەتەنیا سەدی ٨٢ی دەنگەکانی کۆکردەوە. ئەوە ئامار هەیە و ماوە. تەنیا شتێکم وتووە کە دەلیلێک بۆ گۆڕانی ئەوە نییە. نە بە موسبەت نە بە مەنفی.

**ڕۆژنامەی کوردستان:** مامۆستا، لایەنی بەرانبەر ئێوە تاوانبار دەکەن کە هەموو هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانتان وەڵام نەداوەتەوە، ئەمە چۆنە؟ گۆیا ئێوە نێوبژیوانیی خەڵکی دیکەتان ڕەدکردۆتەوە؟

**حەسەنزادە:** ئێمە وتوومانە تەوافوقێک کە دەکرێ دەبێ ئیمزا بکرێ. تەنانەت داوامان کردووە کە زەمانەتێکی ئیجرایی هەبێ و دوستێکیش لەنێوماندا هەبێ بۆ ئەوەی سبەینێ ئەو لایەنەی کە لێی لادەدا بە خەڵکی بناسێنین. لەلایەکی دیکەشەوە لەو ڕۆژەوە کە داخوازەکانمان پێشانداون وتوومانە خەڵکێکی زۆر دەرکراون لەبەر هۆکاری جیناحی. کەوابێ ئەو بڕیاراتانە ڕابگرن و بەوانی دیکەشدا بچنەوە. کەچی هەر لەو ماوەیەدا بە دەیان کەسی دیکەیان دەرکردووە بێ هیچ دەلیلێک، جگە لە بۆچوونی جیابیری. بەڵام لە بارەی نێوبژیوانیی خەڵکی دیکەوە ڕۆژنامەی چاوەدێر ڕۆژێک پرسیاری لە من کرد کە لەگەڵ نێوبژیوانیی خەڵکی دیکە دەڵێن چی؟ ئەمن بەڕاستی پێشم وانەبوو بۆ چاپکردنە، وتم ئەمن داوای نێوبژیوانی ناکەم بەڵام نێوبژیوانی بە شتێکی زۆر سروشتی دەزانم و پێم باشە. ئەوە دەستتێوەردان نییە. من خۆم چووم لە نێوان پارتی و یەکێتی دا نێوبژیوانییم کردووە. ئایا ئەوان سەربەخۆییان لەدەست دا؟ لە نێوان پارتی و پەکەکە و لە نێوان پەکەکە و هەردوو حیزبی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا نێوبژیوانییم کردووە. ئایا ئەو حیزبانە سەربەخۆییان لەدەست داوە؟ کاک مستەفا هیجری هەر لەو ژمارەی چاوەدێردا نێوبژیوانیی ڕەدکردۆتەوە. بۆیە ئێمە نێوبژیوانیمان ڕەدنەکردۆتەوە. ئەوان هەوڵی نێوبژیوانییان لەباربردووە.
بەڕێوەبەری کۆنفرانسەکە و ئامادەکردنی ئەم دەقە: خالید محەممەدزادە

دیسامبری ٢٠٠٦

ماڵپەری گیارەنگ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دیمانەی خالید محەممەدزادە لە گەڵ : مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە

### عەبدوڵلا حەسەنزادە: هێمن زۆر شاعیر بوو، بەڵام کەم سیاسی بوو

خالید محەممەدزادە

بیست ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا هێمنی شاعیردا تێپەڕی. بێگومان لەم یادەدا لە زۆر لایەنەوە یادی ئەم شاعیره شوێندانەرەی کورد دەکرێتەوە و ئەمنیش بە پێویستم زانی بۆ ڕێزلێنان لە هێمن لە نیزیکەوە مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە کە قۆناغێکی لە ژیانی تاراوگەنشینی لەگەڵ هێمندا بەسەربردووە بدوێنم. حەسەن زادە لە ساڵانی ئاوارەیی هێمن لە کوردستانی عێراقدا یەکێک لە کەسە نیزیکەکان هەم لە باری ئەدەبی و هەم لە باری سیاسی بە مامۆستا هێمن بووە. ئەو لەم چاوپێکەوتنەدا زۆر شتی باسنەکراوی لەسەر هێمن هێنایەگۆڕێ کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشم.



عەبدوڵلا حەسەنزادە

**خالید محەممەدزادە:** دەکرێ بۆمان باس بکەی کە یەکەم جار کەی هێمنتان بینی و لە کوێ و چ ساڵێک بوو؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن سپاسی تۆ دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەو دەرفەتە. مامۆستا هێمن وەک شاعیرێکی ناسراو پێش ئەوەی بیبینم لەگەڵی ئاشنا ببووم و شیعرەکانیم خوێندبۆوە و لەبەرم بوون. بەڵام ئەمن یەکەم ساڵی دیتنی مامۆستا هێمنی دەگێڕمەوە بۆ ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی کە هەردووکمان قاچاغ ببووین. ئەمن لە ئاخری ساڵی ١٣٤٦دا قاچاغ ببووم و ئەویش بەهاری ١٣٤٧ قاچاغ ببوو. بۆ یەکەم جار لە ناوچەی قەڵادزێ یەکترمان بینی. بەڵام من ساڵی ١٣٤٣ یا ١٣٤٤ بوو لە مەجلیسێکی لە مەهاباد بەشداربووم کە ئەویش لەوێ بوو. ئەوکات یەکترمان نەدەناسی. دیارە خۆشحاڵ بووم کە هێمنی شاعیر دەبینم بەڵام مخاطب وی زیاتر کەسانی دیکە بوون. یەکێک لەو کەسانەی کە لە بیرم ماوە ماموستا شێخ عیزەدین بوو، یەکیان کوڕی ڕەش بوو کە بە سەفەر هاتبۆوە، لە مەجلیسێک بووین. بەڵام ئێمە مخاطبی یەک نەبووین. من لە ساڵی ١٣٤٧ـەوە ناسیم کە هەردووکمان قاچاغ ببووین و مەسائیلی سیاسی و بزووتنەوەمان لەگەڵ یەکتر دەهێنایە گۆڕێ.

**خالید محەممەدزادە:** دواتر کەی هێمنتان بینییەوە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لەدوای ئەوە لەڕاستیدا ئێمە هەموو کاتێک یەکترمان دەدی. بۆ ماوەیەک هەر لە ساڵی ١٣٤٨دا بنکەیەکی بچووکمان هەبوو لە ناوچەی ئاکۆیان لە بناری قەندیل کە ئەو و کاک ئەمیری قازی تێیدا دەژیان. ئەمنیش زۆر جار هاتوچووم دەکرد. ئیدی تەقریبەن بە دوو سێ مانگ جارێک دوو سێ ڕۆژ پێکەوە دەبووین. دواتر کە بەیانی ١١ی ئازار بەسەردا هات، مام هێمن چۆوە مەرکەزی پارتی - دیارە هەمووومان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ناوچەی پێشمەرگە بووین- و لەگەڵ مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی ببوون بە هاوەمنزڵ لە ئیدارەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی عێراق. زۆر جار هاتوچووم هەبوو لەگەڵیاندا. دواتریش کە کەوتە ساڵەکانی دواتر، واتە ١٩٧٠ بەدوایەوە، ئێمە لە بەغدا بنکەیەکمان هەبوو کە مامۆستا هێمن هەر لەوێ دەژیا. تەقریبەن ڕۆژانە یەکترمان دەدی.

**خالید محەممەدزادە:** باسی مامۆستا هەژارت کرد. دەمەوێ ئەو دەرفەتە بقۆزمەوە و بڵێم هۆی چ بوو کە مامۆستا هەژار دوای کۆماری کوردستان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا درێژەی بە کاری حیزبی نەدا؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** مامۆستا هەژار بۆخۆی بیروباوەڕێکی هەبوو؛ پێی وا بوو کاتی خۆیشی ئەو بیروباوەڕی دەربڕیبوو- نەدەبوو کۆمەڵەی ژ.ک. بگۆڕدرێ بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. زیاتر لەگەڵ بیروباوەڕی کۆمەڵەی ژ. ک. بوو کە تەنیا پێی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی دادەگرت؛ لەگەڵ ئەوەدا بوو، هەرچەند لە دەورانی جمهوریدا شیعرەکانی دیارن کە تەئسیراتی وەزعەکەی زۆر لەسەر بووە. هەژار ئەو کەسە نەبوو کە بڵێی بە سفارش شیعری پێدەگوترێ. کابرایەکی زۆر ئازادە بوو لەو بارەیەوە:

"بۆ هەژارپەروەری یا بۆ عەدڵ و داد
بژی ئیستالین و خۆش بێ لینین"

یا دەڵێ:

"ڕێی نەجاتمانە پەنا بۆ ئیتحادی شۆرەوی
سۆرمەیە بۆ چاوی ئێمە خاک و خۆڵی مەسکەوێ
ڕەببی ئیستالین بژی بۆ لاگریی مەزڵوومەکان
تا زەمانە خول دەدا تا ڕۆژ دەبەخشێ پورتەوێ"

یانی دەردەکەوێ کە کەوتۆتە ژێر تەئسیرەکەی، بەڵام هەر ئەوکات باوەڕی وا بوو کە دەبوو نەگۆڕدرێ. پاشان لە ساڵی ١٣٤٣دا کە حیزبی دێموکرات کۆنگرەی دووەمی بەست، بەبێ ئەوەی مامۆستا هەژار لەوێ بێ، لە کۆنگرەدا هەڵیانبژاردبوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. دیارە چەند کەسێکیان هەڵبژاردبوو کە لە بنەڕەتدا لەجێی خۆیدا نەبوو. یەکێکیان کە خەبەریان پێدابوو مامۆستا هەژار بوو، گوتبووی "قسەیەکی لابەلایە، من خۆم بە کوردی ئێران نازانم تا خۆم بە ئەندامی حیزبی دێموکرات بزانم." بۆیە هیچ کاتێک نەبوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات.

**خالید محەممەدزادە:** مامۆستا، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مامۆستا هێمن، دەبینین چەند ساڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بووە. چۆن کەسێکی وەک هێمنی شاعیر و ناسکخەیاڵ لە حیزبی دێموکراتدا زۆر زوو ئەو پلە سیاسییانە دەبڕێ؟ ئایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ توانایی سیاسیی خۆی یا کۆمەڵێک هۆکاری دیکە لە گۆڕێدان؟




**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە ئەندامەتیی حیزبی لەگەڵ هیچ یەک لەو شتانە ناتەبا نییە. بەتایبەتی حیزبێک کە دیموکرات و نەتەوەیی بێ. بۆیە حیزبێک نییە بڵێین چینێکی دیاریکراو دەکاتە ئەندامی خۆی و دەتوانێ لە هەموو چینێکی کۆمەڵایەتی تێیدا بەشدار بن. بۆیە زۆر سروشتییە کەسێکی خوێندەوار و ڕووناکبیر لە هەر پلەیەکدا ببێتە ئەندامی حیزبی و بچێتە پێشێ. مامۆستا هێمن لەساڵی ١٣٤٨ هەتا ١٣٥٨ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. یانی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و چەند مانگ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. لە ساڵی ١٣٥٠یش تا ١٣٥٢ ئەندامی دەفتەری سیاسی بووە. بەڵام ئەندامەتییەکەی کۆمیتەی ناوەندی درێژتر بوو. پێم وا بێ ئەوە شتێکی زۆر سروشتی بوو. جاری یەکەم کە ئەمن و ئەویش بووینە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کۆمیتەیەکمان هەبوو کە لەبەریەک هەڵوەشابوو، دەبوو تەرمیم بکرێتەوە. ڕەفیقێکمان هەبوو دەیگوت ئێوە بوونە بەرهەڵێخ، (دیوار کە مەترسیی ڕووخانی لێدەکرێ دیوارێکی چووکە بە بەریەوە دروست دەکەن پێی دەڵێن بەرهەڵێخ). لەو کاتەدا دەبوو تەرمیمی تەشکیلاتێک بکەینەوە کە ئێمەیان دانا. لە دوایەش کە بووە ئەندام وەک کەسایەتییەکی ئەدەبیی ناسراو هەڵدەبژێردرا.

**خالید محەممەدزادە:** بەڕێز، ئەو ساڵانەی هێمن لە دەفتەری سیاسیدا دەبێ، ئایا جێپەنجەی دیارە بەسەر کۆمەڵێک لە بڕیاراتی سیاسییەوە؟ واتە ڕۆڵی هەبووە لە دارشتنی بڕیارات و سیاسەتەکاندا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەبێ شک! وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی لانیکەم دەنگی هەیە. بەڵام من زۆر جار گوتوومە، بەبێ ئەوەی لە کەسایەتیی هێمن کەم بکەمەوە، مامۆستا هێمن لە باری دیدی سیاسییەوە وەک شاعیرییەکەی نەبوو؛ شاعیرێکی زۆر گەورە بوو. یانی بێ موبالەغە دەڵێم، لە دەورانی خۆیدا و لەنێو شاعیرانی کورددا بە یەکەمی دەزانم. من بە شاعیری یەکەمی دەزانم لەنێو شاعیرانی کلاسیکی سەردەمی خۆیدا. دەتوانم بڵێم تەنیا شاعیرێکی ئەو سەردەمەیە کە قەت شیعری نوێی نەگوت. مام هەژار شیعری نوێی هەیە، محاولەی هەیە. بەڵام ئەو قەت شیعری نوێی نەگوت. ئەو شیعری کلاسیک و عەرووزیی هەبوو. بەڵام لە باری سیاسییەوە ئەوەندە پیاوێکی بەتوانا نەبوو. ئەگەر باسی ڕۆڵی کاریگەر بکەین، نا...، نەیبوو. نە لە دەفتەری سیاسی و نە لە کۆمیتەی ناوەندیدا.

**خالید محەممەدزادە:** هێندێک جار دەڵێن هێمن کاتی خۆی لە بەشێک لە شیعرە سیاسییەکانیدا وەک "بژی دێموکرات" و... بێزاریی دەربڕیوە. تو پێت وایە ئەم جۆرە شیعرانەی کاتی خۆی لەژێر فشاری حیزبیدا نووسیون یان خۆی بەو قەناعەتە گەیشتووە بۆ دانانی ئەم شیعرانە، و پاشان بۆ پەشیمان دەبێتەوە لێیان؟ یا بە تەعبیرێکی دیکە تۆ ئەم پەشیمانبوونەوەی کە باسی دەکەن بەڕاست دەزانی؟ هەروەها تۆ بۆخۆت کام یەک لە شیعرەکانی هێمن بە شیعر نازانی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** من نازانم ئەو قسەیە هی هێمنە یا هی هێمن نییە. ئارەزووم ئەوەیە ئەو قسەیە قسەی هێمن هەر نەبێ و شتی وای نەگوتبێ. چونکە وا بیر دەکەمەوە ئەو قسەیە هی خۆی بێ یا هی کەسانی دیکە بێ، دەیانەوێ وا پیشان بدەن کە هێمن لەژێر تەئسیری (با نەڵێم فشار) ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتدا (مەبەستیشیان ڕێبەرایەتیی مەرحەلەی دوایی حیزبی دێموکرات یا بڵێین لە دەورانی شەهید دوکتۆر قاسملوودا) شیعری نیشتمانی گوتووە. یا شیعری بۆ حیزب گوتووە یا شیعری سیاسی گوتووە. بەڵام شتەکە ڕاست بە پێچەوانەیە و ئەوە دیوانەکەی لەبەر دەستمدایە. لە تەواوی ئەو دەورانەدا، واتە لە ساڵی ١٣٤٨ـەوە کە بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی تا ساڵی ١٣٥٨ کە لە کۆمیتەی ناوەندی چۆتە دەرێ (دیارە هەڵبژێردرا بە ئەندامی ئیفتخاریی کۆمیتەی ناوەندی، دوای ئەوە زیاتر هەر ناو بوو، سەمبولیک بوو) یەک شیعری بۆ حیزب نەگوتووە، یەک شیعر. "بژی دێموکرات"ی ساڵی ١٣٢٤ گوتووە. زۆربەی ئەو شیعرانەی لەو بارەیەوە گوتراون وەک ڕێبەندان و شاعیر، ڕۆژی شادی، و دوارۆژی ڕووناک. زۆربەی ئەو شیعرانەی هی سەردەمی جمهورین. هیوادارم قەت هێمن لە شتی وا پەشیمان نەبووبێتەوە. پاشان ڕاستە هێمن شاعیرێکی ناسکخەیاڵ بوو، شاعیرێکی گەورە بوو، بەڵام هێمن تەنیا لەبەر ئەوە خوشەویست نییە کە باسی خاڵ و پەرچەمی کردووە، عەکسی ئەوەیە. یەکێک لە شانازییەکانی هێمن ئەوەیە کە دەڵێ:

"عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم
عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن"

باشە هەر "بژی دێموکرات"ی لە زەمانی جمهوریدا گوتووە. لەو کاتەدا کە هێزی پێشمەرگە پێکهاتوە، هەر بۆخۆی دەڵێ:

" پێکیانهێناوە لەشکرێکی چاک
لە لاوی ئازا و بەکار و چالاک
ئۆمێدم وایە لاوانی خوێنپاک
بە خوێنی خۆیان بپارێزن خاک"

یا دەڵێ:

" پێشمەرگەی کوردی لە مەیدانی جەنگ
بەرگەی ناگرێ نە شێر، پڵەنگ
دوژمنی ئێمە تازە بکا دەنگ
سینگی دەسمن بە گوللەی تفەنگ"

ڕەنگە ئەوە یەکەم شیعری شاعیران بێ کە ناوی پێشمەرگەی تێدایە. جا هێمن بۆ لەوەی پەشیمان بێتەوە؟ ئەوە شانازیی هێمنە. لەو دەورانەی کە باسی دەکەم ئەو یەک شیعری گوتووە، ئەویش نەک بۆ حیزب بەڵکو بۆ شەهیدان. کە شیعری گەرمە شینە. ئەمن تماشای دیوانەکەیم کرد، نوسرابوو ١٣٤٧ ، بەڵام وا نییە. ئێمە ساڵی ١٣٤٩ پێکەوە بووین لە بەغدا. دانیشتبووین، پێمگوت ئەرێ بەڕاستی ئەتۆ لۆمەی خۆت ناکەی ئەو هەموو کەسک و سوورە لە ساڵی ٤٦ – ٤٧ دا شەهید بوون ئەتۆ متەقت لە دەم نەهات؟! شتێکت نەگوت؟! گوتی وەڵڵا نەهاتووە. پاش چەند ڕۆژێکی هات شیعری گەرمە شینی هێنا:

"بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لەنێو خوێن، دەگریم
بۆ هەواڵێکی کە چوو بێ سەر و بێ شوێن دەگریم"

ئەوەی هێنا و گوتی ها! ئەمنیش خوێندمەوە پێم گوت دەستت خۆش بێ، شیعری چاکە، بەڵام ئەوە نابێتە کەفارەتی ئەو گوناهەی کە کردووتە. گەرمەشین لە ژمارە ٣ی کوردستان، تایبەت خاکەلێوەی ١٣٥٠ چاپ کرا. پێم خۆشە ئەوەیش بڵێم، زۆر دواتر هەوڵی دا قەسیدەیەک بڵێ بۆ شەهیدانی ٤٦ و ٤٧. هات گوتی من عادەتم وایە ئەگەر مەتلەعی قەسیدەم زۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باش بوو دوایە شیعری دیکەم بۆ نایە. یەک شیعرم گوتووە و وەستاوە. گوتم چییە؟ شیعرەکەی خوێندەوە کە ئەمەیە:

"زەوی ئێستاش لە ڕووت هەڵدێ بدەی سوور

نەڕووخای ئاسمانی پیری پشت کووڕ"

بەڕاستی شیعرێکی زۆر جوانە. هونەرمەند حەسەن دەرزی ئەم شیعرەی کردووە بە گۆرانی کە هێندێ شتی لێ زیاد بووە وەک:

"کە سۆمایی لە چاوان ڕۆ ڕژاوە

بەرۆکی پیرە دایکان دادراوە" و... هتد

جا نازانم ئەوە هی ئەوە یا نا بەڵام ئەو کاتەیش ئەوەی تەواو نەکرد. دەنا یەک شیعری لەژێر تەئسیری ئەو دەورانەدا نەگوتووە. شیعرە نیشتمانییەکانی پێشتر گوتووە. ئەگەر دواتر گوتبێتی، مەسەلەن شیعرێکی هەیە بە ناوی کاروانی خەبات کە بۆ حیزبی دانەناوە. بۆ تێکۆشەرێکی داناوە. زۆر جوانە. ئەگەر هێمن لەو شیعرانە پەشیمان بێ، هێمن خۆی شانازییەکانی خۆی سڕیوەتەوە. باوەڕ ناکەم ئەوە قسەی هێمن بێ. هی هەر کەسێکیش بێ لە واقیعدا هەدەفەکەی نەپێکاوە. ئەمن پێم وایە کە ئەم قسەیشی کردبێ کە وەک گوتم ئارەزووم ئەوەیە نەیگوتبێ بەڵام کە گوتبێتی ڕەنگە پاش ساڵی ١٣٥٨ و ئەوانە لەنێو دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی مابێتەوە و ترسی هەبووبێ و لە مەجلیسێک کە ڕەنگە خەڵکی نامەحرەمی لێ بووبێ، بۆ ئەوەی ئەوە بگاتەوە دەستی بەرپرسانی دەسەڵات ڕەنگە گوترابێ. دەنا باوەڕ ناکەم شاعیرێک ئەوە بڵێ. یانی شانازییەکانی خۆی لە خۆی بستێنێتەوە. لەلایەکی دیکەیشەوە قازی محەممەد ئەوە نەبوو فشار بۆ خەڵک بێنێ شیعری نیشتمانیی بۆ بڵێن. شاعیر هەبووە شیعری دژی قازی محەممەد گوتووە بەڵام کەس نەیتوانیوە هەر لە ترسی قازی پێی بڵێ پشتی چاوت برۆیە. کەوابوو قازی (بە پێکەنینەوە) چۆن فشار دێنێ؟ لە دەورانی دیکەیش وەک گوتم شیعری نەگوتووە.

**خالید محەممەدزادە:** واتە ئێوەیش دوای قازی محەممەد فشارتان بۆ هێمن نەهێناوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نا نا، عەرزم کردی. پێویست ناکا ئیستدلال بکەین کە فشارمان بۆ هێناوە یا نا. چونکە لەو سەردەمەدا هەر شیعری وای نەگوتووە تا بڵێین لەژێر فشاردا بووە.

**خالید محەممەدزادە:** بەڵام دەتوانین بڵێین کە شیعری گەرمە شین لەژێر تەسیری تۆدا گوتراوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** شیعری گەرمە شین، بەڵێ.

ئەی تۆ کام یەک لە شیعرەکانی مامۆستا هێمن بە شیعر نازانی؟

- ئەو پرسیارەت شیعرێکی فارسیم وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێ:

"در بیان و در فصاحت چون بود یکسان

گرچه گوینده بود چون جاحظ و چون اصمعی

در کلام ایزد بیچون که وحی منزل است

کی بود تبت یدا مانند یا ارچ ابلعی"

لە هەموو نووسینێکدا یەکێک بەرزترە و یەکێک نزمترە. بەڵام ئەمن پێم وایە هێمن شاعیرێکی گەورەیە. شیعرەکانی هەموو باشن. پاشان ئەمن ئەو حەقە بە خۆم نادەم بڵێم شیعرێکی بە شیعر نازانم. هەرچەند کاتێک پێکەوە بووین زۆر پێکەوە سەمیمی بووین و شتی خۆشمان دەگوت. مەسەلەن شیعرێکی هەیە کە هەر بە ناوی ماچی خودایییەوەیە کە لە ئاخرەکەیدا دەڵێ:

"وەرە ماچم دەیە ماچی خودایی

کە بێزارم لە ماچی سینەمایی"

کە دانیشتبووین پێم گوت "ئەوە ئێستا خۆت ماوی و زەق و زیندووی، پێم بڵێ ماچی خودایی یانی چی؟ دەزانم ماچی سینەمایی مانای هەیە. چونکە ماچی سینەمایی ئەکتەر وەک ڕۆڵ بازی دەکا لە فیلمەکەدا کە ڕەنگە ماچەکەیشی بەدڵ نەبێ. بەڵام ماچی خودایی یانی چی؟ گوتی وەڵڵاهی ڕاست دەکەی هیچ مانای نییە، تەنیا قافیەم پێ ڕاست کردۆتەوە. گوتم جا ئەوە سبەینێ کە ئەتۆ مردی، کابرایەک دەیخوێنێتەوە ناوێرێ بڵێ هێمن شیعری قۆڕی گوتووە (هەر عەینی ئەو وشەیەم بۆ بەکاربرد) غیرەتی ئەوەیشی نییە بڵێ ئەمن تێیناگەم، هەر دەڵێ بەه بەه ماچی خودایی! عەزەمەتە!" بەڵام من بە هیچ شیعرێکی ناڵێم شیعر نییە و هەمووی جوانن.

**خالید محەممەدزادە:** مامۆستا، ئەو "سانسۆرە خۆماڵییە" چییە کە هێمن لە چاوپێکەوتنێکدا باسی لێدەکا؟ ئەتۆ پێت وایە ئەو قۆناغە لە حیزبی دێموکراتدا سانسۆر لەسەر شیعرەکانی هێمن هەبوون و بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی کوردستان کە بۆخۆیشتان ئەوکات لەگەڵ هێمندا لە دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بوون؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لە ڕۆژنامەی کوردستاندا زۆر شیعری هێمن چاپکراون. یەک شیعری هێمن لە ڕۆژنامەی کوردستان تەنانەت یەک پیتی لێ لانەبراوە و هەر ئەوە هەمووی چاپ بووە کە بۆخۆی داویەتی...، شتی وا نەبووە. بەڵام لە چاپی دیوانەکەیدا واتە تاریک و ڕوون، حیزب نا، بەڵکو ئەمن کە زۆر لێک نیزیک بووین، لەسەر هێندێک شتی ڕای خۆم دەردەبڕی. تەنانەت شیعری لابردووە لەسەر پێشنیاری من. لەوێدا بۆخۆیشی شتی لە شیعرەکانی خۆی لابردووە. ئەو هێندێک شتی دانابوو کە ئەمن پێم وا بوو نابێ چاپ بکرێن. وەک شیعری گەپ و گاڵتە. تەنانەت شیعری وای هەیە کە ئەمن ئێستایش پێم خۆش نییە بیخوێنمەوە و ئەتۆ زەبتی بکەی. ڕەنگە پاشان بۆت بخوێنمەوە. شتی وای گوتووە بۆ گاڵتە کە بە باوەڕی من نەدەبوو بچێتە سەر کاغەز و بمێنێتەوە بۆ یەکجاری. مەسەلەن شیعرێکی دووروودرێژی هەیە بە ناوی ژوانی ئاغا کە وشەی وای تێدابوون ناشیرین بوون. ئەمن پێشنیارم پێکرد لایانبەرێت و لایبردن، بەڵام لە چاپکردنی دیوانەکەیدا بۆخۆیشی شیعری سانسۆر کردووە. مەسەلەن شیعرێکی زۆر جوانی هەیە کە تیترەکەی داناوە بە "تۆم هەر لە بیرە":

"لە شاییدا لە وەختی هەڵپەڕینا

لە خۆشیدا لە کاتی پێکەنینا

لە کۆڕی ماتەم و گریان و شینا

ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە"

لە یەکێکیشیان دا شیعرێکی هەبوو کە دەڵێ:

"لە کاتێکا کە گێژ و وێژ و مەستم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کاتێکا کە نوێژێ دادەبەستم

کە هەڵدێنم لە بۆ نییەت دوو دەستم

ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە"

ئەوەی خوارەوەی لابرد. ئەمن گوتم باشە بۆ حەزفی دەکەی؟ وا دابنێ موسڵمانبوون نیشانەی نەزانییە، دەباشە ئەتۆ وا نیشان بدە کە پیاوێکی قابل تکاملی، ئەو کات نەتدەزانی (بە پێکەنینەوە) بەڵام دوایە پێگەیشتووی. لە پاشان هێندێک شتی دیکەی هەبوون لە شیعرەکانیدا کە بۆخۆی دەسکاری دەکردن. مەسەلەن شیعرێکی دووردرێژی هەیە بە ناوی یادگاری شیرن. ئەوەی ئێستا چاپ بووە ٣٢ شیعرە، لە حالێکدا کە یادگاری شیرن ٩ یا ١١ شیعر بوو. تاک بوو:

"چاوەکەم چاوی ڕەشی تۆ ئافەتی گیانی منە

گیانەکەم برژانگی تیژت (ئەو کات گوتبووی وەک سەنانی دوژمنە، بەڵام دوایە کردبوویە نووکە ڕمبی دوژمنە)

بەژنەکەت سێدارەیە کەزیەت تەنافە، زوو بەسا (ئەو کات گوتبووی زولفت تەنافە)

بیخە ئەستۆی من کە کوردم کورد بەشی خنکاندنە" (کاتی خۆی دەڵێ بیخە ئەستۆم چون بەشی کوردی هەژار خنکاندنە) کە دەستکاریی کرد. پاشان هاتووە لێی زیاد کردووە بەڵام دەبینین شیعرێکی لە دیوانەکەی چاپ نەکردوە لەبەر کەلیمەیەک. ئەمن ئیجازە بدە هەر ئەو شیعرە بخوێنمەوە. دیارە شیعری دیکەی بۆ داناوە بۆ هاندانی خوێندن، دەڵێ:

"دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرەسە

چاری دەردی کوردەواری خوێندنە هەر خوێندنە

دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات

من گوتم تۆش تێبگە ناگاتە دەریایە زنە"

بەڵام ئەوەی کە لەوێ لایبردووە ئەوەیە کە دەڵێ:

"خۆ دەپارێزێ هەمیشە کیژی زانا و خوێندەوار

دوور لە ڕووی تۆ هەر کچی نەخوێندەوارە بێ بنە"

ئەمەی لە دیوانەکەیدا حەزفی کردووە. بۆخۆیشی لای بردووە. کەس لای نەبردووە. نمونەی دیکە ئەو شیعرەیەتی کە لە بارەی ئاڵای کوردستانەوە نووسیویە. لە باسی ڕەنگەکاندا گوتوویە:

"سپیەکەی یەعنی کەسێکە ڕووسپی

هەر کەسێ بمخا بکا فەوری چنی

کەسکەکەی یەعنی بکوژن دوژمنوو

تا کەسک بێ باسک و دەستوو هەموو

ڕۆژەکەی یەعنی لەژێر هەوری سیا

هاتەدەر ڕۆژمان و تاریکی نەما

دوو گوڵی گەنمیش دەڵێ هەر کشتوکاڵ

زۆر بکەن دوژمن لێتان بکا سواڵ

پێو دەڵێ یاران قەڵەم: نووکی قەڵەم

زۆر لە شیر چاکتر دەپارێزێ عەلەم"

کەچی لە تاریک و ڕوونی‌دا ئاوای گۆڕیون:

"سپیەکەی یانی کەسێکە ڕووسپی

هیچ شتێک نەیکردبێ مات و کپی

سەوزەکەی دێنێتە بەر چاوان وڵات

ئەو دەمەی فەسڵی بەهاری جوانی هات

تیشکی ڕۆژی کورد لەژێر هەوری سیا

هاتەدەر، ئەنگاوتی وا لووتکەی چیا

دوو گوڵی گەنمیش دەڵێ هەر کشتوکاڵ

زۆر بکەن، مشتی بکەن عەمبار، چاڵ

پێت دەڵێ نووکی قەڵەم: نووکی قەڵەم

زۆر لە شیر باشتر دەپارێزی عەلەم"

پاشان بۆ ئەوەی بزانی فشاری لەسەر نەبووە، کافییە بڵێم کە مامۆستا هێمن دواتر شیعرەکانی خۆی چاپ کردوونەتەوە. ئەوانەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان دان یەک شیعریشی نییە کە دەستکاریی کردبێ. حەتتا ئەوانەی کە کاتی خۆی لە تاریک و ڕوون دا هێندێ شتی بە هاوفیکریی من (کە ڕای منی زۆر قبووڵ بوو) لایبردوون، دوایە چاپی نەکردوون. وا دیارە پێی باش بوون. کە وا بێ ئەمن گومانم لەو قسەیەیش هەیە کە گوتیێتی سانسۆری حیزبی لەسەر بووە. سانسۆری حیزبی قەت لەسەر نەبووە.

**خالید محەممەدزادە:** واتە تۆ ئەمە ڕەد دەکەیتەوە کە سانسۆر لە شیعرەکانیدا کرابێ؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەتەواوی ڕەدی دەکەمەوە، بەتایبەتی سانسۆری حیزبی. ئەمن پێم ناخۆشە ئەوە دەڵێم بەڵام وەک حەقیقەتێک دەڵێم، بۆ ماوەی چەند ساڵ لانیکەم بۆ ماوەی شەش ساڵ شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین، یەک شیعری چاپ نەکردووە تا ئەمن نەمدیبێ، بڵاوی نەکردۆتەوە چونکە باوەڕی بەوە هەبوو کە ئەمن لانیکەم لە شیعری ئەو حاڵی دەبم. زۆر جار شتی لێ قبووڵ کردووم. ئەو زۆر دەسکاری شیعری دەکرد. بە باوەڕی من یەکەم نوسخەی کە دایدەنا جوانتر بوو لە دواتری کە دەیگۆڕی. دەمگوت یەکەم نوسخەت کە نووسی دەبێ بیدەی بە من جا دوایە ئەگەر دەستکاریت کرد بیکە، جا قسەی لێدەکەین ئەوەی پێشووتر جوانتر بوو یا ئەمەی دوایی. پێم دەگوت ئەتۆ یەکەم ئیلهامت زۆر جوانترە. لە بیرمە شیعرێکی نووسیبوو، دەڵێ:

"ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێ کەمێکی تر
کە وا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر"

شیعرێکی نووسیبوو، دەڵێ:

"ئەووەندە دەردەدار و لێوبەبار و بێ پەرستارم کە پێم وایە
لەسەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر"

گوتم ئەو گوریسە چییە دروستت کردوە؟ گوتی چۆن؟ گوتم درێژە ئەو میسرەعە. پاشان تەماشای کرد و گوتی وەڵڵاهی وشەکانم هێند پێ جوان بوون هەستم پێنەکرد. بە قسەی کردم لە دەستکاریکردندا. شتی ئاوا هەبوو، بەڵام بڵێین حیزب تەئسیری هەبووە لەسەری، بە هیچ جۆر نە وەکو حیزب و نە بەتایبەتی وەکو ڕێبەرێکی وەک دوکتۆر قاسملوو فشاری لەسەر بووە. شتی وا هەر نەبووە.

**خالید محەممەدزادە:** ئێوە بەهۆی ئەوە لە مامۆستا هێمن زۆر نیزیک بوون چەند تەئسیرت هەبووە لە داڕشتنەوەی بەشێک لە شیعرەکانی، یا هێندێک لە شیعرەکانی بە قەرزداری خۆت دەزانی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نا، ئەمن نامەوێ بڵێم بە قەرزداری خۆمی دەزانم. بەڵام شیعری هەیە بەڕاستی تەئسیری منی تێدا بووە. ئێستا شیعرێکی هەیە کە دوایە دەسکاری کرد و کردیە شیعرێک بۆ لەیلا قاسم. ئەوە لە بنەڕەتدا بۆ لەیلا قاسم نەگوتراوە. دوو ساڵ یا ساڵێک پێش شەهیدبوونی لەیلا قاسم ئەو شیعرەی نووسیبوو. یاری ئۆلەمپیک بوو لە مۆنریئالی کانادا، ساڵی ١٩٧٢ یا ١٩٧٣ی زایینی بوو. ئێمە زۆرمان چاو لە تەلەڤزیۆن دەکرد. کە چاوم لە یارییەکان دەکرد لە بەغدا، زۆر نارەحەت بووم کە ئێمەی کورد نە تیمی وەرزشیمان هەیە و نە ئاڵامان هەیە. بەهەرحاڵ، خەیاڵ هەڵیگرتم و زۆر ناڕەحەت بووم. ڕۆژێکی دیتم کە سێ قارەمان چوونە سەر سەکۆ و میدالیان وەرگرت. لەخۆڕا ئەو فیکرە لە خەیاڵی دام...، گوتم لە واقیعدا ئەو کەسەیش کە ئیعدام دەکرێ میدالی دەرەجە یەکی خەبات وەردەگرێ. کە چوومە مەقەڕەکەی حیزب لای مامۆستا هێمن گوتم ماموستا هێمن، فیکرێکی باشم بۆ هاتووە... ئەگەر شاعیر بایەم شیعرێکی باشی لی دروست دەبوو. بزانم ئەتو نایکەی بە شیعر؟ گوتی چییە؟ گوتم حاڵ و وەزع ئاوایە. گوتی زۆر سەختە. گوتم باشە ئەوە قسەیە پێم گوتی. پاش دوو سێ ڕۆژان گوتی ها! چوارینەیەکی پێ نیشاندام کە دوایە گۆڕیویەتی بەڵام ئاوا بوو:

"بزەی هاتێ و گوتی جەللادی خوێڕی
بە کەیفی خۆت پەتت باوێژە ئەستۆم
پەتت بۆ من نیشانی ئیفتخارە
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم"

ئەمن گوتم جوانە بەڵام تێرم ناکا. پاشان ئەمن ئەو فیکرەم کردە وتارێک بە ناوی "میداڵی دەرەجە یەک" و لە بڵاوکراوەی "تێکۆشەر"دا چاپم کرد. بە هەر سوورەت ئیحساسی خۆمم تێدا دەربڕی. پاشان ساڵی١٩٧٤ کە لەیلا قاسم و ڕەفیقەکانی ئیعدام کران ئەو هات هێندێک شتی دیکەی بۆ دانا کە بە باوەڕی من سەرکەوتوو نەبوو. هەر ئەو ڕباعییە بەتەنیا بوایە باشتر بوو. مەسەلەن لە باری لەیلاوە دەڵێ:

"کە تۆ تۆرای لە چاوم وەک خەوی من
لە بسکت ڕەشترە مانگەشەوی من
بڕۆ مەجنوون بە لەیلای خوت مەنازە
کە ناوبانگی پتر دەرکرد ئەوی من"

ئەوە بەتایبەتی میسرەعی ئاخری ئەمنیش دەتوانم شیعری وا بڵێم (بە پێکەنینەوە) و ئەوە وەک شیعری هێمن ناچێ. یا یەک دوو جار شیعری وای گوتووە کە تەماشام کردووە تێبینیم لەسەری هەبووە و لەبەرچاوی گرتووە. مەسەلەن شیعرێکی زۆر باشی هەیە بە ناوی شەو و شەیتان، لە یادی شەهیدبوونی پێشەوادا دەڵێ:

"دێن و دەچن بە ئەسپایی لە چوارچرا چەند تارمایی
خێوی شەو و خودای شەڕن، بێچووە شەیتانی بەدفەڕن"

باسی مەئموورین دەکا جا لە پاشان باسی ئیعدام دەکا دەڵێ:

"لە دەوروبەری چوارچرا هەزاران سەر لە قوڕ نرا
کام نازداری شۆخ و جوانە، دای لە خم لکی کۆڵوانە
شۆڕە لاو هاتە کۆڕی شین، ئەویش سۆرانیی کردە شین"

ئەمن گوتم مامۆستا، ئەوە زۆری نائۆمیدی تێدایە. ڕاستە مردنی پێشەوا ناخۆشە، بەڵام ئەی ئەو خەڵکە هەر قوڕی بەسەردا کرد؟ هیچی نەکرد؟ تۆزێک بیری کردەوە و ڕۆیشت. دوو سەعاتی نەخایاند هاتەوە شیعرێکی نووسیبوو کە ئەو شیعرەی کرپییەوە کە دەڵێ:

" پیرە پیاو بانگ دەڵێ ڕۆڵە!
لە بیر کەن تۆڵە تۆڵە"

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یانی هونەرەکە هی ئەوە، بەڵام تێبینیم لەسەری هەبووە. حەتمەن پیشانت دەدەم بۆخۆی کە تاریک و ڕوونی چاپ کرد. جا تاریک و ڕوون بەشی زۆری کارەکانی ئەمن کردمن و سەرپەرستیی چاپەکەی بە من بوو تا مەرحەلەی ئاخری کتێبەکە وا بوو. ساڵی١٩٧٤ ئەمن مەئمووریەتم پێدرا لە بەغدا بێمەوە کوردستان لەنێو دۆستان لە کوردستان بم. دواتر کە چاپبوونەکەی تەواو ببوو، نوسخەیەکی بۆم نارد بە یادگاری کە لەسەر کتێبەکە نووسیبووی: "ئیعتراف دەکەم تەئسیری تۆ لەسەر شیعرەکانم زۆرە. لە حاڵێکدا شانازی بە برایەتی و هاوسەنگەریت دەکەم ئەو دیوانەت پێشکەش دەکەم." ئەمە دیوانەکەیە ماوە بە خەتی خۆی. بەڵام لە واقیعدا فەزل هەر هی خۆیەتی، چونکە ئەوپەڕەکەی ئەوە بووە ئەمن تێبینیم هەبووە لەسەری. تەنانەت جارێکیش بە بەدفەڕی شیعرێکم لێ خراپ کرد. گوتی ئەوە شیعری تۆ نییە. تۆ شیعری وا خراپ ناڵێی. گوتم شیعرەکە خراپ نییە و زۆربەی وشەکان هی خۆتن و من فەقەت وشەیەکم لە جێگای وشەیەک داناوە.

**خالید محەممەدزادە:** باشە لەو قۆناغەی کە پێکەوە بوون، ئەو جگە لە تۆ شیعری پێش بڵاوبوونەوەی پیشان کەسانی دیکە دەدا؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** شتی وای هەبووە. جارێک لە شیعرێکیدا کەریمی حیسامیش ئەوەی کردبوو. شیعرێکی هەیە بە ناوی ئێوارەی پاییز، کە ساڵی١٩٧٤ دانابوو. ئەمن لە کوردستان بووم، ئەوان لە بەغدا بوون. شیعرەکە وەسفێکی زۆر جوانی کردبوو. لێرەدا ڕەنگە مەجال نەبێ هەمووی بخوێنمەوە ئەگینا بەشی هەرە زۆریم هەر لەبەرە. بەڵام لە ئاخرەکەیدا وای کردووە کە ئیدی دەست لە کراس دێنێتە دەر. کەریم حیسامی کە دەیبینی دەڵێ بابە تۆ ئەوە بڵاو بکەیتەوە هەر ئابڕووت دەچێ. ئەو هەموو نائۆمێدییە چییە؟ کە ئەوەی پێ دەڵێ یەک شیعری دیکە ئێستا بووە بە شیعری ئاخری، دادەنی کە دەڵێ:

"گوتم کە وا بێ ئاشنا، بەشی ئێمە لە ناوچوونە
گوتی نا نا دوور بنوارە، دوور بنوارە ئاسۆ ڕوونە"

یانی ئەو تێبینییەی کەریم حیسامی ئەو شیعرە جوانەی ڕزگار کرد. دەنا شیعرەکە لەگەڵ ئەوەی لە باری ئەدەبییەوە زۆر جوان داڕێژراوە نائۆمێدیی لێ دەبارێ. بەڵام بەو دوو دێڕە نەجاتی بوو.

**خالید محەممەدزادە:** بووە مامۆستا هێمن بە قسەی تۆ نەکا؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** (بە پێکەنینەوە) حەتمەن هەبووە! ئەوە نییە پێم گوت ئەو شیعرە دابنێ، داینەنا.

**خالید محەممەدزادە:** باشە ئەو تەئسیرەی کە کاتی خۆی شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی لەسەر هەژار هەیبوو، وا دیارە بەو شێوەیە ئەو تەئسیرەی لەسەر هێمن نەبووە. ئایا بەڕاستی ئەم شۆڕشە تەئسیری لەسەر هێمن نەبووە یا نا، هێمن شیعری بۆ شۆڕشی بارزانی هەبووە بەڵام بڵاونەکراوەتەوە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆسانسۆرییەی کە هێمن کردوویەتی. بە هەر دەلیلێک بێ، هێمن کەوتە خۆسانسۆری، ئەگینا شیعری بۆ ئەو کات هەبوو. تەنانەت شیعری بۆ مەلا مستەفایش هەبوو. بۆ نموونە ئەمن چەند بەیتێک لە شیعرێکی بۆت بخوێنمەوە کە ساڵی ١٩٧٠ لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاردا بڵاوکرایەوە. جێژنێکیان گرت لە چۆمان ناویان لێنا جێژنی ئادار و نەورۆز. چووبوونە لای مامۆستا هەژار کە شیعریان بۆ بنووسێ؛ گوتبووی ئەمن بە سفارش شیعر ناڵێم و بۆم نەهاتووە و نایڵێم. چووبوونە لای مامۆستا هێمن. شیعرێکی جوانی نووسیبوو. کە بەم شێوەیە دەستپێدەکا:

"لەو دەمەی ڕا کە کاوە کوتکی وەشاند
مێشکی زوحاکی کوردکوژی پڕژاند
گەلی چەوساوە هات و لێی هاڵا
چەرمی بەروانکەکەی کرا ئاڵا
شۆڕشی پاکی پیری ئاسنگەر
ڕاوی نا لەم وڵاتە داگیرکەر"

ئەم شیعرە درێژە. لە پاشان دەڵێ:

"بە دەهۆی دوژمنان گەلێک ساڵ بوو
جێژنی نەورۆز لە کوردەکان تاڵ بوو
نەتەوی خاکی گرت و ملکی بڕی
هەر کەسێ هات بەشێکی لێ پچڕی"

ئەوجار دەڵێ:

"ڕاپەڕی کاوەیێکی ئازاتر
کەوتە دووی کۆمەڵێکی ورياتر
مەزنی ئەو کوردە کاکە بارزانی
کاتێ حاڵی بە نالەبار زانی
ڕابوو، ڕاسا، پساندی زنجیری
گرتی ڕێی ڕاستی باب و باپیری
کوڕە پێشمەرگە پشتی دا پشت یەک
کەوتە شوێنی ئەو و دەسی دادایە چەک
لەو چیا و بەندەنانە سەنگەری گرت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو هەموو ملهوڕانە کێ بەری گرت

ئەو هەڵۆ دوژمنی قەل و داڵ بوو

ڕووی لە هەر سەنگەرێک دەکرد زاڵ بوو"

ئەمە زۆر شیعرێکی جوانە. ئاخرەکەی بە سێ شیعر تەواو دەبێ کە ئێستا لە بەرنامەی "شەهیدان" لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران دەخوێندرێتەوە کە دەڵێ:

"ئەی شەهید ئەی نموونەی ئازادیی

ئەرژا خوێنی تۆ بەخۆڕایی

ئەو لەشانەی بە گوللە دابێژران

لە دڵی گەرمی میللەتدا نێژران

خوێنە داشتوویە داری ئازادی

هات بە دووی شینی ئێوەدا شادی"

ئێستا کردوویەتی بە:

"دێ بە دووی شینی ئێوەدا شادی"

بەڵام ئەو وەختە "هات"بوو، چونکە ئەمن شاهیدی لەحزەی لەدایکبوونی ئەو شیعرە بووم.

**خالید محەممەدزادە:** جگە لەوە شیعری دیکەیشی بۆ بارزانی وتووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵێ. کاتی خۆی عەکسێکی بارزانی لە ئێران دەستکەوتووە کە نازانم چ ساڵێک بووە، ئاوا دەڵێ:

"وێنەت گەیشتە دەستم و ڕوون بۆوە چاوی من"

یا لە شیعرێکیدا دەڵێ:

"هەرچەندە دیوتە ڕۆژی ڕەش و دوژمنی قەوی

ئاڵای خەباتی میللەتی کوردت نەکرد نەوی"

بەڵام دوایە بە هەر دەلیل بوو ڕای گۆڕدرا. بۆیە ئەو شیعرانەی لە مێژووی خۆی سڕینەوە. کارم نییە و بەرپرسیارییەکەی لەسەر خۆیەتی. ئەگەر لە بەغدا لە تاریک و ڕووندا نەیتوانی چاپیان بکا، باشە خۆ لە ئێران دەیتوانی چاپی بکا؟ کە لە ئێرانیش هێندێک لە بەرهەمەکانی چاپکرانەوە جارێکی دیکە ئەوانەی نەهێنان.

**خالید محەممەدزادە:** بۆ نەیهێنان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** (بە پێکەنینەوە) ئەگەر زیندوو بووەوە لە خۆی بپرسە. ئەمن بۆ وەکیلیی ئەو بکەم؟

**خالید محەممەدزادە:** دەکرێ بڵێی مامۆستا هێمن چەند ساڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانی "کوردستان" بوو و چ ڕۆڵێکی هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەڕاستیدا لە دەستەی نووسەران لە ساڵی ١٣٤٩ەوە کە دەورەی ئێستای "کوردستان"مان دەستپێکردەوە کە ئێستایش بەردەوامە، لەو کاتەوە ئەندامی دەستەی نووسەران بوو تا لێک جیابووینەوە لە ١٣٥٨دا. بەڵام وەک بەرپرسیارەتی، ئەو بەرپرسی بەشی ئەدەبیی ڕۆژنامە بوو. هەرچەند ئەمن پێم ناخۆشە ئەوە بڵێم بەڵام وەک حەقیقەتێک ئەوە بڵێم باشە کە لە واقیعدا کارەکەی بە من سپاردبوو. بۆیە کارەکان هەر ئەمن دەمکردن. تەنانەت ساڵی ١٩٧٤ کە لێک بڵاو بووین، پێش دەستپێکردنەوەی شەڕ، بڕیارماندا کۆمیتەی ناوەندی لێک بڵاو بێ. دوو کەس لەنێو وڵات بە نهێنی دەژیان. چەند کەسمان لە بەغدا مانەوە. دوو سێ کەسمان چوونە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە. دوو سێ کەسمان چوونە سلێمانی. دوو سێ کەسیشمان وەک کاک دوکتۆر چوونە دەرێ. لەوێدا کە باسی ڕۆژنامە کرا، دوکتۆر قاسملوو فەرمووی "هەوڵ بدەن ڕۆژنامەکە هەر دەربچێ. ئەمن کە ئێستا لێرە نابم با کاک کەریمی حیسامی بەرپرسی بەشی سیاسیی ڕۆژنامە بێ و مامۆستا هێمنیش با بەرپرسی بەشی ئەدەبی بێ." مامۆستا هێمنیش گوتی "باشە بۆ من هەتا ئێستایش مەسئول نەبووم؟" دوکتۆر گوتی "با بەرپرس بووی بەڵام با لە بیرمان نەچێ هەتا ئێستا مامۆستا(بە پێکەنینەوە) لێرە بوو، بەڵام ئێستا ئەو لێرە نابێ." ئەو باوەڕی بە من هەبوو کە کارەکان بکەم. سەرپەرستیی تەسحیح و چاپی ڕۆژنامەیش جگە لە ژمارەی یەکەمی کە ئەگەر چاوی لێ بکەی زۆر شپرزەیە و پڕە لە غەڵەت، هەر هەمووی ئەمن دەمکرد. بەڵام وەک ئەندامی دەستەی نووسەران هەر مایەوە تا ئەو جیابوونەوەی کە ڕوویدا.

**خالید محەممەدزادە:** قەت هەبووە مامۆستا هێمن وتاری سیاسی بنووسێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە هەبوو شتی ئەدەبی بنووسێ. بەڵام ڕۆژنامەکە حیزبی بوو دەبوایە شتی سیاسی بنووسێ. بەڵام وەک وتاری تەفسیری و تەحلیلی، نا نەیبووە. زیاتر کارەکانی توانای ئەدەبییان تێدا بوو تا تەحلیلی و سیاسی.

**خالید محەممەدزادە:** تاریک و ڕوونی هێمن و بەشێک لە کتێبەکانی ئەو سەردەمەی حیزبی دێموکرات لەلایەن "بنکەی پێشەوا"وە بڵاوکراونەتەوە. دەکرێ باسی ئەم بنکەیەمان بۆ بکەی؟ ئایا شتی وا لە بنەڕەتدا هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** "بنکەی پێشەوا" وەک بڵێین چاپخانەی هەبێ و شتی وا، نا. بەڵام بنکەی پێشەوا بڕیارێک بوو کە حیزبی دێموکرات دابووی کە کۆمەک بکا بە بڵاوبوونەوەی بەرهەمی ئەدەبیی کوردی و ئەو بەرهەمانەی کە بە زمانی کوردی دەنووسرێن. ناوی بنکەی پێشەوای لێنرابوو. خۆ بنکە مەرج نییە خەڵک کۆبێتەوە و دەزگای هەبێ و شتی وا. حیزب هەزینەکەی دەدا. کتێبی دوکتۆر قاسملوو بنکەی پێشەوا چاپی کرد. تاریک و ڕوون، "کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران" لە نووسینی کەریمی حیسامی هەر بنکەی پێشەوا چاپی کرد. کتێبی پێکەنینی گەدا و یەک دوو کتێبی دیکەی لێ چاپ کران. ئەمن لە بیرمە کاک محەممەدی مەلا کەریم شتێکی نووسیبوو. دەڵێ حیزبی دێموکرات تەنیا حیزبی سیاسییە کە خزمەتی بە زمانی کوردی کردووە هەر بۆ خزمەت بە زمانی کوردی. ئەوانی دیکە بە زمانی کوردی خزمەتیان بە سیاسەتەکانیان کردووە. مەسەلەن تاریک و ڕوون یا پێکەنینی گەدا بۆ ئەوە بوو کە بڵاوی بکەینەوە. خەرجەکەی لەسەر حیزب بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خالید محەممەدزادە:** چاپخانەکەی لە بەغدا بوو؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بەڵێ لە بەغدا بوو. دیارە لە بەغدا بوون تاوان نییە. ئەمن پێم خۆشە لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرم. دوو سێ جار باسم کردووە بەڵام ئێستا ئەم قسانە بڵاودەبنەوە، بۆیە پێم خۆشە بڵێم کتێبی دوکتۆر قاسملوومان چاپ کردبوو؛ ئەمن هەم سەرپەرستی چاپەکەی بووم و هەم وەرگێڕی ئەم کتیبە بووم، بۆیە بڵاوکردنەوەکەیشی کەوتە سەرشانی من بەهۆی ئەوەی پتر شارەزای کوردستان بووم. جارێکیان هاتبوومە سلێمانی بەسەر کتێبخانەکاندا دەگەڕام کە داخوا چەندەیان فرۆشراون بۆ ئەوەی پارەکەیان لێ وەرگرم. چوومە کتیبخانەیەک بۆوەی حیسابی لەگەڵدا بکەم. کوڕێکی لێ بوو کە دەرکەوت خوێندکاری زانستگەیە. لێی پرسیم ئەو کتێبە هی تۆیە؟ گوتم بەڵێ. گوتی لە کوێ چاپ کراوە؟ ئەمنیش زانیم مەبەستی شتێکی دیکەیە، گوتم ئەوە کۆشکی کۆماری لە بەغدا چاپخانەیەکی لێیە، لەوێ چاپ کراوە. گوتی بۆ قەڵس دەبێ؟ گوتم بۆ قەڵس دەبم؟ ئەتۆ پرسیارت کرد، ئەمنیش وەڵامم دایەوە. گوتی نا قەڵسیی پێوە دیارە! گوتم ئاخر بۆیە قسەکەی من قەڵسیی پێوە دیارە چونکە قسەکەی تۆ پلاری پێوە دیارە! باشە ئەتۆ خوێندەواری و لاوی و ڕووناکبیری، گرنگ بۆ کتێبێک ئەوەیە چی تێدایە نەک ئەوەی لە کوێ چاپ کراوە.

**خالید محەممەدزادە:** کاتی خۆی شیعرەکانی هێمن لە ڕۆژنامەی کوردستان بەبێ ناو و ئیمزای هێمن بڵاودەکرانەوە و ناوی ئەم شاعیرەیان لەسەر نەبوون. هۆکارەکەی لە چیدایە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بەڵێ ئەوە وایە. ئەوە لەبەر ئەوە نەبووە ئێمە هێمن زدایی بکەین. بەڵام ئەو بۆخۆی لە یەک دوو شیعر نەبێ وەک یادگاری شیرن، کە دەڵێ:

"گوارەکەی زێڕت بە کا نایە لە گوێ بگرە قسەم
لایقی گوێی تۆ عەزیزم شیعری سادەی هێمنە"

ئیدی ناوی دانەناوە وەک شاعیرانی پێش خۆی. وەک نالی کە لە هەموو شیعرەکانیدا ناوی نالی هەیە یا حافز هەموو قەسیدەکانی ناوی حافزیان تێدایە. ئەو عادەتی وا نەبوو. ئەو بە کەمی ناوی خۆی هێناوە.

**خالید محەممەدزادە :** مەبەستمە بڵێم کە شیعرەکانی بەبێ ئیمزای هێمن بڵاوکراونەتەوە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەگەر چاو لە ڕۆژنامەی کوردستان بکەی، لەو دەورەیەدا هیچ وتارێک بە ناوی نووسەرەکەی نەبووە. ئەویش وەک ئەوان وابوو. یەک دوو شیعرێک چاپکران هەر لەو دەورەیەدا لە یەک دوو شاعیرێکی دیکە، پێم وایە ناویان بە جۆرێک نووسراوە. دەنا شیعرەکانی هێمن وەک لە شیعرەکەیدا نەبوو لەسەریشی نەدەنووسرا.

**خالید محەممەدزادە :** تۆ پێت وایە ڕێنووس و ڕێزمانی ڕۆژنامەی کوردستان تا چەند خۆی بە قەرزداری هێمن دەزانێ؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** پێم وا نییە ڕێزمانەکە تەنیا لەژێر تەئسیری مامۆستا هێمندا بێ. کەسی دیکەیش هەبوون. دوکتۆر قاسملوو هەبوو، ئەمن هەبووم. ڕەنگە ئەو ڕێنووسە بە ئیلهام لە کوردستانی عێراقیش بێ. چاک و خراپەکەی هەموومان لێی بەرپرسین. نە شانازییەکانی نە عەیبەکانی تەنیا بۆ هێمن ناگەڕێتەوە. بەڵام دیارە لەو بارەیەوە ڕەنگە هێمن و دواتر ئەمنیش تەئسیرم هەبێ لەسەری.

**خالید محەممەدزادە :** هێمن بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئەندامی کۆڕی زانیای بووە. دەکرێ بڵێن کە چۆن وەرگیراوە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لە ساڵی دوای دامەزرانییەوە مامۆستا هێمن ئەندامی کۆڕی زانیاری بوو. بەڵام ئیدی بە گەڕانەوەی بۆ ئێران و پاش نوشوستی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا کۆڕی زانیاری بەرەو کزی چوو. دەوڵەتی عێراق کە لەژێر بارودۆخێکدا ڕازی ببوو بە دروستکردنی، پاشان پشتی تێکرد. بەڵام هێمن ئیستعیفای هەر نەدا تا چووە ئێران. دیارە زیاتر لەو کۆمیسیۆنانەدا کاری دەکرد کە بە زمان ڕادەگەیشتن. مەسەلەن دەچوون موستەلەحاتیان دادەنا لە بەرانبەر عەرەبیدا.

**خالید محەممەدزادە :** جگە لە مامۆستا هێمن کەسی تر لە کوردەکانی ئێران لەم کۆڕەدا بەشدار بوون؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ماموستا هەژار کە زۆر کارا بوو و دوکتۆر قاسملوو ئەندام بوو. مەرحوومی زەبیحی زۆری هاوکاری دەکرد بەڵام دڵنیا نیم لەوەی ئەندام بوو یا نا! زەبیحی لە زمانی کوردی زۆر شارەزا بوو. کاک حەسەنی قزلجی ئەندام بوو.

**خالید محەممەدزادە :** مامۆستا، ئەگەر بێینە سەر بەشی سیاسیی دانیشتنەکەمان دەتوانم بڵێم ئێوە لە کتێبی "هێمن" لە نووسینی عوسمان دەشتی دا دەنووسن: "هێمن کە لە باری ئەدەبی و شیعرییەوە زۆر بەتوانا بوو بە هەمان ڕادەیش لە باری سیاسییەوە کەمتوانا بوو. پرسیار ئەمەیە کەسێکی "بێ توانای سیاسی" ئەوتۆ چۆن بوو بە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتئەویش بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەڵبژێردرایەوە ؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەمن بە جۆرێک لە جێگایەکی دیکە باسی ئەوەم کرد. یەکەم، هێمن ئەو پیاوە بێ توانایە نەبوو کە بڵێم بێ تواناترین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بێ. دووەم، هەر کەس لەو شتانە هەڵدەبژێرێ کە لە بەردەستیدا هەن. ئێمە مەجمووعەیەک بووین کە لە نێویان کەسانی وامان هەبوون کە لە باری سیاسی و ئاگایی و زانیارییەوە لە مامۆستا هێمن خوارتر بوون. ڕەنگە من یەکێک لەوانە بووبم. مەسەلەکە ئەوە نییە. بەڵام ئەوەی پێوەندیدارە بە شەخسی مامۆستا هێمن، پێش ئەوەی لەبەر توانا سیاسییەکەی بێ، لەبەر ئەو ناوبانگە ئەدەبییەی بوو کە هەیبوو. حەتتا لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو چەند جار باسم کردووە کە بابە لێیگەڕێن، ئەو پیاوە با کاری خۆی بکا. ئەوە بۆ سیاسەت دروست نەبووە. جا بەڕاستی ئەو پیاوە بۆ شیعر دروست ببوو. هەر چەند پیاوێکی بەفەرهەنگ و بەموتالەعە و خوێندوار بوو، بەڵام ئەو بۆ سیاسەت دروست نەببوو. دەیفەرموو ناوی هێمن لە لیستی کۆمیتەی ناوەندی هێزێکە. بۆیە زیاتر لەو بارەیەوە بوو. بەڵام وا نییە کە بڵێی بەقەد شاعیرییەکەی بێ. ڕەنگە ئەو بەراوردکردنەی من لەبەر ئەوە بێ کە هێمن زۆر شاعیر بوو، بەڵام کەم سیاسی بوو (بە پێکەنینەوە). هەرچەند ئەو لە هێندێک کەسی نێو کۆمیتەی ناوەندی بەتواناتر بوو. بەڵام ئەو بەراوردکردنە کەسێک بیڵێ کە چەندە شاعیر بوو ئەوەندەیش سیاسی بوو ئەوە بەراوردکردنێکی غەڵەتە.

**خالید محەممەدزادە :** باشە تۆ پێت وا نییە کاتی خۆی کە هێمن هەڵبژێردرایەوە بۆ کومیتەی ناوەندیی حیزب، ویستوویانە زیاتر وەک کەسێکی ناسراو و یادگاری کۆمار بیقۆزنەوە و سوودی لێ وەربگرن؟!

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** عەرزم کردی، ئەو کەسایەتییەکەی ناسراوی ئەدەبی بوو کە گرنگ و دیار بوو ئەگەر لە حیزبدا بێ، حەتمەن دوکتۆر قاسملوویش باوەڕی وا بووە.

**خالید محەممەدزادە :** باشە مامۆستا هێمن ئەگەر تێکەڵ بە "تاقمی حەوتکەسی" نەبایە و لە حیزب جیا نەبووایەتەوە، تۆ ئەم قسەیەت هەر دەکرد؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەگەر بۆنەیەک ڕێککەوتبایە، ئەمن ئەو قسەیەم هەر دەکرد. چونکە بە حزووری خۆیشی ئەو قسەیەم کردووە. هەر بە خۆیم گوتووە. وەنەبێ من غەیبەتی هێمن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەم یا لە کەسایەتیی هێمن کەم بکەمەوە. بە باوەڕی من ئەوە لە کەسایەتیی هێمن کەم ناکاتەوە. مەسەلەن ئەمن پێت دەڵێم دوکتۆر قاسملوو لە باری سیاسییەوە چەند لە سەرێ بوو، ڕاست بەقەد ئەوە لە باری شیعرییەوە لە خوارێ بوو. بەڵام ئایا دوکتۆر قاسملوو لێی کەم بۆوە ئەمن وام گوت؟ هێمن سیاسییەکی سەرکەوتوو نەبوو و قاسملوویش هەر شاعیر نەبوو (بە پێکەنینەوە). تواناکان بەش کراون. بۆ وای لێ بکەم ئەگەر گوتم هێمن سیاسییەکەی گەورە نەبوو ئیدی لێی کەم بۆتەوە؟ دوکتۆر قاسملوو مامۆستام بوو، ڕێبەرم بوو، ئۆلگووم بوو، هەموو شتێکی من بوو، بەڵام پێت دەڵێم شاعیر نەبوو.

**خالید محەممەدزادە :** مامۆستا، بە سەرنجدان بەوە کە تۆ زۆر لە هێمن نیزیک بووی، کە دیوانەکەی چاپ دەکرێ پێشەکییەکەی لەلایەن دوکتۆر قاسملووە دەنووسرێ. بۆچی تۆ ئەم پێشەکییەت نەتنووسی و ئەم پێشەکییە چۆن نووسرا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە دوکتۆر قاسملوو بە شێوەی گشتی لە ئەدەبیاتدا خاوەن ڕا بوو. پاشان مەوقیعییەتی دوکتۆر قاسملوو مەوقیعییەتێکی دیکە بوو. شانازییەکی گەورە بوو کە قاسملوو پێشەکی بۆ شیعری هێمن بنووسێ. بەڵام ئەمن بە هیچ جۆر لەو مەوقیعییەتەدا نەبووم کە کتێبی مامۆستا هێمن بە پێشەکی من وەبرەو بکەوێ. بەتایبەتی ئەو کاتە ئەمن لە مەجالی کاری ئەدەبیدا زۆر کەم ناسرابووم. دوکتۆر قاسملوو هەم لە باری ئەدەبییەوە لە من باڵاتر بوو هەم لە باری سیاسییەوە.

**خالید محەممەدزادە :** ئەگەر هێمن ئەندامی حیزبی دێموکرات نەبوایە دوکتۆر قاسملوو پێشەکی بۆ دیوانەکەی دەنووسی و بە شاعیری گەلی دەناساند؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** حەتمەن. ئەگەر ئاوا لێک نیزیک بوایەن حەتمەن بۆی دەنووسی. ئەوەی کە دوکتۆر قاسملوو پێشەکی بۆ دیوانەکەی هێمن نووسیوە لەبەر ئەوە نییە کە هێمن ئەندامی حیزب بووە، لەبەر ئەوە بووە کە هێمن شاعیرە. دوکتۆر قاسملوو وتاری لەسەر گۆران هەیە کە زۆر بەهێزترە لەو پێشەکییەی کە بۆ دیوانی هێمن نووسیویەتی. خۆ گۆران ئەندامی حیزبی ئێمەیش نەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی شاعیرێکی گەورەی کوردە شتی لەسەر نووسیوە.

**خالید محەممەدزادە :** مامۆستا، ڕەنگە ئەم پرسیارە ئێستایش لەنێو خەڵکدا هەبێ کە چۆن بوو کەسێک کە بە شاعیری گەل دەناسرێ، دوایە دەخرێتە ڕیزی خیانەتکارانەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە مەسەلەیەکە زۆر جار ڕەنگە بێتە گۆڕێ بەڵام تەزمین بۆ هیچ کەس نییە. نە بۆ ئەوەی تاسەر چاک بێ، نە بۆ ئەوەی تاسەر خراپ بێ. بۆیە تەزمین بۆ کەس نییە کە لە ژیاندا هەڵە نەکا. ئینسان بەهەڵەدادەچێ. لە واقیعدا تەنیا دوای مردنی ئینسانێکە کە دەتوانی حوکمی نیهایی بدەی لەسەر ئەوەی کە ئەو کابرایە تاسەر لەسەر بیروباوەری خۆی ماوە. ئێنسان دەتوانێ بگۆڕدرێ. ئەوەی کە هێمن لە ڕیزی ئەوانەدا حیساب کرا لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە شتێکی سەیر نەبوو. ڕاستە قبووڵکردنی ئەوە لەلایەن خەڵکەوە بۆ مامۆستا هێمن و بۆ ئەوانی تر وەک یەک نەبوو. لەڕاستیدا ئەوە هەڵسەنگاندنێکی عاتیفی بوو. حەوت کەس کارێکیان کردووە. حوکمێکیان لەسەر دەدرێ. باشە بۆچی بۆ شەشیان دروستە و یەکیان غەڵەتە؟ بۆ کاری شەشیان حەرامە و هی یەکیان حەڵاڵە؟ یا بە پێچەوانەوە. شتی وا نییە. هێمن شاعیر بوو، خۆشەویست بوو لەنێو خەڵکدا لەبەر شیعرەکانی. یا خەڵک لە دوورەوە شیعرەکانی هێمنیان خۆشدەویست و ئاگاداری قەزیەکە نەبوون. دەنا چەند جارێک لەگەڵ ئەدیبان ڕێدەکەوت کە قسەم بۆیان دەکرد قسەیان پێ نەدەما. ئەتۆ نابێ کار بە شەخس هەڵسەنگێنی بەڵکو دەبێ شەخس بەکار هەڵسەنگێنی. مەسەلەن ئەگەر پیاوێکی موسڵمان چووە مەیخانە، مەیخانە نابێتە پەرستگە، موسڵمانەکە گوناهبار دەبێ( پێکەنین). یانی لەو بارەیەوە هەڵەیەک کرا. مامۆستا هێمن بۆخۆی گوتوویەتی"فڵان کەس... هێندەی ویسکی دامێ نەمزانی چیم ئیمزا کرد".

**خالید محەممەدزادە :** کێ ویسکی پێدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** جا بۆ بیڵێین؟!

**خالید محەممەدزادە :** پاش زیاتر لە دوو دەیە لەو کارە پێت وایە ئەو حوکمەی سەر هێمن ڕاست بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دوای چل ساڵیش پێم وایە هیمن نەدەبوا ئەو کارەی بکردایە. هەر حەیف بوو نوختەیەکی وا کەوتە ژیانی هێمنەوە. نەک لەبەر حیزب یا میللەت، هەر لەبەر خودی هێمن حەیف بوو. هێمن ئەگەر تەماشا بکەی هەر ئەو کاتی کە لەنێویاندایە، زەمی ئەو ڕێژیمە دەکا:

سەقز و سەردەشت و سابڵاغ و سنەی کرد غەرقی خوێن
سێی تری ویستن گوتی بۆ سفرە حەوسینم دەوێ"
لە بارەی خومەینییەوە دەڵێ:
"بۆ فریشتەی داد بە سینەی پڕ لە کینە و داخەوە
هاتە کوردستان وتی ڕەجمی شەیاتینم دەوێ"

ئەو هەر ئیمانی پێی نەبوو. جا حەیف بوو ئەو حیزبەکەی خۆی و بزووتنەوەی خۆی مەحکووم بکا. بەتایبەتی هێمن زۆر باش دەیزانی کە پێوەندیی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق چەندە پێوەندییەکی سەربەرزانەیە. ئێستا ئیدی تەواوی دنیایش ئیعترافی پێدەکا. بەڵام شتێک نووسرا هەرچەند ئەوان بەداخەوە هیچ کامیان نەیاننووسی. حیزبی توودە بۆیانی نووسی و ئەوانیش ئیمزایان کرد. قەت پێم خۆش نەبوو لە ژیانی هێمندا شتی وا ڕوو بدا. هێمن زۆر گەورەتر بوو.

**خالید محەممەدزادە :** دەڵێن مامۆستا هێمن کاتی خۆی لەو کارەی پەشیمان بۆتەوە. ئەمە تا چەند ڕاستە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵێ گوایە خۆی هەر ئەو کاتە گوتوویەتی کە ئەو هەتیوەی فڵان کەس ئەوەندەی ویسکی دامێ بۆخۆیشم نەمزانی چیم ئیمزا کرد. بەڵام دواتر ئێمە دەمانویست ئەو حوکمەی لەسەری درابوو ئیسلاح بکرێ. کاک حەسەنی شەرەفی مان نارده لای. بنکەی کۆمیتەی شارستان لە شیلاناوێ بوو. مامۆستا هێمنیش لە شیلاناوێ بوو؟ ناردمانە لای کە بابە شتێک بنووسە کە من ئەو کارە بە هەڵە دەزانم. ئێمە بە "تعهد"ەوە بڵاوی ناکەینەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ببێتە دەلیلێک بۆ ئەوەی ئەو حوکمە بگۆڕین با شتێکی ئاوا بنووسێ. بە کاک حەسەنی گوتبوو باشە بەیانی وەرەوە دەتدەمێ. بەیانی کە چووبۆوە - کە پێم خۆش نییە هۆیەکەی باس بکەم - پەشیمان ببۆوە و گوتبووی نایکەم.

**خالید محەممەدزادە :** دوای ئەوە ئێوە چەند ساڵ دواتر و پاش مردنی هێمن، ئەو کاتەی کە ئێوە سکرتێری حیزب دەبن، ئیعادەی کەسایەتی لەسەر هێمن بڵاودەکەنەوە. ئەویش لە بڵاوکراوەی نێوخۆی حیزب بە ناوی تێکۆشەردا. بۆ لە ڕۆژنامە بڵاوتان نەکردەوە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: دیارە هەر لە تێکۆشەردا نەبوو، لە ڕادیۆیشدا بڵاومانکردەوە. لەڕاستیدا ئەوە زیاتر لەبەر "اعادە حەیسییەت" لەو نەبوو. اعادە حەیسییەتەکەمان بە کردەوە لێکردبوو. زۆر جار لە بۆنەکاندا شیعرەکانی ئەومان دەخوێندنەوە. بەڵام بۆ ئەوەی تەوجیهێک بێ کە ناکرێ شاعیرێک (بە پێکەنینیەوە) بە خائین دابنێی و شیعرەکانیشی وەک حەدیسی ئەبوو هورەیرە بهێنیتەوە. بۆیە ئەوەمان کرد کە بڵێین ئەوە دیکۆمێنتێکە بۆ ئەوەی کە بەجێیە لە شیعرەکانی ئیستفادە بکەین. شەرایتێک بوو کە هێمن بەسەریدا سەپابوو. جا پیری بووبێ یا هەرچی بێ. لەڕاستیدا مامە غەنیش هەروەها بوو. لە خۆیان ڕانەدەدی بێنە ئەو هەلومەرجە ناخۆشەی کە پاش شۆڕشی ١٣٥٧ پێش هات، بەتایبەت کە ئەوانیش ئەزموونیان هەبوو. بێجگە لەوەی کە تەئسیراتی ئەملا و ئەولایان لەسەر بوو.

خالید محەممەدزادە : مامۆستا، ئەو ئیعادەی کە کرا بە پێشنیاری ئێوە بوو یا بەرهەمی فشاری خەڵکی بوو؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: هیچ کەس داوای ئیعادەی حەیسییەتی بۆ مامۆستا هێمن نەکردووە. ئەوەیش کە ئێمە ئەوەمان کرد لەژێر فشاری خەڵکی نەبوو، بەڵام ئێمە لە حیزبدا پێمان وا بوو کە دەبێ ئەم کارە بکرێ. هەرچەند ئێمە بە کردەوە هەڵمانگرتبوو ئەو تەحریمە بەڵام ئەمن گوتم با تەوجیهێکیش هەبێ. دەنا خەڵک حەقیانە بپرسن باشە ئەتۆ کە بە خائینی دەزانی بۆ شیعرەکەی لە ڕادیۆکەتدا دەخوێنیتەوە.

خالید محەممەدزادە : من لە قسەکانت وا تێگەیشتم کە تۆ کەسێکی نیزیک لە مامۆستا هێمن بوویت، بەڵام لەملا و لەولا باس لەوە دەکەن کە پێوەندیی تۆ و هێمن زۆر نۆرمال نەبووە. ئەمە تا چەند ڕاستە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئێستا ماون ئەوانەی شاهیدی پێوەندیی نێوان من و هێمن بوون. نیزیکترین کەس لە ڕەفیقەکانی هێمن ئەمن بووم. کاتی خۆیشی ئیمزای خۆی شاهیدە کە چەندە شوێنم لەسەری داناوە. حەتتا جاروبار زۆر لوتفی دەکرد. جارێکیان لەبیرمە جێژنی نەورۆز بوو لە بەغدا چووبووینە دەرێ. شایی و هەڵپەڕکێ بوو.
هات، ئەمن سەرچۆپیم گرتبوو، گوتی ئەشەدوبیللا لەوەیشدا هەر ئوستادی. یانی ئەو وشانەی بەکار دەبردن. بەڵام ئەمن لە بەرانبەر ئەو هەلوێستەی ئەواندا توند بووم و نایشارمەوە. ئەمن تەنانەت لەو دیمانەیەدا کە کردم لە وەڵامی گۆڤاری چشم انداز دا گوتم سپاسی کاک غەنی بلووریان دەکەم کە شاهیدێکی باشە بۆ ئەوەی ئەو چۆن دیفاعی لە جمهوری ئیسلامی کرد و ئەمن چون دیفاعم لە بزووتنەوەی کوردستان کردووە. جا بەبێ شک ئەوانەی قسەیان لەسەر من کردووە تەئسیریان لەسەر داناوە. ئەگینا تا پێکەوە (پێکەنین) بووین گەپ و گاڵتە و هەموو شتێکمان هەبوو.

خالید محەممەدزادە : من لێرەدا کۆتایی دێنم بە پرسیارەکانم. ئێوە ئەگەر شتێکتان ماوە دەتوانن باسی بکەن؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەمن شتێکم نییە جگە لەوەی سڵاو بۆ یادی هێمن بنێرم و ڕێز دابنێم بۆ هەموو ئەو خزمەتانەی کە ئەو هەم بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردی و هەم بە فیکری شۆڕشگێڕانەی لاوانی کورد. یادی بەخێر بێ!

خالید محەممەدزادە : سپاس بۆ تۆ و سپاس بۆ خوێنەرانی ئەم دیمانەیە کە تایبەتە بە بیستەمینساڵیادی کۆچی دوایی هێمنی شاعیر.

### عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە چەند دێڕێکدا بە قەڵەمی خۆی

ساڵی ١٣١٧ لەدایکبووم.

ساڵی ١٣٣٠ وەک ئەندامی حیزبی دێموکرات ناونووسیم کردووە.

لە ساڵی ١٣٤٨ـەوە بوومە ئەندامی ڕێبەری.

جگە لە کۆنگرەی ٨ و کۆنگرەی ١٣ لە هەموو کۆنگرە و کۆنفرانسەکاندا هەڵبژێردراوم.

نیزیک دە ساڵ سکرتێر بووم. چوار دەورە جێگری سکرتێر بووم.

لە ساڵی ١٣٥٠ـەوە ئەندام دەفتەری سیاسی بووم.

دەکرێ بڵێم ٨ ساڵی تەواو لەگەڵ هێمن بووم.

چاکم لەبیر نییە، ڕەنگە بە ورد و درشتییەوە ١٥ کتێبم چاپ کردبن.

نیزیکەی ١٠ کتێبم وەرگێڕاوە کە جگە لە دوانیان هەمووی‌ان ئەدەبی بوون.

سازدانی دیمانە: خالید محەممەدزادە

## قاسملوو چون ژیا....؟ گفتگۆ لە گەل عەبدوڵڵا حەسەن زادە

ئامادە کردنی: خالید محەممەدزادە

ڕۆژێکی گەرمی هاوینی ١٩٨٩ بوو کە هەوالی تیرۆرکردنی د. عەبدولرەحمانی قاسملوو لە ناخەوە عەبدوڵڵای حەسەن زادەی هەژاند. ئەو هەر لەو ساتەوە دەرکی بەوە کرد کە تێپەڕاندنی ئەم کارەساتە گەورەیە بۆحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروا کارێکی ئاسان نابێت و زۆر چاکیش دەیزانی کە کوشتنی کەسایەتییەک لە قەبارەی قاسملوو تا ئایندەیەکی نادیار سایەی شوومی بە سەرحیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردیش دا دەکێشێ و جێ پرکردنەوەی گەلێک ئەستەمە. چونکە قاسملوو یەکێک بوو لەو سەرکردە کارامەو پراگماتییە دەگمەنانەی کورد کە بە زیاتر لە هەشت زمان دەدوا و تۆڕێکی پێوەندی چرو پڕیشی لە پێوەندیی دیپلۆماسی و لە گەل دەیان سیاسەتمەدار و ئەکادیمیی و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی جیهان چێ کردبوو. ١٧ سالەی کۆچی د. قاسملوومان بە دەرفەت زانی کە لە گەل عەبدوڵڵای حەسەن زادە لەم باریەوە بدوێین، چونکە هیچ گۆمانم نەبوو کە ئەو دەتوانێ زۆر شتی تازەی لە سەر د. قاسملو پێ بێ و پێش
بینییەکەی ئێمەش ڕاست گەرا و ئەم دانیشتنەی ئێمەش ئەم دیمانەی لێ کەوتەوە کە زۆر شتی تازەی لە خۆ گرتووە:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خالید محەممەدزادە : مامۆستا با لە ماڵە باوانی د. قاسملووە دەست پێ بکەین، دایک و باوکی قاسملوو کێ بوون و کەی و لە کوێش لە دایک بووە؟

وەڵام : باوکی د. قاسملوو "محەممەدئاغای وسوق" یەکێک بووە لە گەورە پیاوانی ناوچەی ورمێ و بەتەعبیری قەدیم لە فیئۆدالەکان و ئاغایەکی گەورە" بووە و تایفەیەکی گەورەش



بووە، دیارە ناوی "قاسملوو"ش لە کور و کچەکانی محەممەدئاغای وسوقەوە هاتوە، گوندەکەشیان ناوی گوندی قاسملوویە کە لە دۆلی قاسملووش هەڵ کەوتووە، بۆیە ئەو ناوە لەوەرا هاتوە، ئەگینا با وە باپیری قاسملوو ئەو ناوەیان لە سەر نەبووە

پرسیار : ئێستا ئەو بنەماڵە کێ یان لە ژیان دا ماون و لە کوێن؟

وەڵام : دیارە دوو برای ماون. یەکیان برای هەرە گەورەیانە کە ئەندازیار حوسێن قاسملوو ناویەتی کە ڕەنگە تەمەنی ئێستا لە نێوان ٨٥ تا ٩٠ دا ساڵ بێت، چونکە زۆر گەورەتر بوو لە دوکتۆر قاسملوو.. دوکتۆر قاسملوو ئێستا ئەگەر مابایە، تەمەنی ٧٦ ساڵ دەبوو. ئەوی دیکەشیان دوکتۆر عەلی قاسملوویە کە دوکتۆری لابراتوار لە ئێرانە و پێم وایە ئێستاش لە ورمێ ئازمایشگای هەبێ.

پرسیار : ئەی دوکتۆر قاسملو چەند منداڵی هەن و ئێستا منداڵەکانی لە کوێن؟

وەڵام : جارێکیان نووسیبوویان کە قاسملوو ناوی منداڵەکەی لنینە! بۆیە ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانی لێی دەپرسی ڕاستە تۆ کورەکەت ناو ناوە لنین؟ ئەویش دەڵێ من هەر کورم نیە تا ناوی لنین بێ!. قاسملوو دوو کچی هەن. یەکیان ناوی "مینا"یە کە گەورەکەیانە. مێردی کردوە بە پیاوێکی سوئیدی کە ماوەیەک لە سوئید دەژیا، بەڵام ئێستا نیشتەجێ پراگ پێتەختی چێکە. مێردەکەی تیجارەتی دار و تەختەی دەکرد و ئێستا لە پراگ دەژی. سێ کوری هەن لە مێردەکەی.

کچەکەی دیکەشی ناوی "هیوا"یە. ئەویش مێردی کردوە و مێردەکەشی سوئیدییە. کچێکی هەیە کە ڕەنگە ئێستا تەمەنی ٢٥ ساڵ بێ. خۆی و کچەکەی ئێستا لە فەرانسە دەژین. هەم بۆ خوی سەڵتە و هەم ئەوەندەی من بزانم کچەکەشی مێردی نەکردوە. دیارە پێکەوەش ناژین، دایکی لە پاریس دەژی و ئەویش لە شارێکی دیکەی فەرانسەیە.

پرسیار : ئەی دوکتۆر قاسملو چون ئاشنا دەبێ لە گەڵ هیلێن قاسملوو؟

وەڵام : پێم وابێ هیلێن خانم کە پێی دەڵێین نەسرین بۆ خوی باسی کردوە، لە وتوویژێک دا لە زانکۆ پێکەوە ئاشنا دەبن و لە پاشان بریاری ئیزدواج دەدەن.

پرسیار : ئەی ئێستا نەسرین قاسملوو لە کوێ یە و کاری چیە؟

وەڵام : نەسرین خانم کە د. قاسملوو شەهید بوو مایەوەو مێردی نەکردەوە. ئێستا ڕەنگە ٧٥ ساڵ تەمەنی هەبێ. بە هەر حاڵ ماوەیەک لە پراگ دەژیا لە بەر کچەکەی، خۆشی دیارە خەڵکی پراگە. پاشان گەڕایەوە پاریس و دوو سێ ساڵ لە پاریس ژیا. بەڵام ئەو سەفەرەی بۆمی باس کرد کە دەگەڕێتەوە پراگ و ڕەنگە بۆ هەمیشە لە پراگ بمێنێتەوە.

پرسیار : باشە پێوەندیی ئەو بنەماڵە لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستان چونە؟ ئایا دانەبراون؟

وەڵام : وەک دابران پێم وانیە. کچەکانی لە پێوەندیی لە گەڵ حیزبی دێموکرات دا تێکۆشانێکیان نەبوە. نەسرین خانم ئیجگار زۆر زەحمەتی بۆ حیزبی دێموکرات کێشاوە. ماوەیەکی زۆر لە تاران بووە، لە عێراق بووە، بە تەنیا ژیاوە و بە نهینی ژیاوە. زۆر کاری بۆ حیزبی دێموکرات کرد. ڕەنگە خەڵک نەزانێ ئەو ئارمەی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستکردی نەسرین قاسملوویە. چونکە خانمێکی دەست ڕەنگین و بەهرەمەندە، یا تەرڕاجیی سەر کتێبەکەی دوکتۆر قاسملوو، کتێبی "کوردستان و کورد"یش تەرحی نەسرین قاسملوویە. ماوەیەکی زۆر سەرپەرستی ئەموال و دارایی حیزبی دێموکرات بوو. دوای شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو کە هێندێک ئیشکالات هاتە پێشێ و کارەکە بوو بە ئۆرگانی و لە دەستی نەما. پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە هەرماوە. بەڵام ئەگەر بڵێم ئەو پێوەندییە وەک جاران گەرمە، ڕەنگە موبالیغەم کردبێ. پێوندییەکەی زیاتر پێوەندییەکی عادی و لە گەڵ هێندێ کەسیش لە ناو حیزبی دێموکرات دا پێوەندیی دوستانەی ماوە.

هەر وەها هێندێ کاری دیپلوماتیمان لە ڕێگای ئەوە دەبوو. پێوەندیی حیزبی دێموکرات لە گەڵ دانیەل میتران و تەنانەت پێوندیی کورد لە گەڵ دانیەل میتران بی تەئسیر نیە لە کار و تێکۆشانی نەسرین خانم. چونکە ئاشنایەتیی دوورودرێژیان پێکەوە هەیە. لە گەڵ زۆر کەسایەتیی دیکە پێوەندیی بۆ حیزبی دێموکرات پێک هێناوە. ئەویش زمان باش دەزانی و کوردییش دەزانێ و فارسییەکی باشیش دەزانێ، کە قسە دەکا غەیرە فارس نازانێ کە فارس نیە.

پرسیار : دوکتۆر قاسملوو نوسین و کتێبی هەیە کە تا ئێستا بلاو نەکرابێتەوە؟

وەڵام : پێم وانیە شتێکی وای هەبێ کە بلاو نەکرابێتەوە

پرسیار : ئەی کتێبی"چل ساڵ خەبات" گوایە بەرگی سێیەمەکەی بە فەرانسەیی بلاو کراوەتەوە ئەوە ڕاستە؟

وەڵام : چل ساڵ خەبات" بۆ خۆی لە پێشەکییەکەدا باسی دەکا کە ئەو کتێبە سێ بەرگ دەبێ. بەرگی یەکەمی بلاوکردەوە لە جێژنی ٤٠ ساڵەی حیزب دا. بۆیە ناوی نابوو "چل ساڵ خەبات". بریار وابوو دوو بەرگی دیکەی دواتر بنوسێ. بە داخەوە بەرگی دووهەمیشی بۆتەواو نەبوو. تەنیا دوو فەسلی نووسی، بە داخەوە شەهید بوو کە دوای شەهیدبوونی ئەو دوو فەسلە وەک بەرگی دووهەم چاپ کرا.

پرسیار : ئەی مامۆستا نووسینی هەیە بە زمانەکانی دیکە کە نەکرابێ بە کوردی؟

وەڵام : پێم وانیە هەبێ.

پرسیار : باشە تو چون وەسفی د. قاسملوو دەکەی؟

وەڵام : باشترین شت ئەوەیە بلێین دوکتۆر قاسملوو ئینسان بوو. دوکتۆرقاسملوو ئەو ڕستەیەی لە بارەی زۆر کەسەوە دەگوت کە دەیگوت" نە فرشتەیە و نە شەیتانە بەڵکوو ئینسانە". قاسملوو ئینسانێکی گەورەبوو و بە دیدێکی ئینسانیەوە تەماشای هەموو شتێکی دەکرد. بەڵام قاسملوو ئینسانێک بوو کە ئێستاش تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی دەبێ لێوە فێر بن. پیاوێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە فەرهەنگ، ئەهلی خوێندنەوە، زۆر زانا بوو. بە قەد سەد کەسی وەک ئێمەی دەزانی، بەوحالە بە قەد سەدان کەس لە ئێمە موتالای دەکرد، هەمیشە لە حالی فێربوون دا بوو.

**پرسیار : مامۆستا بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب کێ نووسیویەتی تۆ یا دوکتۆر قاسملوو؟**

**وەڵام :** ئەگەر من شانازییەکم بووبێ رەنگە ئەوەبێ کە شاگردێکی بە وەفای دوکتۆر قاسملوو بووم. لە کونگرەی دوودا بەرنامەو ئەساسنامەیەک مان هەبوو کە زۆر دورو درێژ بوو بەڵام لە ئاستی سیاسی بە راستی نزم بوو. ١٩٧٠ کە جارێکی دیکە هاتینە سەر ئەو باوەرە بەرنامەو ئەساسنامە بنووسین، دوکتۆر قاسملوو دای رشت و لە پاشان مەمانیش دەستمان تێدا هەبوو. دیارە ژمارەیەک بووین وەک کاک حەسەن رستگار و کاک کەریم حیسامی و کاک محمد امین سیراجی و هێمن بووین و ئێمەش رای خۆمان گوتوە، بەلام ئەوە راستییەکە کە پاش یەکەم جار بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات هەموو دەستکاریەکانی بۆ کونگرەکان ئەمن کردوومە جگە لە کونگرەی ١٣ هەر چەند لەوەش دا دەستم هەر هەبوو.

**پرسیار : باشە هەبووە دوکتۆر قاسملوو ئەو دەستکاریانە توی قبوول نەبێ؟**

**وەڵام :** دیارە شتێکی وام لە بیر نایەت، بەڵام ئەمن ئەو شتانەی کە فێریش بووم هەر لە خۆی فێر بووم. ئەفکاری من لەو زۆر نیزیک بوو. تەنانەت ئەگەر کەمێکیش بە قازانجی خۆمیش بێ پێم خۆشە ئەوە بلێم کە برایەکی کاک دوکتۆر سەعید هەیە کە ئێستاش لە پاریس دەژی. سالی ١٩٨٥ ئەمن نوێنەری حیزب بووم لە دەرەوە، زۆر هاوکاری منی دەکرد و زۆر خزمەتی منی دەکرد، ئەمنیش زۆر سپاسم دەکرد، جارێکیان لەگەلم دەهات بۆ لای دوکتۆری چاو دوبارە سپاسم کردەوە و گوتم سپاست دەکەم بۆ ئەو هەموو زەحمەتە لەگەل من دەیکێشی،




گوتی کاکە تو ئەو هەموو سپاس سپاسەت لە چیە خۆ من بۆ توی ناکەم بۆ حیزبی دەکەم. گوتی بۆیە بۆ حیزبی دەکەم دوکتۆر سەعید گوتویەتی ئەگەرخوانەخواستە سبەی دوکتۆر قاسملوو بمرێ هەموو ئەوراقی حیزبی دێموکراتیش بفەوتێ، غەمێک نیە چونکە عەبدوڵلای حەسەن زادە دەینووسێتەوە. ئەمەم بۆیە گێرایەوە بۆ ئەوە بوو کە بلێم من لە فیکری دوکتۆر قاسملوو نیزیک بووم. بۆیە پێم وایە شتێکم لە بیر نایەت کە من نوسیبێتم ئەو رەدی کردبێتەوە. زۆر جار نووسینەکانی خۆی بە من دەدا. مەسەلەن لە کونگرەی ٥ زۆر سەرقال بوو. راپۆرتی کومیتەی مەرکەزی هەمووی بە من سپارد. ئەمن نووسیم، بۆ کونگرەی ٤ ئەمن ئەندامی کومیتەی مەرکەزی نەبووم، بەڵام چەند بەشێک لە راپۆرتی کومیتەی مەرکەزی کە دەبوا ئەو بینووسیایە وەک سکرتێر بە منی سپارد کە بینووسم. پاشان بە راستی زۆر بە گەورەییەوە دەی روانیە من بۆ ئەوشتانە. لوتفی زۆر هەبوو بە من. تەنانەت بەرگی یەکەمی کتێبی"چل سال خەبات"ی کە نووسی من لە دەرەوە بووم، نوسخەیەکی ئیمزا کردبوو بۆی نارد بووم بۆ دەرەوە. ئەمن هێندێک تێ بینیم لە سەر کتێبەکەی هەبوون و پێم گوت با رۆژێک پێکەوە دانیشین و لەسەری قسە بکەین، گوتی دانیشتنی ناوێ، ئەتۆ لە سەر نوسخەی خوت ئیسلاحیان بکە ئەو شتانەی کە پێت وایە وا نین، ئەمن تایپی دەکەمەوە و لە چاپی دووهەم نووسخەت بۆ ئیمزا دەکەم. تەنیا ئەندامی رێبەریی کە نووسخەی ئیمزاکراوی لە چاپی دووهەمی "چل سال خەبات" هەیە ئەمنم. یانی یەک کتێب کە نوسیبووی کە گوتم تێ بینیم هەیە، گوتی بۆ خوت ئیسلاحی بکەو بیدە بە تایپ. تەنانەت تماشای هەر نەکردەوە. ئەو ئیعتمادێکی سەیری بە من هەبوو.

**پرسیار : مامۆستا تۆ رۆژی تیرۆرکردنی دوکتۆر قاسملوو لە کوێ بووی؟**

**وەڵام :** ئەو کاتە دەفتەری سیاسی لە قەندیل بوو. بەیانی ئەو رۆژەی کە دوکتۆر شەهید بوو هەینی بوو و جێژنی قوربانیش بوو، لە مال دانیشتبووم. دوکتۆر سەعید ناردی بە شوینم. کە پیمانی گوت دوکتۆر قاسملو شەهید کراوە. دوکتۆر قاسملو پێش شەهیدبوونەکەی دیمانەیەکی کردبوو لە سەر کیمابارانکردنی هەلەبجە کە لە بارەی دەولەتی عێراقەوە قسەی کردبوو. ئەمن گوتم کاری دەولەتی عێراقە. دوکتۆر سەعید گوتی نەوەڵا شتێک هەیە(ئەوکات من ئەندامی دەفتەری سیاسی و کومیتەی مەرکەزی نەبووم) کە رەنگە تو ئاگات لی ◌َنەبێ. ئەویش ئەوەیە کە دوکتۆر قاسملوو دیدارێکی هەبووە لە گەل نوێنەرانی کوماری ئیسلامی بە ناوی وتووێژ. ئەوکات تێ گەیشتم ئەوە کاری ئێرانە.

**پرسیار : دەفتەری سیاسی ئاگاداری دانیشتنە کە بووە؟**

**وەڵام :** بەلێ بە تەواوی ئاگادار بووە. ئەوە لە دوو سێ جێگاش گوتراوە. ئەو وتووێژە کە لە سەرەتای سالی ١٩٨٩ و ئاخیری سالی ٨٨ جارێک رووی داوە. لەوێ دا یەکیەتیی نیشتمانی و شەخسی مام جەلال و پێم وایە کاک نەوشیروانیش بەشداربوون لە دانیشتنەکە دا و راپۆرتەکەشی دراوەتەوە بە کومیتەی ناوەندی و لە پاشان بۆ جاری دووهەم کە لە ژووئیەدا بوو جمهوری ئیسلامی بە ناوی ئەوەی کە یەکیەتی نیشتمانی زار بەهاوارەو شت دەدرکێنێ، یەکیەتی نیشتمانی لابرد لە دانیشتنەکەدا. بۆچی؟ چونکە دەیانزانی ئەگەر یەکیەتی نیشتمانی بەشدار بوایە ئەوە ئەوان نەیاندەتوانێ تیرۆری بکەن. چونکە جاری یەکەم کە یەکیەتی نیشتمانی بەشدار دەبێ و سەرپەرشتی دەکا دەقیقەن ١٩ کەسی یەکیەتی ئیسکۆرتی ئەو دانیشتنەی کردوە. بۆیە ئەوان تێ گەیشتوون ئەگەر یەکیەتی نیشتمانی بەشدار بێ ئەو تیرۆرەیان بۆ ناکرێ، بۆیە دوکتۆر قاسملوویان قانیع کردوە کە جەلال تالەبانی زار بە هاوارە و یەکیەتی نیشتمانی زار بە هاوارە با بەشدار نەبێ. تەنانەت ئەحمەد بن بلاش کە جاری پێشوو لەگەل بووە ئەویشیان لابردوە چونکە نەیان ویستوە بیکوژن.

**پرسیار : باشە کێ ئەم قەناعەتەی لە دوکتۆر قاسملوودا پێک هێنابوو کە بە بێ بەشداریی یەکیەتی بچیتە ئەو وتووێژەوە؟**

**وەڵام :** دیارە رەنگە ئەوە بەد شانسیی میللەتی کورد بێ کە عەقلی دوکتۆر قاسملوو بە دەست ئەوانە ئیحاتە کرابێ، دەنا چون دەبوو دوکتۆر قاسملو بەو هەموو ئەزمونەوە لە گەل ئەوان دابنیشێ. دیارە لەو نێوەدا کەسی دووهەم دوکتۆر فازل رەسوول دەبێ کە قسەیان لەگەل کردوەو ئەویش قسەکانی بە دوکتۆر گەیاندوە. لێرەدا با بلێم هێندێک کەس دەلێن رەنگە دوکتۆر فازل رەسول تەئسیری هەبووبێ لەوکارەدا، بەڵام دوکتۆر فازل بە تەواوی ئێنسانێکی خاوێن بوو. دیارە گەنجێکی زۆر عاشقی ناو و ناوبانگ بوو. کاتێک کومونیستێکی توند بوو، پاشان بوو بە ئیسلامیی و گۆڤارێکی دەردەکرد بە ناوی"الحوار" کە ئەفکاری ئیسلامی بلاو دەکردەوە و لەگەل بەنی سەدر دۆستایەتی هەبوو. پاشان لە گەل کۆماری ئیسلامی پێوەندیی پەیدا کرد، بەلام بە هیچ جۆر دوکتۆرفازل رەسوول وا نەبوو کە بیەوێ دوکتۆر قاسملو لەداو بهاوێ. وەک نییەتی خێر دوکتۆر قاسملووی هێنابوو کە ئەو وتووێژە بکرێ و مەسەلەی کورد لە ئێران دا چارەسەر ببێ بەلام کۆماری ئیسلامی ئەویشی لە گەل دوکتۆرقاسملوو تیرۆر کرد بۆ ئەوەی نهێنییەکە دەر نەکەوێ. چونکە دوکتۆرفازل رەسول مابایە حەتمەن نهێنییەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاشکرا دەکرد.

**پرسیار : باشە مامۆستا باست لەوە کرد کە دکتۆر قاسملو پێش شەهیدکرانی لە وتووێژێکی دا باسی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەکا. دەکرێ بڵێی چی گوتوە لەو پێوندییەدا؟**

**وەڵام :** جارێک ئەمن لە رانیە بووم گوتیان قاسملوو شتێکی نووسیوە کە دەڵێ عێراق دەستی لەو کیمیابارانەدا دەستی نەبووە. ئەمە وام لە بیرە لە گۆڤاری "کل العرب" دا بوو. ئەمە هەڵای نایەوە بەڵام ئەو گوتبووی لە هەڵەبجە تەنیا عێراق شیمیایی بەکار نەهێناوە، هەر دوو وڵات بەکاریان هێناوە. هەر چەند گۆڤارەکە لە تیتری دیمانەکەی دا نوسیبوی:" دوکتۆر قاسملوو دەڵێ عێراق چەکی شیمیایی بەکار نەهێناوە"بەڵام لە خوارەوە نووسیبووی کە قاسملوو دەڵێ هەم عێراق و هەم ئێران لە هەڵەبجە چەکی شیمیایی یان بە کار هێناوە. دوکتۆرقاسملوو لە بارەی حیزبی بەعسەوە هەڵوێستێکی سەربەخۆیی خوازانەی هەبووە کە جێگای تەقدیر بوو. ئەو سەربەخۆیی سیاسی حیزبی پاراست. ئەوە یەکەم جارنەبوو. جارێک رێژیمی بەعس زیندانی حیزبی توپباران کرد کە پێمان دەگوت زیندانی دۆلەتوو. راگەیەندنێکمان دەرکرد کەبە توندی مەحکووممان کرد و بە کارێکی فاشیستی ناومان هێنابوو. دوای ئەوە ئەمن و دوکتۆر قاسملوو سەفەرێکی دەرەوەمان کرد. لە کەرکووک دەعوتێک بۆ دوکتۆر سازکرابوو کە دەبوایە لامان دابایە. ئەمن مەسئوولی تەبلیغات بووم. دوکتۆر قاسملووکە ئەوانی دەناسی وەک پێناساندن گوتی ئەمەش وەزیری ئیعلامی ئێمەیە! دوکتۆر قاسملوو ئێنسانێکی شوخ تەبع بوو. کابرای عەرەب گوتی ئەوە راگەیاندراوی دۆلەتووی نووسیوە؟ ئەمنیش گوتم ئەتۆ دەستووری بۆمبارانکردنی دۆلەتووت دابوو؟ ئەمە دەقاودەق وشەکان بوو کە هێنامانە زمان. کە دانیشتین دوکتۆرقاسملوو فەرمووی بەیانی دۆلەتوو ئەمن نووسیومە. چون ئەتو بە خۆت ئیجازە دەدەی زیندانی من بۆمباران بکەی؟ زیندانیم بکوژی؟ پێشمەرگەم بکوژی؟ بەڵام بە من ئیجازە نادەی کە مەحکوومی بکەم؟ حیزبی دێموکرات پێوەندیی وا قبوول ناکا.

**پرسیار : ئەم پێوەندییە سالمەی باسی دەکەی، لە سەردەمی دوکتۆر قاسملوو دەست پی دەکا یا پێش دوکتۆر قاسملووش ئەم پێوندییە هەر هەبووە؟**

**وەڵام :** لە واقیع دا ئەوە دەگەرێتەوە بۆ پاش بەیانی ١١ی ئازار کە ئەمن لە کتێبی "نێوە سەدە تێکۆشان"یش دا ئیشارەیەکم پی کردوە. ئێمە خۆمان ئەسلەن لە فیکری ئەوەدا نەبووین کە پێوەندیی لەگەل حیزبی بەعس دا بگرین. چونکە بەیانی ١١ی ئازار دەرچوو بوو و کورد لە گەل دەولەتی عێراق رێکەوتبوو. پێمان وابوو لە کانالی بزووتنەوەی کوردەوە لە عێراق دەتوانین ئەو پێوەندییانە جێ بەجێ بکەین و پێوەندیمان لە گەل ئەوان بێ. تەنانەت چووینە لای مەرحوومی بارزانی بۆ ئەوەی داوای لی َبکەین کە مەحدوودیەتێکمان لە سەربووە ئەو مەحدوودیەتەمان لەسەر هەڵ بگیردرێ. کەچی مەرحووم بارزانی رێنوێنی کردین کە لە گەل دەولەتی عێراق پێوەندیی بەرقەرار بکەین. باوەر بکە ئێمە وا حالی بووین کە بارزانی گومانی لێمان هەبێ کە گوایا ئێمە پێوەندیمان بە دەولەتی عێراقەوە هەبێ گوتمان ئێمە چی و دەولەتی عێراق چی؟ ئێمە بۆ دەبێ لە گەل دەولەتی عێراق پێوەندیی بەرقەرار بکەین؟ ئێمە هاتووینەتە لای جەنابتان کە پێوەندییەکی دیکەمان هەبێ. بارزانی فەرمووی ئێستا دەولەتی عێراق دەولەتی جاران نیە و ئێستا ئەوە حوکمی زاتی هەیە و وەزیری کورد هەیە. لەواقێع دا تێی گەیاندین ئەوان نایانەوێ راستەوخۆ پێوەندیی لەگەل ئێمە پتەو بکەن. هەر لەو سەرووبەندەش دوکتۆر قاسملوو گەرایەوە و ئەو پێوندییەش بەرقەرار بوو. من لە کتێبەکەم روونم کردوتەوە و هەرکەس پێی خۆش بێ دەتوانێ بیخوێنێتەوە کە ئەم پێوەندییە چون بووە.

**پرسیار : باشە مامۆستا دوکتۆرقاسملوو چ رۆلێکی هەبوو لە هێور کردنەوەی شەری نێوان کۆمەلە و حیزبی دیموکرات؟**

**وەڵام :** ئەمن جارێکی دیکە باسم کردوە بەڵام بلاو نەکراوەتەوە. لە دێ یەکی ناوچەی سەردەشت کە وەک پایەگای کۆمەلە دەناسرا و خەڵکێکی زۆری کۆمەلەی لێ بوو، پێشمەرگەی ئێمە دەوریان دابوون کە یا تەسلیم دەبن یا دەکوژرێن، دوو شەوو رۆژ ئەوگوندەیان گەمارۆ کردبوو. دوکتۆر قاسملوو دەتوانم بلێم کە ئیدی تەقیبیەوە. گوتی یانی سازمانێکی کوردستانی لەم کوردستانە حەقی نیە گوندێکی هەبێ. دەبێ ئێستا دەوری ئەودێ یە بەرەلا بکەن. چما قەتل و عامیان دەکەن؟ باوەر بکە ئەگەر هێزی پێشمەرگە یا دەفتەری سیاسی موقاوەمەتیان بکردایە لە بەرانبەرئەو داوایەی دوکتۆرقاسملوودا ئەوە دەستی لەکار دەکێشایەوە. بۆیە هەمیشە لایەنگری ئەوە بوو کە ئەو مەسەلانە لە رێگای دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن. ئەو هیچ کات لایەنگری هەلایسانی شەری نێوان کۆمەلە و حیزبی دێموکرات نەبوو.

**پرسیار : مامۆستا ١٧ سال بە سەر تیرۆر کرانی دوکتۆرقاسملوودا رادەبرێ، ئەو ئەندیشانەی ئەو تا چ رادەیەک نەهادینە کراون یا لە بزووتنەوەی کوردستان کاری لەسەر دەکرێ؟**

**وەڵام :** دەزانی چونە شتەکە نابێ بە "مطلق" چاولێ بکەین. بەشێک لە ئەفکاری دوکتۆر قاسملوو ئەگەر بۆ خوی مابا دەیگۆری. چونکە هەر دەورانێک فیکرێک و سیاسەتێکی دەوێ. بەڵام هیندێ شتی نەگۆر هەیە نابێ بگۆردرێن. مەسەلەن بە ئەرزش زانینی سەربەخۆیی سیاسی، دیفاع لە ئازادی، پابەندبوون بە ئاشتی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی و مافی مرۆڤ و ئەوانە کۆمەلە چەمکێک بوون کە لە لای دوکتۆرقاسملوو نەدەسڕانەوە. بەڵام ئەگەر حیزبی دێموکرات بەپێی زەمان شتێک لە ئەفکاری دوکتۆر قاسملوو بگۆرێ ئەوە کوفر نیە. لەبیرمە لە کونگرەی ١٢ دا مەسەلەی ئەوەی کە ئێمە شیعارەکەمان بگۆرین بە فیدرالیزم هێندێک رەفیقەوە باس دەکرا، بەڵام موخالیفانی ئەوکەسانە دنیایان پر کردبوو لە تەبلیغات کە ئەها ئەوانە دەیانەوێ رێبازی دوکتۆرقاسملوو کوێر بکەنەوە، کەچی بۆ خۆیان لە کونگرەی ١٣ قانیع بوون کە نەخێر دەبێ بگۆردرێ. دیارە ئێمە رەنگە هەمووومان نەمان توانیبێ رووحی فەلسەفەی دوکتۆرقاسملوو دەرک بکەین بەڵام ئارەزووم ئەوەیە حیزبی دێموکرات فەلسەفەی فیکری دوکتۆرقاسملوو قەت وەلا نەنێ چونکە بە راستی رێبازێکی راست و ئێنسانیی بۆ حیزبی دێموکرات دارشت.

**پرسیار : مامۆستا تو زیاتر لە ٢٠ سال لە گەل د. قاسملوو ژیاوی دەتوانی بلێی چی لای تو بە جێ هێشتوە و چ کارێگەرییەکی لە سەرخوت هەبووە؟**

**وەڵام :** دوکتۆر قاسملوو تەعلیماتی بۆ هەمومان هەبوو. رەنگە هێندێکیان خۆیان بە بێ نیاز زانیبێ کە لێی فێربن، بەڵام لە سەر من ئەوەندە تەئسیری هەبوە کە دەتوانم بلێم لە باری سیاسیەوە ئەمنی دروست کردوە. وانیە کە هەولێکی زیاتری لە گەل ئەمن دابێ. بەڵام من باوەرم بە پێشکەوتووی ئەندیشەی دوکتۆرقاسملوو لە چاو رەفیقەکانی دیکەمان هەبوو. باوەرم بە سلامەتی فیکر و عەقلیەتی قاسملوو هەبوو. بۆیە ئەوەی کە لە دنیای سیاسەت دا فێر بووم زۆربەی لە دوکتۆرقاسملوو فێر بووم. هەر بۆیەش دەتوانم بلێم مامۆستام بووە و دروستی کردووم.

**پرسیار : باشە مامۆستا تو بیست ساڵ لەگەل د. قاسملوودا ژیاویت بە تایبەت لە بواری نوسین و وەرگێران و دارشتنی بەڵگە و نووسینە حیزبییەکان، ئێوە پرستان بە یەک دەکردو ئاگاداری زۆر شتی نوسراو لە حیزبی دێموکراتی، بۆ تا ئێستا نەهاتووی ئەم بەرهەمانە کۆ بکەیتەوە و جیاکارییەکیش پێک بێنیت کە کامانە نوسینی دوکتۆر قاسملویە و کامە نووسینی تو یا ئەندامێکی دیکەی حیزبییە؟ ئێستا جۆرێک تێکەلی دەبینرێ. بۆ نموونە زۆر وتار و نوسین هەیە دیار نیە لە نوسینی کێ یە؟**

**وەڵام :** ئەوە هەم کاری دەوێ و هەم حەوسەلەی دەوێ کە ئەمن ئەوکاتەم نەبووە. دیارە من دوای خوێندنەوەی نووسینێک دەزانم هی منە یا هی من نیە. ئەوە کە کێ نوسیویەتی ئاسان نیە، هەر چەند من بۆ خوم نوسینەکانی د. قاسملو زوو دەناسمەوە. هەرچەند دوکتۆر قاسملووش وەک زۆر رێبەری دیکە جاروبار خەڵک وەک ئەحادیسی نەبەوی چی پێ خوش بێ حەدیسێکی بۆ ساز دەکەن و دەڵێن پێغەمبەر وای گوتوە یا یەکێک شتێک کە بۆ خۆی پێی خوشە بیلێ سازی دەکا و دەڵێ دوکتۆر قاسملوو وای وتوە. من ئەگەر بێم لەوانە دەست نیشان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەم شتی وا دەبینم کە بە زمانی دوکتۆر قاسملویەوە دەگوترێ کە لە فیکری دوکتۆر قاسملوو دوورە بەلام بۆ خوی وای پێ باشە. دیارەئەو کارە هەر بۆ دوکتۆرقاسملوو نەکراوە، بۆ خەڵکی دیکەش کراوە.

پرسیار : مامۆستا دوکتۆر قاسملوو وەسییەت نامەی هەبووە؟


وەڵام : وەسییەت نامە وەک ئەوشێوەی کە باوە نا. بەڵام یەک وەسییەتی هەبوە ئەویش ئەموالی حیزبی کە هەبوو لە ئۆرووپا بەناوی ئەو بوو، حیسابێکی بانکی و خانوویەکمان کە هەبوو بەناوی ئەو بوو. بۆ ئەوە وەسییەتنامەیەکی نوسیبوو کە دەلێ ئەوەی من هەمە لە ئەموالی منقول و غەیرە مەنقوول هەموی هی حیزبی دێموکراتە. دەشلێ ئەگەر من شتێکم بەسەر ئەرکی خێزانمە کە هەموو کۆ بکاتەوەو تەحویلی حیزبی دێموکراتی بدا. ئەوە تەنانەت کتێبەکانی خۆیشی گرتەوە. بنەماڵەی دوکتۆر قاسملوو نەبوونە خاوەنی هیچ شتێکی دوکتۆر قاسملو تەنانەت کتێبەکانیشی. تەنانەت لیباسەکانی خۆشی درا بە حیزب.

خالید محەممەدزادە ٢٠٠٦

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە:" من نەبوومایە خەتە فیکرییەکانی دوکتۆر قاسملوو لە مێژ بوو سڕابوونەوە"

سازدانی دیمانە: خالید محەممەد زادە

عەبدوڵلا حەسەنزادە سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات و کەسایەتی دیاری ئەم پارتە لەم چاوپێکەوتنەدا هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەد دەکاتەوە کە لە پێوەندیی لە گەل دوکتۆر قاسملوو لەم ڕۆژانەدا دەخرێتە پاڵی. ئەو گوتی:" نەگوتراو و نەبیستراوم زۆر پێیە، ئاواتمە ئەو ڕۆژە نەیە کە ناچار بم هەمووی بخەمەڕوو". ئەو کە دەلێ:" ئەمن سێ جار بوومە جێگری دوکتور قاسملوو" نەیارانی خۆی بە "شەمشەمە کوێرە" ناو دەبا لە هەمان کات دا داوایان لێ دەکا:" ڕۆژێک دەمامک لە سەر رووی خۆیان لادەن و لە پشت میکرۆفۆن یان لەسەر ئانتێن بە ناوی خۆیان قسە بکەن و جواب وەربگرنەوە".



پرسیار : ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە بلاوە کە تو لە سەردەمی سکرتێربوونی خۆت لە حیزبی دێموکرات دا عەکسی دوکتۆر قاسملووت قەدەغە کردبوو. ئەمە تاچەندە ڕاستە؟ دیارە ئەمەش وەک پرسیارێک لەم ڕۆژانەدا لە نامەیەکی سەرئاوالەش لە یەکێک لە سایتەکان دا ڕووبەرووت بۆتەوە. تو دەلێی چی؟

وەڵام : ئەوەندەی وەپاڵدرانی تۆمەتی نارەوای کوێرکردنەوەی ڕێبازی دوکتور قاسملوو بۆ من ناخۆشە، زۆر لەوە زیاتر بۆ من تاڵە کە لەو بارەیەوە دیفاع لە خۆم بکەم. کورد گوتەنی "مەبارەک نەبێ" پاش بیست ساڵ هاوسەنگەری و هاوخەباتی و هاوکاریی نزیک لە گەڵ دوکتور قاسملوو ئێستا بە قسەی کەسانێک کە تەنیا وەک ئامراز کەڵک لە ناوی بەرزی دوکتوری شەهید وەردەگرن، ئەمن دەبێ بێم پاکانە بکەم کە وانەبووەو وانیە؟ بەڕاستی دژوارە.

دوو حەوتوو دوای کۆنگرەی سێزدە ئەمن لە وتارێک دا بۆ سەدان کادرو پێشمەرگەی حیزب باسێکم لەو بابەتە کرد کە بیستوومە ئەم دوایییانە (بەداخەوە) کەوتۆتە سەر سایتەکانیش.

ئێستا لەبیرم نیە لەوێ دا چیم گوتوە. بەڵام دووپات کردنەوە بێ یان شتی تازە، لەو بارەیەوە هێندێک دەدوێم.

ئەوەندەی پێوەندیی بە عەکسی دوکتور قاسملوو یان دوکتور سەعیدەوە هەیە داستانەکە بەم جۆرە بووە کە زیاتر لە سێ ساڵ پێش ئێستا ئەمن پێشنیارم کرد کە لە جیاتی ئەوەی عەکسی هەر سێ ڕێبەر لە ژووری کاری هاوڕێیان هەڵواسین، وەک هەموو حیزبەکانی دیکە یەک عەکس دابنێین جا هەر کامێکیان بێ قەیدی نیە، بەڵام بۆخۆم عەکسی پێشەوا وەک دامەزرێنەری حیزب و کۆمارو یەکەمین ڕێبەری حیزب و یەکەمین سەرکۆماری شەهید پێشنیار دەکەم. بەڵام هاوڕێیان گوتیان باشتر وایە هەر سێکیان هەڵاوەسین و لەو ڕۆژەوە تا ئێستا کە پێم وایە سێ ساڵ و نیو دەبێ عەکسی ئەو سێ ڕێبەرە لە ژووری کاری تەواوی بەرپرسانی حیزب بە دیوارەوە دەبینرێ.

بەڵام بە داخەوە هێندێک کەس وەک فارس دەڵێ تا ئێستاش "استفادە ابزاری" لەو مەسەلەیە دەکەن و ئەو بوختانە نارەوایە دەڵێن و دەڵێنەوە. ئەگینا ئەوە ژووری کارەکەی من و ژووری کاری هەمووانیش دەبینی کە عەکسی هەر سێ ڕێبەریان لێ هەڵاوەسراوەو ئەگەر بێیە ماڵەکەشم دەبینی کە سێ عەکسی دوکتور لە ژووری دانیشتنم دا هەن جگە لە دەیان عەکس کە لە ئاڵبۆمی عەکسەکانم دا ڕاگیراون.

پرسیار : باشە، مەبەست لە "کوێرکردنەوەی ڕێبازی قاسملوو" کە باست کردو گوایە خراوەتە پالت چیە؟

وەڵام : ئەو کەسەی بڕیاری داوە درۆ بکاو بوختان هەڵ بەستێ کاری بەوە نەداوە ڕاستیەکە چیە؟ هەروەک وەختی خۆی بۆ دوکتوری شەهیدیان هەڵبەست کە نۆ میلیۆن دۆلار پووڵی لە ناتۆ وەرگرتوە، ئێستاش ئەو تۆمەتە بێ شەرمانەیە دەدەنە پاڵ من، بێ ئەوەی لە هیچ کامیان دا خۆیان ناچار بزانن کە بەڵگەیەک بۆ ئیددیعاکەیان بێننەوە. ئەگینا ئەمن دەپرسم ئەو کاتەی دوکتوری شەهید لە نێومان دا مابوو، ئەوانە لە کوێ بوون؟ ئەمن سێ جار بوومە جێگری دوکتور قاسملوو. جارێکیان بۆ خۆم لە سەفەر بووم، دوکتور بە سەفەر چووبوو. لە سەر پێشنیاری وی ئەمن کرابوومە جێگر. ئەو کاتە جێگری سکرتێر لە پێڕەوی نێوخۆ دا دانەنرابوو. دووجارەکەی دیکە ئەمن و شەهید دوکتور شەرەفکەندی کاندیدا بووین، هەردوو جار ئەمن هەڵبژێراوم و هەردوو جاریش دوکتور قاسملوو دەنگی بە من داوە. لەو بارەیەوە پێم خۆشە هێندێ بەڵگەی دیکەش بێنمەوە:

نیزیکیی فیکریی من لە دوکتۆری شەهید بە ڕادەیەک بوو کە لە بەرەبەری کۆنگرەی چوار دا ئەوکاتە کە دەبوو ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە بنووسێ و زۆریش پڕکار بوو، لەگەڵ ئەوەی ئەمن ئەندامی کومیتەی ناوەندی نەبووم داوای لە من کرد چەند بەشێکی ڕاپۆرتەکەی بۆ بنووسم و ئەمن تەنیا کەس بووم کە لەو بارەیەوە یارمەتیی دا. لە ڕۆژانی پێش کۆنگرەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێنجەمیش دا کە ئەوکاتە ئەمن ئەندامی دەفتەری سیاسی بووم، نووسینی تەواوی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی بە من سپارد و کاتێک بۆم بردەوە بێ ئەوەی یەک دێڕی دەسکاری بکا دای بە کومیتەی ناوەندی و پاش پەسندی کومیتەی ناوەندی هەر بە خەتی من پێشکێشی کۆنگرەی پێنجەمی کرد.

ساڵی ١٣٦۴ بۆ ماوەی شەش مانگ وەک نوێنەری حیزب لە پاریس بووم. کاک رەسوڵ قادری دایک برای شەهید دوکتور شەرەفکەندی یەکجار زۆری رێز لێ دەگرتم و زەحمەتی پێوە دەکێشام. ئەمنیش زۆرم سوپاس دەکرد. جارێکیان کە لە گەڵم دەهات بۆ لای دوکتوری چاو دیسان داوای لێبووردنم کرد و گوتم نازانم چۆن سوپاسی ئەو زەحمەتانەت بکەم. کاک رەسوڵ گوتی: ئەرێ ئەو سوپاس سوپاسەت لە چیە؟ خۆ ئەمن بۆتۆی ناکەم، بۆ حیزبی دەکەم. گوتم جا ئەوە کاری بەسەر حیزبەوە چیە؟ گوتی کاک سەعید گوتوویەتی ئەگەر خوانە خواستە ئەمرۆ دوکتور قاسملوو شەهید بێ و هەرچی ئەدەبیاتی حیزبیش هەیە بفەوتێ، مەسەلە نیە، چونکە فڵان کەس (عەبدوڵلاحەسەن زادە) هەمووی دێنێتەوە سەر کاغەز. کەوایە ئەمن لە بەر خاتری حیزب یارمەتیی تۆ دەدەم.

پاش کۆنگرەی هەشت لە خزمەت دوکتور قاسملوو دا لە مەجلیسێک دانیشتبووین کە زۆر کەس دۆستی حیزبی لێ بوو. روویان کردە دوکتورو پرسیان چۆنە فڵانکەس (واتە ئەمن) نەبۆتەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی! فەرمووی جا لە خۆی بپرسن. قسە هات و قسە چوو. لێکرا گوتیان پێویستە بچیەوە نێو رێبەری. ئەمنیش گوتم جا خۆ بە گۆترە نابێ. ئەگەر وابێ ئەمنیش وەک هاوڕێیانی "ڕێبەرایەتیی شۆرشگێر" داوای کۆنگرەی نائاسایی دەکەم. دوکتور قاسملوو هاتە جواب و فەرمووی ئەتۆ قەول بدە ببیەوە ئەندامی رێبەری، بە شەرتی پیاوان هەتا مانگێکی دیکە کۆنگرەی نائاسایی پێک دێنین.

تەنانەت کاتێک شەهیدیش بوو، دوکتور سەعیدی شەهید داوای لە من کرد کە وەک نیزیکترین یاری دوکتۆر قاسملوو بچمە پاریس و لە رێورەسمی بەخاک سپاردنی دا بەشدار بم. ئەگەرچی ئەوکاتە ئەمن ئەندامی کومیتەی ناوەندی نەبووم و کاک حەسەنی شەرەفی وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەندامی دیکەی هەیئەتی دەفتەری سیاسی بوو. بەڵام نووسین و خوێندنەوەی وتار لەسەر گڵکۆی شەهیدان و وتوویژی چاپەمەنی و هەر شتێکی لەو پێوەندی یە دا دەهاتە گۆڕێ بە پلەی یەکەم رووی دەمن بوو.

وتارێک کە لەسەر گڵکۆی دوکتور قاسملوو خوێندمەوە ئەوەندە لە دڵەوە هەڵقوڵی بوو و لە دڵان دا جێی خۆی کردەوە کە جگە لە زمانی کوردی بە چەند زمانی دیکە تەرجەمە کراو بڵاو کرایەوە. لەبیرمە خانمێکی فەرانسەیی بە کۆمەگی هاوڕێیەکی حیزبی وتارەکەی کردە فەرانسەیی و دوایەش کردی بە ئینگلیسی. لێم پرسی ئێمە سەلیقەی ئورووپایی یەکان ناناسین. بە باوەڕی تۆ ئەم وتارە بۆ ئورووپایی یەکان چۆن بوو؟ خانمەکە بە یەک رستە وەڵامی دایەوە: "وتارێکی مێژوویی بوو لە بۆنەیەکی مێژوویی دا".

**پرسیار :** ئەی ئەم قسانە چیە پشت سەری تۆ دەکرێن؟

**وەڵام :** بە کورتی تا دوکتۆر لە ژیان دا مابوو ئەمن نیزیکترین یارو یاوەرو هاوبیرو هاوسەنگەری دوکتور قاسملوو بووم. نازانم لەو سێ چوار ساڵەی دوایی داو١۴. ١۵ ساڵ پاش شەهید بوونی چ ناکۆکی یەک لە نێوانمان دا سەری هەڵداوە!! ئاواتی من ئەوەیە ئەو شەمشەمەکوێرە شەوپەرستانە کە هەر لە پشت پەردەو لە ژووری داخراو دا قسە دەکەن، رۆژێک دەمامک لەسەر رووی خۆیان لادەن و لە پشت میکرۆفۆن یان لەسەر ئانتێن بە ناوی خۆیان قسە بکەن و جواب وەربگرنەوە "تا سیە روی شود هرکە در او غش باشد" نەگوتراو و نەبیستراوم لەو پێوەندی یە دا زۆر پێیە، ئاواتمە ئەو رۆژە نەیە کە ناچار بم هەمووی بخەمەڕوو.

**پرسیار :** یانی ئێوە بە هەموو بیرو ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو وەفادارن؟

**وەڵام :** ئەمن وەفا بۆ دوکتور قاسملوو بەوە نازانم کە لە حیزب و سیاسەتەکانی دا هیچ ئاڵوگۆڕێک پێک نەهێنین. چونکە ئەگەر بۆخۆشی مابا، ئاڵوگۆڕی پێک دێنا. بەڵام بە راشکاوی دەڵێم لە هەموو ئەندامانی ئێستای حیزب کەس بە قەد من لە دوکتور نزیک نەبووە، کەس هێندەی منی لەگەڵ نەژیاوە، کەس بەقەد منی لێ فێر نەبووە، کەس هێندەی منی لە سەر نەنووسیوەو هێندەی منی لەسەر نەگوتوە و کەسیش هێندەی منی پێ وەفادار نەبووەو نیە. دوکتور قاسملوو لە گەڵ خوێن و گۆشتی من تێکەڵ بووە. هەمیشە یادی لە ویژدانم و ناوی لەسەر زمانم حازرە. تەنانەت چەند جار کەسانێک کە خۆیان لە دوکتور بە نزیک دەزانن، سوپاسیان کردووم کە چۆن ئەوەندە لەسەر یادی دوکتور حوزووری زەینم هەیەو ئەوەندە یادی دەکەم و ئاموژگاری یەکانی وەبیر دێنمەوە.

**پرسیار :** کەواتە تۆ ئەمانەی لە سەرت دەگوترێ رەد دەکەیتەوە؟

**وەڵام :** بە تەواوی. نامەوێ روونتر بدوێم. بەڵام زۆر لە خەتە فیکری یەکانی دوکتور قاسملوو هەن کە ئێستاش دروست و بەجێن و ئەگەر پێ داگرتنی من نەبووایە لە لایەن هێندێک کەسەوە کە خۆیان بە پارێزەری رێبازی قاسملوو دەناسێنن (ناڵێم دەزانن) لەمێژ بوو سڕابوونەوە. هەر ئەوەندە دەڵێم کە حەیف بۆ ناو و یادی گەورە پیاوێکی وەک دوکتور قاسملوو کە لە لایەن هێندێ کەسی قاسملوو نەناس و قاسملوو نەدیوەوە بکرێنە پەیژە بۆ سەرکەوتن بەسەر رێبوارانی راست و بێ رووکێشی رێبازی دوکتوری شەهید و ئامۆژگاری یە هەمیشە زیندووەکانی دا. ئەمن دەڵێم هەموو موخالیفانی قاسملوو و هەر کەسێکیش کە هەوڵ بدا کەڵکی خراپ لە ناوی قاسملوو وەربگرێ مەحکووم دەکەم.

## دەقی قسەکانی عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەسەر گڵکۆی دوکتۆر قاسملوو لە پاریس

خوشک و برا بەڕێزەکان!

نوێنەرانی حیزب و رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان!

شەخسییەتە ئازادیخوازو بەشەردۆستەکان!

لێرە کۆبووینەوە بۆ ئەوەی تەرمی پیرۆزی دوو شەهیدی رێگای رزگاری، دوکتور عبدالرحمن قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کاک عبداللە قادری ئازەر نوێنەری حیزب لە ئورووپا بە خاک بسپێرین.

بەشداریی ئێوە لەو رێورەسمەدا رێز دانانە بۆ ئەو خەباتە شێلگیرە کە دوکتور قاسملوو ماوەی زیاتر لە چل ساڵ تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کردبوو. ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوە رێک خراوە تا شۆرشگێڕێکی مەزن و ناوداری کورد بەو جۆرە کە شیاوی خۆیەتی لە نێو خۆمان بەرێ بکەین.

دوکتور قاسملوو شەهیدی رێگای رزگاریی کوردستان و سەرانسەری ئێران رێبەرێکی لێوەشاوە و تێکۆشەرێکی ماندوویی نەناس بوو کە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد و گەلانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەمتر وێنەی وی بە خۆیەوە دیوە. قاسملوو سیاسەتمەدارێکی بیر وردو کارامە، خەباتگێرێکی بەورەو شەخسییەتێکی گەورەی زانستی و شۆڕشگێڕێکی بە تەواوی مانای وشە بوو.

قاسملوو لە ڕێگای دابین کردنی ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دا تێ دەکۆشا. هەوڵی دەدا چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان بۆ هەتا هەتایە لە نێو بچێ و چارەنووسی گەلان بکەوێتە دەستی نوێنەرانی راستەقینەی خۆیان. ئەو ئیمانێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو. بۆ جێگیر بوونی دێموکراسی لە ریزەکانی حیزب و لە نێو کۆمەڵ دا بە هەموو توانایەوە تێ دەکۆشاو ئەگەر جار و باریش لە ئاکامی برە وپێدانی دێموکراسی دا زیانێک بە حیزب گەیشتبا، دەی گوت ئەوە باجی دێموکراسی یە و کەسێک دێموکراسیی بوێ، دەبێ باجەکەشی بدا.

دوکتور قاسملوو نیشتمانپەروەرێکی کورد بوو. باوەڕی تەواوی بە چارەنووسی هاوبەشی گەلی کورد هەبوو و سەرکەوتن و تێشکانی گەلی کوردی لە هەر بەشێکی کوردستان دا بە سەرکەوتن یان تێشکانی هەموو بەشەکانی کوردستان دادەناو لەو ڕێگایەش دا زۆر جار بە دروستی دەزانی قازانجی کاتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان فیدای قازانجی ستراتیژیکیی گەلی کورد بکا. ئەو کات کە تەنیا داوا کردنی مافی نەتەوایەتی بۆ کورد بە گوناح دەژمێردراو دوژمنانی گەلی کورد ناوی جیاوازیخوازی‌یان لە سەر دادەنا، قاسملوو لە کتێبی بەناو بانگی خۆی "کوردستان و کورد"دا هاواری دەکرد کورد نەتەوەیەکی جیا لە هەموو نەتەوەکانی دیکەیەو ئەگەر ڕۆژێک وەک هەموو گەلانی ئازاد و بەختەوەری جیهان چارەنووسی خۆی بە تەواوی بە دەستەوە بگرێ، ئەمە یەکگرتنەوەیە نەک جیابوونەوە.

دوکتور قاسملوو هەر لەو کاتەدا نیشتمانپەروەرێکی گەورەی ئێرانی بوو، ئیجازەی بە کەس نەدەدا خۆی لەو بە ئێران تر بزانێ. ئیمانی بە یەکیەتیی چارەنووسی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران هەبوو و بە دروستی، دەی زانی کە گەلی کورد لە ئێران دا بێ هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بە ئامانجە ڕەواکانی ناگا. هەر بۆیە بە دڵەوە بۆ هاوکاری و هەنگاو ڕێکخستن لەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەرەکانی سەرانسەری ئێران تێ دەکۆشاو پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی هێزە نیشتمانی یەکانی ئێرانی بە مەرجی سەرەکیی سەرکەوتن دەزانی.

دوکتور قاسملوو بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کوردی بە بەشێک لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلان لە سەرانسەری جیهان دا دەزانی و هەر بۆیەش هەوڵی پتەوکردنی پێوەندی لە گەڵ هەموو بزووتنەوە رزگاریخوازی‌یەکانی دەدا و بۆ راکێشانی پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهانی لە خەباتی خەڵکی کوردستان تێ دەکۆشا.

ئەم سروشتە تایبەتی‌یانە و زۆر سیفەتی بەرزی دیکەی ئینسانی وئەخلاقی و شۆڕشگێرانە دوکتور قاسملوویان کردبووە شەخسییەتێکی گەورەی جیهانی کە تەنیا ملکی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران نەبێ. ئەم ڕێوشوێنە پڕشکۆیەش کە ئەمڕۆ بە هاوکاری و بەشداریی ئێوە دۆستانی بەڕێز بۆ بە خاک سپاردنی دوکتور قاسملوو پێک هاتوە ڕەنگدانەوەیەکی سروشتی یە بۆ ئەو شەخسییەتە جیهانی یەی دوکتور قاسملوو. سوپاس بۆ ئێوەو سڵاو بۆ دوکتور قاسملوو.

* * *

ئەتۆش ئەی تێکۆشەری هەرگیز نەمر، ئەی مامۆستای زاناو ڕێبەری بە توانا! بە خاترجەمی سەر بنێوەو بە ئاسوودەیی بنوو. چونکە بە هەوڵ و تێکۆشانی دەیان ساڵەت وڵاتێکت هەژاندوە و گەلێکت راپەڕاندوە. قوتابی و هاوسەنگەرەکانت لەسەر پەیمانی خۆیان ماون و ڕێگاکەت بەر نادەن. هاوڕێی شەهیدم! بۆ لەدەستدانی تۆ هەزاران پێشمەرگەو دەیان هەزار ئەندامی حیزبەکەت، سەدان هەزار دۆست و لایەنگری ڕێبازەکەت و بە ملیۆن کەس لە ڕۆڵەکانی گەلەکەت غەمیان بە سەردا باری و فرمێسکیان هەڵوەراند. بەڵام نەک لە بەرداماوی و ناهومێدی. چونکە گەلێک ڕۆلەی وەک تۆی پێگەیاند بێ ناهومێدی ناناسێ، ئەوان بۆت گریان تا بە ئاوی چاوی خۆیان و بە خاکی ڕێگای تۆ قوڕێک بۆ سەری هەمووی ئەوانە بگرنەوە کە پێیان وایە بە مردنی قاسملوو میللەتی قاسملوو و ڕێبازی قاسملووش دەمرێ.

دەزانم هەم بۆ تۆو هەم بۆ ئێمە خۆشتر بوو لە دڵی گەورەی خاکی کوردستان داو لە پەنای پێشمەرگەو هاوڕێیانی شەهیدی حیزبیت بە خاک بسپێردرێی. بەڵام ئێستا کە کوردستان لەژێر چەکمەی بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی دایە، بە شیاوی مەقامی بەرزی تۆمان زانی لە گۆڕستانی شەهیدان و شەخسییەتە ئەدەبی و زانستی و هونەری‌یەکانی فەرانسە بەخاکت بسپێرین. بتکەینە دراوسێی شەهیدانی هەمیشە زیندووی کۆمۆنی پاریس و هونەرمەندی شوڕشگێڕی مەزنی کورد یۆلماز گۆنەی و شەخسییەتە ئەدەبی یە گەورەکانی ئێران وەک صادق هدایت و غلام حسین ساعدی، تا ئەو ڕۆژەی ئاواتەکانت وەدی دێن و دەبینە خاوەنی ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات و کوردستانێکی خودموختار. ئەودەم دڵنیا بە ڕۆڵەکانت دەت بەنەوە نیشتمانە خۆشەویستەکەت و گڵکۆی پیرۆزت دەکەنە زیارەتگەی دڵسۆزانی کورد و نیشتمانپەروەرانی ئێران.

ڕێبەری پایەبەرزی شۆڕشگێڕانی کوردستان! بێگومان هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانت پێیان خۆش بوو ئەمڕۆ لە پەنات بان. بەڵام بەباشیان زانی لە ڕۆژی بە خاک سپاردنی تۆ دا هەموویان لەو جێگەیە بن کە بۆخۆت پێت خۆشە هەموو خەباتگێڕانی حیزبەکەتی لێ بن، سەنگەری خەبات بۆ ئازادی و دیموکراسی و خودموختاری. هەر بۆیە ئێمەیان نارد کە بە نوێنەرایەتیی هەموویان دوا ماڵئاواییت لەگەڵ بکەین و دڵنیاییت بدەینێ کە ئامانجت بەرقەرارە و ڕێگاکەت پڕ ڕێبوارە.

دۆستانی خۆشەویست!

بەشداریی ئێوە لە ڕێورەسمی ناشتنی شەهید دوکتور قاسملوو دا ڕێز دانانە بۆ خەبات و فیداکاریی ئەوانەی لە پێناوی گەل دا دەژین و لە ڕێی نیشتمان دا دەمرن. ڕێگام بدەن بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سوپاسی هەمووی ئێوەو میللەتی فەرانسە بکەم کە بۆ پێکهێنانی ئەم ڕێورەسمە هاوکاری‌یان کردین و یارمەتی‌یان داین. فەرانسە هەمیشە پەناگای ئازادیخوازان و ئەو کەسانە بووە کە لە پێناوی بیرو باوەڕی خۆیان دا لە زێدو نیشتمانی خۆیان دەربەدەر دەبن. هەر ئەوەش ڕێزو خۆشەویستیی ئەو وڵاتەی لە دڵی تێکۆشەرانی کورد دا جێگیر کردوە و ئێحترامی کۆمەڵگەی جیهانیی بۆ لای خۆی راکێشاوە. لەبەر ئەوەی دوکتۆر قاسملوو شەهیدی هەموو ئازادیخوازان و بەشەردۆستانی جیهانە، ڕێگام بدەن لەلایەن حیزبی دوکتور قاسملوو، حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە سەرخۆشی لە هەموو ئۆگرانی ئازادی لە سەرانسەری جیهان دا بکەم.

سڵاو لە گیانی پاکی هاوڕێیانی شەهید دوکتور قاسملوو و کاک عبدللە قادری و هەموو شەهیدانی ڕێگەی رزگاری. سوپاستان دەکەم و هەر بژین.

وەرگیراوە لە:" کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ١٥٢ ، گەلاوێژی ١٣٦٨ی هەتاوی، ئووتی ١٩٨٩ی زایینی.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تایبەتمەندی و کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی، لە روانگەی ڕێبەرانی حیزبەوە .

**پرسیار:** بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە! لە ساڵرۆژی شەهیدکرانی کاک دوکتور سەعید دا دەربارەی تایبەتمەندییەکانی ئەخلاقی و شێوەی مودیریەتی کاک سەعید بۆ خوێنەرانی رۆژنامەی "کوردستان" بە کورتیش بێ، بدوێن؟

**وەڵام :** زۆر بەخێر بێن، لەم فورسەتە ئیستفادە دەکەم بۆئەوەی سڵاوێک بۆ گیانی شەهیدی لەیاد نەچوو کاک دوکتور سەعیدو هەموو شەهیدانی کوردستان و بە تایبەتی شەهیدانی ڕێبەرمان بەڕێ بکەم. بۆ ئەوەی واریدی بەحسەکە بم، دەبێ بڵێم دوکتور سەعید یا وەکوو ناوی ئەسڵی خۆی بڵێین "دوکتور محەممەد سادیق شەرەفکەندی" ئینسانێکی بێئەندازە زیرەک بوو، بێئەندازە بەهۆش بوو، حافیزەیەکی ناڵێم بێ وێنە، بەڵام بەڕاستی کەم وێنەی هەبوو، شتی لەبیر نەدەچوو، لەعەینی حاڵ دا ئینسانێکی متوازیع، ئینسانێکی خۆش بەرخورد لەگەڵ رەفیقانی، ئینسانێکی خاکی و ئینسانێک بوو کە زۆر زوو دەیتوانی لەگەڵ خەڵک ئاشنا بێ و خەڵکی جەزب بکا. شتێکی دی کە لە دوکتور سەعید دا زۆر بەرجەستە بوو، ئەو سیفەتە بوو کە دوکتور سەعید پیاوێکی ئازا بوو، ئازایەتی زۆر جار خەڵک بە ئازایەتیی لە مەیدانی شەڕ دا لە بەرابەر خەتەردا دەبینێ، ئەمن ئازایەتی هەر لەوێ دا خولاسە ناکەمەوە، بەڵام لەو سیفەتەشدا ئینسانێکی بەڕاستی بەورە بوو، لەوەختی هجومی دوژمن دا، لەوەختی بۆمباران و تۆپ باران دا، لەو وەختانە دا کە مەرگ نیزیک دەبۆوە دوکتور سەعید بە هیچ جۆر نەدەخەجڵاو دەست و پێی خۆی ون نەدەکرد، حەتا جاروبار دەگەیشتە حەدی ئەوە کە بەبێ مبالاتی حیسابەو بە کەمتەرخەمی حیسابە. بەڵام لەوە زیاتر ئازایەتیی ئەخلاقیی هەبوو، توانای دەربڕینی بیروباوەڕی خۆی هەبوو.



لەکن ئەو کەسانە کە موخالیفی بیروباوەڕی ویش بوون. ئەمن ئەو کەسانە بە ترسەنۆک دەزانم کە نەزەری خۆیان دەردەبڕن بۆ ئەوەی تەرەف پێی خۆش بێ. ئینسان کە لە بارەی ئەخلاقەوە ئازا بێ و شەهامەتی هەبێ، دەبێ بیروباوەڕێک کە بۆخۆی پێی قانیعە، بیڵێ، جا با یەکێک موافیقی بێ، یەکێک موخالیفی بێ، لەم بارەیەشەوە ئینسانێکی بە تەواوی شوجاع و ئازا بوو.

دوکتور سەعید دەتوانم بڵێم، لە باری شێوەی کار کردنەوە لەگەڵ خەڵک شێوەکار کردنێکی باشی هەبوو، دەیتوانی لەگەڵ خەڵک بگونجێ، رەنگە جارێک تووڕە بووبێ، ئەو تووڕە بوونە تەرەف نارەحەت دەکا یان ئازار دەدا، رەنگە جارێک حەق بێ، جارێک ناحەق، چونکە خۆ شەرت نیە هەمیشە حەق لە تەرەفی ئەو کەسە بێ کە گەورەترە، بەڵام لەسەر یەک لەگەڵ هاوکارانی رابیتەیەکی دۆستانەو رەفیقانەی بەرقەرار دەکرد. خەسڵەتی باشی زۆر تێدا بوو. دیارە دوکتور سەعید بەداخەوە زۆر تازە بوو لە کاری ڕێبەریدا. یانی زۆرلە کاری حیزبی دا نەمابوو. وەکوو دەزانین مەرحومی دوکتور سەعید لە ساڵی ١٣٥٨دا بۆتە ئەندامی ڕێبەریی حیزب، ساڵی ١٣٧١یش شەهید بووە. هەموو عومرەکەی لە ڕێبەریی حیزبدا ١٣ ساڵە، بەڵام ڕێبەری بە مەعنای سکرتێری ماوەیەکی کەمتریش بوو. هەتا جارێک دوکتور مەحموود قسەیەکی خۆشی گێڕایەوە، گوتی ئێرانی یەکان لێیان پرسیوم ئەرێ ئەوە پیاوێکی چۆنەو چۆن نیە، گوتوومە بابە، خۆ هێشتا جێی خۆی خۆش نەکردوە، کوێڕا خەریکن بی کوژن؟ هەر لە ئێستاوە بەرنامەی کوشتنی هەیە؟ گوتی، گوتیان جا بۆ پێت وایە، دوکتور قاسملوو ئێمە کوشتوومانە، گوتوومە خۆ ئەمنیش نەزانم، ئێوە دەزانن کە بۆخۆتان کوشتووتانە.

**پرسیار :** بەڕێز مامۆستا، وەک هاوڕێ و هاوسەنگەرێکی دوکتور سەعید شێوەی مودیرییەت و ڕێبەریی کاک سەعید چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟

**وەڵام :** یەکێک لە نوقتە قووەتەکانی دوکتور سەعید لە ئەمری ڕێبەری دا، بەڕاستی مودیرییەت و بەرنامە بوو. دوکتور قاسملوو مەعلوومە لە هەموومان و یەک لەوان لە دوکتور سەعیدیش بە چەندین پلە گەورەترو شارەزاتر بوو. بەڵام لەباری بەرنامەی کارەوە دوکتور سەعید لە دوکتور قاسملوو بەبەرنامەتر بوو. هەموو ئەو شتانە کە دەبوو بیان کا بەرنامەی بۆیان هەبوو، دەینووسی، دەفتەری یادداشتی هەبوو، وەرەقەی یادداشتی هەبوو، موراجەعەی پێ دەکرد، لە وەختی پێویستدا دەگەڕایەوە سەریان، بێجگە لەوەی گوتم، حافیزەیەکی وای هەبوو، کە باوەڕم پێبکە زۆر ئیحتیاجی بەو دەفتەروشتە نەبوو. بەڵام لە عەینی حاڵ دا بۆخۆی ئەو خەسڵەتەی تێ دا بوو کە شتەکانی لە دەفتەر دا یادداشت دەکرد، دەگەڕایەوە سەریان، لێی دەپرسینەوە. کە ئەوە لە مودیریەت دا زۆر موهیمە، کارێک کە بەکەسێک دەسپێردرێ هەروا بەرەڵڵا نەکرێ، وێڵی نەکا بە ئومێدی خودا، جارێکی دیکە لێی بپرسێتەوە، ئاخۆ گەیشتۆتە کوێ، کارەکە لە قۆناغی جێبەجێکردن دا گەیوەتە کوێ؟ چی دیکەی دەبێ بۆ بکرێ؟ دوکتور سەعید هەم بۆ کاری خۆی ئەوەی هەبوو، هەم بۆ رەفیقانی، بۆ هاوکارەکانی. لە باری ڕێبەرییەوە ڕێبەرێکی قاتیع بوو. لە موقابیل کەمکاری و ئەوانەدا لە سەر هەست بوو، زۆر حەساس بوو. قبووڵی نەدەکرد، دووبارە ئەوەی دەڵێمەوە، رەنگە جاروبار بەرخوردی توندی لەگەڵ رەفیقان کردبێ بەڵام پێم وایە دەتوانم شاهیدی بۆ بدەم کە رەنگە وەک هەموو کەسێک یەکێکی خۆش ویستبێ و یەکێکی خۆش نەویستبێ، بەڵام ئەو بەرخوردانەی نە لەبەر ئەوە بوو کە کابرای خۆش دەوێ یا خۆشی ناوێ، لەبەر ئەوە بوو کە ئەو کارەی ئەو پێی وایە دەبێ بیکا، کابرا ئەنجامی داوە بە شێوەیەکی باش یان نا، بۆیە بەرخوردی پێ کردوە. بەهەرحاڵ دووبارە ئەوەی تکرار دەکەمەوە یەکێک لە نوقتە قووەتەکانی دوکتور سەعید لە کاری حیزبی و بە تایبەتی لە کاری ڕێبەری دا مودیرییەت و بەرنامە بوو.

**پرسیار :** بەڕێز مامۆستا! ئەوکات دروشمی ستراتیژیی حیزبەکەمان دیمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوو، دوکتور سەعید چۆن دەی ڕوانییە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەمان؟

**وەڵام :** جارێ لەپێش دا با بڵێم مافی دیاریکردنی چارەنووس، هەر چەند هێندێ جار گوتراوە کە مافی چارەنووس بۆ گەلان مەعنای واقیعیی هەر ئەوەیە کە وڵاتی سەربەخۆ، دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ، بەڵام مافی دیاریکردنی چارەنووس تەنیا ئیستقلال نیە، مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەوەیە کە میللەتێک ئازادیی پێ بدرێ بۆخۆی بەو شێوەیە کە بۆخۆی پێی باشە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چارەنووسی خۆی دیاری بکا. پێی خۆش بێ لەگەڵ یەکێکی دیکە بژی بە شێوەی خودموختاری، فیدرالیزم، کونفدرالیزم، هەر تەعیینی سەرنوێشتە، پێی خۆش بێ موستەقیل بێ و دەوڵەتی سەربەخۆ پێک بێنێ هەر بڕیاردانی چارەنووسە. هەر جۆرێکی بۆخۆی بیهەوێ سیستمێکی سوسیالیستی بێ، بیهەوێ سیستمێکی ئیسلامی بێ، بیهەوێ سەرمایەداری بێ، بی هەوێ هەرچی بێ، مادام ئازادانە بۆخۆی تەعیینی بکا، ئەوە مافی دیاریکردنی چارەنووسە. بەڵام ئەگەر بڵێین لە نێوان خودموختاری و وەرگرتنی حەقی یەکگرتنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی کورد تەشکیل دان دا نەزەری چۆن بوو، ئەو وەخت دەکرێ ئاوا جواب بدەینەوە کە داخوا نەزەری دوکتور سەعید چۆن بوو.

دوکتور سەعید ئینسانێکی حیزبی بوو، لە ماوەی حیزبایەتیی خۆشی دا چەند مانگی ئەوەڵ نەبێ، کە هەر ئەندامی سادەی حیزب بوو، دەنا ئەندامی کومیتەی ناوەندی و پاش چەند مانگان ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، پاشانیش بۆ ماوەیەک جێگری سکرتێر بووە، دوایی بۆتە سکرتێر، یانی چەند ساڵێک لە سەدری ڕەهبەری دا بووە. کەسێکی ئاوا دیارە تابیعی سیاسەت و شوعاری ئیستراتیژیکیی حیزبەکەی دەبێ و تەبلیغی بۆ دەکا. کەوابێ ئەو موبەللیغی خودموختاری بوو، وەک شێوەیەکی حەقی تەعیین سەرنوێشت، کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆخۆی دیاری کردبووو ئەو دیاریکردنەش بەبێ شک هەڵقوڵاوی لێکدانەوەیەکی قووڵی سیاسی و واقیعگەرایانە بووە.

ئەمما ئەوە کە داخوا بیری بۆ یەکگرتنەوەی کورد چۆن بووە؟ دەتوانم بڵێم بە هەموو عومقی ئیمانەوە باوەڕی بەوە هەبوو کە میللەتی کورد یەک میللەتە، خاکەکەی یەک خاکە، دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو خاکەو ئەو میللەتە یەک بگرنەوە، دەوڵەتی موستەقیلیان هەبێ، هەر بۆیە لە پێناوی هاوکاری لەگەڵ بەشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کورددا ئامادەی زۆر فیداکاری بوو، ئامادەی زۆر هاوکاری بوو، ئامادەی گوزەران و چاوپۆشی لە مەنافیعی کاتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو بە قازانجی بەشێکی دیکە لە بزووتنەوەی کورد. قەت لەبیرم ناچێ، عەکسێکی یادگاریشم هەیە لەگەڵی، لە ئێوارەیەک دا کە خەبەر بڵاوبۆوە کەرکووک ئازاد بووە، دەتوانم بڵێم ئەو پیاوە دەست و پێی خۆی لێ ون ببوو، لەخۆش حاڵییان، چونکە کوردستان هەمووی، شاری کەرکووک بە شارێکی هەرە گرنگی کوردستان دەزانێ، لەعەینی حاڵ دا خەتەر لەسەر ئەوەی کە کەرکووک لەگەڵ کوردستانی ئەوڕۆ یان کوردستانێکی یەکگرتوو نەخرێتەوە هەمیشە لە هەموو شارێکی دیکە پترە. لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ژێرزەمینی زۆرو بەنرخی تێدایە.

ئەو کابرایە ئەگەر عەکسەکەی ببینی وەکوو دەڵێن لەبنان گوێیان پێدەکەنێ، ئەوەندە خۆشحاڵە، هەمیشە چاوی لەوە بوو کە کورد بگاتە ڕۆژێکی ئاوا کە بتوانێ خاکەکەی وەسەر یەک خاتەوە و وڵاتێکی موستەقیللی خۆی هەبێ، ئەوەی بە حەقی موسەللەمی خۆی دەزانی، لەعەینی حاڵیش دا وەک گوتم ئەندامی حیزبێک بوو، ڕێبەری حیزبێک بوو کە شوعارەکەی خودموختاری بوو، تەبلیغی بۆ ئەوە دەکرد.

پرسیار : بەڕێز مامۆستا! قوناغەکانی جۆراوجۆری خەباتی گەلەکەمان لەسەر شانی لاوان بووە، دوکتور سەعید چۆن دەیڕوانیە لاوان بە گشتی؟

وەڵام : پێم وایە خەباتی میللەتی کورد یان هەر میللەتێکی دیکە وا بەش ناکرێ. زۆربەی لەسەر شانی ئەوەیە، ڕەنگە زۆربەی زۆری لەسەر شانی زەحمەتکێشان بێ، چونکە زەحمەتکێشان زۆربەی جامیعەی ئێمە پێک دێنن. دەنا تەقریبەن لەسەر شانی هەموانە، یەعنی لاوان ڕەنگە نەقشی ئیجرائییان پتر بێ لە موبارزەدا، بەڵام سیاسەت گوزاری مەعموولەن کاری گەورەترەکانە، ئی بە تەجروبەترەکانە. با موبالیغە نەکەین لە نەخشی هیچ توێژێکی کۆمەڵایەتی دا، دیارە لاوان هەم ئێنرژییان زۆرە، هەمیش بە تایبەتی لە قۆناخی ئەخیری ژیانی میللەتی کورد دا، لاوان بەشی زیاتریان بەردەکەوێ، بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستامان دا. ئەوەی پێی دەڵێن "جمعیت جوان" جەمعییەتی جەوان پترە لە جەمعییەتی پیران. دوکتور سەعید وەکوو هەموو کەس، وەکوو ڕێبەرێک باوەڕی بەوە هەبوو کە دەبێ تەوجۆ بە لاوان بکرێ، لاوان ئامادە بکرێ، پەروەردە بکرێن بۆ بەعۆدە گرتن و وەئەستۆگرتنی ئەو مەسئوولییەتانە کە دەبێ لە دوارۆژدا ئەوان بیگرنە دەست. لاوان وەسیلەی جێبەجێکردنن لە کاتی لاوی دا، وەسیلەی بەرنامەریزی و ڕێبەری کردنن لە کاتی بەساڵ دا چوونـدا. بەڵام ئەوەی کە ڕەنگە دوکتور سەعیدی لە یەکی دیکە جودا کردبێتەوە، ئەوەیە دەگەڵ ئەوەی فاسیلەی زەمانیی عومری لە لاوەکان زۆر بوو . بەهەر حاڵ دوکتور سەعید کە شەهید بوو ٥٦ ساڵی تەمەن بوو . بەڵام لە لاوەکان نیزیک بوو، زۆر تێکەڵاو بوو لەگەڵ لاوان دەتوانم بڵێم جاروبار موبالیغەشی دەکرد، ئەساسەن لە باری تەوازوعەوە دوکتور سەعید زۆرجار زیادەڕۆیی دەکرد. بۆ وێنە لەبیرمە دوکتور قاسملووی ڕەحمەتی بە سەفەر چووبوو، ئەویش جێگری سکرتێر بوو، ڕۆژێکی چووم تەماشام کرد نیگابانی نیە، ئەمنیش گوتم بۆ نیگابانت نیە؟ گوتی وەڵڵا گوتم با بۆخۆیان ئیسراحەت بکەن. گوتم کارێکی زۆر خراپت کردوە، یانی چی؟ بۆ هەر دوکتور قاسملوو خەتەری لەسەرە؟ یانی چی ئەتۆ بەوەی دەڵێی توازوع، ئەوە توازوع نیە، ئەوە بێ موبالاتی یە. دوایە بانگی برادەری بەرپرسی پێشمەرگەکانی نیگابانم کرد کە ئێستا لێرەیە، گوتم ئەوە بۆ کاک دوکتور سەعید نیگابانی نیە؟ گوتی بۆخۆی گوتوویەتی نامهەوێ، گوتم نەخێر ئێوە بۆخۆتان لەبەهانە بەندن بۆ تەمبەڵی، ئەتۆ بڕۆ بۆی دابنێوە، جا ئەگەر گوتی نابێ، بڵێ فڵان کەس گوتوویەتی، ئەمن دەچم جوابی دەدەمەوە. ئیدی ئەوە بوو بەقسەی کردم و نیگابانی دانایەوە.

دوکتور سەعید وەسەر خۆی نەهێنا، نەی گوت بۆ ناردووتەتەوە. ئەو بەڕادەیەک موبالەغەی لە توازوع و فرووتەنی دا دەکرد. دەتدی وەڕێ دەکەوت هەر چەند لە باری ئەمنییەتەوە جاروبار ئەوە بە قازانجیشە، بەڵام بەخۆی و دوو پێشمەرگەوە دەچووە سەفەر، لەو هەلومەرجەدا. بە کورتی هەم نیزیک بوو لە لاوان هەم متوازێعانە لەگەڵ لاوەکان و خەڵکی دیکە ڕەفتاری دەکرد. لەگەڵ ئەوەی وەکوو گوتم ئەو وەختە کە نۆرەی قاتیعییەت دەهات پیاوێکی قاتیع بوو، پیاوێکی بە بڕشت بوو، پیاوێکی وانەبوو بڵێی دەست و پێ سپییە و کاری لەدەست نایە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٢١

## وتووێژ لە گەڵ عبدالله حسن زادە

پاییزی ١٣٨٠ ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ جەنابیان ئەنجام دراوە. کاتێک بوو هەمووماں لە یەک سەنگەر دا بووین. کڕنۆش بو شەرەفی ئەو ڕۆژانە.

کەمال مەریوانی

کەماڵ: بەڕێز و خۆشەویست مامۆستا عبداللەی حسن زادە سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران! پڕ بە دڵ سپاستان دەکەم کە سەرەڕای سەرقاڵی و کاری سیاسیتان دەرفەتی ئەم چاوپێکەوتنەتان بۆ پێکهێناین. ئەگەر دەکرێ کورتەیەک لە ژیانی خۆتمان بۆ باس بکەی؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**حەسەن زادە:** ئەمن سپاستان دەکەم کە منتان بەسەر کردەوە. لە بارەی ژیانی خۆمەوە نازانم چیتان بۆ باس بکەم. ئەوەی کە مەربووتە لەبارەی ژیانی شەخسیمەوە دەتوانم بڵێم: ئەمن ساڵی ١٣١٧ ، بەو جۆرەی کە بۆخۆم ساغ بۆتەوە، لە دێیەکی چکۆلەی مەنتیقەی سەردەشت لە بنەماڵەیەکی فەقیرو دەستکورتی لادێیی لە دایک بووم. بابم بە شوغڵی جۆلایەتی منداڵەکانی خۆی دەژیاند. خۆم وەبیرم نایە، چونکە زۆر منداڵ بووم کە ئەوم لە دەس چوو. بە هیممەتی براگەورەکەم کە لە واقیع دا هەر براگەورە نەبوو، بەڵکوو باب بوو، گەورە کرام. پێم وایە هەشت ساڵە بووم لە مەدرەسەی دێ کە ئەو وەختەی مەدرەسەی مەلاو فەقێیان بوو، دەستم بە خوێندن کردو فارسی و ئەو کتێبە وردیلانە کە ئەو وەختی باو بوون و ئێستا بە جارێکی ناویان لە بیر چۆتەوە، خوێندمن. ئەوانەم لای فەقێ و مەلای جۆراجۆر خوێندووە. قەت مامۆستایەکم نەبوو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەرسم پێ بڵێ. رەنگە جاری وا بووبێ هەر رۆژەی لەلای یەکێک دەرسەکەم خوێند بێ. زۆریش رەنگە پێتان سەیر بێ کە بڵێم جاری وابووە دەرسەکەم لە کن ئی وا خوێندووە کە ئەوندەی فارسی نەدەزانی کە ئەمن



ئیستفادەی لێ بکەم. بەو شێوەیە ئەوەڵین مەرحەلەکانی خوێندنم لە لادێ خۆێند. لە پاشان خوێندنی علوومی ئاینیم دەست پێ کرد. بە شار و دێهاتی کوردستان و زۆرتر لە مەنتیقەی سەردەشت و بانەو پیرانشارو زۆر بە کەمی بە کوردستانی عێراق دا گەڕام. لە ساڵەکانی ئاخردا لە شاری مەهاباد لە مەدرەسەیەکی رەسمی دا کە دەوڵەت دایناو بوو بە ناوی مەدرەسەی علوومی دینی، دەرسی علومی عەرەبی یان علوومی دینیم تەواو کرد. ساڵی١٣٤٠خوێندنی زانستە ئایینییەکانم تەواو کردو بە شێوەیەک کە ئەو وەختی باو بوو، لە دێیەکی مەنتیقەی سەردەشت بووم بە مەلا. زۆر بە سادەیی دەتوانم بڵێم ژیانی شەخسیی من ژیانی بەشێک لە مەحروومترین توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە لادێ بوو، ئەوێش لە لادێی مەنتیقەیەکی دواکەوتووی ئێران و لە نێو وڵاتێکی دواکەوتوو.

کوردستانی ئێران بۆ خۆی ناوچەیەکی دواکەتووی ئێران و لە نێو کوردستانیش دا سەردەشت کە مەنتیقەیەکی سنووری یە، مەنتیقەیەکی فەقیرنشین بوو. ئەو سەردەمە ژیانی خەڵکی زیاتر لە سەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەڕێوە دەچوو. ئەو بەشەش لەو ناوچەیە گەشەکردوو نەبوو. بەڵام ئەگەر مەنتیقەی ئێمە لەباری "اقتصادی - اجتماعی"یەوە رەنگە یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکان بووبێ، لە ساڵەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهان و تەنانەت لە ساڵەکانی شەڕی دووهەمی جیهانیش دا ئەو مەنتیقەیە کە لە بەشی مەرکەزیی کوردستانی ئێران دا هەڵکەوتووە، لە باری سیاسییەوە مەنتیقەیەکی چالاک بوو. دەزانین کە حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان لە مەهابادیش زۆر لێی نزیکن. ئێستا سەردەشت بۆتە شارستانێکی سەربەخۆ. پێشتر بەخشێک بوو لە شارستانی مەهاباد. لە بەر ئەوە فەعالیەتی حیزبی هەر لەزەمانی کۆماری کوردستانەوە تێیدا هەبوو.

زۆر منداڵ بووم، بەڵام شعورم دەکرد کە دوو برای گەورەم ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون. لە بەر ئەوەی ئێمە ماڵە دێهاتی بووین و دایک و بابم نەخوێندەوار بوون، مەعلوم نەبوو ئەمن چ ساڵێک و چ مانگێک و چ رۆژێک لە دایک بووم. بەڵام بۆ خۆم کە دوایی تەحقیقم کرد لە ساڵی ١٣١٧دا لە دایک بووم. کەچی ساڵی ١٣٣٢ ئەمن لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا ئاشنا بووم. ساڵی ١٣٣٢ تەمەنم ئەو پەڕەکەی دەگەیشتە ١٥ ساڵ. بەو حاڵەش وەک ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەرگیرام. ئەو وەختی نازانم ئوسوولەن بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب هەر بە دەستەوە نەبوو یا زۆر رەعایەت نەدەکرا. هەر چۆنیک بوو چونکە ئەمن نەوجەوانێکی بە قەد و قەوارە تەواو پێگەیشتوو بووم، بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەرگیرام و لەو ماوەیەدا ئەمن فەعالیەتی سیاسیم بەو شێوەیە کە دەکرا ئەو وەختی خەڵک فەعالیەتی سیاسی هەبێ، لە چوارچێوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا هەبووە. لە واقیع دا ئەو وەختی خەباتی سیاسی بە شێوەیەکی زۆر مونەزەم نەبوو. ئێمە لە دێهات ئەندامی حیزب بووین. جاروبار کادرێکی حیزبی دەهات و یەکترمان دەدیت. ئەگەر بەیانیەیەکی حیزبی هەبا، وەرماندەگرت و بڵاومان دەکردەوە. لەو کاتەدا ئەمن واریدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووم و لەگەڵ بەشیک لە هاوساڵانی خۆم یا گەورەتر لە خۆم، ئەو جۆرە تێکۆشانەم بووە.

بەڵام فەعالیەتی سیاسی من بە شێوەیەکی جدی و فەعالانە لە ساڵی ١٣٤٦دا دەست پێدەکا کە بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧دەستی پێ کرد. دیارە هاوڕێیانی حیزبی، کادر و پێشمەرگەکان لە نێو مەنتیقەدا بوون و زۆریش تێکەڵاویمان پێکەوە هەبوو، یەکترمان دەدی. لەوەڕا گوزارش لە من درا کە ئەمن یەکێک لە فاعالینم، یەکێک لە پایەگاکانی ئەو بزووتنەوەیەم و کەوتمە بەر نەزەری پۆلیسی ئێران. جارێک بانگیان کردم، لە واقیع دا بە جەلب بردیانم بەڵام بە شێوەیەک نەجاتیم بوو. دوایە بۆم دەرکەوت کە ئەمن وا کەوتوومە ژێر زەرەبین، ئەگەر وڵات بە جێ نەهێڵم رەنگە بکەومە زیندان. زیندانی ئەو وەختیش زۆر شانست هێنابایە ١٠ساڵ و ١٥ساڵیان دەدایەی، بێجگە لە تەعزیب و ئەزیەت و ئازار. لە مێژیش بوو ئەو سوننەتە خراپە داکەوتبو کە تێکۆشەرانی کوردی ئێرانی ئەگەر دەکەوتنە خەتەرەوە رایاندەکرد بۆ کوردستانی عێراق. دیارە سوننەتی "مهاجرت" لە هەموو شوێنێکی دنیا هەیە بەڵام ئەگەر حوسنی هەیە ئەو عەیبەشی هەیە کە تێکۆشەران کەمێک تەمبەڵ بار دێنێ. ئەگەر دەرەتانی دەربازبوون هەبێ، تێکۆشەرێک لەبەر باری خەتەرەکە، شان خاڵی دەکا. بۆیە پێم وایە ئەوە سوننەتێکی باش نیە.

ساڵی ١٣٤٦ لە ئاخری پاییزێ دا بوو یا لە ئەوەڵی زستان دا (زۆر چاک لە بیرم نیە) مەجبوور بووم کوردستانی ئێرانێ بە جێ بێڵیم. هاتمە کوردستانی عێراق و تەماسم لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی گرت کە بەشێکی زۆریان لە کوردستانی عێراق بوون و ئەوەی کە پێی دەگوترا بەڕێوەبەریی حیزب، لە کوردستانی عێراق بوو. لەوێدا ئیدی دەستم کرد بە فەعالیەتی سیاسی بە شێوەیەکی جدی تر کە مونجەر بوو بەوەی پاش ساڵێک، ساڵ و نیوێک چوومە کونفرانسی ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لەوێ دا بڕیارێک هەبوو کە کومیتە ناوەندی تەرمیم بکرێتەوە. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە لە کونگرەی دووهەم دا هەڵبژێردرابوون بە شێکی زۆریان کوژرابوون، تەحویل درابوونەوە، لەبەین چووبوون لە جووڵانەوەکەی ٤٦-٤٧ و پێشترو دواتردا. بۆیە کونفرانس بڕیارێکی وای دا کە کومیتە ناوەندی تەرمیم بکاتەوە. سێ کەسی هەڵبژاردن کە یەکیان مەرحوومی هێمنی شاعیر بوو، یەکیان کاک حەسەنی رەستگار و سێهەمینیشیان ئەمن بووم. لەو وەختەوە ژیانی من لەگەڵ ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە واقیع دا لێک گرێ درا. هەمووی ساڵێک دواتر ئیدی بە یەکجاری ژیانی شەخسیم بە جێ هێشت و وەکوو کادرێکی دائیمی کەوتمە خزمەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. رەنگە ئەو بەشەی کە مەربووت بە ژیانی من بێ، ئەوی دیکە ئێحتیمالەن ئەو کەسانەی کە چاویان بەم وتووێژە دەکەوێ لەوێ بەم لاوە ئاگاداریان لە ژیانی سیاسی من هەبێ.

**کەماڵ :** مامۆستا جەنابتان وەک دوو سیمای سیاسی و ئەدەبی ناسراون، بفەرموون مێژووی کام دونیایان بە تەمەنترە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەسەن زادە: ڕەنگە ئاسان نەبێ ئەو دووانە، ئەو دوو ژیانە سیاسی و ئەدەبی یەی من لە باری زەمانی یەوە لە یەک جودا بکەینەوە یان یەکێکیان پێش ئەوی دیکە بخەین. ئەمن نامەوێ شوعار بدەم، بڵێم ژیانی مەحروومییەت لە کوردستان دا هەر زوو لە منداڵی یەوە منی وادار کرد کە واریدی کاری سیاسی بم یان منی بە زوڵم و زۆری ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران دا ئاشنا کرد. ئەوە کەمێک وەک شوعار دەچێ. چونکە ئیعتراف دەکەم لەگەڵ ئەوەی ئەمن لە خانەوادەیەکی مەحرووم دا ژیاوم، لە مەنتیقەیەکی مەحرووم دا ژیاوم و لە دێیەکی مەحرووم دا ژیاوم، ڕەنگە زۆری پێوە خرابێ تا ئەمن تێبگەم عیللەتی گشتی، عیللەتی بنەڕەتیی ئەو بەدبەختی یانە نیزامی پاشایەتی یە، نیزامێکی وابەستەیە. تێگەیشتنی ئەو شتانە زۆر ئاسان نەبوو. بەڵام بەهەر حاڵ وەک عەزم کردن لە تەمەنیکی زۆر کەم دا ئەمن واریدی حیزبی سیاسی بووم. کەوابێ ئەگەر بەو مەعنایە بیگرین، ژیانی سیاسی من ڕەنگە لە پێشەوە بێ. پێم خۆش نیە ئەگەر خەڵکیش پێم بڵێ، بۆخۆم ئیددیعای ئەوە بکەم کە ئەدیبم یان ئوسوولەن خاوەنی شوێنەوارو بەرهەمی ئەدەبیم. تەنیا دەتوانم بڵێم یەکێک لەو شتانە کە لە حیزبی سیاسیم دا بوونە باعیسی ئەوە کە ئەمن بێمە پێشتر و فەعالتر بم، ئەوە بووە کە هێندێک توانای نووسین و ئەو کارانەم تێدا هەبوو. کەوابێ ئەم دووانە لە واقیع دا پێکەوە ئاوێتە بوون. هەر لەو کاتەدا کە هەوڵی سیاسیم هەبووە، هەوڵ و بایەخ پێدانی ئەدەبییشم هەبووە. مەسەلەن لە بیرمە نازانم ببووم بە ئەندامی حیزب یان نەببووم، عەلاقەیەکی زۆرم بە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیات (کە ئەو وەختی زۆرتر فارسی بوو، کوردیمان بە زەحمەت دەست پێ ڕادەگەیشت) هەبوو و زۆر چاکم وەبیر دێتەوە کە ئەمن پێش ئەوەی کە ببم بە ئەندامی حیزب (هەر قوتابی بووم)، لە دێیەکەی خۆمان دەمخوێند، یەکێک لە شتەکان کە ئەو وەختی باو بوو، شەڕە شیعر بوو. شەڕە شیعرم دەکرد. جاری وا بوو دوو ڕۆژان لەگەڵ کەسێکی خەریکی شەڕ شیعر دەبووین، هەر لێم نەدەبڕا. ئەویش هەر لێی نەدەبڕا دیارە. جاری وابوو ئەوەندە ئەهمیەتم پێ دەدا کە لە گەڵ ڕەفیقەکانی خۆم لەگەڵ دوو سێیەکیان، دەبووم بە تەرەف بە تاقی تەنێ. ئەوندەم ئەهمیەت بە مەسائیلی ئەدەبی دەدا. کەوابێ ئەو شتانە ناتوانین یەکێکیان بەو جۆرە پێش ئەوی دیکەیان بخەین. بەڵام بە هەر سورەت ژیانی سیاسی پتر بە سەر ژیانی مندا زاڵ بووە و بەشێکی پتر لە ژیانی منی گرتۆتەوە تا ژیانی ئەدەبێ. چونکە کاری ئەدەبی لە واقیع دا ئەگەر بووبێتم، بەشیکی کاری ئەدەبی لە چوارچێوەی مەسائیلی سیاسی دا بووە کە بەشی زۆری ئەوانە لە ڕاستی دا ملکی منیش نەبوون و بوونە ملکی ئەو حیزبەی کە ئەمن پێی وابەستە بووم. ئەوەی دیکە ئەگەر وەک ژیانی ئەدەبی حساب بکەین، ئەوەیان کەوتۆتە دوای ژیانی سیاسی. هەم لەباری زەمانیەوە کەوتۆتە دوای، هەم لە باری بایەخ پێدانەوە. یەعنی کاری من کاری ئەدەبی نەبووە. بەڵام چونکی عەلاقەم بە مەسائیلی ئەدەبی هەبوو، جاری وابووە کارێکی ئەدەبێشیم بە بەریەوە کردووە. ئەو کارانە تابیع بوون لە کاری سیاسی من نەک وەکوو بڵێی پیشەیەکی ئەساسیی من.

کەمال: مامۆستای خۆشەویست وەک وەرگێڕێکی بە توانا چۆن بوو دەستتان دایە کاری وەرگێڕان، کەی یەکەم وەرگێڕانی خۆتان بڵاو کردۆتەوە؟ دەقی یەکەم وەرگێڕانتان چیە؟

حەسەن زادە: ئەوە نەزەری جەنابتە کە ئەمن موتەرجیمێکی بە توانام، هیوادارم وەکوو دەڵێن شایستەی ئەو لوتفەی ئیوە بم. مەسئەلەی کاری تەرجەمە (بۆیە دەڵیم کاری تەرجەمە چونکی هەم تەرجەمەم پێ لە وەرگێڕان کوردی ترە و هەم مترجم پێ لە وەرگێر کوردی ترە، ئەگەر دقیقەتتان کردبێ ئەو کارانەی کە ئەمن کردوومن لە هیچیان نەمنووسیوە وەرگێر فلان کەس. ئەوەی بە دەستی خۆم بووبێ نووسیومە فلان کەس کردوویە بە کوردی. چونکە وشەی وەرگێڕان بۆشتی دیکە هاتوە. ناڵیم خراپە بەڵام زۆر بە کەیفم نیە). کاری تەرجەمە کە دەستم داوەتێ، لە واقیع دا هەر کەسێ کە تاو بداتە کاری تەرجەمە پێم وایە، تەجرەبەی من ئەوە دەڵێ کە شتێک دەبینێ بە دڵیەتی، دەشبێنێ لە نێو زمانەکەی خۆی دا نیە. پێی وایە دەبێ بە زمانەکەی خۆی هەبێ و خەڵکی دیکە بیبینن، ئەودەم لەخۆشی ڕادەبینێ کە بیکاتە زمانی خۆی. بۆیە تەرجەمەی دەکا.

ئەوەڵین شت کە پاڵی پێوە نام تەرجەمە بکەم، شتی سیاسی بوو. لە بیرمە ساڵی ١٣٥٠ بوو کە بۆ یەکەم جار فکری تەرجەمەیەک کەوتە مێشکی منەوە. نامیلکەیەک هەبوو کە ڕێکخراوی روناکبیرانی کوردی ئێران لە دەرەوەی وڵات دەریکردبوو. ئەوەندەی ئەمن بزانم هەرچەند بە ناوی دوکتور قاسملووی نەبوو بەڵام نووسینی دوکتور قاسملو بوو. نامیلکەکە بە زمانی فارسی بوو بە ناوی "واقعیت خلقهای ایران وافسانهء م.ماکان". ئەو نامیلکەیە جوابدانەوەی مەقالەیەک بوو کە یەکێکی ئێرانی، یەکێکی لە واقیع دا شۆڤینیست، مەسەلەی ئێرانی بە ناوی "افسانه خلقهای ایران" نوسیبوو. گاڵتەی بەبوونی خەلق و گەل و نەتەوەی جۆراوجۆر لە ئێران دا دەکرد. ئەوانیش جوابیان دابۆوە کە مەفهوومەکەی ئەوە بوو کە بوونی چەند گەلی جۆراوجۆر لە ئێران دا واقیعییەتێکە و ئەوەی ئەتۆ ئیدیعای دەکەی افسانەیە. کە خویندمەوە زۆرم پێ جالب بوو. عەرزی مەرحوومی دوکتور قاسملووم کرد، گوتم بریا بە کوردی ببایە، یان بە کوردیتان نووسیبایە. گوتی جا ئیمە لە دەرەوە بۆ ئەوانەمان نووسیوە کە کوردی یان نەزانیوە. گوتم باشە ئەوە بکرێ بە کوردی چۆنە؟ ئەویش گوتی جا کوردیش دەزانی و فارسیش دەزانی، بۆ نایکەی بە کوردی؟ دیارە بۆخۆم تەرحی مەسئەلەکەم هەر بۆیە بوو کە دەمویست بیکەم بە کوردی بەڵام ئەوێش کە پیشنهادی کرد و هانی دام، دەستم پێ کرد. جالبیش ئەوە بوو چونکی شتەکە زۆر کەم بوو، زۆرێشم عەلاقە پێی هەبوو لە ماوەیەکی یەکجار زۆر کورت دا بابەتەکە، کە ئەگەر ئێستا لە بیرم بێ (چونکە بەڕاستی نیمە لە کتێبخانەش دا نیمە) لە حەجمی بچووک دا پەنجا شەست سەفحەیەک زیاتر نەبوو، زۆریشم عەلاقە پێی بوو، وابزانم بە ڕۆژێک دوو ڕۆژان ئەوپەڕەکەی دوو ڕۆژ، دەنا ئەگەر موبالەغەم نەکردبێ بە یەک ڕۆژ، تەرجەمەم کرد. چونکە شتێکی کەم بوو. کە بردمەوە بۆ لای دوکتور قاسملووی، (چونکە یەکەم ئەزموونم بوو، پێم باش نەبوو بۆ خۆم هەر وا لێی رازی بم) دامەوە، دیتم کەم دەستکاری کردبوو. یەعنی شتی وا کە ئەمن تێی دا بە غەڵەت چووبم، کەم بوو. چونکی بەهەر سوورەت ئەمن واریدی ئیسلاحاتی سیاسی نەبووم بەو سوورەتەی ئەو وارید بوو. ئیدی دامان چاپیان کرد. لە بیرمە دوو جار چاپ کرا. جاری ئەوەڵیان ساڵی ١٩٧١ کە دەبێتە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی. ئەوە یەکەم کاری وەرگێرانی من بوو. دووهەمین کارم کە وەکوو کتێبێک دەردەچوو، ئەمەیان ئیدی ناوی خۆشمی لە سەر بوو، کاری تەرجەمەی کتێبی دوکتور قاسملوو "کوردستان و کورد" بوو.

"کوردستان و کورد" هەر وەک دوکتور قاسملوو لە پێشەکی‌یەکەی دا نووسیویەتی، داستانێکی سەیری هەیە. کوردێک نووسیویەتی، بەڵام نیزیک بە چارەکە قەرنێک دوای نووسینی کراوە بە کوردی. ئەم کتێبە وەک تێزی دوکتورا لە چێکوسلواکی بە زمانی چێکی نووسرابوو. لە پاشان دانشگای براتیسلاوا دەیکاتە سلوواکی و چاپیشی دەکا. ئیدی زمانی ئەسڵیی نووسینی ئەم کتێبە قەت چاپ نەکراوە. دوای ئەوە کرابوو بە ئینگلیزی، کرابوو بە عەرەبی. ئەمن عەرەبی یەکەم دەست کەوت، خوێندمەوە. کە خوێندمەوە لە گەڵ ئەوەی کتێبەکە ئێشکاڵاتی زۆر بوو، لە بواری چاپەوە غەڵەتی زۆری تێدا هەبوو. جاری واهەبوو حاشیە ببوو بە مەتن، مەتن ببوو بە حاشیە، زۆر شتی خراپی تێدا هەبوو، بەڵام دیتم کتێبێکی باشە. کارێکی باشیش دەبێ ئەگەر بکرێتە کوردی. دوکتور قاسملووش لە تەنیشتمەوە بوو. پرسم پێ کرد کە ئەگەر پێت باش بێ دەیکەم بە کوردی. گوتی زۆرم پێ باشە. باوەڕکە، ئەگەر ئاوا لە نزیکەوە نەبا، نەمدەتوانی بیکەم. چونکە کتیبەکە هێندە عەیبی لە چاپەکەی دا هەبوو. لە تەنیشتی دوکتور قاسملووی دەستم پێ کرد. بە قەولی کورد دەڵێ "دوور لە ئێستام" عەلاقەیەکی سەیریشم هەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە کارم زۆر بوو، کاری دیکەم دەکرد. بەڵام زۆر چاک لە بیرمە و هیچ موبالەغەیەکیشی تێدا نیە، وەختێکی نووسیمەوە لە سەر کاغەزی فولسکاب یان A4، ٣٠٠سەفحە بوو. حەوتووی ئەوەڵێ ١٠٠ سەفحەیم لێ تەرجەمە کرد. بەڵام حەفتەکەی دیکە سەفەرم کەوتە بەرێ و ئەوە کەمێ وەختی کێشا تا ئەوی دیکە تەرجەمە بکەم. ئەوە کارێکی گەورە بوو. چونکە کتێبەکە بۆ خۆی لیکۆڵینەوەیەکی سیاسی ئابووری یە. لە عەینی حاڵ دا لە بەر ئەوەی بۆ دونیای دەرەوە نووسراوە، شتێکیشی لە بارەی مێژوو و جۆغرافیاوە بۆ. کتێبیکی بە کەلک بوو. ئەوە ئیدی کە چاپ بوو (ئەگەر ئێستێ پێی دا بچمەوە زۆر شتی لێ دەگۆڕم) بەڵام خەڵک پێیان باش بوو. ئەوە بوو بە بناخە بۆ کاری تەرجەمەی من نووسراوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەتوانم بڵێم ئەوەڵ کاری تەرجەمەم "کوردستان و کورد " بوو نەک "واقیعییەتی گەلانی ئێران و ئەفسانەی م.ماکان". چونکە بە قەولی هێندێ لە ئەدیبان، ئەو تەنیا سەرە مەقەستێک بوو، شتێکی بەو سوورەتە نەبوو.

کەمال: دەکرێ باسی ئەو کارانە بکەن کە ئیستا بڵاوتان کردوونەتەوە؟ مەبەستتان لە تەرجەمەی ئەو کتێبانە چی بوو؟

حەسەن زادە: ئەو کارانەی کە ئەمن کردوومن، پێم خۆشە دوو شتیان لە سەر بڵێم: یەکەم ئەوەیە کە لە دونیای دەرەوەی خۆم دا ئەمن زیاتر بە تەرجەمەوە ناسراوم، ئەوانەی دە مناسن وام دەناسن. رەنگە ئەوانەی لەو بوارە دا دەمناسن کەم بن بەڵام زیاتر وەک تەرجەمە خەڵک کارەکانی من دەناسێ. لە کاتێک دا ئەمن کاری ئەدەبیم بە نووسین دەست پێ کردووە نەک بە تەرجەمە. ئەگەر حسابیشی بکەم هەرچەندە کتێب کەمە، وەک کتێب بەڵام کاری نووسینم رەنگە چەند بەرابەری کاری تەرجەمەم بێ. ئێستە ناتوانم بە وردی بڵێم چەند بەڵام لانی کەم پێنج شەش بەرابەری کاری تەرجەمەیە. ئەگەر رۆژێک بمتوانیبایە ئەوەی بە ناوی وەرگیراو یان بە ناوی خۆم نووسیومە، کۆی کەمەوە، دەردەکەوت ئەمن سێ، چوار هەزار مەقالەم نووسیوە. کەوابێ کاری من لە ئەساس دا کاری نووسین بووە، لە دوایە بۆتە تەرجەمە. شتی دووهەم کە پێم خۆشە لەو بارەیەوە بڵێم ئەوەیە کە ئەو شتانەی ئەمن کردوومن چ لەنووسین و چ لە تەرجەمە، بەشێکی زۆریان (لەنووسین دا لە سەدا نەوەد) بە ناوی خۆمەوە نیە. ئەو بەشەیان یان ملکی حیزبە یان ناوێکی وەرگێراوی بۆ دانراوە. ئەوانەی کە بەناوی خۆمەوە بڵاو بوونەوە، رەنگە زۆر کەم نەبن. ئەگەر بە قەد ئەوەی دیکەش نەبن زۆر کەم نین. بەڵام ئەو کارانەی کە ئەمن وەکو تەرجەمە کردوومن و بە ناوی خۆومەوە بڵاوبوونەوە و خەڵک پێیان دەزانی، چەند بەرهەمی ئەدەبین کە زۆربەیان لە عەزیز نەسین و یاشار کەمالن. لە عزیز نەسین دوو کتێبم تەرجەمە کردەوە؛ یەکیان بە ناوی پەخمە بوو کە لە کوردیەکەی دا بوو بە گیلە پیاو. دووهەمیشیان "خاطرات یک تبعیدی" کە بوو بە "بیرەوەرییەکانی دوورخراوەیەک". ناوە فارسیەکەی زۆر شیرین ترە. لە پاشان ئەو سیلسیلە کتێبەی یەشار کەمال نووسەری کوردی تورکی نووس "ئینجەمەمەد" کە تا ئێستا سێ بەرگ لە چواربەرگی ئەسلی کراوە بە کوردی. لە بەر ئەوەی ئەمن تورکی نازانم و بەرگی چوارەمیشی بە فارسیە، بە داخەوە تا ئێستا نیە، ئەوەیان نەکراوە. دوایە داستانێک لە جەک لەندەنە. مجموعەیەک لە داستانەکانی عەلی ئەشرەف دەرویشیانە کە بە ناوی "هەتاو"، یەکیک لە چیرۆکەکانەوە چاپم کردوەو مەجموعەیەکی دیکە لە کورتە چیرۆک و مقالات کە لە بیرم نین، هەریەکە لە جێیەک بڵاوبۆتەوە. هەریەکە لە رۆژنامەیەک، لە مەجەللەیەک دا. لە بیریشم نیە ئایە لە سەر هیچیان ناوی خۆمم نووسیوە یان نەمنووسیوە. رەنگە بەشی هەرە زۆریان ناوی منیان لە سەر نەبێ. ئەو کارانەی کە ئەمن کردوومن و ناوی خۆمیان لە سەرە پێم وایە هەر شەش حەوت شتن. سێ جلد لە ئینجە مەمەد، دوو بەرهەمی عزیز نەسین، "سپید دندان"ی جەک لەندەن، لە گەڵ "هەتاو" کە لە چیرۆکەکانی ئەدیبی گەورەی کورد بەڵام دیسان بە داخەوە فارسی نووس کاک عەلی ئەشرەفی دەرویشیان، تەرجەمەم کردووە. ئەگەر شتی دیکە هەبێ رەنگە لە بیرم نەبێ.

ئەوە کە ئەنگیزەکە چیە؟ پێم وابێ لە موتەرجیمێکەوە بۆ یەکی دیکە فەرق دەکا. لە پاشان پێم وابێ کاری یەک موتەرجیمیش لە هەر تەرجەمەیەک دا شتێکە. تەجرەبەی من ئەوەیە کە ئەگەر کەسێک شتێکی خوێندەوە بەو شەرتە کە مایەی تەرجەمەی تێدا هەبێ، بۆخۆی پێی خۆش بوو تەئسیری لێ وەرگرت، ئەگەر تەرجەمەی بکا، بەو شەرتەی بۆ خۆی مایەی هەبێ خوێنەرەکانێش پێیان خۆش دەبێ.

لە بیرمە کە جلدی ئەووەڵی ئینجە مەمەدم کردە کوردی، بۆ هێندێ لە دۆستانم ناردبوو بە دیاری، زۆریان نامەیان بۆ نووسیبووم. وەکو شتێک بڵێین گەیشتنی دیاریەکەیان راگەیاندبوو. یەکێکیان نامەیەکی بۆ نووسیبووم شتێکی تێدابوو؛ دەڵێ پیرۆزبایی ئەو ئینتخابەت لێ دەکەم، شتێکی باشت هەڵ بژاردووە بۆ تەرجەمە. دیارە دەتوانم بڵێم ئەوەی کە لەوێ دا منی هان دا، ئەوە بوو کە ئەمن خۆم و کۆمەڵێ کوردەواری و لە واقیع دا ئەو فەزایە کە تێی دا ژیابووم، بە جۆرێک لە جۆران تێدا دەدیتەوە. هەر چەندە ئەمن پێش ئەوەی ئینجە مەمەد بخوێنمەوە بریارم دابوو تەرجەمەی بکەم. ئەوەندە تەعریفم بیستبوو کە هەر دەگەرام بە دوای دا بیخوێنمەوە و ئەگەر ئەمنێش ئاوای لێ حاڵی بم، تەرجەمەی بکەم. سەیر ئەوەیە کە پێش ئەوەی بیبینیم کە ناوەکەیم بیستبوو، چەند جاران داوام لە مامۆستا شوکر مستەفا کوردی زان و تورکی زان و عەرەبی زان و تەرجەمەزانی گەورە کرد. دەمگوت شتێکی ئاوام بیستووە، تۆ دەبێ تورکی‌یەکەیت هەبێ و خۆێندبیتەوە، تەرجەمەی بکە. نازانم بۆ چی نەیکرد. دەیگوت زۆر زەوقم لێی نیە. دوایە کە فارسی‌یەکەیم دەست کەوت و خوێندمەوە، بە دڵم بوو، دەستبەجی دەستم کرد بە تەرجەمەی.

مەسەلەن "سپید دندان"ی جەک لەندەنم کە تەرجەمە کرد، ئەوەی کە منی پاڵ پێوەنا بۆ ئەوەی بیکەم بە کوردی بە دەرەجەیەکی کەمتر ئەو مەفهوومە بوو کە تێیدایە، مەفهوومێکی زۆر بەرزی ئیجتماعی، دەرسیکی زۆر گەورەی ئەخلاقی تێدا هەیە. کتیبی جەک لەندەن پێمان دەڵێ کە موحیتی ژیان، تەربیەتی ئیجتماعی چەندە دەتوانی فرشتەیەک بکا بە دێو، دێوێک بکا بە فریشتە، درندەیەک بکا بە ئینسان، ئینسانیک بکا بە درندە، بۆخۆی مەعنایەکی زۆر گەورەیە، بەڵام زیاتر لەوە ئەو ئیبداعە کە ئەو کابرایە کردبووی، ئەو توانایە کە ئەو کابرایە لە نووسین و خەلق کردنی ئەسەرێکی وادا بە کاری بردبوو، ئەوە منی هان دا کە بیکەم بە کوردی. هەر چەندە ئێستاش بە راستی شکم هەیە کە ئەمن توانیبێتم ئەوە وەدەرخەم، بیهێنمە نێو کوردیەکەی. چونکە ئیستیلاحاتیکی تێدایە، هێندێ تەعبیری تێدا هەن کە زۆر زەحمەت بوو ئینسان بتوانێ لە زمانەکەی خۆی دا کە بە داخەوە زۆر خزمەتی نەکراوە، دەوڵەمەند نیە، ئەوەی پەیدا بکا. بەڵام بە هەر سوورەت ئەنگیزەکە ئەوە بوو کە ئەو خەللاقییەتە کە جەک لەندەن بە خەرجی دابوو لە خولقاندنی ئەو بەرهەمەدا، ئەوە بخەمە سەر کاغەزو بیخەمە بەرچاوی خۆێنەرانی کوردی هاوزمانم. جا بۆیە دەڵێم رەنگە هۆیەکە جۆراوجۆر بێ، بۆ هەر کتێبیک ئەنگیزەیەک هەبێ، شتێک هەبێ کە پالت پێوەبنێ بۆ ئەوەی تەرجەمەی بکەی.

کەمال: مامۆستای خۆشەویست چاپی بەشی یەکەمی حەمەدۆک هەروەک ئاگادارین دەنگدانەوەیەکی زۆری لە نێو خوێنەران دا پێکهێنا. ئەکرێ بفەرموون ئەم دەنگدانەوەیە بە هۆی زمانەکەوە بوو یان پر بایەخ بوونی ناوەرۆکی رۆمانەکە؟

حەسەن زادە: ئەمن لە پێشباری جڵدی ئەوەل دا شتێکم نووسیوە، بە ئیمانەوە نووسیومە. هیچ وەختێکی شتێک کە دەنووسم بۆ ئەوەی نانووسم کە خەلک پێی خۆش بێ. ئەگەر باوەڕم پێی نەبێ، نایینووسم. با خەڵک پێی ناخۆش بێ. ئەمن لەوێ دا شتیکم نووسیوە مەسەلێک هەیە کە دەڵێ مترجم رەنج بەخەسارە، چونکی ئەگەر کارەکەش خراپ دەرچوو خەڵک سەرکۆنەی وی دەکا. بە هەر حاڵ بە باوەڕی من موتەرجیم خۆشەچینی مەزرەعەی نووسەرەکانە. بەرهەم نووسەر خوڵقاندوویەتی.، فەزڵەکە بۆ وییە. لەوێ دا گوتوومە لە ئێستا را ئەوەم قبووڵە! ئینجەمەمەد داستانێکە لە نێو داستانان دا هەڵیبژێری. لەوێ دا وام گوتوە. دەنا کورد دەڵێ داستانیکە داستانانی پێ بشکێنی. ئەگەر شتێک دەڵێ، وای دەڵێ. بۆ وێنە دەڵێ ئەوە پیاوێکە پیاوانی پێ بشکێنی. ئەمن لەوێ دا وام نەگوتوە. چونکە دەترسام بۆ زۆر خوێنەران شتی وا ئاشنا نەبێ. یەکجار زۆر مەعنایەکی بەرزی تێدایە، یەکجار زۆر بە زمانێکی ئێنسانی نووسراوە. ئەمن بۆ خۆم لە خوێندنەوەی ئینجەمەمەد جڵدی ئەووەڵ دا و لە تەرجەمەی دا و لە نووسینەوەکەی دا رەنگە زۆر جار فرمێسک بە چاوم دا هاتبێ، زۆر جار پێکەنینم هاتووە. ئەوەندە لە رۆحی ئینسانی، لانی کەم لە رۆحی ئێنسانێکی دێهاتیی وەکوو من نزیکە. کەوابێ ئەگەر خەڵک قبووڵی بوو بەشی ئەساسی و گەورەیی هەر دەگەڕێتەوە بۆ موحتەوای خودی رۆمانەکە. بەڵام حەقم پێ بدەن کە بڵێم ئەمنیش رەنگە توانیبێتم مەعنایەکە نەقل بەکەم، بۆیە خەڵک تێی گەیشتوون. دەنا ئەگەر ئەمن نەمتوانیبا مەفهومی ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داستانە بێنمە نێو زمانی کوردی، خۆ خەڵک لێی حاڵی نەدەبوون هەتا پێیان خۆش بێ. ڕەنگە ئەوە شتێکی تێدا بێ کە لە سەر یەک کارەکەی منیش کارێک بووە کە خەڵک پێی ڕازی بووە.

**کەماڵ: مامۆستا فەرمووتان زۆر بابەت و نوسراوەتان هەیە کە لەوانەیە بە ناوی خۆتانەوە بڵاو نەبووبێتەوە، بەو مانایە کە جگە لە ناوی جەنابتان ناوێکی دیکەتان بۆ نووسینی بەکار بردبێ، دەکرێ بۆ ناساندنی هەموو بەرهەمەکانتان ئاماژە بەو ناوانە بکەن؟**

**حەسەن زادە:** ئەو نووسراوانە کە بە ناوی منەوە بڵاو نەکراونەتەوە ڕەنگە بەشێکی زۆر کەمتریان حەتتا ناوی وەرگیراو یا مستعار یان ناسناویشیان بە قەولی جەنابت لە سەر بێ. بەشی هەرە ئاساسیان ڕەنگە ئەو وتارانە بن کە بۆ ئەدەبیاتی حیزب نووسراون. مەسەلەن ئەمن چەند ساڵ لە رادیو کارم کردووە، لە رۆژنامە کارم کردووە، ئەوانە ئیدی بوونە مڵکی حیزب. قەت قەت لە ئەدەبیاتی حیزب دا ئەمن یەک شتم بە ناوی خۆم نەنووسیوە مەگەر ئەو وەختەی قسەم کردووە. گوتوویانە ئەوە قسەی فڵان کەسە. دەنا هیچ وەختێکی مەقالەم کە نووسیوە ناوم لە سەر نەنووسیوە چ بۆ رادیو چ بۆ رۆژنامە. کەوابێ هەر بێ ناون. بەڵام وەختێکی لەم لاولا دەمنووسی، باوەڕکە بۆخۆشم نازانم چۆن بوو، لە خۆرا دەمنووسی، پەرویز، نازانم عادل، منوچهر، یەعنی مەقالەم دەنووسی و دەمدا بە رۆژنامەیەک و ناوێکم لە بنی دەنووسی. بۆخۆشم ئێستا وەبیرم نایەتەوە. بەڵام هێندێ رۆژنامە هەن کە ئەگەر رۆژێک بۆخۆم مەجالم هەبێ پێیان دا بچمەوە ڕەنگە بیانناسمەوە، ئەو وەختی ناوەکانم وەبیر دێتەوە. دەنا ناوەکان ئێستێ بە تایبەتی کە لە ناکاو ئەو پرسیارەت لێ کردم بە ڕاستی لە بیرم نین چ ناوێکم گوتوون. ڕەنگە بە هەشت نۆ دە ناوم شتی وا نووسیبێ.

**کەماڵ: مامۆستا بە ڕای جەنابتان موتەرجیمێکی سەرکەوتوو دەبێ هەڵگری چ تایبەیمەندییەک بێ؟**

**حەسەن زادە:** ڕەنگە ئەو پرسیارە ئەگەر بتەوێ جوابی چاکی بۆ وەربگری باشتر بێ لەو کەسانە بکەی کە بە حەقیقەت کاریان کاری ئەدەبی و تەرجەمەیە و لە پاشان لە سەر تەرجەمە شتیان خوێندۆتەوە یان شتیان نووسیوە. بەڵام بە هەر سوورەت شتێک کە ئەمن بۆ خۆم پێی موعتەقیدم ئەوەیە کە پێم وایە بۆ کاری تەرجەمە دوو شتی ئەساسی پێویستن؛ یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو کەسەی تەرجەمە دەکا دەبێ هەر دوو زمانەکەی کە بۆی تەرجەمە دەکا، چ ئەو زمانە کە لێیەوە تەرجەمە دەکا، باش بزانێ، بە حەددی لازم بیزانێ. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە زۆر جار ئەتۆ لە تەرجەمە دا ناتوانی ئەو کەلیماتە کە تووشیان دەبی بێنی مەعنایان کەی. جاری وایە کابرا شتێکی بە کار هێناوە قابیلی تەرجەمە کردن نیە. دەبێ مشابهی ئەوەی لە زمانەکەی دیکەدا ببینیەوە. نموونەیەکت بۆ دێنمەوە: لە فارسی دا دەڵێن (زیر این کاسه نیم کاسه‌ای هست) زۆر جار دەبینی مەسەلەن نووسراوە (لە ژێر ئەم کاسەیە نیو کاسەیەک هەیە) یان (ئەم کاسەیە نیو کاسەیەکی ها لە ژێردا). ئەوە هیچ نیە، ئەوە تەرجەمە نیە، ئەوە کەلیمە مەعنا کردنەوەیە. دەبێ بزانی کورد دەڵی چی؟ کورد دەڵێ ئەو ماستە بێ موو نیە. بۆیە دەبێ هەر دووک زمانەکە بزانی. پاشان کە زمانەکەت زانی دەبێ تەرجەمەش بزانی. ئەو قسە ڕەنگە سەیر بێ کە زمانەکان دەزانی بۆ دەبێ تەرجەمەش بزانی! بەڵام پێم وابێ ئەوە قسەیەکی واقیعیە. چونکی ئەگەر قەرار بێ هەرکەس دوو زمان یان سێ زمانی زانین، مترجم بێ، دەتوانین بڵێین مترجم دەبنە دە، بیست، سی بەرابەری ئەوەی کە ئێستە دەناسرێن. مەسەلەن لە نێو کورددا ئەتۆ ئەگەر ئێستە حیساب بکەی ڕەنگە بڵێی ١٠٠ موتەرجم هەیە وەک مثال دەڵێم. ڕەنگە هەزارت هەبێ، ئەوە موهیم نیە. بەڵام بۆ نموونە ئەگەر ئێستە لە نێو کورددا ١٠٠ موتەرجیم هەیە، بە هەزاران موتەرجمیت هەیە. کەوابێ دەبێ فەننی تەرجەمەش بزانی.

بۆ تەرجەمە شتێکی دیکە کە ئەمن بە لامەوە گرنگە، ئەمانەتە. ئەمانەت لە گەیاندنی مەفهوومێک دا کە نووسەر مەبەستی بووە نەک لەوەدا کە کەلیمەکانی مەموو بێنی. ئەتۆ کەلیمەکانی ڕەنگە هەر تەرجەمە نەکەی. بەڵام ئوسوولەن تەرجەمەیەکی سەرکەوتوو ئەوەیە جوملەیەکی کە کابرا دەیڵێ بخوێنیەوە، لە پاشان ئەوەی لە بیر خۆت بەریەوە، بزانی بە زمانەکەی خۆت مەسەلەن بە کوردی ئەو جوملەیە چۆن دەڵێن، ئەگەر کوردێک ئەو قسەیە بکا چۆنی دەڵێ. ئەو ئەمانەتە بە باوەڕی من ئەساسە لە تەرجەمەیەکی باش دا. یەعنی کابرا ڕەنگە بتوانێ شتی باشتر لە موئەللیف بڵێ،بەڵام کە دەتەوێ شتی باشتر لە موئەللیف بڵێی کتێبێک بنووسە. ئەتۆ کە شتێک تەرجەمە دەکەی بۆ چی دێی شتی خارج لەوەی دەڵێی! ئەمن لە موتەرجیمی زۆر گەورە دیومە کە بە ڕاستی ئەو گلەییەی پێ واریدە. بۆ خۆی چووە شتی گوتوە، دەباشە ئەتۆ بڵێ دەنووسم.شتی لەوی چاتر کۆکەوە. بەڵام کە تەرجەمە دەکەی، دەبێ ئەوە بنووسی کە نووسەر مەبەستی بووە. لە پاشان سەبک زۆر گرنگە.

ئەمن شتێکت بۆ باس بکەم, گێلە پیاو کە وەختی خۆی لە تورکیەکەدا ناوێکی دیکەی بووە، ناوی پەخمەی نەبووە، تەک دلێک بووە، ڕەزا همراه کە ئەمن لە تەرجەمەی وی ڕا کردوومە بە کوردی, ناوی لێ ناوە پەخمە. ئەمنیش کردوومە بە گێلە پیاو. خوێندبوومەوە، زۆر زۆرم پێ خۆش بوو. چەند جار ئەو وەخت ئەمن داوام کرد، دەپارامەوە لەبەر خوالێخۆشبووان مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن کە یەکێکیان بیکاتە کوردی. لە بەر ئەوەی هەر دووکیان ئەهلی زەوق و قسەی خۆش بوون. ئەوەش شتی فوکاهیەیە. لە خۆم ڕانەدەدی. کەچی ئەوان بەهەر دەلیلێک بوو کە بۆخۆیان دەیانزانی، نەیانکرد. عاقیبەت وەک کورد دەڵێ تانووتێکم لە خۆم دا. گوتم چیە بۆ هێندە ترسنۆکی! دە بیکە یان دەیگرێ یان نایگرێ، کردم. کەوایە مترجم دەبێ سەبکی نووسەرەکەش بێنێنە نێو زمانە تازەکە. ئەگەر لە گەڵ سەبکی وی نائاشنایە، با نەیکا. مەسەلەن بە نەزەری من هەموو کەس حەقی نیە ئاساری عزیز نەسین بکا بە کوردی. ئاساری عەزیز نەسین بە زمانەکەی خۆی (کە بە داخەوە ئەمن نەمتوانیوە لە زمانەکەی خۆیەوە شتەکانی بخوێنمەوە) ئەگەرخەڵک دەیخوێنیتەوە پێی خۆشە. بێجگە لە بارە ئیجتماعی و ئینتیقادییەکەی، پێکەنینی پێی دێ. چونکی ئەو لە واقیع دا فرمێسکەکانی بە شێوەی پێکەنین دەرخواردی خەڵک دەدا. عەزیز نەسین ئەو دەردە کۆمەڵایەتیانە بە شێوەی گاڵتەجاری دەرخواردی خەڵک دەدا. ئەگەر ئەتۆ ناتوانی ئەوەی بێنیە نێو زمانی خۆت، حەقت نیە بیکەی. ئەمن چ هەقم هەیە بچم کتێبێک لە سەر موسیقی تەرجەمە بکەم کە هیچی لێ نازانم.کتیبیک لە سەر نەقاشی تەرجەمە بکەم کە هیچی لێ نازانم.مەسەلەن ئەمن لەو شتانەدا کە تەرجەمەیان دەکەم یان باشتر بڵێین تەرجەمەم کردوون، چونکە بە داخەوە ئێستا ئەمن کاری وام بۆ ناکرێ، هەمیشە سەعیم کردووە لە نێو کاری تەرجەمە دا دوو شتان، دوو کاران بکەم: یەکەم ئەوە بووە کە ئەو مەتڵەبە بە زمانی کوردی چۆن دەگوترێ وای بڵێم. ئەوەی کە لە پێشێ دا گوتم، نەک بێنم کەلیمەکان مەعنا بکەم. یەک کەلیمەی فارسی یا عەرەبی بێنم، کوردییەکەی لە جێ دابنێم بەڵکوو بزانم ئەو جوملەیە بە کوردی چۆن دەگوترێ. دووهەم ئەوە بووە هەوڵم داوە زۆر سەریح (دیارە ئاسانیش نیە) خۆم لە جێی ئەو کەسە دانێم کە قسەکان دەکا. یەکێک ڕەنگە لێی درابێ، یەکێک ڕەنگە مەغروور بێ، یەکێک ڕەنگە زاڵم بێ، حوکم دەکا. هەموو جۆرێکی دی، دەبێ سەعی بکەی بچیە نێو ڕۆحیاتی وییەوە یا هیچ نەبێ ڕۆحیاتی ویت کە دیوە لە جامیعەدا، موجەسەمی بکەی. مەسەلەن قەت پێم خۆش نیە شتی کەشتییەوانێک تەرجەمە بکەم. قسەیەک لە زمان کەشتییەوانێکەوە بکەم. چونکە بە حەیاتی خۆم ڕەنگە سەفەرێکی کورتی نیو سەعاتی سواری کەشتی بووبم. دەنا ئەسلەن سواری کەشتی نەبووم. کەوابێ نازانم کەشتیەوانێک چۆن قسە دەکا، چۆن بیر دەکاتەوە. قەت سەفەرێکی فەزاییم نەکردووە و نازانم تەسەوری فەزانەوەردێک چیە؟ ئەوانە بۆ سەرکەوتنی تەرجەمە بە باوەڕی من زۆر موفید دەبن.

**کەماڵ: جەنابتان ڕۆڵی تەرجەمە لە بەرەپێش بردنی فەرهەنگ و ئەدەب چۆن دەبینن؟**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەسەن زادە: بە باوەڕی من وەرگێڕان لە هەموو زمانێک دا بۆ بەرەوپێش بردنی فەرهەنگی ئەو میللەتەی کە تەرجەمە بۆ زمانەکەی دەکرێ یەکجار زۆر کاریگەرە، ئەمە لە دووبارەوە کاریگەرە؛ لە بارێکەوە ئەدەبیاتی گەلان، ئەو مەفهوومانە کە لە لای خەڵکی دیکە هەن، ئەوانە دێنێتە نێو فکرو فەرهەنگ و کەلتووری میللەتی خۆیەوە. بە تایبەتی بۆ ئێمەی کورد کە ئەگەر واقعبینانە تەماشا بکەین، لە گەڵ ئەوەی بە خۆشییەوە بەشی خۆمان هەیە، لە گەورە گەورانی تاریخی ئەدەب و هونەرو هەموو شتێک بەشی خۆمان هەیە، بەڵام موبالەغەیە کە پێمان وابێ ئێمە لەو بارەیەوە لە پێش میللەتانی دیکەین. خەڵکی دیکە لەمە دەوڵەمەندترە، لە چێهرەی ئەدەبی و تاریخی و عیلمی و لە هەموو بوارەکانی ژیان دا. کەوابێ لە لایەک ئەو فکرە دێنینە نێو میللەتی خۆمان و فەرهەنگی میللەتەکەمان و تێگەیشتنی میللەتەکەمان و زانستی گشتیی میللەتەکەمانی پێ بەرز دەکەینەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ خودی زمانەکە وەسیلەیەکی زۆر باشی پەرەپێدانە.

ئەمن لە "مقدمە"ی یەکەم جڵدی حەمەدۆک دا شتێکم نووسیوە، بەراستی وابوو. مەیدانی کارەساتەکانی ئەو ڕۆمانە دێهاتە، شاخ و داخە. ئەمنیش بۆ خۆم پەروەردەی ئەو فەزایەم. لە دێ و شاخ و داخ گەورە بووم. ژمارەیەکی زۆر کەلیماتی کوردیم هەبوو، دەمزانی، کە پێم وایە ئەگەر کتێبێکی وام نەکردایە بە کوردی، قەت قەت جارێک نەدەکەوتنە سەر کاغەز، مەسەلەن لە مەقالەی سیاسی دا باسی تیرەگی چادرێ بۆ دەکەم؟! باسی ئەو شتانە ناکەم. بەڵام لەوێ دا مەجالی زۆر گەورە هەیە کە ئەو کەلیماتە ئەگەر دەزانی، بێنیە سەر کاغەز، خەڵکی دیکە لێت فێر بێ. ئەگەر نایزانی، دەبێ بۆی بگەڕێی. دەبێ لە فەرهەنگان دا بۆێ بگەڕێی. لە خەڵکی بپرسی. مەسەلەن زۆر جاری وا هەبوو، ئەمن لە دەوروبەرم پرسیوە، مەسەلەن کەسم وەدەست نەکەوتووە، خێزانم نەخوێندەوارە، لە خێزانم پرسیوە، ئەرێ ئەو شتە چۆنە مەفهوومەکەم بۆ باس کردووە، تێم گەیاندووە، چەند کەلیمەی گوتووە، چەند ناوی گوتووە، جارێکیان شتێکی بە زاری دا هاتووە، تەماشام کردووە ئەو کەلیمەیە راستە. کەوابێ زمانەکەش دەوڵەمەند دەکا، ئێنسان کە دەیەوێ تەرجەمە بکا لە زمانێکی دیکەوە، مەجالێکی بەرینتری بۆ پەیدا دەبێ بۆ بە کار هێنانی زمانی کوردی. کەوابێ حەتا لە باری زمانیشەوە نەک تەنیا لە باری موحتەواوە، کاری تەرجەمە کۆمەک بە پەرەگرتن و بەرەوپێش چوونی فەرهەنگی هەموو میللەتێک دەتوانێ بکا.

کەمال: بفەرموون بۆ ئێستای زمانی کوردی چ جۆرە بابەت و نووسراوەیەک بۆ وەرگێڕان پێویستە؟

حەسەن زادە: رەنگە حوکمێکی وا ئاسان نەبێ، چونکی هەر شتە بایەخی خۆی هەیە، تام و چێژی خۆی هەیە. بەلام رەنگە بۆ سەلیقەکان فەرقێ بکا، هەر کەسە "توجه" بە شتێکی دەکا، ئەگەر ئێمە نەیەین ئەوانە یەکێکیان پێش یەکێکیان بخەین، رەنگە باشتر بێ، بۆ ئەوەی ئیمە لە هەموو مەجالەکان دا خاوەنی کاری تەرجەمە بین لە زمانە جۆراوجۆرەکانی دنیاوە، بەڵام رەنگە بۆ ئەمرۆی میللەتی کورد ئەو باسانە کە لە دنیادا نووسراون و ئیرتباتیان بە تاریخی میللەتی کوردەوە هەیە، ئیرتباتیان بە حقووقی "بین الملل"ەوە هەیە، لە باری ئەوەی میللەتێک کە داوای ئازادیی خۆی دەکا دەبێ چی هەبێ، ئەو ئەسناد و بەڵگەنامانە کە لە ئارشیوی دەوڵەتان و میللەتانی دیکەدا هەن و بە جۆرێک لە جۆران پێوەندی بە مەسەلەی کوردەوە هەیە، ئەوانە پەیدا بکرێن و بخرێنە سەر زمانی کوردی. پاشان بە شێوەیەکی گشتی ئەو بابەتانە کە پێوندی بە مەسەلە سیاسییەکانەوە پەیدا دەکەن، هەر چەندە هەموو کەسێ رەنگە خۆی بە ئوستاد بزانێ، بەڵام میللەتی کورد دەبێ ئەو شتانە فێر بێ. هیچ گوناح نیە لە خەڵکی فێر بین. هونەرە لە خەڵکی فێر بین. رەنگە ئەوانە بۆ ئێستێ پڕ مەنفەعەت تر بن. ئەمن بۆ خۆم زیاتر ڕۆمانم کردووە بە کوردی لە کارە ناسراوەکانم دا، چونکی ڕۆمانیشم زۆر پێ خۆشە. وەختی خۆی پتریشم پێ خۆش بوو. بەڵام رەنگە ئیستێ (ڕۆمان هەر چەندە زۆر جار مەعنایەک بە ڕۆمان دەردەبڕی، مەسائێلێکی سیاسی، ئیجتماعی، ئینتقادی، تەنانەت پزشکی دەتوانی بە ڕۆمان دەرببڕدرێ)، بەڵام لە سەر یەک رەنگە بۆ ئێستای کورد ڕۆمان لە ئەولەوییەت دا نەبێ. ئەو مەسائیلەی کە لە باری سیاسییەوە، لە باری بەرەژووربردنی ئاگایی سیاسی و تاریخییەوە خزمەت بە قەزیەی کورد دەکەن، رەنگە ئەگەر ئەولەوییەت بەوانە بدرێ، باشتر بێ. بەڵام تیکراری دەکەمەوە پێم وا نیە باش بێ هیچ ناحیەیەک لە ناحیەکانی فەرهەنگ و زمان و کەلتوور، بە جێ بێڵین بۆ بەشێکی دیکە رەنگە بتوانی ئەولەوییەت قایل بی.

کەماڵ: ئایا جەنابتان لە بیری داڕشتنی زمانێکی ئێستاندار و یەکگرتووی کوردی دا نین؟

حەسەن زادە: ئوسوولەن داڕشتنی زمانی یەکگرتوو، یا ئێستانداردی کوردی کاری نەفەر نیە. کاری یەک کەس نیە، کاری جەمعە. بە بێ شک دروست کردنی زمانێکی ئێستانداردی کوردی بە تایبەتی کوردی بە گشتی یەکێکە لە پێداویستییەکانی چەسپانی وجوود و یەکیەتیی میللەتی کورد. بەڵام ئەوە بە زۆر شتەوە بەستراوەتەوە. پێش هەموو شتێک بەوەوە بەستراوەتەوە کە ئایا کورد هەلومەرجێکی بۆ خۆلقاوە کە بتوانێ زمانی یەکگرتوو دروست بکا؟

بۆ ئەوەی زمانێکی یەکگرتوو دروست بێ، دەبێ دەسەڵاتێکی سیاسی هەبێ کە ئەو زمانە یەکگرتووە بە کار ببرێ. عەرزم کردی کە بە یەک نەفەر زمانی ئێستاندارد دانانرێ. بەڵام دایدەنیین جەمعێکیش دروستی دەکەن و جەمعێک لە زمانناسان و زمانزانان کۆ دەبنەوە زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو پێشنیار دەکەن، ئەگەر دەسەڵاتێکی سیاسی نەبێ، خۆ خەڵک جوابی ئەو جەمعە ناداتەوە. خەڵک پێرەویی لێ ناکا. مەسەلەن ئەگەر هەر ئێستە دانێین ئیستلاحات دادەنێین بۆ فلان کەلیمە لە فارسی دا، لە عەرەبی دا، لە ئینگلیسی دا، لە چ دا، کوردییەکەی فڵان دادەنێین. ئەوەلەن ئەوەی کە ئێستا هەر کەس و بۆ خۆی دەست پێدەکا و شتێک دەنووسێ، زۆری زەرەرداوە. بەڵام ئەگەر جمعێک بینووسن، ئەگەر دەسەڵاتێک لە پشتی نەبێ، خۆ خەڵک دیسان جواب ناداتەوە. دەبێ دەسەڵاتێک، مەرکەزیکی فەرهەنگی هەبێ کە دەسەڵاتی سیاسیشی لە پشت بێ. ئەگەر لە کتێبێک دا چاوی پێکەوت کەلیمەیەکی دیکە غەیری ئەو کەلیمانە دانراوە، ئەوەی حەزف کا، بیگۆرێ. بەڵام ئێستە نووسەر بۆ خۆی شتێکی لە مقابل شتێک دا داناوە. ئەگەر لە ڕۆژنامەدا کە مەقالەی بۆ چاپ دەکەن، لێی بگۆڕن، توورە دەبێ و قبووڵ ناکا. مەقالەکەی وەردەگرێتەوەو لەو شتانە.

جگە لەوە وەختێکی کوردستان بەسەر چەند وڵات دا دابەش کراوە، بە داخەوە دوو مانعی زۆر ئەساسی هەن لە ڕێگای دروست کردنی زمانی یەکگرتووی کوردی دا. یەکیان هەر شتە سیاسییەکەیە، وەختێکی قەوارەیەکی سیاسیمان نیە، ئێجازە نادا ئەوە دروست بێ. میللەتی کورد ئێستا تۆزێک شانسی هێناوە کە لە دەست خەتی رووسی نەجاتی بووە، بەڵام لانی کەم دوو خەتی هەیە. خەتی عەرەبی و خەتی لاتینی کە ئەو دوانەش ئیملای جۆراوجۆریان هەیە کە بە داخەوە ئەویش هەر یەکگرتوو نیە. بەڵام مانعێکی دیکە هەیە کە بە داخەوە لە نێو خۆمان هەڵقوڵیوە، تەعەسسووباتێکی بێ جێیە کە لە نێو خۆی کوردەکان دا هەیە.

مەسەلەن زۆر جاران باسی ئەوە دەکەم، حەسرەتیشی بۆ دەخۆم کە تەماشا دەکەم میللەتی عەرەب نیزیک بە دووسەد میلیۆنە، با بڵێین ١٥٠ میلیۆن حەشیمەتە، بیست و دوو دەوڵەتیشی هەیە. بە بێ شک سەدان لەهجەی جۆراوجۆری هەیە کە رەنگە هێندێکیان لە یەکتر حاڵی نەبن، بەڵام هەموویان بە یەک زمان قسە دەکەن. بە یەک زمان دەنووسن کە دەڵێم قسە دەکەن، ئەو وەختەی بە رەسمی قسە دەکەن، لە رادیۆ لە تەلەفزیۆن لە کونفراسە "بین المللی"یەکان دا. لە ماڵی خۆی، لە کووچە و بازارێ دا هەر کەس و بە لەهجەی مەحەللیی خۆی قسە دەکا. یا مەسەلەن هەر لە ئێرانی خۆمان، ئەمن دیومە کە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران بە فارسی مەحەللی قسەیان کردووە، یەک کەلیمەیان لێ حاڵی نەبووم. بەڵام کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێ لەگەڵ من قسە دەکا بە فارسی ڕەسمی قسە دەکا، لێی حاڵی دەبم. کەچی کوردەکە ئیسراری هەیە کە هەرکەس بە لەهجەی مەحەللیی خۆی بنووسێ. ئەوە بەڵایەکە لە نێو خۆمان دایە، مانعێکە کە بۆ خۆمان دامانتاشیوە. زۆر جاریش "توجیە" دەکرێ کە گویا ئەوە خزمەت دەکا. باشە ، بڵێی ئیمە ئاگاهتر بین لە ئینگلیسی‌یان، لە ئەڵمانی‌یان، لە عەرەبان، لە چینی‌یان؟! بۆ هیچ میللەتێک دوو زمانی نیە، کورد دەبێ دووزمان و سێ زمان و چوار زمانی هەبێ؟! ئەوەش یەکێکە لە کۆسپەکان.
دەگەڕێمەوە سەر بەشی ئەوەڵی جوابەکەم کە ئەوەڵەن دروست کردنی زمانی ئێستاندارد کاری یەک نەفەر نیە، کاری جەمعە. لە پاشانیش ئەوە ئیحتیاجی بەوە هەیە کە کورد لە پێش دا شتێکی دیکەی هەبێ، دەسەڵاتێکی سیاسی هەبێ. ئێستە ڕەنگە وەختی ئەوە بێ کە کورد بمانەوێ و نەمانەوێ دوو بەشی ئەساسیی هەیە. بەشێکی بە خەتی لاتین دەنووسێ بەشێکی دیکەی بە حروفی عەرەبی دەنووسێ. ئەگەر هەوڵ بدرێ بە بێ تەعەسوبی ناوچەگەری و ئەوانە هەردووکی ئەوانە لانی کەم بۆ ئەو دوو لەهجە ئەسڵیە (کرمانجیی خواروو و کرمانجیی ژووروو) زمانێکی ئێستاندارد، یان نیوە ئێستاندارد دروست بکرێ، ئەوە سەرکەوتنێکی زۆرە تا لە مەرحەلەیەکی دیکەدا کە ئەگەر ئیمکانی هەبوو ئەوە بگۆڕدرێ بە تاقە یەک زمان. چونکی ئێستا ئەگەر تەماشا بکەی بە داخەوە هەر لەوە کە بۆخۆمان لێی حالێ دەبین و پێێ دەنووسین و پێی دەخوێنینیەوە، لەوەدا زمانی جۆراوجۆر و خەتی جۆراوجۆر هەن، هێندەمان هەیە پیاو سەری لێ تێک دەچێ.

**کەماڵ:** بە ڕای جەنابتان سەرکەوتووترین کتێبی (ڕۆمان)ی وەرگێڕدراوی کوردی کامەیە؟

**حەسەن زادە:** پێم وایە ئەو پرسیارە لە ئێمامی ڕەببانییش بکەی جوابی پێ نادرێتەوە. (پێ دەکەنێ) چونکە وەک عەرزم کردی ناتوانین لە نێو هەمووان دا شتێک ببینیەوە. خۆ مەسەلەن لە ڕۆمان دا، ڕۆمانەکان هەموویان لە یەک بابەت نین. لە مەجالاتی جۆراوجۆردا کابرا مەتلەب بە ڕۆمان دەردەبڕێ. لە پاشان لە شێوازی ئەوەی کە زیاتر مەعرووفە لە سەبکی جۆراوجۆردا ڕۆمان دەنووسرێ. بۆیە بە باوەڕی من کارێکی یەکجار موشکیلە کە پیاو ئەوە هەڵبژێرێ. جگە لەوە شتێکی دیکەش تەئسیری هەیە، جاری وا هەیە ڕەنگە ڕۆمانەکە باشتر بێ، ئەوەی کە کردوویەتی بە کوردی باشی نەکردبێ. یەعنی ئەمن شتێکم کردوە بە کوردی، خراپم کردووە، ئەتۆ شتێکت کردووە، باشت کردوە. ئەگەر یەکێک دەیخوێنیتەوە لە شتە باشەکەی تۆ باشتر حاڵی دەبێ. ڕەنگە ئەویان پەسند بکا. بەڵام کێ دەڵێ ئەو شتە کە ئەمن تەرجەمەم کردووە، ئەسڵەکەی لە ئەسڵی ئەوەی کە ئەتۆ تەرجەمەت کردووە، باشتر نیە؟! مومکینە ئەویش هەبێ.
لە سەریەک نامەوێ جوابێکی ئاوا بە قەتعی بدەمەوە. بەڵام لەو ڕۆمانە تەرجەمە کراوانەی کە خوێندومنەوە لە سەر یەک ئەمن نووسینەکانی یەشار کەماڵم پێ لەوانی دیکە سەرکەوتووترن. هەر لە بەر ئەوە نیە کە ئەمن بۆ خۆم تەرجەمەی بەشێکیانم کردووە، بەڵکوو هەر لە جێ دا پێم وایە نووسەرێکی گەورەیە، بەتوانایە. دەریایەکە بۆخۆی.

**کەماڵ:** مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست راتان لە سەر ئەم موتەرجیمانەی خوارەوە چیە؟

**مام هەژار:**

**حەسەن زادە:** هەژار پێم وایە سەحیح نیە هەر وەکوو موتەرجمێک بیناسین. هەژار پێش ئەوەی موتەرجم بێ، زمانزانە. پێش ئەوەی موتەرجم بێ بە راستی نووسەرە. دەنا مەسەلەن لە باری تەرجەمەکەیەوە کە گوتم، لە بەشێکی دیکەدا کە گوتم جاروبار گلەییم هەیە لە موتەرجمێکی گەورە، ڕاست ئەوم لە فکر دا بوو. کاک هەژار لە تەرجەمەدا ئەو ئەمانەتەی کە ئەمن پێم وایە پێویستە ڕەعایەتی بکا، ڕەعایەتی نەکردووە. بۆ خۆشی دەڵێ لە واقیع دا مەسەلەن لە پێشەکی تەرجەمەی شێعرەکانی خەیام دا دەڵێ ئەمن نەهاتووم فارسی فێری کوردان بکەم، هاتووم ڕۆحی شێعرەکانی خەیامم دەرهێناوە، ڕۆحی شێعرەکانم کردووە بە کوردی. لە نێو ئەو تەرجەمانەدا کە کراون، لانی کەم بە زەوقی من، تەرجەمەکەی هەژاری لە هەمووان سەرکەوتووترە، باشتر لێی حاڵی بووە. یەعینی وەزن هێناویەتی، بە وەزنێکی دیکەی نەهێناوە. بەڵام زۆر جار شتێکی گوتووە، ئەگەر ئەتۆ بێنی تەماشای بکەی و فارسی یەکەشی بزانی، ئەسڵەن ناتوانی بڵێی ئەوە تەرجەمەی فڵانە شێعرە. مەرحوومی نەبی قادری کە ئەم ساڵانە کۆچی دوایی کرد، کارێکی کرد، ئەمن پێم کارێکی زۆر گەورە بوو. توانیبووی نازانم ١٥٠- ٢٥٠ دانە لە چوارینەکانی هەژاری لەگەڵ چوارینەکانی خەیامی بێنێتەوە سەرێک. ئەوە کارێکی یەکجار زۆر گران بوو. ئەوەندە دوور کەوتۆتەوە. لە تەرجەمەی نەسریش دا مامۆستا هەژار هەر وا بوو. لەو بارەیەوە ڕەنگە بۆ خۆم ئینتقادم هەبێ، بەڵام ئەو کوردی یە کە ئەو دەیزانی، جارێکی نووسیومە پێم وایە کەم، سێ چوار کەس هەن بە قەد وی کەلیماتی کوردی و موفرەداتی کوردی یان لە کن بووبێ. بە ئەغلەبی لەهجەکانی زمانی کوردی ئاشنا بوو. لە پاشانیش نووسەرێکی گەورە بوو، موتەرجیمێکی بە ڕاستی سەرکەوتوو بوو. نەک هەر موتەرجیم بۆ کوردی، موتەرجیم بۆ فارسی. وەختی خۆی نازانم بە ناوی خۆم بوو یان بە ناوی کەسێکی دیکە شتێکم نووسیوە، باسی "قانون در طب" دەکەم، دەڵێم قانوون فارسی زمانێک نووسیویەتی، بەڵام چەند ساڵ تێپەری و نە فارسێک ئەوەندەی عەرەبی زانی نە عەرەبێک ئەوەندەی فارسی زانی کە قانوونی ئیبنی سینا بکاتە فارسی. کەچی کوردێک لەو نێوە دا پەیدا بوو کە عەرەبی و فارسی یەکەی ئەوەندە بە قووەت بوون ئەو بەرهەمە گەورەیەی هێنایە سەر زمانی فارسی. هەژار بۆ خۆی لە واقیع دا دەریایەکە لە زۆر بواردا.

**کەماڵ:** عەزیز گەردی

**حەسەن زادە:** عەزیز گەردی، دەتوانم لەو بارەیەوە تەعریف بکەم کە بە خۆشی یەوە ئەو زمانی ئینگلیسی دەزانێ و زۆر شتان لە زمانە ئەسڵی یەکەوە تەرجەمە دەکا. ئەمن نایشارمەوە کە یەکێک لە کەمایەسی کاری تەرجەمە کە ئەمن لە ژیانم دا کردوومە ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کارانەی کردوومن و ئاشکران (چونکە ئەمن شتم هەیە کە ئێستەش نامهەوی ئاشکرای بکەم) لە زمانێکی دووهەمەوە تەرجەمە کراوە. جاری وا هەیە چەند جار تەرجەمە کراوە. مەسەلەن کتێبی دوکتور قاسملووی لە زمانی چێکی را کراوتە سلۆواکی، لە سلۆواکی ڕا کراوتە ئینگلیسی، لە ئینگلیسی ڕا کراوەتە عەرەبی. جا ئەو جار ئەمن لە عەرەبی‌یەکەی ڕا کردوومە بە کوردی. عەزیز گەردی بۆخۆی دەسەڵاتی بە سەر زمانی ئینگلیسی دا دەشکێ و زۆر لە دەقەکانی لە ئینگلیسی‌یەوە تەرجەمە دەکا کە ئەوە شتێکی باشە . لە پاشان لە بارەی زمانەوە لەگەڵ هەموو حورمەت و شانازیم بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کار دەکەن، عزیز گەردی سەرێکی دیارە لە نێو سەران دا بۆ ڕەوانیی زمانەکەی. زمانێکی ڕەوان دەنووسێ. زۆر ئاسان مەتلەب بە دەستەوە دەدا، کە ئەویش بە باوەری من شتێکی گرنگە پیاو بتوانێ مەتلەب وا بە دەستەوە بدا کە بە یەکجار خوێندنەوە، خوێنەر لێی حاڵی بێ. مەجبوور نەبێ جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەری تا مەفهوومەکەی تێبگا. دیارە ئەو ئەو ئێستە زۆر لاو نیە، بەڵام بە هەر حاڵ عەزیز گەردی ڕۆژگارێکی زۆری لە پێشە. چونکی عومری کەمە، دەتوانێ لەوەش زیاتر پێش بکەوێ.

**کەماڵ:** شوکور مستەفا

**حەسەن زادە:** شوکور مستەفاش هەر وەک هەژار نابێ تەنیا وەک موتەرجیم چاوی لێ بکرێ. شوکور مستەفا بە باوەڕی من بۆ خۆی "دائرة المعارف"ێکە. پیاوێکی یەکجار بە توانایە. پێم وایە لە پێش دا باسم کرد، کوردی‌یەکی یەکجار زۆر وەسیع دەزانێ. زۆر وەسیع زمانی کوردی دەزانێ، نەک هەر لەهجەی شوێنی ژیانی خۆی، لەهجەکانی دیکەشم ناڵێم بەقەد هەژار دەزانێ بەڵام بە لەهجەکانی دیکەش ئاشنایەتیی زۆری هەیە. تەنانەت بە لەهجەی زازایی، کە پێم وابێ هەژار بەقەد وی لەهجەی زازایی نەدەزانی. تورکی‌یەکی یەکجار زۆر باش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەزانێ، عەرەبی‌یەکی زۆر باش دەزانێ. ئاخر ئەمن حەقم هەیە لە بارەی عەرەبی‌یەوە قسە بکەم، چونکە عەرەبی ئەگەر باش نازانم تێیدەگەم، دەتوانم قەزاوەتی لە سەر بکەم. ڕەنگە کەم نووسەری عەرەب، عەرەبی‌یەکی ئاوا ڕەوان و فسیح و جوان بنووسێ. لە پاشان لە فەننی تەرجەمەدا زۆر وارێدە، ئەو جار لە باری تاریخی یەوە، لە زۆر باری دیکەوە، لەوەدا کە پێی دەڵێن فەرهەنگی گشتی، ئەو کابرایە دەریایەکە بۆخۆی. جگە لەوە ژیانێکی یەکجار پڕ بەرهەمیشی هەیە، هەر ئێستە تەماشا بکە هەر دەبینی ئەوە کتێبێکە هی شوکور مستەفا کە دەردەچێ، بە عەرەبی، بە کوردی، لە تورکی‌یەوە بۆ عەرەبی، لە عەرەبی‌یەوە بۆ کوردی. ژیانێکی زۆر پڕ بەرهەمی هەیە، لەگەڵ ئەوەی تا حەددێکیش بە ساڵ دا چووە، ڕەنگە ئەگەر لێم قەڵس نەبێ لە منێش گەورەتر بێ (پێدەکەنێ) ئەویش بە نەزەری من یەکێک لەو کەسانەیە کە میللەتی کورد کەمی هەن، بە داخەوە، بریا زۆری وای بوایەن.

سەرچاوە : ڕۆژهەڵاتی تایمز

## حەسەن زادە ئەو وتانەی لە تازەترین دیمانەی دا لە گەڵ گۆڤاری لڤین دەربڕی

حەسەن زادە ئەو وتانەی لە تازەترین دیمانەی دا لە گەڵ گۆڤاری لڤین دەربڕی و لە وڵامی ئەو پرسیارە دا کە:

بۆچی سەردانی کاک مستەفای هیجری ناکەن؟ خۆ ئێوە بە چەند هەنگاوێک دەگەنە لای ئەو"،

وتی: من بە ناوی خۆمەوە قسە دەکەم و لە قسەکانی خۆشم بەرپرسم، بەش بە حاڵی خۆم پێم وا نییە پێشنیارێکی قورسم پێ دەکەیت، خۆ داوات نەکردووە بچمە ماڵی دوژمن، ئەو کەسەی پێشنیار دەکەی بچمە سەردانی، تا پێنج ساڵ لەمەوبەر لەگەڵم لە یەک سەنگەر دا بووە و ئێستاش لە سەنگەرەکەی تەنیشتم دا بۆ ئامانجی هاوبەش و بە دژی دوژمنی هاوبەش خەبات دەکات. کەوابوو دڵنیات دەکەم ئەگەر بزانم سەردانی من دەبێتە هۆی توانەوەی سەهۆڵەکان و پێکهاتنی زەمینەی لەبار بۆ باس و وتووێژ دەربارەی پێکهێنانی پێوەندیەکی سالمی خەباتگێڕانە، لە جیاتی جارێک، دە جار دەچمە سەردانی.

ڕوو بە ڕۆژنامەنووسەکەی لڤینیش وتی:

دەفەرموو ئەگەر لە دەستت دێ ئەو زەمینەیە بڕەخسێنە، بزانە بە چ گیانێکەوە پێشوازیی لێ دەکەم.

لە بەشێکی دیکەی دیمانەکە دا، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات باسی لە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و ململانێ ناوخۆییەکانی ناو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کرد و وتی: "ململانێی نێوان خامنەیی و ئەحمەدی نەژاد دڵخۆشکەرە بەڵام چاوەڕوانیی سەرکەوتنی بەرامبەرەکانی خامنەیی، لە جێی خۆی نییە." وتیشی کە بە قازانجی کورد نییە بچێتە ناو ئەو ململانێیانەوە، چونکە لە ڕوانگەی ئەو دوو لایانە بۆ کورد و مافە ڕەواکانی جیاوازییەک نییە.

هەر لەو دیمانەیەدا، عەبدوڵڵا حەسەن زادە باس لە پێوەندیی نێوان خۆی و دوکتور قاسملووش دەکا و ئەوە ڕەد دەکاتەوە کە ئەو پێوەندیە پێوەندی نێوان "مورید و موراد" بووبێ و دەڵێ: لە ژیانم دا لە زۆر کەس شت فێر بووم و هەرکامیان بە مامۆستای خۆم دەزانم بەڵام لە دنیای سیاسەت دا من پتر لە هەر کەس خۆم بە قوتابی دوکتور قاسملوو دەزانم، ناڵێم زۆری لێ فێر بووم، هەر دەڵێم ویستوومە زۆرتری لێ فێر بم. بەو حاڵە هەرگیز بە چاوبەستراوی وەدوای نەکەوتووم و پەیرەویم لێ نەکردووە. لە سەردەمی ژیانیشی دا و دوای شەهیدبوونیشی ئەگەر بیروڕایەکی جیاوازم بووبێت، نەمشاردۆتەوە.

لە وڵامی ئەو دوا پرسیارەش دا کە "ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک بای چاوپێکەوتنت لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە کردبایە، ڕەخنەی چیت ئاراستەی ئەو دەکرد؟"، دەڵێ؛ مرۆڤ لە ژیانیدا هەوڵدەدا وا بێت کە پێی باشە و وا ڕەفتار بکا کە پێی دروستە، دیارە هەر نەبێ زۆر جار بۆم ڕێکەوتووە کە لە قسە یان کارێکی خۆم پەژیوان ببمەوە و ئەو کاتانەش کە پێوەندی بە کەسانی دیکەوە هەبووە، چوومە لایان و داوای لێبووردنم لێ کردوون. ڕەنگە خەڵکی دیکەش هەر وا بن، بۆیە ئەگەر قەرار بێ وڵامێک بدەمەوە، دەڵێم لە عەبدوڵڵا حەسەن زادەم دەپرسی بۆ زۆرترت نەخوێندەوە، بۆ پترت خۆ ماندوو نەکرد و زیاتر فێر نەبووی؟"

## عەبدوڵا حەسەنزادە: جیابوونەوەکە بەخواستی ئێمە نەبووە تا دەستپێشکەریی بکەین بۆ یەکگرتنەوە

حەسەن زادە وتی "بەباوەڕی من یەکگرتنەوە کارێکی باش‌و پێویستە، بەڵام یەکگرتنەوەی دوو حیزب بەتایبەتی کە پێشتر پێکەوە بوون و دواتر لەتبوون، کارێکی هەروا ئاسان نییە، ئەوە پێویستی بەچەند ساڵ پەیوەندی دۆستانە و هاوکاری لەگەڵ یەکدا هەیە، هەر کاتێک کە زەمینە خوڵقاو هەردوولا پێیانخۆش بوو، ئەوکاتە یەکگرتنەوە ڕوودەدات، بەڵام ئێستا پێموایە هیچ ئیمکانی ئەوە لەئارا دا نییە".

وتیشی "یەکگرتنەوە زەحمەتە بەتایبەتی لەسایەی هەلومەرجێکدا کە ئەو برادەرانەی دیکە (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) هەتا ئێستا ئامادەنین لەمەجلیسێکیش دا لەگەڵ کادیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دابنیشن".

ئاماژەی بەوەش کرد کە "حیزبی دیموکراتی کوردستان هەمیشە وتویەتی ئامادەین بۆ پەیوەندی دۆستانە و هاوکاری و هاوپەیمانی و ئەگەر زەمینەش خوڵقا بۆ ئەوەی ببینەوە بەیەک حیزب، من ناڵێم یەکبگرینەوە چونکە ئەوانە دوو حیزبن، دوو حیزبی سەربەخۆن بەهەموو مانای وشەکە، هەتا لەناویشدا دوو حیزبن".

حەسەن زادە تەئکیدی لەوەش کردەوە کە جیابوونەوەکە بەخواستی ئەوان نەبووە تا دەستپێشکەریی بکەن بۆ یەکگرتنەوە، ئەو وتی "تەنانەت لەیەکەم بەیاننامەشماندا کە دەرمانکرد وەختی خۆی وتمان ئێمە بەناچاری ئەم ڕێگەیەمان هەڵبژارد، لەبەرئەوەی ئێمە نەمانتوانی یەکڕیزی بەسەر ئەواندا بسەپێنین، ئەوان توانیان لەتبوون بەسەر ئێمەدا بسەپێنن. لەبەرئەوە نەئێمە خۆمان بەدوژمنی ئەوان دەزانین و نەئەوانیش بە دوژمنی خۆمان دەزانین".

عەبدوڵای حەسەن زادە بوونەوە بەیەکی ئەم دوو حیزبەی لەئایندەیەکی نزیکدا بەدوور زانی و وتی "لەئایندەیەکی نزیکدا واتە لەسێ ساڵ و چوار ساڵی ئایندەشدا من چانسی یەکگرتنەوەی هەر دوو دیموکراتەکە نابینم، یەکبوون بەیەک لایەنیش ناکرێت، بەڵکو بەئیرادەی دوو لایەن دەکرێت، من ئەو خواست و ئیرادەیە لەسەرکردایەتییەکەیاندا (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) نابینم ئەگینا لەقاعیدەی ئەو برادەرانە دا خواستێکی زۆر هەیە، بەڵام سەرکردایەتی و بڕیار بەدەستەکانیان ئامادەیی ئەوەیان تێدا نییە".

ئاوێنە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ٦٠ ساڵ خەبات و تێکۆشان

## ڕێزدار مامۆستا
## عەبدوڵلا حەسەن زادە

لە چەند دێڕیکدا

* ساڵی ١٩٣٨ لە دایک بووە
* لە ساڵی ١٩٥١ بووتە ئەندامی حیزبی دێموکرات
* ساڵی ١٩٦٩وە بووتە ئەندامی ڕێبەری حیزب
* جگە لە گۆنگرەی ٨ و کۆنگرەی ١٣ لە هەموو کۆنگرەکان هەڵبژێردراوە
* نزیک ١٠ ساڵ سکرتێری حیزب بووە. ٤ دەورەش جێگری سکرتێر.
* لە ساڵی ١٩٧١ تا گۆنگرە ١٣ی ئەندامی دەفتەری سیاسیی بووە.
* بە ورد و درشتێەوە ١٥ کتێبی چاپ کردون ، نزیک ١٠ کتێبی وەرگیراوە کە جگە لە دووانیان هەموویان ئەدەبی بوون.
* خاوەنی ٤ کور و ٣ی کچە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org